# مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلول




فرانز مەرییا دەزارۆ

وەرگێڕانی لە ئیتاڵییەوە

د. جاسم خۆشناو

2022

# مەلا مستەفا بارزانی

# و

# شۆڕشی ئەیلول

فرانز مەرییا دەزارۆ

وەرگێڕانی لە ئیتالیەوە

د. جاسم خۆشناو


.

# مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلول

فرانز مەرییا دەزارۆ

و: د. جاسم خۆشناو

ناوی کتێب: مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلول
نوسینی: فڕانز مەرییا دەزارۆ
وەرگێڕانی لە ئیتاڵیەوە: د. جاسم خۆشناو
بابەت: مێژوو
دیزاین: جەلیل حسێن




کەریکاتێرێک لەسەر مەلا مستەفا بارزانی "مارشالی سوپای سور".




وێنەی بەرگی یەکەمی کتێبەکە

# سەرگوزەشتەی ئەم کتێبە

لە سەرەتای سالی ١٩٨١، دوای سەردانیکردنی چەند ولاتێکی ئەوروپی، گەیشتمە ئیتالیا، تەمەنەم ٢١ سال بوو، ماوەیەکی کەم بوو سەنگەری خەباتی پێشمەرگایەتیم لە کوردستان بەرەو هەندەران گواستبووەوە، نیازی خوێندنم نەبوو، تەنها بۆ سەردانێکی چەند رۆژی بوو کەچی قەدەر و نەسیب قەناعەتیان پێهێنام لەم وولاتە بمێنمەوە هەرچەندە، ئەوکات، مافی پەناهەندەیی و سیستەمی سۆسیال و کۆمەکی دەوڵەت نەبوو. لەبەر ئەوە بڕیاری مانەوەم لە ئیتالیا، کەمێک، شێتانە بوو، لەگەل ئەوەشدا، وەکو بەشێک لە کوردەکانیتر، قۆل و باسکم لێ هەڵکرد، لە لایەک کارکردن بۆ بژێوی ژیان و لە لایەکیتریش خوێندنی زانکۆ. کارێکی ئاسان نەبوو، تەنانەت "بەشی ناوخۆ یان مالی خوێندکاران"یش نەبوو.

سالی یەکەمی خوێندنی زمانی ئیتالیم، لە شاری پێروجا Perugia لە گەل زیاد لە ١٠٠ خوێندکاری کورد، کە زۆربەیان هی باشور و ئەوانیتریش هی رۆژهەلات و رۆژئاوا بوون، تەواو کرد، بەڕاستی قۆناغێکی پڕ لە جۆش و خرۆش و هەستی "کوردایەتی"مان بەسەر برد. یەکەمجار بوو دەگەل کوردی قامیشلۆ و عفەرین و شام، لەگەل کوردی مەهاباد و سەقزو کەرماشان تێکەلاوی پەیدا بکەم وباسی بارودۆخی "کوردستانی گەورە" بکەین و لەگەل هەندێکیان ئێستاش پەیوەندیم ماوەو زۆر خۆشە. پاشان هەر کەسە بەسەر زانکۆ و ئەو شارانە پەرت و بلاوبووین کە خۆمان هەلمانبژاردبوو، جارێکیتریش لە ئاوارەیی پەرتەوازە بووین.

تاکە کورد بووم کەوتمە شاری پیزە PISA، تا کەوتنی رژێمی سەدام لە نیسانی ٢٠٠٣ بە تەنها بووم، ئیستا لە 2022 کوردێکی باشور و یەکی

ڕۆژهەلاتــم ناســیووە کە چەنــد ســالێکە نیشــتەجێی ئەم شــارەن، لە ٢٠٠٥ ژمارەیەک کوردی باکور، ژمارەیەکی کەمتر هی ڕۆژئاوا، لێرە نیشتەجێبوون. لەگەل ئەوەشدا لە شاری پیزە، بە بەراورد بە شارەکانیتری ئیتالیا، لە سالانی ١٩٨٢– ٢٠٠٣، زۆرتــرین چــالاکی، لەســەر ئاســتی زانکــۆ، هێــزە سیاســی و نەقابیەکان، شارەوانی، کەنیسە و پەیوەندیکردن بە ڤاتیکان، پەیوەندی لەگەل ئەنــدام پەرلەمــان و ڕۆژنامەنوســانی ئیتالیــا ئەنجامــدراون و لە شــوێنیتر بە دۆکومینت بلاوکراونەتەوە و باسی ڕەوەندی کوردی و چالاکیەکانیش کراون. هەر لە ســەرەتای خوێنــدنی زانکــۆ، وەک هەمــوو خوێنــدکارە کوردەکــان، ڕووبەڕووی ئەوە بووم کە کتێب و سەرچاوە بە زمانی ئیتالی لەسەر کورد و کوردســتان نەبــوو، لە هەزار ئیتــالی یەک یــان دوو کەس زانیــاری کەمیــان لەسەر کوردو کوردستان هەبوو، لەبەر ئەوە هەولمدا دەستپێشخەریەک بکەم. لە شــاری پیــزە، لە ســالی ١٩٨٥، دەســتم پێکــرد، بە ڕای خــۆم، یەکێــک لە پەڕتوکخــانە هەرە گەورە و دەولەمەنــدەکانی ئیتالیــای لێــیە، پاشــان چــوومە ســەردانی پەڕتوکخــانەی نیشــتمانی لە شــاری فلۆڕانس – فیرێــنزی Firenze، پەرتوکخانەی ڤاتیکان و وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا و پەرتوکخانەی نیشتمانی لە شاری ڕۆما. لە ڕۆما پەیمانگا و گۆڤارێک بە ناوی "ڕۆژهەلاتی مۆدێرن – ئۆرییێنتێ مۆدێرنۆ Oriente Moderno " کە لە سالی 1921 وجودی هەیە و زۆر دەنگوباســی دەولەمەنــدم، لە مــاوەی ١٩٢١ – ١٩٤٥ لە ســەر کــورد تیــا دۆزیەوە. پاشان چوومە شاری نــاپۆلی Napoli کە ٦٠٠ کم لە شــارەکەی مــن دوورە، لێرەش زۆر سەرچاوەم کەوتە بەردەست.

هەموو ئەو کتاب و سەرچاوانەی لەم شارانە کەوتە بەرچاو تەنها 4 دانەیان بە زمــانی ئیتــالی نووســرابوون، ڕێزمــان و قاموســی کــوردی – ئیتــالی، کە لە لایەن قەشــە مەوریتســیۆ گەرســۆنی Maurizio Garzoni لە ســالی ١٧٨٧زا چــاپکراوە، مێژووی هەرێمی کوردســتان، لە لایەن قەشــە جــوزێپێ کەمپەنیلــێ

Giuseppe Campanile لە ساڵی ١٨١٨ چاپکراوە، کتێبێکیتر لە ساڵی ١٨٦٣ و ٢ کتێبیش لە سەدەی ٢٠ (یەک لە ساڵی ١٩١٠ و یەکیش هی ساڵی ١٩٣٠) لە سەر یەزیدی و ئایینی یەزیدیەکان کەوتە بەرچاو. کتێب و سەرچاوەکانیتر بە زمانی فەرەنسی، ئینگلیزی و ئەڵمانی بوون. ڕۆژی ٢٤ تەموزی ٢٠٢٠، لە کاتی کەرەنتینەی کۆڤید Covid، تیمێکی کەناڵی تیڤی "ئێزیدیخان" لە ئەڵمانیا هاتنە لام و دوای چاوپێکەوتن و گفتوگۆیەکی بە سوود کۆپیەکی ئەو کتێبەی ساڵی ١٩٣٠ لەسەر یەزیدیەکان بە دیاری پێشکەشکردن.

ئەم کتێب و سەرچاوانەم لە ساڵی ١٩٨٥، بە لیستێک، نووسیەوەو لەگەڵ شوێنی دۆزینەوەیان بەسەر خوێندکارانی کورد دابەشکرد تاکو ئەوکاتەی پرسیاریان، سەبارەت بە کوردو کوردستان، لێدەکرێت بتوانن وەڵام بدەنەوەو بڵێن "ئەو کتێبانە باسی کورد دەکەن".

بەڕاستی ئەوکات زۆر زەحمەت بوو وتارێکی ڕێکوپێک یان ڕیپۆرتاژێک لەسەر کوردستان، بە زمانی ئیتالی، دەستکەوێت، تەنها چەند وتارێکی پرۆفیسۆر میرێلا گەڵلیتی Mirella Galletti 1949 - 2012 نەبێت کە لە گۆڤارە پسپۆریەکان بلاودەکرانەوە و بە ئاسانی دەستی ئیتالیەکانیش نەدەکەوتن، ئێمە لە ساڵی ١٩٨٧ زۆربەی وتارەکانی گەڵلیتیمان کۆکردەوەو بەیەکەوە کۆپیکرد و بەسەر هاوڕێکانم دابەشکرد. ئێمە لە بەهاری ١٩٨٩ نامیلکەیەکمان لەسەر دۆزی کورد بە چاپ گەیاندو زیاتر لەناو خوێندکارە کوردستانیەکان و دۆستە ئیتالیەکان بلاوبووەوە و چەند جار چاپکرایەوە. لە کۆتایی ١٩٩٠، دوای داگیرکردنی کوێت، کتێبێکی زۆر دەوڵەمەند لەسەر کورد، لە لایەن پرۆفیسۆر گەڵلیتی، بلاوکرایەوە[1]. بە پێی زانیاری و بەدواداچوونەکانی ئێمە هیچ کتێب و نامیلکەیتر نەبوو.

[1] دوای کۆچی ناوادەی پرۆفیسۆر گەڵلیتی لە ٤ ئەیلول و بەشداری لە مەڕاسیمی ناشتنەکەی لە ٨ ئەیلولی ٢٠١٢، وتارێکم لەسەر ژیانی خۆی و کتیب و توێژینەوەکانی لەسەر کوردو کوردستان

ئەو کتێبەی فرانز مەرییا دەزارۆ، مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلول، لەبەردەستایە هەرچەندە لە سالی ١٩٧٦ چاپکرابوو بەلام لە هیچ پەرتوکخانەی زانکۆ و پەیمانگا و سەنتەرەکانی دیراساتی رۆژهەلات نەکەوتە بەرچاو و ئێستاش نیە. لەناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی سالی ١٩٨٦ لەوکاتەی لە چێشتخانەی زانکۆی شاری پیزە دەهاتمە دەرەوە کەسێک بە عەرەبانەیەکی ٣ تایە کەونە کتێبی بۆ فرۆشتن دانابوو، هەرزانفرۆش بوو، زۆرجار کتێبی مێژوویی یان رۆمانی هەمەجۆرەم لێکڕیبوو، لەو کاتەی کتێبەکانم سەراوبن دەکرد چاوم بەو کتێبە کەوت و ناوی کوردستان و وێنەی بارزانیم کەوتە بەرچاو خورپە کەوتە دڵم. یەکسەر دەستم دایە و وەک ئەوەی باوەڕم نەدەکرد راست بێت، یەک یەک تەماشای لاپەڕەو وێنەکانم کرد.... ووتم ئەوە بایی چەندە؟ خاوەنی عەرەبانە و کتێبەکان گەنجێکی قسە خۆش بوو، ریش و پرچی تێکەلاو بوو، لە فەیلەسوفە کلاسیکیەکان دەچوو، ئەو دەیزانی من کوردم بەلام نەیدەزانی کتێبەکە چیە و باسی چی دەکات. بەهەرحال گوتی هەزار لیرەی ئیتالی، دەیکردە یەک دۆلار بەلام ئەوکات بەشی ٣ جەم خواردنی چێشتخانەی زانکۆی دەکرد، منیش پێنج هەزاریەکم پێ بوو و دامەدەستی و پێمگوت باقیەکەشی بۆ خۆت. بە داخەوە کتێبەکە، لە کاتی چاپکردنی، لە ١٩٧٦، نرخەکەی لەسەر نە نووسراوە.

---

بلاوکردەوەو هەندێ پێشنیارم خستە بەردەستی دامەزراوەکانی باشور و بە شەخسی گەیەندرایە دەستی: وەزیری پەروەردە، خوێندنی بالا، رۆشنبیری، ئەکادیمیای کوردستان، پارێزگاری ئەوکاتی هەولێر و سلێمانی، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر و سلێمانی و پێشنیارمکرد قوتابخانە، هۆلێکی زانکۆ، مۆنومێنتێک، باخچەیەک بەناوی گەللێتی بکرێت بەلام تاکو ئێستا کەس وەلامی نەبووە. ئەمەش لینکی وتارەکەیە.

https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=74238&authorid=241

کەوتمە ڕێگا بەرەو پەڕتوکخانەی سەرەکی زانکۆ، بە ناوی مەعریفەت La Sapienza، کە ٤٠٠ – ٥٠٠ م دوور بوو، ئەو ڕۆژە تا سەعاتی ٨ ئێوارە، تا کاتی داخستنی، خەریکی خوێندنەوەو تەماشای بەرگ و وێنەکان بووم، زۆر دڵخۆش بووم. کۆمەڵێک پرسیارم لەخۆم کرد، مەعقولە ئەو کتێبە ئەوە ١٠ ساڵە چاپکراوە نە کوردەکان و نە ئیتالیەکان پێی نازانن و نەیان دیووە؟ هەر زوو بەزوو هەوڵمدا و دەستم بە وەرگێڕانی کرد. لە بۆنە و ئاهەنگە کوردیەکان، بە تایبەتی نەورۆز، لای هەندێ دۆست و هاوڕێ باسی کتێبێکی لەو جۆرەم کرد بەڵام کەس نەبوو ناوی بیستبێت. لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ڕاپەڕین و کۆڕەوەکەی ١٩٩١ و کەوتنی ڕژێمی سەدام حوسێن لە نیسانی ٢٠٠٣ کە بە سەدان وتارو ڕیپۆرتاژ و کتێب چاپکران و بڵاوکرانەوە بەڵام کەس، بە کەم و بە زۆر، باسی ئەو کتێبەی نەکردووە. وا هەست دەکەم لە کاتی چاپکردنی ئەم کتێبە، لە ١٩٧٦، سەفارەتی عێراق هەموو کتێبەکانی کڕیبێت و لەناوی بردبێ بۆ ئەوەی لە ئیتالیا دۆزی کورد نەناسرێت. سەیر ئەوەیە کە فرانز مەرییا دەزارۆ Franz Maria D’Asaro لە ساڵی ١٩٢٥ لە دایک بووەو لە ساڵی ٢٠٠٤ کۆچی دواییکردوە هەوڵی نەداوە ئەم کتێبە بە ڕای گشتی بناسرێ.

بە هۆی سەرقاڵی زانکۆ و بژێوی ژیان وازم لە تەرجەمەکە هێناو لای کەس ناوی نووسەرو کتێبەکەم، بە زمانی ئیتالی، باس نەکرد و کتێبەکەم لە ماڵەوە شاردەوە، حەزم نەدەکرد کەس چاوی پێبکەوێت. هۆکاری ئەو شاردنەوەو باسنەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی من ئەوکات و ئێستاش وادەزانم ئەم نوسەرە، فڕانز دەزارۆ، موبالەغەی زۆری لەسەر ڕۆڵی مەلا مستەفا کردووەو تەرجەمەکردنیشی بۆ کاتی ساڵانی دوای ڕاپەڕین، بە ڕای خۆم، سودی بە پارتی و بنەماڵەی بارزانی دەگەیاند لەبەر ئەوە لە وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەکە دوو دڵ بووم. وەک ئاشکرایە پارتی – بنەماڵەی بارزانی بۆ بەرژەوەندی

خۆیان "مێشەک دەکەنە گامێش" و بەم کتێبە دەیانتوانی بلێن "ئەوەتە بارزانی کوردی بە ئیتالیا و بە جیهان ناساندووە" و ئەمە مێژووە و نووسراوە.
لەسالی ٢٠١٠ ناوە ناوە کە هەندی دۆست و هاوڕێی کوردستانی سەردانیان کردووم لەگەل هەندێکیان باسی ئەو کتێبەم کرد و بە هەندێکیشیان پیشاندا، لە هەمان کاتیش لە تەرجەمەکە بەردەوام بووم و ماوەی چەند سالێکە تەواو بووە بەلام لەبەر ئەوەی کتێبێکی ناوازەیە حەزم نەکرد بۆ هیچ دۆست و هاوڕێیەکم رەوانەی بکەم بۆ ئەوەی پیاچونەوەی بۆ بکرێت، هەلەکانی زمانەوانی راستبکرێتەوە.
ئەمە یەکەم کتێبە، بە پێی زانیاریەکانی بەردەستی ئێمە، لەسەر کوردو کوردستان، بە زمانی ئیتالی، لە سەدەی بیست چاپکراوە، نووسەر لە دوای روخانی رژێمی پاشایەتی عێراق، لە ١٤ تەموزی ١٩٥٨ زا وەک پەیامنێری رۆژنامەیەکی ئیتالی دەگەوێتە بەغدا و یەکسەر ئاشنایەتی دەگەل دۆزی کورد پەیدا دەکات، لەوکاتەوە وتارو ریپۆرتاژی لەسەر دەنووسێ. لە کاتی گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی، لە یەکێتی سۆڤیەت لە 6 ئۆکتۆبەری ١٩٥٨، دەزارۆ لە فڕۆکەخانەی بەغدا، لەگەل جەماوەرێکی زۆری کوردستانیان، کە بۆ پێشوازی لە سەرۆکەکەیان هاتبوون، چاوەڕوانی دەکات و پاشان بۆ ماوەی ٢ مانگ لە هۆتێل سەمیر ئەمیس لە شاری بەغدا، شوێنی حەوانەوەی بارزانی، میوان دەبێت و بە چاوی خۆی ئەو کەس و شاندە کوردستانیانە دەبینێ کە بۆ سەردان و بەخێرهاتنەوەی بارزانی دەچوون. لەم کاتە دەزارۆ، یەکەم رۆژنامەنوسە، چاوپێکەوتن لەگەل بارزانی دەکات و لە رۆژنامەکانی ئیتالیا بلاوی دەکاتەوە.
فڕانز مەرییا دەزارۆ بە درێژایی ١٧ سال، لە ١٩٥٨ تا ئاشبەتالی ئازاری ١٩٧٥ بە بەردەوامی وتاری لەسەر شۆڕشی ئەیلول و بارزانی نووسیووە، لە بەغدا چاوی بە زۆربەی کاربەدەستەکانی حکومەت و رژێمەکانی عێراق

کەوتووە، شاهیدێکی دەگمەنی ئەو ململانێ، شەڕ و موفاوەزات و ئاشتیە دوور و درێژانەی نێوان شۆڕشی ئەیلول و کاربەدەستانی بەغدایە.
فڕانز مەرییا دەزارۆ جگە لە هەست و سۆزی بۆ گەلی کورد بە شێوەیەکی بێسنور بە بارزانی سەرسام بوو. بارزانی بە داستان، قارەمان، سەرکردە، جەنگاوەر، شۆڕشگێر و باوکی روحی نەتەوەیی کورد لە قەلەم دەدا. بارزانی بە سەرکردەیەکی عەسکەری و سیاسەتوان، تاکتیکچی و ستراتیگێکی سەرکەوتوو دەناسێنی. کاتێ باسی رەوشی نالەباری کوردستانی تورکیا دەکات و دەڵێ "لێرە جولانەوە و راپەرینی کورد نیە چونکە لێرە مەلا مستەفا بارزانیەک نیە". لە کاتی دروستبوونی بەرەی نیشتمانی – جەبهەی وەتەنی لە نێوان حیزبی بەعس و حیزبی شوعی، پ. د. ک. ناچێتە ناو ئەم بەرەیە، عەزیز محەمەد، سکرتێری پارتی کۆمونیست رەخنە لە بارزانی دەگرێت وهیوای ئەوە دەخوازێ بارزانی رازیبکات بۆ ئەوەی پارتی بچێتە ناو ئەو بەرەیە، بارزانی دەڵێ "عەزیز کۆمونیستێکی بێ ئەزموونە" و پەشیمان دەبێتەوە. دەزارۆ دەڵێ بارزانی، لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ژمارەیەک نوێنەرو دیپلۆماتکاری شارەزاو لێهاتووی هەبوو و لە رێگەی ئەوانەوە ئاگاداری هەموو شتێک بوو، لە رێگەی ئەوانەش نامەی بۆ سەرۆک کۆماری ولاتان و یو ئێن UN رەوانە دەکرد، نووسەر، بە زۆری، ناوی کامەران بەدرخان و عیسمەت شەریف ڤانلی دەهێنێ.
لێرە هەژار موکریانیم هاتەوە بیر کە چۆن، لە چێشتی مجێور، بە چەپ و بە راست مەدح و سەنای بارزانی کردووە ئەوهاش فڕانز دەزارۆ هەر بە پۆزەتیڤ باسی مەلا مستەفا دەکات.
لەبەرئەوەی بارزانی بۆ ماوەی ١١ سال لەئاوارەیی، لەیەکێتی سۆڤیەت، ژیاوە دەزارۆ، کەباسی بارزانی دەکات، بەناوی جەنەڕالی پێشوی سوپای سوری سۆڤیەت، شێخی سۆر، مەلای سۆر و قارەمانی نەتەوەیی ناوی دەهێنێ.

دەزارۆ دەنووسێ بارزانی کاریگەری لەسەر هەموو سیاسەت و روداوەکانی بەغدا و عێراق هەیە و هەبووە، لە هەموو وەزارەت و دامەزراوە عەسکەری و کون و قوژبنەکانی دەوڵەت، بە نهێنی، پیاوی خۆی هەبوو و، پێشوەختە ئاگاداری پلان و نیاز و جولەی دەوڵەتی عێراق بوو.
دیارە فرانز دەزارۆ لەم نووسینە پشتی بەو زانیاریانە بەستووە کە کوردەکانی نزیک لە بارزانی پێیانداوە، لەبەرە ئەوە هەلەی زۆر زۆری کردووەو نووسیووە، وێنەیەکی خەیالی بۆ بارزانی کێشاوە کە دوورە لە راستی.
دەزارۆ باسی چەند هەلەیەکی بارزانیش دەکات، لەوانە هەولنەدانی جدی بۆ گەیشتن بە رێککەوتن لەگەل عەبدول کەریم قاسم، رەوانەکردنی نامە و داوای یارمەتیکردن لە ئەمەریکا لە سالی ١٩٧٢ لەوکاتەی حکومەتی بەغدا لەسەر ئاستی نێوخۆ و جیهانی بەرەو بەهێزی دەچوو، نەدەبوایە لە ئازاری ١٩٧٤ شەڕ دەست پێبکاتەوەو هەموو هێلکەکان بخرێنە سەبەتەی ئێران و شا.
فرانز دەزارۆ باسی سیاسەتی تاکڕەوی مەلا مستەفای نەکردووە، ئاماژەی بەوە نەداوە یان نەیزانیووە کە بە بڕیاری بارزانی دەیان و سەدان کەسایەتی و رێبەرانی جولانەوی کورد کە لە بەشەکانیتری کوردستان بۆ هاوکاری و کۆمەکی کورد هاتبوونە باشور تیرۆرکران یان بە دیلی رادەستی موخابەراتی تاران و ئەنقەرە کران یان ناچار کران ناوچەکانی ژێردەستی شۆڕش بەجی بێلن روو لە بەغدا و دەرەوە بکەن. هەر بە بڕیاری تاکلایانەی مەلا مستەفا چەندەها کەسایەتی و سەرۆک خێل و هۆزەکان، لە باشور، تیرۆر کران یان لە زیندانە بێ ناوەکان ژیانیان بەسەر بردو زۆریشیان لەناو بردران.
زۆر بەداخەوە مەلا مستەفا میراتێکی زۆر خراپ و زیانبەخشی بەجێ هێشت، ئاوێکی پیس و بۆگەنی وای رژاند تا ئێستا کورو نەوەکانی، زۆر بە خراپی، پێی پیا دەخشێنن، لە سەرکوت و تیرۆرکردن، لە گەندەلی و دزین و بە

فیرۆدانــی ســەروەت و ســامانی نیشــتمانی، لە دەســت تێکەلکردنــی لە گەل دوژمنانی کورد و ... هتد سەد کەڕەت لە بارزانی باوک تێیان پەڕاندوە.
فڕانــز مەرییــا دەزارۆ، لەم کتێــبە، بە کــورتی و خێرایــی باســی روداوەکــانی عێــراق، لە دروســتبوونەوە تــا رۆژانــی ئاشــبەتالی، دەکــات، بە حیــزب و کەسایەتی و کودەتـا و گرفتەکانی ئەو ولاتەمـان ئاشـنا دەکـات. دەزارۆ، هەر ئەوکـات، هەسـتی بە "نەفرەتـی نەوت" کـردووە کە تـاکو ئێسـتا بـۆتە هـۆی تراژیدیای کورد.
خالێکیتر کە دەزارۆ کە باسی دەکات بریتیە لە سیاسەتی روسیای قەیسەری و یەکێتی سۆڤیەت بۆ گەیشتنی بە ئاوە گەرمەکان، لە خەلیجی فارسەوە تا دەگاتە دەریای سپی ناوەڕاست، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دۆزی کوردی بەکار هێناوە، لە کاتی کۆماری مەهابادەوە تاکو ئێستا وا هەست دەکرێ کە ئەم سیاسەتە گۆڕانی بەسەر نەهاتووە.
بە دەگــمەن رۆژنامەنوســێکی غەیــرە کــورد، وەک دەزارۆ، ئەوەنــدە ســالە موتـابەعەی شۆڕشـی ئەیلـول و بارزانیـان کـردووە. لەبەر ئەوە پێمـوایە ئەم کتێبە دۆکومێنتەکی مێژوویی گرنگ و دەگمەنە، حەقی خۆیەتی نەوەی ئێستا و دواڕۆژ ئاشنایەتی بەو کتێبە پەیدا بکەن و دەکرێت سوودی لێوەربگرن. کەموکورتی هەرە گەورەی فڕانز دەزارۆ بریتیە لەوەی، جگە لە مەلا مستەفا، زۆر بە دەگمەن باسی سەرکردەو کەسایەتیەکانیتری کوردستان دەکات، ئەو هەمــوو ســالە لە عێــراق، لە بەغــدا، بــووە و چــاوی بە ژمــارەیەکی زۆر لە سەرکردەو سیاستەوان و رۆشنبیری کورد کەوتووە بەلام باسیان ناکات و ناویان ناهێنێ.
دەزارۆ لەم کتێبەکە ناوی "شۆڕش" و "پێشمەرگە" ناهێنی، بەلکو بە جولانەوە، یاخیبوون، راپەڕین و شەڕ و، چەکدار، شەڕکەر و جەنگاوەر ناویان دەبات بەلام ئێمە هەموو ئەو دەستەواژانەمان بەکار هێناوە.

دوای سالانێکی دورودرێژ و چەندەها جار پیاچوونەوە بە تەرجەمە کوردیەکە بڕیارمدا بیخەمە بەردەست و بلاوبکرێتەوە، ئەمڕۆش نەبێ بەیانی کەسێکیتر تەرجەمەی دەکات. من هەولمداوە بە ئەمانەت و راستگۆیی دەقە ئیتالیەکە بکەمە کوردی، لەو شوێنانەی پێویستی بە راستکردنەوەی ناوی کەس و شوێنەکان هەبوو ئاماژەم پێکردووە (وەرگێڕ یان و)، یان لە پەڕاوێزەکان ئاماژەی بۆ کراوە. کاتێک باسی دۆزی کوردو کوردستان دەکرێت ناچاری باسی ٤ دەولەت بکەیت، ناوی زۆر کەسایەتی و شوێنە جوگرافیەکان ببەیت، ئەمەش کارێکی زۆر سەختە و پێویستی بە شارەزاییەکی فراوان هەیە، بە تایبەتی بۆ نیو سەدە پێش ئێستا. لەبەر ئەوە نووسەر، وەک رۆژنامەنوس نەک وەک کەسێکی ئەکادیمی و توێژەری مێژوویی، کۆمەلێک هەلەی کردووە، وەک گوایە بارزانی لەم ماوەیەی لە یەکێتی سۆڤیەت ژیاوە بە بەردەوامی پەیامی، لە رێگەی رادیۆ، بۆ کۆمەلانی خەلکی کورد رەوانەکردووە تا هانیان بدات لەدژی حکومەتەکانی بەغدا، ئەنقەرە، دیمەشق و تاران خەبات بکەن یان گوایە مەلا مستەفا بەخۆی سەرکردایەتی چەندەها شەڕی کردووە. ئێمە تا ئەو رادەو شوێنەی هەستمان پێکردووە و لە تواناماندا بووە ئاماژەمان بە زانیاریە هەلەکان کردووە و راستمان کردونەتەوە و، هەموو پەراوێزەکانیش ئێمە، وەرگێر، دامان ناوە. لە ناو کتێبەکە ناوی دەیان و بە سەدان کەسایەتی عێراق و رۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهانی هەیە کە نووسەر، لە دەقە ئیتالیەکە، بە هەلە ناوی هێناون و بەیەک ناو ناوی بردوون، وەک، قاسم، عارف، شەواف، گەیلانی، ناسر، موفتی فەلەستین، خرۆشۆف و... هتد بۆیە هەولمانداوە ناوەکان وەک خۆیان، چۆن پێی ناسراون، ناوی سیانی، بنووسینەوە، بەشی زۆریان لەناو تێکستی کتێبەکە نووسیووەو بەشێکی کەمیش لە پەراوێزەکان داناوە.

# پارتی و ئەم کتێبە

لە ١٦ تەموزی ٢٠٢١ لەگەڵ د. عبدالحکیم خەسرەو جۆزەل پەیوەندیەکی تەلیفۆنیم کرد و باسی ئەوەم بۆی کرد کە خەریکی تەواوکردنی تەرجەمەی دوو کتێبی ئیتالیم بۆ سەر زمانی کوردی. من و د. دکتۆر عبدالحکیم، لە سالی ٢٠٠٤ – ٢٠٠٦ ئەوکاتەی گەڕامەوە هەرێم و لە زانکۆی سەلاحەدین، لە کۆلێژی زانستە رامیاریەکان وانەم دەگوتەوە یەکترمان ناسی، بۆ من کەسێکی تا بلێی بەرێز، کۆمەلایەتی و کوردیزانیکی زۆر باش و ئەکادیمێکی سەرکەوتووبوو، پەیوەندی دۆستایەتی و هاوڕێیەتیمان بەردەوام بوو. کاتی خۆی لە سالی ٢٠١١ بۆ خولێک هاتە ئیتالیا و لە شاری پیزە ماوەی ١٠ رۆژێک مایەوە، لەم سەردانە ئەم کتێبە و کتێبێکیتر لەسەر یەزیدیەکان، کە لە سالی ١٩٣٠ چاپکراوە، پێ نیشانداو زۆر کەیف خۆش بوو، پێشنیاری بۆ کردم و تەرجەمە کوردیەکەی بدەمە دەست یان بۆی رەوانە بکەم و لە هەولێر لە یەکێک لە دەزگاکانی سەر بە پارتی چاپ بکرێت بەلام من هەر دوو دڵ بووم و ووتم بیرێکی لێ دەکەمەوە.

لە ١٦ تەموزی 2021 کە لەگەڵ د. عبدالحکیم قسەمکرد، کەسێکی زۆر قسە خۆش و بێ فیزە، بە پێکەنینەوە گووتی "ئەمن ئێستا بوویمە پیاوی دەسەلات و سکرتێری لیژنەی بالای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی"م لە ئەنجومەنی وەزیران. بە هەرحال وا رێکەوتین یان کتیبەکە یان بە چەند لاپەڕەیەک کتێبەکە بناسێنم. ئەوەبوو لە ٣٠ ئابی ٢٠٢١ بە نامەیەکی ٧ لاپەڕەیی لەگەڵ هەندی وێنە بۆم رەوانەکرد، دەتوانم بلێم وەک ئەم سەرگوزەشتەیە بوو بەلام باسی کەموکوڕی و خالە نەگەتیڤەکانی مەلا مستەفام نەکردبوو. پاش چەند

رۆژێک پەیوەندیمان بەیەکەوە کرد و گوتی "بۆ بارەگای بارزانی رەوانەکراوە" و خۆیان پەیوەندیت پێوە دەکەن. لە ٢٩ ئەیلولی ٢٠٢١ کەسێک، بەناوی د. زکری موسا، راوێژکار لە بارەگای بارزانی پەیوەندی پیوەکردم گوتی نامەکەت سەبارەت بە کتێبەکە مایەی دەستخۆشیە و داواکارین تەرجەمە کوردیەکەمان بۆ رەوانە بکەی تاکو هەلسەنگاندنی بۆ بکەین. من و کاک زکری یەکترمان نەدەناسی، بە رێزەوە و لە دوورەوە لەگەل یەکتر قسەمانکرد. منیش لە وەلام و داواکەی کاک زکری گوتم هیچ کێشەیەک نیە بە مەرجێک بە ئیمەیل وەلامم بدەنەوەو بە فەرمی بە لۆگۆی بارەگای بارزانی یان دەزگایەکی چاپ داوا بکەن و منیش تەرجەمەکەتان بۆ رەوانە دەکەم، لە وەلام ووتی "بۆ سیقەت بە ئێمە نیە"، لە وەلام ووتم مەسەلە سیقە نیە، تەنها بۆ ئەوەی بزانم بۆ کوێی رەوانە دەکەم، بۆ ئەو مەبەستەش کورتە نامەیەکت بۆ رەوانە دەکەم، ئەگەر پێتان باشە یەکسەر بیخەنە سەر کاغەز بە لۆگۆی بارەگای بارزانی و بە ئیمەیل بۆم رەوانە بکەن وئەگەر گۆریتان تکایە ناوەڕۆکە دەستکاری مەکەن. دیار بوو بە داواکەی من کەمێک سەخلەت بوو. پاش تەلیفۆنەکە کورتە نامەکەم بۆ رەوانەکرد.

کاتێکی زۆری بەسەرچوو هیچ وەلامێک نەبوو، ناچار نامەیەکیترم بۆ کاک زکری موسا و د. عبدالحکیم خەسرەو رەوانە کرد و داوامکردبوو بە ئا و بە نا وەلامەکم بدەنەوە، رۆژی ٣ نۆڤەمبەری ٢٠٢١ نامەیەکم لە بارەگای بارزانی و راوێژکار، بە ئیمەیل، بەدەست گەیشت، تیایە نووسراوە:

"سەرەتا داوای لێبوردن دەکەین کە نەمانتوانی لە کاتی خۆی وەلامی نامەکەتان بدەینەوە........ ئێمە خۆشحالین و دەستخۆشی لە بەڕێزتان دەکەین کە بەم کارە گرنگە هەڵساون و کتێبێکی گرنگی پڕ لە دیکۆمنتان لەسەر مێژووی هاوچەرخی کورد و شۆڕش لە زمانی ئیتالیەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە. ئەم هەولە زانستیەی بەڕێزتان جێگەی پێزانینە. داوا لە بەڕێزتان

دەکەین کە نوسخە کوردیەکەمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی بدرێتە لیژنەیەکی تایبەت بۆ هەلسانگاندن و دواتر هەلسەنگاندنەکە عەرزی جەنابی سەرۆک بارزانی بکرێت و بڕیاری چاپی لێ بدرێت.
دووبارە داوای لێبوردنتان لێ دەکەین و هیوای کامەرانیتان بۆ دەخوازین.
د. زکری موسا
راوێژکار لە
بارەگای بارزانی"
ئەوەبوو رۆژی ١٧ نۆڤەمبەری ٢٠٢١ دەقە کوردیەکەم بۆ د. زکری موسا و د. عبدالحکیم خەسرەو رەوانە کرد و دەمودەست وەلامیان دایەوە کە بەدەستیان گەیشتووە.
لەو باوەڕەدابووم دوای ٧ – ١٠ رۆژ وەلامەکم بەدەست بگات بە تایبەتی بارەگای بارزانی باسی "لیژنەیەکی تایبەت لە کەسانی شارەزا لە مێژوو و شۆڕشی ئەیلول" کردبوو کەچی بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوون، رۆژی 03/01/2022 نامەیەکی کورتم بۆ راوێژکارەکە رەوانەکرد "ئەرێ کەس کتێبەکەی خوێندۆتەوەو هەلسەنگاندنی بۆ کردووە، رایان چی بووە، بۆ بلاوکردنەوە دەشێ؟".
رۆژی ٤ی مانگ یەکی ئەم سال د. زکری موسا بە کورتی وەلامی دایەوە "بەلێ چەند بەڕێزێک کتێبەکەیان خوێندۆتەوەو هەلسەنگاندنیان بۆ کردووە. لە رێگەی بەڕێز دکتۆر عەبدالحەکیم خەسرەو لەم حەفتەیە وەلام بۆ جەنابتان دەنێردرێت". من، لای خۆم، ئەو وەلامەم بە نەگەتیڤ لە قەلەمدا و یەکسەر بۆ د. عبدلحکیم خەسرەو رەوانەکرد بەو ئامانجەی کە تەلیفۆنم بۆ بکات و یان پەلە لە وەلامە رەسمیەکە بکات.

سەرنج بدەن من رۆژی ١٧ نۆڤەمبەری ٢٠٢١ دەقە کوردیەکەم رەوانەکرد، دوای ٤٧ رۆژ دەڵێن بەڵێ لیژنەیەک هەڵسەنگاندنی بۆ کردووەو لەم حەفتەیە وەڵامت بەدەست دەگات.

رۆژی ١٦ مانگی یەکی ئەمساڵ، ٢٠٢٢، کورتە نامەیەکم بۆ د. عبدالحکیم خەسرەو رەوانە کردو سۆراخی کتێبەکەم لێ پرسی، ئەویش یەکسەر وەڵامی دامەوەو ووتی "بەشێکی کتێبەکەم خوێندۆتەوە، لەم رۆژانە رای خۆمت بۆ رەوانە دەکەم". منیش یەکسەر وەڵامم دایەوە "کاک دکتۆر من پێویستم بە رای شەخسی تۆ نیە، ئەگەر ئەم لیژنەیە یان کەسانی شارەزا خوێندویانەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ کردووە پێویستی بەو هینان و بردنە نیە، من سوپاسی تۆ دەکەم، هەر کاتەک کتابەکە بلاوکرایەوە تۆ دەتوانی رای خۆت، لەسەر زمانی وەرگێرانەکە یان ناوەرۆکی کتابەکە بە نووسین، وەک هەڵسانگاندنێکی ئەکادیمی دەربڕی. ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەیە تەنها شێوەی وەرگێڕانەکەیە، ناوەڕۆکەکەی پەیوەندی بە نووسەرەکەوە هەیە".

لە رۆژی ١٦ شوباتی ٢٠٢٢، دوای یەک مانگ، د. عبدالحکیم کورتە نامەیەکی بۆ رەوانەکردم و دەڵێ "زۆر داوای لێبووردن دەکەم ، ئەم ماوەیە زۆر مەشغولی بابەتی ...... بووم. بەڵێ تێبینیەکانم بەدەست گەیشتووە ..... ئەگەر دەرفەتم بدەی لەم چەند رۆژە تێبینیەکان بۆ جەنابت دەخەمەروو".

هەموو وەلام و دەرنگی و خۆ دزینەوە نیشانەی ئەوەیان پێوە بوو کە پارتی و بارەگای بارزانی ئەم کتێبە بە پۆزەتیڤ نابینن، بە زیانی بۆ سەر مەلا مستەفا و پارتیان هەڵسەنگاندووە ئەگەر نا زوو بە زوو وەلامیان دەدایەوە.

رۆژی ١٧ شوبات نامەیەکی دەنگیم بۆ د. عبدالحکیم خەسرەو رەوانەکرد، من زۆر زۆر بە دەگمەن نامەی دەنگی رەوانە دەکەم، بە زمانێکی زۆر برایانە و دۆستانە "داوای لێبوردنت لێدەکەم کە سەر ئێشەم بۆ دروستکردی، دیارە بارەگای بارزانی ئەم کتێبەی بە دڵ نیە و پێی باش نیە بلاو بکرێتەوە. من

لەسەر سەفەرم بۆ دەرەوەی ئیتالیا ئەگەر تا ٢٠ شوبات وەلامێکم بۆ رەوانە بکە ی باشە ئەگەر نا خۆت ماندوو مەکە و هیچم بۆ مەنووسە، تۆ دۆست و برایەکی ئازیزی منی".

لە راستی من "هەلەیەکی گەورە"م کرد نەدەبوایە ئەم کتێبە بۆ پارتی رەوانە بکەم چونکە بۆ بنەمالەی بارزانی مەلا مستەفا "هێلی سورە" و وا دەزانن هیچ جۆرە کەموکورِی و هەلەیەکی نیە کەچی فرانز دەزارۆ هەرچەندە بە پۆزەتیڤ باسی دەکات جار جارەش رەخنەی لێگرتووە، کە باسی کۆماری مەهاباد دەکات ئاماژە بە ناکۆکی نێوان پێشەوا قازی محەمەد و مەلا مستەفا دەکات و دەلیّ "مەلا مستەفا بارزانی هەموو کۆمەک و پشتگیری خۆی لە قازی محەمەد کێشایەوەو بەتەنها بەجێی هێشت". ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی بنەمالەی بارزانی بە نەگەتیڤ هەلسەنگاندنی بۆ بکەن و بە زیانبەخش بۆ سەر مێژوو و ژیانی مەلا مستەفا حیسابی بۆ بکەن. یان ئەوکاتەی فرانز دەزارۆ بۆ یەکەمجار چاوپێکەوتن "رووبەرو لەگەل بارزانی" دەکات بە پۆزەتیڤ باسی ناکات، بە تایبەتی ئاماژە بەوە دەکات کە مەلا مستەفا "لە وەلام و قسەکانی راستگۆ نیە".

تاکو ئێستا هیچ وەلامێکیترم لە بارەگای بارزانی و د. عبدالحکیم خەسەرەو بەدەست نەگەیشتەوە، تەنها بێدەنگی د.عبدالحکیم بۆ من مایەی نیگەرانیە، متمانەی زۆرم پێی هەبوو، نەک بۆ ئەو کتێبە بەلکو لەسەر ئاستی دۆستایەتی و کۆمەلایەتی و ئەکادیمیش.

من بۆ ئەو کتێبە داوای هیچم نە کردبوو، یەک مەرجم بە نووسین و بە قسە بریتی بوو لەوەی "بە بیّ دەستکاری ناوەرِۆک و شێوە زمانەکە" چاپ بکرێت. لە نامەکەی یەکەمجار ئاماژەم بە چەند توێژینەوەو کتێبێکیتر کردبوو کە لە سەر دۆزی کورد لە سەردەمی مەلا مستەفا، بە زمانی ئیتالی، چاپکراون و دەکریّ هەولی کۆکردنەوەو تەرجەمەکردنیان بدریّ.

# یەکێتی نیشتمانی کوردستان چی دەڵێ؟

دوای نەمانی پەیوەندی لەگەل "پارتی" وازم لە کتێبەکە هێناو لای کەس باسم نەکرد، رۆژی ١٦ ئازاری ٢٠٢٢ کاک سەرتیپ جەوهەر، رۆژنامەنووس و چالاکوانی هەولێرو رەخنەگر لە سیاسەتی یەکێتی (لە نووسینەکانی هەست پێدەکرێ) پەیوەندی پێوەکردم و نزیکە ٧٠ خولەک باسی زۆر بابەت و روداومانکرد، راستی من و کاک سەرتیپ ئەوە یەکمجار بوو بەیەکەوە قسە بکەین. لە کۆتایی گفتوگۆکە باسی ئەو کتێبەم بۆکرد و ووتم دەکرێ لە دەزگاکانی یەکێتی چاپ بکرێت، لە وەلام ووتی "چەند دەزگایەکی یەکێتی کاری چاپەمەنی دەکەن، ئەتو کتێبەکە رەوانە بکە و پاشان قسەی لەسەر دەکەین". من بە کاک سەرتیپم نەگوت کە بۆ پارتیم رەوانەکردووەو وەلامیان نەداوەتەوەو بە نەگەتیڤیان هەلسەنگاندووە. ئەوەبوو رۆژی ٢٤ نەورۆزی ٢٠٢٢ بە ئیمەیل بۆم رەوانەکرد و رۆژی دوایی بۆی نووسیم "کتێبەکی زۆر باشە و خەریکی خوێندنەوەیم، قسەم لەگەل برادەرانی مەکتەبی بیر و هوشیاری کردووە و ئەورۆ یان سبەی لۆیان رەوانە دەکەم". هەمان رۆژ بۆی نووسیم "ئەوە بۆ برادەرانی یەکێتیم رەوانە کردووەو تکام کردوە بە زوویی بیخوێننەوەو وەلامەکم بدەنەوە بەلام تکایە نەچیتە دەستی کەسانیتر، ئەگەر چاپی دەکەن یان نا خێرا وەلامم بدەنەوە".

من وا بیرم دەکردەوە مادام بە دڵی پارتی نەبووە بە دڵنیایەوە دەبێ یەکسەر بە دڵی برادەرانی یەکێتی بێت، بە تایبەت کەسێکی وەک خۆم وەریگێڕاوە، کە پێشمەرگەی یەکێتی بووم لە شاخ، لە ١٩٨١ لە ئیتالیا دەژیم و یەکێک لە

چالاکوانەکانی یەکێتی و بۆ ماوەی ١٥ سال بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی لە ئیتالیـا و زۆریتیـریش. لە دوای روخـانی بەعـس، زوو بەلام درەنگـیش، هەسـتمکرد یەکێتـی عەقلی سیاسـی نیە کەواتە نـاتوانین باسـی ئەرشـیڤ و زانیاری، سەبارەت بە ئەندام و چالاکیەکانیان، لەو رێکخراوە بکەین.

رۆژی ١٥ نیسـانی ٢٠٢٢ کـورتە نـامەیەکەم بـۆ کـاک سـەرتیپ جەوهەر رەوانەکـرد و پرسـیم "ئەرێ هـیچ سـەرەداوی کتێـبەکەت بە دەسـت نەگەیشتووە؟".

وەلامـی دایەوەو ووتـی "نە وەڵـلە بەلام هەولـدەدەم بە زوتـرین کـات وەلامـت بدەمەوە."

ئەوکـات رەمەزان بـوو، جەژنـیش تێـپەڕی هـیچ وەلام نەبـوو، ناچـار ٩ ئایـار نامەیەکی کورت کورتم بۆ نووسی "ئەرێ هیچ خەبەر نیە؟" وەلامـی دایەوەو زۆر گلەیی و گازاندەی لە مەکتەبی بیر و هۆشیاری و هەموو یەکێتی هەبوو، دیسان داوای هەفتەیەکیتری کرد. ئەمنیش حەپەسـان و سەرسـوڕمانی خۆم دەربڕی بەرامبەر ئەو رەفتارە و گوتم باشە و "بـا نۆیەش بێتە سـەر دەیە" و هەفتەیەکی تریش چاوەڕوان دەکەم.

هەفتەکە بە زیادەوە تێپەڕی وەلام نەبوو، لە ٢١ ئایار دیسان داوای سۆراخی کتێبەکەم کرد. وەلامی نەبوو، دیسان رۆژی ٢٤ ئایار هەمان کورتە نامەم بۆ رەوانە کـردەوە، یەکسـەر تەلیفـۆنیکرد، پێـی گـوتم برادەرانـی یەکێتـی، لە "مەکتەبی بیرو هوشـیاری" پێیـان راگەیانـدووم ئەو کتێبە بە پۆزەتیڤ باسـی مەلا مستەفا دەکات و ئەوەش بە سود و قازانجی بنەمـالەی بـارزانی و پـارتی دەشـکێتەوە، لەبەرە ئەوە ئـێمە بـلاوی نـاکەینەوە. بە نووسـین ئەوەشـی بـۆ دوپاتکردمەوە. وتووێژێکی ٢٥ دەقیقەمانکرد و باسی زۆرشتیترمان کرد. دیار بوو کاک سەرتیپ زۆر هەستی بە نارەحەتی دەکرد و چەند جار ووتـی "من شەرمەزارم بەرامبەر بەتو".

منیش هەولمدا بارودۆخەکە ئاسایی بکەمەوەو زۆر سوپاسمکرد و داوای لێبوردنم لێکرد بۆ ئەو کات کوشتن و سەر ئێشە و .. هتد. گوتم ئەی باشە خودی مام جەلال نەبوو چووە سەر گۆڕی مەلا مستەفا – مەزاری نەمران و لەویٚ و لە چەند موناسەبە و نووسین بە دەنگی بەرز هاواری نەکرد "من هەلەبووم لە سالی ١٩٦٤ لە مەلا مستەفا بارزانی جیا بوومەوە" و پارتی بە "مالە گەورەکە" لە قەلەم نەداوە؟ ئەی، لە دوای کەوتنی رژێمی سەدام حوسێن لە ٢٠٠٣، زۆربەی سەرانی یەکێتی سەردانی گۆڕی بارزانیان نەکردووە؟ ئەی لە سالی ٢٠٠٥ بە دواوە هەموو ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکانی یەکێتی لە هەولێر لەژێر وێنە گەورەکەی مەلا مستەفا بارزانی سوێندی یاسییان نەخواردووە؟

ئێمە لە زۆر کات و موناسەبە، بە قسە و بە نووسین، باسی ئەوەمانکردووە کە کەڵەگایی و بەهێزبوونی دەسەلاتی پارتی لە هەرێم بە پشت و پەنای یەکێتی، لە پێشەوەی هەموان هی مام جەلال تالەبانی، بووە. یەکێتی، ئەگەر بەشی زۆرتر نەبیٚ، ئەوە بە یەکسانی، لەگەل پارتی، لە تاوان و دزین و گەندەلی و نەهامەتیەکانی باشوری کوردستان شەریک و بەرپرسیارە.

پارتی و یەکێتی، بەمجۆرە، رێکەوتن بایکۆتی ئەو کتێبە بکەن، ئەوەیە رێکەوتنی ستراتیژی؟ ئەوە چ عەقلیەتێکە گویٚ لە رەخنە نەگرێت، نەیەوێت گویٚ لە بۆچوون و رای کەسانی چاودێر و رۆژنامەنوس، بە تایبەتی بیانی، بگریٚ؟

پێمخۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە زۆر کتێب و نووسینی بە پێز لەسەر کەسایەتی و هەلسوکەوتی مەلا مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، بە زمانی کوردی، چاپکراون، لێرە تەنها ناوی سیٚ دەهێنم کە خوێندومنەوە.

جمیـل محـو، مـذكراتي داخـل سـجون الثـورة الكرديـة (جەمیـل محـۆ، بیرەوەریەكانم لە زیندانەكانی شۆڕشی كورد)، ١٩٨٢، بیروت – لبنان.

زرار سلێمان بەگ دەرگەلەیی، بیرەوەریەكانم لە سالانی ١٩٤٣ – ١٩٧٧.

مەحمود رەزا ئەمین، پارتی و كوشتنی سیاسی، لە ١٨ دیسەمبەری ٢٠١٦ لە سایتی كوردستانپۆست بلاوكراوەتەوە.
هەرسێكیان، زۆر بە ئاسانی، لە گوگل دەدۆزرێنەوە.

دڵنیـامە ئەو رۆژەی دەسـەلاتی سیاسـی بنەمـالەی بـارزانی نـامێنێ یـان لاواز دەبـێ بە سـەدان كتێـب، بیـرەوەری و هەلسـەنگاندن و تـوێژینەوە، لە لایەن كەسە نزیكەكانی پارتی چاپ دەكرێن و ئەوكات پۆخلەوات، دزی و گەندەلی، تیـرۆر و جەردەیی، خیـانەت و جاشـایەتی، بە شـێوەیەكی فـراوان بە هەمـوو كوردسـتان بلاودەبـنەوە و سـیحر و تەلیسـم و ئەفسـانەی مەلا مسـتەفا و نەوەكانی بە یەكجاری بەتاڵ دەكرێنەوە.

**د. جاسم خۆشناو**
**ئیتالیا**
**٢٥ نۆڤەمبەری ٢٠٢٢**

# کورتەیەک لە ژیان و نووسینەکانی
# د. جاسم خۆشناو

لە سالی ١٩٥٩، لە بناری چیای سەفین، لە دایک بووە، لە هەولێر قۆناغەکانی خوێنـــدنی تەواو کـــردووە، لە کۆتـــایی ١٩٧٨ تـــا ســـەرەتای ١٩٨٠، وەک پێشـمەرگە، لە ریـزی ی. ن. ک. خەبـاتی کـردووە. لە سـالی ١٩٨١ دەگەوێـتە ئیتالیا و، لێرە دەست بە خوێندنی زانکۆ دەکات.

لە سالی ١٩٩٢ بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسیەکان (بەشی قانون و سیاسەتی نێودەولەتی)، لە زانکۆی شاری پیزە تەواو دەکات.

لە سالانی ١٩٩٢- ١٩٩٥ دکتۆرا لە "دام و دەزاگا و تەکنیکەکانی داکۆکی مافی مرۆڤ" لە زانکۆی شاری پادۆڤە Padova بەدەست دێنێ.

لە ســالی ١٩٩٥ دیبلــۆمی لە کۆرســی پێگەیانــدنی کارمەنــدانی ســیڤیل بــۆ مسـیۆنەکانی ئاشـتی پـارێزی و هومانیتـاری و چـاودێری هەلبژاردنەکـان، لە زانکۆی شاری پیزە وەرگرتووە.

لە سـالانی١٩٩٦ – ١٩٩٨ دکتـۆرای لە پەیوەنـدیە نێودەوڵەتیەکـان، لە زانکـۆی شاری پیزە، وەرگرتووە.

لە زۆربەی شارو زانکۆکانی ئیتالی بەشداری کۆنفرانس و مێزگرتی ئەکادیمی و جەماوەری، سەبارەت بە پرس و دۆزی کورد و کوردستان، کردووە.

لە دوای روخـــانی رژێمـــی بەعـــس، لە ســـالانی ٢٠٠٤ – ٢٠٠٦ لە زانکـــۆی سەلاحەدین، لە هەولێر، وانەی وتووتەوە و پاشان گەڕاوەتەوە ئیتالیا.

**هەندێ لە کتێب و نامیلکە و توێژینەوەکانی نووسەر، بە زمانی ئیتالی:**

I Kurdi: in popolo in cerca di solidarietà, Pisa, 1989; 2° ed. Treviso (Movimento per la dignità umana), 1991, pp. 27.

کوردەکان: گەلێک بە دوای هاوکاری دەگەڕێن،

affare interno? in "Pace, diritti dell'uomo, Il genocidio dei Kurdi è un .diritti dei popoli", n. 3/1990, pp. 125-131

جینۆسایدی کورد کێشەیەکی ناوخۆیی نیە

Le radici del problema kurdo, Pisa, Pacini editore, 1991, pp. 63

ڕەگەکانی کێشەی کورد

Il rispetto dei diritti umani nella costituzione turca: il caso dei kurdi (Tipografia della Provincia di Pisa), 1993, pp. 25

ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ لە دەستوری تورکیا، حالەتی کوردەکان

Parlamento Europeo e la questione kurda, in "Pace, diritti dell'uomo, diritti dei popoli", n. 1/1994, pp. 117-143

پەرلەمانی ئەوروپا و دۆزی کورد (دەقی بڕیارەکانی پەرلەمانی ئەوروپی، سەبارەت بە دۆزی کورد، لە سالی ١٩٧٨ تا ١٩٩٣)،

Kurdi: il dramma di un popolo e la comunità internazionali, Pisa, BFS, 1994, pp. 350

مەسەلەی کورد و یاسای نێودەولەتان، سلێمانی، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠٠٢، لل ٥١٢

Diritti e condizioni dei bambini kurdi in Turchia (Tipografia della Provincia di Pisa), 1994, pp. 22

ماف و بارودۆخی منالانی کورد لە تورکیا

Turchia: tortura e trattamenti inumani e degradanti (Tipografia della Provincia di Pisa), 1994, pp. 30

تورکیا: ئەشکەنجە و ڕەفتارە نامرۆییەکان

Kurdistan: uno sviluppo bloccato dalla guerra e dalla repressione etnica (Tipografia della Provincia di Pisa), 1994, pp. 23

کوردستان: جەنگ و سەرکوتکاری پێشکەوتنیان ڕاگرتووە.

Il problema del popolo kurdo e il diritto all’autodeterminazione, (Tipografia della Provincia di Pisa), 1994, pp. 25

کێشەی گەلی کورد و مافی چارەی خۆنووسین

L□ingerenza umanitaria: profilo storico- giuridico, il caso dei kurdi, Pisa, BFS, pp. 110.

دەخالەتی مرۆڤانە لە کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٤، دەزگای ئاراس، لل ١٥٠

Immigrati nella Provincia di Pisa: diritti e problematiche concernenti l□integrazione socio-culturale e prospettive (la ricerca e stata sponsorizzata dalla Provincia di Pisa), 1997, pp. 120.

کوچبەران لە پارێزگای پیزە – ئیتالیا،

Kurdistan: una terra antica in cerca di libertà ed il ruolo della comunità internazionale per una soluzione politica, in (Federalismo □ Libertà), Bologna, ed. il Fenicottero, n. 1/1998, pp. 190-203; n. 2/1998, pp. 151-192.

کوردستان: نیشتمانێکی دێرین بە دوای ئازادی و ڕۆلی کۆمەلگای نێودەولەتی بۆ چارەسەرێکی بە ئاشتیانە. بە دوو بەش، بە ٥٥ لاپەڕە، بلاوکراوەتەوە

La questione kurda, in Lo STRANIERO, n 7- 1999, pp. 143 – 157

دۆزی کورد

I curdi nel caos iracheno, in La crisi irachena, cause ed effetti di una storia che non insegna, a cura Osservatorio Iraq, 2014, Roma.

کوردەکان لە گێژاوی عێراق

Le Istituzioni e Partiti politici. In La Kurdistan dal 1920 ad oggi: questione Kurda: un popolo e una storia, pubblicazione della Regione Emilia – Romagna, ottobre 2018.

کوردستان لە سالی ١٩٢٠ تا ئێستا: دەمەزراوەو پارتە سیاسیەکان

کۆمەلە وتار و بابەتی هەمجۆری لە سایتی کوردستانپۆست بلاوکردۆتەوە، بۆ دیتن و خوێندنەوە بڕۆ سەر ئەم لینکە :

https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&authorid=2412

# مەلا مستەفا بارزانی
# و
# شۆڕشی ئەیلول

فرانز مەرییا دەزارۆ
وەرگێڕانی لە ئیتاڵیەوە
د. جاسم خۆشناو

تایتلی کتێبەکە بە زمانی ئیتالی
فرانز مەرییا دەزارۆ
Franz Maria d'Asaro
KURDISTAN
Nazione Fantasma

کوردستان
وولاتێکی فەنتاسما
بە باشمانزانی ناوی کتێبەکە بۆ "مەلا مستەفا و شۆڕشی ئەیلول" بگۆڕین.

## فرانز مەرییا دەزارۆ
## کوردستان: وولاتێکی فەنتاسما

لە سالی ١٩٧٦ بە زمانی ئیتالی چاپکراوە،
یەکەم کتێبە لە سەدەی بیستەم بە زمانی ئیتالی لەسەر کورد و کوردستان چاپ کرابێ.

Franz Maria D’Asaro
Kurdistan: Nazione fantasma, pp. 240
Pubblicato nel 1976 per l’Italo-Latino-Americano Palma Editrice in Palermo e Sao Paulò
Coi tipi della t.e.a Mazzone
Via B. Castiglia 6
Tel. 33225
90141 – Palermo
Italia

# ناوەڕۆک


پێشەکی چاپی ئیتالی ........................................ ٣٧

**بەشی یەکەم**

**چیرۆک – داستانی بارزانی** ........................................ ٣٩

بارزانی دەمرێ و دەژییێتەوە ........................................ ٤٠

خوا تووڕەیە ........................................ ٤٤

سەلاحەدینی ئەیوبی ........................................ ٤٧

گەڕان بە دوای کەشتیەکەی نوح ........................................ ٥٠

مێژووی دێرین ........................................ ٥٣

**بەشی دووەم**

**سەربۆخۆیزمی کورد** ........................................ ٥٧

هەلبژێردراوی ستالین ........................................ ٥٨

سەدەیەک لە کۆمەلکوژی ........................................ ٦١

موسولمانی بێ مزگەوت ........................................ ٦٤

شەیتان پەرستەکان (یەزیدیەکان، و) ........................................ ٦٦

ئاشت نەبووەکان ........................................ ٦٨

**بەشی سێیەم**

**لە نێوان ستالین، هیتلەر و چێرچیل** ........................................ ٧١

کشان و مەسیرەی سۆڤیەت بەرەو چالە نەوتەکان ........................ ٧٢
مۆسکۆ پالپشتی لە لایەنگرانی نازیەکان دەکات ............................ ٧٧
ناکۆکیەکی درماتیک لە نێوان چێرچیل و وافیڵ .............................. ٨٠
هیتلەر بە هانای رەشید عالی گەیلانی دەڕوات .............................. ٨٢

**بەشی چوارەم**

**یەکەم کۆماری کوردی** ..................................................... ٩١
ئەسپەکەی کورد و ئەسپەکەی تەڕوادە ........................................ ٩٢
هێرۆ – پالەوانی نوێی ئازادی ................................................. ٩٤
لەدایکبوون‌و مردنی یەکەم کۆماری کوردستان (کۆماری مەهاباد، و) ....... ٩٦
١١ سالٚ خەبات لە ئاوارەیی ............................................................ ١٠٢

**بەشی پێنجەم**

**لە سالی ١٩٥٨ کۆماری عێراق لە دایک دەبێ** ................................ ١٠٥
لە تەموزی ١٩٥٨ تیرۆر دەتەقێتەوە ........................................... ١٠٦
یاریەکی کوشەندەی نێوان قاسم و عارف ...................................... ١٠٩
کوردەکان لە ئاوارەیی دەگەڕێنەوە ............................................ ١١٣
بەدیارکەوتنەوەی رەشید عالی گەیلانی ....................................... ١١٦
مارشال بارزانی بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە .................................. ١١٩
لە دیوەخانی شێخ "بارزانی" ........................................................ ١٢٤
بە دوای رەگ و ریشەی موسۆلینی ............................................... ١٢٧
قەلای موسل ........................................................................... ١٣٢

**بەشی شەشەم**

**شێخی "سۆر"** ........................................ ١٣٥
رووبەڕو لەگەڵ بارزانی ........................................ ١٣٦
هەواڵی گرتنی مارشالی قارەمان بە درۆ بڵاودەکرێتەوە ........................ ١٤٤
گەڕانەوەی عەبدول سەلام عارف ........................................ ١٤٦
وەزیرێکی نازیست ........................................ ١٥٠
دیدار لەگەڵ قاسم ........................................ ١٥٣
یەک "نیشتمانی هاوبەش"ی براکوژ ........................................ ١٥٧
کون و قوژبنی پیلانە کوشندەکان ........................................ ١٦٣
کودەتاچیەکان، نەک خیانەت، بەلکو دزیشیان لێکرا ........................ ١٦٦
ئازایەتی دۆڕاوەکان ........................................ ١٦٩

**بەشی حەوتەم**

**سەرکوتکردنێکی بێ سنور** ........................................ ١٧٣
ئاوارەکان "پێشمەرگە"بوون ........................................ ١٧٤
سەنتەری کورد لە ئەورروپا ........................................ ١٧٨
کۆمەلکوژی موسل و کەرکوک ........................................ ١٨٢
مۆسکۆ پالپشتی لە هەلمەتی قاسم، لە دژی کۆمونیستەکان، دەکات ........ ١٨٧
گوڵی چینی دەپشکوێن ........................................ ١٩٢
دیبلۆماسی دوو فاقی لە نێوان قاهیرە – مۆسکۆ و بەغدا – پەکین ......... ١٩٦
کوردەکان رادەپەڕن و قاسمیش هەڕەشە لە کوەیت دەکات .................. ٢٠٢
شێخەکانی پەترۆڵ ........................................ ٢٠٩
شارل دێ گۆڵ دێتە مەیدان ........................................ ٢١٢
کوشتنی قاسم بەدەستی عارف ........................................ ٢١٤

**بەشی هەشتەم**

**هێرشی دیبلۆماسی و سەربازی ........................................ ٢١٧**
عارف هەولی دابڕاندنی بارزانی دەدات ........................................ ٢١٨
مۆسکۆ هۆشداری دەدا ........................................ ٢٢٣
هەلمەتی دیبلۆماسی بەغدا شکست دێنێ ........................................ ٢٣١
هێرشی سەربازی بۆ سەر کوردستان ........................................ ٢٣٣
هۆشداری سۆڤیەت و پیلانگێڕی کۆمونیستەکان ........................................ ٢٣٩

**بەشی نۆیەم**

**ئۆپێڕاسیۆنی چارەنوس ساز وکۆتایی عەبدول سەلام ........................................ ٢٤٥**
ئۆپێراسۆنی چارەنوس ساز و شکستێکیتر ........................................ ٢٤٦
پێشمەرگە تاکتیکی دەگۆڕێت: لە بەرگریەوە بۆ پەلاماردان ........................................ ٢٥٨
ئیسرائیلیەکان دێنە مەیدان ........................................ ٢٦٧
ئاشتەوایی ! گەمەیەکی دەستخەڕۆ ........................................ ٢٧٥
دووبارە شەڕ دەستپێدەکاتەوە ........................................ ٢٨٤
کودەتا چاوەڕوان کراوەکە ........................................ ٣٠١
مردنی عەبدول سەلام عارف لە روداوێکی تەمومژاوی فڕۆکە ........................................ ٣١٠

**بەشی دەیەم**

**شەڕی بە وەکالەت ........................................ ٣١٥**
وەحی – پەیامی روباری دیجلە هاتەدی ........................................ ٣١٦
شەڕی بە وەکالەت ........................................ ٣١٩
جموجۆلی لە سوریا و پرۆسەکانی دادگایی لە بەغدا ........................................ ٣٢١
مێتافۆرەی عارفی دووەم ........................................ ٣٢٥

لە نێوان دوو شەڕکەر .... شاڕل دێ گۆل براوەیە ........................ ٣٢٨

**بەشی یازدەم**

**گەڕانەوەی بەعسیەکان بۆ دەسەلات لە تەموزی ١٩٦٨** ............................ ٣٣١
گەڕانەوەی ئەحمەد حەسەن بەکر ................................................................ ٣٣٢
ئامۆژگاریەک لە مۆسکۆوە ....................................................................... ٣٣٧
رۆژانی تیرۆر لە بەغدا ............................................................................. ٣٣٩
مەلا مستەفا بارزانی بە هێرشی پێچەوانە وەلام دەداتەوە ........................ ٣٤٩
دوو دلّی مۆسکۆ ..................................................................................... ٣٦١

**بەشی دوازدە**

**بەیانی ١١ ئازاری ١٩٧٠ و برایەتیەکی کاتی** ............................................ ٣٦٧
٦ مانگ لە برایەتیەکی "کاتی" ................................................................. ٣٦٨
تەڵەی سەرژمێری ...................................................................................... ٣٧٧
هەولی تیرۆرکردنی بارزانی ....................................................................... ٣٨١
مۆسکۆ دەستبەرداری "شێخی سۆر" دەبێ ................................................. ٣٨٨
پیلانی نازم گزار ........................................................................................ ٣٩٤
ناوبژیوانی پارتی کۆمونیستی ئیتالیا شکست دێنێ ................................ ٤٠٦
بەرەی نیشتمانی – جەبهەی وەتەنی ......................................................... ٤٠٩
لە ئازاری ١٩٧٤ شەڕ دەستی پێکردەوە ................................................... ٤١٥
بارزانی بالوێزێک رەوانەی شاری تۆرینۆ – ئیتالیا دەکات ........................ ٤٢٩
رۆلی عوبەیدولا بارزانی ............................................................................ ٤٣٤
پەشیمان بوونەوەی ئێران: کۆتایی هەموو شتێک (ئاش بەتاڵ، و) ........... ٤٤١

# پێشەکی چاپی ئیتالی

کورد گەلێکی دێرینە، بەسەر پێنج وولات دابەشکراوە، لەوانەیە ئەوڕۆ کورد پێگەیەکی گرنگی هەبێت لە هاوکێشەی ململانێ بەرژەوەندیە نەوتیە نێودەولەتیەکان. گەلی کورد لە عێراق و خەباتە نەپساوەکەی، لە رووی سیاسی و چەکداری، بووەتە هەوێنی ئەو کتێبەی فڕانز مەرییا دەزارۆ. کتێبەکە لە نێوان هەواڵ و مێژوو، زۆر بە فراوانی بە دۆکمێنت کراوە، هەروەها گێڕانەوەی ئەو فاکت و بەسەرهاتانەیە کە بە چاوی خۆی دیتیتی، گێڕانەوەی زیندووییە، بە زمانی ئەو کەسانە نووسراوە کە توانیوویانە ببنە "پەیامنێری تایبەت" و بەخت یاوەریان بووە بە مرۆڤی ئەهلی کولتور بژین.
ئەوەتە ئەم کتێبە ئیلهامی لەو وتارانە وەرگرتووە کە نووسەر لە رۆژنامەی ئیل تێمپۆ il Tempo شاری رۆمای بلاویکردۆتەوە.
بە درێژایی ئەم کتێبە وێنە و سێبەری سەرکردەی راپەڕینی کوردەکان دەبینرێت کە ئەویش مەلا مستەفای بارزانیە، کە لەسەر داخوازی ستالین کرابووە ژەنەڕالی سوپای سور. نزیکەی نیو سەدەیە جارێک راودەنرێ، جارێ یاساخ و جارێکیتر شەڕی دەگەل دەکرێ، بە تایبەتی لەلایەن حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق، هەندێجار بەشێویەکی دڕاماتیک و هەندێ جاریش بە شێوەی دیموکراتیک.
فڕانز مەرییا دەزارۆ، لەوانەیە، یەکەم رۆژنامەنووسی رۆژئاوا بێت، لە سالی ١٩٥٨ چاوپێکەوتنی لەگەل بەناوبانگترین شەرکەری "چیاکانی لافاوەکەی نوح" کردبێت تا دەگاتە بەسەرهاتە تراژیدیەکانی نیسانی ١٩٧٥، کە لە نێوان بێ

هەست و نەستی موتلەقی جیهانی سیڤیل و بێ دەسەلاتی یو ئێن خەونی کوردستانی گەورە کە بتوانی "١٢ ملیۆن کوردی زنجیرە چیاکانی ئاراڕات و ئاراس، دەریاچەی ڤان و ورمێ، بەرزایەکانی ئازەربایجانی ئێران و تا دەگاتە بیرە نەوتەکانی کەرکوک" لە ئامێز بگرێت بە زیندوویی دەمێنێتەوە.
کوردستان: وولاتێکی فەنتاسما، کتێب – ریپۆرتاژێکی بێوێنەیە، تاکە کتێبە لەسەر کورد، کە نەک تەنها بۆ کەسانی شارەزای سیاسەتی نێودەولەتی، کە تاکو ئێستا زانیاریەکی کەم و ناتەواو و دژبەیەکیان لەسەر کێشەو ململانێکانی رۆژهەلاتی ناڤین بەدەست دەگات پێویسە بەلکو بۆ هەر کەس و خوێنەرێک کە حەز بە چیرۆکی پڕ ترس و سورپڕایزی مێژووی هاوچەرخیش بکات.

M – م

# بەشی یەکەم

# چیرۆک - داستانی بارزانی

# بارزانی دەمرێ و دەژییەوە

پازدە سالە بارزانی دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە، ئەوەتە چۆن چیرۆکی نەمری لە دایک دەبێت. هاوڕێ میستریوس و دڵ رەقەکەم تاکە کەسێکە کە فەرمانڕەوای شاخە حاسێ و "چیاکانی لافاوەکەی نوح" دەکات کە توانیوویەتی سنوری "نەمر"ی ببڕیت. زیاتر لە ١٥ سالە، بە تەواوی لە سالی ١٩٦٠ ەوە (مەبەستی ٦١، و)، کە بە هەوالی چەواشەکاری، هەر ٢ – ٣ مانگ جارێک "رادیۆی بەغدا رایدەگەیەنێت کە ئەوڕۆ لە کاتی بەیەکداچوونێک لە نێوان هێزە حکومیەکان و یاخیبووەکان لە باکوری عێراق سەرۆکی یاخیبووە کوردەکان، مستەفا بارزانی، کوژراوە".

لە سەرەتا بەو هەوالانە زۆر شۆک و دڵتەنگ دەبووم، پاشان بەخۆم دڵی خۆم دەدایەوەو لە دڵی خۆم دەمگوت "ئەوڕۆ یان سبەی دەبێ روودات". ئێستا، دوای چەند جار ژیانەوە چیتر بەو درۆیانە باوەڕ ناکەم، بە پێچەوانەوە دڵخۆشم بەوەی کە سەرکردە دیسپۆت و جەنگاوەرەکە تاکو ئێستا، لەمسەر بۆ ئەمسەر، تەڕاتانێ دەکات. تاکە مەترسی ئەوەیە کە ئەوکاتەی مولا بارزانی دەکوژرێت و، هەوالە درۆکانی رادیۆی بەغدا هاوڕێ بەهێز و خوێنڕێژەکەم ناچار بە مردن دەکەن کەسێک نیە، وەک خۆم، بۆی بگریێ و فاتیحەیەکی لۆ بخوینی، چونکە لەو باوەڕەدەبن هێشتا ماوە و خەریکی شەڕکردنە و، ئەو هەرگیز دەستەمۆ ناکریت و بە نەمری دەژی. لەبەر ئەوەی رۆژێک دەبێت روو بدات، ناوە ناوە رادیۆی عێراق، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کێ لەسەر حوکمە، هەوالە درۆیەکان ببنە راستی، باشترە بیر لەو بێ ئەخلاقیە نەکەینەوە

کە چ کارێک بە جەستەی خوێناوی و پڕ لە سامی شێری پەل بەخوێن و" لێجێنداری" یاخی بکەن. شوڕشگێرێکی بێ وێنە لە هەموو جیهان، جیاواز لە سەرکردەی راپەڕینەکانی ئەفریقا، ئاسیا و ئەمەریکای لاتین کە حەزیان لە رەسمگرتن بوو، بارزانی زۆر بەدەگمەن دەموچاوی پڕ لە سامی پیشانی کامیرا داوە. کاتی گەڕامەوە رۆما و چەند وێنەیەکی خۆم و بارزانیم، سەبارەت بە چاوپێکەوتنی نێوانمان، پیشاندا هەستمکرد کەسانی پسپۆر و شارەزاش ئەو دەمو چاوە بە سام و هەیبەتەی "شێخی سۆر"یان نەدیتبوو.

زیاد لە ١٥ سالە ئەو جەنگاوەرە، لە سەروی ٧٠ سالانە، بە شێوەیەکی سەر سوڕهێنەر دەمرێ و دەژییتەوە، ئەوەش بە لێزانینی خۆی نیە بەلکو بەهۆی ئەو پڕۆپاگەندە درۆزنانەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقە، ئەوانە هەست بەوە ناکەن "درۆ قاچی کورتە" و بەم شێوەیە ئەوان خۆیان بەشدارن لە دروستکردنی بوونەوەرێکی سیحراوی و نەمر لە دەوروبەری کەسایەتیەکی پڕ کێشمەکێش کە سەری زۆر سەرۆکە عێراقیەکانی خواردووە، چ بە مردن، کوژران، زیندانی و بە دەگمەن بە نەفیکردن. هەموویان دەگەل بارزانی جەنگاون و هەولی کوشتن و لەناوبردنیانداوە بەلام هیچیان پێنەکراوە. ئەو سەرکردە عێراقیانەی لەگەل بارزانی شەڕیان کردوە، بە خۆیان مردوون، هەندێجار بە شێوەیەکی تراژیدی و خوێناوی، تەنها ئەو وەک بەرزەکی بانان بە سەلامەتی بۆی دەرچووە. ئەوەش تەنها بۆ نەزانی و بێ عەقلی حوکمدارانی بەغدایە. ئەوکاتەی سیحری نەمری هەلدەوەشیتەوەو گوللە بەندەکە لە دەست دەدات، لەسەر لوتکە خامۆش و داپۆشراو بە هەوری رەش، خوێنی بارزانی تێکەل بە خۆڵ دەبێت، جەستەی بە چەک و تەقینەوەو چەقۆ هەنجن هەنجن دەبێ، ئەو مرۆڤە، یاخیبووە، ئەشقیا، نیشتمانپەروەر،

دیسپۆت، ئاغا، کێخوا، تۆلەکەر و پێغەمبەرێک، مالئاوایی دەکات داستانێک بۆ سەدەی بیستەم جێ دەهێلێ، ئەویش " گاریبالدی ئاسیای بچوکە"[٢].
زۆر لە ئەنتێلکتوالە کوردەکان کاتی بەسەردان دێنە ئەوروپا، بە تایبەت لە سویسرا، زۆر بە کەیف و شانازی مستەفا بارزانی بە گەریبالدی ئیتالیا بەراورد دەکەن.
بە هەرحال تاکو ئێستا بارزانی تەندروستی باشە، سیاسیەکی فێلبازە، زۆر باش بەرگەی سەختی و دژواری شەڕی پێشمەرگایەتی چیا حاسێکان دەگرێ، چیرۆکی "نەمرێ" بەردەوامی هەیە هەر وەک دیمەنی رۆژئاوابوونی کارتی موعایدەکانی رۆژهەلات.

---

[2] Giuseppe Garibaldi, 04/07/1807 – 02/06/1882

جۆزێپێ گاریبالدی، یەکێکە لە کەسایەتیە بەناوبانگەکانی ئیتالیا، رۆلی سەرەکی لە یەکگرتنەوەی ئیتالیا بینیووە، بە هۆی بەشداریکردنی لە خەباتی رزگاری چەند وولاتێکی ئەمەریکای لاتینی نازناوی "قارەمانی دوو جیهان" پێبەخشراوە، وەرگێڕ


Tragica fine di Barzani

RESTO DEL CARLINO

UCCISO IN COMBATTIMENTO IL CAPO DEI RIBELLI KURDI

Gravemente ferito, è riparato in territorio turco, dove è spirato
Una vita avventurosa di ribelle alla testa di un popolo fiero

LONDRA — Il capo curdo Mustafà El Barzani in una fotografia del 1946.

Bagdad, 29 dicembre

Il leggendario capo dei ribelli Kurdi dell'Iraq, il «Mullah» Mustafa el Barzani, è morto in combattimento, lungo il confine fra l'Iraq e la Turchia. Ne dà oggi notizia, con un titolo a caratteri cubitali in prima pagina, il quotidiano di Bagdad Al Jumhouria.

Barzani, detto anche il «Mullah rosso» per le sue simpatie filo-sovietiche, aveva condotto con i suoi kurdi da due anni a questa parte una tenacissima guerriglia, impegnando ingenti reparti delle forze armate del capo del governo iracheno Karim Kassem. Al Jumhouria scrive che Barzani, per colpito dal fuoco di una pattuglia dell'esercito di Kassem, è riuscito a trascinarsi di là della frontiera, per evitare la cattura, ed è morto in un villaggio turco. I kurdi si erano ribellati al regime di Kassem non solo per ragioni politiche (in quanto Kassem, dopo un iniziale flirt con i filo-comunisti, aveva cominciato a perseguitarli, due anni or sono), ma anche per motivi di carattere nazionale. Essi infatti rifiutano di lasciarsi assimilare dalla maggioranza del paese. Da lungo tempo, attraverso sollevazioni sanguinose, i kurdi cercano invano di formare uno Stato indipendente che includa i loro connazionali che vivono in zone sottoposte al dominio dell'Iraq, della Turchia, dell'Iran e dell'Unione Sovietica.

Il «Mullah», noto anche come il «bandito», ha avuto una esistenza molto avventurosa. Ardente fautore della creazione di una repubblica indipendente per i cinque milioni di kurdi, fu a capo di numerose insurrezioni; la prima volta nel 1932, poi nel 1943, con maggiore successo: in quell'anno riuscì a estendere il suo controllo su una vasta regione dell'Iraq settentrionale. Solo dopo aspri combattimenti venne sconfitto dall'esercito iracheno e nel 1947 si rifugiò in Russia.

Là egli assunse il nome di «Mullah rosso»; rivestiva il grado di maggior generale dell'Armata rossa. Nel 1958, il governo di Kassem gli concesse di tornare in patria, dove le sue tribù kurde gli tributarono un'accoglienza trionfale. La ultima rivolta da lui guidata avvenne nel settembre del 1961; ancora una volta, il «Mullah» fu sconfitto dall'esercito iracheno, e da allora egli ha vissuto alla macchia insieme con pochi fedeli.

[illegible] giudici di Pankov

ALL'ERGASTOLO

[illegible] della libertà»

رۆژنامەی Il resto del carlino لە 30/12/1962 لە وتارێک باسی کوشتنی سەرۆکی یاخیبووە کوردەکان دەکات. کۆتاییەکی تراژیدی بارزانی، ژیانێکی پڕ لە کێشمەکێش و سەرکردەی گەلێکی شکۆمەند.

# خوا تورەیە

ئەوەتە دیمەنێکی نەمر. ئەوڕۆ وەک ٢٠ یان ٣٠ ساڵ پێش ئێستا، بە دوری چەند کم لە باکوری بەغدا، لەو شوێنەی دەریای زەردی بیابان سنوری دار خورماکان دەبەزێنێ، دەکرێ رووت بە رووی پیرە پیاوێکی عارەب بکەوێت کە دیداشەیەکی درێژی سپی لەبەرە، تەسبیعێکی بە مۆرو و مەرجانی رەنگاو رەنگی بەدەستە و لەژێر سێبەری دارخورما ئیسراحەت دەکات، پەلکی دار خورماکەش بە نەرمی باوەشێنی دەکەن، ٤ – ٥ دەرویش لە دەوری کۆبوونەوە و هەر دەلێی لە دۆخی خەلوەتن یان ئیپنۆسکراون و تەماشای دەموچاو و جولەی کابرا پیرەکە دەکەن.
کاتێ شێخ – پیرە پیاو دوعاو نزای خۆی تەواو دەکات، ئیشارەت لۆ یەکێک لەو بەدەویانە دەکات کە لە دەوری کۆبوونەوە، بە هەردوو دەستە لەرزۆکەکانی سەری دەگرێت و هەندی ورتە ورتی لەبن گوێی دەکات – ئەوەندە بە سەبری قسە دەکات ئەوانیتر گوێیان لی نابێت – فسکە فەسکەکە هەندێجار کورتەو هەندێجاریش درێژە، هەندێجار خەبەری خۆش و هەندێجاریش ناخۆش بە گوێی دەرویشەکانی – بەدەویەکان دەدرکێنێ. مەشهەدەکە، هەمیشە، بەوە کۆتای دێت کە بەدەویەکان دیاری دەدەنە شێخ، بە گشتی بریتیە لە پاکەتەک چایە یان دەرزەنێک لەو شەربەتانەی لە دوکان و بازاڕەکانی شار بەرچاو دەکەون.
هەرکاتەک رووباری دیجلە هەلدەستی و دالاشەکان، کە لێرە جۆرێکیان هەیە و پێی دەلێن "مەڕەبوت" لە شەقەی باڵ دەدەن و گۆشتی ئەو گیانلەبەرانەی

بەر لافاو کەوتن و کەوتوونەتە قەراخ روبار دەخۆن. لێرە مامە شێخ تووشی دڵتەنگی دەبێ و چیتر پێشوازی لە بەدەویەکان ناکات، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو روداوە بە کارەسات "تورەبوونی خودا" لێک دەداتەوە، نایەوێت چیتر گوێ لە بێدەنگی بیابان بگرێت و لێکدانەوەی لۆ بکات. ئەو بەڵا و نەفرەتەش کە لە دوورەوە دێت، لەو شاخە حاسییانەی کە بوونەتە سەرهەلدانی لافاوەکەی نوح کە هەموو دەشت و دۆڵەکانی دیجلە و فوراتیان داپۆشی. ئەو لافاوە لەو شوێنە نەفرەت لێکراو و نەحسانە هات کە شوێنی بێ قەید و شەرتی هۆزە کوردە فەرمانڕەواکانە و کەسیش ناتوانێ پێ بنێتە خاکەکەیان.
ئەورۆ، وەک ٢٠ – ٢٥ سالی رابردوو، دیسان خوا تورەیە، چونکە لە باکوری دوور دوور دیسان "ئەوکەسانەی کە تەنها مالوێرانی" لەگەل خۆیان دەهێنن، سەر لە نوێ راپەڕیوون و چەک بە دەستن.
لەم بارودۆخە دیمەنی نەگۆڕی بیابانی مێزۆپۆتامیا، لە ناکاو دەگۆڕێ، چیتر کاروانی لەسەر خۆی بەدەویەکان نابینی، چیتر رەوە حوشتر نابینی لە میرگەکانی بیابان ئاو بخۆنەوە بەلکو ئەمجارە تەنها رەشەبای بیابانە هەڵدەکات، ئەوە زرێپۆشەکانی عێراقین ملی رێگەیەکی درێژیان، بەرەو چیاکانی کوردستان، گرتۆتەبەر. چیتر دیمەنی باخەکانی خورما، ژیانی لەسەر خۆ و رەشمال و دیوەخانی ئارام نابینی بەلکو ئەمجارە دەنگە دەنگی عەسکەر و هاژو هۆژی زیلەکان و لرپە لرپی تانک و تەیارەیە.
ناوە ناوە کە قەیرانە نێودەولەتیەکان دەتەقنەوەو باردۆخە جیهانیەکان روو لە خراپتر دەکەن هەرێمی باکوری عێراقیش روو لە هەڵچوون و تەقینەوە دەکات، هەر جارەش زیاتر پڕ چەک دەکرێن، بەمجۆرە عەشیرەتە کوردەکان بە درێژی ٤٠٠ کم روو بە رووی سوپای عێراق دەبنەوەو زیانی زۆری پێدەگەیەنن.

ئەو هەڵچوونەی کوردانی عێراق، هەر زوو بە زوو، دەپەڕێتەوە بۆ ناو ئەو کوردانەی کە لە باکوری سوریا، رۆژهەلاتی تورکیا و ئێران دەژین. سانسۆری پۆلایی ئەو حکومەتانە رێگە نادەن، بێجگە لە هەوالی کەم و دژ بەیەک، بگەونە دەستی رای گشتی رۆژئاوا. ئەو کەمە زانیاریانە لە زمانی پرۆپاگەندەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەردەست دەکەون نابنە هاوکار و یارمەتیدەر تاکو لە راستی و سروشتی "شەڕی پێشمەرگایەتی" بگەین، ئەم ناوچەیە یەکێکە لە ناوچە گرنگەکانی ململانێ جیهانیەکان بەلام زۆر بە کەمی ناسراوە.

# سەلاحەدینی ئەیوبی

لە بەر نەبوونی نەخشەی جوگرافیای کوردستان، بێجگە لە کوردەکان خۆیان لە بەرژەوەندی کەس نیە بلاوی بکاتەوە، ئاسان نیە بتوانی دەستنیشانی تەواوی خاکی کوردستان بکەیت، بە تایبەتی لە رووی ستراتیژی، لە ماناکەی بگەیت. ئەوەندە بەسە لە رووی مێژووی کۆنەوە هەموو ئەو رێگایانەی لە رۆژئاوا بەرەو رۆژهەلات دەچوون و سەرچاوەی ئالوگۆڕی بازرگانی بوون، چی ئەوانەی لە بەرزایەکانی ئەرمینیا بەرەو ئازەربایجانی عەجەم، چی ئەوانەی لە ترانس قەفقازیا یان لە عێراق روویان لە ئێران دەکرد، هەر هەموویان بە کوردستان رەتدەبوون. بە کورتی خاکی کوردەکان لە باشور تا باکور بە درێژی بە زنجیرە چیای بەرز و سەخت، لە نێوان ئێران و عێراق، بەستراوەتەوە، لە سنوری نیوان تورکیا و ئێرانیش تاکو ئارارات و ترانزقەفقازیا هەمووی زنجیرە شاخی حاسێیە. لە خوارووی بەرزاییەکان سەبر سەبر نزم دەبنەوە تا دەگاتە دەشتەکانی میزۆپۆتامیا، لە رۆژئاوا، بە گشتی، سنورەکە بە رێڕەی روباری فورات دەڕوات، لە ناوچەی سیلیسیا (تورکیا، و) پەرت و بلاوبوونەوە تا دەگاتە مێدیتێڕان، لە دەریای سپی ناوەڕاست. دەکرێ بگوترێ کە کوردەکان لەو شوێنەی چیا و بەرزایەکان کۆتاییان دێت شوینەکە بۆ تورک و عەرەبەکان چۆل دەکەن یان لە دەوروپشتی گۆمی وان بۆ ئەرمەنەکان.

ئێستا ئەگەر راست بێ – وابزانم راستیشە – کە کوردەکان نەوەی کاردۆخیەکانن، ئەوانەی زینیفۆنت لە کتێبی ئەنەباسی "گەڕانەوەی دە هەزار"

یۆنانیەکان باسیان دەکات یان زانای بەناوبانگی جوگرافیناس، ستڕابۆن، بە کۆردۆکی ناویان دەبات. ئەگەر راست بێ – وابزانم راستیشە – ئیدارەی ئەو رێکخستنە عەشایریەی ئەم گەلە پڕ کێشمە کێشمە یان خوێنڕێژە هەرگیز رێگەی نەداوە شارستانی قەومەکانی دەوروپشتیان، نالێین کاری گۆڕانکاری، بەلکو تەنانەت کاریش لە دابونەریتە دێرین و کۆنەکانیان بکەن.
گومانی تیا نیە کە ستراتیژی مۆسکۆ لەوە باشتری دەست نەدەکەوت کە یارمەتی بدات بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە ئاسیای بچوک، لە تەک بەرژەوندیە ژیاریەکانی، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، خۆی لە سیستەمی رۆژئاوا نزیک بکات و پێگەی خۆی قایم بکات. کێ بتوانێ دەست بەسەر کوردستان بگرێت ئەوە بە ئاسانی دەتوانێ کۆنترۆلی رۆژهەلاتی تورکیا، رۆژئاوای ئێران، باکوری عێراق و رێگاکانی چوونە ناو ترانز قەفقازیا، بکات. کێ بتوانی خەونی لە مێژینەی دەولەتی کوردستان بەدی بهێنێت ئەوە دەتوانێ دەست بەسەر موسل و کەرکوک بگرێت کە سالانە زیاد لە ٣٠ ملیۆن تۆن نەوت بەرهەم دێنن.
ئەگەر لە نزیکەوە قسە لەگەل ئەو هۆز و عەشیرەتانە بکەی کە زۆر بەخۆیان دەنازن یەکەم شت کە پێت دەلێن سەلاحەدینی ئەیوبیش کورد بووەو لێرە لە دایک بووە. ئێمە لە ئەوروپا بە "سەلاحەدینی دڕندە" ناوی دەهێنین، دامەزرێنەری دەولەتی ئەیوبی بوو لە میسر و لە سالی ١١٨٧ زا قودسی لە ژێر دەستی خاچ پەرستەکان ئازاد کرد، بۆ ماوەی ١٠ سال، بێڕکابەر، فەرمانڕەواییکرد.
دوای چاوەڕوانی و سەبرێکی درێژ توانیم متمانەی مستەفا بارزانی بەدەست بهێنم، ئەو کەسەی بە ئاسانی نەدەکرا لێی نزیک بیتەوە، ئەو کەسەی بە فەرمانی ستالین کرابووە مارشالی سوپای سور، ئەو کەسەی بە ئاسانی چۆکی دانەدەنا و هەوێنی هەموو ئەو یاخیبوون و راپەڕینانە بوو کە نیو

سەدەیە باکوری عێراق پێوەی دەنالێنێ. بەمجۆر توانیم بۆ ماوەیەکی کەم لەگەل دەست و پێوەند و شەڕکەرەکانی بەسەر بەرم. دوای هەزاران سال وا هەست دەکەی، ئەم کوردانە، هیچ نەگۆڕاون لە چاو ئەو کاردۆخیانەی کە پەلاماری گەڕانەوەی ئەو دە هەزار جەنگاوەرە بەکرێگیراوە یۆنانیەکانیاندا کە بۆ خزمەتی چیرۆ – کوروشی ئێران هاتبوون تەختی شاهانەی ئێران لە ئەردەشێری برای داگیر بکەن. لە ئەنجام شکستیان خوارد و لە گەڕانەوەیان، بە شێوەیەکی دراماتیک، لەدەست کاردۆخیەکان نالاندیان و زەرەرو زیانێکی زۆریان پێکەوت

# گەڕان بە دوای کەشتیەکەی نوح

لەوانەیە کاردۆخیەکـان ئێلیتـی میـدیەکانبن، یەکەم سـەرچاوە، دەکـرێ وەک بەلگەی مێژوویی دابنێین، بریتیە لە نووسینێک لەسەر تاقۆلێتەک - خشتێک کە باسی هێرشی سەلمان سور - شلێمانسوری سێیەم، ٨٢٤ – ٨٥٨ پ. ز، کە دەکـاتە کـوڕی پاشـای بەناوبانـگ ئاشـوربانی دووەم، ٨٥٩ – ٨٨٣ پ. ز دەکـات. ئەو دۆزینەوەیە لە چیاکـانی کوردسـتان بـووە، لە نـاوچەیەک نـاوی پارسوە، لە ناوچەیەکی شاخاوی حاسێ، شاخێکی رەق وەک پۆلا هەلکەنراوە، شوێنەک کە دەنگدانەوەیەکی بە سامی هەیە.
هەمـوو نووسـین و لێکـدانەوە بە تـرس و سـامەکانی نـاو کتێـبە ئاینیەکـانی مەسـیح و پـێش ئەوەش، تەفسـیرەکانی کاتۆلیـک، پرۆتێسـتان، جولەکەکـان هـاوڕان لەسـەر ئەوەی کە تۆفـانەکەی نـوح دیـاردەیەکی مێزپۆتامیـا و، لە کوردسـتان بەرپـابووەو نیشـتۆتەوە. جـگە لە تەفسـیراتی کـۆن و ئـاینی دۆزینەوەیەکی نوێش هەیە، لە سالی ١٨٧٣ زا گەنجێک، کۆلنەدەرێکی ئینگلیز، بە ناوی جۆرج سمیس  Georg Smith، لە موسل خشتێک دەدۆزیتەوە کە بە شیوەی بزماری لەسەری نووسراوەو باسی تۆفانەکە دەکات کە تەواوکەری ئەو نووسینانەیە کە مۆزەخانەی بەریتانی لە ماوەی سالانی ١٨٥٤ – ١٨٤٩ زا ٢٥ هەزار خشت و پارچە نووسینیان دۆزیبووەوەو بەلام تەنها لە سالی ١٨٥٧ زا توانیـان کـۆدی نووسـینە بزماریەکـانی بابلیەکـان و ئاشـوریەکان بخوێننەوە. جێگای سەرسوڕمانە کە چۆن سۆمەری، ئاشوری و بابیلۆنی و جولەکەکان ئەوها بە رێک و پێکی باسی تۆفانەکەیان کردووە، باسی ئەو

کەشتیە گەورەیە و ئەو خێزانانە، بە خۆیان و ئاژەڵەکانیان، کردووە کە چۆن توانیوویانە نەجاتیان بێت و درێژە بە ژیان بدەن و، بۆ ئێمەیان بە میرات جێ هێشتووە.

زانیاریەکـان زۆرتـر، زۆر لەو شـوێنانەی ئاماژەیـان پێکـراوە کە گـوایە کەشتیەکە، لەو شوێنەی، لەنگەری تیاگرتووە، باسی چیایەکی بەرز دەکرێت کە دوای نیشتنەوەی تۆفانەکە بەدەر کەوتووە، بریتیە لە "چیای نیسیر Mount Nisir (پیرە مەگرون، و)[٣]" کە دەکەوێتە نێوان روباری دیجلە و زێی بچووک ، بەدرێژایـی شـاخی "کـۆردیلێی – قـۆردیلێی - Cordilei" کە دەکەوێـتە کوردسـتان. ئەو زانیاریـانە لە لێکدانەوەی نووسـراوەکانی سۆمەری بەدیـار دەکەون، بە تایبەتی لە تاقۆلەکانی گەلگامیش (کە لە ٣٢٦ پارچە پێک هاتووە و ٢٠٠ باسی تۆفانەکە دەکات) کە لە نەینەوا دۆزراوەنەتەوە. هەروەهـا وەک ئاشکرایە سەرچاوەکانیتر باسی چیای ئارارات، لە ئەرمینیا و، چیای جودی دەکەن.

لەسەر ئەو چیایانە و ئەو شوێنە بە سام و ترسناکە هەمیشە لانەی یاخیبوون و سەرهەڵدانی کوردەکان بووە، شوێنەکی حاسێیە و تاکو ئێستا کەس پێی تیا نەناوە.

---

[٣] پیرە مەگرون بە چیای پیرۆز و ئاشتی لە قەڵەمدراوە، پرۆفیسۆر و شوێنەوارناسی ئیتالی کە چەندەها سـەردانی بـۆ کوردسـتانی باشـور و سـلێمانی کـردووەو بە پشـت بەسـتن بە هەنـدێ سـەرچاوەو دەڵـێ کەشتیەکەی نوح لەسەر پیرەمەگرون گیرساوەتەوە.

Claudio SAPORETTI, Sulle strade dell'Iraq. UN archeologo verso il monte del diluvio, CZ 2006, pp122, vedi pp, 90 – 122.

گـوایە لەسـەرەتا نـاوی "پیـر ئـۆمەر گـودرون" بـووەو پاشـان بـۆتە پیـرە مەگـرون و، لەسـەر ئەم چیـایە کەشـتیەکەی نـوحیش لەنگەری گرتـووە. بێ هـۆش نیە زانـای کـورد، نەجمەدینـی مەلا لە سلێمانی مـاڵەکەی کردبووە قوتابخانەو ناوی لێنابوو "کەشتی نوح".

یەکێک لە دوعا و پاڕانەوەکانی ئاشوربانی یەکەم بەو شێوەیە دەست پێدەکات "لەو چیایانە لە دایکبووم کە کەس نایانناسێ، بێ هۆش و عەقل بووم، کە بۆ خواوەندی "عەشتار"، کە بە شاهەنشای خواوەندەکان ناسراوە، ووتراوە و داوای لێبووردن و بەخشەندەیی لێدەکرێ. عەشتار، بە تایبەتی لە نەینەوە پەرستراوە، ئێستاش شوێنەکە زۆر دوور نیە لە موسل وپێی دەڵێن "کویونگیک – Kuiungik " کە کاتی خۆی سەنعاریپ ئەم شارەی دروستکردووە و یەکێک لە شارە گەورەکان، بە مێترۆپۆلی ئاسیای بچوک دەناسرا، پاشان لە سالی ٦١٢ پ. زا، دوای دوو سال لە ئابلوقەدان، بەدەستی هێرشبەرە میدیەکان، بە سەرۆکایەتی نەبۆپۆل نەسر – نەبوبولاسر، باوکی نەبۆکۆ نەسری دووەم – نەبوخز نەسری گەورە، داگیرکرا. شارەکە بە تەواوی ئاگری تیا بەردراو وێران کرا، بەمجۆرە دوا پاشای ئاشوریەکان لە بالەخانەیەکی بەرز خۆی فڕیدایە ناو گڕی ئاگری کەلاوەی کۆشکەکەی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

# مێژووی دێرین

خوێن، تراژیدیا، فێلکردن، تۆڵە، ئەشکەنجە و کۆمەلکوژی، هەموو بەیەکەوە، لە قەدیمەوە دیواری نەعلەتی، هەر گاشەبەردێکی "ئەو چیایانەی کە کەس نایان ناسێ" ئەستورتر کردیە. تەنها بە نزیکبوونەوە لە کوردەکان و لە ژینگەی سروشتی خۆیان، ژینگەیەکی پێش مێژوو وەکو خۆی ماوەتەوە، وردبوونەوە لێیان لە چۆنیەتی رەفتار لەگەل ئەو بێگانانەی، کە موجازەفە بە ژیانی خۆیان دەکەن کە روو لەو چیا حاسێ و پڕ هەلدێری هەزار بە هەزار دەکەن، لەم گەرو باسکانە گوێت لە سەدای بچوکترین جوله و دەنگ و قسەکردنی چەتە و رێگرەکان دەبێ کە هەمیشە ئامادەن هێرش بکەنە سەر کاروان و رێبواران. ئەگەر هەندەک فەنتازیا بەکار بێنین و بیر لەوە بکەینەوە کە ئاخۆ جەنگاوەرەکانی زینۆفۆنت چیان بەسەر هاتووە، دوای ئەوەی چیرۆ - کوروش لە مەیدانی شەڕ، لە ناوچەی "کوناسە – ئەل قونەیسە"ی نزیک بابیلۆنیا سەری دەپەڕێت، بە شپرزەیی شکست دەهێنن و روو لە چیا حاسێکان دەکەن، خەونی ئەوەیان دەدیت تا رێگایەک بەرەوە شاری تەڕابزون بدۆزنەوە و نەجاتیان بێت. ئەوکاتە ٢٠٠ ساڵ بەسەر داگیرکردن و وێرانکردنی نەینەوای پایتەختی ئاشوریەکان رەتبوو بوو، شەڕکەرە یۆنانیەکان بەسەر پاشماوەو کەلاوەی ئەو شارە رەتدەبوون بەبێ ئەوەی بزانن کە پاشای ئاشوریەکان فەرمانڕەوایی نیوەی جیهانی ئەوکاتیان دەکرد.
دێتە پێش چاو کە ئەو سوپا بەهێزو بە شان و شەوکەتەی ئەغریقیەکان چۆن لە بەرامبەر پەلامار و هێرشی فارس - ئێرانیەکان روو لەو چیا بەرز و

حاسـێیانە دەکەن، شـەکەت و مانـدوو کەوتـوون. ئەلتەرناتیڤیـان نەبـوو، لە ڕۆژئاوا بە ئاسانی دەگەیشتە سەر کەنارەکانی دەریای ئیجە لە "لیدیا و یۆنیا" بەلام ڕێگریەکی یەکجار گەورەیان لەپێش بوو، ئەویش هەستانی روبـاری دیجلە بوو و نەیاندەتوانی لێی بپەڕنەوە. لەبەرە ئەوە بە ناچاری و روو لە باکور بکەن، بەرەو ئەو چیایانەی کە هێدی هێدی بەرزتر دەبوون، شوێن و لانەی کاردۆخیەکان، کەسانی دڕندەو و پڕ بە ئاژاوەو دوژمنکاری. ئا بەو شێوەیە سەربازەکانی زینۆفۆنت روو بەرووی مەرگ و شەهادەت بوونەوە: جوتیاران نان و بژێوی خۆیان حەشاردابوو و ئەوانیش بە برسێتی مانەوە، بە ئەنقەست ڕێگـای هەلەیـان پـێ پیشـان دەدان و دەکەوتـنە سـەر بۆسـەی خوێنـاوی و سەرلێشـێواندن، بە شـێوەیەکی سـادیزم ڕێگـای هەلە و شـاخی بەرز و ئاوهەوای گەرمیان پێ پیشاندان لە کاتێک دەکرا ڕێگەی کورت و بێ بەلایان پیشان بدەن.

لەشکرەکەی زەینۆفۆنـت ئەزمـونەکی دڕنـدەو پـڕ کارەسـاتیان لەم سـەفەرە بەدەسـت هێنـا، لەبەرە ئەوە حەقە دان بە ئـازایەتی و لێـزانین و سـەبر و تەحەمولیان بنێین، ڕێگایەکی ٣٥٠٠ کم بڕی و گەڕانەوە وولاتی خۆیان. هەر لەبەر ئەوە بوو دوای ماوەیەکی کەم ئەسکەندەری مەقدۆنی، زول قورنەین، بە یارمەتی و سوود وەرگرتن لە شارەزایی یۆنانیەکان توانی لە ئاسیای بچوک سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

لەو کاتـانەوە تـاکو ئێسـتا ژیـنگەی ئەم ولاتە نەگـۆڕاوە، هەر دەلێـی کـات راوەسـتاوە، دەرگـای چـوونە ژوورەوە بەروی هەمـوو بێگـانەیەک داخـراوە. ئەورۆ وەکو دوێنـی، ٤٠٠ پ. زا، نـاتوانی بە دلنیـایی و سـەلامەتی بە ڕێگا بە هەلدێر و گەلی و ڕێچکەکانی کوردستان سەفەر بکەیت. ئەوەش ئەوەمان پێ دەلێ کە کوردەکان لە لایەک لەو شارستانی و میللەتانەی دەوروپشتی خۆیا دابڕاون، لە لایەکیتریش کەسانی شارەزا، کە لە راستی زۆر کەمن، نزیکەی

یەک سـەدەیە خەریکـی لێکـۆڵینەوەن روو بە رووی گرفـت بـوونەتەوەو بە ئاسانی ناتوانن هاریکاری و متمانەی ئەو کوردە خوێندەوار و دونیا دیدانەش بە دەست بێنن کە پەرش و بڵاوبوون بە سەر تورکیا، سوریا، ئێران و عێراق و ئەرمینیا.

یاریـدەدەرو هاوکـارەکەی مـن، بە رێـکەوت، بەڵام بە نـرخە، کەسـێکی پەلامـاردەر، وەک چەتەیەکـی رێگـا بەڵام وەک شـاعیرێکی کلاسـیکی خـاوەن خەونە، کەسـێکی لادێـی، شـەڕاوی، هەڕەشـەئامێز بەڵام بە سـەر و سـیما و کاریزمـای شۆڕشـگێری مەکسیکی، پـانچۆ ڤیللە – Pancho Villa ( ١٨٧٨ – ١٩٢٣، و) هەیە، ئەوکەسەش، بەهێزترین کەسە، ناوی مەلا مستەفای بارزانیە کە بە "شـێخی سـور" ناسـراوە، ئەوەش لەبەرە ئەوەیە مـاوەیەکی زۆر لە یەکێتـی سـۆڤیەت، ئـاوارە بـووە، پلەی مارشـالی سـوپای سـوری بەدەسـەت هێنـاوەو، رابەری راپەڕیـنە بەردەوامەکـانی کـوردە لەسـەر سـنوری بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا.

# بەشی دووەم

# سەربەخۆیزمی کورد

# هەڵبژێردراوی ستالین

ئەوە ستالین بوو، بە شەخسی، چاوی خستبووە سەر ئەو شۆڕشگێڕە خۆڕسکە، کە نزیکەی ٧٢ ساڵ پێش ئێستا لە گوندی بارزان لە دایک بووە، ئەو کاتەی یەکێتی سۆڤیەت، وەک تەحەدایەک، بە تایبەت لەگەل تورکیا، لە سالانی ١٩٤٥ – ١٩٤٦، بە نیازی فراوانکردنی سنورەکانی بوو، بەرەو عێراق و سوریا هەنگاوینا تا خۆی لە بیرە نەوتەکان نزیک بکاتەوە و بنکەی سەربازی لە مێدیتێڕان، کە سالەهای سالە خەونی پێوە دەبینیّ، بەدەست بهێنیّ و، ببێتە بالا دەست لە جیهانی عەرەبی. بژاردەی ستالین کەوتە سەر کوردستان، ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان دەشت و دۆلی دیجلە و بەرزایەکانی رۆژهەلاتی ئەناتۆل، ناوچەیەکی حاسیّ و پڕ کێشەیە، سەدەها سالە لانەی ئاواتی سەربەخۆیی کوردانە، ناوە ناوە گۆڕەپانی بە یەکداچوون و مالوێرانیە کە زۆر بە دەگمەن دەگەونە بەردەم رای گشتی جیهانی. کوردەکان، بە بەردەوامی، لە خەون و خەلوەتی ئازادی و سەربەخۆی دەژین، بۆ بەدەستهێنانی خەون و ئامانجە دێرینەکانیان ئامادەن لەگەل شەیتانیش پەیمان ببەستن، شەیتانی ئەمجارەش ستالینە و پێغەمبەرەکەش مستەفا بارزانیە.

بە قسەی خۆیان، کوردەکان ژمارەیان ١٠ – ١٢ ملیۆن کەس دەبیّ، لە راستی سەرژمێریەکی باوەڕپێکراو نیە و زۆر ئەستەمیشە بکرێت، لەبەر ئەوە ژمارەی گونجاو لە نێوان ٦ – ٨ ملیۆنە، لە ناوچەکانی رۆژهەلاتی تورکیا و رۆژئاوای ئێران، باکوری عێراق و هەندێکیشیان لە سوریا و کۆمارەکانی

ئەرمینیـــا و ئازەربایجـــانی ســـۆڤیەت دەژیـــن. بـــژاردەی ســـتالین دەچـــووە چوارچێـوەی پـرۆژەی مارکسـی بـۆ سـوود وەرگـرتن لە هەسـت و سـۆزی کەمایەتیەکان بۆ لاوازکردنی دەولەتە بورجوازیەکانی ناوچەکە. بە دڵنیایەوە بژاردەکە لە جێی خۆی بوو، کوردەکان لە تیرەو هۆزە هەرە کۆنەکانن، پڕ کێشـە و پەلامـاردەر و تـالانچی ئاسـیای بچـوکن، زۆر بەداخەوە مەشـهورن بەوەی زۆر دڕندانە، لە سەدەی رابردوو، بەشداریان لە کۆمەلکوژی ئەرمەن[٤] و نەســتۆریەکان و لەم ســالانەش لە دژی کلــدانیەکان کــردووە، کلــدانیەکان ئێسـتا ژمارەیـان لە ۳۰ هەزار کەس کەمتـرە. بە دڵنیـایی مـژارەکەی سـتالین نیشان شکێن بوو، چونکە تورەیی کوردەکانی عێراق لە بەرامبەر حکومەتی بەغدا لە تەقینەوەدا بوو، کەمایەتیەکی گەورە لە مافەکانی بێبەشکراوە. ئەوەتە لە سەردەمی پاشایەتی و رژێمی سەرکوتکار ئەندام پەرلەمانی کورد، ماجید مستەفا، لە چاو پێکەوتنێک لەگەل رۆژنامەی البغداد، لە ۱۹٤٦/۰۳/۲۵ دەلێ:

"ئیدارەی عێراق لەو پەڕی خراپیدایە، هەستی تورەیی و شـۆڤینی عەرەبەکـان زۆر گەشەی کردووە، گەیشتۆتە رادەیەکی ترسناک کە لە رابـردوو هەرگیـز ئەوەی بەخـۆیەوە نە بینیـووە. ئەوەش وای لە کـورد کـردووە مشـوری خـۆی بخوات، بیر لە بەرگری و لە سەربەخۆیی و دەولەتی خۆی بکاتەوە".

کوردەکان زۆر تورە و بێمتمانە بـوون، زۆرجـار بەلێنیـان پێدرابوو و هەمـوو جاریش خیانەتیان لەگەل کردوون، ئەوەتە زلهێزەکان کە ژمارەیەک دەولەتیان لە سـەر خـاکی ئیمپڕاتـۆری عوسـمانی دۆڕاو دروسـتکردبوو، لە ژێر فشـاری داخـوازی کوردەکـان، بە شـیوەیەکی ئاشـکرا لە کـاتی پەیمـانی ئاشـتی ۱۹۱۹ (دیارە مەبەستی پەیمـانی سیڤەری ۱۹۲۰ ە، و) بیـری دروسـتکردنی دەولەتـی

[٤] ژمـارەیەک لە کوردەکان، وەک سـەرباز و چەکداری دەولەتـی عوسـمانی لە کـاتی شـەڕی جیهـانی یەکەم، بەشداریان لە کوشتاری ئەرمەنیەکان کرد بەلام لە هەمان کات دەیـان بەلگە و شـاهید هەیە کە کوردەکان بە هەزاران ئەرمەنیان دالدەداو لە مەرگ رزگاریان کردن.

کوردستانیان، وەک پارچەیەک لە تورکیا، ڕاگەیاند و پاشان خستیانە ناو پەیمانی سیڤەر. بە داخەوە وەک هەمــوو دەزانـن ئەو پەیمـان و پرنسـیپانە سنورە نوێیەکانی ئاشتی، بۆ مەبەستی بەدەست هێنانی ماف و عەدالەت گرێنەدرابوون، بەلکو لە پێناوی بەرژەوەندی و حیسابی دەولەتە زلهێزەکان بوون.

دوای ٣ سال، لە ٢٤ دیسەمبەری ١٩٢٢، حکومەتی ئەنگلۆ -عێراقی لە یاداشتێکی هاوبەش دانیان بە دروستکردنی دەولەتێکی سەربەخۆی کوردینا. دوای چەندین سال، لە بەهاری ١٩٤٥، ئەوکاتەی بۆ یەکەمجار ڕێکخراوی یو ئێن UN لە سان فرانسیسکۆ کۆبووەوە کوردەکان یاداشتێکیان پێشکەشکرد و داوای جێبەجێکردنی بەلێنەکانی ١٩١٩ و ١٩٢٢ یان کرد کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک پێشێلکراون. بەلام هەموو ئەو پەیماننامانە تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز بوون، تاکە شتێکی نوێ بریتیبوو لەوەی بۆ یەکەمجار مەسەلەی کورد کەوتە بازنە و بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤیەت. لەوە بەدواوە کوردەکان بە شێوەیەکی چالاکانەتر کەوتنە ڕاپەرین لە دژی تورکیا، عێراق و ئێران، لەم ولاتانە کوردەکان سەدا ٢٣، ٢٨ و ٢٥ ی دانیشتوان پێک دێنن.

# سەدەیەک لە کۆمەلکوژی

یەکەم راپەڕینی لە ناکاو و خوێناوی کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٨٠٦ زا لە کوردستانی باشور، بنکەکەی لە ناوچەی سلێمانی بوو - بە درێژای ئەم کتێبە زوو زوو ناوی سلێمانی دەبیستین – بە سەرۆکایەتی عەبدولرەحمان پاشای (بابان، و) بوو. لە سالی ١٨١٥ زا کوردەکانی بایەزید و ڤان، لە تورکیا، راپەڕین و پاش ماوەیەکی کەم کوردەکانی ئێریڤان، نەخجەڤان و خۆیی، لە ئێران، راپەڕین. لە سالی ١٨٢٥ زا کوردەکان لەشکرەکی تەواوی عەجەمەکانیان قەتل و عامکرد و کەس نەجاتی نەبوو. لە سالی ١٨٦٠ زا ١٤ هەزار کریستیانی لوبنان و ٥ هەزار لە دیمەشق بە دەستی کوردەکان، هاوپەیمانی دروزەکان، کۆمەلکوژکران. بەلام بۆ یەکەمجار کە راپەڕینی کوردەکان لە قاوغی عەفەویەت دەرچێت و جلوبەرگێکی سیاسی بە خۆی بکات سالی ١٩١٩ بوو (دەبێ سالی ١٩٣٩ بێت، و) ، ئەوەش دوای سالێک لە دروستبوونی پارتی "هیوا"، کە پارتێکی ناسیۆنالیستی کوردی بوو. لەم کاتەوە تا ئێستا راپەڕین و یاخیبوونی کوردەکان لە ژمارە نایەت. لە سالی ١٩٣٥ زا دیسان کوردەکان لە حکومەتی بەغدا هەلگەڕانەوە، بۆ دامرکاندنەوەی هێزی ئاسمانی بەریتانیا تەدەخولی کرد و ٧٩ گوندی کوردی وێرانکرد. دوای دەسال جارێکتر، بۆ وەستان و راونانی چەکدارە کوردەکان، هیزی ئاسمانی ئینگلیز بەشداریکرد و ٥٦ گوندی بەیەکجاری تەختکرد. ناکرێت چیتر باسی یاخیبوون و راپەڕینی ناوە بە ناوەی ئێرەو ئەوێ بکەین بەلکو لە قۆناغێکی نوێین و دەتوانین بە "راپەرینی بەردەوام" پێناسەی بکەین.

لە راستی تەنها تورکیا توانی بە مستێکی پۆلایین روو بەرووی کوردەکان ببێتەوە، بە تایبەتی لە زستانی ١٩٢٦ – ١٩٢٧ دەسەلاتی سەربازی کەمالیستی، لە کاتی راپەرینی شێخ سەعیدی پیران، هەمان سیاسەتیان لە گەل کوردەکان پەیڕەوکرد کە چەند سالێک پێشتر لەگەل ئەرمەنەکانیان ئەنجامیان دابوو. دوای کوشتار ژمارەیەکی زۆریان لە پیاو، ژن و مندال لە زێدی خۆیان راگواست و بۆ یەکەمجار ناوی "تورکی شاخاوی"یان بۆ کورد داهێنا. تورکەکان دەستیان بە دروستکردن و کردنەوەی قوتابخانەکرد تا فێری زمانی تورکیان بکەن، هەندێ ریفۆرمی زەوی و زار و کشتوکالیانکرد. هەموو ئەو هەنگاوانە بۆ ئەوە بوون کوردەکان بکەنە تورک یان ئەسیملاسیۆنیان بکەن. بەلام بەرهەمی ئەو سیاسەتانە، سەرکوتکردنی کوردان، زۆر زۆر کەم و کاتی بوو، هەمانشت عەبدولکەریم قاسم لە سالانی ١٩٥٨ – ١٩٦٣ زۆر هەولیدا کۆمەلێک ماف بە کوردەکان بدات کە پێش خۆی هیچ کەسێک پێی نەدابوون بەلام ئەوەش کاتی بوو. دیسان بە هاتنی رژێمی بەعس، بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسن ئەل بەکر، لە ١١ ئازاری ١٩٧٠ رێکەوتنی ئازار مۆرکرا، لە سەرەتا شتێکی زۆر باشی تیابوو بۆ کوردەکان بەلام لێکدانەوەی ماددەکان بووە کێشە و جاریکیتر شەڕ هەلگیرسایەوە.

کوردەکان میللەتێکی شاخاوین و زۆر شانازی بەخۆیان دەکەن، لە کۆنەوە کۆچەر بوون و ئێستاش، بەشی هەرە زۆریان، هەر کۆچەرن، لەوانەیە تاکە کۆچەری هیندۆ- ئەوروپیبن تاکو ئەوڕۆ ماوون، حەزیان لە ژیانی شار و مۆدێرنیەت نیە. نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە کوردەکان لەگەل ئازەرەکان جومجمەی سەریان – Cephalic Index لە هی هەموو میللەتەکانیتر بچوکترە[°]. ئەگەر تەماشای جلوبەرگە رەنگاو رەنگەکانی ئەو کوردانە بکەی

[°]باوەڕ ناکەم ئەم بۆچوونە پشتی بە هیچ بەلگەی زانستی بەستبێت، لەوانەیە دەولەتە داگیر کەرەکانی کوردستان، بۆ سوکایەتیپێکردن بە گەلی کورد ئەم ناو و ناتۆرەیان بلاوکردبێتەوە، وەرگێڕ.

هەمان ئەو مۆدیلە دێرینەی ئێرانە، ئەوەش ئەوەمان پێ دەڵێ کە کوردەکان دوورە پەرێزن و نایانەوێت تێکەڵاوی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دەوروپشتیان بکەن.

# موسولمانی بێ مزگەوت

کوردەکان دەڵێی بەنجیان لێدراوە و بۆچوونێکی ڕەق و تەقی بەسەرچوویان هەیە، ڕقیان لە هەموو شتیک دەبێتەوە کە کوردی نیە و بە چاوی سوک تەماشای دەکەن، لە بەرامبەری بێگانەکان زۆر شانازی بە خۆیان دەکەن. کوردەکان دەڵێن ئیسلامین، ئەوانەی دەوروپشتی موسل شیعەن و ئەوانیتر سونەن. لە ڕاستیدا کوردەکان چەندەها ئاینزا، مەزهەب و تەریقەتی دێرینی خۆیان هەیە کە نەک لە ڕواڵەت بەڵکو لە جەوهەریش لەگەل ئاینی ئیسلام یەکناگرنەوە. دەڵێن موسولمانین بەلام مزگەوتیان نیە، ڕۆژانە ٥ فەرز نوێژ ناکەن، لە ڕەمەزان بە ڕۆژوو نابن، زەکات نادەن، حەج و زیارەتی مەککە ناکەن. لە ٥ فەرزە سەرەکیەکانی ئیسلام تەنها یەکێک جێبەجێ دەکەن، ئەویش جیهاد وغەزایە لە دژی کافران[٦]. کوردەکان لە پەیوەندیەکانیان لەگەل کەسانی بیانی بە شێوەیەکی ئەنارشی سەرەتایی، توڕەو توند و هەمیشە لە

[٦] ئەو کات، کۆتایی سالانی پەنجاو و سەرەتاکانی سالانی شەستی سەدەی رابردوو کۆمەلگەی کوردەواری، بە تایبەت هی باشور، زۆر سادەو هەژار بوو، زۆر بە دەگمەن کەسێک زیارەتی حەجی دەکرد، لە دێهاتەکان، هەموو کات، مزگەوت نەبوو، بیری توندوتیژی ئاییی وجودی نەبوو، نەزانراوە کەسێک لەسەر نوێژنەکردن شار یا گوند بەدەر کرابێت لەبەر ئەوە، هەر لە کۆن کۆنەوە، کوردەکان لە چاو میللەتە ئیسلامیەکانی دەوروپشت، عەرەب و تورک و فارس، بە ئیسلامی سادەو و دوور لە توندو تیژی ئاینی باس کراون. ئێمە کتێبێکمان لە زمانی ئیتالی، لە سالی ١٩٨٧، کردۆتە کوردی کە چیرۆک و شاهیدی ئەو گەڕۆک و مسیۆنێر و بازرگانە ئیتالیانەی لە سەدەی ١٣ – ١٩ زا دەگێڕێتەوە کە سەردانی کوردستانیان کردووەو هەمووشیان باسی ئەو راستیەیان کردووە.
میرێلا گەللێتی، کورد و کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتالیا لە سەدەی ١٣ – ١٩ زا، ستۆکهۆلم، بنکەی هەنگاو، سالی ١٩٨٧.

هەلچوون دێنە پێش چاو بەلام لە مال و ژینگەی خۆیان زۆر بە دیشپلین و گوێڕایەلی سەرۆکەکانیانن، سوارچاکی زۆر باشن، لە پێناوی عەشیرەت و قەوم و قیلەکانیان هەمیشە ئامادەی قوربانی و فیداکارین. لە چوارچیوەی خێزان باوکێکی میهرەبانن، ئەو ماف و ئازادیەی بە ژنەکانیانداوە تا پێش چەند سالێک لە هیچ وولاتێکی ئیسلامی بەرچاو نەدەکەوت. تەمشا بکەن ئافرەتانی کورد، کە زۆر دەست رەنگینن لە مافورچنین، حیجاب هەلناگرن، روویان ناشارنەوە، لە مالەوە دیل نەکراون، چالاکانە بەشداری ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی عەشیرەتەکانیان دەکەن.

# شەیتان پەرستەکان[٧] (یەزیدیەکان، و)

دیـاردەیەکی گرنـگ و شـایانی هەلوێسـتە لەسـەر کـردنە، هەولـدان بـۆ ئەسیمیلەکردنی کوردەکان بۆ ناو کۆمەلگای عەرەبی زۆر جار بە پێچەوانە بۆتەوە، لە پارێزگای موسل هەندێ لە عەرەبەکان داب و نەریتی کوردەکان پەیـڕەو دەکەن و جلوبەرگیشـیان دەپۆشـن. بـۆ نمـونە لە زنجیـرە چیاکـانی سنجار، کە دەکەونە نێوان روباری دیجلە و فورات، یەزیدیەکان دەژین، ئەوانە لە ئیسـلام هەلـگەڕاونەتەوە، جلـوبەرگی کـوردی لەبەر دەکەن، کـورتەک و شەروال یان رانک و چۆغەل لەبەر دەکەن، پشـتێنێکی قەف قەفی و زۆرجـار خەنـجەر و کیسـەی پارەیـان دەخەنە بـن پشـتێنیان، سـاقۆ و پـالتۆی رەنگـاو رەگ، لە زستانان، هەلدەگرن. کێ حەزی لە ریسک و سەر ئێشە نیە باش نیە بچێتە ناویان.

ئەو جەمـاعەتە بە روالەت کـوردن، ناویشـیان بـۆ خەلـیفە یەزیـدی یەکەمـی ئەمەویەکـان دەگەڕێـتەوە، دانیشـتوانی شـێخان زۆربەی یەزیـدین، لە نزیـک موسلە، یەزیدیەکان لە ناوچەی چیای سنجار، ١٦٠ کم دوور لە موسل، چیـای "سـیمان – Simaan" لە نزیـک حەلەب بـلاو بـوون. ئەوانە شـیعەی تونـدڕەون، باوەڕیـان بەوەیە کە روح نامرێـت، پـاش مردنـی فیزیکـی روحەکە بە نەمـری دەمێنێتەوە، روحی ئەوکەسانەی گوناهیان هەیە و دەچێتە جەستەی گیانداران،

[٧] بەداخەوە ئەو کات زۆر کەس، بە هەلە و ناو و ناتۆرە، بە یەزیدیەکانیان دەوت "شەیتان پەرستەکان". بە پێی زانیاری و بەلگەکان لە سالی ١٨١٨زا لە کتێبێک لەسەر کوردەکان بە درێژی باسی یەزیدی و ئاینەکەیان کراوە، لە سالی ١٩٣٠ هەردوو کتێبی پیرۆزی یەزیدیەکان، مەسحەفێ رەش و جەلوا کراونەتە ئیتالی و دیراسەیەکی زانستیانەیان لەسەر کراوە. خۆشبەختانە ئێستا بە دەیان کتێب بە زمانی ئیتالی سەبارەت بە ئاین و کۆمەلکوژی یەزیدەکان چاپکراون. ئێستا گومانی زۆر لەسەر ئەم دوو کتابە هەیە و دەلێن ئەمانە کتێبی پیرۆزی راستەقینەی یەزیدیەکان نین.

ئەوەش وەک سزادانە بەلام ئەوانەی کارو رەفتاری چاکیان کردووە روحیان دەچێتە بەهەشت. شێخی گەورەی ئەوان ناوی شێخ ئادییە، قەبرەکەی لە شێخانە و یەزیدیەکان دەچنە زیارەتی.
لە باشوری موسل هەندێ تیرەو هۆزی عەرەب بە یەکجاری لەناو کوردەکان تاواینەوە و بە دیالێکتی ئەوان قسە دەکەن. ئەو دیاردەیە دەکرێ بەوە راڤە بکەین کە لە دێر زەمانەوە شیعەو سونە، لە نێو خۆیان، لە ململانێدان. سونەکان، بە گشتی خوێندەوار و دەوڵەمەندترن و خۆیان بە ئیسلامی راستەقینە دەزانن، خۆیان پێ بالاترە لە شیعەکان، ئەوەش وایکردووە شیعەکان تورە و نیگەران بکەن و تاڕادەیەک ئەوانیش لە رقی سونەکان، خۆیان لە کوردەکان نزیک بکەنەوە و بوونە ئامرازێک لە دژی عەرەب.
دوور بوونی کورد لە رێگا سەرەکیەکانی هاتوچۆ و بێمتمانەییان و رقی گەورەو بەردەوامیان بەرامبەر هەرچی جیاواز و بیانیە وایکردووە ئەم میللەتە، کە لە ژێر نیری سوریا، عێراق، تورکیا و ئێران دەژین، بە درێژایی سەدان سال پارێزگاری لە داب و نەریت و زمان و ئازادی خۆی بکات، رێگە بە حکومەتی مەرکەزی نادەن بێت بە کەیفی خۆیان، لە خاکی ئەوان، یاسا و قانون دەربکەن. ئەوەتە نە بەغدا، لە باکور بە بەردەوام راپەرین هەیە، نە ئەنقەرە و نە تاران و دیمەشق هەرگیز نەیانتوانیووە کۆنترۆلی یەکجارەکی ئەو ناوچانە بکەن کە کوردەکان لێی دەژین.
عێراق ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ٦ ملیۆنە، کوردەکانیش دەلێن ژمارەیان ٢ ملیۆنە بەلام لە راستیدا کەمێک لە ملیۆنەک زیاترە و لە باکوری وولات دەژین، کە سەرچاوەی بیرە نەوتەکانی لێیە. لەبەر ئەوە کوردەکان توانیوویانە، تا رادەیەک، چەند ماف و ئیمتیاز بەدەست بهێنن و کاریگەریان هەبێت سەبارەت بە یاسا و قانونەکانی بەغدا، جا هەر حکومەتێک لەسەر تەخت بووبێ.

# ئاشتنەبووەکان

ڕژێمی پاشایەتی هاشمی لە ساڵی ١٩٥٨ ڕوخا، بە ئاگر و ئاسن و ڕژێمێکی پۆلیسی حوکمی دەکرد، توانیبووی کوردەکان، لە ڕێگەی سیاسەتی ئینگلیز " گێزەر و گۆپاڵ"، دەست بەسەر کوردەکان دابگرێت، لە لایەک دەست بەسەر داهینان و لە لایەکیتر سەرکوتکردن و بە عەرەبکردنی ئەو کوردانەی پلە و پۆستی ئیداری و حکومی و تەنانەت وەزاریشیان پێ دەدرا.
عەبدولکەریم قاسم یەکەم کەسە کە بە جدی بەلێن و هەولیدا کوردەکان ئاشت بکاتەوە، بە شەخسی لە هەولدانێکی عاتیفی بێ وێنە بوو، بە دڵنیاییی تاکو ئێستا کەس پێش و پاش قاسم ئەو هەولەی نەداوە. بەلام وەک دەبینین بێسوود بوو، بە شێوەیەکی تراژیدی لە ساڵی ١٩٦٣ کوشتیان. ئەو کەسەی کودەتای بەسەرداکرد و کوشتی زاوای قاسم بوو، عەبدول سەلام عارف، ئەوەش لە سەرەتا بەلێنیدا دۆزی "برا کوردەکان" چارەسەر بکات بەلام ئەویش شکستی هێنا. هەر لە سەردەمی عەبدول سەلام کوردەکان، وەک وەلامدانەوە، بەناو "دەولەتی سەربەخۆی کورد"یان ڕاگەیاند.
عەبدول سەلام، لە ساڵی ١٩٦٦ زا، بە شێوەیەکی گوماناوی لە کارەساتێکی فرۆکە لەناو چوو و براکەی، عەبدولرەحمان عارف، جێی گرتەوە. کوردەکان لە بن سمێلیان کەیف خۆش بوون و وایان پیشاندەدا کە ئەوان فرۆکەکەیان خستۆتە خوارەوە.
لە ساڵی ١٩٦٨ زا ئەحمەد حەسەن بەکر دەسەلاتی گرتە دەست و عارفی نە کوشت و ڕەوانەی دەرەوەی کرد، ئەوە یەکەمجار بوو لە عێراق شتێکی

ئەوهـــا رووبـــدات و نەیـــارەکەت نە کـــوژی و زیندانیشـــی نەکەیـــت. لە ڕاگەیاندنەکانی سەرەتای دەسەلات بە ئاشکرا بەلێنی ئەوەیدا پرسی کورد بە شێوەیەکی درێژ خایەن، بە ئاشتی و حەکیمانە، چارەسەر بکات. ئەنجامەکەی بریتی بوو لە مۆرکردنی بەیاننامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠، بە پێی ڕێکەوتنەکە ٤ ساڵ ئاگر بەس بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکەکەی دیاریکرابوو، کەچی لە دوای ٤ سالەکە دووبارە شـەڕ و پێکدادان دەستیان پێکردەوە، عەشـایرە کوردە ئازاکـان روویـان لە چیاکـان کـردەوەو زۆرتـر لە پێشـو لە ژێـر رابەرایەتـی جەنگاوەر مستەفا بـارزانی، دەسـتیان بە شـەڕ کـردەوە، دوای کەمترلە ٣٠٠ رۆژ روو بەرووی گەورەتـرین کارەسـات و تراژیـدی بـوونەوە و شکسـتیان هێنا. ئەوەش لە ئەنجامی ئەوە بوو کە لە ٥ تەموزی ١٩٦٩ بەغدا و مۆسکۆ ڕێکەوتنێکیان مۆرکرد، بە پێی بەندەکان عێراقی دەخستە باوەشی سۆڤیەت، عێراق لە بریتی پارەی بازرگانی کالا و قەرزەکانی نەوتی بە یەکێتی سۆڤیەت دەدا. هەروەهـــا بە هەمـــان شـــێوەی ٨٤ ملیـــۆن دۆلار قەرزی ئەلمانیـــای رۆژهەلاتیشـــی بە نەوت دەداوە، بەبـێ ئەوەی باسـی ئەوەش بکەیـن کە لەم نزیکـانە عێـراق و پۆلۆنیـا ڕێکەوتنیـان، سـەبارەت بە سـود وەرگـرتن لە چـالە گۆگردەکانی باکوری رۆژئاوای عێراق، مۆرکرد.

# بەشی سێیەم

# لە نێوان ستالین، هیتلەر و چێرچیل

# کشان و مەسیرەی سۆڤیەت بەرەو چالە نەوتەکان

لە کوردستان هەست بەو کاریگەری و گرژیانە دەکرا کە لە ئەنجامی ڕێکەوتنی وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت و ئەلمانیای نازی، مۆلۆتۆڤ – ریبێنترۆپ، MOLOTOV – Von Ribbentrop کە لە سالی ١٩٤٠ و، پاشان پەیمانی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئەنگلۆ – ئەمریکا لە سالی ١٩٤٢ زا بەسترا بوون. لە هەردوو ڕێکەوتنەکان، بە ئاشکرا، لایەنەکان دانیان بە پاساوی سۆڤیەت نابوو کە بەرەو بیرە نەوتەکانی ئێران بکشێت. ئەگەر چاوێک بەو نامە و پرۆتۆکۆلانەی نێوانیان بخشینین ئەوە بە ئاشکرا هەست بەو راستیە دەکەین، ئەوەتە لەکاتی سەردانی هەردوو وەزیری رایخی سێیەم و یەکێتی سۆڤیەت، لە ١٢ نۆڤەمبەری ١٩٤٠، بۆ لای هیتلەر – فیورەر ڤۆن ریبێنترۆپ دەنووسێ "…. وەزیری دەرەوەی رایخی سێیەم پرسیار دەکات ئاخۆ ئەگەر رووسیا، کە سەدان سالە ئاواتە خوازە، دەرچەیەکی سروشتی بەرەو ئاوە گەرمەکان بدۆزێتەوە، ئەو دەرچەیەش تەنها بەرەو باشور دەستی دەکەوێت".
شەڕ و بەیەکدادانەکانی سەر سنوری ئێران – روسیا دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی رابردوو، ئەوکاتەی قەیسەرەکانی روسیا، پێش هاتنی کۆمونیستەکان، چاویان بڕیبووە خەلیجی فارس و، هەر لەبەر ئەوەش، لەسەر سنوری هەردولا، دەستیان بەسەر زۆر ناوچەی ئێران گرت، لە راستی ئەو ناوچانەش بە شێوەیەکی دروست یەکلایی نەکرابوونەوە. پاش دانوساندنێکی دوورو درێژ، لە بەرامبەر ناڕەزایی بەردەوامی ئێران، لە سالی ١٨٩٣، روسیا لەم شوێنانە گەڕایەوە دواوە کە بە نا قانونی داگیریکردبوون. بەلام لە راستی ئەوە فێڵێکی

کورت خایەن بوو، روسیا بەڵێنەکەی نە بردە سەر، بە هاتنی کۆمونیستەکان بۆ سەر حوکم جارێکیتر ئێران داوای لە سەرکردە نوێیەکانکرد تا سوپاکەیان لە خاکی ئێران بکێشنەوە. لە سالی ١٩٢١ لە رێکەوتنێکی نوێ، بەڵێنی کشانەوەیدا، بەندێکی خستە ناو پەیمانەکە و بەو پێیە رێگەی بە سۆڤیەت دەدا "هەر کاتێک سەروەری ئەو وولاتە بکەوێتە مەترسی" تەدەخولی تیا بکات.

حکومەتی بۆلشۆڤیەکان زوو بە زوو لە پەیمان و بەڵێنەکان پاشەگەز بووەوە، نەک هەر ناوچەکانی نەداوە ئێران بەلکو، بە پاساوی بەندی رێکەوتنەکە، هەموو هەلێکی دەقۆزتەوە بۆ ئەوەی رۆژ دوای رۆژ بەرژەوەندیەکانی لە ئێران گەشە پێبدات و زۆرتر بخزێتە ئەم وولاتە.

لە سالی ١٩٤١ روسیا، بە پاساوی بەندی رێکەوتنەکە، بە دوو قۆلی لەگەل بەریتانیا، باکوری ئێرانی داگیرکرد. لێرەدا کێشەکان ئالۆزتر دەبوون، لە ژێر فشاری لەندەن ئێران ناچار کرا رێکەوتنێکی سێ قۆلی (سۆڤیەت، بەریتانی و ئێران) قەبول بکات، بە پێی ئەو رێکەوتنە نوێیە ئێران رێگەی دەدا کە ئەنگلۆ – ئەمریکیەکان چەک و تفاقی شەڕ و یارمەتی، بە رێگەی وشکایی و ئاسن و ئاو، بگەیننە یەکێتی سۆڤیەت کە لەگەل ئەلمانیای نازی لە جەنگێکی سەخت بوو.

وەک دەبینین شتەکان پێچەوانە بوونەوە، بە پێی رێکەوتنە ٣ قۆلیەکە پاش تەواوبوونی جەنگ دەبوایە سوپای ئینگلیز و روسیا ئێران جێ بهێلن. بەلام لە کاتی گونجاو پارتی دیموکراتی ئازەربایجان کە لە لایەن جەعفەر پێشەوەری کۆمونیست سەرکردایەتی دەکرا دەستی بەسەر دامودەزگاکانی باکوری وولات داگرت، پایتەختەکەی شاری تەورێز بوو. سوپای سۆڤیەت کە لەم ناوچانە بوون رێگەیان لە لەشکری ئێران گرت بۆ ئەوەی سەروەری بۆ هەرێمەکە بگەڕێنتەوە. لە هەمان سال، ١٩٤٦، لە کوردستان حکومەتێکی

سەربەخۆ، سەر بە سۆڤیەت، ڕاگەیەندرا، لەم موناسەبەیە ڕۆل و پێگەی بنەماڵەی مستەفا بارزانی، زۆر بە ڕوونی، بەدیار کەوت.
لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦، لە ژێر فشاری وڵاتانی ڕۆژئاوا، ستالین ڕەزامەندی پیشاندا سوپاکەی لە ئێران بکشێنێتەوە بە مەرجی دروستکردنی کۆمپانیایەکی هاوبەشی نەوت، بە دیهێنانی خەونی لە دێرینەی ڕوسیا، تەنها بە مەرجی سود وەرگرتن لە نەوتی ناوچەکانی باکوری ئێران لەسەر سنوری یەکێتی سۆڤیەت بە ڕێکەوتنەکە ڕازی دەبوو.
کوردەکان، وەک دەبینین، ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە هەوڵی سۆڤیەت بۆ هاتن بەرەو باشور و گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان، ئەو هەوڵەی سۆڤیەتیش لە ساڵی ١٩٥٣ سەریگرت، ئەو ساڵە مۆسکۆ بڕیاریدا دەست بە دانوستان، سەبارەت بە کێشەکانی دیاریکردنی سنور و داراییە هەڵواسراوەکان، لەگەڵ ئێران بکات.
ئەوکاتە مەحەمەد موسەدەق (١٨٨٢ – ١٩٦٧) لەسەر حوکم بوو کە ناوە ناوە ڕەفتاری سەیر سەیری دەکرد، لەو ساڵە بڕیاری خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکانی ڕاوە ماسی لە دەریای قەزویندا و، بەڵێنی بە ڕوسەکانیشدا کە زیانەکانیان بە ماسی بداتەوە.
لە ڕاستی کێشەکانی ماسی و بەرهەمە ئاویەکان کۆنە لە نێوان هەردوو وڵات، لە ساڵی ١٨٧٦ ڕێکەوتنێک کرابوو کە کۆمپانیای هاوبەشی ڕوسی – ئێرانی بە یەکەوە ڕاوە ماسیان ئەنجام دەدا بەڵام لە ساڵی ١٩٢٩ ئێرانیەکان داوای هەمووارکردنیان کرد و کۆتاییان بە کارو چالاکیەکانی کۆمپانیا هاوبەشیەکانی دەریای قەزوین هێنا. لە ساڵی ١٩٥٢زا ڕوسەکان داوای ڕێکەوتنێکی نوێیانکرد بەڵام وەک لە پێشەوە ئاماژەمان بۆکرد ئێرانیەکان هەموو کۆمپانیاکانیان خۆماڵیکرد و ڕێگەیان بە ڕاوەماسی لە دەریای قەزوێن نەدەدا و، ئەوەش بە پاساوی ئەوەی کە ماسیەکان پولەکەیان نەبوو، ئەو جۆرە ماسیانەش، بە پێی مەزهەبی شیعەکان خواردنیان حەرام بوو،

بەمجۆرە بایکۆتی ماسی قەزوێنیانکرد. لە راستیدا ئێران لە رووی تەکنیک و ستراکتۆر نەیدەتوانی ململانێ و پێشبرکێ لەگەل روسیا بکات کە زۆر لە پێشەوەتر بوو، بەمجۆرە دەبینین روسیا لە لایەک بالا دەستە بەلام لە رووی سیاسی لە هەلومەرجی باش نەبوو. لەبەر ئەوە لە ئابی ۱۹٥۳ روسیا بالوێزی خۆی، سەدقینۆڤ Sachinov، رادەسپێرێ بۆ ئەوەی لەگەل ئێرانیەکان بگەوێتە رێکەوتنێکی گشتی. لە سەرەتا موسەدەق، پیاوێکی زۆر خۆ بە زڵزان، پێشنیار و داواکانی روسیای رەتکردەوە بەلام پاشان بە مەرجی رێزگرتن لە سەروەری ولات و حکومەتەکەی رەزامەندی پیشاندا.

مۆسکۆ دەبوایە بە وریایی رەفتار بکات و بزانێ کات و شوێن هەلبژێرێ، لە لایەک دەیتوانی کوردەکانی ئێران و عێراق هانبدات و گرفت و سەر ئێشە بۆ بەغدا و تاران دروست بکەن یان دەست بەسەریان دابێنێ و سەر ئێشە بۆ ئەو پایتەختانە نەنێننەوە. لەم کەش و هەوایە بەرز و نزمی دانوستانەکان تا کەوتنی حکومەتەکەی موسەدەق و هاتنی جەنەڕال زاهیدی، تا کۆتایی ۱۹٥۳ و سەرەتای ۱۹٥٤، درێژەیان کێشا.

بە پێ ئەو رێکەوتنە نوێیە یەکێتی سۆڤیەت دەستی لە ناوچەیەک هەلگرت کە پێوانەکەی ٥۱۲ کم دوجا بوو، لە بەرامبەر ئێرانیش دەستی لە شارۆچکەی "فروزێ Frouze" هەلدەگرت کە روسیا، بە هۆی شوێنی ستراتیژی، هەرگیز دەستی لێ هەلنەگرتبوو.

سەبارەت بە تەعویزی ئێران، زیانەکانی جەنگی جیهانی دووەم و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان بە سوپای روسیا لە ئێران و بەکار هێنانی بەندەر و رێگا و بانەکان، رێکەوتنێک مۆرکرا و روسیا ۱۱ تۆن زێڕی دایە حکومەتی تاران.

بە چارەسەرکردنی ئەو گرژیانە مەسیرەی یەکێتی سۆڤیەت بۆ نزیکبوونەوە لە کەنداوی فارس و ئاوە گەرمەکان، کە زیاد لە ۲ هەزار کم لە سنورەکانی هەردوو ولات دوورن، بە ئاشتیانە تەواوبوو. کوردەکان لە عەشایری و

دەستە دەستی واجبێکی نوێیان پێسپێردرا ئەویش حەرەسی و گوێ رایەلبن. ئەو پلانە نوێیەش لە سالی ١٩٥٨ بە باشی هەستی پێ دەکرێت، ئەوەش دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی، کە دوای شکستی کوردەکان لە سالی ١٩٤٧ لەگەل هەزار کەسێک لە لایەنگرەکانی رووی لە سۆڤیەت کردبوو، ناسنامە و پلەی مارشالی لە سوپای سور پێدرابوو، دوای ١١ سالی رەبەق لە ئاوارەیی گەڕایەوە عێراق.

# مۆسکۆ پالپشتی لە لایەنگرانی نازیەکان دەکات

ستالین، لە رووی ویژدانەوە، هەستی بە نیگەرانی لە پەیمانی مۆلۆتۆڤ – ریبێنترۆپ دەکرد، لە کاتی کۆدەتاکەی رەشید عالی گەیلانی (١٨٩٢ – ١٩٦٥) و، پێک هێنانی حکومەتێکی دۆست و لایەنگری حکومەتی نازی ئەلمانیا و هاوپەیمانەکانی لە سالی ١٩٤١ پیاوەکەی ستالین، مەلا مستەفای بارزانی، بە شێوەیەکی سەرسورهێنەر هیچ رەد فیعل و بەرەنگاریەکی پیشان نەدا، لەگەل ئەوەشدا بۆ ستالین زەحمەت نەبوو چاو لە هەلوێستی پیاوەکەی خۆی، بارزانی، بپۆشیت و ببیورێت. لە راستیدا لەم رووداوە فاکتێک هەیە، کە بەگشتی کەم ناسراوەو باسکراوە، ئەویش رەشید عالی گەیلانی بە رەسەن کورد بوو، بە کودەتاکەی بەسەر حکومەتی ناوەند دلخۆشی و پالپشتی کوردەکانی بۆ لای خۆی راکێشا.

لە بەغدا حیکایەتێک دەگێرنەوە کە گوایە مەلا مستەفای زۆرزان لەم روداوە ئەوها قسەی کردووە "وەک دەزانن من کوردم، ئەگەر لە دژی رەشید عالی بوەستمەوە ئەوە لێکدانەوەی ئێتنی لێدەکەوێتەوە، ئەوە وەک ئەوە وایە ئەمن لە دژی هەموو سەرکردە عەرەبەکانی بزوتنەوەکەی گەیلانی بوەستمەوە". لە راستی ئەو قسەیە لەگەل هەلسوکەوتی "شێخی سۆر" ناوەشێتەوە بەلام دیارە نەیوویستووە دلی کەس لە خۆی برەنجینێ، لە پشت ئەو قسەیە راستیەکیتر هەیە، ئەویش ئەوەیە کە یەکێتی سۆڤیەت یەکەم ولات بوو دانی بە حکومەتەکەی رەشید عالینا، کەچی ئێستا لە ئینسیکلۆپیدیای سۆڤیەت

نووسـراوە "ڕەشـید عـالی و گـروپەکەی سـەر بە ئەلمانیـای نـازی بـوون و پالپشتی کۆمەلانی خەلکیان نەبوو".
لە ڕاسـتیدا بـارزانی ئەو هەلوێسـتە نەرمەی نوانـدی بۆ ئەوە بـوو تـاکو دلـی سـۆڤیەت لە خـۆی نەڕەنجێنـی، ئەوە لە کاتێـک بـوو کە کوردەکـان زۆرتـرین گرفتیـان لـۆ حکومەتی ئینگلیـز دروسـتکردبوو، بـۆ ڕاسـتی ئەو بـۆ چـوونەش دەتـوانین ئامـاژە بە نـاکۆکی نێوان فەرماندەی سـوپای ئینگلیـز لە ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاست، ژەنەڕال واڤێڵ و سەرۆک وەزیران، وینستۆن چێرچیل، بکەین.
گەیلانی لە ١٩٤١/٠١/٣١ وەک سەرۆک وەزیـران دەسـت لەکار دەکێشـێتەوەو ژەنەڕال تەهــا ئەلهاشــمی، وەزیــری بەرگــری لە کــابینەی پێشــو جــێگەی دەگرێتەوە، لە مارسـی ١٩٤١ گەیلانـی دەسـەلات دەگرێتەوە دەسـت، لەم کـات ژەنەڕال ئەرچیبالـد واڤێـڵ – Archibal Wavell (١٨٨٣ – ١٩٥٠، و) لە زۆر جەبــهە لە جەنگــدا بــوو، بە پــێچەوانەی بۆچــوونی لەنــدەن، هەولــی بەگژداچوونەوەی هێزەکانی گەیلانی، کە مەیلی نازیان هەبوو، نەوەستایەوە.
واڤێــڵ دەیزانــی کە تەنــانەت حکــومەتە عێراقیەکــانی ســەر بە ئینگلیــزیش نەیانـدەتوانی هەلوێسـتی ڕای گشـتی لەبەر چـاو نەگـرن. عێـراق ڕەزامەنـدی لەسەر پچڕاندنی پەیوەندی دیپلۆماسی، لەگەل ئەلمانیا، پیشاندابوو بەلام بەبێ ڕاگەیاندنی شەڕ، ئیتالیاش ئەوکـاتەی هـاتە نـاو جەنگی جیهـانی دووەم عێـراق پەیوەنـدی لەگەلـی نە پچـڕی، بەمجـۆرە دەبینـین لە ولاتێـک کە ئینگلیـز بـالا دەستبوون، نوێنەرایەتی ئیتالیا دەبێتە سەنتەری پڕۆپاگەندەکردن بۆ ئەلمانیای نازی و هاوپەیمانەکانی.
بە لەبەرچـاو گرتنـی ئەو هەلـومەرجە ژەنەڕال واڤێـڵ فەرمـانی پەلامـاردانی ڕەشید عالی گەیلانی پشتگوێخست، پێشنیاری بۆ چێرچێڵ کرد دانوسـتانیان لەگەل بکـات، بـۆ ئەو مەبەسـتەش تورکیـا ئامـادەیی نـاوبژیوانی پیشـاندابوو.
واڤێڵ زۆر بە جدی چێرچێلی، لە ئەنجامەکانی هێرشبردن، ئاگادار کردەوە، بە

تـايبەتی ئەوكـاتە گەورە مـوفتی قـودس (محـمەد ئەمـين ئەلحوسـێنی ١٨٩٧ – ١٩٧٤، و) رايكردبووە بەغدا و شوهرەتێكی زۆری لە جيهانی ئيسلامی هەبـوو و لە هەمانكـات مەيلـی بـۆلای ئەلمانيـا و ئيتاليـا دەكشـايەوە، هەر ئەوەش بووبووە هۆی دروستبوونی دوژمنايەتی گەلانی عەرەب لە دژی بەريتانيا.

## ناکۆکیەکی دراماتیک لە نێوان چێرچێل و واڤێڵ

لە لەنـدەن زۆر لە هەلوێسـتی ژەنەڕال واڤێـڵ تـوڕە و نـیگەران بـوون و بە پێشـینەیەکی مەترسـیداریان لە قەلەمـدا، بە تـایبەت بـۆ ئاینـدە ببێـتە هـۆی سـەرپێچی و هەلـگەڕانەوە. لە لایەک روسـەکان، بـۆ ئەوەی عەرەبەکـان لە خۆیـان نەکەنە دوژمـن، نەرمیـان بـۆ سیاسـەتی ئەلمانیـا پیشـان دەدا، لە لایەکیتریش رەفتاری بالوێزی ئینگلیز لە بەغدا، سیر کیناهان کۆرنڤالیس – Sir Kinahan Cornewallis کە ناڕاستەوخۆ لەگەل بۆچوونی ژەنەڕال واڤێل بوو. کۆرنڤالیس کەسێکی بێ ئەزموونی نوێ نەبوو بەلکو ماوەیەکی زۆر ژیانی لە رۆژهەلات بەسەر بردبوو و، زۆر باش شارەزای کاروباری عێراق بوو، لە سالانی ١٩٢١ – ١٩٣٥ راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی بوو، بەرزترین خەلاتـی رافیـدینی پـێ بەخشـرابوو. لە شـوباتی ١٩٤١ گەڕابـووەوە بەغـدا و شوێنی سیر باسیل نیوتنی ( ١٩٦٥– ١٨٨٩) Sir Basil Newton گرتبووەوە. لەبەر ئەوە سەرۆک وەزیران بە رەقی وەلامی ژەنەرال واڤێلی دایەوە، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو کە لەوکات هێزەکانی رەشید عالی گەیلانی دەستیان بەسەر سەربازگەی حەبانیە گرتبوو کە لەگەل سەربازگەی بەسرە، بە پێی رێکەوتنی ئەنگلۆ – عێراقی سالی ١٩٣٠ لەژێر دەسەلات و سەروەری ئینگلیز بوون و، بەلێنیدا یارمەتی و ئیمداداتیان لە هیندستان و فەلەستین بۆ رەوانە بکات. لە راستی دوای هاتنی گەیلانی وەلی عەهد، عەبدول ئیلا، کە لایەنگری ئینگلیزەکان بوو، لە بەغدا رایکردبوو و خۆی لە بنکەی حەبانیە حەشاردابوو، لە تەموزی ١٩٥٨ لەگەل مەلیک فەیسەل بەدەستی هێزە سەربازیەکانی قاسم

کوژران. لە حەبانیە وەلی عەهد بە فڕۆکەیەکی سەربازی بۆ سەربازگەی بەسرا، نزیک کەنداوی فارسی، گواسترایەوە.
سەرەڕای فەرمانەکانی لەندەن ژەنەڕال واڤێل نارەزایی دەربڕی و ووتی من باشتر لە مەسەلەکان دەگەم و بەرپرسیاریەتی هەموو هەلەیەک، ئەگەر روو بدات، دەگرمە ئەستۆ. بە ئاماژەکردن بە ئەگەری راپەرینی کوردەکان بە چێرچێلی ووت ئەو یارمەتیانەی لە هیندەوە دەگەن دەتوانن بەسرە بپارێن بەلام ناتوانن، بە بێ هاریکاری و زەمانەتی کۆمەلانی خەلک و عەشیرەتە کوردەکان، بگەونە باکوری وولات. هەروەها ووتی ئەو یارمەتیانەی لە فەلەستینەوە دێن دەتوانن سەربازگەی حەبانیە بپارێزن کە لە لایەن هێزەکانی سەر بە گەیلانی دەورەدراون و دەست بەسەر ئەو رێگاو بانانە بگرن کە دەچنەوە بەغدا بەلام ناتوانن، بە بێ رەزامەندی و ئیرادەی دانیشتوانەکەی، بچنە ناو شارەکە.
چێرچێل لە بەرامبەر ئەو سەرکێشیەی ژەنەڕال واڤێل ناچار بوو بڕیارێک دەرکات، واڤێلی دڵنیا کرد، بە مەرجێک هێرشەکان دەست پێبکات، لەوەی کە سوپای ئینگلیز ناوچە کوردیەکانی موسل و کەرکوک داگیر نەکەن - پاشان باس دەکەین چۆن لە ١٣ مایسی ١٩٤١ فڕۆکە و هێزی ئاسمانی ئەلمانیا و ئیتالیا لە موسل نیشتنەوە – بەو جۆرە، بەبێ گەرموگوڕ و حەماس، ژەنەڕال واڤێل هێرشی کردە سەر هێزەکانی رەشید عالی گەیلانی، ئەویش هاواری بۆ هیتلەر برد و داوای هەموو جۆرە یارمەتیەکی لێکرد.

## هیتلەر بە هانای رەشید عالی گەیلانی دەڕوات

هیتلەر، بە ناچاری، بەدەم هاواری گەیلانی چوو بەلام زۆریش تورە بوو چونکە گەیلانی پەلەی لە پلان و بەرنامە سەربازیەکان کردبوو. هیتلەر سەفیری ولاتەکەی راسپارد بۆ ئەوەی رەزامەندی حکومەتی ڤیشی – فەرەنسی وەربگرێت تا فڕۆکە سەربازیەکان بتوانن، لە رێگەی سوریا، بگەونە عێراق و یارمەتیەکان بگەینە گەیلانی. ئەوکات سوریا لە ژێر ئینتیدابی فەرەنسا بوو، فەرەنساش لە لایەن ئەلمانیا داگیر کرابوو، حکومەتی ڤیشی کارتۆنی بوو. ئەمیرال دەرلان Darlan، لە ٥-٦ مایس، لەگەل ئەلمانەکان دەستی بە دانوستان کرد، بڕیاردرا ٣ لەسەر ٤ ئەو کەلوپەلە سەربازیانەی لە سوریا، لەژێر کۆنترۆلی کۆمسیۆنێکی ئیتالی بوون، رەوانەی عێراق بکرێن. لە هەمان کات داوای ئەوە کرابوو کار ئاسانی بۆ فڕۆکە سەربازیەکان بکرێت تا لە سوریا بنیشنەوە، تا ئامادەبن، بۆ کاتی پێویست، بۆ ئۆپێڕاسۆنی سەربازی بگەونە عێراق.

لە ٣ مایسی ١٩٤١ یەکێتی سۆڤیەت دانی بە حکومەتەکەی رەشید عالی گەیلانی نا کە مەیلی بەلای ئەلمانیای نازی هەبوو، ئەوەش ئینگلیزەکانی تووشی شۆککرد. لە ٩ مایس ١٠٠ فڕۆکەی ئەلمانی و ٢٠ ئیتالی گەیشتنە سوریا و لە ١٣ مایس گەیشتنە موسل، لە ناوچە کوردنشینەکان، لە لایەن عەشیرەتە کوردەکان، بە هەل هەلە پێشوازیان لێکرا، ئەو فاکتە بووە هۆی شۆک و سەرلێشێوانی حکومەتی لەندەن.

لە ١١ مایسی ١٩٤١ جێگری فیوهەر – هیتلەر، رودۆلف هێس Rudolf Hess (1894–1987)، بە فڕۆکەیەک گەیشتە سکۆتلەندا – لێرە بە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی گوتوبوو کە لە ئەگەری هەر جۆرە رێکەوتنێکی ئاشتی ئەلمانیا پالپشتی لە حکومەتی گەیلانی دەکات، "ئەلمانیا ناتوانێ دەستبەرداری عێراق بێت چونکە خەلکەکەی بە گوڕو تینەوە بۆ ئەلمانیا و هاوپەیمانەکانی جەنگاون" و، بەو هیوایە بوو کە ئینگلیز لەشکرەکەی لە عێراق بکێشێتەوە. لەو راکردنەی هێس، بە درۆ یان بە راستی بێت، بە ئازادانە یان بە فێل و تەلەکەبازی، بە هیوای ئەوە بوو رێکەوتنێک، لە نێوان ئەلمان – ئینگلیز، بەدەست بهێنێ.

ئەو کاتەی لە ناکاو فڕۆکەکانی ئەلمانیا و هاوپەیمانەکانی، لە بنکە چاوەڕوانەکراوەکان، هێرشیان کردە سەر سوپای ئینگلیز لە بیابانە گەرم و وشکەکانی میزۆپۆتامیا کە لە فەلەستینەوە بەرەوە سەربازگەی حەبانیە بەڕێکەوتبوون کار لە کار ترازابوو. تەنانەت چێرچێلیش دانی بەوەنابوو کە پەلە پەلی رەشید عالی گەیلانی زیانی بە پلانەکانی ئەلمانیا گەیاندبوو، رێگەی لە هیتلەر گرتبوو لە کات و ساتی گونجاو هێرش بکاتە سەر عێراق و بە کەمترین زیان و زۆرترین دەستکەوت پلانەکەی جێبەجێ بکات. بەمجۆرە بە گەیشتنی هیمداداتی هیندوستان و فەلەستین ژەنەڕال واڤێل توانی، لە رۆژی ٣٠ مایسی ١٩٤١، بەغدا داگیر بکات و رۆژی دوایی هودنە و ئاگر بەسی ئیمزا کردو وەلی عەهدی راکردوو گەڕایەوە سەر تەخت و شوێنە ستراتیژیەکان گەڕانەوە ژێر دەسەلاتی سەربازی ئینگلیز. دەمودەست دەستیان بە گرتن و راونانی لایەنگرانی نازیەکان کرد، بە تایبەتی لە ریزەکانی سوپای عێراق. لەوانەیە بۆ خوێنەر جێگای سەرنج بێت ئەگەر ئاماژە بەوە

بکەین کە لە نێو گیراوەکان بابی عەبدول کەریم قاسمیش هەبوو[8]، کە ئەوکات ئەفسەری سوپا بوو لە موسل، لەکاتی لاوی خۆبەخشانە، لە جەنگی جیهانی یەکەم، بوو بووە چەکداری لەشکری عەرەبی لاورێنس[9]. بابی عەبدول کەریم قاسمی لە زیندانەکانی ئینگلیز مرد.

[8]نووسەر ناوی باوکی قاسمی بە Maskud بردووە ..

[9]ئەفسەری سوپا و دەزگای هەوالگری ئینگلیز، ناوی تۆماس ئێدوار لاورێنس – Thomas Edward Lawrence

لە سالانی ١٩١٤ – ١٩١٨ توانی هۆزە عەرەبەکان لە دژی دەولەتی عوسمانی هانبدا و پرچەکیان بکات، بە لۆرێنسی ئارابیا ناسراوە، وەرگێڕ.



وێنە رەشید عالی گەیلانی و گەورە موفتی شاری قودس لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم، محمد ئەمین ئەل حوسەینی، گەیلانی لە ١٩٤١ کۆدەتایەکی کردو مەیلی بە لای ئەلمانیا دەڕۆیشت تەنها لە لایەن یەکێتی سۆڤیەت دانی پیانرا، گرفتی زۆری بۆ ئینگیزەکان دروستکرد، ئابلوقەی سەربازگەی حەبانیەیدا.

ڕەشید عالی گەیلانی، گەورە موفتی قودس و کاربەدەستانی بالوێزخانەی ئەلمانیا و ئیتالیا بە ڕاکە ڕاکە خۆیان گەیاندە ئێران کە ئەوکات مەیلی بە لای ئەلمانیا و هاوپەیمانەکانی چوو بوو. لە مانگی ئاب، کەمتر لە ۲ مانگ، ئەوکاتەی سۆڤیەت هاتە ناو جەنگەکە، بەیەکەوە لە گەڵ ئینگلیز پەلاماری ئێرانیاندا و لە ۱۷ ئاب تارانیان داگیرکرد، ڕەزا شایان ناچارکرد تەختی شاهانە بۆ کوڕەکەی، محەمەد ڕەزا، جێ بهێڵێ و بۆ ئەفریقای باشور دوور خرایەوەو هەر لەوێ لە سالی ۱۹٤٤ مرد.
ئۆپێڕاسیۆنە هاوبەشەکانی ئەنگلۆ – سۆڤیەتیەکان زۆر گرنگبوون، بووە هۆی بە یەک بەستنەوەی کەنداوی فارس و دەریای قەزوین، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی، لە ماوەی ٤ سال و نیو، هاوپەیمانان ٥ هەزار تۆن چەک و تفاقی شەڕ بگەیننە سوپای سۆڤیەت. ئەو کۆمەکە هەروا ئاسان نەبوو، ئەوەش ئەو دەرفەتەی بۆ سوپا و کاربەدەستانی سۆڤیەت ڕەخساند پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردەکان دروست بکەن کە لە ئایندە دەبنە بناغەی ڕوداوە گرنگەکانی ناوچەکە.
پاش سەرکەوتنی ئۆپێڕاسیۆنەکانی ئینگلیز لە دژی ڕەشید عالی گەیلانی – کە لە سالی ۱۹٥۸ زۆر بێباکانە گەرایەوە بەغدا و، تۆمەتێکی گوماناوی بۆ هەلبەسترا گوایە خەریکی پیلان بووە لە دژی عەبدول کەریم قاسم، لە سەرەتا بە سزای مەرگ حوکمدرا و پاشان عەفو کرا – ژەنەڕال واڤێلیش، لەبەر هەلەکانی، لە پۆستەکەی دوورخرایەوە. هەموو ڕوداوەکان، وەک چۆن چێرچێل پێشبینی لۆ کردبوو، کۆتاییان پێهات.
ئێستا لە حوزەیرانی ۱۹٤۱ ین، دوای مانگێک هێزە هاوپەیمانەکان سوریا داگیر دەکەن و کۆتایی بە نفوزی ئەلمانیا و ئیتالیا، لە ناوچەیەکی گرنگ و کاریگەر، دێنن. لە ڕاستی هیتلەریش لە نامەیەکی ۲۰ تەموز، بۆ موسۆلینی، پێشنیاری ئەوە دەکات، لە "بەرامبەر گرفت و پێشهاتە نوێیەکان"، ڕۆژهەلاتی

ناوەڕاست لۆ ئینگلیزاکان بەجێ بهێڵێت، گرفتە نوێیەکانیش پەیوەندیان بە هەڵوێستی تورکیا هەبوو.


روداوێکی نوێ، کە دوای ماوەیەکی کەم هاتە ئاراوە و زوو شکستی هێنا ئەویش ئەوە بوو ژەنەڕاڵ فەزوڵڵە زاهیدی – ئەوکەسەی لە ساڵی ١٩٥٣ کودەتای بەسەر موسەدەق، لە ئێران کرد و محمەد رەزا شای گێڕایەوە سەر تەخت – لەگەڵ هیتلەر هەوڵی دابەزاندنی کۆماندۆسی ئەڵمانیادا لە ئێران تاکو رێگای هیمداداتی نێوان هاوپەیمانان و سۆڤیەت ببڕێت و هەر ئەو کەسە بوو کە لە ساڵی ١٩٢٠ لە دژی روسەکان بە توندی شەڕی کردبوو. زاهیدی لە لایەن ئینگلیز دەستگیر دەکرێت و بۆ ماوەی ٣٢ مانگ، بۆ فەڵەستین، دوور دەخرێتەوە.

جیاوازی نێوان گەیلانی و زاهیدی لەوەدابوو کە گەیلانی پاڵپشت و کۆمەکی کوردەکانی بەدەست هینا بوو کەچی زاهیدی نا و، نەدەکرا بەدەستی بێنێ چونکە لە رابردوو، لە تەمەنی ٢٨ ساڵی، ئەوکاتەی گەنجترین ژەنەڕاڵ بوو لە جیهان، لە دژی کوردەکانی کەرماشان و گوێڕوس – Guerrous جەنگی بوو، ئەم ناوچە کوردنشینانەی کە دەبوایە هێزەکانی کۆماندۆسی ئەڵمانیا تیایا دابەزن.



Un'immagine giovanile di Mustafà El-Barzani, guerrigliero, futuro Maresciallo dell'Armata Rossa per volere di Stalin. —

وێنەیەکی موستەفا ئەل بارزانی جەنگاوەر بە گەنجی، لەسەر ویستی ستالین لە ئایندە دەبێتە مارشال لە سوپای سوری سۆڤیەت


Iraq, 1958. — Due documenti, a quel tempo considerati straordinari, rilasciati dal governo iracheno a Franz Maria D'Asaro, unico giornalista italiano presente ai processi della «grande purga» anti-baschista.

العدد /
التاريخ /
الاسم /
الجنس /
المهنة /
تاريخ الولادة /
العنوان /

بطاقة دخول
يسمح لحاملها بالدخول الى قاعة المحكمة العسكرية العليا الخاصة
الاسم واسم الاب :
المهنة والوظيفة :
توقيع حامل الوثيقة :

پسولە - کریدێنسیالی دەزارۆ وەکو رۆژنامەنوس، دوای گەیشتنی بە بەغدا لە دوای شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨

# بەشی چوارەم

# یەکەم کۆماری کوردی

# ئەسپەکەی کورد و ئەسپەکەی تەڕوادە

روسەکان، زۆر بە زانایی، سودیان لە روداوەکەی رەشید عالی گەیلانی وەرگرت، دڵنیابوون لەوەی عێراقیەکان بە گشتی، کوردەکان بە تایبەتی، هەست و سۆزی دژ بە ئینگلیزیان هەیە، هەستیان بە گرنگی ئێستا و ئایندەی کوردستان کردبوو، لەبەر ئەوە سەبر سەبر قاسید و پیاوەکانی خۆیان، بە بیانوی کڕینی ئەسپ و ولاخ، ناردە ناو کوردەکان. ئەسپی کوردەکان، نێرەو مێیە، ئەسپ و ماین زۆر بەناو بانگن، بە هێزترین ولاخی دونیان و بەرگەی هەموو ناخۆشیەک دەگرن و (تەنها ناوی ئەسپ بۆ هەردووکیان بەکار دێنین، و)، ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە تا چەند سالێک پێش ئێستا، لەوانەیە ئێستاش لە هەندێ ناوچەی کوردەواری باوی مابێت، کوردەکان ئەسپەکان دەخەنە ژێر تاقیکردنەوەیەکی یەکجار سەخت و دژوار. پاش ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی رەفتاریان لەگەل دەکەن هێدی هێدی خواردن و خۆراکیان کەم دەکەنەوە تا دەگاتە ئەوەی رۆژانە یەک مستە جۆیان پێبدەن، لە هەمان کات، لە رێگا سەخت و حاسێکان، لە باسک و ملەکان، خەریکی رمبازی و سوار سوارێن، هەندێجار ٢٤ سەعات ئەوە کاریانە بەبێ ئەوەی هیچ بدەنە ولاخەکانیان. ئەگەر ئەسپەکانیان بەرگەی ئەو ناخۆشیانە بگرتایە ئەوە دەبوونە جێگەی متمانە و شانازی عەشیرەتەکەیان، ئەوەش دەبوایە لە رۆژی هێرشکردنە سەر یەک و تالانکردن سودی لێوەرگرن، ئەوەش پێویستی بە سوار چاکی بە توانا هەبوو کە رێگای دورو درێژ، ٨٠ – ١٠٠ کم، بە رێگا سەخت و بە بەردەلان و گەرو باسکەکان، بەبێ راوەستان و خواردن، بڕۆن.

ئەسپی کوردی، لەوانەیە جوانتر و گورجترین توخمە لە سەر زەوی، شامپیۆن - سەرداری ئەسپی عەرەبیە، لەوانەشە تاکە نەوەی راستەقینەی تەوێڵەی حەزرەتی سلێمانبن. ئەسپی عەرەبی کە ئەوەندە بەناوبانگ و جوانن بێجگە لەوەی لە نەوەی ئەسپی رەسەنی کوردی شتێکتر نین، هەرگیز ناتوانن شان لە شانی ئەسپی کوردی بدەن، کاتێ هەڵدەستنە سەر پێ قەت ناتوانن بە شێوەیەکی ستونی قیت ببنەوە، ئەوپەڕی گۆشەیەکی ٧٠ پلە دروست دەکەن، گورج و گۆلن، جولەی خێرا دەکەن کە زۆر دەگمەنە لە توخمەکانیتر هەبێ بەلام قەت ناگاتە ئەسپی کوردی کە بە شێوەیەکە "ستونی موتلەق"، ٩٠ پلە قیت دەبێتەوە.

ئەو ئەسپە، کوردیانە، لە سەدەی ٥ زا لە شاخەکانی تۆفانی نوح هێنراونە پێدەشتەکان، پاشان لە رێگەی ئیسپانیا و شەڕی خاچپەرستان، هاتوونەتە ئەوروپا. ئەسپی عەرەبی (لە راستی لە کوردەواری زۆر باسی ماینی عەرەبی، واتە مێیەکە، دەکرێت. و) بە سەر بەرزی رەسەنایەتی و میراتی بایۆلۆژی ئەسپی کوردی پاراستووە و لەکاتی خۆی، وەک هەورە تریشقە، بووە هۆی بلاوکردنەوە و گەیاندنی ئاینی ئیسلام لە دەریای مێدیتێرانەوە بگرە تا دەگەوێتە رۆژهەلاتی دوور، ئەوەش بەدیهێنانی خەونی پێغەمبەری ئیسلام بوو کە شوێن پێی ئەسپی باڵداری بوراق بکەون.

نێردە و پیاوەکانی سۆڤیەت، زۆر زیرەکانە، توانیان پەیوەندی لەگەل کوردەکان دروست بکەن، بە تایبەتی لەگەل دۆست و هاوڕێکانی مەلا مستەفا. ئەو پەیوەندیانە، لە ئایندە، بوونە هۆی ئەوەی کە "شێخی کوردان" شوێن و پایەیەکی بەرچاوی، لە کاتی میوانداری ١٠ سالە، لە یەکێتی سۆڤیەت پێ بدرێ.

# هێرۆ – پاڵەوانی نوێی ئازادی

سەرکردەی کوردەکانی عێراق، دوای زنجیرە بەسەرهات و ریسک، گەیشتە خاکی یەکێتی سۆڤیەت، ئەو بەسەرهاتانەش دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم. ئەوکات بارزانی، لەگەڵ براکەی، شێخ ئەحمەد و، ژمارەیەک لە کەسە نزیکەکانی لەعەشیرەتەکەی لۆ مەنفا دوور خرابوونەوە. لە بارو دۆخێکی کەس بەکەس نەبوو بارزانی لە مەنفا را دەکات و جارێکیتر لە ١٩٤٣ دەست بە راپەڕینێکیتر دەکات. ئەمجارە، جیا لە جارانی پێشو، حکومەتی بەغدا هیچ کاردانەوەی نەنواند، ئەوەش لەبەر ئەوەبوو لە پەرلەمان حکومەت لە ژێر فشار و رەخنەیەکی توندو تیژ بوو، هەموو لایەک سەر کۆنەی ئەو سیاسەتی راوناون و سەرکوتکردنی کەمایەتی کوردیان دەکرد. ئەو رەخنانە هۆلی پەرلەمانیان جێهێشت و گەیشتنە سەر لاپەڕەی رۆژنامەکان و ناو کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسی و کولتوریەکانی چینی خوێندەوار و موسەقەف. لەژێر ئەو فشارانە حکومەت لە سالی ١٩٤٥ لێبوردنەکی بۆ راپەرینەکەی بارزانی دەرکرد. بەلام بارزانی، نازانریێ لەبەر چ هۆیەک - بە تەبیعەتی خۆی یان باش تێنەگەیاندرابوو یان ترسی هەبوو و متمانەی بە حکومەت نەبوو – چەکی دانەنا. ئەوە بوو لە سەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ هێزەکانی بەغدا هێرشێکی بەربلاویان کردە سەر ناوچەکە و دەیان گوندی کوردنشینیان وێرانکرد. بەیانی ١١ ئۆکتۆبەر بارزانی، بە خۆی سەدان چەکدار، لە نێویان ژمارەیەک ئەفسەری کوردی سوپای عێراق

هەبوون، لە سنوری ئێران پەڕینەوە و گەیشتنە ئەو ناوچە کوردنشینانەی لە ژێر دەسەلاتی سۆڤیەت بوون، کە لە ژێرەوە خەریکی دانانی نەخشەی کوردستانی سەربەخۆ بوون، ئەوەش خەونی لە مێژینەی هەموو کوردەکان بوو.

# لە دایکبوون و مردنی یەکەم کۆماری گەلی کوردستان (کۆماری مەهاباد، و)

پێش روسەکان، هەرگیز کەس، بە جدی و بە دڵ بیری لەوە نەکردۆتەوە کە پشتگیری لە ئاواتی کوردان بکاتەوە کە چەند سەدەیەکە خەباتی لە پێناو دەکەن. لێرە بارزانی هەل و دەرفەتێکی زێڕینی دەکەوێتە بەردەست. کوردەکان پاش ئەوەی لەگەل قاسیدەکانی سۆڤیەت، بە ناوی کۆمیسارۆڤ و نەمەزالییێڤ[١٠]، لە ١٥ دیسەمبەری ١٩٤٥، لە شای مەهاباد، لە باشوری گۆمی ورمێ، لە باکوری رۆژئاوای ئێران، کۆمارێکی خەیالی، کۆماری گەلی کوردستانیان راگەیاند[١١]. لە جانیوەری ١٩٤٦ قازی شارەکە، قازی موحەمەد کرایە سەرۆک کۆمار، ئەوەش بووە هۆی بەخیلی هەندێ لە کوردەکان. قازی محەمەد لە پەرلەمانێکی بچوکی ١٣ کەسی، بچوکترین پەرلەمانی جیهان، بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، "بە شێوەیەکی دیموکرات" دەستنیشانکرا[١٢]، ئەو

---

[١٠]لە ژێر ئەو ناوانە ژمارەیەک شارەزا و ئێرانی ناسی سۆڤیەت هەیە و دەکرێت دیراسەیان لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی بزانرێت ئاخۆ چ رۆل و پێگەیەکیان لە پەیوەندیەکانی سۆڤیەت و کورد و راگەیاندنی کۆماری کوردستان هەبووە.

Daniel Semyonovich Komissarov (1907 – 2008), Vilen Naumovich Komissarov (1924 – 2005): Capitan Namazaliev

[١١]سەرچاوە کوردیەکان رۆژی ٢٢ ژانیوەری ١٩٤٦ بە رۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستان داناوە، وەرگێڕ.

[١٢]لە راستی کۆماری کوردستان، لە مەهاباد پەرلەمانی نەبوو، قازی موحەمەد سەرۆک کۆمار بوو، ئەنجومەنی وەزیرانیش لە ١٤ وەزیر پیک هاتبوو، وەرگێڕ.

پەرلەمانە، بە درێژایی ئەو ماوە کەم و کۆتایی هاتنی بە شێوەیەکی تراژیدی، لە ژێر چاودێری و رێنمایی سۆڤیەت یاسای دەردەکرد.
ئەو دەولەتە نوێیە ژمارەی دانیشتوانەکەی یەک ملیۆن کەس بوو، هێزە نیزامیەکانیش جلو بەرگی سوپای سۆڤیەتیان لەبەر دەکرد. لەو کاتە مستەفا بارزانی، سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی ئەو کۆمارە تازە لەدایکبووە، بۆ یەکەمجار، بە فەرمی، لە کاتی مەسیرەیەکی سەربازی، بە جلو بەرگی سەربازی سوپای سور، وەک مارشال، لە پێش چاوی خەلک، بە دیار کەوت.
لەو بارودۆخە ئێمرجێنسیەی کە هاتبووە ئاراوە وا هەست دەکرا کوردەکان بیانەوێت ئەو سیاسەتە دەستکردە بگۆڕن و ببێتە شتێکی واقیع و پراکتیک، ئیرادەی خۆیان بۆ سەربەخۆیی و یەکێتی خاکەکەیان نیشان دەدا. بە باش و بە خراپ ئەوە جاری یەکەم بوو دەولەتێکی کوردی، بە شێوەیەکی کۆنکرێت، دامەزرێت و بگەوێتە سەر شانۆی جیهانی. بەلام ئەم ئەزموونە – دەکرێت بلێن کوردەکان زیاد لە نیو سەدەیە خۆیان بۆ ئامادە کردووە – یەکێک لە لاپەڕە پڕشەنگدارەکانی مێژووی کورد نیە. ئەو هەستی نیشتمانیەی کە گۆرانی و شیعری بۆ دەوترێ نەیتوانی بە ساغ و سەلامەتی لێی دەرچێ و لە کۆتایی بووە خۆلەمێشی بەرداشی ململانێی خێڵ و عەشیرەتەکان، حەسادەت و شتی پڕو پوچی عەشایری و سیاسیەکانی ئەوکات، رۆژ بە رۆژ ئینشقاقاتی ئایدیۆلۆژی زۆرتر دەبوو. بە راستی ئەگەر مێژوو نووسێک بیەوێت لە بارو دۆخی ئەوکات بکۆلێتەوە و هەلسەنگاندنیان بۆ بکات ئەوە روو بەرووی ئەرکێکی سەخت و دژوار دەبێت، جیابوونەوە و پەرتەوازەیی و بالبالێنێ سەریان لە هەموو لایەک شێواندبوو، ئاسان نەبوو و رای گشتی و خەلکەکەش بە ئاسانی سەریان لەم روداوانە دەرنەدەچوو. بۆ نموونە پارتی خۆیبوون، کە سەر بە سۆڤیەت بوو، لە ١٩٤٦ لەو کاتە ناسکە، پالپشتی لە پارتی ئەرمەن، دانشاق، ئەنتی سۆڤیەتی کرد، یان کۆمەلەی ژیانەوە کە لە

١٩٤٣ لە مەهاباد بە ڕێنمایی قاسیدەکانی سۆڤیەت، عەبدوللائۆڤ و هەیجۆڤ، Abdullahov-Haijov، دامەزرابوو. ئەو قاسیدانە بە بیانۆی کڕینی ئەسپ و ولاخ و جەرەب بە ناوچەکە دەسوڕانەوە. پاش ٢ سال لە لایەن سۆڤیەتیەکان، کۆمەلەی ژیانەوە، گوناهبار کرا بەوەی گوایە بۆ قازانجی هەوالگری ئینگلیز کاریان کردووە. بە هەمان شێوە سەختە لەوە بگەین، پەڕادۆکس، بۆچی کۆمونیستە کوردەکان چوونە ناو بەرەی گەلی "رۆژگاری کورد" و پاشان لە لایەن پارتی کۆمونیستی عێراقی دەرکران و بە جوداخواز گوناهبارکران؟

ئێرە شوێنی گونجاو نیە تاکو بە تەفاسیلی باسی ئەو هەموو ململانێ و وردەکاریانە بکەین بەلام ئەوە بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین کە رەفتار و هەلوێستی کورد، لە ململانێ و ئاژاوەی ناوخۆ، گرفتی لۆ سۆڤیەتیەکانیش دروستکرد. ئەوەتە هەر لە راگەیاندنی کۆماری کوردستان لەگەل کۆماری ئازەربایجانی نوێ و سەر بەسۆڤیەت بووە ناکۆکی، هەر یەکە داوای بەشێکی ناوچەکانی دەوروپشتی گۆمی ورمێیان دەکرد. وای لێهات، کە سۆڤیەتیەکان، بە ناچاری، رۆلی ناوبژیوانی و ئاشتکردنەوەی هەردولا ببینن. بێجگە لەوەش سەرۆک کۆماری کوردستان، قازی محەمەدی خۆش باوەڕ، برای سەیفی قازی، پەنای بۆ شای ئیران بردوو و داوای هاوکاری کردا!

ئەو رەفتارەی قازی محەمەد، خوالێیخۆش بێت، لە روانگەی هەلسەنگاندنی مێژوو دەچێتە خانەی خودموختار خوازی و، تارادەیەک رێزگرتن لە دەسەلاتی ناوەندی تاران بوو تا ئەوەی بە سەربەخۆ خواز لێک بدرێتەوە. ئەوەش بووە هۆی تورەبوونێکی گەورەی مەلا مستەفا بارزانی تا رادەی کشاندنەوەی کۆمەک و پشتگیری خۆی بۆ قازی محەمەد و بەتەنها بەجێهێشتنی. لەوانەیە ئەمەش، دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ناوچەکە، بوونە هۆی ئەوەی لە دیسەمبەری ١٩٤٦ کۆماری کوردستان بڕوخێ. ئەوکاتەی لەشکری شا گەیشتنە بەردەرگای شاری مەهاباد،

حوکمـداره خـۆش باوەڕەکـان چـوونە پێشـوازیان و هەولیانـدا، بە بیـانوی بەڕێوەچوونی ڕێکارەکانی هەلبژاردن، ڕێگە لە سوپای ئێران بگرن و نەچنە نـاو شـارەکە. لە شـەوی ٣١ ئـازاری ١٩٤٧ قـازی مـحەمەد و ٢٨ لە کاربەدەسـتەکانی کۆمـاری کوردسـتان لە مـاوەی ٢ سـەعات، بە سـەر پێـی دادگایکران، قازی و براکەی، سەیفی قازی لە سێدارەدران.

کەچی مستەفا بارزانی، دوای هەولدانێکی بێسود بۆ گەڕانەوە بۆ ناو چیاکانی کوردستانی عێراق و تورکیا، بە خۆی و هەزار کەسێک لە لایەنگرانی رووی لە یەکێتـی سـۆڤیەت کـرد، ئەوەش بە مەسـیرەیەکی دوورو درێـژی پـڕ لە ریسک، رەتبوو، لە ژێر فشاری تۆپبارانی سوپای عێراق کە لە لایەن هێزی ئاسمانی ئینگلیز پشتوانی دەکرا. کەچی سەرکردەکانی کوردی تورکیا، لەوانە کامەران عالی بەدرخان، بە وریایی رویان لە فەڕانسا کرد و، لێرە دەستی بە خەبـاتێکی نەپسـاوەی دەروێشـایەتی بـۆ کوردەکـانی تورکیـا کـرد، بە تـایبەت داوای مافی ئۆتۆنۆمی دەکرد. زۆربەی سەرکردەکان کە هەستیان بەوە کرد سۆڤیەت خیانەتی لێکردوون و بێ پشت و پەنا، بە تەنها، جێیهێشتوون رویـان لە لوبنان کرد کە پێشتر کەمینەیەکی چالاکی کورد هەبوون و ئێستا زۆرتـر و بەهێزتربوون. لەم ماوانە پۆلیسی بەیروت تۆڕێکی چالاک و نهێنی کوردەکانی ئاشـکرا کـردووە کە گـوایە نیـازی دامەزرانـدنی ڕێکخراوێکـی کۆمونیسـتی کوردەکـانی لوبنانیـان هەبـووە. دوو چـالاکوانی کـورد، عیـزەت عوسـمان و شوکری خەلیل ( یان خەیال، و) لە لایەن ئاسایشـی لوبنـان دەستگیرکراون و، گوایە کۆمەلە بەلگە و دۆکومێنتیان پێ بووە و نیازیان وابووە داوا و قەناعەت بە کوردەکان بکەن کە تەنها بە پالپشتی و چوونە ناو بزوتنەوەی کۆمونیستی دەکرێت دەولەتی سەربەخۆیی کوردستان بێتە دی.

هەرچی پەیوەندی بە کوردەکانی سوریا هەیە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ژمارەیان کەمە بەلام زۆر پێشکەوتوتر و باشتر خۆیـان ڕێکخسـتووە، ئەوەش

لە ئەنجامی ئەوەیە کە نەریتە عەشائیریەکانیان کەمتر پاراستووە، باشتر ئاوێتە بوون و کۆنتاکتیان لەگەل کۆمەلگەیەکی پێشکەوتوتر و مۆدێرنتر هەبووە. لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی شەپۆلێکی گەورەی کوردەکانی رۆژهەلاتی ئەنادۆل، لەدەستی راونانی کەمالیستەکان، روویان لە سوریا کرد. لە دیمەشق گەڕەکێکی گەورەی کوردان، بە ناوی تاخا کوردان، هەیە کە دەکەوێتە باکوری شارەکە، ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان رۆل و پلە و پایەی بەرزیان لە ژیانی سوریا بینیووە. بۆ نموونە ژەنەڕال فەوزی سەلۆ، سەرۆکی پێشوی فەرماندەی هێزە چەکدارەکان، کورد بوو، حوسنی بەرازی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کورد بوو، سەرۆکی پارتی کۆمونیستی سوریا، خالید بەگداش، کورد بوو، مارشال حوسنی زەعیم و ژەنەڕال ئەدیب شیشکەلی کورد بوون، تەنانەت سەرۆکی حیزبی بەعسیش، پارتی سۆسیالیستی بۆ ژیانەوی عەرەب، ئەکرەم حۆرانی کورد بوو.
با بێیە سەر باسی کوردەکانی سۆڤیەت، لە ناویاندا مستەفا بارزانی، پاش راکردن و مەسیرە پڕ ریسکەکە زۆر بە گەرمی، لە لایەن کاربەدەستانی سۆڤیەت پێشوازی و میوانداری لێکرا. پیاوەکانی سۆڤیەت لە هەموو قۆناغەکانی ئەو مەسیرەیە هاوکار و رێگە خۆشکەر بوون، لەبەر ئەوە لەسەر سنور کاربەدەستەکانی سۆڤیەت کات و ماوەی تەواویان لەبەر دەستا بوو تا بە جوانترین و باشترین شێوە پێشوازی لە خۆی و لایەنگرانی بکەن. حکومەتەکانی ئێریڤان و باکۆ، کە پایتەختی هەردوو کۆماری ئەرمینیا و ئازەربایجانن - ژمارەیەکی زۆری کۆمونیتی کوردەکان لێرەو لەوێ بە کوردستانی ترانس قەوقاز پەرت و بلاو بوون و ژمارەیان، بەلای کەمی، سەد هەزار کەس دەبێت — تەدارەکیان ئامادەکرد و دەستیان بە پڕۆپاگەندەکرد کە گوایە یەکێتی سۆڤیەت رێز لە زمان و کولتوری کەمایەتیەکان، بە تایبەتی هی

کوردەکان، دەگرێت، ئەوەتە کوردەکان رۆژنامە و قوتابخانەو تەنانەت شانوی خۆیان هەیە.
لە راستیدا هاندان و گرنگیدان بە سامانە سروشتیەکانی ئەرمینیا و ئازەربایجان و دیاردەی بە کشتوکالکردنی بەربلاو لە رەگ و ریشەوە روخسار و سیمای گوندە کوردنشینەکانیان گۆری، بە تایبەتی ئەو هەنگاوانەی لە دژی ژیانی کۆچبەری و کوێستان و گەرمیانکردن نرابوون. ئەوە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە کوردەکانی ئەرمینیا واز لە ژیانی کۆچەریێتی بهێنن و لە رەوەندایەتی ببنە جوتیار و نیشتەجێ ببن، کەچی لە ئازەربایجان ژمارەیکی باشی کورد هەیە و زۆریان، وەکو کرێکار لە دامەزراوە نەوتیەکانی باکۆ کار دەکەن.
بە هەرحال لە سۆڤیەتیش کوردەکان کەمایەتیەکی ترانس قەفقازن، بەرگەی گۆرانکاریەکان، بە تایبەت سیاسەتی وەک یەک لێکردن و تیکەلکردنی مۆسکۆ، دەگرن و لە ناخی قولی سروشتیان ئینديڤیدوالیزمێکی بەهێزی خۆرسکی هەیە. لێرە کوردەکان بەرگری لە ترادیسۆن و فۆلکۆری خۆیان دەکەن، بە تایبەتی لە رووی پۆشین و جلوبەرگی کوردەواری، تەنانەت لە ئەرمەنەکانیشیان بردۆتەوە، کوردەکان بەناوبانگن کە لە هەر موناسەبەیەکی سادەو بچوک، بە جلە رەنگاو رەنگەکانیان، دەست بە شایی و هەلپەرکێ دەکەن.

# ١١ ساڵ خەبات لە ئاوارەیی

لەو بارودۆخەی دڵ پڕ لە خورپەی کوردستانی سۆڤیەت، بۆ یازدە ساڵ، لە ١٩٤٧، رۆژ دوای رۆژ مەلا مستەفا، سوپاس بۆ ئەو مایکرۆفۆنەی رادیۆ کە پسپۆرانی سۆڤیەت بۆیان دابینکردبوو، هەلمەتێکی توندو تیژ و بە زەبری لە دژی رۆژئاوا بەرێوە دەبرد، هانی کوردە "چەوساوەکانی ژێر دەسەلاتی نۆکەرانی ئیمریالیزم" دەدا بۆ ئەوەی لە دژی حکومەتەکانی تاران، ئەنقەرە، بەغدا و دیمەشق راپەڕن، کە بەرپرسن لە رێگەگرتن لە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ کە ببێتە نیشتمانی هەموو کوردێک[١٣].
مەلا مستەفا بارزانی لە سۆڤیەت بە پلەی مارشال دەستنیشان کرا یان باشتر وایە بلێین ئەو پلەیەی لە کۆماری کوردستانی هەبوو بۆ دووبارە کرایەوە، لە راستی دەتوانین بلێین ئەو پلەیە تەنها فەخری بووە چونکە نەچۆتە ناو سوپای سوری سۆڤیەت. بەلام بۆ هەموو ئەو سالانەی لە روسیا ژیا بارزانی سەرۆکی ئەو کەسانە بوو کە لەگەل ئەو چوبوون بۆ ئەوێ و، هێدی هێدی لە لایەن ئەفسەرە روسەکان پەروەردەو راهێنانیان بۆ دەکرا و هەندێکیان خرابوونە ناو لەشکری نیزامی. جگە لەوەش روسەکان هەندێکیان، وەک کادیری سیاسی، پەروەردە دەکرد و نەیاندەویست ئەزموونی شکستخواردوی

[١٣] لە راستی، بە پێی زانیاریەکان، بارزانی بە درێژایی ئەوکاتەی لە یەکێتی سۆڤیەت بووە لە بارودۆخێکی ناهەموار ژیاوە، نە توانای هەبووەو نە رێگەی پێدراوە هیچ جۆرە پەیام، بە دەنگ و نووسین بۆ کۆمەلانی خەلکی کوردستان، بە تایبەت هی باشور، رەوانە بکات. باسی بەشەکانیتریش هەر ناکەین. دیارە بەرپرسەکانی پ. د. ک. وایان بۆ نوسەر باس کردووە کە ئەمەش لە راستی دوورە و یەکێکە لەو هەلە زۆرانەی نووسەر بە درێژایی ئەم کتێبە بە ئاگا یان بێ ئاگا تێی کەوتووە.

کۆماری کوردستان دووباره ببێتەوه، بە شێوەیەکی زانستی کادیری سیاسی و تەکنیکی و بەڕێوەبردنیان ئامادە دەکرد.
لە سالی ١٩٥٤ دەنگێکی حەق لە پەرلەمانی بەغدا بەرز بووەوه، ئەویش دەنگی پارێزەرێکی گەنجی کورد، بە ناوی موحەمەد جەللی، بوو، لە ناو پەرلەمان ئەو پرسیارەی کرد "هەلوێستی کوردەکانی عێراق چی دەبێت لە ئەگەری پالپشتی یەکێتی سۆڤیەت بۆ دروستکردنی کوردستانی گەورە لە چوار چیوەی کۆمارەکانی سۆڤیەت؟ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نیە بەلام ئێمەی کورد ناتوانین کۆمەک و پالپشتی هیچ حکومەتێ، بۆ دروستکردنی کوردستانێکی ئازاد، رەتبکەینەوە".
پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە یەکێتی سۆڤیەت پالپشتی لە دامەزراندنی دەولەتێکی کوردستانی، لە دەرەوەی سنورەکانی خۆی، دەکرد، بەلام ترسی ئەوەیان هەبوو کە کوردەکان ئەزموونی کۆماری مەهاباد دووبارە بکەنەوە و، لە نێو خۆیان تەبا و یەکگرتوو نەبن. هەر لەبەر ئەوەش بوو هۆشداریە بوێریەکەی پارێزەر جەللی، لە لایەن روسەکان، گوێی لێ نەگیرا یان نەیانویست لێی تێبگەن. بەمجۆرە مستەفا بارزانی، بە بەردەوامی، لە رادیۆی سۆڤیەت پەیامەکانی ئاراستەی کوردەکانی باکوری عێراق دەکرد "بەغدا بۆ ئێمە چیە؟ شارێکی غەریب و بێگانەیە، بە زمانێکی بێگانە قسە دەکات. کەچی ئێمە کوردین، بۆ دەبێ ناچارمان بکەن ببینە عەرەب، تورک، فارس یان سوری. ئێمە کوردین و بەسە".
بۆ ماوەی ١١ سالی پرۆپاگەندەی پرۆکوردەکانی عێراق بەردەوام بوو تاکو ئەو رۆژەی لە ناکاو، دوای ٤٨ سەعات، کە عەبدولکەریم قاسم، لە ١٤ تەموزی ١٩٥٨، رژێمی پاشایەتی روخاند. لەو رۆژەوه بەرژەوەندیەکانی سۆڤیەت لە مێزۆپۆتامیا دەبوونە جێگای بایەخ پێدان. لەم هەلومەرجە ئەو کەسەی ستالین هەلیبژاردبوو، پەروەردەو ئامادەکرابوو، لە ناو عەمباری

ئیدیۆلۆژی و سەربازی قەوقاز پاراسترابوو دەهێنرێتە مەیدانی روداوەکان، ئەو کەسەش مەلا مستافای بارزانی بوو، دیسان بارزانی جارێکیتر و دواجار لە رادیۆی سۆڤیەت هاتە قسە و داوای لە کوردەکان کرد هاوکاری و هاریکاری عەبدول کەریم بکەن کە توانیبووی "شکست بە ئیمپریالیزم بهێنێ و عێراق و کوردستانی عێراق ئازاد بکات". ئەوەش هەنگاوی یەکەم بوو، رەهەندێکی گەورە، کە ئێستا حکومەتی بەغدا ناچار دەکات گوێ لە داخوازیەکانی کورد بگرێت.

# بەشی پێنجەم

# لە سالی ١٩٥٨ کۆماری عێراق لەدایک دەبێ

# لە تەموزی ١٩٥٨ تیرۆر دەتەقیتەوە

کوردەکان بەشداریەکی کارایان لەو قەتل و عامەی بەرەبەیانی ١٤ تەموز کرد، بە کۆمەلکوژی خانەوادەی پاشایەتیەوە و ریگەگرتن لەوەی کە شۆڕشی عێراق بکەوێتە باوەشی ناسریەکان. کوردەکان باوەڕی تەواویان بەوە هەبوو کە لە ناو چوارچیوەی عێراق، وەک کەمایەتیەک، سەنگ و هەیبەت و کاریگەری خۆیان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان بەکار بهێنن، لەوەش ناهەقیان نەبوو. لەبەر ئەوە دژی فیدراسیۆنی پان عەرەبی بوون، هەرجۆرە یەکگرتنەک لەگەل ولاتانی عەرەبی دەبووە هۆی ئەوەی کوردەکان ببنە کەمایەتیەکی زۆر بچوک لە بەرامبەر ژمارە و بالادەستی عەرەب. لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتاوە دژایەتی خۆیان، لە بەرامبەر یەکگرتن، لەگەل کۆماری عەرەبی یەکگرتوو (مسر و سوریا، و)، پیشاندا. کاتی خۆشی کوردەکان بوونە هۆی یەکنەگرتنەوەی عێراق – ئوردون، هەمیشە دژی بنەمالەی پاشایەتی هاشمی بوون. حەقی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئەوکاتەی کۆمیساری بالای ئینگلیز، لە ١٩٢١، ریفرۆندۆمی بۆ دەستنیشانکردنی ئەمیر فەیسەلی کوڕی شەریفی مەککە، وەک مەلیکی عێراق ئامادەکرد، کوردەکانی سلێمانی بەشداریان نەکرد و، کوردەکانی کەرکوکیش لە دژی دەنگیاندا، بە هەمان شت عەرەبە شیعەکانی ناوچەی موسل، لە ژێر کاریگەری کوردە شیعەکان، دەنگیان بە دژیدا.

کوردەکان و کۆمونیستەکان، لەبەر زۆر هۆ و بەرژەوەندی جیاواز، لە لایەنگرە هەرە چالاکەکانی شۆڕشەکەی قاسم بوون و، هەولی ئەوەیان دەدا

بۆ ئەوەی بەرێ لا نەدرێ و نەکەوێتە باوەشی پان عەرەبیزم. لەبەر ئەوە لە ڕۆژانی یەکەمی بێسەرو بەری کودەتای ١٤ تەموز زۆر بێ ڕەحمانە سەرکوتی ئەو کەسانەیان دەکرد کە بۆن و گومانیان لێدەکردن. من بۆ خۆم چەندەها کەسایەتی و کاربەدەستم ناسیووە کە پەیوەندی و وەلائیان بۆ بنەماڵەی پاشایەتی و حکومەتەکەی نوری سەعید هەبوو لە ترسی تۆڵەی کوردو کۆمونیستەکان بە خۆیان دەچوونە بەردەم بنکەکانی پۆلیس و زیندانەکان تاکو رزگاریان بێت: ئیبراهیم هاشم، سەرۆک وەزیرانی ئوردون و جێگری سەرۆکی فیدراسیۆنی هاشیمی (ئوردن – عێراق، و)، سلێمان تۆکان – تۆقان، وەزیری بەرگری، عەدنان یونس ئەل حوسەینی وەزیری دەرەوەی ئوردون. ئەوانە هەرسێکیان لە هۆتێل بەغداد بوون، هاتن و بەزۆر بردیانن و خستنیانە ناو سەیارەکی عەسکەری، بە بیانوی پاراستنیان، بەرەو وەزارەتی بەرگریان بردن. کاتێ جێبەکە گەیشتە بەردەم وەزارەت راوەستا، ئەفسەرەکە کورد بوو، بە دەست ئیشارەی بۆ خەلکەکە کرد کە لەوێ گردبووبوونەوە "ئەوانە خائین و نۆکەری ئیمپریالیزمن"، ئەوە بەس بوو کە ئەو قوربەسەرانە بکەونە بەر پەلاماری دڕندانەی ئەو جەماوەرە بێ کۆنترۆلە، پاش ٥ دەقیقە لاشەیان هەنجن بە هەنجن کردن و شاپ شاپانییان پێدەکرا.

لەو کەشوهەوایەی تیرۆری بێ سەروبەری – ئەو کەسانەی کە گوناهەکیان کرد بوو یان گومانی ئەوەیان لەسەر بوو کە خزمەتی "ئیمپریالیزم"یان کردبوو یان تەنها گوناهی "دژە کۆمونیست"یان لەسەر بووایە – زۆر نموونەی ناخ هەژێن بەر چاو دەکەون. لە بەغدا بۆیان گێڕامەوە کە کابرایەکی بە ڕەسەن روسی، بە ناوی گریگۆری، لە سالی ١٩٣٠ لە دەستی کاربەدەستانی سۆڤیەت رایکردبوو، کەسێکی روو خۆش و قسە زان و ئەنتی کۆمونیست بوو، ١٢ زمانی دەزانی، هاتبووە بەغدا. لێرە نیازی کردنەوەی یانەیەکی شەوانەی هەبوو بەلام لەبەر ئەوەی ئەسلی عێراقی نەبوو مۆلەتیان

پێ نەدەدا، ئەویش کەسێکی عێراقی کردە شەریک و پارەیەکی باشیشی پێدابوو، مۆڵەتی وەرگرتوو و لەسەر کەناری دیجلە، لە شوێنێکی ئارام و سەوزایی، یانەیەکی شەوانەی بەناوی "ئێمبەسی" کردەوە، شەوانە لە کەس و خێزانە دەوڵەمەند و دیبلۆماتکاران پڕ دەبوو وجمەی دەهات، لێرە هەموو جۆرە خواردنەکی ئەوروپی، کێک و شیرنەمەنی ئیتالیش، هەبوو. لەگەڵ شۆرشی ١٤ تەموز حکومەت شەوانە مەنعەتە جەولی راگەیاند، رێگەی نەدا چیتر سیرک و گروپە موسیقیە بیانیەکان بێنە وولات، بەمجۆرە "ئێمبەسی" شەوانە چۆل و هۆل و خامۆش بوو، گرێگۆری لەسەر شکایەتی شەریکە عێراقیەکەی لە ولات دەرکرا، گوناهەکەشی ئەوەبوو، گوایە شەوانە شەڕابی پێشکەشی وەزیرو کاربەدەستان کردووە و لە کاتی نۆشین وتافیان لە دژی یەکێتی سۆڤیەت داوە....

# یاریەکی کوشەندەی نێوان قاسم و عارف

لە سالی یەکەمی ژیانی کۆمارە ساواکەی عێراق گرفتی گەورەی حکومەت بریتی بوو لە کەیسی "عەبدوسەلام عارف"، حکومەتی نوێ لە بەرامبەر ئەو کەیسە ئیمتیازی زۆری بە کوردەکان بەخشی. عارف داوای یەکگرتنی دەمودەستی عێراق و کۆماری عەرەبی یەکگرتووی دەکرد، کوردەکان و کۆمونیستەکانیش هەڕەشەی روو بەروو بوونەوەو هەلوەشاندنەوەی ئەو هاوسەنگیە ناسکەی هاتبووە کایەوە دەکرد. قاسم ناچار بوو بڕیارێک بدات و ئەو کۆمارە نوێیە بپارێزێ. ئەو کە شیعە بوو، لەسەر مێزی ژورەکەی دەمانچەیەک و غەدارەیەک و چەند شوشەیەکی پڕ لە حەب و دەرمان هەبوو، بێجگە لەوەش کتێبێکی ئیمامی عەلی (کتابی پیرۆز) بە شێوەیەکی زەق دانابوو، کاتێک کەسێکی نزیکی خۆی دەچووە زیارەتی دەیگوت هەرکەسێک ئیمانی بە قسەکانی ئیمامی عەلی هەبێ نابیتە کۆمونیست. ئەگەر تەماشای رابردووی قاسم بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پیاوێکی ئیماندار بوو، بەراستی پێشبینی رەفتاری چاکەی لێدەکرا. پاش تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی بۆ ماوەی سالێک مامۆستای قوتابخانە بوو، پاشان لە ١٩٣٢ دەچێتە ئەکادیمیای سەربازی، پاش ٢ سال دەبێتە ئەفسەر، لە ١٩٥٣ دەبێتە کۆلۆنێل لە سەرۆکایەتی ئەرکان. قاسم بەشداری لە شەڕی فەلەستین کردبوو، فەرماندەی فەوجێکی پیادە بوو، پاشان دەبێتە فەرماندەی لیوای ١٩ و، لەگەل هەلگیرسانی شۆڕش دەبێتە سەرۆکی فەرماندەی بالای هێزە سەربازیەکانی ولات. قاسم ئەوکاتەی دەسەلاتی گرتە دەست تەمەنی ٤٧ سال بوو،

ئەزمـونێکی دەولەمەنـدی بەدەسـت هێنـا بـوو، بەشـداری چەنـد کۆرسـێکی سەربازی، لە ئینگلتەرا، کردبوو.
کەچـی عەبـدول سـەلام عـارف دەسـتە راسـتی قاسـم بـوو، هـیچ هەسـتی بە گیروگرفتەکـانی بەردەم قاسـم نەدەکـرد، بە تـایبەتی ئەوەی پەیوەنـدی بە کـوردەوە هەبـوو، سـۆز و حەمـاس و وەلائـی خـۆی بـۆ سیاسـەتی جەمـال عەبدولناسـر نە دەشـاردەوە. لە راسـتی بە هـۆی رۆڵـی سـەرەکی لە ئامادەکاریەکـانی ئەو کودەتـایە دەیتـوانی دەسـەلاتی زیـاتر بەدەسـت بهێنـێ.
شـەوی ١٣ تەمـوز سـەرۆک وەزیـران، نـوری سـەعید – کـێ بیـری ئەوەی دەکردەوە کە چەند سەعاتێکی لەسەر ئەو دونیایە مابێت ؟- فەرمان بە لیوای قاسم دەکات کە بەیانی زوو لەشکرەکەی بەرەو سنوری ئوردن، بە رێگەی بەغدا، بخـاتە رێ. ئەوکـات لە ئـوردون و لوبنـان و تەنـانەت عێـراقیش رۆژانە خەلک دەرژایە سەرشەقامەکان و داوای روخـانی حکومەتەکـان و یەکگرتنیـان لەگەل کۆماری عەرەبی یەکگرتوو (سوریا – میسر) دەکرت. نوری سـەعید، لە خەیـالی خـۆی، دەیویسـت هێـز پیشـان بـدات، سـوپا بـۆ پاراسـتنی پاشـایەتی ئـوردون رەوانە بکـات و نە یارەکـانی چاوترسـا بکـات و یەکگرتنـی سـوریا و میسـر هەلوەشـێنێتەوە. کەچـی بەو هەلەیە قوربـانی بە خـۆی و رژێمـی پاشـایەتیدا. ئەوە دەرفەتێکـی زێڕینـی بە کودەتاچیەکانـدا تـاکو ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە، لە مانگی مایس، واتە تەنها ٢ مانگ پێشتر ئەفسەرە کودەتاچیەکـان کوبـونەوەیەکی نهێنیـان بەسـتابوو و بڕیـاردرا بـوو هەر کەسـێک لەوانە، بە خۆی و لەشکرەکەی، بچێتە ناو شاری بەغدا یان نزیک بێتەوە ئەوە بێ سێ و دوو پێویستە پەلاماری کۆشکی پاشایەتی و حکومەت بدات و بە زووترین کات کودەتایەکی سەربازی جێبەجێ بکات.
چارەنوس، بۆ ئەو ئەرکە، قاسمی هەلبژارد، کەچی عەبدول سەلام، بە خۆی و لەشکرەکەی، کەمێک پێش قاسم گەیشتە ناو شاری بەغدا. قاسم کەسێکی کەم

دوو و مەنگۆ بوو کەچی عارف بزێو وهەرەپاس و بە ئاژاوە بوو. هەموو ئەو شتانە وایان دەکرد کە عەبدول سەلام خۆی بکاتە خاوەنی کودەتاکە، هەر یەکسەر لە دوای ١٤ تەموز دەچووە شار و شارۆچکەکان و بە وتارە ئاگرینەکانی دڵ و دەرونی جەماوەری دەهێنا جۆش و دەیووت تاکە سەرکردە و رزگارکەرمان جەمال عەبدول ناسرە. بە وتارە ئەنارکیشت و شێتانیەکان بەلێنی دەدا لە هەموو قەرزی هاولاتیان خۆش بێت کە پێش ١٤ تەموز کەوتبووە سەر شانیان. ئەو رەفتارەش گرفتی گەورەی لۆ قاسم دروست دەکرد، ئەو، عارف، لە هەموو شتێک جێگری قاسم بوو. لە هەمان کات رۆژ دوای رۆژ وێنەی گەورەی ناسر و هۆتافاتی پان عەرەبی لە شارو شارۆچکەکان روویان لە زیادی دەکرد، لە لایەکی تریش وێنەی خرۆشۆڤ و ماوتسی تۆنگ دەدرێندران.

قاسم زۆر جار هۆشداری بە عەبدول سەلامی هەلەشەدا و فەرمانی دەرکرد هەموو نووسینەکانی سەر شەقام و رێگا و بانەکانی بەغدا بسرێنەوە، بەوجۆرە سەربازەکان چەکەکانیان دانا و هەریەکە بە فلچەیەک دەستیان بە رەشکردنەوە و پاکردنەوەی شەقامەکان کرد. بەلام عارفی کەللە رەق گوێی لە هۆشداریەکانی قاسم رانەدەگرت، بەمجۆرە قاسم ناچار بوو لە جێگری سەرۆک وەزیرانی دورخستەوە، کردی بە وەزیری ناوخۆ و جێگری سەرۆکی فەرماندەی هێزەکانی ولات. عەبدول سەلام، وەکو وەزیری ناوخۆ، دەستی بە زۆر پیلانکرد، لە هەمان کاتیش بەردەوامبوو لەسەر بیرۆکەی پان عەرەبیزمی خۆی، لەبەرە ئەوە داوایدەکرد جەمال عەبدول ناسر "تاکە سەرکردەو رێبەری گەلانی عەرەب" ببێتە سەرۆک کۆماری عێراقیش.

عەبدول سەلام بە هۆی کودەتای ١٤ تەموز لە لایەک و لە لایەکی تریش پرۆپاگەندەی رادیۆی قاهیرە شوهرەتێکی زۆری جەماوەر و شەقامی عێراقی بەدەست هینابوو، لەبەر ئەوە لەسەر رەفتار و هەلوێستەکانی بەردەوام بوو،

بە دڵنیایی پشتی بە کۆمەکی ناسر دەبەست کە لە راستی ناسریش سەری لە روداوەکانی عێراق دەرنەدەچوو. ئەوەتە دوای یەک هەفتە، لە ٢٢ تەموز ناسر لە وتارێک عارف و لایەنگرەکانی توشی شۆککرد. لەو وتارە ناسر پەنجەی خستە سەر ئەو هۆیانە کە بە بۆچوونی ئەو هێشتا هەلومەرجی یەکگرتنی عێراق و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو نەرەخساوە و لەبار نیە. لە لایەکیتریش، بە نهێنی، لەگەل قاسم رێکەوتبوو بۆ ئەوەی چاوەڕوانی کاتێکی گونجاو، بۆ ئەو یەکگرتنە، بکەن. هەلومەرجی نێودەولەتی لەبار نەبوو، زۆر کێشەی پەیوەست بە زل هێزکان و بارو دۆخی لاسەنگی "گەلانی عەرەب" پێویستیان بە دەست لێدان و چارەسەرکردن هەبوو. لەم بارودۆخە قاسمی سەرۆک وەزیران، دڵنیا لە پشتگیری ناسر، بەلێنیدا کەی هەلومەرج گونجا ئەوە گەلی عێراق، لە رێی ریفرۆندۆم، بڕیاری چارەنوس ساز دەدا.

ئەو هەلوێستەی ناسر و قاسم بووە بێ هیواکردنی عەبدول سەلام کە داوای یەکگرتنی دەمودەست و بێ شەرت و شروتی دەکرد، رۆژ دوای رۆژ عارف زیاتر تورە دەبوو. ئەوە بوو گرژیەکانی نەجەف تەقینەوە، عەبدول سەلام بۆ وتار و جۆشدانی جەماوەر چووبووە ئەو شارە کەچی کۆمونیستەکان پەلاماریاندا، وێنەکانی ناسریان لێدڕاند، جوێنیان بە عارفدا، ٢٠ کوژرا و زیاد لە ٣٠٠ کەس بیندار بوون.

لەم بارودۆخە ناسکە قاسم ناچارکرا لە نێوان عارف و کۆمونیست و کوردەکان یەکێکیان هەلبژێرێ، بە زیرەکانە کۆمونیست و کوردەکانی هەلبژارد و لە دواجاریش دەست لەوانیش دەوەشێنێ.

# کوردەکان لە ئاوارەیی دەگەڕێنەوە

جارێکیتر مەسەلەی کورد و "شێخی سۆر" هاتەوە ناو ناوان، مستەفا بارزانی کە لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕاوە داوای لە قاسمکرد لێبوردنی گشتی لۆ لایەنگرەکانی دەربکات، بەڵێنیشی پێدا پشتگیری لە حکومەتەکەی بکات. هەواڵی هاتنەوەی بارزانی جۆش و خرۆشی خستە دڵی هەموو کوردەکان. قاسمیش دەمودەست، بە زیرەکانە، رایگەیاند کە ئەو کۆمارە نوێیە بەرهەمی شۆڕشی تەموزە، سەرکەوتنی کوردو عەرەبە، لە نێوان ئەو دوو توخمە پەیوەندی مێژوویی و برایەتی دوور و درێژ هەیە. لە راستی یەکسەر دوای سەرکەوتنی کودەتاکە قاسم "ئەنجومەنی سەروەری" دروستکرد کە لە ٣ کەسایەتی کورد، سونە و شیعە، پێک هاتبوو، لە بەشی کورد شێخ خالید نەقشەبەندی دەستنیشانکرد. نەقشەبەندیەکان تەریقەتێکی ئاینی بەهێز و بە دەسەلاتن. هەروەها لێبوردنی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزان، برای مەلا مستەفا و لایەنگرەکانی دەرکرد کە ئەوکات لە خواروی عێراق نەفی کرابوون. شاعیری نەسراوی کورد، گۆران، ئەویش لە زیندان ئازادکرا. زۆر لە راوێژکارە نزیکەکانی قاسم کورد بوون، هەمانشت زۆر لە راوێژکارەکانی وەزیری دەرەوەی عێراقیش، کوڕی شیخ مەحمود بەرزنجیش - کە لە سالی ١٩١٩ خۆی بە مەلیکی کوردستان راگەیاندبوو کوردبوون- بە ناوی سەید بابە عەلی کرایە وەزیری راگەیاندن و گواستنەوە. شێخ مەحمود بەرزنجی، جەنگاوەری ئەفسانەیی، بە دیفاکتۆ حوکمی کوردەکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێری دەکرد، لە سالی ١٩٣١ لە لایەن ئینگلیز دەستگیر دەکرێت و دەبرێتە بەغداو لە ژێر چاوەدێریەکی توند دەمێنێتەوە.

لەم باردۆخە قاسم هەولیدەدا زۆرتر پالپشتی کوردەکان بەدەست بێنێ، زۆرجار بە ئەنقەست باسی ئالای فیدراسیۆنی هاشمی عێراق – ئوردونی دەکرد کە دوو ئەستێرەی تیابوو کەچی ئالای عێراقی نوێ نیشانەی برایەتی کورد و عەرەبە، دوو نەتەوە و یەک نیشتمان. ئالای نوێ دوو سونبلی تیابوو، خەنجەر، هێمای کوردان و، شمشێر وەک هێمای عەرەب.

نیازپاکی قاسم بەرامبەر بە کوردان، بە باشی و تۆکمەیی، ڕێچکەی خۆی گرتبوو. سەبارەت بە مۆلەتپێدانی گەڕانەوەی بارزانی و هاوەلەکانی قاسم سیاسەت و تاکتیکی دووفاقی پەیڕەو دەکرد بەلام نەیدەتوانی زۆر درێژە بەو سیاسەتە بدات. ڕێگەنەدان بە گەڕانەوەی بارزانیەکان مانای وابوو کوردە شەڕکەرەکان لە خۆی بکاتە دوژمن کە لە ناوچەکانی خۆیان نەوتیان لەبەر دەست بوو، ئەوەش مانای وابوو باروردۆخی ناسک و هێشتا خۆ نەگرتووی ڕژێمی شۆڕشگێڕی زیاتر بخاتە مەترسیەوە و ڕووبەڕووی ڕاپەڕینی کوردەکان ببێتەوە کە ٢ لەسەر ٣ بیرە نەوتەکان لە ناوچە کوردنشینەکانی کەرکوک و موسل بوون. ڕێگەدان بە گەڕانەوەی بارزانی مانای وابوو دەرگای عێراق لەسەر مارشالی سۆڤیەتی زۆرزان بکاتەوە کە لە لایەن مۆسکۆ بە نیاز و پلانی ئەوان ڕەوانە دەکرایەوە، ئەوەش دەبووە هۆی تووڕەکردنی عەبدول سەلام عارف و لایەنگرەکانی. لە دواجار قاسم، لە سێپتێمبەر و ئۆکۆتۆبەری ١٩٥٨، بڕیاریدا خۆی لە ناسرپەکان نەجات بدات و عارف پشتگوێ بخات ڕەزامەندی لەسەر گەڕانەوەی شێخی کورداندا، ئەوەش نەک لەبەر ئەوەی بیکاتە هاوپەیمانی خۆی بەلکو لەو باوەڕدابوو باشترە ڕێگەی پێبدرێت و لە عێراق لە ژێر کۆنترۆلی خۆی بێت باشترە. قاسمی زۆرزان پێش ئەوەی، بە فەرمی، ڕەزامەندی گەڕانەوە بدات داوای گەرەنتیکرد، بە ئاشکرا، دڵسۆزی و پالپشتی خۆیان بۆ حکومەت دەربڕن و، مارشالی سۆڤیەت، بەشێوەیەکی لاستیکی، ئەو گەرەنتیەی بە قاسمدا، لەبەر

ئەوە گەڕانەوەی بـارزانی ٢ مانـگ دواکەوت تـاکو لە لایەک قاسـم بتـوانێ تەسـفیەی ناسـرپیەکان بکـات و لە لایەکیتـریش جـۆش و خرۆشـی کـورد و کۆمونیستەکان دابمرکێتەوە.

بەو سیاسەتە دوو فاقیە قاسم توانی خۆی لە عارف رزگار بکات. لە سـەرەتا ئالوگۆڕی بە ئەفسەرە بالاکانی لایەنگری عـارف کرد و هەندێکی خستە ژێر چـاودێری، لە هەمـان کـات پەیوەنـدی لەگەڵ قـاهیرە باشـترکرد. لە کۆتـایی سێپتەمبەر قاسم هێزی لە دژی عەبدول سەلام بەکار هێنا، لە وەزیری نـاوخۆ دوری خسـتەوە، جـابر عـومەری وەزیـری پەروەردە و فـواد ئەل ریکـابی وەزیری پلاندانانیشی لابرد. جابر عومەر لە مەحکەمەی شەعب دادگایی کراو تاوانی ئەوەی خرایە پاڵ گوایە نیازی ئەوەبووە سیستەمی پەروەردەی میسر لە عێراق بسەپێنی، بۆ ئەو مەبەستەش سەدان مامۆستای میسری هێنـابووە ولات. هەرچـی ئەل ریکـابی بـوو ئەویـش بەوە گوناهبـار کرابـوو کە نیـازی جێبەجێکردنی پلان و پڕۆژەکانی قاهیرەی هەبووە. لەبەر ئەوەی زۆر گەنـج و بە وزەو توانا بوو قاسم لە شوێنی خۆی لایبردو کردیە وەزیری دەولەتی بێ وەزارەت. کەچـی جـابر عـومەر پـاش دادگـایی بە زینـدان سـزا درا. پێویسـتە ئامـاژە بەوە بکەیـن کە ئەو گۆڕانکـاری و دورخسـتنەوانە بەبـێ ئاگـاداری ئەنجومەنی وەزیران ئەنجامدران بەلام تەنها بە بڕیاری قاسـم و رەزامەندی ئەنجـومەنی سـەروەری کە لە ٣ کەس پێ هـاتبوو. دەگێڕنەوە گوایە هەردوو وەزیـر، جـابر عـومەر و ئەل ریکـابی ئەوکـاتەی هەواڵەکەیـان پێگەیشـت لە وەزارەتێکیتـر پێشـوازیان لێکرابـوو. لە هەمـان کـات، بەبێ ئاگـاداری بـالوێزی ئەلمانیای رۆژئاوا، عەبدول سەلام عارف، بۆ پۆسـتی بـالوێزی عێـراق لە بۆن دەستنیشـانکرابوو. ئەوەش سـەرپێچیە لە داب و نەریـتە دیپلۆماسـیەکان. هەر لەبەر ئەوە بوو، لە کـاتی پێشکەشکردنی وەرەقەی ئیعتمـاد، داوای لێبوردنیـان لە ئەلمانیا کرد.

## بەدیارکەوتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی

قاسم لە بارودۆخێکی یەکجار دژوار توانی هەراو هۆریای کوردەکان دابمرکێنتەوەو تا رادەیەک مل بۆ داخوازیەکانیان بدات، رۆژ بە رۆژیش دەنگۆی راپەڕین و یاخی بوون لە بەغدا بلاودەبوونەوە، ئەوەش نیشانەی بلاوبوونەوەی ناڕەزایی گشتی بوو. لەم هەلومەرجە ناخۆشە رەشید عالی گەیلانی، کە ماوەیەک لە ئەلمانیا لای هیتلەر و ماوەیەکیش لە میسرٍ لای جەمال عەبدولناسرٍ میوان بوو، گەڕایەوە عێراق. عەبدول کەریم تکای لە گەیلانی کرد دەست لە سیاسەت نەدا، لە مالی خۆی بە ئارامی دانیشێت و، لە هەمان کات ئاماژەی بەوەکرد کە سەدیق شەنشەلی سەرۆکی حیزبی ئیستقلال، کە کاتی خۆی پشتیوانی لە کودەتاکەی گەیلانی، ١٩٤١، کردبوو، دەکاتە وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن.

لەوەش زیاتر قاسم، لەگەل هاتنەوەی پیاوە پیرە شۆڕشگێڕەکەی لایەنگری ئەلمانیای نازی، بە زانایی لە ٧ ئەیلولی ١٩٥٨ بڕیاری لێبوردنی "بۆ هەموو ئەوکەسانەی کە بە هۆی هەولدانیان بۆ ئازادکردنی ولات و بەدەست هێنانی ریفۆرمی پێویست لە ئەیلولی ١٩٣٩ تاکو ١٤ تەموزی ١٩٥٨ زیندانیکرابوون" دەرکرد. لە ئەنجام ٦٠٠ کەس، زۆربەیان بەهۆی روداوەکەی گەیلانی، لە ١٩٤١، دەستگیرکرابوون، ئازادکران.

رەشید عالی گوێی بە ئامۆژگاریەکانی قاسم نەدا، لە دیسەمبەری ٥٨ لەسەر سکالای کۆمونیستەکان، بە تاوانی هەولدان بۆ کودەتایەکی فاشیستانە، دەستگیرکرا. گوایە کودەتاچیەکان بڕیاریاندابوو وەک سەرۆکی ئایندەی

عێراق دەستنیشانی بکەن. لە جانیوەری ١٩٥٩، بە نهێنی دادگایکرا بەلام لە تەموزی ١٩٥٩ ئاشکرابوو کە بە خۆی و برازایەکی بەناوی مونزیر عالی و ژمارەیەک لە لایەنگرەکانی، بە سێدارە سزادران. بەلام پاش ماوەیەکی زۆر دوو هەوالی زەوی هەژێن بلاوبووەوە گوایە کودەتا فاشیستیەکە لە لایەن عەبدول سەلام عارف ئامادەکاری بۆ کرابوو، ئەویتریش "سزای مەرگی گەیلانی" تەنها پڕۆپاگەندە بووە، چونکە لە راستی رەوانەی قاهیرە کرابوو.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لەکاتی کودەتاکەی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ شۆڕشگێڕە – نوێیەکان، بە توندڕەو مۆدێڕاتەکان لەسەر ئەوە هاوهەلوێست بوون کە پێویستە شالاوێکی پاکردنەوەی وولات، لە دارودەستەی ئیمپریالیزم، دەستپێبکرێت. روداوی ئەوها، پێشتر، لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست، نەقەومابوو، بۆ ئەم مەبەستە یاسایەکیان، بە ناوی "دژی پیلان و فەسادی"، دەرکرد، بە پێی ئەو یاسایە هەموو کاربەدەستەکانی حکومەتەکانی پاشایەتی پێشو، کە لە ژیاندامابوون، دەستگیر کرێن و دادگایی بکرێن. ٤ / ٥ ئەندام پەرلەمانتارانی پێشو، ٦ ژەنەڕالی بالا، ژمارەیەکی زۆر ئەفسەری پلە ناوەندیەکان، دەیان بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتەکان، ٢٢ کاربەدەستی بالای هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش، ٥ بەڕێوەبەری رادیۆ، ٣ سەرنووسەری رۆژنامە، ٥ رۆژنامەنوسی ئاژانسەکانی بیانی، ژمارەیکی یەکجار زۆری کاربەدەست و فەرمانبەری بچووک، گیران.

ئەو یاسایەش لە دوای ئەو لێبووردنە هات کە زۆرێک پێیان وابوو لێبوردنەکەی قاسم بە پەلە پەل بووەو دیراسە نەکراوە، ئەوەتە بەهۆی ئەو لێبووردنە چەندەها کەس، وەک وەزیری سەردەمی پاشایەتی، پاچەچی کە کاتی خۆی بە "رەفتاری دژ بە گەل" گوناهبار کرابوو، یان جابر عومەر، ماوەیەک پێش ئێستا دورخرایەوەو زیندانیکرا، توانیان بێنەوە گۆڕەپانی سیاسەت.

وتارەکانی رۆژنامەی ئیتیحاد ئەل شەعب، لە دژی لێبوردنەکە، زۆر توونـد بـوون "ئـازادکردنی ئەو کەسانە هەرەشـە و مەترسـی، بۆسـەر کۆمـار، زیـاد دەکەن. ئەو لێبوردنە خزمەتی چین و توێژەکانی گەلەکەمان ناکات". ئەوکات کۆمونیستەکان ئەوەندە بەهێز بوون رێگەیان بەخۆیان دەدا بەمشێوەیە رەخنە لە لێبوردنەکە بگرن بەلام قەت ناوی قاسمیان نەدەهێنا، هەموو هەولیان بۆ ئەوە بوو ئەو لێبوردنە هەموار بکەنەوە. یاریەکی دوو فاقی لە نێوان قاسم و کۆمونیستەکان لە ئـارادابوو. کۆمونیسـتەکان، بە ئاشـکرا، رەخنەیـان لە شەخسـی قاسـم نەدەگـرت و بە خـراپە باسـیان نەدەکـرد، قاسـمیش نـاوی "کۆمونیسـتەکان"ی نەدەهێنـا بەلکـو فێلبـازانە ئامـاژەی بە "فەوزاچیەکـان"، "موخەریبین"، "دوژمنانی گەل"، "دوژمنـانی یەکێتی عەرەب"، "تـاقمێکی تـایبەت"، "هەندێ زومرە و رێکخراو" و .. هتد دەکرد. ئەو رووبەڕوو بوونەوەیە تـازە سەری دەردەهێنا.

# مارشال بارزانی بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە

قاسم پێش ئەوەی ڕێگە بە گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزان بدات دەبوایە مەترسی عارف بەلاوە بنێ، بۆ ئەو مەبەستە کەسایەتیەکی کۆنی سیاسەتی عێراقی راسپارد سەردانی قاهیرە بکات، ئەو کەسەش کامیل چادرچی، سەرۆکی پێشوی حیزبی وەتەنی بوو، بە فەرمی بەناوی زیارەت و توریستی بوو بەلام لە راستی بۆ ئەوە بوو کە بارودۆخی عێراق بۆ ناسر و راوێژکارە نزیکەکانی باس بکا، بە تایبەت دورخستنەوە و بەلانانی عارف کار ناکاتە سەر پەیوەندیەکانی لەگەل میسر. هەنگاوەکانی حکومەتی بەغدا بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی کۆمارە، بۆ ئەوەی چیتر کوردەکان، بە پالپشتی کۆمونیستەکان، نەڕەنجێن و نەبنە هەڕەشە. جەمال عەبدول ناسر، بە پێی ئەو هەوالانەی، لە ڕێی دیبۆماتکارانی فیدراسیۆنی عەرەب کە هێشتا لە بەغدا مابوون، بەدەستم گەیشتوون لەم بارودۆخە پڕ ئاژاوەی عێراق ڕۆژ دوای ڕۆژ لە بیرۆکەی یەکگرتنەوەی لەگەل عێراق دوور دەکەوێتەوە.

عارف لە بەغدا لە ژێر ئیقامەی ئیجباری بوو، رازی نەبوو بکرێتە سەفیری عێراق لە ئەلمانیای ڕۆژئاوا، دوای هێن و منهێنەیەکی زۆر داوایکرد بۆ قاهیرەی رەوان بکەن. بەلام دوا هۆشداری پێدرا، تا ٥ ڕۆژیتر، یان بچێت بۆ بۆن، لە ئەلمانیا، یان گیران و دادگایکردن بەوەی فەرمانی سەروی خۆی جێبەجێ نەکردووە. لە ١٠ ئۆکتۆبەر قاسم پێشوازی لە سەفیری قاهیرە دەکات، روژی دوایی عارف رەزامەندی پیشاندا بۆ ئەلمانیا بڕوات. بەمشێوەیە "کەیسی عارف" بە ئاشتیانە، لە نێوان قاسم و ناسر، چارەسەرکرا بەلام

پێویستە ئاماژە بە ڕۆلی چادرچی بکرێت، ئەویش لە خەمی ئەوەدا بوو کە بەشێک لە حیزبەکەی ڕۆژ بەرۆژ زیاتر لە کۆمۆنیستەکان نزیک دەبووەوە.
بەهەر حال پاش ٢٤ سەعات لە ڕۆیشتنی عارف هەواڵەکە بڵاوکرایەوە.
پاش تەواوبوونی کەیسی عارف، بەڵام دەبینین چارەسەرێکی کاتیە، قاسم هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە بارودۆخەکە گونجاوە تاکو "شێخی سور" بگەڕێتەوە. دانوستانەکان زۆر بە نهێنی دەچوونە پێشەوە، لەگەل ئەوەش لێرەو لەوێ مقۆ مقۆ و خەبەرەکان بڵاو دەبوونەوە. ڕۆژی گەڕانەوەی بارزانی، ڕۆژێکی یەکجار گەرمی ئۆکتۆبەر بوو، ژمارەیەکی کەم لە لایەنگرە نزیکەکانی بارزانی هاتبوونە فرۆکەخانە بۆ پێشوازیکردن، بێجگە لە کوردەکان شەنشەلی وەزیریش ئامادەبوو، ئەو لە هەموو وەزیرەکان زیاتر دژی کۆمۆنیستەکان بوو، پاشان ناچار کرا ئیستیقالە، لە پۆستەکەی، بکات. ئەو ڕۆژە فرۆکەخانە جمەی دەهات، سەفیری تونس و مەغریب ئامادەبوون و هاتبوون پێشوازی لە شاندێکی جەزائیری، کە بە هەمان فرۆکە بەرێکەوتبوون، بکەن. قاسم چەند ڕۆژێک پێشتر ئیعترافی بە حکومەتی جەزائیر، لە مەنفا، کردبوو و ئەو شاندەش هاتبوون سوپاسی حکومەتی نوێی عێراق بکەن. نازانرێ لەبەرچی فڕۆکەکە تاخیر بوو، ئەوەش بووە هۆی گومان و مقۆ مقۆی کوردەکان و ووتیان ئەوە پیلانە لە بارزانی کراوە، نازانین چۆن ئەوها بە خێرایی دەنگۆیەکە گەیشتە بەغدا و بە ناو کوردەکان بڵاوبوەوە، لە ماوەیەکی کەم لافاوێک لە کوردان بە هوتاف و بەزم رەزم، نزیکەی ١٠ هەزار کەس دەبوون، زۆربەیان کورد و بەشێکیش شوعیەکان بوون، بەرەو فرۆکەخانەی "هینەیدی – Hinaidi" ، کە تەنها ٢ کم لە بەغدا دوور بوو، هاتن و ئەوەی لە پێشیان بوو رایانماڵی، کەڵکی ئەوەی نەبوو پۆلیس ڕێیان لێ بگرێ.

شاندی جەزائیر وایان دەزانی ئەو هەموو عەشامەتە، بە جۆش و خرۆشە، بۆ پێشوازی ئەوان هاتوون بەلام کە زانیان ئەوانە کوردن و بۆ پێشوازی لە سەرکردەکەیان، بارزانی، کە بە هەمان فرۆکە گەڕاوەتەوە، زۆر زۆر تورەو نیگەران بوون، بە هەزار شەرە شەق، لەبەر بەزم و رەزمی شایی و هەلپەرکێی کوردان، لە فرۆکەخانە نەجاتیان بێت و بچنە دەرەوە. بە دێژای رێگای فرۆکەخانە کوردەکان دەستە دەستە، هەتا گەیشتە هۆتێل سەمیر ئەمیس، پێشوازیان لە مەلا مستەفا کرد. منیش لەو هۆتێلە دابەزیبووم و باشترین شوێن بوو بۆ ئەوەی چاودێری رۆژهەلاتی ناوەڕاست بکەی و لێی حالی ببی. لۆ ماوەی چەندین رۆژ لافاوی کوردەکان دەوروپشتی هۆتێلی تەوق کردبوو، رۆژ بە رۆژ دەستە بە دەستە، لە شاخە بەرزەکانی باکور، کوردەکان بە جل و بەرگی رەنگاو رەنگ و تایبەتی خۆیان دەهاتن و دەچوون، دیمەنێکی یەکجار سەرنج راکێش بوو.

مستەفا بارزانی، دەمودەست، چووە حوزوری قاسم بۆ سوپاسکردن و دەربڕینی پالپشتی خۆی و میللەتەکەی لە حکومەتەکەی قاسم. رۆژنامەکانی عێراق بە وێنەی گەورە گەورە چاوپێکەوتنە مێژووییەکەی نێوان هەردوو سەرکردەیان بلاوکردەوە. لە ژێر دروشمی "برایەتی کورد و عەرەب" راستیەکیتر خۆی شاردبووەو، دوو کەسایەتی جیا لە رووی ئایدیا و، لە بەر ترس و هەڕەشەی جیا، بە ناچاری خالێکی هاوبەشیان دۆزیەوە، ئەو خالەش بریتی بوو لە دژایەتیکردنی پرۆژەی پان عەرەبی ناسریەکان. رۆژنامەیەکی تاران، بە ناوی "ئیتیلاعات و هەوال"، لە ١٩٥٨/١١/٠٥ لەسەر گەڕانەوەی بارزانی وتارێکی پڕ نیگەرانی و هەڕەشە ئامیزی بلاوکردەوە "یەکێتی سۆڤیەت بیر لە گۆڕانکاری لە سنوری ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکات و، قاسمیش، بە رێگەدان بە گەڕانەوەی مستەفا بارزانی، هەولێکی بێسود و

مەترسـیداری جێبەجـێ کـردوە، شـیرێکی بەدەسـتەوەیە دوو لای تیـژە، زولفەقارە، کە لەوانیە، پێش هەرکەسێکیتر، خۆی ببڕێت".
لە راسـتی ئەو رۆژانە، بـۆ هەمـوو لایەنەکـان، سـەخت بـوون. فەنـاتیزمی کوردەکان هەر لە هەلچوون بوو، بەناو بەغدا وەک داگیرکەرخۆیان پیشان دەدا. کـاتێ بەنـاو بـازاڕ دەسـوڕانەوە تـرس و دڵەڕاوکێیـان لەنـاو خەلـک بلادەکـردەوە، دوکانـدارەکانیش ناچـار بزەیەکـی درۆزنانەیـان لـۆ دەکـردن. بەڕێوەبەری هـۆتێلی سـەمیر ئەمـیس و کارگوزارەکـان بە پەلە پەل مـافور و کومبـاری گـران بەهایـان لولـدا و لەبەر پێـی ئەو کوردانەیـان هەلگـرت، ئەو شـاخاویانە، بە خۆیـان و پـێلاوە گەورەکانیـان لەسـەر عەردی هـۆتێلەکە رادەکشان تاکو چاویان بە سەرۆکەکەیان بکەوێت و چەپلەی لۆ لێدەن. ئەو باخچە جوانە پڕ فریزەی پشتەوەی هۆتێلەکە، لە گەرمای بەغدا ئاسان نەبوو بـاخچەیەکی ئەوهـا پێ بگەیەنـی، کە بەسـەر روبـاری دیجلەی دەڕوانـی و بە هەول و ماندووبونی چەندەها باخچەوان دروستکرابوو لە ماوەیەکی کەم لە ژێـر پێـی ئەو شـاخاوی و گوندنشـینانە تەفـرو تـونکرا. میوانەکـانیتر خەو و حەسانەوەیان لێ حەرامکرابوو، ناچار هەواریان گواستەوەو چوونە شوێنیتر، هەندێکیش بە شـەرمەوە نارەزایەتیان دەردەبڕی و بەڕێوەبەرەکەش، زۆر بە ئەدەب و پرۆفیشنال، هەر بە چاو بێ دەسەلاتی خۆی دەردەبڕی.
تـا ئەوکـاتە هۆتێل سـەمیر ئەمیس، بە خـۆی و ٩٠ ژوری نوسـتن، شـوێنێکی ئـارام بـوو، تەنهـا گوێت لە دەنگـی ئەو پانکـانە دەبـوو کە بە بنمیچـی ژور و هۆلەکـان قـائمکرابوون، لە پڕێکـا هەمـوو گـۆڕا. هەراو هۆریـا و بەزمەکـی ناشارسـتانی ئەو نـاوەی داگیرکـرد، بە کەس دانەدەمرکـایەوە. بە دەنگـی بەرز هاواریان دەکرد، بە چەپلە رێزان گۆرانیـان دەگوت و هەلدەپەڕین، هـونراوەو شیعری نیشتمانیان دەوتەوە، ماندیبوون و راوەستانیان نەبوو، تـا درەنگانی شەو، کاتی هاتنی مەنعەتەل جەول، ئەوە کەیف و سەفای کوردەکان بوو.



LA GENTE KURDA NEL PERENNE DELIRIO DELL'INDIPENDENZA

Come il più acceso ribelle del Kurdistan divenne Maresciallo dell'Armata Rossa

LA GENTE KURDA NEL PERENNE DELIRIO DELL'INDIPENDENZA

Il trionfale ritorno di Al Barazani dopo undici anni di esilio in Russia

LA GENTE KURDA NEL PERENNE DELIRIO DELL'INDIPENDENZA

Difficile e sconcertante incontro con il ribelle kurdo in divisa sovietica

ناوی هەندێ وتار: چۆن بەناوبەنگترین یاخی کوردستان بووە مارشالی لەشکری سور. گەڕانەوەی شکۆمەندانەی بارزانی، دوای ١١ سال لە ئاوارەیی لە روسیا. دیدارێکی بە زەحمەت و گرنگ لەگەڵ یاخی بووە کوردەکە.

# لە دیوەخانی شێخ "بارزانی"

"هەر مالوێرانی لەگەڵ خۆیان دێنن، لەشیان پڕ نەفرەتە"، ئەوە ئەو قسانەیە کە لەم رۆژانە، هەندێ لە عەرەبەکان، لە بن گوێیان خوندوم. "بێجگە لە مالوێرانی چیترمان لۆ ناهینن"، لە هەمووی مەترسیتر هەستان - لافاوی دیجلەیە، کاتی بەفری لوتکەکانی کوردستان دەتوێنەوە دیجلە هەلدەستێ. لەم شاخانە، بەفر هەرەس دێنێ، دارو بەرد لەگەڵ خۆی رادەمالێ، لەم گەلی و باسکانە خوڕە خوڕی ئاو وەک لورە لوری گورگ بەرز دەبێتەوە، بەرەو دۆڵ و دەشتایەکان بە خوڕ دێتە خوارو ئامانی نیە، بە درێژی رێگاکە هەتا دەگاتە بەسرەو کەنداوی فارس کاول دەکات. چەند سالێکە هەندێ بەربەستی سادەیان دروستکردووە تا ئاوەکە بە ئاراستەیەکیتر بڕوات. بەلام ئەو "نەفرەت" و مالوێرانیە لە دێرزەمانەوە هەتا ئەورۆ مردن و کاولکاری دەچێنن، لەبەر ئەوە هەتا چەند سەدەیەکیتر لە بیر ناکرێن، بەغدا – بەبێ ئەوەی باسی کاولکاری مەغۆلەکان بکەین – جارێک تووشی پەتای تاعون بوو کە کەس بەکەس نە بوو، کەس بیری لای روبارو دانانی بەر بەست نەبوو، لەو بارودۆخە لافاویش هات و بە جارەک وێرانیکرد. ئەوەش بووە هۆی مردنی ٣ / ٤ دانیشتوانەکەی کە بە درێژایی ئەم روبارە دەژیان.

لەم کەش و هەواو بیرەوەریانە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ "شێخی سۆر" دەبوایە ئارەقەی رەش و سپی بکەم، داوا و تکا لەم و لەو بکەم، لە کۆتایی دەرگایەکم دۆزیەوە کە سکرتێرەکەی بوو. ئەو سکرتێرە کەسێکی گەنج بوو، قەت نەمدیت جلی کوردی لەبەر بکات، هەمیشە جلو بەرگی کەشخەی ئەورپایی

لەبەر بوو. لە رەفتار و گفتار وا هەستم دەکرد هیچ لە کوردان ناچێ. ئەو لە یۆگۆسلاڤیا خوێندبووی، پاشان لە مۆسکۆ علومی سیاسی تەواو کردبوو، فەرەنسیەکی باشیشی دەزانی. جارێک بە هەموو سەراحەتێک پێی گوتم ئێمە هەموو هەولێک دەدەین تاکو پرۆژەی پان عەرەبیزم جێگای ئیمپریالیزمی رۆژئاوا نەگرێتەوە.

هەفتەیەک چاوەڕوانمکرد، لەو ماوەیە توانیم، بە کەیفی خۆم، تەماشای ئەو پیاوەی خۆم بکەم، هەمیشە لە لایەن فەرماندەی گشتی و پاسەوانەکانی دەورەدرابوو. لە کاتی نانخواردنی بەدەستی تەماشام دەکرد، زۆر حەزی لە نانخواردن بوو، جاری وا هەبوو بەرخەک یان گیسکەکی بە تەواوی دەخوارد. لە بەلکۆنی ژورەکەی، لەهۆتێل، رۆژێ ٣ جار، بەیانیان، پاش نیوەڕۆ و ئێواران خۆی پیشانی ئەو خەلکە دەدا کە لە شاخەکانی کوردستان، دەستە بە دەستە، دەهاتنە زیارەتی و بەخێر هاتنەوەیان لێدەکرد، چەپلەیان بۆ لێ دەدا، شیعریان بەسەر دەخوێندەوە و لە سالۆن و حەدیقەی هۆتێلەکە پالیان دەدایەوە، ئەوکات کۆڕ و کۆبونەوەو وتاردان لە دەرەوە قەدەغەکرابوون. بارزانی کەسێک بوو هەست و سۆزو ناخی دلی دەشاردەوە. سەرەڕای ماندو شەکەتی، ئارەقەکردن و هەناسە تەنگی رۆژانە بە بەردەوامی پێشوازی لە خەلکەکە دەکرد، دەستی دەگوشین و لە ماوەی یەک دەقە ٣٢ کەسی ماچ دەکرد.

لەو کەش و هەوا بە جۆش و خرۆشە بە ئاسانی توانیم ئەو "ئەنتەلێکتوال"انەی دەوروپشتی بارزانی بناسم و زۆر شتی نوێیان پێ ووتم. بە گشتی ئیعترافیان بەوە دەکرد کە ئەو برایەتیە نوێیەی کورد و عەرەب پۆزەتیڤە بەلام لە هەمان کات منە منیشیان دەکردو دەیان گوت بە شێوەیەکی عادیلانە مافەکانی کورد دانیان پیا نەنراو، باسی هەموو قوربانیەکانی کوردیان دەکرد، ئاماژەیان بەو خزمەتە زۆرەی مێژوویيان دەکرد، مەبەستیان

سەلاحەدینی ئەیوبی بوو کە بەڕەسەن کورد بووە. پاشان باسی ئەوەیان دەکرد کە کوردەکان چۆن تەتەر و مەغۆلاکانیان بەزاند و خاکی ئێستای عێراقیان رزگار کرد. باسی ریفرۆندۆمی ١٩٢٥ دەکرد کە چۆن کوردەکان دەنگیان بۆ عێراقدا و تورکیایان هەلنەبژارد (کێشەی ویلایەتی موسل و کۆمەلە گەلان لە سالی ١٩٢٥، و)، تا دەگاتە دژایەتیکردنی پەیمانی بەغدا کە بە قسەی کوردەکان هەرسێ حکومەتی بەغدا و ئەنقەرەو تاران بە نیازی سەرکوتکردنی داخوازی کوردەکان ئەو پەیمانەیان بەستبوو، بۆ ئەو راستیەش باسی ئەوەیان دەکرد کە عێراق و ئێران، بە یەکەوە، ئۆپێراسیۆنی سەربازیان لە دژی هۆزی جوانرۆ ئەنجامداوە.

# بە دوای رەگ و ریشەی موسۆلینی

کوردەکان قەناعەتیان بەوە بوو کە ناوچەی موسل (ویلایەتی موسل، و) ی ژێر دەسەلاتی کوردەکان قەلایەکی حاسێی سروشتیە، لایەنگرانی مستەفا بارزانی، لە ئەوروپا، زۆر بە دیقەت باسی رۆل و گرنگی موسلیان بۆ دەکردم نەک تەنها بە هۆی پەترۆل، بەلکو بە قوماشی کوالیتی باش بەناوبانگە کە پێ دەلێن "موسۆلە یان موسۆلینە". لە کۆنەوە پیشەوەرانی ناوچەی پەدانیا[١٤]، لە ئیتالیا، کە بۆ تیجارەت سەردانی ئەو ناوچانەیان دەکرد، لێرە لە موسل، فێری پیشەی چۆنیەتی چنین و رەنگکردنی "موسلی" ئەو قوماشە بوون و لەگەل خۆیان هێنایانەوە ئیتالیا وبە "موسۆلینی" ناوی دەرکرد. ئەو زانیاریانە بۆ من سۆرپرایز بوون، لێرە کوردەکان، بە ئەنقەست، بۆ ئەوەی زیاتر شۆکم بکەن، سەبارەت بە ناوی موسۆلینی، باسێکیتریان بۆ گێرامەوە کە لە کتێب و ئەدەبیاتی رۆژئاوا وجودی نیە. کوردەکان دەلێن ئەبو موسلم (ئەبو موسلم خۆراسانی، و) لە سالی ٧٤٧ زا ئالای رەشی بەرزکردەوە (ئالای فاشیەکانی ئیتالیای سەردەمی موسۆلینی رەش بوو، و) و بە خۆی سوپاکەی دەولەتی ئەمەوی روخاند و تەسلیمی دەستی عەباسیەکانی کرد. خەلیفە مەنسوریش، لە جیاتی سوپاس و لەبەرچاوگرتنی ئەو خزمەت و دلسۆزیە، کە بووە مایەی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی عەباسی، خیانەتی لە ئەبو موسلیم کرد و بە

---

[١٤] پەدانیا – Padania ناوچەیەکی فراوانی ئیتالیایە، ٥ هەرێمی باکور لە خۆی دەگرێت، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ٢٥ ملیۆن کەسە، پێوانەکەشی نزیکەی ١٠٠ هەزار کم چوار گۆشەیە و بە بڕبڕەی پشتی ئیالیا لە قەلەم دەدردیت و دەولەمەندترین بەشی ئەم ولاتەیە، وەرگێر.

ناهەق کوشتی. لە دوای کوژرانی ئەبو موسلیم زۆر لە کوردەکان و تەنانەت فارسەکانیش بە پیرۆزی دەزانن و هەولی تۆلەکردنەوەیاندا.

کوردەکان بۆ زیندوکردنەوەی بیرەوەریەکانی پەیوەست بە موسۆلینی بە خۆشیەوە باسی ئەو فڕۆکەوانە ئیتالیانەیان کرد کە لە کاتی کودەتاکەی رەشید عالی گەیلانی، لە سالی ١٩٤١، لە بنکە سەربازیەکانی ناوچەی موسل دابەزیبوون.

ئەوە هەلویستێکی نۆستالژیە، بێجگە لەوەی پیشانمان دەدات کە هەست و سۆزی بەربلاوی بەشیکی زۆری جیهانی ئیسلامی بۆ پالپشتی لە ئەلمانیای نازی و هاوپەیمانەکانی شتێکترم دێنیتەوە یاد، ئەوکاتەی خەریکی رومالیکردنی هەوالەکانی قەیرانی کەنالی سوێس بووم لە میسر لە سالی ١٩٥٦. زۆرجار ئەوەیان بۆ دەگێڕامەوە کە چۆن لاوە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان دژی بەریتانیا خۆپیشاندان و مەسیرەیان ریک دەخست، بە تایبەت لەو کاتەی هێزەکانی ئیتالیا، لە ١٩٤١، لە بیابانەکانی لیبیا پێشڕەویان دەکرد. پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو روداوانە بوون، وەک بۆیان باس کردووم، بوونە هەوێنی سەرهەلدان و گەشەکردنی بیری نەتەوەیی و نیشتمانی و شۆڕشگێڕی، بەرهەمەکەشی کودەتاکەی ناسر، لە سالی ١٩٥٢ بوو.

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئاماژە بە کتێبێک، بە زمانی عەرەبی، بکەم کە تاکو ئێستا لە رۆژئاوا نەناسراوە، لە رووی مێژووییەوە سەرچاوەیەکی گرنگە، نووسەر، ئەنوەر سادات، ئەوکات وەزیری دەولەت و سکرتێری گشتی کۆنگرەی ئیسلامی بوو، دەگێڕێتەوە کە چۆن هێرشی سوپای ئیتالیا لە بیابانەکانی لیبیا بووە هۆی زیندوبوونەوەی هیواو ئامانجە نیشتمانپەروەریەکان بۆ ئەوەی لە داگیرکاری بەریتانیا رزگارمان بێت. ئەوەتە نووسەر دەلێ یەک مانگ دوای پەلاماری سوپای ئیتالیا، ئەوکات سەرۆک وەزیرانی میسر حوسین سیڕی بوو، سەفیری ئینگلیز داوای کرد پەیوەندی

دیبلۆماسی لەگەل حکومەتی ڤیشی فەرەنسا، کە ئەوکات لە ژێر داگیرکاری نازیەکان بوو، بپسێنێ، کەچی سیری دەیهێنا و دەیبرد و گوێی بە داوکاریەکان نەدەدا، کار گەیشتە ئەوەی سەفیری ئینگلیز داوا لە مەلیک فاروق بکات سیری بە نەحاس بگۆڕێ کە زۆرتر مەیلی بەلای ئینگلیز دەچوو. بەلام مەلیک بەو فشارە رازی نەبوو و بووە هۆی تەقینەوەیەکی مەترسیداری خۆپیشاندانەکان، دوای ٤ رۆژ هەزاران کەس رژانە سەر شەقامەکانی قاهیرە و هوتافیان بۆ لایەنگری ئیتالیەکان و مارشال رۆمێل Johannes Erwin Eugen Rommel (1891-1944)، دەدا کە ئەوکات لە سنورەکانی میسر نزیک دەبوونەوە. لەبەر ئەوە سەفیری بەریتانیا کاردانەوەیەکی توندی نواند، بە خۆی و لەشکرێک روویکردە کۆشکی پاشایەتی لە قاهیرە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی داب و نەریتە دیبلۆماسیەکان بە عەنتەریات بەرە و شوێنی مەلیک فاروق کەوتە رێ، کاتێک پاسەوانەکانی کۆشکی پاشایەتی ویستیان رێ لەو سوکایەتە بگرن و مەلیک ئاگادار بکەنەوە، قیژاندی بەسەریان "بە خۆم رێگاکە دەناسم"، یەکسەر چووە ژوری مەلیک فاروق و دوا هۆشداری پێدا، یان لە ماوەی ٢٤ سەعات نەحاس دەکرێتە سەرۆک وەزیران یان خۆی و دەست و پێوەندەکانی لە کۆشکی شاهانە لادەبرێن و تاجەکە دەخرێتە سەری کەسێکیتر. نەحاس ئەوکات یەکێک لەو کەسە دەگمەنانە بوو کە دژایەتی ئەلمانیا و هاوپەیمانەکانی دەکرد.

نووسەر، ئەنوەر سادات، لە کتێبەکەی بە ناوی "لاپەڕە لەبیرکراوەکانی شۆڕشی میسر"[١٥] پێمان دەلێ پرۆژەی سەفیری ئینگلیز ئەوە بوو سوپای ولاتەکەمان، لەبەر چاوی میللەتەکەمان، سوک بکات و وەک پاسەوانی دوژمن رەفتار لەگەل کۆمەلانی خەلک بکات. بەلام ئەو پرۆژەیە، سەری نەگرت،

[١٥]انور السادات، الصفحات المجهولة للثورة، و.

نووسەر بە ئاسانی و بەبێ گرفت رەخنە لە رژێمی پاشایەتی دەگرێت، پێشەکی کتێبەکەش لەلایەن جەمال عەبدول ناسرڕ، نووسراوە کە رێزی لە مەلیک دەگرت و رەوانەی مەنفای کرد و لە دوای مردنی مەلیک فاروق رێگەیدا جەنازەکەی بێتەوە ولات. ئەو پرۆژەیە دەبوایە شکست بهێنێ، چونکە ئەوکات، مەلیک فاروق هێشتا سونبولی نیشتمانی بوو، سەرچاوەی هیواو و بوژاندنەوەی هەستی نیشتمانی و لاوان بوو. لەبەر ئەوە هەمووان پێیان وابوو رەفتاری سەفیری ئینگلیز رەفتارێکی عەنتەریاتی بوو، لەبەر ئەو هەلوێستە، بەڕای ئەنوەر سادات، مەلیک فاروق نەیتوانی لەو شۆکە جارێکیتر هەلسێتەوە سەر پێ، لە ناخی دڵەوە هەستی بە بریندار کردنی شکۆی میسر و هەیبەتی پاشایەتی کردبوو، لە رووی نەفسی دارڕمابوو. ئەوەش بوو هۆی تێکچوون و بە خێرایی کەوتنی باری تەندروستی و فیزیکی. لەبەر ئەوە ئەفسەرەکانی سوپا، سادات یەکێک بوو لەوان، بۆ دەربڕینی نارەزایی لە دژی رەفتاری سەفیری ئینگلیز، دەستیان بە جموجۆلکرد، لە یانەیەکی سەربازی، بە ناوی زەمالیک – Zemalik، کوبوونەوەیەکیان بەست بۆ ئەوەی بڕیار بدەن چی بکەن؟ بەشێک پێیان وابوو کاتی ئەوە هاتووە لە دژی ئینگلیز راپەڕین بکەن و رێگە بۆ مارشال رۆمێل بکەنەوە تاکو لەگەل لەشکری ئیتالی – ئەلمانی یەکبگرنەوە و وولات لە ئینگلیزەکان پاکبکەنەوە. بەلام میانڕەوەکان پێیان باش بوو کە هێشتا هەلومەرج لە بار نیە، هەموو ولات لە لایەن سوپای ئینگلیز داگیرکراوە، ولات ئامادەی ئەو جەنگە نیە. هەر جولەیەکی پێشوەختە زیان بەو ئامادەکاریانە دەگەیەنێ کە "ئەفسەرە لاوەکان" خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆی و، ئەو سوکایەتیەی سەفیری ئینگلیز پالنەر و رێگە خۆشکەری گەشەکردنی ئەو هەستە نیشتمانیە بوو، کە لەم کات و ساتەی قۆناغی رۆمانسی و تیوری نیشتمانی پێی دەنایە قۆناغی دانانی پرۆژەو پایەکانی شۆرش. ئەوە بوو دوای چەند رۆژێک جەمال عەبدول ناسرڕ دەبێتە

مامۆستا لە کۆلێژی سەربازی، لێرەش بیرو بۆچوونە شۆڕشگێڕیەکانی خستە دڵ و دەرونی ئەفسەرە تازە پێگەیشتووەکان، بەدەستی خۆی تۆی "مسرِی نویَ"ی پەرتکرد و دوای ١٠ سال بەرهەمەکەی دەدرویێتەوە، ئەوەش لە ژێر ئەم فشارانە بوو کە لاوانی میسری لە سالی ١٩٤١ و بەهاری ١٩٤٢ هێنابووە سەر شەقام و پڕ بە قوڕگ هاواریان دەکرد "بژی ئیتالیا، بژی مارشال رۆمێل، مردن بۆ ئینگلیز".

ئەوە هەر لە میسر و عێراق و کوردستان روی نەدەدا، بەلکو لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەڕاست تاکە هیوایەک بۆ رزگاربونیان لە دەستی ئینگلیز بریتی بوو لە سەرکەوتنی ئەلمانیا و هاوپەیمانەکانی. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە تاکو ئەورۆ چاومان بە هەندێ کەسایەتی و سیاسی، لە بەغدا و قاهیرە، دەکەوێت کە بەجۆرێک پەیوەندی و دۆستایەتیان لەگەل رژێمی موسۆلینی و هیتلەر هەبووە و، ئێستاش پلەو پۆستیان هەیە، وەک رەشید گەیلانی و شەنشەل، ئەو کەسانە ئەگەر لە ئەوروپا بونایە بە دلنیایەوە لە دادگای نۆریمبێرگ دادگایی دەکران.

# قەلای موسل

نزیکەی ١٠٠ میل لە سنوری تورکیا، سوریا و ئێران و، ٢٢٣ میل لە بەغدا دوورە. شوێنی موسل کەوتۆتە ئەو خالەی کە چیاکانی کوردستان لەگەل هی ئەرمینیا بەیەک دەگەن، لێرەوە رێگاکان، لە باشور بەرەو بەغدا و بەسرا دەڕۆن، لە رۆژهەلاتیش بەرەوە ئێران دەچن، شوێنێکی ستراتیجی زۆر گرنگە. بێجگە لەو رێگاو بان و کاروان سەرا و هێلی ئاسنی هەر لە موسلەوە رێگای ئاو، بە روباری دیجلە، دەست پێدەکات تا دەگاتە کەنداوی فارس و ئۆقیانوسی هیندی درێژە دەکێشێ.

لە ئەگەری هەر پەلامارێک بۆ سەر بەغدا – کوردەکان بۆم باس دەکەن – موسل خالێکی گرنگە بۆ بەرگریکردن، لێرەوە دەتوانرێ کۆنترۆلی ئەو رێگایانە بکرێت بۆ لەمپەردانان لە ئەگەری هێرش لە باکورو رۆژهەلات، یان رێگە لەم سوپایانە بگرێت، لە کاتی گەڕانەوە، لە بەغداوە بەرەو شوێنی خۆیان. بۆ نموونە روسەکان، لە جەنگی جیهانی یەکەم، هەولیاندا دەست بەسەر موسل دابگرن، تورکەکانیش موسلیانکردە ناوەندێکی ستڕاتیژی ئۆپێڕاسیۆنە سەبازیەکانیان. لە جەنگی جیهانی دووەمیش ئەلمانیا و هاوپەیمانەکانی بنکە و سەربازگەیان لە ناوچەی موسل دانا کە زیانێکی زۆری بە سوپای ئینگلیز گەیاند کە هەولی رزگارکردنی سەربازگەی حەبانیەیان دەدا کە ئەوکاتە لە لایەن هێزەکانی رەشید عالی گەیلانی دەورەدرابوو.

دوای گێڕانەوەی روداوە مێژووییەکان دۆستە کوردەکانم هاتنە سەر باسی بەڵێنەکانی قاسم بۆ کورد، دەڵێن یەکسانی کورد و عەرەب، لە مافەکانیان، کە لە دەستوری نوێی عێراق جێگیر کراوە بەلام چاوەڕوانی کردار دەکەین، زمانی کوردی پێویستە بە یاسا ببێتە زمانی فەرمی هەموو ولات، لە ئیدارە و قوتابخانەکان دانی پیا بنرێت، پێویستە ژمارەیەکی زۆری مامۆستای قوتابخانەکان و کاربەدەستە ئیداریەکان، کە بە کوردی بنووسن و بدوێن، نەک تەنها بۆ ناوچە کوردنشینەکان بەلکو بۆ دامەزراوە مەرکەزیەکانی دەولەتیش ئامادە بکرێن. پێویستە پەرە بە دانانی پیشەساری بدرێت، نەهێشتنی باج و رسوماتی گومرگی و کەمکردنەوەی باجی ناوخۆ، دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاران و پالپشتیکردنیان بە پێدانی کەرەسە و پەینی کیمیاوی، پێگەیاندنی کادیری بە توانا لە هەموو بوارەکان، لە شاند و نوێنەرایەتی عێراق لە دەرەوە، بە رێژەیەکی عادیلانە کورد دیاری بکرێن و، کردنەوەی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و ئاژەلداری، دروستکردنی هێلی شەمەندەفەر، کردنەوەی زانکۆ و دامەزراوە بالاکانی زمانی کوردی، بە تایبەتی دامەزراندنی ئەکادیمیای زانست و زمانی کوردی، کردنەوەی کۆلێژی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا، کردنەوەی ئێزگەی تایبەتی رادیۆی کوردی، گەشە پێدانی شانۆ و مۆسیقا و هونەر و ئەدەبی کوردی و ... هتد. بێگومان ئەوانە هەموو لەسەر ئەرک و پارەی حکومەتی بەغدا، بۆ ئەوەی لە کاتی گونجاو و جیابوونەوە لە عێراق سوودی لێوەربگیرێت. ئەو پرۆژەیە - دەکرێ سوندی لەسەر بخۆم - پالپشتی و لایەنگری بالوێزی نوێی سۆڤیەت، گرێگۆری، بەدەست بێنێ کە یەکسەر لە سەرەتای مانگی ئاب گەیشتبووە بەغدا، گرێگۆری ١٦ راوێژکارو کەسی شارەزای لەگەل خۆی هیناوە، ئەو لە سالی ١٩٤٥ تا ١٩٤٨ بالوێز بوو، زۆر باش شارەزای عێراق بوو، بە تایبەت خۆی بە دۆزی کورد، لە روانگەی بەرژەوەندیەکانی سۆڤیەت، سەرقال

کردبوو. پێش هاتنەوەی بۆ عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت بەرپرسی بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو.

پاش ئەو هینان و بردنە کوردەکان رازیبوون و قەناعەتیان هەبوو جورێک لە غەسل دەماغیان کردووم و کاتەکە گونجاوە بمبەنە حزوری "شیخی سۆر" کە وەک بەخۆیان دەیانگوت ئەوە ١٨ ساڵە دیداری لەگەل هیچ رۆژنامەنوسێکی ئەوروپی نەکردووە.

# بەشی شەشەم

# شێخی "سۆر"

# رووبەڕو لەگەل بارزانی

چـــوومە ژورەوە، کەم رونـــاک و ســـادەو هەژار بـــوو، پـــانکەیەکی گەورە دەسـوڕایەوە و ئەو دوکەلە زۆرەی لەت لەت دەکـرد، وەک هەویـر لەگەل ئەو بـۆنە ناخۆشــەی خەلـکەکە دەشــێلا. شـێخی سـۆر دانیشـتبوو وچـاوەڕوانی دەکـردم، خـۆی زۆر بە هەیبەتێکـی دەمامکـدار پیشـان دەدا، سـاردو سـڕ و بێـدەنگ و بە گومـان بـوو. بە لایەنگرەکـانی دەورە درابـوو، لە دەم و چـاو و سیمایان بە کەسـانی ماندودیتە و بەرداشـی رۆژگارهـاڕیبوونی دەردەکەوتـن، جلوبەرگی کوردی جۆراو جۆریان لەبەر بوو. هەستمکرد کە کەسایەتی ئەو پیاوە، پەتریالکـار و پڕ وزەیە هەسـت و هێـزی بلـۆک کـردوم تـا بە چـاوێکی رەخنە تەماشـای بکەم یـان وەک بەهرەیەکـی رۆژنامەنوسـی لە روی نەفسـی وێنەیەکی ئەو کەسە بگرم کە خەریکە دیداری لەگەل ساز دەکەم.

هەولەکانی خۆم بە گوڕخستەوە و ورەم بەخمدا، ئیمتیـازی ئەوەم هەبـوو کە یەکـێکە لە دیـدارە دەگمەنەکـانی ژیـانی رۆژنـامەگەریم، زۆر لە هاوپیشــەکانم هەولیانـدابوو بەلام بۆیـان رێـک نەکەوتبـوو، لەبەر ئەوە دەرفەتێکـی ئەوهـا بە ئاسـانی دووبـارە نـابیتەوە. بیـرم لە قســەو "هۆشـداریە شـیرینەکەی" قاسـم کـردەوە کە چەنـد رۆژێـک پـێش ئێسـتا بە کەسـێک، کە هـاتبووە هۆتێـل، بـۆی نـاردبووم، نـاوەڕۆکی مەسـیجەکە بریتیبـوو لەوەی "دەزانـم بەڕێزتـان، زۆر بە خسوســـی، بە قەزیەی کـــوردەوە خەریکـــن. ئەفســـەرەکانی مـــن، بـــۆ هەر یارمەتیەک، لە خزمەتتدان و دەتوانن هەموو جۆرە مەعلوماتێکت پێبدەن. بەلام ئامۆژگاریەکی دۆستانە نەکەی بە دوای روداوی سەرشێتانە و چاوپێکەوتنی

هەرەش ئامێز بکەوی". بە هەمان زمانی دۆستانە ئەو هۆشداریەم، لە لایەن بالوێزی ئیتالیا، دێللە کییێزە Della Chiesa، لە بەغدا پێگەیشتبوو، وادیارە لە لایەن بالوێزخانە چاودێری کرابووم کە لە بینایەکی بچوکی سەردەمی کۆلۆنیالی، لە کەڕادە مریەم، لەسەر روباری دیجلە، بوو، ژمارەیەکی زۆر عەسکەر پاسەوانیان لێدەکرد. ئێستا من لە "دیوەخان"ی ئەو پیاوە بە ترسە، سەرۆکی جەنگاوەرەکانم. جلی ئەوروپی، چاکەت و پانتۆلی لەبەر بوو، ئەوەش رێگەی جولەکردنی کەمدەکردەوە، نەخۆشی چاوی هەبوو، پرچی وشک و شانەکرابوو، تورە دیار بوو، بە تەبیعەت حەزی بە خۆپیشاندان بوو. بەو شێوەیە هاتە بەرچاوم.

ئەفسانەی شۆڕشگێڕی کوردان پیاوەکی بە شان و شەوکەت بوو، کەم دوو و روگرژ بوو بەلام بە دڵنیایی کەسایەتیەکی خاوەن فاشین بوو، بەبێ پێشەکی دەستی بە قسەکرد، زۆر بە راشکاوانە، تا گومان لە قسەکانی نەکرێت، گوتی بەڕاست و دروستی وەلامی هەموو پرسیارەکان دەدەمەوە، پاشان، بە تەماشاکردنێکی هەڕەشەدار، ووتی "بە پێچەوانەی ئەو شتانەی ئێوەی رۆژنامەنوسی رۆژئاوا دەیانووسن". منیش خۆم لەو هۆشداریە گێل کردو پێم گۆت دەتوانی بە کورتی باسی ژیان و بەسەرهاتی خۆتم بۆ بکەی؟

بە فەخرەوە، وەکو گۆریلە سینگی کوتاو ووتی "ئەوکاتەی عومرم ١٧ سالان بوو، لەدژی داگیرکاری کوردستانی عێراق لە لایەن ئینگلیز بەشداریم لە راپەرینی بارزان، لە گوندەکەی خۆمان، لە سالی ١٩٢٠ کرد. بە قەناعەتی خۆمان سەرکەوتووبووین چونکە توانیمان ئینگلیز لە گوندەکەمان بەدەرنێین. لە سالی ١٩٣١ سەرکردایەتی چەکداریم، لە دژی حکومەتی دواکەوتوو و کۆنەپارێز و نۆکەری ئیمپریالیزمی بەریتانی، کرد. گیرام و بۆ جنوبی عێراق، تا ١٩٤٣، نەفی کرام". لەو سالانە، بە دەنگێکی بەرز، چاوەکانیشی کرابوونەوە گووتی "خەریکی خویندن بووم و سەبر سەبر خۆم پەروەردە کردو لە

ماوەیەکی کەم سەقافەیەکی عامم بەدەست هینا. لە سالی ١٩٤٣ توانیم لە مەنفا رابکەم و گەڕامەوە بارزان، حکومەت سیاسەتی سەرکوتکردنی سیاسی و کولتوری پەیڕەو دەکرد. کەش و هەوایەکی لە بار هەبوو بۆ خەباتی چەکداری، بۆ بەدەست هێنانی ئاواتەکانی گەلەکەم".
گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی مستەفا بارزانی درێژەی هەبوو، هاوڕێکانیشی بە بێدەنگ و وەک ئەوەی لە خەلوەتبن گوێیان لە قسەکان راگرتبوو. لە قسەکان دیار بوو زۆر، بە هۆی مانەوەی لە بنکەکانی پەروەردەی ئایدیۆلۆجی لە قەوقاز، زۆر رستەو بۆچوونی حازر بەدەستی دەردەهێناو و وەک "حەقیقەت" فڕێی دەدا کە زەمانێکی زۆرە ئەدەبیاتی کۆمونیستی، وەک حەقیقەتی مێژوویی، بلاوی کردونەتەوە.
بارزانی لە درێژەی قسەکانی گوتی "هەندێ بنکەی پۆلیسمان داگیر کرد، پاشان هێزەکانی رزگاری کۆنترۆلی ناوچەیەکی فراوانیان کرد. ئەوکاتە حکومەتی نۆکەری ئیمپریالیزم بە سەرۆکایەتی ژەنەڕالی ئینگلیزی، رێنتۆن General James Renton, 1898-1972، لەشکرێکی گەورەی رەوانەی سەرمانکرد، هێزە قارەمانەکانمان بە سەرکەوتوویی بەرپەچی هێرشی دوژمنیان دایەوە. لێرەدا حکومەتی بەغدا دەستی بە فرت و فێل کرد، داوای موفاوەزاتی لێکردین. لە راستی تەنها نیازی ئەوەی هەبوو کات بکوژێت و خۆی رێک بخاتەوە بۆ ئەوەی هێرشێکی فراوانمان بکاتە سەر. ئێمەش رازیبووین شەر راگرین چونکە دەمانزانی ناتوانین، لە بەرامبەر هێرشی گەورەی هێزەکانی ئینگلیز، بەرگری بکەین. لە سالی ١٩٤٥ هێزەکانمان بردە سەر سنوری ئێران و راپەڕینێکی رزگاری شەعبی نوێمان راگەیاند. بەلام ئیمپریالیستەکانی بەغدا ترسی ئەوەیان هەبوو کە پڕوشکی ئەو خەباتە بگەویتە عێراق و بەناو کوردانی عێراقیش بلاو بێتەوە، بەتایبەتی لە رێگەی گوندی بارزان. بەو جۆرە دەستیان بە پیلانە گلاوەکانیان کرد تاکو لە

بزوتنەوەی دیموکراتی ئێران دامانبڕن. سوپایەکی گەورەیان لە دژی ئێمە ڕەوانەکرد کە پێک هاتبوو لە سەگەکانی ئیمپریالیزم و فیودالە کەمتیارەکان (لە دەقە ئیتالیەکەش، لە نێو کەوانە، ئاماژە بە وشەی کەمتیار کراوەو نیشانەی ! بۆ دانراوە. و)، بە پالپشتی فڕۆکەکانی ئینگلیز گوندی بارزانیان وێرانکرد، خەلکەکە ناچار بەجێیان هێشت وپەنایان بردە کوردستانی ئێران (شێخ مەبەستی کۆماری مەهابەدە کە لە سالی ١٩٤٦ ڕاگەیاندرا) و بەو جۆرە هەموو چووینە ڕیزی بزوتنەوی رزگاریخوازی".

ویستم قسەکانی پێ ببڕم بەلام شێخ کە بە دەنگەکی نێرانە قسەی دەکرد — دەینەڕاند، لا چاوێکی لێکردم وەک ئەوەی پێم بلێ دەمت بگرەو بێدەنگ بە، بە دەنگێکی گەورەتر درێژەی پێدا.

"لە سەرەتای سالی ١٩٤٧، ئەوکاتەی هێزە دیموکراتەکانی سۆڤیەت، لە بەرانبەر لەشکری ئێران، خۆیان کشاندە دواوە کوردەکان بە تەنها، بۆ ماوەی ٥ مانگ، درێژەیان بە شەڕی پێشمەرگایەتیدا. ئەمن، لەگەل چەکدارەکانم، لە سنوری نێوان ئیڕان و تورکیا و عێراق درێژەمان بە خەباتدا، هەتا ئەوکاتەی لەگەل ٨٠٠ کەس لە هاوڕێکانم، گەیشتینە یەکێتی سۆڤیەت. لێرە، لەبەرە ئەوەی لە دژی ئیمپریالیزم جەنگابووین، بە شێوەیەکی برایانە، پێشوازیمان لێکرا، بووبووینە هێمایەک بۆ هاندانی هەموو بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست. لەگەل هاوڕێکانم لە ئاوارەیی، لە ولاتانی سۆسیالیست، ژیانمان بەسەر برد تا ئەو کاتەی خەباتی گەلی عێراق بە سەرکردایەتی و حیکمەتی عەبدول کەریم قاسم، لە ١٤ تەموز، بە سەرکەوتوویی، کۆتایی بە حکومەتی ئیمپریالیستی بەغدا هێنا. عەبدول کەریم ڕێگەی پێدام بگەڕێمەوە و، منیش گەڕامەوە بۆ درێژەدان بە خەبات بۆ پارێزگاری لە کۆمارە ساواکەمان، کۆماری عەرەب و کورد، بۆ بەهێزکردن و گەشەپێدانی لەژێر سەرکردایەتی تاکە ڕابەرمان زەعیم عەبدول کەریم قاسم".

زمـان و گێـڕانەوەی باسـەکان جێگـای گومـان و سـەر سـوڕمان بـوون، بە تایبەتی لە روانگەی ئەو شتانەی لە دوایی روو دەدەن، واتە شێخ لە قسەکانی راستگۆ نەبوو. لێم پرسی "ئاخۆ چۆن ئەو دوو بۆچوونە ئاشت دەکاتەوە، لە لایەک قاسـم باسـی وەحـدەی وەتەنـی دەکـات و، لە لایەکیتـریش کوردەکـان خەبات بۆ دەولەتێکی سەربەخۆی کوردستان دەکەن ؟".

لە وەلام ووتـی "ئەوۆڕ لە عێـراق، بە فیعلـی و بە راسـتی کۆمـاری کـورد – عەرەب هەیە، جیـاوازە لە دەسـتورە رەجعیەکـان. خەبـاتی ئـێمە، بـۆ ئاینـدە، ئەوەیە براکانمان، لە بەشەکانیتر رزگاریان ببێت لە دەستی ولاتانی داردەستی ئیمپریـالیزم. باوەڕمـان بە رەوایەتـی و پیـرۆزی خەبـاتی گەلەکەمـان هەیە، بە هاریکاری ئەو میللەتانەی لە خەباتدان بۆ رزگاربونیان لە دەستی کۆلۆنیالیزم و بە کـۆمەکی گەلانـی ئـازادیخواز و ئاشـتیخواز براکانمـان لە بەشـەکانیتری کوردستان، کە تاکو ئێستا کوردستان عێراق ئـازاد بووە، ئەوانیش رزگاریـان دەبیَ و بە مافەکانیـان شـاد دەبن، لە پێشـەوەی هەمـووان مـافی چـارەی خـۆ نووسـین. ئـێمە تەواو دلنیـاین کە گەلـی کـوردی ئـازادیخواز و ئاشـتیخواز ئاینـدەیەکی پڕشـەنگداری دەبـیَ، رۆلێکـی گرنگـی لە پاراسـتنی ئاشـتی و دواڕۆژێکی روناکی رۆژهەلاتی ناوەراست دەبینیَ".

لە بەرامبەر ئەو هەمـوو پڕۆپاگەنـدە هێلـنج هێنەرە و بیَ مانـا و دژ بەیەکـانە نەمویست بەرپەچی قسـەکانی بدەمەوەو پۆلێمیک دروست بێت تەنها ئەوەم هێنـایە بیـری کە ئەو وەک مارشـالی لەشـکری سـور وەلامەکـانی، کە بە منـی داوە، دەچنە خانەی وەلامی سیاسی دیراسە بۆکراو.

پێی گوتم "تەماشاکە"، چاوی سوڕاند و گرژ بوو و لەسـەر کورسیەکە خـۆی هینا و برد وەک ئەوەی جێگەکەی تەسک بێت "تەماشـاکە، ئەو نـۆکەرانەی کە حوکمی بەغدایان دەکرد زۆر درۆ و شائیعاتیان لەسەر من بلاوکردۆتەوە..."

یەکێک لە پشتەوە شانی راکێشام بەلام "مەلای سۆر" تیلە چاوێکی لێکرد و یەکسەر لە پشتەوە شانیان بەردام. داوام لێکرد ئاخۆ هاولاتیەکی سۆڤیەتیە و جلی سەربازی، وەک مارشالی لەشکری سور لەبەر کردووە، بۆ ئەو مەبەستەش وێنەیەکی دەگمەنم پیشاندا کە بە جلی مارشالی بوو. بێدەنگیەکی گەورەو بە ترس هەموو ژورەکەی داگرت. یەکێک لە دەست و تاقمەکەی، بە زمانی کوردی، لەو باوەڕدام، داوای لێکرد دەرمکەنە دەرەوە. مستەفا بارزانی، بە ئاشکرا تورە دیار بوو، بە ئیشارەت پێی ووت بێدەنگبە، رووی لە من کرد و، بە دەنگێکی کونترۆلکرا ئەوها وەلامی دایەوە.

"سەر بەرزین بەوەی کە لەژێر سەرکردایەتی تاکە رابەرمان، عەبدول کەریم قاسم، بەشداری لە خەباتی شەعبی، بۆ پاراستنی کۆمارە نوێیەکەمان، دەکەین!".

وەلامی پرسیارەکانی منی نەدایەوە، دەتوانم بلێم دیدارەکە تەواو بوو چونکە بەرامبەرەکەم پێی لەناو لم بوو، بەولاو بەولا دەچوو، هەر هوتاف و دروشمی بێ تام و بەکار هاتووی دەگوتەوە. زۆر ئاگای لە خۆی بوو قسەیەک، رایەک و هەلوێستەک دەرببڕێت بە گران لەسەری بکەوێت، قەت وشیەی "کۆمونیست"ی لەدەم دەرنەچوو. باسی هەموو شتەک و هیچی نەکرد، هەگبەی، پڕ پرۆپاگەندەی سۆڤیەتی، بەتاڵکرد و ناوە ناوە دەستەواژەی "سەگەکانی ئیمپریالیزم"، "کەپیتالیزمی چەوسێنەر"، "ئەو شەڕەی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی لە دژی جەزائیر دەیکات پەلەیەک رەشی سەدەی بیستەمە بۆ هەموو رۆژئاوا" یان "رۆژئاوا بەردەوامە لە پیلانەکانی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئەوەش لە رێگەی سەهیۆنیستەکانی ئیسرایل کە مافی عەرەبەکانی فەلەستینیان زەوتکردیە"، یان "رۆژئاوا دەبێ قەناعەت بەوە بکات کە چیتر ناتوانی، بەبێ باج، سامانی گەلانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بدزی و خوێنیان بمژی". پاشان روی خۆی خۆشکرد و بە باشە باسی ئیتالیای کرد

بەلام نەیویست باسی روداوەکانی سالی ١٩٤١ بکات، لە کۆتایی دووبارە ئاماژەی بە "سەرۆک و تاکە رابەرمان عەبدول کەریم قاسم" کرد.

دیدارەکەمان لە ناکاو پچڕا و بە جولەیەکی سەرسوڕهێنەر، بۆ تەمەنی ئەو، هەستایە سەر پێ. چاوی لەناو چاومنا، دەستی بۆ درێژکردم، دەستی ئارەقەی کردبوو،دەستی گەورەو وشک وەک دار وابوو. ئەوانیتریش لە دەوری بوون، دەستیان لەسەر سنگیان بوو بۆ سەرۆکەکەیان، وادیار بوو هەموویان دلخۆش بوون بە سیاسەت، حیکمەت و جولە و شەهامەتی سەرۆکە جەنگاوەرەکەیان، بە تایبەت دڵیان بەوە خۆش بوو کە چۆن منی وردو خاش کرد. ئەوەتە بەزەیی و خانەدانیەتی کەسانی براوە. پاش ئەوەی چەکی دیالێکتی دانا، بە زەردەخەنە و ئیسراحەت و بە بێ دوژمنایەتی تەماشای کردم و گوتی "لە بیر نەکەی، بە نیازی دۆستایەتی، پێشنیاری دیدارەکەم قەبولکرد و وەک دیاریەک بۆ ئەو دۆستایەتیە با رەسمێک بەیەکەوە بگرین. ئەوە یەکەمجارە لە ژیانم، لەگەل کەس رەسمم نەگرتووە".

پاش کەمێک، دیارە تەگبیر کرابوو، وێنەگرێک هاتە ژورەوە، بیرم لەوە نەکردبەوە کە لە بریتی ئەو هەموو رێز لێنانە سوپاسیان بکەم. زۆر بەداخەوە بیری ئەوەم نەکردبووەوە، وەک عادات و تەقالید، منیش، لەو هەل و مەرجە ناخۆشە، دیاریەک بۆ شیخی سۆر بهێنم. لەو کاتە هاتە بیرم دەستم لۆ جزدانەکەم برد، ١٠٠ لیرەی ڤاتیکانیم دۆزیەوە کە لە کاتی هاتنم لە فڕۆکەخانەی فیومیچینۆ - رۆما وەرمگرتبوو، شکلی پاپای پیۆی ١٢ەمی لەسەر کێشرابوو[١٦]. بیرو خەیالم چووە سەر نەسیبی ئەو پارەیە، من کە کەسێکی مەسیحی باوەڕدارم، کەچی ئەو پارەیە کە لە سکەی سان پیتەری

[١٦] Papa Pio XII, 1876 - 1958

ڤاتیکان دەرچووە، ئێستا، لەدەستی من دەچێتە دەستی ئەو "کافرە" دێرین و مەسیحی کوژانە.



دیداری نێوان مەلا مستەفا بارزانی و فرانز مەرییا دەزارۆ، لە هۆتێل سەمیر ئەمیس، لە سالی ١٩٥٨، بەرزانی بە دەزارۆ دەلێ "با وێنەیەک بەیەکەوە بگرین، تاکو ئێستا لەگەل هیچ رۆژنامەنوسێک نەمگرتووە".

# هەوالی گرتنی مارشالی قارەمان بە درۆ بلاودەکرێتەوە

وادیـارە چـاوپێکەوتنەکەم، لەگەل مسـتەفا ئەلبـارزانی، بە دلـی قاسـم نەبـوو هەرچەندە "مەلای سۆر" زۆر بە وریایەوە قسەی دەکرد و هەمیشە دروشـمی "برایەتی عەرەب و کوردی" دەگوتەوە. ئەوکات هەمـوو هەوالەکانی راگەیانـدن لە ژێر رەقابەدابوون.
خەبەرم پێگەیشـت کە بـارزانی گیـراوە، هەوالەکەشـم، دوای چەنـد رۆژەک، لە لایەن یەکێـک لە راوێژکـارە نزیکەکـانی قاسـم بەدەسـت گەیشـت، لەو کـاتەی رێگەیان پێدام سەردانی زەعیم بکەم لە وەزارەتی بەرگری. دیدارەکە بە دلی قاسم نەبوو لەبەر دوو هۆ: یەکەم لەبەر ئەوەی بـارزانی وەعدی ئەوەیدابوو دەسـت لە سیاسـەت نەدا، دووەمـیش ئەو جـۆرە چالاکیـانە دەبـوونە هـۆی وروژاندنی ناسـرپەکان، وەک ئەوەی گەزۆی لە دار ببیننەوە. لە راسـتی دوای چەنـد رۆژێ مارشـال بـارزانی گەڕابـووەوە هـێلانەکە خـۆی، لە نـاوچە شـاخاویەکانی ئاشـوری دێـرین، لێـرە گونـد و خانوەکانیـان زۆر لە لادێکـانی هەرێمـی پولیـا Puglia ئیتـالی دەچێت. لەبەر ئەوە هەوالـی ئەوە بلاوبـووەوە گوایە قاسم بارزانی گرتووە. لە راستی قاسم تەنها تکای لێکردبوو لۆ مـاوەی چەنـد رۆژەک نەچیـتە دەرەوە و پێشـوازی لەو خەلـکە نەکـات کە رۆژانە، بـۆ بەخێرهـاتنەوەی، لێـرە و لەوێ دەهـاتنە دیـداری. بـارزانی کە نیـازی شـتی گەورەی هەبـوو زیرەکـانە داواکەی قاسـمی قەبـولکرد. دەیزانـی کە قاسـم پێویستی بە هەندێ قوربانیە تاکو دلّی ناسرپەکان رازی بکات کە رۆژانە لێیان دەگرتن و خەریک بوو ئاژاوەیەکی گەورە بنێننەوە، دەیزانی کە قاسم خەریکی

جێبەجێکردنی تاکتیکەکی باش دیراسەکراوە، ئەویش وەک ئەو کەسەی لەسەر بەفر گالیسکە بە سەگەکانی رادەکێشێ و لەکاتی پەلاماری رەوە گورگ پارچە گۆشت و ئێسکیان بۆ داوێ تاکو وازی لێبینن، ناسریەکان ئێستا بوونەتە گورگ.

# گەڕانەوەی عەبدول سەلام عارف

عەبدول سەلام عارف کە خەریکی پیلانی کودەتا بوو بە نهێنی و لە ناکاو گەڕایەوە بەغدا و نیازی بەکار هینانی هێزی هەبوو. بەلام حیسابی کاتێکی خراپی کردبوو، کەوتە سەر تەلەی قاسم کە بۆی دانابووەوە. قاسم لە ئاژاوەی رۆژی ٢٧ ئۆکتۆبەر ئاگادارکرابووەوە، لەو رۆژە وەزیری پەروەردەی فیدراسیۆنی عەرەبی سوریا - میسر، کەمالەدین حوسێن گەیشتە فرۆکەخانەی بەغدا، هەزاران کەس لە لایەنگرانی عارف بە سەیارەو بە پێیان، بە وێنەی زەبەلاحی جەمال عەبدول ناسرڕ، هاتبوونە پێشوازی. خەبەرەکە گەیشتە شار و بە هەزاران کوردو کۆمونیستی تورە، بە پەلە پەل، بەرەو فرۆکەخانە کەوتنە رێ. شەڕو پێکدادان لە نێوان هەردوو بەرە تەقیەوە، پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی فرۆکەخانە، بە هەزار حال، توانیان لێکیان جیا بکەنەوە. بەلام لە کاتی گەڕانەوەی ناسریەکان بۆ ناو شار مەسەلەکە گەورەتر بوو، لە لایەن ٢ هەزار کەسی تورەو دەست بە چەقو و دارو بەرد، پەلاماردران. بۆ ئەوەی لێکیان جیا بکەنەوە ناچار عەسکەر و دەبابەیان هێنایە ناو شارع رەشید، بە درێژی ٥ کم هەردوو بەر، بە درێژایی روباری دیجلە لە بەرامبەر یەک وەستابوون.

ئەو ئێوارەیە هەوالەکانی رادیۆی بەغدا، بە سەرسامی، پڕی دروشمی یەکێتی نەتەوەی عەرەب و "برایەتی عێراق و فیدراسیۆنی مسر – سوریا" بوو. لەم کەش و هەوایە، عارف وایدەزانی لە قازانجی ئەوە، لە ناکاو بەدیار کەوتەوە، هەندێک پێیان وابوو ئەوە دوا سەر شێتی عارفە لە ژیان. لێرە قسە و باس

زۆرە، هەندێک دەلێن پلانی کودەتای بۆ هەفتەی یەکەمی نۆڤەمبەر ئامادە کردووە، دەلێن لیوای دەبابەی کەڕادە مریەم و تاریق بن زیاد کە لە دەورو پشتی بەغدان لەگەڵدایە، گوایە عارف دەبوایە ببێتە سەرۆک وەزیر، براکەی، کۆلۆنێل عەبدول رەحمان، ببێتە وەزیری بەرگری و رەشید عالی گەیلانیش ببێتە سەرۆک کۆمار. لە مەکتەبەکەی قاسم دەنگۆی ئەوە بلاوکرایەوە کە گوایە عەبدول سەلام بە دەمانچە روو بەرووی قاسم بۆتەوە بەلام زوو چەککراوە. لە راستی کەس بە دلنیایەوە نازانێ روداوەکان چۆن بوونە. عارف گیرا، بۆ ماوەیەک بزر بوو، پاشان لە ١٩٥٩/٠١/٢٤ لە دادگای سەربازی، بە نهێنی بەدیار کەوتەوەو دادگاییکرا و سزای لە سێدارەدانی، لەگەل رەشید گەیلانی، بۆ دەرکرا. لەگەل بلاوبوونەوەی هەواڵەکە ئاژاوەیەکی گەورە تەقیەوە، بە تایبەتی لە گەڕەکە شەعبیەکانی وەکو شێخ عومەر و سەید عەبدول قادر، ژمارەیەکی زۆر لە ناسرییەکان دەستگیرکران.



Guerriglieri kurdi in marcia. (In basso) Un attendamento kurdo.



جەنگاوەرە کوردەکان لە سەرەوەو لە خوارەوەش دەوارنشینەکان

راستە عارف سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، باوکی ٧ مندال بوو، زاوای قاسم بوو، لەگەل ئەو بەیەکەوە پلانی کودەتای تەموزیان دارشتبوو و بەیەکەوە دەستیان بەسەر بەغدا داگرت، لەبەر ئەوە کەوتە بەر رەحم و بەزەیی قاسم بەلام وەک دەبینین عارف رەحم بە قاسم ناکات و دەیکوژێ.
عارف دەبرێتە سەربازگەی رەشید و بەدەست بەسەری بە کەمال و ئیسراحەت دەمینێتەوە. دوای سالەک قاسم دەیبورێت و ئازادی دەکات، لە بەغدا خانوەکی گەورەی دەداتێ و موچەی ئەوە ماوەیەی "زیندان"یشی بۆ دەگێرێتەوە، رێگەی دەدا، تەنانەت، حەجیش بکات و بچێتە مەککە. کەچی دوای سالەک عارف قاسم دەکوژێ.
دادگایی و لە سێدارەدانی درۆزنانەی عارف بۆ کورد و کۆمونیستەکان وەک بردنەوە کاسی یاریکردن وابوو، بووە هۆی قەیرانێکی مەترسیدار لەناو حکومەت. هەندێ لە کەسایەتیەکانی حیزبی ئیستقلال و بەعس، کە ئەوکات لە لایەن رەشید گەیلانی و عەبدول سەلام، رابەرایەیتان دەکرا دەستیان لە کار کێشایەوە یان ناچارکرابوون، وەزیرە دەست لە کارکێشراوەکان ژمارەیان ٦ بوو، لەناویان سەدیق شەنشەلیشی تیا بوو کە بە کەسێکی دژ بە کۆمونیستەکان ناسرابوو، کوردو هاوپەیمانەکانیان دەمێکە سوندیان خواردبوو لەناوی بەرن.

# وەزیرێکی نازیست

سەدیق شەنشەل رۆژی ٩ ئۆکتۆبەر، لە وەزارەتی دەرەوە، پێشوازی لێکردم ، کەسێکی بالا بەرز، لەسەر خۆ، رێک و پێک، ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام ئەوە بوو کە زۆر ئازادانە، بە بێ ئەملا و ئیملا، بە ئازادانە قسەی دەکرد کە ئەوەش رەفتارێکی نامۆی سیاسەت مەدارانی عێراقی نوێ، بە قاسمیشەوە، بوو، کە لەکاتی قسەو دیدارەکان قسەکانیان بە شەرم و بە تەرازو دەکێشن ئەوجا دەریدەبڕن. لە سەرتاوە کەیفخۆشی و سیمپاتیای بۆ ئیتالیا دەربڕی، گلەیی ئەوەیکرد کە ئیتالیا کەم بایەخی بە پەیوەندیەکان لەگەل عێراقداوە، بەرای ئەو هەردوولا دەتوانن رۆلێکی کارا و گرنگ لە پەیوەندیەکانی نێوان رۆژئاوا و عێراق ببینن. لەم رۆژانە شاندی پەرلەمانی ئیتالی بە سەرۆکایەتی رۆدۆلفۆ پەچاردی سەردانی بەغدای کردبوو، شەنشەل، زۆر بە سەراحەت، ووتی ئێمە چاوەڕوانی شتی کۆنکرێتمان لەو سەردانە دەکرد، بەلام ئەو نەیدەزانی کە ئەو شاندە تەنها بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هاتبوون.



دیداری فرانز مەرییە دەزارۆ لەگەل وەزیری راگەیاندن - ئیرشادات، محمد سەدیق شەنشەل، بەغدا ١٩٥٨، کەسێکی ناسیۆنالیست و لە ١٩٤١ لایەنگری ئەلمانیای نازی بوو.

لەگەل شەنشـــەل باســـی زۆر روداوی جۆراوجۆرمـــانکرد، ئەوەی ســـەرنجی راکێشام ئەو پیاوە وەلامی هەموو پرسیارێکی دایەوە، لە هیچ خۆی نەدزیەوە، تەنـانەت ئەوکـاتەی پرسـیاری بەشـداری ئەو لە کودەتـاکەی گەیلانـی سـالی ١٩٤١ کە مەیلـی بـۆلای نازیەکـان دەچـوو، بە سـەراحەت وەلامـی دایەوە. کە هاتینە سـەر باسـی رۆژانە، گرفتـی مەترسـی کۆمونیستەکان، بە تـایبەت دوای گەرانەوەی بـارزانی پەیوەنـدی هەردوولا بەهێزتـر بـووە، شەنشـەل، لەسـەر داوای قاسـم، چووبـووە فرۆکەخـانەی بەغـدا بـۆ پێشـوازی لە "مەلای سـۆر" نەیـدەتوانی هاوسـەنگیەکە بشـێوێنی و بە شـیوەیەکی گشـتی، تـا رادەیەک، کۆنکرێت ووتی:

"کۆمـونیزم، بەلای کەمـی بەو شـێوەیەی لە رۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت رەگـی داکۆتـاوە لەو شـوێنانە گەشـە دەکـات کە هەژاری تیـا بلاوبـۆتەوە. لەم روانـگەیەوە رژێمـی پێشـو بەرپرسـیاریەتیەکی گەورەی لە ئەسـتۆیە کە نەیتوانیبوو نادادی کۆمەلایەتی چارەسەر بکات. ئێمە نیازمان وایە، لە رێگەی سیاسـەتێکی کـۆمەلایەتی کـارا روو بەرووی کۆمـونیزم ببیـنەوە، ئەوەش رەگەکەی بە ناسـیونالیزمەوە گرێـدراوە، دەمانەوێـت کۆمەلگـایەکی مـۆدێرن بنیات بنێین. لە رێگەی ریفۆرمی کشتوکال دەمانەوێت بەرهەمی ناوخۆ زیاتر بکەین، جوتیاران لە هەژاری رزگاربکەین. ئێستا هەندێ باج و رسـوماتمان کەمکردۆتەوە، بە تایبەتی لەسـەر چایە و شـەکر. لەوانەیە حکومەت ٣ ملیۆن دینار، داهاتی، کەم بکات بەلام دلنیاین ئەو ریفۆرمە دەبێتە هۆی زیاد بوونی بەروبومی زەوی و زار، لە ئەنجام بە قازانجی گشتی دەگەڕێتەوە. سـەبارەت بە بلاوکراوەکـانی کۆمونیسـتەکان کە ئێـوە لە دوکـان و بازاڕەکـانی بەغـدا کەوتۆتە بەرچاوتان، باوەڕم پێبکە، باشترە بە رۆژی روناک ئەو بلاوکراوانە بفرۆشـن و بـلاو بـکەنەوە نەک بە نهێنـی وەک سـەردەمی پـێش شـۆڕش. بە دلنیایەوە ئێمەش گەشـە بە چالاکی و پڕۆپاگەندەی ناسیۆنالیستی دەدەین و هەولـدەدەین گەل، لە مەترسـی شـوعیەت، وشـیار بکەیـنەوە، بەلام ئەو بلاوکراونەی باسیان دەکەی لە عێراق چاپ ناکرێن بەلکو لە ولاتانیتر دەهێننە ناو عێراق".

# دیدار لەگەڵ قاسم

بۆچوونی جیا جیا لەسەر راوێژکارانی قاسم لە بەغدا بلاوبوو، لە بیرمە رۆژی یەکشەم، ١٩ ئۆکتۆبەر، ئەو کاتەی چوومە دیداری قاسم، لە گەڵ یەکێک لە ئەفسەرەکانی مەکتەبی زەعیم بووە دەمەقالیم، پاش ئەوەی بۆ چەندەمینجار لە سەر تاکو پێ، منیان پشکنی و لەگەڵ چەند سەربازێکی چەک بەدەست منیان بردە لای ئەو ئەفسەرە، ئەو دەیوست، پێشوەخت، بزانێ لەسەر چ پرسیار لە قاسم دەکەم. ئەوکاتەی پێم گوت دیدارەکە لە چوارچێوەی کورد و کۆمونیستەکان دەمێنێتەوە، تورە و روگرژ بوو و لە وەلام گوتی "کوردەکانی عێراق، وەکو هەموو هاولاتیەک، هاولاتی عێراقین بەبێ جیاوازی رەگەزی و ئاینی، هەموو بە یەکەوە بە یەکگرتوویی پالپشتی لە شۆرش دەکەن". ئەدی کۆمونیستەکان؟ "وەکو هەمووان لە خزمەتی عێراقدان!"، لە زۆر شوێن کۆمونیستەکان کار بۆ روسیا دەکەن!". "لێرە جیاوازە، کۆمونیستەکان بۆ جمهوریەت ئیش دەکەن، پالپشتی لەو حکومەتە دەکەن".

هەستمکرد سودی نیە درێژە بەو شێوە گفتوگۆیە بدەم، بە تایبەتی لەو کات کەسێک کە رقی هەموو دونیای لە منە، هاتە ژوورەوە، ئەو کەسە ناوی کۆلۆنێل سەلیم فەخریە، بەرێوەبەری رادیۆی بەغدا بوو، پیاوێکی زالمی رەقابە بوو. کەسێکی رەزاگران و بە پۆلیمێک بوو بەلام رێک و پێک و کەشخە، زۆر بۆن و بەرامی بەخۆی دەکرد، لە رەفتار ساردو سڕ، حەزیدەکرد بەرامبەرەکەی تورە و بوروژێنێ، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی

سانسۆری راگەیاندنە بیانیەکان بوو، بە تایبەتی لەگەڵ من زۆر زاڵم بوو. لەگەڵ من دروشمی سەرەکی "ئەوە رەوانە ناکەی" ، زۆر بەدەگمەن دەمتوانی لە دەست رەقابەی عەقلی و ئایدیۆلۆژیەکەی رزگارم بێت و هەواڵەکان رەوانەی ئیتالیا بکەم. ئەو جارانەش کە هەواڵ و ریپۆرتاژەکانم لە رەقابە رزگاریان دەبوو و ڤیزەیان وەردەگرت بۆ ئیتالیا، لە رێی تەلەگراف هەر ووشەیەک بە پارەیەکی زۆر، پارەی رۆژئاوا، رەوانە دەکرا. بۆ نموونە لە یەک مانگ ٢٠٠ تەلەگرافم پێشکەشی رەقابە کرد تەنها ٧ ڤیزەیان بەدەست هینا، لە کۆتایی ٢٧ یان گەیشتنە رۆژنامەکەم، با ناوی سەلیم فەخری لە بیر نەکەین چونکە بریاری لە سێدارەی بۆ دەردەچێ و بە موعجیزە رزگاری دەبێت.

ئەو یەکشەمەیە کەش و هەواکە لە بار نەبوو، لە لایەک ئەو ئەفسەرە راوێژکارەی مەکتەبی قاسم و لە لایەکیتریش بەرپرسی دەزگای سانسۆر تەواو بێتاقەتیان کردم، لە بەختی من ئەو ئەفسەرە کەڵلە رەق و بە هات و هاوارە، دلی تەواو خۆش بوو بەوەی کە سەلیم فەخری موعامەلەیەکی باشی لەگەڵ نەکردوم، دەینەڕاندو نەیدەویست رێگەی دیدارەکەم پێبدا، لە ژورەکەی تەنیشتمان زەعیم کە گوێی لە دەنگە دەنگەکان بوو هاتبوو بۆ لای ژورەکەی ئێمە تا بزانی چی روودەدات. بەوجۆرە لە هەلو مەرجێکی نا پرۆتۆکۆلی روو بەرووی ئەو کەسە بووم کە سەرۆکی عێراق بوو، بە باوکی شۆڕش بانگیان دەکرد، ئەو کەسەی رژێمی پاشایەتی، بنەماڵەی هاشمی، روخاندبوو. دوای چەند چرکەیەک لە ژورەکەی سەرۆک بووم. ژورەک لە هی خەستەخانە دەچوو، لە لایەک چەکێکی دەست و غەدارەیەک، لە لایەکیتر چەندەها قوتی حەب و دەرمان هەبوو، زۆر سادە و بچوک بوو، لێرە کارەکانی رایدەکرد، لێرە نانی دەخوارد و لێرە دەنووست. سەربازێکی زۆر سادە و ئاسایی،

ئیسلامێکی ئیماندار، هیچ شتێکیتری تیا نەبوو پێی بخافڕێ. بە دوریش بیری لە خۆشی ژیان یان بەدەستهێنانی پلە و مەقامی دونیایی نەدەکردەوە.



دیداری عەبدول کەریم قاسم و فرانز مەرییا دەزارۆ، بەغداد، سالی ١٩٥٨
مەدالیایەک بە وێنەی قاسم "سونبولی برایەتی عەرەب و کورد"، شیر هی عەرەب و خەنجەریش هی کوردان.

زۆر بەرێز و ئەدەب بوو، کەللە رەق بوو بەلام جاهیل نەبوو، مانەوەو هەلس و کەوتی لە ژینگەی سەربازی ئینگلیز کاریگەریان لەسەر رەفتارەکانی جێهێشتبوو. روخۆش و دەم بە پێکەنین بوو، دوو گوێی قیتی هەبوو، حیسابی بۆ قسەکانی دەکرد، لە زۆر شت خۆی لا دەدا، لە جیاتی وەلامی پرسیارەکانم بداتەوە سەبارەت بە پەیوەندی لەگەل کوردو کۆمونیستەکان باسی شۆڕش و ماناکەی کرد، باسی پەیوەندیەکانی لەگەل رۆژئاوا کرد، باسی کەیسی نەوت و زۆر شتیتری کرد، لەوانەیە ئەم باسانە بۆ ئەو گرنگ بوون بەلام پەیوەندی بە پرسیارو باسی من نەبوو. ناوە ناوە هەولمدەدا قسە و هەلوێستیکی لێ دەربێنم وەک "بە دلنیاییەوە ئێستا کۆمونیستەکان هیچ مەترسیەک بۆ عێراق دروست ناکەن". پاشان زۆر بە شانازی ووتی "پالپشتی گەلی عێراق لە سیاسەتی حکومەتی ئێستا نیشانەی ئەوەیە کە نیزامی ئیستا لە لایەن بەشی هەرە زۆری جەماوەری گەلەکەمان شەعبیەتی هەیە، هیچ مەترسیەک نیە کە هێزی ئۆپۆزیسۆن گەشە بکات". کە ئاماژەم بە "کەیسی عارف" کرد لە وەلام دلنیایکردم کە ئەوە کێشەیەکی ناوخۆی عێراقە و بە هیچ شیوەیەک کار ناکاتە سەر "برایەتی عێراق و کۆماری یەکگرتوویی سوریا – مسر".

وەکو مەکینەیەک قسەی دەکرد، دوو ئەفسەریش لە بەرامبەری راوەستابوون، پێش ئەوەی وەلامی پرسیارەکان بداتەوە تەماشایەکی ئەوانی دەکرد، وەک بلێی چاوەڕوانی مۆلەت بکات، وەک کەسێک هاتە بەرچاوم کە لە ژێر تاقیکردنەوە بیت و زۆر باوەڕیشی بە خۆی نەبێت. لەوانەشە زۆر هەستی بەو دۆخە ناسکە و یاریە مەترسیدارە کردبێت کە دوای ٤ سال، لە هەمان ژور و لەگەل ئەو ئەفسەرانە، بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە، دەکوژرێت. ئەوەش پەرادۆکسی مێژووە، قاسم لە تەموزی ١٩٥٨ لە پێناوی ئەو ئامانجانە سەرکەوتنێکی خوێناوی بەدەست هینابوو.

# یەک "نیشتمانی هاوبەش" ی براکوژ

قاسم بۆ ئەوەی پلانەکەی لە دژی عارف سەربگرێ، وەک دیتمان، تکای لە مستەفا بارزانی کرد چەند رۆژێک لە مال دەرنەچێ، بەمجۆرە هەوالی درۆزنانەی دەستگیرکردنی بلاوبۆوە. بەلام بۆ ئەوەی ئەو خەبەرە نەبێتە هۆی تورەیی و تەقینەوەی ئاژاوە لە نێو کوردەکان هەستا وتارێکی پڕ مەدح و سەنای، لە چوارەم کۆنگرەی پارێزەرانی عەرەب لەسەر "نیشتمانپەروەری کورد" خویندەوە، ئاماژەی بەوە کرد کە بە خۆی پێشنیاریکردووە کە لە بەندی سێیەمی دەستوری عێراق ئەوە دووپات بکرێتەوە کە "عێراقیەکان، عەرەب و کورد هاوبەشی سەرەکەی ئەم ولاتەن" و ئەم مافەش لە دەستور جێگیر کراوە کە دەلێ "کوردو عەرەب، بە هاوبەشی لەم خاکە دەژین، ماف و ئەرکی وەک یەکیان هەیە".

ئەو پیاهەلدانەی بۆ برایەتی کورد و عەرەب بووە مایەی هەندێ سەر ئێشە و سەرهەلدانی گیروگرفت بۆ قاسمی سەرۆک وەزیر. یەکێک لەم روداوانەی شایانی ئاماژە بۆکردنە بریتیە لەوەی کە رۆژی ١٩٦٠/١٠/١٩ رۆژنامەی خەبات، زمان حالی پارتی دیموکراتی کوردستان (لایەنگری کۆمونیستەکان) وتارێکی گێژاوە ئامێزی بە ناوی "گەلی کورد و بەندی ٢ دەستوری عێراق" بلاوکردەوە. وتارەکە لەلایەن سەر نووسەرەکەی، ئیبراهیم ئەحمەد، نووسرابوو. وەک کاردانەوە، دەمودەست، خەبات داخرا و، نووسەری وتارەکەش، بە پاساوی تۆمەتی هەڕەشەکردن لەسەر ئاسایشی دەولەت، رەوانەی دووەم دادگای سەربازیکرا. لە جەوهەردا ئیبراهیم ئەحمەد رەخنەی

لە بەندی ٢ دەستور گرتبوو کە دەڵێ "دەولەتی عێراق بەشیکە لە ئومەی عەرەبی"، روونیشیدەکردەوە کە ئەم بۆچوونە "چی لە رووی مێژوویی و زانستی و چی لە رووی مەنتیق راست نیە، هەرچەندە دەسەلاتی یاسادان لە بەندی ٣ دەستور دانی بەوە ناوە کە عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە، بەلام لە بیریکردووە کە عێراق لە دوو نەتەوە پێک هاتووە، یەکێکیان عەرەبە، ئازادەو مافی ئەوەی هەیە بلێ ئێمە بەشکین لە نەتەوەی عەرەب، لە لایەکیتریش کوردە کە هەست ناکات و پارچەیەک نیە لەو نەتەوە گەورەیەی عەرەب".

هەموو هەولەکانی قاسم، بۆ برایەتی و پێکەوەژیانی کورد و عەرەب، کەوتبوونە بەر مەترسی. دادگایکردنەکەی ئیبراهیم ئەحمەد بووە تەقینەوەی تورەیی و هەرەشەی خێلە کوردیەکان. جارێکتر بەغدا کەوتە بەر مەترسی جەنگاوەرەکانی باکور. بەغدا ناچار بوو چۆک دابدات. ئیبراهیم ئەحمەد، بەبێ گوناه، ئازادکرا. بەلام دوای یەک رۆژ، لە ١٩٦٠/١٢/١٢ وەک سەرکەوتن و تەحەدا هەمان وتار لە "نضال" بە زمانی عەرەبی بلاوکرایەوە.

بە هەرحال دادگا لە کەیسەکەی ئیبراهیم ئەحمەد دەنووسێ:

"دادگا پێیوایە برایەتی عەرەب و کورد شتێکی نوێ نیە، بەلکو ریشەیەکی دوورو درێژی مێژوویی هەیە، لەوکاتەی لە سالی ٨ کۆچی کوردەکان باوەشیان بە ئاینی ئیسلام داگرت تاکو ئێستا ئەو برایەتیەی کورد و عەرەب، رۆژ بە رۆژ، بەهێز دەبێ. سیمبولی ئەو برایەتیە نەمرە سەلاحەدین ئەیوبیە، ئەوەش وەک یاقوتێکی پرشەنگدار بە نێوچاوانی هەموو عەرەب و موسلمانێکەوەیە، ئەو سەرکردە مەزنە بوو خاکی پیرۆزی قودسی لە ژێر دەستی داگیرکەران رزگارکرد. پێویستە مێژوو دوبارە خۆی بنوێنێتەوە. لەم سالانەی دوایدا، جارێکیتر، لەشکری موسولمانان بەرەو فەلەستین بەرێکەوتن تاکو سەهیۆنیستە داگیرکەرەکان دەرپەرێنن. کاتی خۆی، لە عێراق،

سەلاحەدینی کوردی بەڕێکەوت، ئەمجارەش دیسان لە عێراق، لە ژێر سەرکردایەتی سەلاحەدینی نوێ، عەبدول کەریم قاسم، سوپاکەمان چووە فەلەستین".

لە کاتی دادگایکردنی کەسایەتیەکانی سەردەمی پاشایەتی لە داگا شۆرشگێڕو عەسکەریەکانی هەست دەکرا لە ژێرکاریگەری کوردانە، ئەو کەسایەتیانەی دادگایی دەکران هەندێکی کورد یان بە رسەن کورد بوون. بۆ ماوەی یەک مانگ ئامادەی ئەو دادگایانە بووم کە بەرپرس و کەسایەتیەکانی سەردەمی پاشایەتی تاکو بەرەبەیانی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ خستبووە ژێر لێکۆلینەوە. هەندێکیان پلەی سەرۆک وەزیران، وەزیرەکان، جەنەڕالە بالاکانی سوپا، هەموویان زۆر بە کەڕامەت و نەترسانە وەلامی دادگای عەسکەری، توندڕەو، دەدایەوە. ئەو دادگایە لەلاین فازیل مەهداوی، کە پورزای قاسم بوو بەڕێوە دەچوو، ئەویش کۆنە ئەفسەری سوپا بوو، لە روالەت روو خۆش و تا رادەیەک میهرەبان بوو بەلام لە ژێرەوە شتێکیتر بوو. کەچی داواکاری گشتی "ماجید محمد ئەمین" بوو، کەسێکی گەنج، زۆر رەق و توانای قسەکردنی زۆری هەبوو، قەت لە خۆیەوە قسەی نەدەکرد بەلکو هەمیشە بە نووسین تۆمەت و داواکانی دەخوێندەوە، زۆر جار وەک ئەکتەری شانۆ دەهاتە پێش چاو، تەنها جارێک دیتم چاو لەسەر نووسینەکە هەلگرێ و بەدەست و جولە سەیرەکانی، وەک دروشم و هۆتافات، باسی برایەتی کورد و عەرەبیکرد. ئەوکاتەش هەندێ لە یاریدەدەرە نزیکەکانی بارزانی هاتبوونە ناو هۆلی دادگاکە. ئەوەش لە کاتی دادگایکردنی ئەحمەد موختار بابان بوو، لەبەر ئەوەی کورد بوو رەفتارێکی نەرمتریان لەگەل کرد، بە بیانۆی نەخۆشی، لە ناو قەفەز کورسیەکیان بۆ دانابوو تاکو بە ئیسراحەت دانیشێ، کەچی زۆر کەسیتر لە ئەو بە تەمەنتر و هەندێجار بە راستی نەخۆش بوون ئەم ئیمتیازەیان پێ نادان و ناچاربوون، بە درێژایی دانیشتنەکە، بە پێوە بوەستن .

بۆ ئەو کەسانەی وەک ئێمە کە تێڕوانینێکی جیاوازمان بۆ عەدالەت هەیە، ئەو دادگایکردنانە زۆر کەموکورتیان، لە ناوەڕۆک و زمان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان، هەبوو. هۆلی دادگا لە هەموو شت دەچوو: دەتگوت مەیدانی سیلاحە، ئەو هەموو سەربازە چەک بەدەستانە دەهاتن و دەچوون، ئەو هەموو سکرتێرە، کچانە، دەتگوت بۆ نمایشکردنی جلوبەرگ هاتوون، ئەو هەموو چالاکوانە جۆر بەجۆرانەی کە ناوە ناوە دەستیان بە چەپلە لێدان و دروشمی وەک "بۆ ئیعدام! ئیعدامی بکەن!"، هەموو دەیانویست تۆلەی خۆیان لەو کەسە بێ دەسەلاتانە بکەنەوە. لەم کەش و هەوایە پێویستە، بۆ بیرەوەری زۆر لەو کەسانەی لە سێدارە دران، ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە هەموو گوناهبارەکان زۆر بە کەرامەت و، هەندێکیان بە مەردانە، رەفتارو داکۆکیان لە خۆیانکرد.

دانیشتنەکان، لەبەر گەرما، بە ئێواران دەستی پێدەکرد، لە ناو ئەو هەموو رۆژنامەنووسە عەرەب و بلۆکی سۆڤیەت من تاکە رۆژنامەنووسی رۆژئاوابووم، ئەوە ئیمتیازێکی گەورە بوو بەدەستم هێنابوو بەلام هەموو ئێواران دەبوایە بە ۳ خالی پشکنین رەتبین، ئەوە لە هەموویان ناخۆشتر بوو. ئەوە سەرەڕای ئەوەی ئیمتیازیان پێدابووم، لە رێگەی وەزیری ئیرشاد – وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن، کە ئەوکات سەدیق شەنشەل، بەدەستم هێنابوو، زۆر خاتری گرتم.

یەکەم رۆژ دادگا بە کەیسی باش ئەعیان[17]، وەزیری پێشوی دەرەوە خەریک بوو، پرسیار و وەلامەکان تەرجەمەی فەرەنسی دەکران، هەستمکرد کەموکورتی زۆری تیایە، زۆرجار ئەوانەی تەرجەمەکە زۆر کورت بوون، بە سەماعە گوێم گرتبوو، بەلام زۆر جار پرسیارو وەلامەکان دەبوونە هۆی

[17]برهان الدين باش آعيان (١٩١٥ – ١٩٧٥)

وروژانـــدن و هەراو هۆریـــا و چەپـــلە لێـــدان، کە بە چـــاو دەمبینـــی کەچـــی تەرجەمەکە زۆر بە ســـادەو ساردوســـڕی دەگەیشـــتە گـــوێی مـــن. ناچـــار ســـەماعەکەم لە گـــوێ کـــردەوە، لە هەمـــان کـــات بەخیلـــیم بە هـــاوڕێ ڕۆژنامەنووسە سۆڤیەتیەکان دەهات ، کە بۆ ئاژانسی تاس Tass، لە پێشەوە، شوێنی شەرەفیان بۆ تەرخانکرابوو، ئەوان دیار بوو زمانی عەرەبیان دەزانی، بەبێ سـەماعە، بە بێ یـارمەتی تەرجومانەکـانی دادگـا، یەکسـەر راسـتەوخۆ دیالۆگەکـانی نـاو دادگایـان دەنووسـیەوە. بەیـانی ڕۆژی دوایـی، جەولەیەکـم بەناو بازاڕی پڕ هاتو هاوار و بە گەڕ و جۆشی بەغدا کرد، بەختم باش بـوو کەسێکم دۆزیەوە کە کەمێک ئیتالی دەزانی، لە خۆشەویستی و عەشقی ئیتالیا چەندەها پولی پۆستی ئیتالی کۆکردبووەوە. لە شارێکی وەکو بەغدا زمانی ئیتالی بە تەواوی نەناسراو بوو، لەبەرە ئەوە بۆ من وەک سۆرپڕایز وابوو.

ئەو کەسە ناوی سەلاح بوو، ئاوارەی فەلەستینی بوو، سەلاح بووە هـاوڕێیەکی نـزکیم، جـار جـارەش لەبەر رەقـابە و خالەکـانی پشـکنین زوو تـورە دەبـوو و گرفتیشـــی بـــۆ پەیـــدا دەکـــردم. وەک تەرجومـــانی شەخســـی مـــۆلەتی ئەوەم وەرگرتبـــوو لـــۆ هەمـــوو شـــوێنەک دەگەلـــم بێـــت. بەم بـــۆنەیەوە تـــوانیم زۆر زانیاریم دەستکەوێت، بە تـایبەت ئیفادەی سەرنجراکێشی تۆمەتبارکراوەکان، کە خۆیـــان دژی کۆمـــونیزم بـــوون، لەگەل قســـەو وتـــاری تۆمەتبـــارکردنی داواکاری گشتی کە مەیلی بۆ لای کۆمونیستەکان دەچوو. سـەرۆکی دادگـاش مەهـداوی بـوو، خـۆی بە کەسـێکی وەتەنـی لە قەلەم دەدا و هەولـی بێلایەنـی دەدا.

زانیـــاری و دانیشـــتنەکانی دادگـــا کە بە وردی کۆمکردبـــوونەوە نە دەکـــرا بە ئاســـانی رەوانەی رۆژنـــامەکەم، لە رۆمـــا، بـــکەم، دوژمنـــی ژمـــارە یەک، وەک باسـمکرد، سـەلیم فەخـری بـوو، هەمـوو جـار دەیـووت "ئەو هەوالانە رەوانە مەکە". پەیوەنـــدیەکانمان بەرەو خراپـــی دەڕۆیشـــتن لەو کـــاتەی ســـەلاحی

تەرجومان و هاوڕێم لۆمەیکرد و بەچاوی دادایەوە ئاخۆ لەبەرچی ئەوهەموو مۆلەت و ئاسانکاریەی بۆ پەیامنێری رۆژنامەی لونیتای ئیتالی[18]، ئەلبێرتۆ یاکۆڤیێللۆ - Alberto Jacoviello، کردووەو کە هەمووی ٤٨ سەعاتە گەیشتۆتە عێراق. سەلاحی قوڕبەسەر، لەسەر ئەم قسانە، هەندەی نەمابوو لە عێراق دەریبکەن.

[18] لونیتا L'Unità کۆنترین رۆژنامەی پارتی کۆمونیستی ئیتالیایە، لە سالی ١٩٢٤ دەردەچێ و تاکو چەند سالێک پێش ئێستا بە یەکێک لە رۆژنامە بلاوەکانی ولات حیساب دەکرا، بە تایبەتی لە سالانی ١٩٦٠- ١٩٩٠.

# کون و قوژبنی پیلانە کوشەندەکان

لە نـاو هـۆلی دادگـای سـەربازی بەغـدا، کە لەبەر گەرمـا، دەکـولا ئەوەی لە هەموو شتێک جێگای سەرنج بوو بریتی بوو لەوەی کە تۆمەتەکان زۆر لاواز بـوون و هەنـدێجاریش بنـاغەی یاسـاییان نەبـوو، لەلایەکیـتریش سـزاکان زۆر قـورس بـوون، نـزیکەی بـۆ هەمـووان داوای لە سـێدارە دەکـرا. رێورەسـمی دادگـاییەکە زۆر سـەیر بـوو، دوای ٢ مانـگ هـیچ بڕیارێـک نەدرا، قەراربـوو لە کۆتـایی کەیســەکە، هەمـوو بڕیارەکــان بەیەکەوە دەربکـرێن بەلام لە ناکــاو، رۆژی دووشەممە، بە هـۆی بەرژەوەنـدی دەولەت بڕیـاری لە سـێدارە بـۆ ئەو کەسانە دەرکرا:

فازیل ئەل جەمالی، سـەرۆک وەزیرانـی سـەردەمی پاشـایەتی، ئەل جەمـالی لە کـاتی دادگـایی ئامـاژەی بە پەیوەنـدی خـۆی لەگەل جێگـری سـەرۆک کۆمـاری یەکگرتووی عەرەبی سـوریا – میسـر، سـەبری العسـلی، کردبـوو، لەبەرە ئەوە عەسلی ، لە لایەن ناسر، لە پۆستەکەی دوورخرایەوە.

جەنەڕال رەفیـق عـارف، سـەربازێکی ئـازاو و چـالاک بـوو، لە جەنگـی جیهـانی دووەم بووبـــــووە ئەنـــــدام لە ســــــەرۆکایەتی فەرمانـــــدەی مارشـــــال مۆنتگۆمێری Bernard Law Montgomery.

غـازی الداغسـتانی، پیـاوێکی زۆر بەڕێـز و جەنتلمـان، بە رەگەز چەرکەز بـوو، جەنگاوەرێکی ئازا و خاوەن ئەخلاق بوو.

دوای ٣ رۆژ باش ئەعیان، وەزیری دەرەوەی پێشـو، بڕیـاری لە سـێدارەی لـۆ دەرچوو.

ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی ئەو ٤ کەسە کرابوون، لە ناوەڕۆک وەک تۆمەتی کەسەکانیتر بوون: هەولدان بۆ کودەتایەکی سەربازی لە سوریا، بە هەدەردانی مولک و سامانی گشتی، بەشداری لە پەیمانی بەغدا، بەو هۆیەوە ئاسایشی وولاتیان خستبووە مەترسیەوە.

مێژووی کودەتاکان لە سوریا یەکجار ئالۆزە، ئەگەر زۆر بە ئاگا نەبین تووشی لێکدانەوەی هەلە دەبین. ئەو کەیسە کە هاتە بەردەم دادگای عەسکەری بووە هۆی ئەوەی نەتوانی "خائین" و "نیشتمانپەروەر" لەیەک جیا بکرێتەوە. ئەو فاکتانە دەگەڕانەوە سالی ١٩٥٥، هەولی گێڕانەوەی رژێمی شیشکەلی[١٩] بۆ سەر حوکم لە دیمەشق، کە بەکەسێکی لایەنگری ئەلمانیای نازی ناسرابوو. بە کورتی کودەتاکە بۆ ئەوە بووە فیدڕاسیۆنەک لە نێوان هەردوو ولات پێک بێ.

کەچی ئیفادەو پرسیارو تۆمەتەکان، لە کۆنووسی دادگاییەکە، بەدیار کەوت کە هەندێ بەرپرسی بالاَ و نزیک لە ناسر و، تەنانەت هەندێ وەزیری ئێستای بەغداش، دەستیان لەو هەولدانە هەبووە، وەک جابر عومەری وەزیری پەروەردە، پاش ئەوە زوو بەزوو لە پۆستەکەی دوورخرایەوە. بۆ ئەو پیلانەی سوریا چەکێکی زۆر لە ئیتالیا کڕدرابوو، بە فەرمی دەبوایە بگەوێتە دەستی جەنگاوەرەکانی جەزائیر، ئەوە بە قسەی داواکاری گشتی، بەلام بە چەندەها رێگاو قاچاخچی گەیشتە لوبنان. لێرە تۆمەتێکیتریش بۆ گیراوەکان زیاد بوو، ئەویش ئەوەیە کە پالپشتیان لە رژێمی سەر بە ئیمپریالیستی کەمیل شەمعونی سەرۆک کۆماری ئەوکاتی لوبنان کردووە.

ئەو کودەتا خەیالی و جنۆکەیەی باس دەکرا ناوە ناوە شتی عەجائیبی دەخستە سەر ئاو، تۆفیق سوەیدی، سەرۆک وەزیرانی پێشو، پیرە سیاسیەکی

[١٩] جەنەڕال ادیب الشیشکلی، ١٩٠٩ – ١٩٦٤، بەرەسەن کورد بوو، ماوەیەک سەرۆک وەزیر و ماوەیەکیش سەرۆک کۆماری سوریا بوو

زیرەک و بە توانا بوو، باشترین مامۆستای قانون بوو لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەڕاست، سیاسەتمەدارێکی لیبڕال بوو، ئەوەی باسکرد کە تەنانەت مەلیک فەیسەل ئامادەیی خۆی پیشاندابوو، بۆ ئەوەی عێراق و سوریا یەکبگرن، لە ئەگەری گرفتی جیاوازی نیزامی سیاسی، واز لە کورسی پاشایەتی بهێنێت و نیزامێکی نوێ و هاوبەش بۆ هەردوو لا پێک بهێنرێت. سوەیدی درێژەی پێدا و ووتی ئەو پڕۆژەیە یەکجار "نیشتمانپەروەر"ی بوو، عێراق بەبێ دەرچەیەکی ئاوی" لەناو بیابان دەخنکێ". سەرۆکی پەرلەمان یەکسەر بێدەنگی کردو پێی ووت "ئەگەر پڕۆژە گلاوەکەی ئێوە سەری بگرتایە سوریای ئازادیشتان دەهێنا ریزی کۆیلایەتی گەلی عێراق کە ئێوە نیر و زنجیری ئیمپریالیزمتان خستبووە ملی". ئەم قسەیە هەموو دانیشتوانی ناو هۆلەکەی خستە گڕو جۆش و چەپلە لێدان. سوەیدی چاوەڕوانیکرد خرۆشانی خەلکەکە دابمرکێتەوە و پاشان گووتی "باشە بۆ ئێمە بە تاوانبار لە قەلەم دەدەن، لە کاتێک کەسایەتیە سیاسیەکانی ئەوکاتی سوریا بۆ خۆیان داوایان لێماندەکرد بەم کارە هەستین و ئێستا پۆستی جێگری سەرۆک کۆماری عەرەبی یەکگرتوویان هەیە؟ بێدەنگی هەموو هۆلەکەی داگرت، سەرۆکی دادگا کەوتە مەوقیفێکی ناخۆش بەلام ئەمجارەش خۆی رزگارکرد و ووتی "کۆماری نوێی عێراق هەروەک رۆژ وایە، هەموو راستی و تۆمەتەکان ڕووناک دەکاتەوە". ئەو قسەیە کاریگەریەکی پسیکۆلۆجی لەسەر ئامادەبووەکانی ناو هۆلەکە دروستکرد.

# کودەتاچیەکان، نەک خیانەت، بەلکو دزیشیان لێکرا

تۆمەتی بە "هەدەردانی سامان و مولکی گشتی" راستەوخۆ بەو کودەتایە بەستراببووەوە کە قەرار بوو لە سوریا ئەنجام بدرێ. زۆر شتی سەیرو سەمەرە، هەرچی لە بن بەڕە هەبوو هێنرایە سەر بەڕە. جەنەڕال شیشکەلی، کۆنە سەرۆک وەزیرانی سوریای لە دەسەلات دورخراوە کە کودەتاچیەکان بە نیازبوون بیگەڕێننەوە دەسەلات بە پێشنیاری کودەتاچیەکان رازی بوو بوو بەمەرجێک پارەیەکی زۆری، بە دوو قست، پێ بدرێت. دەبوایە قستی یەکەم لە سویسرا، ئەو ولاتەی لێی بووبووە پەناهەندە، وەربگرێت. قستی دووەمیش دەبوایە لە بەیروت وەرگرێت و لێرەوە سەرکردایەتی یاخیبووە سوریەکان بکات. قستی یەکەمی لە دەستی جەنەڕال داغستانی وەرگرتبوو کە بۆ ئەو مەبەستە چووبووە سویسرا. قستی دووەمیشی وەرگرتیە بەلام نازانرێ لە دەستی کێ. ئەوە ئاشکرا بوو کە شیشکەلی سەردانی بەیروتی کردووە، ئەوەش تەنها بۆ وەرگرتنی پارەکە و یەکسەر گەڕایەوە ئەوروپا. بەمجۆرە کودەتاچیەکانی هەلخەلەتاندو لە هەردوو دینی کردن.

چەکەکان، لە رێگەی سەفارەتی عێراق لە رۆما، لە ئیتالیا کڕابوون، چەکەکان بایی ٧٤٢٣ دیناری عێراقی بوون (ئەوکات یەک دینار هاوتای ١٧٥٠ لیرەی ئیتالی بوو). بۆ ئەو عەمەلیە سالح مەهدی عەماش راسپاردرابوو، بە پاسەپۆرتێکی ساختە، بە فرۆکەیەکی عێراقی چووبووە ئیتالیا، ٣٠٠ دۆشکەیان کڕیبوو، هەر یەکەی بە ١٧:١٠ دینار، ٥٠ هەزا گوللە دۆشکە بە ١٤:١٠ دینار. لە کاتێک ناوی کەسێکی دیپلۆماتکاری ئینگلیزی، راوێژکاری سەفارەت لە

بەغـدا، بەنـاوی بۆمێنـت – Bomment، باسـکرا، گـوایە ٢٠ هەزار دینـاری پێدراوە، وەک خەرجـی هێزە ئیمپریالیسـتەکان بـۆ پاراسـتن و بەخێـوکردنی رژێمی کەمیل شەمعون. سەبارەت بە هەولدان بۆ کودەتا تۆمەتباران وەلامـی جیا جیایان هەبوو. بۆ نموونە ئەوە بەشێکە لە ئیفادەی سـەرۆک وەزیرانـی پێشو، ئەلجەمالی، کە سزای سێدارەی بۆ دەرکرابوو. تۆمتبار: لەسەرو بەندی هەلبژاردنەکانی سوریا مەترسی بردنەوەی کۆمونیستەکان، دوژمنی سـەرەکی بەرژەوەنـدیەکانی عەرەب، هـاتە ئـاراوە. هەڕەشـەی ئەوە هـات کە پڕوشـکی بگەوێتە ولاتانی دراوسێ. ئەوکات ئێمە هەستمان بە نیگەرانیەکی گەورە کرد، بەلام زۆرێک لە ئێمە، ئەوە پارتە سیاسیەکانی سـوریا بـوون کە دەیانوویست عادات و تەقالیدی عەرەبی رزگـار بکەن. زۆر لایەن، لە پێشـەوەی هەمـووان سەرکردەکانی ئێستای دیمەشق، داوای یارمەتیان لێکردین، داوای دەخالەتیـان لێکردین. ئەوە هاوارێکی، بێ هیوای، گەلی عەرەب بوو لە گەلی عێراقی بـرا. سەرۆکی داداگا: ئێوە دەتانویسـت سـوریا بە عێراق بلکێنن! تۆمەتبـار: نەخێر ئەوە راست نیە. ئێمە بە دوای چارەسەرێکی یاسایی کێشەکەوە بووین.

سەرۆک: کامە بوو ئەو چارەسەر یاساییە؟

تۆمەتبار: ئەو چارەسـەرەی کە لە لایەن هەردوو پەرلەمـانەوە بڕیـاری لەسـەر دەدرا.

سەرۆک: پیلان دانان بە نهێنی، کۆمەکی دارایی و نـاردنی چەک بۆ یـاخیبووە سوریەکان، ئەوە چارەسـەری قانونی بوو؟

تۆمەتبار: من هیچ پەیوەندیەکم بەو مەسەلەوە نیە.

سەرۆک: ئەدی ئەو چەکانەی لە ئیتالیا کڕابوون؟

تۆمەتبار: ئەوەنـدەی مـن ئاگـادارم دەبـوایە بگەونە دەسـتی نیشـتمانپەروەرانی جەزائیری، ئەوە لێرە ئەوە بزانم کە گەیشتونەتە لوبنان.

سەرۆک: باشە بۆ تەلەگرامتان بۆ حکومەتی سوریا رەوانە کردووەو داوای لێبوردن و بەزەییتان بۆ یاخیبووە گیراوەکان کردووە؟

تۆمەتبار: لەبەر ئەوەی ئێمە، هەموو کات، هەست و سۆز و هاوکاریمان بۆ هەموو عەرەبێکی شکستخواردوو هەبووە.

سەرۆک: وەک ئەمریکیەکان؟

تۆمەتبار: نەخێر، وەکو هەموو کەسێکی راست و لەسەر حەق.

سەرۆک: ئەوان خائین بوون و، ئێوەش یارمەتیتاندان، پارەی پارێزەرەکان ئێوە داتان، پارەتان بۆ خێزانەکانیان رەوانەکرد. ئەوان خیانەتکار بوون. بۆچی داکۆکیان لێدەکەی؟

تۆماتبار: ئەوان تەنها دۆڕاوبوون. داوای یارمەتیان لێمان کرد، واجبی ئەخلاقی عەرەبی بوو یارمەتیان بدەین.

# ئازایەتی دۆڕاوەکان

دوای چەندین سال، لە روانگەی سیاسیەوە، ئەو گفتو گۆ و کەیسی پەیمانی بەغدا – کە ئەوکات عێراق بە فەرمی دەرنەچوو بوو – لە هۆلی دادگای گەل بەدوا داچوونی بۆ دەکرا، رۆژانە تۆمەتباران و سەرۆکایەتی داداگای پێوە سەرقالبوون گرنگی هەیە جارێکیتر باس بکەین، بە تایبەتی تۆمەتەکان زۆر لاواز بوون. هەرچەندە روو بەرووبوونەکان هەندێجار زۆر دراماتیک بوون. ئەوەتە هەندێ لەو تۆمەتانەی ئاراستەی وەزیری دەرەوە، باش ئەعیان، کرابوون و سزای ئیعدامی بۆ دەرکرابوو، کە توانیبووم لای خۆم تۆماریان بکەم.

تۆمەتبار: ئێمە چووینە ناو پەیمانی بەغدا زیاتر لەبەر هۆکاری جوگرافی بوو لەوەی سیاسی، هەلکەوتەی عێراق وابوو، لە باکور ئێمەی دەخستە بەر مەترسی پەلاماردان لە لایەن یەکێتی سۆڤیەت، ئەوەش داوای لە ئێمە دەکرد، بۆ بەرژەوەندی تەواوی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و ولاتانی عەرەبی، ببینە قەلایەک و رێگری لەم مەترسیانە بگرین.

داواکاری گشتی (زۆر بە توڕەیەوە تەقیەوە)، شەرمەزاریە، سکاندەلە کە ئەو سەگە، بە شانازیەوە داکۆکی لە ئیمپریالیزم بکات! ئەوە سوکایەتیکردنە بە دادگاو بە گەل، تاوانە و ناتوانین رێگەی پێ بدەین، داوا لە سەرۆکی دادگا دەکەم رێگەی پێ نەدات، ئەوها بێ شەرمانە سوکایەتیمان پێ بکات. ئەو سەگە دەلێ پەیمانی بەغدا بۆ ئەوە بووە پارێزگاری لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست، لە دەستدرێژی سۆڤیت، بکات. ئەوە چ چاو و رویەکی قایمە، ئەوە مەهزەلەیە،

ئەوە درۆیەکی بێ بنەمایە چونکە یەکێتی سۆڤیەت سنوری لەگەل ولاتەکەمان نیە. لە راستی پەیمانی بەغدا ئامرازێکی پیس بوو بەدەستی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و ئەمەریکی. ئەمریکیەکان، بە فەرمی، لەبەر خاتری ئیسرایل، نەچوونە پالیەوە بەلام لە واقیع و عەمەلی بەشیک بوون لەم پەیمانە.

تۆمەتبار (قسەی پێ بڕی)، ئەوەتە ئیسڕایل ترسی لە پەیمانی بەغدا هەبوو. ئەوەش بەلگەیە کە پەیمانی بەغدا لە بەرژەوەندی گەلانی عەرەبدابوو.

سەرۆکی دادگا: ئەو قسە قۆڕ و بێ مانایانە هیچ پاساوێکیان نیە، قابیلە ئەمەریکا و ئینگلیز عەرەبن هەتا سود لەم پەیمانە وەرگرن! لە راستی پەیمانی بەغدا ئامرازێکی ئیمپریالیستی بوو، بە پاساوێکی بێ بنج و بنەمای مەترسی پەلاماری سۆڤیەت، یەک مەبەستی سەرەکی هەبوو ئەویش بیر و رای عەرەبی لەسەر کێشەی سەرەکی، هەڕەشەی کوشەندەی ئیسڕایل، دوور بخاتەوە.

تۆمەتبار: لەبیر نەکەن کە ئێمە، وەک حکومەتی عێراق، لە ناو هەموو ولاتە عەرەبەکان، بە تەنها لە دژی ئیسرایل شەڕمانکرد و رێکەوتنی ئاگر بەسمان لەگەلیان مۆر نەکرد.

داواکاری گشتی: ئەوەش پاساوێکی بێ مەعنایە. روسیا هەڕەشەی لە عێراق نەدەکرد، ئەوە ئیمپریالیستەکان بوون زنجیرێکی پەلاماردەریان لە دژی یەکێتی سۆڤیەت دروست کردوو، ئێوەش، لە رێگەی پەیمانی بەغدا، ئەلقەیەکی ئەو زنجیرەیە بوون .

سەرۆکی دادگا: بەرژەوەندی عەرەبەکان لە لای ئیمپریالیستەکان نەبوو، چۆن ئەوە دەسەلمێنی کە چوونە ناو پەیمانی بەغدا سودی هەبووە؟

تۆمەتبار: چوونمان بۆ ناو پەیمانی بەغدا هەنگاوێکی نیشتمانپەروەری بوو (سەرۆکی دادگا بە توندی وەلامی دەداتەوە لە هۆلەکە دەبێتە قیژە قیژ و هوتافات). دووبارەی دەکەمەوە و پێداگری لەسەر دەکەم کە چوونە ناو

پەیمانی بەغدا کارێکی نیشتمانپەروەرانە بوو، لەو رێگەوە لە داگیرکاری ئینگلیز رزگارمان بوو و، لە پاڵ دەولەتی خاوەن ئینتیدابی پێشو بە یەکسانی دادەنیشتین. بەوەش سەربەخۆیی و هەیبەتی عێراقمان بەهێزکرد. بێجگە لەوەش ئەو پەیمانە دەبوایە لە خزمەتی یەکگرتنی هەموو ولاتانی عەرەبی بێت، لە راستی لەسەرەتاوە مسرِیش رەزامەندی لەسەر ئەو پرۆژەیە نیشاندابوو.

بەو زمان و لەو کەش و هەوایە، هەموو ئێواران ئەو کۆمێدیە دەچووە پێشەوە، برِیارە رەشەکانی مەرگیش پێشوەختە، پێش دادگاییکردن، ئامادەکرابوون. زۆربەی ئێواران ئەو موسەلسەلەیە دووبارە دەبووەوە کە عەقل تەقەبولی نەدەکرد. لە یادمە جارێک تۆمەتێکی بێ تام خرابووە ئەستۆی بەرپرسی راگەیاندنی عێراق لە لوبنان و ئوردون گوایە، بۆ نان خواردنی ئێوارە، بالوێزی ئینگلیزی داوەت کردووە! دانیشتوانی هۆلەکە، دیار بوو، بە دەنگێکی بەرز تورەبوونی خۆیان پیشاند، لەگەل پرسیار و وەلامەکان نارەزایی خۆیان پیشاندا تا ئەوکاتەی وەزیری دارایی پێشوی پاشایەتی، بێ گوێدانە هۆشداریەکانی دادگا، بە بەردەوامی ناوی فەیسەل و عەبدول ئیلای بە "جەلالەتی مەلیک" و "وەلی عەهد" ناو دەبرد. بە ئاشکرا تەحەدای دادگای دەکرد و گەیشتە ئەر رادەیەی پێداگری لەسەر ئەوە بکات کە "مەلیک فەیسەل هیچ خراپەیەکی نەبوو، زۆر سیفەتی باشی هەبوو، ئەو لەو شتانە دوورو بێ بەریە کە ئێستا لێرە باسی دەکەن".

لە روالەت هەموو دانیشتوانی ناو هۆلی دادگا لەو قسانە تورەبوونی خۆیان پیشاندا و بەدەستیان با کابرای تۆمەتباریان پەل پەل دەکرد، کەچی لە دەرەوەی دادگا، لە بەرامبەر ئەو کەسانەی ترسیان لێیان نەبوو زۆر بە پۆزەتیڤ باسی مەلیکیان دەکرد. لە ناو هۆلی دادگا کەش و هەوایەکیتر هەبوو، دەبوایە ئاگایان لە "پاسەوانەکانی شۆرش" بێت و لە ترسی ئەوان

هیچیان نەدەووت. لەبیر نەکەی ئەو "شۆرش"ە هی کورد و عەرەب بوو. هەر بۆ بەبیر هێنانەوە لە کاتی دادگایکردنی ئەحمەد موختار بابانی کورد، کۆنە سەرۆک وەزیران، روداوێک کە تا رادەیەک بووە مایەی پێکەنین و سەرۆکایەتی دادگای خستە دۆخێکی ناخۆش. دادگا، بە حیسابی خۆی، شاهیدێکی کاریگەری هێنابوو، ئەویش پاچەچی، سەرۆک وەزیرانی پێشو، بوو بەلام گوێی گرانبوو، بەباشی لە پرسیارەکانی داواکاری گشتی، سەبارەت بە "برایەتی کورد و عەرەب" نەگەیشت و فەقیرەی، لە ناو ئەوهەموو تۆمەتبارانەی سەردەمی پاشایەتی، بە ناچاری پەنجەی بۆ بابان درێژکردوو و گوتی بابان نزیکترین راوێژکاری وەلی عەهد و عەبدول ئیلا بوو کە لە ١٤ تەموز پارچە پارچە کران. سەرۆکی دادگا، بۆ دەرچوون لەو مەوقیفە، دووبارە بە دروشم باسی "برایەتی کورد و عەرەبی لەبن نەهاتوو" کرد. ئەوەش بووە هۆی زەردەخەنەی یاریدەدەرەکانی موستەفا ئەل بارزانی کە لە سرەی پێشەوەی هۆلەکە دانیشتبوون.

# بەشی حەوتەم

# سەرکوتکردنێکی بێسنور

# ئاوارەکان "پێشمەرگەبوون"

لەو کاتەی دادگا تەماشای کەیسەکانی دەکرد پەیوەندیە مرۆییەکانی خەلکیش کاریگەریان پێوە دیار بوو، متمانەو دۆستایەتی، لەمابەینی یەکتر، روویان لە لاوازی دەکرد. لەو کاتەی "شێخی سۆر"، لە کۆتایی ئۆکتۆبەری ١٩٥٨ بەغدای جێهێشت و بەرەو زێدی خۆی، لە ناوچە چیا حاسێکان، بەرێکەوت. پێش سەفەرکردن بارزانی چەند بەلێن و ئیمتیازێکی لە قاسم بەدەست هێنابوو، وەک: گەڕاندنەوەی ئەو مولک و مالەی لە لایەن رژێمی مەلەکی هاشمی دەستی بەسەرداگیرابوو، بڕینەوەی موچەیەکی مانگانەی ٥ هەزار دیناری (دەیکردە ٧٥٠.٠٠٠ لیرەی ئیتالی)، رێگەدان بە گەرانەوەی ئازادانەی هەموو هاوڕێ و لایەنگرەکانی بارزانی کە لە یەکێتی سۆڤیەت ژیانیان بەسەر دەبرد و بەبێ ئەوەی هیچ لێپێچینەوەیەکی یاساییان دەگەل بکرێت. بە قسەی مولا موستەفا ئەلبارزانی ژماری هاوڕێکانی ٥٠٠ کەسە. لە بەهاری ١٩٥٩ یەکەم گروپ گەیشتە بەغدا و بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک دەستە بەدەستە دەگەڕانەوە، وادیار بوو ژمارەکەیان زۆرتر بوو لەوەی باس دەکرا. لەراستی کەس کۆنترۆلی ژمارەکانی نەکردبو، ئەوەش بووە هۆی گومان پەیداکردن کە لە ناو لایەنگرانی "شێخی سۆر" ژمارەیەک لە کوردانی سۆڤیەتییش بە قاچاخ هاتبنە عێراق. ئەوەتە لە قاهیرە زۆر بە توندی پڕۆپاگەندە دەکرا کە ئەو ژمارەیە تەنها ئەو ئاوارە قوربەسەرانە نین بەلکو زۆریان شەرکەری سۆڤیەتین، راهێنراون و پڕچەککراون تاکو هیوای کوردە جوداخوازەکان

ببوژێنەوە و دەولەتی کوردستان، بە زیانی خاکی سوریا و تورکیا و عێراق و ئێران، دابمەزرێنن.
ئەوە بوو ئەفسەری بالای ئەرکانی عێراق و ئەندامی جەبهەی وەتەنی، مەحمود دورە[20]، لەسەر گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکان، پەیوەندی لەگەل قاسم پچڕاند کە ئەوکات یەکێک بوو لە لایەنگرە نزیکەکانی. دورە رایکرد و چووە سوریا، لەوێ بانگەوازێکی دراماتیکی بلاوکردەوەو هۆشداریدا کە "رەوانەکردنی کوردە خۆبەخشەکانی سۆڤیەت، بۆ عێراق، مەترسیەکی کوشەندە، لەسەر گەلانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و ناسیۆنالیزمی عەرەبی، دروست دەکات". بە پێی قسەکانی دورە رەوانەکردنی ئەو کوردانەی سۆڤیەت بە رێکەوتنێکی نهێنی، لە مۆسکۆ، بە ئیمزای ئیبراهیم کوبە کراوە. کوبە ئەوکات وەزیری ئابوری عێراق بوو و بە وەزیرە هەرە کۆمونیستەکەی حکومەتی قاسم ناسراو بوو. دەنگۆی ئەوەش بلاو بووەوە گوایە ئەو کوردانەی سۆڤیەت بۆ ئامانجێکی تایبەت رەوانەکراون، بۆ ئەوەی راهێنان و پەروەردەی ئایدیۆلۆژی و سەربازی، نەک تەنها بۆ کۆمونیستە کوردەکان، بەلکو هەموو کۆمونیستەکانی عێراق بکەن.
شیوعیەکانی عێراقیش بە بەردەوامی و سەرشێتانە هەڕەشەیان لە قاسم دەکرد تاکو پەیوەندیە دیبلۆماسیەکان لەگەل یەکێتی سۆڤیەت نوێبکاتەوە. کوردەکانیش، بۆ ئەوەی دۆزەکەیان بە جیهانی بکرێت، هەمان داوایان لە قاسم دەکرد. هەردوو لا داوای گۆڕینی وەزیری دەرەوە، هاشم جەواد و جێگری وەزیر، عبدالحق فازیل و سەفیری عێراق لە واشنتۆن، عەلی حەیدەر، دەکرد. تۆمەتەکان لەسەر وەزیری دەرەوە زۆر بوون، کۆمونیستەکان گلەیی ئەوەیان دەکرد کە جەنابی وەزیر سەردانی سەفارەتی ولاتانی سۆسیالیستی

[20] محمود الدره، القضيه الكردية والقومية العربية في معركة العراق، بيروت، ١٩٦٣، ص ٢٧٦.

نەکـردوە، بە ئەنقەسـت ڕێـگە لە دەستنیشـانکردنی بالویزەکـانی عێـراق، لە ولاتانی سۆسیالیست، دەگرێت و پەیوەندی لەگەل چین نەبەستووە، هەروەها سەرزەنشت دەکرا بەوەی پەیوەندی لەگەل کارمەندانی کونسولخانەی سوریا بەهێزە و، تا دەگاتە رەفتارە دژ بە جەماوەریەکانی گەلەکەمان. گەیشتبووە ئەو رادەیەی عەبدول حەق بە "نازی" و "کۆنەپەرست" و، سەفیری عێراقیش لە واشـنتۆن بە "دژە شـۆڕش و نـۆکەری ئەمەریکـا" لە قەلەم بـدەن. ئەوکـاتە کۆمونیستەکان دەستیان دەڕۆیشت، وایان دەزانی هەرچی داوا بکەن بێ قەید و شەرت بۆیان جێبەجێ دەکرێ. کەچی وەزیرو و دیپلۆماتکارەکان لە شوێنی خۆیان مانەوە، وا دیارە قاسم، بە نهێنی و لە دوورەوە، گەرەنتی وەرگرتبوو.
لە لایەک لەگەل گەڕانەوەی کـوردە ئاوارەکـانی سـۆڤیەت جـۆرە گـرژیەک لە باکوری ولات سەری هەلدا، هێرش و پەلاماری دڕندە کرایە سەر ئەو خێل و عەشیرەتانەی کە پالپشتیان لە یاخیبوونە چەکدارەکەی بارزانی سالانی ١٩٤٥ – ١٩٤٧ نەکردبـوو. لە لایەکیتـریش، لەم کەش و هەوایە، پـارتی دیمـوکراتی کوردستان دەستی بە چالاکی گەرم و گوڕ کردبوو و، "شێخی سۆر"یش بە درێژایـی ئەو مـاوەیەی لە سـۆڤیەت بـوو بە "بـاوکی روحـی" ئەو حیـزبە ناسرابوو. پ. د. ک. بە ناو دیموکرات و لیبرال بوو بەلام دەتوانین لە ڕێگەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ زیاتر بیناسین:
"پارتەکەمـان لە خەبـاتی سیاسـی و کۆمەلایەتی پشـت بە دۆکترینـی زانسـتی مارکسـی – لینینـی دەبەستێ"، ئەوە خـالی سێیەمە لە پرۆگرامـی پـارتی کە لە جـانیوەری ١٩٦٠ بلاوکـراوەتەوە. لە خـالی ٦ – ب، زۆر بە روونـی نوسـراوە "ئێمە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی برایانە و دۆستانە و هاریکاری لەگەل پارتی کۆمونیسـتی عێـراق و هەمـوو لایەنە دیمـوکرات و پێشـکەوتووخوازەکانی عێراق، خەبات دەکەین. ئێمە خەبات بۆ برایەتی نێوان پارتەکەمان و لایەنە کوردستانیەکان دەکەیـن. ئێمە دووپـاتی دەکەیـنەوە کە هەولـی بەهێزکردنـی

برایەتـی نێـوان حیزبەکەمـان و تەواوی حیـزبە کۆمونیسـتەکان و ڕێکخـراوە دیموکرات و پێشکەوتوخوازەکانی جیهان دەدەین".
بۆ ئەوەی لە سەر ڕاپەڕین و یاخیبوونە بەردەوامەکانی ناوچەکانی باکوری عێراق تێبگەین وا باشتر ئاماژە بە دوا خالی بەرنامەی پ. د. ک. بکەین، خالی ٢٣ دەلێ "ئێمە پالپشتی لە خەباتی گەلی کورد، لە پارچەکانیتری کوردستان، بۆ ڕزگاربوونیان لە چەوسانەوە و نیری ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، دەکەین، ئێمە خەبات بۆ مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد دەکەین".

# سەنتەری کورد لە ئەورووپا

یەکێک لە لق و پۆپە هەرە چالاکەکانی پ. د. ک بریتیە لە سەنتەری کوردەکانی ئەورووپا، نزیکەی ٣٠٠ خوێندکاری کورد لە خۆ دەگرێت کە لە زانکۆکانی ئەلمانیای رۆژئاوا و رۆژهەلات، سویسرا، ئینگلتەرا، نەمسا، بولگاریا، چیکۆسلۆڤاکیا دەخوێنن. ئەو ریکخراوە ناوی "کۆمەلەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا"یە و لە لایەن گەنجێکی توندڕەو، عیسمەت شەریف ڤانلی، سەرۆکایەتی دەکرێ. ڤانلی بلاوکراوەیەک، بەناوی "کوردستان"، بە زمانی فەرەنسی دەردەکات کە لە لەندەن چاپ دەکرێت.

لە ئابی ١٩٥٦ خوێندکارە کوردەکان لە شاری ویسبادن، لە ئەلمانیای رۆژئاوا، کۆبوونەوە و رێکخراوێکیان، بە ناوی "کۆمیتەی رۆشنبیری بەردەوام" پێک هێنا، پاشان لە جانیوەری ١٩٥٨ لە لەندەن ناوەکەی گۆڕا بۆ "کۆمیتەی کولتوری". لە دوای کۆدەتای سەربازی ١٤ تەموز، لە میونشن، لە ئەلمانیا، کۆنگرەیەکیان بەست و ناویان بۆ "کۆمەلەی خوێندکارانی کورد" گۆڕی. لە ئابی ١٩٥٩، لەو کاتەی فیستیڤالی لاوانی جیهان، لە ڤیەننا، دەبەسترا کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لەوێ بەسترا، لە یەکێک لەم دۆکومێنتانەی پەسەندکرا دەلێ "کۆنگرە سوپاسی خۆی، بۆ یەکێتی شۆڤیەت، ئەرمینیا، جۆرجیا و ئازەربایجان، دووبارە دەکاتەوە بۆ پالپشتیان لە بلاوکردنەوەی کولتوری کوردی. کۆنگرە داوا دەکات کە ئەم چاپکراوانەی لە یەکێتی سۆڤیەت، بە کوردی، بلاودەکرێنەوە جارێکیتر بۆ ملیۆنان کوردی دەرەوەی سۆڤیەت چاپ بکرێن و بلاوبکرێنەوە"،

لە کۆنگرە رەخنەی زۆر توند ئاراستەی سوریا، ئێران و تورکیا کران، بەلام سەبارەت بە عێراق بە هیواوە چاوەڕوانی پێشهاتەکان دەکات. سەبارەت بە سوریا ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە "کوردەکان بوونەتە قوربانی چەوسانەوەی نەتەوەیـــی"، لەبەر ئەوە داوای کۆتایهێنـــانی بە چەوســـانەوەی نەتەوەیـــی، نەهێشتنی دیسکریمیناسیۆن، ئازادکردنی زیندانیە سیاسیەکان، گەڕاندنەوەی کـوردە دوورخراوەکـان بـۆ سـەر پۆسـت و شـوێنی ئیداری و سـەربازی پێشـویان، کـرد. کـۆنگرەی خوێنـدکارانی کـورد، بە هەمـان شـێوە، ئەو داخوازیانەیان بۆ بەشەکانی کوردستانی تورکیا و ئێرانیش کرد. کۆنگرە بە پۆزەتیـڤ باسـی ئەوەی کـرد کە لە تـاران رۆژنـامەیەک بە زمـان کـوردی دەردەچێ، کۆلێژی زمان و ئەدەبیاتی کوردی کراونەتەوە. حکومەتی ئێران لە رابـردوو و لە ئێسـتا ئینکـاری بـوونی کـورد ناکـات ، تەنـانەت هاولاتیـانی لورستان و بەختیاریش بە کورد حیساب دەکرێن.
چـالاکوانە کوردەکـان، لە ٨ شـوباتی ١٩٦٠، ئەو کـاتەی ئێـران و تورکیـا، بە یەکەوە سـەرکوتی کوردیـان کردبـوو، هـاتنەوە مەیـدان و ٢ نامەیـان بـۆ کۆمیسـیۆنی مافەکـانی مـرۆڤ لە یـو ئـێن UN رەوانەکـرد. لە نـامەی یەکەم ئامـــاژە بەوە کرابـــوو کە لە ٣ نـــۆڤەمبەری ١٩٥٩ بە نـــاهەق ٦٠٠ کەس لە کوردسـتانی ئێـران گیـراون، لە جـانیوەری ١٩٦٠ حکـومەتی ئەنـقەرە سـەدان کـوردی لە گونـدەکان و لە ئەسـتەبۆل و ئەنـقەرە، بە نـاهەق، گرتـووە. لە نامەکـان، بە حەساسـەوە، باسـی ئەوە کـراوە کە "داخـوازیە نەتەوەییەکـانی کورد" هەڕەشە لە یەکپارچەیی ولاتانیتر ناکەن. یەکێتی خوێندکارانی عەرەب لە ئەلمانیا بەو هەلوێستەی کوردەکان زۆر توڕە بوون، لەبەر ئەوە بەیانەکیان دەرکرد و ئاماژەیان بەوە کرد کە "چالاکی کۆمەلەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا هەڕەشە لە یەکگرتن و یەکێتی ولاتانی عەرەب" دەکات. بە دلنیاییەوە

ئەوەش مانـــای ئەوە دەگەیەنـــێ کە دروشـــمی "برایەتـــی کـــورد و عەرەب" بەدەست قاسمەوەیە چەند لاسەنگ و بێ ناوەڕۆکە.
لە راستی ئەو گیراوانەی کە گەنجە کوردە خوێندکارەکان ئاماژەیان پێدابوو بەرهەمی ئەو بەگژیەکداچوونە بوو کە لە نێوان عەشیرەتەکان تەقیبووەوە. بارزانیەکـان پەلامـاری زێباریەکانیانـدابوو، ئەوانەش لە ترسـی هێرشـەکان پەنایان بردبووە بەر تورکیا. هەندێک هۆزیتریش لە ناوچەی خانەقین، لەسەر سنوری ئێران، بەگژ یەکتر داچووبوون. تەنانەت حکومەتی عێراقیش ئەمری قەبزی بۆ ئیبراهیم ئەحمەد دەرکرد، ئەو سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات، هی مەلا موستەفا بارزانی، بوو، ئەو کەسە پالەوانی "کەیسی دەستور"ی عێراق بوو کە لە پێشەوە باسمانکرد. ئیبراهیم ئەحمەد بە تاوانی، دەستی هەبووە لە کوشتنی سەدیق قادر میران، کە سەرۆکی عەشیرەتی خۆشناو بوو و نەیاری "شێخی سور"، تۆمەتبار کرابوو.
ئەو کـــوردانەی لە ئـــاوارەیی ســـۆڤیەت گەڕابـــوونەوە تـــۆی مەترســـیان هێنابووەوەو لەیەکەم بەدیار کەوتن، لە زۆربەی ناوچەکان، پێکدادان لە نێو عەشیرەتەکان سەری هەلدا. ئەو پەلامارو و تالانەی نێوان هۆزە کوردیەکان رێگەیان خۆشکرد کە لە ئازاری ١٩٥٩ یاخیبوونەکەی موسل، بە سەرۆکایەتی عبدالوهاب الشواف، بتەقێتەوە، شەواف فەرماندەی فیرقەی ٥ ی باکور بوو. یاخیبوونەکە، لەسەرەتاوە دیاربوو سەر بە ناسرییەکان بوو، لە ماوەی ٣ رۆژ سەرکوتکرا، ئەوەش نەک تەنها بە هۆی لەشکر و فڕۆکەکانی قاسم بەلکو بە تەدەخولی کوردەکانی سەر بە بارزانیش بوو کە موعامەلەی خراپیان لەگەل ئەو خـێلە کوردیـانەکرد کە داوای کـۆمەک و پاراسـتنیان لە جەماعـاتەکەی شەواف کردبوو.
پێش یاخیبوونەکە چەند روداوی لا بەلا، بە دەستی کورد و کۆمونیستەکان، سەریان هەلدابوو، کوردەکان بە جلی میللی خۆیان، بەشێکی زۆر بە سواری

ولاخ، روویان لە موسل کردبوو بۆ ئەوەی بەشداری لە "مهرجان السلام"ی جەنگاوەرانی ئاشتی بکەن. دەسەلاتدارانی بەغدا هانی کۆمەلانی خەلکیان دەدا بەشداری تیا بکەن، ئەوانەی لە بەغدا، بە قیتار، دەرۆیشتن داشکانی ٥٠٪ بۆ دەکرا، داوا لە کاربەدەستانی حکومی کرا بوو کۆمەک و هاوکاری ئەو میهرەجانە بکەن. حیزبی شوعی و کوردەکانی بارزانی، بە یەکەوە، هەموو ریکخراوەکانی خۆیان، بۆ سەرکەوتن، خستبووە گەڕ، ئەوانەش وەک تەحەدا بەرامبەر بە عەسکەرەکان ژمارەیەک کومیتەی چاودێریان پێک هینا بوو، لە هەموو ئەو ریگا و بانانەی دەچوونە ناو شاری موسل، خالی پشکنیان دانابوو، ریگایان بەو کەس و عەشیرەتانە نەدەدا کە نەیاری بارزانی بوون، بە هەمانشت لە ناو شاریش، موسل کەوتبووە دەستی کۆمونیستەکان. بەمجۆرە عەسکەرەکان لە بەرامبەر تەحەدا و ئیهانەکان هاتنە وەلام، دلنیابوون لە کۆمەک و پالپشتی زۆربەی خەلکی موسل و، کۆمەکی چاوڕوان نەکراوی جەنەڕال نازم تەبەقچیلی، کە سەرکردەی فیرقەی کەرکوک بوو، بە هۆی نزیکی لە قاسم شوهرەتێکی زۆری لە ناو سوپا و خەلک پەیداکردبوو. ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی کە شەواف دەست بە یاخیبوون بکات.

# کۆمەڵکوژی موسل و کەرکوک

شەواف بۆ دەستگیرکردنی قاسم لە رادیۆ بانگەوازێکی خوێندەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە هەر کەسێ قاسم بکوژێ یان بگرێت ١٠ هەزار دینار، وەک خەلات، وەردەگرێ بەلام دوای ٣ رۆژ لە بەرگری بە خۆی و نزیکەی ٦٠ ئەفسەری سوپا کوژران. دوای ٣ رۆژی خوێناوی هێزەکانی قاسم و کۆمونیست و مستەفا بارزانی توانیان دەست بەسەر شاری موسل بگرن. پاشان دەست بە تۆلەکردنەوەو گرتنی بە کۆمەل و دادگایی سەرپێی و ئیعدامکردن کرا. لەم ٣ رۆژە خوێناویە بەرپرسێکی بالای حیزبی شوعی، کامیل قەزانچی، کوژرا، لە بەغدا خەلکێکی زۆر، بە ئالای سور، بەشداریان لە مەراسیمی جەنازەکەی کرد و بە بەرامبەر ئۆفیسەکەی قاسم رەتبوون، ئەویش بە دەست سلاوی بۆ ناردن. هەموو مەسیرەکە هاواری دەکرد و داوای لە سێدارەدانی بۆ خائین و نۆکەرەکان دەکرد، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی، لە دەستی موقاوەمەی شەعبی، رایانکردبوو.

لە ١٩٥٩/٠٣/٣٠ چوار ئەفسەری بالای هێزی ئاسمانی گوللە بارانکران: عەبدولا ناجی، قاسم محمەد علی عەزاوی، ئەحمەد عاشور، فازیل ناسر.

گوایە رۆژی ٢٧ مانگ مشتومڕیەکی گەرم لە نێوان قاسم و مەهداوی رویداوە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی قاسم رەزامەندی دەرنەبڕیبوو لەسەر پەسەندکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی ئەو ٤ ئەفسەرە، دوو دڵ بووەو داوای مۆلەتی ٢٤ سەعاتی کردوە بۆ بیرکردنەوە و هەلسەنگاندن. سەرۆکی دادگای عەسکەری، مەهداوی، بە هۆی خزمایەتی لەگەل قاسم، زۆر بە توندی وەلامی

قاسمی داوەتەوە کە ناکرێت یەک دەقیقەش کات بە فیرۆ بدەین و هەموو ئامادەکاریەک کراوە تاکو رۆژی ٣٠ مانگ، بەیانیەکە، بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت. گوایە قاسم هاواری کردیە و وتویەتی نایەوێت بکەوێتە بەر ئەمری واقیع بەلام هەر زوو بەزوو مەهداوی نامەیەکی لە جانتاکەی دەردێنێ و پیشانی دەدات، نامەکە لەلایەن سەرکردەکانی کۆمونیست، بە ناوی "تەواوی گەل و سوپا" داوای دەمودەستی جێبەجێکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی خائینانی یاخیبونەکەی موسلیان دەکرد. ئەو کات قاسم هێور دەبێتەوە.

لە دوای گوللە بارانکردنی ٤ ئەفسەری هێزی ئاسمانی ١٣ ئەفسەریتر، لە سێپتەمبەر، دوای دادگایەکی عەسکەری و بە نهێنی، ئیعدام کران، بە تایبەتی هی نازم تەبەقچەلی تورەی و دەنگێکی زۆری بە دوا داهات.

یەکێک لەم روداوە دڵتەزێنانەی ئەو رۆژانە ئەوە بوو کە یەکێک لە یاخیەکان، محەمەد سەید شەهاب، بە بریندراری بەرەو دیمەشق رایکردبوو بەلام بە سەلامەتی دەرنەچوو. کوردەکانی سوریا دەیناسنەوەو هەلا بەهەلایانکردبوو، تەنانەت بانگەوازێکیان بلاوکردەوە و داوایانکرد کە رێگە نەدرێ مەیتی ئەو خائینە لە دیمەشق بنێژرێ، ئەو شارەی گۆڕی قارەمانی ئیسلام، شکۆی گەلی کورد، سەلاحەدینی ئەیوبی لێیە، ئەو کەسەی سوریا و قودسی لەژێر داگیرکاری خاچپەرستەکان رزگار کردبوو. بەلام دانیشتوانی دیمەشق گوێیان بە بانگەوازەکە نەداو بە کۆمەل رژانە سەرشەقام و بە شێوەیەکی دراماتیک پرۆتێستی قاسم و کۆمونیستەکانی عێراقیانکرد. جەمال عەبدول ناسر، ئەو رۆژە لە دیمەشق بوو، لە وتارێکی توونددا، لە بەرامبەر جەماوەرێکی بێ هەژمار، ئاراستەی کۆمونیستەکانی کرد و ئاماژەی بەوەشدا کە کۆمونیستەکان مسڕیش فەرمان لە پارتی کۆمونیستی عێراق وەردەگرن، لە هەمانکات بەرپەچی ئەو تۆمەتانەی قاسمی دایەوە کە گوایە چەکی بۆ یاخیبوەکانی موسل رەوانەکردبێت.

بێجگە لەم ١٣ ئەفسەرەی ئاماژەمان بۆکرد قاسم ٤ کەسایەتی بەناوبانگی رژێمی پاشایەتی، لەناویان سەعید قەزاز، وەزیری ناوخۆ، لە سێدارەدا. سەبارەت بە قەزاز لایەنگرە نزیکەکانی بارزانی کە ئامادەی دادگایکردنەکە بوون، داوای ئەم سزایەیانکرد، سەرۆکی کوردەکان لە دادگا ووتی"رێگەم پێبدەن تاکە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو خائینە شایانی هیچ بەزەییەک نیە"، پاشان گوتی "باوەڕ و متمانەمان بەو دادگایە و سەرۆکەکەی هەیە". سەرۆکی دادگاش، مەهداوی، لە وەلام سوپاسی بەرپرسە کوردەکانیکرد و ووتی "دڵنایین عەدالەت سزایەکی بێ وێنە بۆ ئەو نۆکەرە دەبڕێتەوە"، لە هەمانکات تۆمەتبار کەوتبووە بەر شەپۆلی جوێن و سوکایەتی پێکردن. بەو جۆرە، لەم کەش و هەوایە، پڕۆسەی دادگاییکردنەکە درێژەی بە بڕیارە تراژیدیەکان دەدا.

لەم هەلومەرجە قاسم بووبووە هەدەفی هەموو لایەک، وەک دیلی دەستی کۆمونیست و کوردەکان دەهاتە بەرچاو، لە وولاتانی عەرەبی دابڕابوو، لە ناوخۆ بە دوژمن و نەیارەکان دەورەدرابوو. لەم کاتە خەبەری بووەوە و هەستی بە مەترسیکرد. لە لای خۆشیەوە "شێخی سۆر" هێزو لایەنگرەکانی خۆی خستبووە ئەوپەڕی ئامادەباشی. قاسم لە تەموزی ١٩٥٩ هەستی بە مەترسی موقاوەمەی شەعبی کرد، ئەوانەی لە باکور بوون لە ژێر دەسەلاتی بارزانی بوون، کە ژمارەیان گەیشتبووە ٤٠ هەزا چەکدار، بڕیاریدا کە دەبێت ئەو هێزانە بخرێنە ژێر دەسەلاتی فەرمی سەربازی. بێجگە لەوە قاسم چەند بڕیارێکیتریشی دەرکرد، بە تایبەت بۆ چۆنیەتی یادکردنەوەی سالی یەکەمی شۆڕشی ١٤ تەموز.

لەم کاتە ناسکە قاسم هەلوێستی بەرامبەر دۆستایەتی و لایەنگری کۆمونیستەکان دەگۆڕێت بۆ دوژمنایەتی و سەرکوتکردنیان. لەوکاتەدا مستەفا بارزانی ئامادەیی، بێ قەیدو شەرتی، بۆ پالپشتی لە زەعیم، راگەیاندو گەیشتە

ئەو رادەیەی سەرکۆنەی هەندێ رەفتاری توندڕەوانەی هەڤالانی لە پ. د. ک. بکات کە لە ژێرەوە لە لایەن خۆی هاندرابوون. ئەو هەلوێست گۆڕینە هێدی هێدی رونتر دەبێ، ئەوکاتەی لەناو پارتی کۆمونیستی عێراقی، بە شێوەیەکی دراماتیک، ململانێکانی نێوان بالی مۆدێراتی سەر بە مۆسکۆ بۆ راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان قاهیرە و بەغدا رابگرێت و، لە لایەکیتریش بالی توندڕەوی سەر بە پەکین، دەتەقنەوە.

سەرەڕای گرتنە بەری رێوشوینەکان، لە لایەن قاسم، بۆ یادی یەک سالەی شۆڕش رێوڕەسمی ئاهەنگەکان بە شێوەیەکی تراژیدی کۆتاییان پێهات، بە تایبەت لە شاری کەرکوک ئەو کاتەی دەستە و تاقمە کوردەکان لە رۆژانی ١٤ تا ١٩ تەموز ترسیان بلاوکردەوە. روداوەکان ئەوکاتە تەقینەوە کە هەندێ گروپ لە کوردە سەرگەرمەکان، پاش ئەوەی هەوالی دورخستنەوەی حاکمی عەسکەری، عەمید روکن داود سەلمان ئەلجەنابی ، کە بەڕەسەن کورد بوو، بیست پەلاماری دوکان و بازاری تورکمانەکانیاندا. لە جێی ئەلجەنابی ئەفسەرێکتری تورکمانیان دانا. کوردەکان توانیان کاریگەری لەسەر قاسمیش دابنێن، ئەوەیان بلاوکردەوە کە تورکمانەکان، بە پاساوی رەمەزان، نایانەوێت بەشداری لە سالیادی ١٤ تەموز بکەنەوە.

لە سەرەتای پەلامار و تالانکردنی دوکانی تورکمانەکان ١٠ کەسیان لێ بە دار هەلواسین، پاشان بارودۆخەکە لە دەست رۆیشت و بوو بە یاخیبوونێکی گشتی و لەلایەن سەربازگەی عەسکەری پالپشتی لێکرا کە زۆربەیان کوردبوون. ئەوکاتەی گروپەکانی موقاوەمەی شەعبی هێرشیانکردە سەر پۆلیسخانە و دەستیان بەسەر چەک و جبەخانەداگرت کە لە لایەن ئەلجەنابی پارێزرابوون. ئەلجەنابی دەبوایە ئەو فەرمان و رێنمایانەی، سەبارەت بە نیازی موقاوەمەی شەعبی، بگەیەنیتە دەستی حاکمی عەسکەری نوێ کە سەر بە تورکمانەکان بوو. لەم هەفتە تراژیدیە دەسەلاتی شۆڕشگێڕی کەوتبووە

دەستی کۆمیتەکانی شەعبی، یەکێک لە سەرکردەکان بەرپرسی پارتی کۆمونیستی شارەکە بوو، ٦ ئەفسەری بالای کوردیش لە فیرقەی کەرکوک ئەندامی پارتی کۆمونیست بوون و لە لایەن ئەلجەنابی پارێزگاریان لێکرابوو. ئەو کۆمیتە شەعبیە، وەک هەنگاوی یەکەم، دادگای گەلیان پێکهێنا و سەدان کەسی بێگوناهیان بە مەرگ سزادا، هەندێکیان بە زیندوویی لە قەبر نابوو، هەندێکیش بە ئەسپی کوردەکان بە جادەکانی کەرکوک راکێشران.
لەگەل ئەو روداوە ناخ هەژێنانە، کە هۆشداریەک بوون بۆ ئەو دوو دلیەی قاسم، کۆمونیست و کوردەکان ئاژاوەیکیتریان هەلگیرسان. لە پایتەخت گروپێک لەوانە هەولیدابوو بچیتە ناو چاپخانەی رۆژنامەی "بغداد" کە مەردانە رەخنەی لە کۆمونیست و "کوردە سۆرەکان" گرتبوو، ئەو رۆژەش ئازایەتی دەویست رەخنە لەوانە بگری. کرێکارەکانی چاپخانەو رۆژنامەنووسەکان توانیبوویان خۆیان رزگار بکەن و لەسەر بانەوە راکەن، سەرنووسەرەکەش رایکردبووە مالی هاوڕێیەکی و خۆی حەشاردابوو بەلام کەلوپەلی چاپخانەکە هەموو تێک و پێکدرابوو. ئەو پەلامارە هۆشداریەک بوو بۆ هەموو رۆژنامەکان، یەکێکیتر بووە هۆی سەرنجراکێشانی سەرکردە سەربازیەکان. لە هەمان رۆژ گروپێکی پیاوکوژ، بە پاساوێکی بێ مانا، هەلیکوتابووە سەر مالی کۆلۆنێل شەمسەدین عەبدولا، سەرۆکی دادگای سەربازی کە بە کەسێکی دژ بە کۆمونیستەکان ناسرابوو. هەولەکە سەری نەگرتبوو، شەمسەدین لەسەر بانی مالەکەی بۆسەی بۆیان دانابووەوە و تەقەی لێکردبوون، پۆلیس بە هانایەوە چوبوون و کۆمونیستەکانیش هەلاتبوون.

# مۆسكۆ پالپشتی لە هەڵمەتی قاسم، لە دژی كۆمونیستەكان، دەكات

جام پڕ بوو بوو، ٢٩ تەموزی ١٩٥٩ لە ڕۆژێكی گەرمای بەغدا قاسم، لە وەزارەتی بەرگری، كۆنفرانسێكی بۆ سەرنوسەری ڕۆژنامەكانكرد. زۆر توڕە، ڕوو گرژ و بەرچاوی بە تەواوی ڕەش بوو. جەنەڕاڵ ئەحمەد سالح ئەل عەبدی، حاكمی عەسكەری بەغدای لەگەڵ خۆی هینابوو كە بە دوژمنی باوككوژی كۆمونیستەكان ناسرا بوو، لە كاتی هەرای كەركوك كوردەكان فەردەی كایان بە ئەسپ و ولاخەكانیان رادەكێشاو و وێنە و ناوی ئەل عەبدیان پێوەكردبوو. ئەو ڕۆژە، لە تەك قاسم، فەیسەل سەمیر (السمیر)، سەرۆكی نەقابەی مامۆستایانی كۆمونیست، تازە سەنگەری گۆڕیبوو بۆ لای قاسم هاتبوو، دانیشتبوو. لە هۆڵەكە پلەی گەرما ٤٨ بوو، قاسم ئارەقەی لێدەچۆڕا، یەكجار توڕە دیاربوو، وادیاربوو گەرماكە كاری تێكردبوو، ئەو هەمیشە لەسەر خۆ و ڕوو بە پێكەنین بوو، ئەمجارە یەكسەر هێرشی كردە سەر كۆمونیستەكان و بەرپرسیاریەتی كۆمەلكوژیەكەی خستە ئەستۆیان بەبێ ئەوەی ناوی كوردەكان ببات.

قاسم لە كاتی قسەكردن ڕوویكردە ناو چاوی سەرنووسەری ڕۆژنامە كۆمونیستیەكان و زۆر بە حەماسەوە ووتی "پێتان دەلێم گەل، هەمووی بەیەكەوە یەك دەست و هێزە، من متمانە و پالپشتی گەلم لەگەلدایە نەك هی گروپ و حیزبێك. دەبێ ئەوە بزانی هەر حیزبێك، بە تەنها، بچووكە و میللەت دەتوانی پانی بكاتەوە ئەگەر هەولی لەناوبردنی بدات. ئەوە بزانن

دژایەتیکردنــی گەل مەحــاڵە و شکســتی لە دواوەیە، هەر کەســێک ئەو هەوڵە بدات ئەوە سوپا تێک و پێکی دەشکێنێ".

لە کــاتی قســەکانی قاســم، لە ناکــاو، عەزیــز ئەل حــاج، سەرنوســەری "اتحــاد الشعب"، ئۆرگانی پارتی کۆمونیستی عێراق، پ. ک. ع. هەستایە سەر پێ بۆ ئەوەی ئەوە دووپاتبکاتەوە کە رۆژنامەکەی تەنها بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان دەنووسێ بەلام سەرۆک وەزیران هۆشداریەکی توندی پێداو ووتی "بێ دەنگ بن" و درێژەی بە قسەکانیدا و ئەوەی ئاشکراکرد کە ئەو راپەڕینەی کەرکوک بەشــێک بــووە لە پڕۆژەیەکــی فراوانتــر کە دەبــوایە ئەو ئــاژاوەیە لە ناســریە، سەماوە و بەغداو و شارەکانتریش بتەقنەوە.

رۆژی دوایــی، ئیتیحــادی شــەعب لە باســی کۆنفرانســەکەی قاســم، بە عەقلــی کەس نەدەهات، پالپشتی و هاوکاری تەواوی خۆی بۆ قسە و هەلوێستەکان زەعیم، سەبارەت بە کارەساتی کەرکوک، دەردەبڕی، لە هەمان کات بە توندی ئیــدانە و ســەرکۆنەی، بە قســەی رۆژنــامەکە، "هێزەکــانی ئیمپریــالیزم و کۆنەپەرســتی بەرپرســیاری ســەرەکی ئەو ئــاژاوەیەن کە ئاسایشــی گەل و ئیســتیقراری کۆمارەکەمــان دەخەنە بەر مەترســی" دەکــرد و، دڵنیــایی ئەوەی دەدا، لە کــاتی ئــاژاوەکە، کۆمونیســتەکان هەولــی هێورکردنەوەی دۆخەکەیــان داوە و داوایانکردووە رێز لە یاسا بگیرێت.

کەچــی مســتەفا بــارزانی، بە دڵنیــایەوە بە زیرەکــانە، بە دەنگێکــی لەســەر خــۆ، وەک دەنگــی گەلای دارســتان، ســەرکۆنەی روداوەکەی کەرکــوکی کــرد، بە بەردەوامــی لەگەل مۆســکۆ هاوهەلوێســت بــوو، بەوەش رێگــا راســتەکەی هەلبژاردبوو. ئەوەتە پاش ماوەیەکی کەم بۆریس نیکۆلاڤئیچ پۆنۆمــاریۆڤ [٢١]، بەرپرسی "بەشی پەیوەندی لەگەل پارتە کۆمونیستەکانی دەرەوە" و ئەندامی

[٢١] Boris Nicolaevic Ponomariov

بالای کۆمیتەی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت، بە نامە، رەخنەی توندی لە پ. ک. ع. گرت.

لەو نامە دورو درێژە، پۆنۆماریۆڤ، زۆر بە توندی رەخنەی لە رەفتار و بالی توندرەوی سەر بە چین و ئەو پرۆپاگەندە نابەجێیانەی کۆمونیستەکانی عێراق دەگرت و ئامۆژگاری تاکتیکی حەکیمانەی، لە خەباتی گەیشتن بە دەسەلات، دەکردن. بە تایبەتی رەخنەی توندی لەو هەلوێستانەی دژ بە قاسم دەگرت و دەیگووت ئەو هەلوێستانە دەبنە هۆی دورکەوتنەوەی قاسم لەو سیاسەتەی تاکو ئێستا لە بەرامبەر ناسر و هێزە رۆژئاواییە ئیمریالیستەکان گرتیتیە بەر. لە نامەکە دەنوسێ "هێشتا بارو دۆخ گونجاو نیە" بۆ ئەوەی "بە یەک پێ پاز بدەی بۆ ناو کۆمونیزم، ئەوە دەبێتە هۆی تەقینەوەی رق و کینەی بەرەی ناسیۆنالیستەکان، هی سوپا و چین و توێژەکانی گەل کە ئەوان قاسم وەک قارەمان و فریادرەس تەماشا دەکەن، قاسم بۆ ئەوان قارەمانی نیشتمانیە، ئەو کەسەیە کە ئیمپریالیستەکانی لە خاکی عێراق بەدەرناوە".

لە نامەکە ئاماژە بەوە کراوە کە بە سیاسەتی ژیرانە دەکرێت بۆرجوازی، هێزە چەکدارەکان، ناسیۆنالیستەکان و تەنانەت توێژە ئاینداره‌کانیش ببنە هاورێی سەفەری خەبات لە دژی ئیمپریالیزم نەک تەنها لە عێراق بەلکو لە تەواوی رۆژهەلاتی ناوەراست. پۆنۆماریۆڤ سەرکۆنەی زێدەرۆیەکانی کەرکوکی دەکرد و بە "هەلەی چەپەکانی" لە قەلەم دەدا، سەرکۆنەی بریار و رەفتاری تاک لایەنە و شەخسی لقەکانی پ. ک. ع. لە شارەکان، بە دژی دامودەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش، دەکرد و دەیگووت "ئەو رەفتارانە دەچنە خانەی سیکتاریزم و لێکدانەوەی سیاسی سەر پێیانەیە. پ. ک. ع. دەبێت پرنسیپ و بریاری دەستەجەمعی بگرێتەوە دەست و رێگە بەوە نەدات بورۆکراتەکانی محەلی ناو و ناوبانگی حیزب لەکەدار بکەن".

ڕەخنەکــان زۆر تووند و ڕەقبــوون بەلام بــاش حیســابی بــۆ کرابــوو و بەشــێوەیەک قاســم لە پێســتی خــۆی دەرنەچــێ. بە دوای ئەم نــامەیە خرۆشۆڤ[٢٢]، سکرتێری پارتی کۆمونیستی سۆڤیەت، بروسکەیەکی یەکجار گەرموگوڕو دۆستانە بۆ قاسم ڕەوانە دەکات. لە لایەکیتریش حیزبی شوعی خەریکی ڕەخنە لە خۆگرتن و پێداچوونەوە بوون، لە ١٤ ئەیلول مەکتەبی سیاسی، بۆ هەلسەنگاندنی نامەکەی پۆنۆماریۆڤ – بە ناوی زێدەڕۆیی لە پڕۆپاگەندەو تاکتیکەکان – دەستی بە کۆبوونەوەکرد.
لە کۆتایی کۆبونەوەکە، کە لە کەش و هەوایەکی خەمباری و کۆنفۆڕمیسمی، بۆ سیاسەتی سۆڤیەت، بەبێ ئەوەی کەس، تەنانەت ئەوانەی بە بالی چینیش لە قەلەمدرابوون، ئازایەتیان هەبێت ڕەخنەیەک لە نامەکە بگرن. بە تەواوی دەنگەکان بەیانی کۆتایی پەسەندکرا کە دووبارەی دەکردەوە کە "زێدەڕۆیی لە پڕۆپاگەندەو تاکتیکەکان"، بە جدی مەترسی ئەوەیان هەبوو ببنە هۆی پەرتەوازەیی و لێکدابڕانێکی قول لە نێوان "کۆمونیستەکان و پارتە سیاسیە دیموکراتخوازەکان". هەلەکان، بە زۆری، خرابوونە ئەستۆی دەست و تاقمە ئەنارکیەکانی دوور لە ڕێکخستنە جەماوەریەکان، پەنجەیان خرایە سەر و تا ڕادەیک پاساویان بۆ هێنانەوە کە ئەم هەلانە بە هۆی بە نرم تەماشاکردنی ڕۆلی حکومەت و ئەو ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرانەی بەشداری ژیانی سیاسی ولاتیان دەکرد، وەک ئەنجامی ئەو پڕۆپاگەندە و داواکاریانەی بۆ بەشدار بوونی کۆمونیستەکان لە حکومەت ڕۆژانە بلاودەکرانەوە. لە کۆتایی بەیانەکە سەرکۆنەی هەلەی چەپخوازەکانی دەکرد بەوەی بوونەتە هۆی" پێشێلکردنی پرنسیپەکانی لینینیزم بۆ سەرکردایەتی بە کۆمەل و کەمکردنەوەی دەسەلاتی لیژنەی مەرکەزی، گوێ نەدان بە ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن، سەرهەلدان و

[٢٢] Nikita Sergeevic Chruscev 1894 – 1971
خرۆشۆڤ لە سالانی ١٩٥٣ – ١٩٦٤ سکرتێری پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت بوو.

گەشـەکردنی بـالی بـورۆکراتی لە نـاو حیـزب، لادان لە ئایـدیۆلۆژی کە حیـزب دەیەوێت ڕێگەی لێبگرێت و ڕاستی بکاتەوە".

هێشـتا ئامـاژە بەوە دەکـرا کە "حیـزب بە تەواوی حیسـابی بـۆ هێـزی خـۆی نەکردبوو، زێدەڕۆی لە هەلسەنگاندن و ڕۆلی خۆی کردبوو". "ڕۆژنامەکەمـان لە باسـکردنی هەنـدێ ڕوداو واقیـع و ڕاسـتگۆ نەبـوون". "حیـزب ئیـدانەی زێدەڕۆیەکانی کەرکوک دەکات". "حیزب هەلسـەنگاندنێکی هەلەی بۆ شۆڕشـی عێراق کرد، وایدەزانی شۆڕشـێکی شـەعبیە کەچی شۆڕشـێکی دیمـوکراتی – بورجوازیە ..... هتد.

# گوڵی چینی دەپشکوێن

لە راســتیدا یەکەم نیشــانەی بــاڵ بــالێن و جیــابوونەوە لە ریـزی پــارتی کۆمونیستی عێراق لە تەموزی ١٩٥٩ سەری هەلدا، بە ئاشکرا ئەندامەکان نارەزاییان بەرامبەر سیاسەتی شورەوی دەردەبڕی، بە چاوێکی دۆستانە تەماشی سیاسەتی چینیان دەکرد. سۆڤیەت نەک هەر هەلوێستی، سەبارەت بە ململانێی نێوان بەغدا و قاهیرە، پیشان نەدا بەلکو لە بەرامبەر سیاستی دوژمنکارانەی قاسم بەرامبەر کۆمونیستەکانی عێراقیش بێدەنگی نواند، تەنانەت ئەوکاتەش کە قاسم زنجیرە کەیسێکی تاوانبارکردنی کۆمونیستەکانی خستە بەردەم دادگا.

یەکێک لە هەواله هەر ناخۆشەکان بۆ پ. ک. ع. بریتیبوو لە هەلوێستی "شێخی سۆر"، مارشالی سوپای سوری سۆڤیەت بەرامبەر قاسم، بارزانی لە کاتی مەراسیمی یەک سالەی شۆڕشی ١٤ تەموز رایگەیاندبوو، بە هەموو شێوەیەک، پالپشتی خۆی لە قاسم و حکومەتەی دەکات. بارزانی گەیشتە ئەو رادەیەی، بە ئاشکرا، سەرکۆنەی چالاکی و رەفتاری هەندێ لە بەرپرسە دیارەکانی ناو پ. د. ک. بکات کە هاوسۆزی و لایەنگریان بۆ پ. ک. ع. هەبوو. ئەوە لەم قۆناغە بوو کە قاسم سیاسەتی بێلایەنی و هاوسەنگی لە نێوان، کۆمونیستەکان و ناسریەکان، پەیرەو دەکرد بۆ ئەوەی ئاهەنگەکانی یادکردنەوە بە بێ گرفت تێپەرێنن بەلام وەک دیتمان بە کارەسات کۆتاییان پێهات. پێویستە دان بەوە بنێین، لەم کەش و هەوایە، کە سەرکردە کۆمونیستەکان هەولێکی یەکجار دژواریان خستە گەڕ بۆ ئەوەی قەناعەت بە

حیزب و ئەندامەکان بهێنن بۆ ئەوەی متمانە و پالپشتی یەکێتی سۆڤیەت بەدەست بێنن پێویستە دان بەخۆیاندابگرن و بەرگەی تاڵ و سوێریەکان بگرن. حیزب دەبوایە بەسەر زۆر لە گرفتەکان زاڵ ببیت تاکو بتوانێ ببێتە هێزی بالادەست لە عێراق.

لەم هەلومەرجە ئەوانەی قازانجیانکرد بالی کۆمونیستی سەر بە چین بوون، ئەو کاتە سەردەمی "شیعری شۆڕشگێری" ماو تسی تۆنگ بوو کە بە قسە، نەک بە کردار، بانگەشەی بۆ "سیاسەتی ۱۰۰ گوڵ – سیاسەتی چەپکە گوڵ" دەکرد. لەم کات و ساتە کۆمونیستەکانی سەر بە بالی پەکین، لە بەرامبەر نەبوونی سیاسەتێکی روون و ئاشکرای حیزب و سەرلێشێوانی جەماوەرەکەیان، گەشەیان دەکرد و ریزەکانیان پتەوتر دەکرد، هێرشەکانیان بۆ سەر ناسیۆنالیستەکانی ناسریزم زیاد دەکرد، لە رووی مەعنەوەی یارمەتیەکی زۆریان، زیاتر لەوەی لە بالی مۆسکۆ، بە جەماوەر دەبەخشی.

بە هەرحال نە بروسکەکەی خرۆشۆڤ و نە رەخنە لەخۆگرتنەکەی کۆمونیستەکان نەیانتوانی قاسم لەو سیاستە نوێ و سەرکوتکاریە پاشگەز بکەنەوە. بە پێچەوانەوە قاسم، بە زانایی، کارتی سۆڤیەتی لە دژی کۆمونیستەکان بەکار هێنا، بە هەلوەشانەوەی هێزەکانی موقاوەمەی شەعبی دەستی پێکرد، لێبوردنی بۆ ژمارەیەک لە کەسایەتیە گیراوەکانی سەردەمی پاشایەتی دەرکرد، ٤٠٠ سەرباز و ئەفسەری لە فیرقەی ۲ کەرکوک ناردە مالەوە، ئەو کەسانەی لە ناو سوپا و پۆلیس مەترسی کۆمونیستیان لێدەکرا دەرکرد.

بەم شێوەیە لە هەموو ولات هەلمەتێکی دژ بە کۆمونیستەکان دەستی پێکرد. لە ناو ژمارەیەک لە نەقابە جۆراو جۆرەکان ناڕەزایی، بەرامبەر بەرپرس و نوێنەرەکانی حیزبی شوعی، تەقیەوە. لە دوو نەقابە ناچارکران دەست لە کار بکێشنەوە، ئەوانیتریش داوای هەلبژاردنی نوێیان دەکرد و دەیانووت

کۆمونیستەکان لە ڕێگەی هەڕەشە و ساختەیی پلەو پۆستیان داگیر کردووە. بارەگای نەقابەی عەمەل داخرا، سەرۆکەکەیان، الفلاحی، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک خرایە زیندان و دەست بەسەر مال و مولکی گیرا. ژمارەیەک لەو ڕۆژنامانەی، بەهۆی ترس یان ئینتیهازیان – ئۆپۆرتۆنیزم، کە تا ئەو ڕۆژە پشتیوانیان لە کۆمونیستەکان دەکرد، گێڕیان گۆڕی و سەنگەریان گواستەوە و کەوتنە پشتگیریکردنی حکومەتی قاسم. ٧٠٠ گەنج "لاوانی دیموکرات – شبیبە الدیمقراطیە" بردرانە بەردەم دادگا و، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ٢٠ هەزار گەنج، لەم ڕێکخراوە، ئیستیقالە بکەن. لە کاتی هەلبژاردنی نەقابەی پارێزەران لیستێکی میانڕەو، بە پێچەوانەی هەموو پێشبینیەکان، زۆربەی دەنگەکانی بەدەست هێنا و کۆمونیستەکان شکستێکی گەورەیان خوارد. بەرەی نیشتمانی – جبهە الوطنیە بەیەکجاری پەرت و بلاو و هەلوەشایەوە تەنها کۆمونیستەکان و کوردەکان، بە تەنها، مانەوە.

بەمجۆرە، کاتی خۆی چۆن کۆمونیستەکان ئەسپی خۆیان تاودا و هێندەی نەمابوو ولات بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار بەرن، ئێستا بە هەمان شێوە شالاوی دژ بە کۆمونیست خەریکە هەموو ولات بگرێتەوە و ولات بەرەو مالوێرانیەکیتر ببات. ئا لەم کات و ساتە زەعیم عەبدولکەریم، بە زانایی، جلەوی ئەو هەلمەتە توونددەکاتەوە، بڕیاری داخستنی ٢ ڕۆژنامەیدا کە بە ئاشکرا، بە شیعر و پەخشان، جەماوەریان، بۆدژایەتیکردنی کۆمونیستەکان، جۆش دەدا. یەک لەو ڕۆژنامانە "فجر الجدید" بوو کە لە وتارەک نووسیبووی "کۆمونیستەکان دەیانەوێت ولاتەکەمان، عێراق، لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، کە لە لایەن موحەمەدی عەرەبی، بلاوکراوەتەوە دابڕن و بمان خەنە باوەشی دۆکترینی کارل مارکسی جولەکە!". ئاشکراشە لە ولاتانی عەرەبی باسکردنی کەیسی یەهودیەکان چەندە مەترسیدارە، وەک دەنکە شقارتەیەک بخەیە ناو دەریایەک لە بەنزین وایە.

دوایــی چەنــد رۆژەک، لە ٧ ئۆکتــۆبەری ١٩٥٩، تیرۆریســتێکی نادیــار[٢٣]، لە شەقامی رەشیدی قەلەبالغ، تەقە لە قاسم دەکات و ٣ گوللەی بەردەکەوێت و بریندار دەبێ بەلام دوای چەند مانگێک دەگەڕێتەوە سەر کارەکانی خۆی و لە لایەن جەمــاوەرێکی یەکجــار زۆر و بــێ شــومار، بە گەرمــی، پێشــوازی لێدەکرێت. دوای ئەو پێشوازیە گەرمە قاسم لە خۆی دەردەچێ و دەیەوێت لەگەل مستەفا بارزانی تەسفیەی حیسابات بکات.

[٢٣] لە راستی ئەو پەلامارە تیرۆریستیە لە لایەن حیزبی بەعس و ناسریە قەومیەکان ئەنجامدرا و سەدام حوسێنی دیکتاتۆریش زۆرشانازی بەوە دەکرد کە بەشداری تیا کردوە. ئەدەبیاتێکی زۆر و دەولەمەند لەسەر ئەم پەلامارە بلاوکراوەنەتەوە، و.

# دیبلۆماسی دوو فاقی لە نێوان قاهیرە – مۆسکۆ و بەغدا – پەکین

ئەو رۆژەی قاسم وەک قارەمان و براوەیەک بە قەلەبالغترین شەقامی رۆژهەلات، لە شاریع رەشید، رەت دەبوو، لە لایەن تفەنگچیەکی خراپ، تەقەی لێدەکرێ سەرۆکی دادگای عەسکەری، فازیل مەهداوی، پیاوە بە ترس و کاریگەرەکەی رژێمی قاسم، بە سەردان لە پەکین بوو، کە هەوالەکە دەبیستێ یەکسەر تەلەگرامێک دەنێرێ "هەر ئێستا دەگەڕێمەوە". ئەوە بووە سەرەتای شەپۆلێکیتری سەرکوتکردن و راونان.

سەرۆکی عادیل و بالا – مەهداوی پێی خۆش بەو ناوە بناسرێت – بۆچی سەردانی پەکینی کردبوو؟

لەوانەیە لە هیچ قوژبنێکیتری ئەم جیهانە ململانێی نێوان کۆمونیستە توندڕەوەکانی سەر بە پەکین و میانڕەوکان یان ئاشتیخوازەکانی سەر بە مۆسکۆ ئەوها بە ئاشکرا و بە توندی و دڕاماتیک نەتەقیتەوە وەک ئەوەی لە نێوان هەردوو بالی پ. ک. ع.

بە هۆی ئەو قەیرانە قاهیرە و پەکینیش دێنە ناو مەیدانەکە، بالی پەکین زۆر بەهێزتر و خورتر بوو، بە ناڕاستەوخۆ سودی لە هەلمەتی قاسم بۆ سەر ناسریەکان دەبینی. ئەو رۆژەی خرۆشۆڤ لە ئەمەریکا گەڕایەوە مۆسکۆ دوای ٣٠ سەعات گەشتێکی بۆ پەکین کرد، پێش رۆیشتن گفتوگۆیەکی دوورو درێژی لەگەل سەفیری ولاتەکەی لە بەغدا، گریگۆری تیتۆڤیچ[٢٤]، کرد کە بۆ

[٢٤] Gregory Titovic Zaitzev

ئەو مەبەستە گەڕابووەوە. لەوانەیە خرۆشۆڤ ویستیبێ بە خۆی گوێ لە سەفیر بگرێ تاکو باسی هەلە و کەموکورتی کۆمونیستەکانی عێراقی بۆ باس بکات نەک تەنها ئەوانەی پەیوەندیان بە پێگەیشتنی ئاستی ئایدیۆلۆژی کۆمونیستەکانی عێراق یان ئەو بارودۆخە سەخت و دژوارە سیاسیەی عێراقی پێدا رەتبوو بەلکو ئەوەی پەیوەست بە ململانێ و بۆچوونەکانی نێوان مۆسکۆ و پەکینیش.

لەو کاتەی سۆڤیەت، وەک لە پێشەوە ئاماژەمان بۆکرد، ئامۆژگاری کۆمونیستەکانی عێراقی دەکرد کە بۆ گەیشتن بە دەسەلات، بەبێ روخاندنی قاسم، پێویستە رێگای قانونی و سیاسی بگرنە بەر و سود لە هەموو جۆرە هاوپەیمانیەکی دژە ئیمپریالیستی وەربگرن کە بتوانێت هەموو لایەنەکان (بورجوازی، ناسیۆنالیستەکان، عەسکەر و ئایندارەکان) لە خۆ بگرێت، ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە مۆنۆپۆلی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە دەستی ناسر دەربێنن. کەچی پەکین هانی دەدان لە رێگەی چالاکی توند و تیژ رژێم بڕوخێنن. رێنماییەکانی پەکین بوونە هۆی بەرپاکردنی کۆمەلکوژیەکەی موسل و کەرکوک، کە بووە هۆی تەقینەوەی رق و کینە، نەک تەنها لە عێراق بەلکو لە هەموو ولاتانی عەرەبی، لە دژی کۆمنیستەکان. بە پێچەوانەوە رێنماییەکانی مۆسکۆ بووە هۆی سەرکۆنەکردنی زێدەڕۆیەکان و رەخنە لەخۆگرتنەکانی لیژنەی مەرکەزی پ. ک. ع. کە لە ١٤ ئەیلول بەسترا و بانگی لە هەموو حیزب دەکرد بۆ "راستکردنەوەی لادانە مەترسیدارەکان".

پالپشت بەو دۆکومێنتە بالوێزی سۆڤیەت لە بەغدا توانی دلنیایی بداتە خرۆشۆڤ بۆ گەڕانەوەی هەیبەت و کۆنترۆلی سۆڤیەت بەسەر کۆمونیستەکانی عێراق و زۆر زانیاری پێدا تاکو بتوانێ لەم دانوستانە ناسکەی، لەگەل ماو تسی تۆنگ Mao Zedung، سودیان لێ ببینێ.

کاریگەری پەکین لەسەر کۆمونیستەکانی عێراق زوو بە زوو، لە ئۆکتۆبەری ۱۹٥٨، دەستی پێکرد، ئەوکاتە لە پایتەختی چین کۆنگرەیەکی گەورە بەسترا، زیاد لە ۱٥٠٠ کەس بەشداریان تیاکردبوو، لە نێویان جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە، چێن یی Chen Yi، بە فەرمی پێکهێنانی "کۆمەڵەی دۆستایەتی چین – عێراق" ڕاگەیەندرا. ١٦ ڕێکخراو و نەقابەی چینی بەشداریان تیا کرد، یۆ لێن یی سەرۆکی فیدراسیۆنی سەندیکای چینی و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی چینی بۆ هاوکاری لەگەڵ گەلانی ئەفریقا و ئاسیا بە سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە دەست نیشانکرا. یۆ لێن ئی Yo Len Yi بە شانازیەوە بەڵێنی بە گەلی عێراق دەدا و دەیووت "لە پالپشتی برایانەی گەلی چین دڵنیابن، ئەو ٦٥٠ ملیۆن هاولاتیەی چین گەورەترین هێزە لە جیهان".

کۆنگرەکە، وەک لێرە لە بەغدا بۆیان باسکردم، زۆر بە وردی کەوتبووە بەر چاوەدێری سەفارەتی سۆڤیەت لە پەکین، بەرپرسی پەیوەندیەکانی سەفارەت، ئەنتۆنۆڤ، بە وردی راپۆرتی بۆ مۆسکۆ و بالوێزخانەی سۆڤیەت، لە بەغدا، ڕەوانە کردبوو.

دوای چەند مانگێک جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، رۆونتری[٢٥]، سەردانی عێراقیکرد، بە ڕێپێوانی ناڕەزایی پێشوازی لێکرا، بە ناراستەخۆ کۆمونیست و ناسیۆنالیستەکانیش بەشداریان تیاکرد بەلام بە دڵنیایەوە سەفارەتی چینی، بە زانایی، دەستی تیا هەبوو. دۆستێکی نزیکی وەزیری دەرەوەی عێراق، هاشم جەواد، لە دەمی وەزیرەوە بۆی گێڕامەوە کە دەڵێ دیپلۆماتەکانی سۆڤیەت لە دانیشتنەکان، هەمیشە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەوان بە رەفتارو بە قسە ڕێز لە سەروەری عێراق دەگرن نە ک بە شێوەی "لادێی و نەزانی و چاوسورکردنەوە"ی دۆستە چینیەکان، لە

[٢٥] William Manning Rountree

هەمان کات پاساویان بۆ رەفتارە "توونـدڕەوی منداڵانەی لینینیزم"ی بۆ دەهێننەوە.

لەم کاتە قاسم، بە سود وەرگرتن لە ململانێ نێوان مۆسکۆ و پەکین و، پشتبەست بەوەی کە گەڕانەوەی کوردەکان لە سۆڤیەت و پەلاماردانی هۆز و عەشیرەتە نەیارەکانی "مەلای سۆر" و روداوەکانی موسل و کەرکوک و، هاوپەیمانی نێوان پارتی و حیزبی شوعی بوونە هۆی پارچە پارچە بوونی جەماوەری کورد. قاسم بە هۆی ئەو ڕێپێوان و خۆپیشاندانە زۆرانەی، بەبۆنەی دەرچوونی لە نەخۆشخانە، رۆژانە دەکران هەستی بە بەهێزبوونی دەسەلات و حکومەتەکەی دەکرد، بۆ ئەوەی بارزانی لە خەلکەکە دابڕێت، بیری لەوە کردەوە، لە ڕێگەی هەندێ ماف و گۆڕانکاری، دلی کوردەکان خۆش بکات.

لەم روانگەوە قاسم بەختی باش بوو و ئاسانکاری بۆکرا، بارزانی بە گەشتێک سەردانی هەندێ ولاتی ئەوروپای رۆژهەلاتی کرد. بە سوود وەرگرتن لەم کەش و هەوایە قاسم موچەکەی بارزانی بڕی کە سالێک پێشتر بۆی بڕیبووەوە، لە هەمان کات بە جدی بیری لە پرۆژەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان کردەوە کە سالانێکی زۆرە هەولی بەدەستهێنانی بۆ دەدەن. لەم کاتە قاسم مۆلەتی فەرمی، بۆ چالاکی، بە حیزبەکاندا، ئەوەی سەیر بوو مۆلەتی بە پ. ک. ع. رەسەنەکە نەدا کە لە گەشەی جەماوەری و بەلای پەکین دەچوو، بەلکو بە یەکێکی کارتۆنی، بە رابەرایەتی داود ئەلسائیغی، کە سەر بە یەکێتی سۆڤیەت بوو دا.

یەکێک لە هۆیەکانی ئەو جیاکاری و دیسکریمیناسیۆنەی کۆمونیستەکان دەگەڕێتەوە بۆ دورو نزیکیان لە دۆزی کورد. ئەوەتە لە پرۆگرامی حیزبی کۆمونیستی کارتۆنی زۆر بە سەر پێی و بە گشتی ئاماژە بۆ کورد، لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانی عێراق، دەکرا. کەچی لە حیزبە شوعیە

ڕەسەنەکە لە بەرنامە شۆڕشگێریە توندڕەوەکە پالپشتی لە خەباتی هاوبەشی کۆمونیستە عەرەبەکان و کوردەکان، لە دژی ئیمپریالیست، دەکردەوە و "ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کوردستانی عێراق پێشڕەوایەتی هەموو بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوەیی هەموو کوردستان بکات، لە هەمان کات ڕێگە بە ناسیۆنالیزمی کورد دەدات هەلومەرجی لەبار ئامادەبکات بۆ بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسین، بە دروستکردنی دەولەتێکی سەر بەخۆ لەسەر هەموو خاکی کوردستان".

لە ڕاستی ئەو دانپیانە فەرمیەی کۆمونیستەکانی عێراق لە سالی ١٩٥٦ بلاوکراوەتەوە بەلام لە ١٩٥٩/٠١/٣٠ دووبارە "اتحاد الشعب" جارێکیتر چاپیکردەوە، ئەوەش بەو هیوایە بوو هاوپەیمانی نێوان کۆمونیست و کوردەکان بەهێز بکات، بە تایەبەتی لەگەل پ. د. ک. و مەلا مستەفا بارزانی. جێگەی سەرنجە کە ئەو بانگەوازە، لە ١٩٥٩/٠٦/١٤ لە "گۆڤاری عێراق – Iraqi Review" دووبارە بلاوکرایەوە بەلام ڕەقابە، ئەو بەشەی پەیوەندی "بە دروستکردنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان"ەوە هەبوو بڕیبوو.

پڕۆژەی قاسم، کە حکومەتی بەغدا بە نهێنی ئامادەکاری بۆ دەکرد تا ئەو کاتە بە فەرمی هیچ ئاماژە و بەیانێکی بۆ دەرنەکرابوو بەلام بە ئەمری واقیع جۆرە ئۆتۆنۆمیەکی بۆ کوردەکان بەرجەستە کردبوو کە لە هیچ پارچەیەکتری کوردستانی تورکیا و ئێران وێنەی نەبوو. لە لای ئەنقەرە کوردستان وجودی نیە، کوردەکان، هەموویان بە تورک حیسابکراون و دەلێن هەمان ماف و ئەرکی هاولاتیانیتریان هەیە. ئەم سیاسەتەش درێژە پێدانی بەتورک کردنی کوردەکانە کە ماوەیەکی زۆرە دەستی پێکردوە.

لەم ڕۆژانە دادگای سەربازی لە ئەنقەرە، لە پشت دەرگا داخراوەکان و لە کەش و هەوایەکی توندی سەرکوتکردن دەستی بە دادگایی ژمارەیەک لە ئەنتەلکتوالی کورد کرد و تۆمەتی "هەولدان بۆ دروستکردنی دەولەتێک لەناو

خـاکی تورکیـا"ی خسـتبووە پالیـان. بـێجگە لەم کەیسـە، تۆمەتبـاران، کە لە سەردەمی رژێمی عەدنان مێندرێس، گیرابوون کەیسی نوێتریش هـاتنە پێش کە بە تـۆمەتی جۆربەجـۆر لەسـەردەمی رژێمـی جەنەڕال جەمـال گورسـێل دەسـت بەسـەرکراون. هەر کـاتەک باسـی مەترسـی کـورد دەکرێـت هەمـوو رژێمەکـان کـۆک و هاوهەلوێسـتن. لە سـەرەتای دادگـایکردنەکەی ئەم دوایـیە بێجگە لە تۆمەتی چالاکی ئەو کوردانە "لە دژی یەک پارچەیی خاک و دەولەت و ئاسایشی نیشتمانی" تۆمەتی "چالاکی سیخوڕی"شیان بۆ زیادکردن.
لە ئێران – فارس ئینکاری بوونی کورد ناکرێت بەلام لە راستی و بە کردەوە ئەزمونەکانی رابردوو ئەوەمان پێدەلێن کە ئەو ئۆتۆنۆمیەی کوردەکـان داوای دەکەن، لە پـرۆژەی مۆسـکۆ و نـوێنەرەکەی مسـتەفا بـارزانی، دەبێـتە هـۆی لاوازکردنـــی دەســـەلاتی ئێـــران و تورکیـــا، دوو ولات کە ســـنوریان لەگەل سۆڤیەت هەیە. کەواتە دەتـوانین بلێین کوردەکـان لە عێراق زۆرتـرین مـاف و ئازادیـــان هەیە: قوتابخانەیـــان هەیە، ١٥ رۆژنـــامە و گۆڤـــار بە کـــوردی بلادەکرێنەوە، پلەو پایەی بـالای حکومی و ئیداری و لەنـاو سـوپا و پۆلیس هەیە، ئەو هەمـوو کێشـە ناسـکانە، لە بەغـدا پـێم دەلـێن، دەبیَ لە ئاینـدەیەکی نزیک لە ئۆتۆنۆمیەکی ئیداری و کولتوری یەکلا بکرێنەوە کە قاسـم بەلێنـی بە خـێلە مەترسـیدارەکانی پەتـرۆل دابـوو چارەسـەری ئەم کێشـانە بکـرێن بەلام ناچار بوو بە وریایی و بە قۆناغ، بۆ ئەوەی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان لە خۆی نیگەران نەکات و کۆنترۆلی بارزانیش بکات، کەم کەم جێبەجێی بکات.
بـــارزانی دوای گەڕانەوەی لە گەشـــتە درێـــژەکەی لە ولاتـــانی ئەوروپـــای رۆژهەلات روبەڕوی بـارودۆخێکی نـویَ و مەترسـیدار بـوو. مـوچەکەی لە لایەن قاسم بڕابوو، پارتی کۆمونیست، ئەو پارتە نەمابوو کە جێی هێشـتبوو، ئێسـتا بە نهێنـی چالاکیەکـانی دەبـردە پێشـەوەو، لە هەمـوویـان مەترسـیدارتر ئەوە بوو هەندیَ لە عەشیرەتە کوردەکان پەنایان بردبووە بەر قاسم.

# کوردەکان رادەپەڕن و قاسمیش هەڕەشە لە کوەیت دەکات

بـارزانی پـاش گەڕانەوەی خـێلە کوردەکـان بانـگ دەکـات، لە پێشـەوە ئەو جەنگاوەرانەی کە لە روسیا راهێنانیان پێکرابوو، خۆی بۆ راپەڕین ئامادەکات، لە سەرەتاوە وەک ململانێی نێوان عەشیرەتەکان تەقیەوە. هێزەکانی "شیخی سۆر" پەلاماری ئەو خێلانەیاندا کە لایەنگریـان بۆ قاسم دەربڕیبوو، نزیکەی ٢٠ گوند وێرانکران، هێرشکرایە سەر چەند بنکەیەکی پۆلیس. هەزاران کورد پەرش و بلاو و ئاوارەی ناو ئەو چیا حاسێیانە بوون، هەندێک بەرەو تورکیا و ئێران رایانکرد و هەندێکیش داوای پاراستنیان لەسەربازگەکانی موسل کرد. ئەو هەرایە لەم مانگـانە بـوو کە قاسـم لەشـکرەکەی رەوانەی سـەر سـنوری کوەیـت کردبـوو و راشـیگەیاندبوو کە کوەیـت "بەشـێکە لە دایکـی نیشـتمانی عێراق" و نیازی ئەوەی هەبوو بە عێراقی بلکێنێ. کوەیت ولاتێکی دەولەمەندە بە سـامانی نەوت، قاسـمیش چـاوی بڕیبـووە سـامان و دەولەمەنـدیەکەی، بە خەیال پلاوی خۆی وایدانابوو بە چاوتروکاندنێک داگیری دەکات و زیـان بە بەرژەوەنـدی ئیمپریالیسـتەکانی رۆژئـاوا دەگەیەنـێ و پالپشـتی و هاوکـاری هەمـوو ولاتە عەرەبیەکـانیش بەدەسـت دێنـێ. بەلام هـیچ لە پێشـبینیەکانی نەهـاتەدی، ولاتە عەرەبیەکـان، لە پێشـەوەی هەمـووان ناسـڕ، هەڕەشـەیان لە قاسم کرد، ئامۆژگاریانکرد دەست لەو پڕۆژە داگیرکاریە هەلگرێ. ئەو وەلامە کـوتەکەکی کـاریگەربوو ئاراسـتەی هەیـبەت و شـکۆی قاسـمکرا کە پێشـتر کەوتبوونە ژێر پرسیار.

پێشتریش قاسم هەولی ئەوەیدابوو کیانێکی حکومی فەلەستین دروست بکات بۆ بەرنگار بوونەوەی حکومەتی تەل ئەبیب، بەلام زوو ناچار بوو بە سەرکزی وازی لێبهێنێ. دروستکردنی حکومەتێکی کارتۆنی فەلەستینی دەبووە هۆی پەیدابوونی گرفتی دەستنیشانکردنی سنورەکان، نەک هەر بە تەنیا لەگەل ئیسرائیل، بەلکو لەگەل کۆماری عەرەبی یەکگرتووی سوریا – مسر و ئوردنیش. ئەوەبوو لە ژێر فشاری ئەو ولاتانە وازی لەم پرۆژەیەش هێنا.

لەو کاتەی سوپای عێراق بەرەو سنوری کوەیت رەوانەکرا مۆسکۆ بە هەلی زانی کە کاتی ئەوە هاتووە "پەیمانی خوێن"ی نێوان کومونیستەکان و کوردەکانی عێراق دابڕێژێت. بە پاساوی بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی ٤٣ یەمین سالیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کۆبوونەوەی ٨١ پارتی کۆمونیستی هەموو جیهان "شێخی سۆر"ی داوەتی روسیا کرد. رۆژنامەی "پراڤدا" لە ١٩٦٠/١١/٠٧ باسی ئەو سەردانە دەکات. سۆڤیەتیەکان زۆر باش بارزانیان دەناسی دەیانزانی بە ئاسانی دەستەمۆ ناکرێت، هەموو هەولێکیاندا تا رازیبکەن و بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەن گوێ لە داخوازیەکانی بگرن، بەلام هەولەکانیان بێسوود بوو. ئەو گفت و گۆ و دانیشتنانە دەبوایە چەند رۆژێک بخایەنێ بەلام بە پێچەوانەی هەموو پێشبینیەکان، نزیەکەی، ٣ مانگی خایاند. بارزانی باوەڕی بە بەلێنەکان نەدەکرد، دەیزانی کە مۆسکۆ ناتوانێ گۆڕنکاری لە سیاسەتی قاسم بکات کە لە ناوەوە سیاسەتی دژ بە کۆمونیستەکانی پەیرەو دەکرد و لە لایەکیرییش، لە سەر ئاستی نێودەولەتی، هاو هەلوێست و وەک سۆڤیەت رەفتاری دەکرد.

بارزانی زۆر هەولیدا، خۆراگربوو، لە رێگەی هەست سۆزەوە هەولیدا روسەکان لە هەولێستی کوردەکان حالی بکات و داوای هاوکاری لەو کەسانە کرد کە بە پالپشت و پارێزگاری خۆی حیساب دەکردن. بۆ ئەم مەبەستەش

کۆمەڵێک بەڵگەو فاکتی خستبووە بەر دەستی سۆڤیەتیەکان سەبارەت بە رەفتارەکانی قاسم. ئەوەی پیشان دەدا چۆن قاسم لە بەڵێنەکانی پاشەگەز بۆتەوە، گوێ لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد ناگرێ، هەر جارەی بە پاساوێک خۆی لە داننان بە ئۆتۆنۆمی کوردەکان دەدزیتەوە، هەر کاتەکی گونجاو دێتە پێشەوە ئەو خۆی لێ دەشارێتەوە. بارزانی گلەیی لەوەش دەکرد، سەرەڕای داواکاری و پێداگری، تاکو ئێستا حکومەتی قاسم قوتابخانەیەکی ئامادەیی، زانکۆ یان ئەکادیمیای ئەدەب و زانستی کوردی دروست نەکردووە، هەمیشە دژایەتی خۆی دەربڕیووەو بە شێوەیەکی سوکایەتی، وەک بەبەغا، ئەوە دەڵێتەوە کە "عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب"[٢٦].

لە راستی "شێخی سۆر" بە توندی ناڕەزایی بەرامبەر بە قاسم دەردەبڕی و دەیووت قاسم وەک حکومەتی پاشایەتی، کە خۆی روخاندی، هەڵسوکەوت دەکات، دەیەوێت بە هێزی چەک کوردەکان بکاتە عێراقی. ژمارە یەکی ئۆکتۆبەری ١٩٦٠ رۆژنامەی خەبات، زمانحالی پ.د.ک.، پیشانی سۆڤیەتیەکاندا کە نووسیبووی "دوای ٢ سال لە شۆڕشی ١٤ تەموز هیچ پرۆژەیەکی پێشکەوتنی ئابوری، کولتوری و سیاسی لە کوردستانی عێراق جێبەجێ نەکراوە. نە جادەو بان، نە هێڵی شەمەندەفەر و نە کارگەیەک دروست نەکراون.

[٢٦] بەش بە حالی خۆم هیچ جۆرە زانیاریەکم لەسەر ئەو سەردانە ٣ مانگیەی بارزانی، بۆ مۆسکۆ، نیە، نازانین بارزانی بە تەنها بووە یان سەرکردەکانی پدک لەگەڵی بوون و داوای چیان لە شورەوی کردووە، و.

ریفۆرمی خوێندن و زمان ئەوە بووە کە کۆرسێکی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا کراوەتەوە، ئیزگەی رادیۆی سلێمانی، زۆر بەدەگمەن، بە کوردی بەرنامەکانی پەخش دەکات[٢٧].

گلەیی و پێشنیارە وردو بە دیقەتەکانی بارزانی هەندێ بەرهەمی، لە روالەت نەک لەرووی جەوهەری، بەدەست هێنا، ئەوەش بووە هۆی کارتێکردن لە پرۆگرامی پارتی کۆمونیستی عێراق کە لە پێشەکیەکەی، پێشتریش دانی پیانراوە، نووسراوە "پێویستە دان بە مافە رەواکانی نەتەوەیی گەلی کورد بنێین" و "ئەزمونی خەباتی هاوبەشی بۆ عێراقێکی دیموکرات و ئازاد دەبێتە مایەی هاندان و ئازایەتی گەلی کورد لە پارچەکانیتر بۆ رزگاربونیان لە چەوسانەوەی نەتەوەیی وەک براکانیان لە عێراق".

بەندی ٣، خالی ١ لە پرۆگرامە نوێیەکە ئاماژە بە نیشتمانی هاوبەشی عەرەب – کورد دەکات و دەبێتە هۆی:

ئەلیف. رێگەدان بە گەلی کورد بۆ هەلسوڕاندن و بەڕێوەبردنی ژیان و ئیدارە و کولتوری خۆی، ئەوەش یەکەم مافە لە مافە نەتەوەییەکان.

با. دابینکردنی ئازادیە دیموکراتیەکان و یەکسانی لە نێوان کورد و عەرەب. خەبات دژی هەر جۆرە دیسکریمیناسیۆن و بالایی و فەناتیقی رەگەزی و نەتەوەیی. خەبات بۆ پیشاندانی رووی ئەو کەس و لایانانەی داوای جوداخوازی دەکەن.

جیم. گەشەپێدانی سەروەت و سامانی کولتوری پێشەکەوتوخوازی گەلی کورد. دانانی مامۆستای کوردی لە هەموو قوتابخانەکانی عێراق. رێگەدان و هاندان و بایەخدان بە گەشەپێدانی کولتوری کوردی...هتد.

---

[٢٧] نەمزانیووە ئیزگەی رادیۆی کوردی لە سلێمانی کەوتبێتە کار، لەوانەیە ئەوە داواکاری کوردەکان بووبێت، و.

ئەوە دەستکەوتەکانی بارزانی بوون لە مۆسکۆ، لە راستی جگە لە راگەیاندنی دیماگۆجی هیچیتری لێ شین نەبوو. بە پێچەوانەوەی سالانی پێشو، پێش ئەوەی مۆسکۆ سەرکۆنەی زێدەڕۆیەکانی بالی چین بکات و، داوایکرد بە زوترین کات لادانە مەترسیدارەکان راست بکەنەوە، هەلوێست و داوکاریەکانی سۆڤیەت پاشەکشەیەکی گەورەبوو.

لەراستی مۆسکۆ لە سەر هەلوێستەکانی خۆی بەردەوامبوو، مەترسی و دوو دڵیەکانی خۆی بە کۆمونیستەکان گەیاندبوو و تکای کردبوو هەولمەدەن قاسم تورەو نیگەران بکەن، هەولمەدەن بیخەنە مەوقیفی ناخۆش و ناسڕیەکانی، زیاتر، لێ شێت و هار بکەن. لە چواچێوەی ئەم هەلومەرجانە پێشنیار و ئامۆژگاری سۆڤیەت ئەوە بوو کە مەسەلەی کورد بخرێتە ژینگەی "یەکێتی عێراق"، واتە بەلێ بۆ ئۆتۆنۆمی، لەم کات و ساتە، نەخێر بۆ جیابوونەوە.

بارزانی وا دەرکەوت، سەرەڕای ئەوەی چاوەڕوانی زیاتری دەکرد، لە پێناوی بەرژەوەندی ئایدیۆلۆژی هاوبەش ملی بۆ داواکانی سۆڤیەت نواند. بەلام کە گەڕایەوە کوردستان و چووە ناو جەماوەرە شەڕکەرەکەی هەستی بەوەکرد کە ئەو ناتوانێ رۆلی نەرم – مۆدێراتۆر ببینی، ئەو هەموو رق و تورەییەی لە ناخی پەنکی خواردبووە دەبوایە بتەقێتەوە. بە تایبەت لەوکات قاسم هێزەکانی لە باکوری ولات کێشابووەوە و رەوانەی سەر سنوری کوەیتی کردبوو رێگە خۆشکەربوو بۆ ئەوەی جارێکیتر بارزانی تیری خۆی باوێت و زۆر بە توندتر لە جاران چەخماخەی راپەرینێکیتر داگیرسێنێ. لەو هەموو ناوچە فراوانە "رێگر"ەکانی (پێشمەرگە، و) "شێخی سۆر" تەڕاتانییان دەکردو ساحیبی هەموو شتێک بوون. لە بەغدا هەندێ کەسی بێ مۆڕال باسی ئەوە دەکەن کە تەدەخول نەکردنی سوپای عێراق لە کاتی پێکدادانی نێوان بارزانی

و عەشیرەتە نەیارەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر کاتەک کورد لە نێو خۆیان ناتەبابوون دەبێتە هۆی لاوازبوونی بزوتنەوەی جوداخوازی.
بەلام ئەوکاتەی، نزیکەی، ٣٠ ئەفسەری کورد، لە سوپای بەغدا، چوونە ریزی یاخیبوونە چەکداریەکەی "شێخی سۆر" قاسم فەرمانی بە لەشکر و هێزی ئاسمانیکرد سەرکوتیان بکەن، لە هەمانکات عەشیرەتە نەیارەکانی بارزانیشی پڕ چەک کرد. لە هەمان کات حاکمی عەسکەری، ئەحمەد سالح ئەل عەبدی، بە بڕیارێک بلۆکی پارە و مولک و مالی ژمارەیەک لە سەرکردە کوردەکانیکرد. هەولدان بۆ سەرکوتکردنی کوردەکان، لە رێگەی بەکار هینانی هێز، خەیال پلاوی مەترسیدار بوو، ئەوە بوو شەڕی پێشمەرگایەتی زۆر بە توندوتیژتر دەستیپێکردەوە.
لەناو ئەو ئامرازو رێگایانەی قاسم گرتبوویە بەر بۆ سەرکوتکردنی کوردەکان داخستنی رۆژنامەی خەبات بوو، لە وتارێک ، بۆ گەرمکردنی تورەیی قاسم نوسیبووی "ئەگەر عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب ئەوە کوردستانی عێراقیش بەشێکە لە نەتەوەی کورد". سەرنووسەر و کارمەندەکان دەستبەسەر کران. تەنانەت گرژی و رووبەڕووبونەوەی چەکداریش، لە بەغدا، رویدا و چەند کەسێکیش کوژران. قاسم زیاتر تورە بوو و چالاکیەکانی پ. د. ک. قەدەغە کرد و خستیە دەرەوەی یاسا، بارەگاکانی، لە شارەکان، داخست.
مستی ئاسنینی قاسم چەند کاریگەریەکی بچوکی هەبوو، قاسم بەلێن و پارەی بەو عەشیرەتانەدا کە لە مێژبوو دوژمنایەتیان لەگەل بارزانیەکان هەبوو، چەکداری کردن و رەوانەی بەرەکانی شەڕیکردن. ئەو بیرۆکە ستراتیژی و نەفسیەی قاسم سەرینەگرت. زۆر لەو چەکانەی بە عەشیرەتەکان درابوون هەر زوو کەوتنە دەستی لایەنگرانی بارزانی. ئەوە شکستێکی جەرگبڕ بوو بۆ قاسم، لەبەر ئەوە بڕیاریدا فشارەکان لەسەر کورد کەمبکاتەوەو دەرگای دانوستاندنی جارێکیتر کردەوە.

ئێستا لە چلەی هاوینی ١٩٦١ داین، گەرمایەکی وشک، هەوایەکی خنکێنەر و ماندوکەر بەغدای داپۆشیوە. لە شارەکان قیرى جادەکان، لە ژێر ئەو رۆژە گەرمە، شل دەبێتەوە، لە سەحرا و چیاکان سەربازەکان هیزیان تیا نەماوە، خاکی میزۆپۆتامیا بۆتە فڕنیەکی بێبەزەیی. بارزانی موعجیزەی نەمریە و سنوری مەرگی بەزاندووە، بۆیە ئاگر بەسی، بۆ حکومەتی بەغدا، ناچاریە.

کۆمونیستەکان زۆر بە وریایی رەفتار دەکەن، لە پەنجەرە تەماشای روداوەکان دەکەن، بە قسە، قسەی زۆر، بە نووسین و پەخشانی زۆر لەگەل داواکاری "برا کوردەکان"ن. قاسم دەزانێ ئاسان نیە بارزانی رازیبکات لەبەر ئەوە هاوار بۆ مۆسکۆ دەبات بۆ ئەوەی بە "ناوبژیەکی دۆستانە"بارزانی رازیبکات کۆتایی بەو یاخیبوونە بهێنێ. بۆ ئەم مەبەستە ناسکەش جەنەڕال جەلیل ئاوقاتی، لە ١٦ ئەیلولی ١٩٦١ رەوانەی مۆسکۆ دەکات، چاوی بە خرۆشۆڤ و مارشال مالینۆڤیسکی دەکەوێت، هەردووکیان بەرێزەوە پێشوازیان لە نوێنەری قاسمکرد بەلام زۆر بەساردی پێشنیارەکانیان رەتکردەوە.

شەڕ درێژەی هەبوو بەلام لەبەرچی ئەوها بە سەختی و بە قورسی؟ باشە بۆ هیچ رێگایەکیتر نەبوو قاسم پەنای بۆ ببات"؟.

# شێخەکانی پەترۆل

هەندێ لە چاودێران پێیان وابوو لە پشت راپەڕینی کوردەکان شێخەکانی پەترۆل، لە کوەیت، دەستیان تیا هەبێ و هانیاندابن. ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە ئەو سەرهەلدانە قاسمی ناچارکرد سوپاکەی لەسەر سنوری کوەیت بکێشێتەوە و رەوانەی باکوری بکات تا بە هانای ئەو بنکە سەربازی و پۆلیسیانە بچن کە لە ناوچە حاسێکان کەوتبوونە بەر پەلاماری کوردەکان. بە پێی ئەو گریمانەیە ئەوە پیاوەکانی ئینگلیزن، لە رێگەی پارەو پول، هانی عەشیرەتە کوردەکانی نەیاری بارزانیان داوە تا پەلاماری هۆزەکای سەر بە بارزانی بدەن. قاسمیش پەنجەی تۆمەتی بۆ بالوێزخانەی بەریتانیا بردبوو و گوایە یارمەتی دارایی یاخیبوونەکەیان داوە. لەم حالەتە پێویستە لەوە بگەی ئاخۆ بۆچی "شێخی سۆر"، وەک رۆژنامەکانی عێراق دەنووسن، گوایە شکستی خواردووەو رایکردووەو لە سنور پەڕیوەتەوە، هەندێک دەلێن خۆی لە ئێران حەشارداوە، هەندێکیتریش دەلێن نەخێر سەر لە نوێ چۆتەوە باوەشی سۆڤیەت. باشە بارزانی، باوەڕی بە کۆمونیزم هەبوو، مارشالی سوپای سور بوو، عەجەب ئەورۆ بۆتە پیاوی ئینگلیز؟

تۆمەتەکان دژ بە ئینگلیز، بێجگە لە قاسم، لە لایەن زۆر بەرپرسی بالای بەغدا دوبارە دەکرانەوە، بالوێزی ئینگلیز، ترێڤیلیان Humphrey Trevelyan، ناچار بوو بێتە دەنگ، بە فەرمی، لە ماوەی هەفتەیەک ٢ جار بەرپەچی ئەو دەنگۆیانە بداتەوە، بە تایبەت پاش ئەوەی قاسم رایگەیاند کە "فەرمانبەرانی ئینگلیز لە پشتی یاخیبوونەکەی باکوردان".

رۆژی ٢٥ ئەیلولی ١٩٦١ سەفیری بەریتانیا، بە نووسین، رایگەیاند کە "لەم رۆژانە چەند جار، بە فەرمی، لایەنی عێراقی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە گوایە شانشینی یەکگرتوو دەستی لە یاخیبوونەکەی باکوری عێراق هەیە، هیچ راستیەک لەو قسانە بەدی ناکرێت، بە موتلەقی و بە فەرمی ئەو شائیعاتانە رەتدەکەینەوە. سیاسەتی حکومەتی ئینگلیز بریتیە لەوەی دەست لە کاروباری نێوخۆی عێراق وەرنادات. حکومەتی خاوەن شکۆ هەولی بەهێزکردنی پەیوەندی بازرگانی و کولتوری نێوان هەردوو ولات دەدا، ئەوەش لەسەر پرنسیپی رێزگرتن و دۆستایەتی هاوبەش". لەبەر ئەو هۆیانە بالوێزی بەریتانیا لە ٢٠ ئەیلول سەردانی جێگری وەزیری دەرەوەی بەغدایکرد و هەلوێستی حکومەتی ئینگلیزی بۆ روونکردنەوە و نارەزایی خۆشی بۆ ئەو بوختانانە دەربڕی.

سەر گەرمی و هەلچونی قاسم لەم رۆژانە پەیوەندی بە دوو روداوی سەرنجراکێشەوە هەبوو کە لە کوردستان و سنوری کوەیتەوە هەبوو. لە گۆڕەپانی کوردستان زۆر لە ئەفسەرە کوردەکان دوو دلی و نارەزایی خۆیان بۆ شەڕکردن پیشاندابوو، لە سنوری کوەیتیش گوایە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەر و سەرباز فیراریانکردبوو.

راگەیاندنەکەی سەفیری ئینگلیز هەموو گومانەکانی نەڕەواندەوە، هانی زۆر کەسیدا بە ئارەزوی خۆیان لێکدانەوەو هەلسەنگاندنی بۆ بکەن، بە تایبەتی لەو کەش و هەوای پیلانگێڕیەی ئەوکاتە، بەغدا بە جۆرێک بووبووە پایتەختی چنینی تەونی جالجالۆکە بۆ پیلاندانان لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

هەرگیز کۆتایی دەسەلاتی قاسم وەک ئەم قۆناخە بە دیار نەدەکەوت. ئەفسانەی بورجی بابل، وەک ئێستا بە شێوەیەکی تراژیدی، باوی نەبوو. سەرلێشێوانی ئایدیۆلۆژی گەیشتبووە قۆناغی نەخۆشیەکی بێدەرمان. ئەو رەفتار و تاکتیکەی کە رێگەی بە سەرۆک دابوو کە بتوانێ ئەو دەسەلاتە

لاســەنگ و لاوازەی بپارێزێــت بریتــی بــوو لەوەی رۆژەک پالپشــتی لەو و رۆژەکیتــر لەم بکــات، هەر یەکە لە دژی ئەوەیتــر هــان بــدات، بــووە هــۆی دابڕانێکــی مەترســیدار و مانــدووکردن و بێهێزکردنــی خــودی ســەرۆک کە تووشــی گرێــی پــیلان و هەولــی تیرۆرکردنــی کردبــوو. چــاوی دەرپەڕیبــوو، دەســتەکانی دەلەرزیــن، هەمــوو هەولــی ئەوە بــوو جەمــاوەر لە دەوروپشــتی خــۆی مــۆبیلایزە بکــات و لە ژورەکەی – مەکــتەبەکەی هەمیشــە دەمــانچە و کلاشــینکۆفەک هەبــوو، زۆربەی کاتەکــانی لەم ژورە بەســەر دەبــرد، شــەوانە لەســەر قەرەوێلەیەکی ســەفەری سادە دەنووســت ، ژورەکە بووبــووە غــار – ئەشکەوتێکی خوا پەرستی و ئیمانداری بە تەنهــا. هەمــوو نیشــانەکان ئەوەیان پێماندەگووت کە ئەو کابرایە گەیشتۆتە دوا قۆناغاکانی ئەو ژیانەی پڕیەتی لە روداوی مەترسیدار و سۆرپڕایز.

وا هەست دەکرا کە نەسیبی قاسم ئەو تراژیدیایەیە کە لە شوێنێک خۆی لە بۆســە نــاوەو چاوەڕوانی یەکەم هەلە یــان کەمتەرخەمــی ســەرۆکە تــا دەســتی خــۆی بوەشــێنێ. نەســیبە رەشــەکە لێــرەیە، لەم ژورەیە کە پــڕە لە بــۆنی رۆژهەلات، پــڕە لە داودەرمــان، تەبــاخێکی بچــووک بە بەردەوامــی چــایەی لەســـــەرە، لەســــەر مێــزە گچــکەکەش ئەو دەمــــانچە و چەکە ژەنگــاویەکەی بەردەستیەتی.

میکانیزمی ئەو شاولەی بەولا و ئەملا دەچوو و بالانسەکەی راگرتبوو خراپ بوو و لە جولە کەوت، ئێســتا و هەمیشــە مەســەلەی کورد کــاریگەری، زۆری، لەسەر لاوازبوون و لە ناوچوونی قاسم، دەبینێ.

# شاڕل دیٚ گۆڵ Charles De Gaulle دێتە مەیدان

قاسم لە دوا قۆناغی دەسەلاتی هەولیدا دەرگای پەیوەندیەکانی لەگەل فەڕەنسا بکاتەوە و هیوای دەخواست خۆی لە یەکانگیری و دابڕان رزگار بکات، لە هەمان کاتیش، لەگەل ئەمەریکا و ئینگلیز، لە شەڕە قسەیەکی بەردەوامدا بوو. بەلام ئەم هەولەی قاسم دەمودەست لە لایەن بارزانی شکستی پێهێنرا، نوێنەری گەورەی خۆیی، ئەمیر بەدرخان، رەوانەی پاریسکرد. بەدرخانیش نامەیەکی ئاراستەی سەرۆک کۆمار، جەنەڕال شارل دیٚ گۆل کرد و داوای کۆمەک و یارمەتی لە فەڕەنسا و یو ئێن دەکرد تا ناڕەزایی لە دژی سەرکوتکردنەکانی حکومەتی بەغدا دەربڕن. دەستپێشخەریەکەی "شیخی سۆر" زیرەکانە و دەمودەست و لە جێی خۆی بوو، هەر هیچ نەبیٚ ئەو نامەیە لە رۆژنامەکانی فەرەنسا و ئاژانەسەکانی هەوالی جیهانی بلاوکرایەوە، بەمجۆرە مەسەلەی کوردستان و تراژیدیەکەی، سەر لە نویٚ، گەیشتە سەر شانۆی نێودەولەتی.

لە نامەکە ئاماژە بەوە کرابوو کە "حکومەتی بەغدا توانای نیە بەسەر هێزە کوردیەکان سەرکەویٚ کە ئەوە ٦ مانگە خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکانیان دەکەن، بە پێچەوانەوە رق و کینەی خۆی بەسەر هاولاتیانی سیڤیل دەڕژێنیٚ. یەک لەسەر چواری کوردستان، ٨٠٠٠ کم چوارگۆشە (لەوانەیە هەلەی چاپ بێت ئەگەر نا هەموو لایەک باسی ٨٠ هەزارکم دەکەن، و)، رۆژانە لە لایەن هێزی ئاسمانی و تۆپە دور هاوێژەکان بوردومان دەکرێت، ٥١٩ گوندو شارۆچکە وێران کراون، ژمارەی قوربانیەکان لە ٥٠ هەزار رەتیکردووە. زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە بە بیٚ مال و داو دەرمان و خواردن

ماونەتەوە. بە داخەوە، کۆمەلگەی نێودەولەتی، یو ئێن UN، تاکو ئێستا، لە بەرامبەر بانگەوازەکانمان بێ هەست و سۆز و کەڕە".

ئەمیر بەدرخان داوا و تکای لە دێ گۆل دەکرد بۆ ئەوەی ڕێنمایی بۆ نوێنەرانی فەرەنسا، لە یو ئێن، دەرکات تاکو را و سۆزی ئۆرگانە نێودەولەتیەکان بۆ سەر کۆمەلکوژی بەردەوامی گەلی کورد رابکێشن. لە هەمان کات داوای رەوانەکردنی "لیژنەیەکی لێکۆلینەوە"ی بۆ کوردستان دەکرد و پێشنیاری "چارەسەرێکی عادیلانە بۆ ئەو کێشەیە بکات کە دان بە مافەکانی کوردی عێراق بنێ".

بەمجۆرە فۆکوسی رای گشتی، بە شێوەیەکی بەربلاو، لە رێگەی نوێنەری بارزانی کەوتە سەر مەسەلەی کورد، ئەوەش وای لە قاسم کرد هەولەکانی لە بارو دۆخێکی یەکجار دژواردابێت، هەر چالاکیەک و بە هەر ئاراستەیەک، لە ناوەوەو لە دەرەوە، بە هەلوێستی کوردەکان بەستراوەتەوە. ئەم هەلوێستەی کوردەکان، دەستی قاسمی دەبەستەوە و کاریگەری لە سەر چۆنیەتی پەیوەندیەکان، بە باش و بە خراپ، لەگەل مۆسکۆ، ناسیۆنالیستەکان و پان عەرەبیستەکان دروست دەکرد و نەوتی عێراقی دەخستە رەهنەوە. نەوت، بۆ کوردەکان بۆتە سەرچاوەی نیعمەت و نەفرەت. کوردەکان داوای ٧٠٪ داهاتی نەوت دەکەن و دەلێن "کوردستان وەک دورگەی ناو دەریایەکی نەوت وایە".

قاسم، هەر جارەی بە نەوعێک و بە پاساوێک هەمووانی لە خۆی نیگەران کردبوو: پان عەرەبیستەکان، ناسریەکان، ناسیۆنالیستە عێراقیەکان، کۆمونیستەکان، کوردەکان، رۆژئاواییەکان، روسەکان، کۆمپانیای نەوتی عێراق کە نە چووبووە ژێر هەڕەشە و داخوازیەکانی، سەرۆک کۆمارە عەرەبیەکان، پاشاکانی دلسۆزی بنەمالەی هاشمی و کۆمکاری عەرەبی. لێرەدا قاسم هەستی بە گەزەی – قەپالی ترس و لەرزکرد، حیساباتی حکومەتەکەی، لە رادەبەدەر، پڕ بوو لە سەرکوتکردن و رەشە کوژی و لە سێدارەدان.

# کوشتنی قاسم بەدەستی عارف

رۆژی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لە ناکاو عەبدولسەلام عـارف، زاوا و دەستەڕاستی قاسـم لە کودەتـای ١٤ تەمـوز، چەکـی بەدەسـت بـوو، دەموچـاوی ئـاگری لێدەباری، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەسـەلات دەگرێتە دەست و بەدیار دەکەوێـتەوە. ئەوە بەدەسـت هێنـانەوەی ئەو سـەرکەوتنە بـوو بەسـەر ئەو کەسـەی، کە هەلەی کوشـەندەی کردبـوو و لە عـارف خـۆش بـوو بـوو و رێگەیدابوو بگەڕێتەوە نێو باوەشـی مـال و منداڵەکەی و بگەڕێتەوە پۆسـت و پلەکەی.

قاسـم بە لەبەرچـاو گرتنـی پەیوەنـدی خێزانـی و ئەو لێبـوردنەی دەریکردبـوو داوای لە عارفکرد بیبەخشی و نەیکوژێ بەلام عەبودلسەلام دەمودەست و بە بـێ بەزەیـی، بە زەبـری گـوللە سـاردی دەکـاتەوە. پاشـان لە کۆنفڕانسـیکی رۆژنـــامەوانی بە تـــوڕەیی و لـــوتبەرزی، لە بەرامـــبەر ئەو رەخـــنە و ناڕەزایەتیانەی لە رۆژئاوا بە بێ وەفا ناویان بردبوو، گووتی "من بێ وەفام؟"، ئەوەتە لەبەرامـبەر خـۆم دامنـاو تەنـانەت پەرداخە ئاوەکیشـم پێشکەشـکرد! دەمناسـن کە کەسـێکی موسـولمان و خواپەرسـتم، لەگەل ئەوەش لەو مـانگی رەمەزانە بە دەستی خۆم پەرداخە ئاوەکم دایێ!

تەماشـاکەن دوای سـالێک لەدوای هەولێکی شکسـتخواردوی کودەتـا لە لایەن گەورە ئەفسـەری سـوپا و سـەر بە کۆمونیسـتەکان، سـەلیم فەخـری، عـارف نەیکوشـــت و لێـــی بـــوری، دەزانـــن بـــۆ؟ گـــوایە لە کـــاتی لاوی بەیەکەوە تـاقیکردنەوەی سـەرکردایەتی ئەرکانیـان کـردووە و عـارف هیچـی نەزانیـوەو

فەخری یارمەتی داوە، واتە قۆپیەی کردووە. لەبەر ئەوە عارف لە فەخری خۆش بوو و نەیکوشت.
ئەمن ئەزمونەکی تاڵ و ناخۆشم لەگەل سەلیم فەخری بەسەر برد، لە پێشەوە ئاماژەم بۆ کردووە، ئەو بەڕێوەبەری رادیۆی بەغدا بوو، بەرپرسی رەقابە بوو، لەگەل من کەسێکی روو گرژ ساردو سڕو بە رق و کینە بوو. هەموو رۆژان دەبوایە وتارو هەوالەکانم ببردایە بەردەستی ئەو تا رەزامەندی لەسەر بدایە، ئەوکات دەمتوانی رەوانەی رۆژنامەکەم، لە ئیتالیا، بکردایە. نازانن چەند ماندویان دەکردم، ئەوەی لە هەمووی ناخۆشتر بوو بریتی بوو لەوەی دەبوایە بە ٢ - ٣ خالی پشکنینی جەستەیی تێپەڕم، کە دەگەیشتمە لای ئەویش، زۆربەی جارەکان، بە مقەس یەک بە یەک ملی وتار و هەوالەکانی دەپەڕاندم و دەیگووت ئەوانە نابێ بلاو بکرێنەوە و زیان بە بە بەرژەوەندی و ئاسایشی عێراق دەگەیەنن. تەنانەت بەبێ رەزامەندی رەقابە، لە کاتی گەڕانەوەشم بۆ ئیتالیا، نەمدەتوانی هیچ نووسین و فۆتۆگراف و ... هتد لەگەل خۆم بەرم.
پاش کوشتنی قاسم و لە ناوبردنی سەرۆکی دادگای عەسکەری، فازیل مەهداوی و داواکاری گشتی، تەها شێخ ئەمین کە سەر بە کۆمونیستەکان بوو، عەبدولسەلام عارف تووشی نە خۆشی بیرۆکەی "نەتەوەی عەرەبی گەورە" بوو، زوو بە زوو هەندێ هەنگاوی، بۆ نزیکبوونەوە لە ناسر، نا بەلام جەمال عەبدول ناسر، بە ئاشکرا، داوای دەکرد کە پێویستە جولە و هەنگاوەکانی بە وریایی بگرێتە بەر، ئەوەش بووە هۆی دلشکاندن و نیگەرانی سەرۆکە نوێیەکەی عێراق و، بە تێپەڕبوونی کات، بە شیوەیەکی پەڕادۆکسال، گلەییەکان زۆر دەبوون بە رادەیەک وایکرد عارف "لە دژی ناسریزمی ناسر" بوەستێتەوە.

# بەشی هەشتەم

# هێرشی دیبلۆماسی و سەربازی بۆ سەر کورد[٢٨]

[٢٨] ئێمە ووشەی "بۆسەر کورد" مان زیاد کردووە، و.

## عارف هەولی دابڕاندنی بارزانی دەدات

لە یەکەم بەیانەکانی رادیۆی بەغدا عارف، لە چواچێوەی پرۆگرامی سیاسەتی گشتی، ئاماژەی بە "پارێزگاری لە مافی کەمینەکان" کرد کە بە قسەی خۆی "بە بەردەوامی لەلایەن دیکتاتۆریەتی قاسم پێشێلکرابوون". کوردە یاخیەکان، هەرچەندە باوەڕی تەواویان بەو قسانە نەدەکرد، پالپشت بەو بەڵێنە نوێیە بە پۆزەتیڤ وەلامی حکومەتیان دایەوە بەلام پێداگریان لەسەر ئەوە دەکرد کە "خەبات و تێکۆشانی قارەمانانەی گەلی کورد بوو" رێگەی بۆ روخانی "دیکتاتۆری زالم" خۆشکرد. لەوەش زیاتر کوردەکان باسی ئەوەشیان دەکرد کە سەرکردەکانی پ. د. ک. هاوکارو یارمەتیدەری سەرکەوتنی کودەتای ئەفسەرە ئازادەکان، ضباط الاحرار، بوون.

لە بەغدا حەزیان بەو ئاماژە پێدانە نەدەکرد بەلام دوای چەند رۆژێکی کەم سەرۆک خێڵە کوردیەکان پالپشتی خۆیان بۆ حکومەتی نوێی شۆڕشگێر دەربڕی، لە هەمانکات پێداگریان لەسەر ئەوە دەکرد کە کارکردن و پشتیوانی لەم حکومەتە بەستراوەتەوە بە داننان بە مافەکانی گەلی کورد، لە پێشەوەی هەمووان مافی ئۆتۆنۆمی و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە چوارچیوەی کۆماری عێراق. کوردەکان بۆ ئەوەی پێشنیار و داخوازیەکانیان بخرێتە ئەرشیڤی مێژوو و وەک بەلگە بمێنێتەوە لە بەیاننامەیەک نووسیبوویان:

"شۆڕشی کورد خۆشحالی خۆی بۆ ٨ شوبات دەردەبڕێ کە کۆتایی بە ڕژێمی قاسمی دوژمن بە کورد و عەرەب و هەموو گەلی عێراق هێنا". لەم بەیاننامە هاتووە "بەلام هێشتا زووە بۆ پشتگیری لەو نیزامە نوێیە. پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی لە کوردستانی عێراق و کشانەوەی لەشکری بەغدا لە کوردستان و دابەشکردنێکی عادیلانەی سامانی عێراق، بە تایبەتی داهاتی سەرچاوە نەوتیەکان لە نێوانی حکومەتی ناوەندی و هەرێم مەرجی سەرەکین بۆ بە یەکەوە کارکردنێکی تەندروست و درێژخایەن لە نێوان پێکهاتەکانی ولات".

عەبدول سەلام هەنگاوی یەکەمی نا، بۆ ئەوەی ترس و نیگەرانیەکانی کورد بڕەوێنتەوە کە پەیوەندیان بە نزیکبوونەوەی بەغدا و قاهیرە هەبوو هەستا کوردێکی لە حکومەتەکەی کردە وەزیر، ئەویش بابە عەلی، کوڕی شیخ مەحمودی بەرزنجی، بوو کە لە سەردەمی قاسمیش پۆستی وەزیری پێدرابوو و، پەیڕەوی سیاسەتێکی هەلە و خۆشباوەڕی و تراژیدی کرد. عەبدول سەلام دەیوسیت کوردەکان لە بارزانی دابڕێت و بە تەنها لە گۆڕەپانەکە بیهێڵێتەوە و تۆمەتی ئەوەی دەخستە پال قاسم کە لەگەل بارزانی، بە دژی بەرژەوەندی برا کوردەکان، دەستی تێکەل کردبوو و ئەوەش بووبووە هۆی لێکتێنەگەیشتن لە نێوان "هەردوو گەلی برا لە دەولەتی عێراق".

کار بەدەستەکانی حکومەتی نوێ کۆمەلێ قسە و نووسینیان، سەبارەت بە مەسەلەی کورد، بلاوکردەوە، لە یەکێک لەم بەلگە نووسراوانە هاتبوو "یەکێک لە هەنگاوە سەرەتایەکانی حکومەت، لە دوای روخانی رژێمی قاسم، بریتی بوو لە بەدەنگەوە چوونی راستگۆیانە بۆ داخوازیەکانی مستەفا بارزانی و لایەنگرەکانی، هەولدان بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە رێگای ئاشتیانە و گێڕانەوەی متمانە لە نێوان عەرەب و کورد کە بەهۆی ئیدارەیەکی خراپی رژێمی قاسم پسابوو".

"سەدان ساڵە کوردەکانی عێراق بە ئاشتی و دۆستانە لەگەڵ برا عەرەبەکان بەیەکەوە ژیاون و کاریان بەیەکە کردووە و چارەنوسێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە. لەبەر ئەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ۹ ئازاری ۱۹٦۳ بەیانێکی، سەبارەت بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی لامەرکەزی، دەرکرد و زۆریش پەلەیەتی کە پرۆژە یاسایەکی تایبەت، سەبارەت بە دروستکردنی حکومەتێکی لامەرکەزی، دەربکات".

بە دڵنیاییەوە ئەو پرنسیپە سەرەتاییانەی خرابوونە ناو ئەو "بەیاننامە مێژووییە" هەنگاوی باش و مایەی نرخاندن بوون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسانیتر هەبوون دژی ئەو پرۆژەیە بوون، کە لە نیسانی ۱۹٦۳، عارف هەولی زۆریدا تا بتوانێ لەگەڵ ناسر بگەوێتە جۆرە ڕێکەوتنێک لەسەر فیدڕاسیۆنی عەرەبی سوریا و مسر و عێراق. کوردەکان دەیانزانی و باشیش دەیانزانی کە ئەو بەلێن و پەیمانانە تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز بوون. بۆ رونکردنەوەی زیاتر پەنجە دەخەمە چەند خاڵێکی ئەو پرۆژەیەی کە عارف بۆ کوردەکانی پێشکەش کردبوو بەڵام لە راستی بە نیازی دابڕاندنی بارزانی لە گەلەکەی بوو، تەنها باسی خالە سەرەکیەکان دەکەم. بەندی دوو، خالی ۲ نووسرابوو:

ا – کۆماری عێراق دەولەتێکی یەکگرتووە، لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە {...}. عەرەب و کورد هەمان مافی وەک یەکیان هەیە، بە ئارەزومەندانە بڕیاریانداوە بەیەکەوە بژین و چارەنوسیان دیاری بکەن.

ب – لە دەستوری عێراق باسی ئەو دامەزراوانە دەکرێن کە دەسەلاتی یاسادانان و دەرکردنیان هەیە: پەرلەمان، سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران و حکومەت. ئۆرگانێکی تایبەت سەبارەت بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد کە دەسەلاتی یاسادان و راپەڕاندن و قەزایی هەبێت، دروست دەکرێت.

لە خـــالی ٤ چـــوارەم ئامـــاژە بەوە کـــراوە کە "گەلـــی کـــورد، هەمـــوو ئەو هاولاتیـــانەی لە کوردســـتان دەژیـــن، ئەنجـــومەنێکی یاســـادانان، لە رێـــگەی هەلبژاردنـــی ئـــازاد و نهێنـــی، هەلـــدەبژێرێ، ئەوەش متمـــانە بە ئەنجـــومەنی راپەرانـــدن دەدات و ئەرکـــی بەڕێـــوەبردن و ئیـــدارەدانی هەرێمـــی کوردســـتان دەبێ". بەلام هەر لەم خالە دەلێ ئەنجومەنی یاسادانانی کوردستان پەیوەست بە دەســـەلاتی ناوەنـــد دەبێـــت و لە کۆتـــایی ئامـــاژە بە دارایـــی و داهاتەکـــانی کوردستان، لەم رێگایانەوە، دەکرد:

١ – داهاتی ناوخۆی هەرێم، زەریبە و باج و رسومات.

٢ – پشکی کوردستان، بە پێی ژمارەی دانیشتوان، لە داهاتە نەوتیەکان، باجی خالە سنوریەکان و فرۆکەخانە و بەندەرەکان، بانقەکان، کۆمپانیای هـاتوچۆی شەمەندەفەر، پۆستە، تەلەگراف و تەلیفۆن و.. تد.

ئەو دەستپێشخەری و پێشنیارانە لە لایەن کوردەکانەوە پێشوازیەکی ساردو سڕیان لێکرا و، ئەو "دەست هاویشتنە نێودەست"یە لە لایەن "برا کوردەکان" رەتکرایەوە. بەلام عـارف کە تـازە قاسمی روخانـدبوو و بە قەنـاعەتێکی گەرم گـوڕ هـاتەوە مەیـدان و بـاوەڕی بەوە هەبـوو لە مـاوەیەکی کـورت یـاریەکە ببـــاتەوە، بیـــری هەر بـــۆ ئەوە دەچـــوو چـــۆن بـــارزانی لە مـــیللەتە پڕکێشمەکێشەکەی سەر چیاکان بکاتەوە.

پاش شکست هێنانە مێژوویەکەی پرۆژەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش عەبدولســەلام عـارف لەســەر دوو تەوەر درێـژەی بە پڕۆپاگەنـدەکانی دەدا و دەیگوت:

١ – سەرەڕای هەولەکانی حکومەت مەلا مستەفا بـارزانی و تـاقمەکەی، کە بە دڵنیایەوە نوێنەرایەتی زۆربەی کوردەکانی عێراق نـاکەن، پێشوازیان لە هەوڵ و دلســـۆزی حکـــومەت نەکـــرد، هەســـتی بە بەرپرســـیاریەتی، ســـەبارەت بە

پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەلایەتی کوردەکان، نەکرد، نەیویست پەیوەندی برایانەی عەرەب و کورد پتەو بکات.

٢ – بارزانی و تاقمەکەی دەورو پشتی، کە لە یاسا دەرچوون، هەڕەشە لە سەربەخۆیی و یەکێتی نەتەوەیی و هەولە شۆڕشگێریەکانی عێراق دەکەن. داواکاریەکانی بریتیە لە: دروستکردنی سوپایەکی کوردستانی جیاواز و سەربەخۆ و، وەرگرتنی پۆستی وەزیری دەرەوە بۆ کوردەکان.

بێجگە لەمانە "شێخی سۆر" و جەماعەتەکەی دەستیان بە چالاکی و تاوانی قێزەوەن، لە دژی عەرەب و کورد، کردووە کە ئەم تاوانانە لە خۆ دەگرێ:

ا – بارزانی و باندە جوداخوازەکەی پەلاماری هاولاتیانیان داوە، چەندەها گوندیان سوتاندوە، ئەو ژن و پیاو و مندالانەی دژی جیابوونەوەو جوداخوازین، لە لایەن ئەو تاقمە، بێ بەزەییانە کوژراون. پەلاماری بنکەکانی پۆلیسیانداوە، هێلەکانی تەلیفۆنیان پساندوە، رووبەڕووی هێزە چەکدارەکان بوونەتەوە، چەند ئەفسەرێکی سوپایان فڕاندووە، پەلاماری ئۆتۆمبیلی سەربازیانداوە و سەرنشینەکانیان فڕاندوون.

ب – دوا تاوانی بارزانی و تاقمەکەی رۆژی ١٩٦٣/٠٦/٨ هێرشیان کردۆتە سەر کاروانێکی سەربازی، کە بە مۆلەت، دەگەڕانەوە مالەوەو ئەفسەرێک و ٣ سەربازیان کوشتووەو ٢٣ برینداریش هەیە، ٤ سەیارەشیان سوتاندوە.

ج – بارزانی پیاوکوژ، تاوانبار و کۆمونیستەکانی گرتۆتە خۆ کەچی ئامادە نەبوو لەگەل حکومەتی عێراق بکەوێتە گفتوگۆ.

# مۆسکۆ هۆشداری دەدا

مۆسکۆ دێتە مەیدان و زۆر بە توندی و بە قازانجی کوردەکان هۆشداری دەداتە حکومەتی بەغدا. رۆژنامەی پڕاڤدا لە ٦ مایسی ١٩٦٣ وتارێکی درێژ، بەناونیشانی "کوردەکان خەبات لە پێناوی مافەکانیان دەکەن"، بلاوکردەوە و، بەبێ پێچ وپەنا، پالپشتی لە کوردەکان دەکرد. وتارەکە ئاماژەی بەوەش کردبوو بۆچی لە رابردوویەکی نزیک هەلوێستی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە دۆزی کورد "رۆشن نەبوو"، لە لایەک پالپشتیان لە کوردەکان دەکرد و بەلام لەبەر خاتری قاسمیش نەدەوێرا بە ئاشکرا دەربیبڕێت و فشاریشی خستبووە سەر پارتی کۆمونیستی عێراق کە گرفت بۆ قاسم دروست نەکەن. هەردوو لا، یەکێتی سۆڤیەت و پ. ک. ع. قاسمیان بە دوژمنی "ئیمپریالیزمی رۆژئاوا" و وتەبێژی "بێلایەنی پۆزەتیڤ" تەماشا دەکرد کە عێراقی لە پەیمانی بەغدا – سەنتۆ دەرهێنابوو. هەرچەندە مۆسکۆ لەسەر ئاستی نێوخۆ هەولی لاوازکردنی قاسمی دابوو، ئەوەش لە رێگەی پالپشتیکردن لە کۆمونیستەکان و مەلا مستەفا بارزانی، ئەوەش بەو نیازە بوو تا قاسم ناچار بکات هاوپەیمانی لەگەل کۆمونیست و پێشکەوتوخوازەکانی ناوخۆ ببەستێ بەلام بە هیچ شێوەیەک بیریان لە روخاندنی رژێمەکەی و کوشتنی نەکردبووەوە. روسەکان وازیان لە پرۆژەی دروستکردنی وولاتێکی کوردستانی سەربەخۆ، سەر بە هەژمونی خۆیان، هێنا یان دوایانخست بۆ قۆناغێکی گونجاوتر بەلام داکۆکیان لە چارەسەری دۆزی کورد دەکرد، بە جۆرێک قاسمیان هان دەدا

دان بە مـــافی ئۆتۆنـــۆمی کوردەکـــان بهێنـــێ. هەر لەبەرە ئەوەش بـــوو کۆمونیستەکانی عێراقیش، بە بەردەوامی، پالپشتیان لەم داوایە دەکرد.

روخانی رژێمی قاسم و قەدەغەکردنی پارتی کۆمونیست و سەرکوتکردنیان لە لایەن رژێمی نوێی بەغدا گۆڕانکاریان بەسەر بۆچوون و هەلوێستەکانی سۆڤیەت هێنا، دلنیابوون لەوەی کە ناسریەکان، وەک قاسم، گفتوگۆیان لەگەل نەدەکرا و هەرگیزیش بە دروستکردنی دەولەتێکی ئۆتۆنۆمی سەربەخۆی کوردەکان رازی نابن. لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی چالاکتر و ئاشکراتر هاتنەوە مەیدان، وەک هەڕەشە، دەستی کۆمەک و یارمەتیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی درێژکـــرد، ئەویـــش پـــاش دلنیـــابوون لەم پالپشـــتیە رایگەیانـــد ئەگەر داخوازیەکانمان لە لایەن حکومەتی عارف قەبول نەکرێن ئامادەین دەست بە خەباتی چەکداری بکەینەوە.

ئەو وتارەی پراڤدا، لە زۆر لایەنەوە، بەلگەیەکی زۆر گرنگە و رەنگدانەوەی هەلوێستی فەرمی حکومەتی مۆسکۆ بوو، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم هەمووی بهێنمەوە:

"رووداوەکانی کورستانی عێراق و مەسەلەی کورد، جارێکیتریش، رای گشتی هەموو جیهانی بۆ لای خۆی رادەکێشێ. کێشەی کورد شتێکی نوێ نیە لە عێراق. دوای جەنگی جیهانی یەکەم و پارچە پارچەکردنی ئیمراتۆریەتی عوســـمانلی، نـــاوچە یـــان ویلایەتـــی موســـلی دەولەمەنـــد بە نەوت و، دانیشتوانەکەی کە کوردن، لە سەرەتا کەوتە ژێر مەندات - ئینتیدابی ئینگلیز و پاشان درایە دەستی عێراق کە پێشتر، لەژێر مەنداتی ئینگلیز بوو.

کوردەکـــان قەت بە زولمـــی ئیمپریالیســـت رازی نەبـــوون، زۆرجـــار لە دژی چەوسێنەران راپەڕینیان کردووە، زیاد لە جارێک ئەو مەسەلەیە لە کۆمەلەی گەلان قسەی لەسەر کراوە. کوردەکان بۆ رزگاری خۆیان لە نیری داگیرکاری

و چەوسانەوەی نەتەوەیی و بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسین راپەڕیوون.

زۆر ئاساییە کە کوردەکان بە گەرمی پێشوازیان لە شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ کردبێت و، بە شێوەیەکی چالاکانە، لەگەل عەرەبەکان، بەشداریان تیا کرد. روخاندنی رژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆماری عێراق سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ هەموو ئەو لایانانەی خەباتیان بۆ ئازادی ولات دەکرد. کوردەکان هیواداربوون دۆزەکەیان بە شێوەیەکی عادیلانە چارەسەر بکرێت. داخوازی و هیوای سەدان ساڵەی کوردەکان لە ناو دەستوری کاتی کۆماری عێراق شوێنیان بۆ دۆزرایەوە کە گەرەنتی مافە نەتەوەییەکانی کوردیان، لە کۆمەلگای عێراق، مسۆگەر دەکرد.

پارتی دیموکراتی کوردستان- پدک، نوێنەری هەموو چین و توێژەکانی کۆمەلگا لە خۆ دەگرێ، پالپشتی زۆرینەی کوردەکانی هەیە. پدک، لەگەل پارتە نیشتمانیەکان، بەشێک بوو لە جەبهەی وەتەنی و بە چالاکانە پالپشتی لە کۆمارە ساوایەکەی عێراق، لە خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ناوخۆ، کرد.

گەلی کورد بە هیوا بوو کە شۆڕشی عێراق لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیەکانی، لە نێوان کورد و عەرەب، بکاتەوە و مافی وەک یەک، لە هەموو بوارەکان، لە نێوانیان زامن بکات. کوردەکان چاوەڕوان بوون، بە پێی دەستوری کاتی عێراق، وەک عەرەبەکان مافە دیموکراتیەکان و داخوازیە نیشتمانیە رەواکانیان، لە چوارچێوەی کۆماری عێراق، بەدەست بێنن. لەم روانگەوە پدک و سەرۆکەکەی، مەلا مستەفا بارزانی، لە سەرەتا ئامادەیی خۆیان، بۆ بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب، لە چوارچێوەی کۆمارێکی دیموکرات نیشاندا و هەموو هەولە جوداخوازەکانیان رەتکردەوە. کوردەکان پێیان وابوو کە داننان بە مافە نەتەوەییەکانیان لە دەستوری کۆماری عێراق و

دووپاتکردنەوەی پرنسیپی یەکسانی لە نێوان کورد و عەرەب درێژخایەنە، لەبەر ئەوە بوونە هاوپەیمان و پالپشتیان لە قاسم و کۆمار کرد. بەداخەوە هیچ هیوایەک نەبوو کە ئەو بەلێن و هاوپەیمانیە سەربگرن. قاسم لە بەرامبەر گەشەکردنی چالاکی و داواکاریەکانی جەماوەری شەعبی ڕێگەی سەرکوتکردنی ئازادیە دیموکراتیەکانی هەلبژارد و، شالاوێکی فراوانی گرتنی هاولاتیانی پێشکەوتوخواز، لەنێو ئەوانە کوردەکان، دەستی پێکرد. قاسم و لایەنگرانی، لە ناکاو، هەولەکانیان، بۆ لاوازکردن و سەرکوتکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردەکان، زیاتر کرد، لە هەمان کات لە ڕێگەی پارەو ئیمتیاز دەستیان بە کڕینی شێخ و سەرۆک عەشیرەتە کوردە کۆنەپەرستەکان کرد و تا لە سەرکردە کوردە دیموکراتەکانیان بەربدەن.

بەندەکانی دەستوری کاتی پەیوەست بە مافەکانی گەلی کورد پشتگوێخران. حکومەت بە چاوی بێڕێز دەیڕوانیە داواکانی کورد بۆ پەرەپێدانی پڕۆژەکانی پیشەسازی و کۆمەلایەتی ناوچەکانی باکوری ولات. لەسەردەمی قاسم کوردەکان نەیاندەتوانی بەزمانی خۆیان بخوێنن و لە کارو باری ئیداری حکومەت بەکاری بهێنن. لە سەردەمی رژێمی پاشایەتیش ئەو مافانە ئەوها پێشێل نەکرابوون. قاسم کارمەندە کوردەکانی لە کوردستان دورخستەوەو بۆ باشوری ولات رەوانەیکردن، لە جێی ئەوانەش کەسانی کۆنەپەرست و تەنانەت، نۆکەری ئیمپریالیزمی دانا.

حکومەتی قاسم بەوە نەوەستا، لە کۆتایی ١٩٦١، بە پاساوی سەرکوتکردنی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی دژ بە حکومەت، کە هەر خۆی بەرپایکردبوون، لە کوردستان دەستی بە ئاژاوەنانەوە کرد و، لەشکری رەوانەی ناوچەکانکرد کە بە بێزەییانە گوندو شارۆچکەکانیان بۆردومانکرد. لێرەدا کوردەکان یەک بژاردەیان بۆ مایەوە، چەک هەلگرتن بۆ پارێزگاری لە خاک و نیشتمانی خۆیان، لەبەر ئەوە هێزە سیاسیەکان و خێلەکانی کوردستان خۆیان گەیاندە

ناوچەکە و دەستیان بە خەباتکرد. پدک و سەرکردەکەیان، مەلا مستەفا بارزانی، زۆر هەولیاندا ریگە لە خوین رشتن بگرن و کیشەی کورد و داخوازیەکانی بە ریگەی ئاشتیانە چارەسەر بکریت. بارزانی ئەگەر ناچار نەکرایە پەلاماری لەشکری حکومەتی نەدەدا.
دوای شکستی لەشکری عیراق لە بەرامبەر چەکدارە کوردەکان قاسم دەستی بە سەرکوتکردنی کۆمەلانی خەلکی مەدەنیکرد، گوندو شارەکانی بە تۆپ و تەیارە بوردمانکرد و سوتاند. ئەم رەفتارە دڕندانە بوونە هۆی کوژرانی هەزاران هاولاتی ئاشتیخواز و ویرانکردنی سەدان گوند.
قاسم، بە شێوەیەکی گێلانە، هەولیدا بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، کە لە چیاکان دەستی بە خەباتکردبوو، بە دارودەستەی ئیمپریالیزم لە قەلەم بدات بەلام سەری نەگرت و کەسیش قەناعەتی پێنەکرد. لە راستی ئەوە ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ئینگلیزبوون، لە دژی چارەسەریکی عادیلانەی کورد وەستانەوە تەدەخولیانکرد.
شەڕ، لە دژی کوردەکان، بووە هۆی دروستبوونی کەش و هەوایەکی ئەوتۆ کە یارمەتی دوژمنانی کۆماری عیراق بدەن و مەرامەکانیان جێبەجێبکەن. سیاسەتی شەخسی قاسمی دیکتاتۆر و هەولەکانی بۆ سەرکوتکردنی ئازادیە دیموکراتیەکان و شەڕ لە دژی کورد پالپشتی جەماوەریان نەبوو و بوونە هۆی تەقینەوەی ناڕەزایی سەرتاسەری و کۆتایی هاتنی تراژیدی قاسم.
کوردەکان خۆشحالی خۆیان بۆ روخاندنی رژێمی قاسم و هاتنی حکومەتی نوێ، کە لە ئەنجامی کودەتای ٨ شوباتی ١٩٦٣ گەیشتبووە دەسەلات، دەربڕی و ئاگر بەسیان راگەیاند و هیوای زۆریان هەبوو حکومەتی نوێ بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دۆزی کورد چارەسەر بکات و دان بە حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی، لە چوارچێوەی کۆماری عێراق، بنێ.

دوژمنانی برایەتی کورد و عەرەب چاویان بەوە هەڵنەهات، کوردەکانیان بە جوداخـــواز پیشـــان دەدا بەڵام ئەوە لە راســـتی دوور بـــوو. بـــزوتنەوەی رزگـاریخوازی کوردسـتان، بە سـەرۆکایەتی مەلا مسـتەفا بـارزانی، نایەوێت کوردەکان لە کۆماری عێراق بکاتەوە. داواکـاریە سـەرەکیەکانی کورد بـریتین، لە پێشەوە، پەیوەندی بە لامەرکەزیەوە، بۆ گەلی کورد، هەیە کە پێویستە بە رێگـای دیموکراسـی و گفتوگۆ بێتەدی، پێویسـتە بەنـدەکانی دەسـتوری کـاتی جێبەجێ بکرێن، گێڕانەوەی مـافی وەک یەکبوون لە نێوان کوردو عەرەب لە چوارچێوەی دەولەتی یەکگرتووی عێراق زامن بکرێ.
بە پێی ئەو دەنگوباسـانەی لە رۆژنـامە بیانیەکـان بلاوکـراونەتەوە کوردەکـان داوای پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمانێکی خۆجێی دەکەن کە تەعبیر لە ئیرادەو خواستەکانی خۆیان، لە چوار چێوەی کۆمـاری عێـراق، بکەن. کوردەکـان داوا دەکەن نوێنەرەکانیـان لە حکـومەتی ناوەنـدی بەشـداربن و پۆسـتە وەزاریە گرنگەکانیـــان بەرکەوێ، داوادەکەن زمـــانی کـــوردی ببێـــتە زمـــانی فەرمـــی قوتابخانە و دامەزراوەکانی دەولەت لە ناوچەکانی خۆیان.
وەک ئاشـکرایە کوردسـتان لە خزمەتگوزاریەکـان بێبەشـکراوە لەبەر ئەوە لە چاو تەواوی عێراق، لە رووی ئابوریەوە لە دواوەیە. بۆیە داوای پرۆژەی بە پەلەی پەرپێدان و ئـاوەدانی پیشەسـازی، کشـتوکال، فەرهەنگی و رێگـاو بـان دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە داوای پشکێکی عادیلانە لە داهاتی سامانە نەوتیەکـان دەکەن، زۆربەی بیرە نەوتەکانیش لە کوردستانن. کەواتە داوای ئۆتۆنۆمیەک، لە چوار چێوەی کۆماری عێراق، دەکەن.
هەلوێستی کاربەدەستانی عێراق، لە بەرامبەر ئەو داوا رەوایانە، چی بوو؟
ئاشکرایە، وەک رایان گەیاندووە، کودەتای ٨ شوبات لە پێناوی جێبەجێکردنی پرنسـیپە بنەڕەتیەکـانی شۆڕشـی ١٤ تەمـوز کـراوە. کەواتە بە گەڕانەوە بـۆ پرنســـیپەکانی شۆڕشـــی تەمـــوز مانـــای گـــرتنەبەری سیاســـەتی تیـــرۆر و

سەرکوتکردنی ئەو کەس و لایەنانەی بەشداریان لە سەرکەوتنی کۆمارە ساواکەی عێراقکرد، نایەت.
چارەسەر نەکردنی کێشەی کورد خەریکە بە بێ پاساوی مەنتیقی درێژە بکێشێت، سەرکردە کوردەکان پێیان وایە ئەوە تاکتیکی حکومەتی نوێیە تاکو خۆی رێک بخاتەوەو لەشکرەکەی دووبارە ئامادەبکاتەوە و لە دژی بزوتنەوەی کورد بەکاری بهێنێ. ئەزمونەکانی مێژوو پێمان دەلێن کە بەکارهێنانی هێز بۆ سەرکوتکردنی کوردەکان لە بەرژەوەندی یەکگرتنی هێزە نیشتمانپەروەرەکان نیە، بەلکو پارچە پارچەیان دەکات و دەبێتە هۆی لاوازبوونی گەلی عێراق و بە رادەیەک ناتوانێ، لە بەرامبەر دەستدرێژیەکانی کۆلۆنیالیزم، بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی خۆی بکات.
خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکایەتی نێوان کورد و عەرەب لە بەرژەوەندی، نەک تەنها، ئیمپریالیزمە بەلکو لە قازانجی تاقمە کۆنەپەرستەکانی نێوخۆشە کە پەیوەندی بەهێزیان لەگەل هێزە ئیمپریالیەکانی دژ بە کۆماری عێراق هەیە. ئەوەتە تەنها ئیمپریالیزمە کە سود لە تێکشاندنی یەکێتی کورد و عەرەب دەبینێ و هەمیشە لە هەولی ئاژاوە نانەوە و هەلگیرسانی ململانێیە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست.
ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی نێوخۆ لەگەل مۆنۆپۆلەکانی نەوت بە ئاشکار لە خەمی بەرژەوەندیەکانیانن، یەکگرتوون و دوژمنی سەرەکی ئەو یەکێتی – فیدڕالیەتەن (یەکێتی نێوان مسر و سوریا و عێراق، و). سەرنوسەری رۆژنامەی ئەل ئەهرام، محەمەد حەسەن هەیکەل باسی ئەوە دەکات کە رێگای ئەو یەکێتیە "پێویستی بە خەباتێکی سەخت هەیە، لەوانەیە خەباتێکی سەختر لە هەموو ئەوانەی تاکو ئێستا کردومانە". هەیکەل سەبارەت بە مەسەلەی یەکێتی کە قەرارە لە ماوەی ٥ مانگی داهاتو لە نێوان سوریا و مسر و عێراق ئەنجام بدرێ باسی چارەسەری گرفتی جۆر بەجۆر دەکات، بۆ نموونە

چارەسەری "ئەو روداوە خوێناویەی بووە هۆی روخاندنی قاسم، پارێزگاری لە یەکێتی عێراق و پەیوەندی برایانە لەگەل کوردەکان، گێڕانەوەی باری ئاسایی، ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی باکوری عێراق کە بەهۆی شەڕی چەکداری زەرەرو زیانێکی گەورەیان بەرکەوتووە". "پێویستە هیوا بخوازین کە مەسەلەی کورد لە رێگەی چارەسەرێکی عادیلانە، لە چواچێوەی ئەو دەولەتە فیدرالیە، چارەسەر بکرێت".

وتارەکەی پراڤدا هۆشداریەکی جدی بوو، بە دەگمەن مۆسکۆ زمانێکی ئەوها توند بەکار دێنێ، لەبەر ئەوە عارف هاتەوە سەرخۆ و بیرکردنەوە، ئەوە لە کاتێک بوو قاهیرەش گوێی لە پێشنیارو داواکاریەکانی وەحدەی عەرەبی نەدەگرت و پاداشتی ئەو هەموو پالپشتی و پرۆپاگەندەی پرۆ ناسریەکانی نەدایەوە. عارف پاش ئەوەی هەستی بە هەلومەرجێکی دژواری سیاسیکرد بیری لەوە کردەوە کە دەکرێت گۆڕانکاری باشتر لە پرۆژەی ئەم لامەرکەزیەی، کە لە مانگی ئازاری ۱۹٦۳ پێشکەشی "شێخی سۆری" کردبوو، بکات. پرۆژەکە پێشنیاری ئەوەی دەکرد عێراق، لە رووی ئیداری، بە سەر ٦ لیوا دابەشبکرێت (سلێمانی، موسل، کەرکوک، بەغدا، حللە، بەسرە)، ۳ لیوای یەکەم هەرێمی باکور و ۳ دواوە باشور پێک دێنن. لە باکور زمانی خوێندن و ئیداری، لەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانیان کوردە، کوردی دەبێت. عارف ئامادەیی خۆی نیشاندا لەسەر ئەو خالەی دواوە، کە بەلای کوردەکان زۆر گرنگ بوو، گۆڕانکاری پۆزەتیڤ بکات.

هەموو هەولەکان بێسود بوو مەلا مستەفا بارزانی داوای زۆرتری دەکرد، پێشنیارەکانی عارف کەمترین داواکاریەکانی کوردی لەبەرچاو نەدەگرت، لەبەر ئەوە "شێخی سۆر" داوای لە عەشیرەتەکان کرد هێرشەکانی پێشمەرگە چڕتر بکەنەوە.

# هەڵمەتی دیبلۆماسی بەغدا شکست دێنێ

لەم یاری ڕاکێش ڕاکێشانە - گوریس گوریسانێ عەبدول سەلام عارف هەڵمەتێکی پڕۆپاگەندەی، گێلانەی، ڕاگەیاند، فەرمانێکی چڕ و وردی بۆ باڵوێزەکانی عێراق، لە دەرەوەی ولات، دەرکرد کە هەوڵی جدی بدەن بۆ ئەوەی سیاسەتی عێراق سەبارەت "بە کێشەی کورد ڕوونبکەنەوە و قەناعەت بە زۆربەیان"، لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بێنن.

١ - بنکەکانی پۆلیس و سوپا، ئەگەر هێرشیان نەکرێتە سەر، دەستپێشخەری ناکەن. ئەوە تیرۆریستەکانی بارزانین، لە پشتەوە خیانەت دەکەن و پەلاماری لەشکری عێراق دەدەن، ئەوانیش ناچارن پارێزگاری لە خۆیان بکەن.

٢ - مستەفا بارزانی هیچ جۆرە ئارەزو و نیازێکی، بۆ گفتوگۆی بە ئاشتیانە لەگەڵ حکومەت، نیە بە پێچەوانەوە لە ڕێگەی هەڕەشە و توندوتیژی دەیەوێت ولات بە کەیفی خۆی دابەش بکات.

٣ - ئەو هەنگاوانەی حکومەت گرتیتیە بەر مانای شەڕی کورد و عەرەب ناگەیەنێ بەڵکو بۆ دژایەتی بارزانی و لە یاسا دەرچوەکانن کە تاوانیان دەرهەق بە براکانیان، بە کورد و عەرەب، ئەنجامداوە. پێویستە ئەوەش بێنینەوە بیر کە زیاد لە ٢٠ هەزار چەکداری خۆبەخش (جاش، وەرگێر) بە هاوبەشی سوپا خەریکی پاکردنەوەی ناوچەکەن لە تیرۆریزمی بارزانی.

٤ - پێداگری لەسەر ئەوەی کە مەجلیسی قیادەی سەورە، پاش پاکردنەوەی ناوچەکە لە تێکدەرەکان و گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی، مکوڕە لەسەر جێبەجێکردنی پڕۆژەی لامەرکەزی. بەمجۆرە کوردەکان بە بەدەست هێنانی مافی زۆرتر شاد دەبن، بە شێوەیەک لە هەموو ناوچە کوردنشینەکان زمانی

خوێندن لە قۆناغەکانی ٩ سالی یەکەم، بە کوردی دەبێت و لە ئیدارەکانی دەولەتیش زمانی فەرمی دەبێت. هەموو ئەو ناوچانەش لە هەرێمێک کۆدەکرێنەوە و لە لایەن ئەنجومەنێکی راپەڕاندنی هەلبژێردراو بەڕێوە دەچێت.

٥ – کۆمونیستەکان خۆیان خزاندۆتە ناو یاخیبونەکەی بارزانی کە جگە لە بزوتنەوەیەکی عەشایری یاخی و بۆ بەرژەوەندی فیودالی و شەخسی شتێکیتر نیە. لایەنگرەکانی بارزانی، زۆربەیان، پاشماوەی دەرەبەگایەتین، لە یاسا دەرچووەکانن، ئینتیهازی و کۆمونیستەکانن کە لە بەرانبەر یاسا هەلاتوون.

٦ – مەحالە بارزانی، بەبێ یارمەتی دەرەکی، بتوانێ پڕۆژەکەی بباتە سەر. هێزە ئیمپریالیستە شەڕانگێژەکان لە پشت بارزانین، بۆ ئەو یاخیبوونە هانی دەدەن.

٧ – ئۆپێراسیۆنە سەربازیەکانی لەشکری عێراق، بۆ پاککردنەوەی ناوچەکان، بە سەرکەوتوویی بۆ پێشەوە دەچن، سەدان لە یاخیبووەکان ریزەکانیان جێدێلن و خۆیان تەسلیمی هێزەکانی حکومەت دەکەن.

٨– حکومەت نیازی ئەوەی هەیە بە زوترین کات ئاشتی و ئارامی بۆ ناوچەکان بگەڕێنێتەوە.

باسی هەموو کەس و لایەنێک کرابوو، لە مەلا مستەفا بارزانیەوە بگرە تا دەگاتە دەرەبەگەکان، کوردی باش و کوردی خراپ، کۆمونیستە ئینتیهازیە کاسەلێسەکان، هێزە ئیمپریالیستە شەڕانگێژەکان و .. هتد. وەک چێشتی مجێور وابوو، پڕی بوو لە مەفهومی دژ بەیەک. لەبەر ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو قەناعەت بە کەس بکرێت. هەر لەبەر ئەوەبوو سەفیرە قوڕ بەسەرەکانی عێراق نەیانتوانی ئەو بەیان و پڕۆژەیە لەسەر هیچ رۆژنامەیەکی گران و سەنگین، نە لە رۆژئاوا و نە لە رۆژهەلاتی سەر بە سۆڤیەت، بلاو بکەنەوە.

# هێرشی سەربازی بۆ سەر کوردستان

ئا لێرەدا عارف هێدی هێدی توڕەتر دەبوو، سێبەری قاسم بەدوای بوو و ئازاری دەدا، ئەو هیچ کاریزما و خەسلەتێکی قاسمی نەبوو، ئەو زانی ئەوەشی پێناکرێ هاوسەنگی هێز و لایەنەکان رابگرێت، هەر زوو بە زوو کەوتە دۆخێکی یەکجار دژوار، کەوتە ناو هەمان قوڕ و گرفتەکان، بە کورتی وەک یان خراپتر لە قاسم، ئەو کەسەی، بە هۆی "نا توانایی"، فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکردبوو.

عارف بڕیاریدا، لە رێگەی خۆی، چارەسەری قەیرانەکە بکات، عارف کەسێک بوو دەسەلاتی بەسەر خۆی نەبوو، زوو توڕە دەبوو، بە بێ بیرکردنەوە و هەلسەنگاندن، لە ناکاو، بڕیاری دەدا، کەسێکی زۆر بە حەماس بوو. رۆژی ١٠ حوزەیران کۆمەلە بڕیار و رێنمایەکی، بۆ لەناوبردنی کوردە یاخیبووەکان، دەرکرد و داوای لە بارزانیکرد لە ماوەی ٢٤ سەعات، بە بێ مەرج، خۆی تەسلیم بکات. بڕیارەکانی عەبدول سەلام لە لایەن مەجلیسی قیادەی سەورە پەسەندکران، پاشان وەک "راگەیاندنێکی مێژوویی" بلاوکرانەوە.

"ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە رۆژی ٨ شوباتی ١٩٦٣ دەسەلاتی ولاتی گرتە دەست و بڕیاریدا ئەو هەموو ناهەقیەی، لە لایەن قاسم، بەرامبەر بە کوردەکان کراوە بسڕیتەوە. بڕیاریدابوو کۆتایی بەو یاخیبوونەی باکوری ولات بهێنێ، زیندانیە سیاسیەکانی کورد ئازاد بکات، ئەو کەسانەی بە هۆی ئەو روداوانە لە پۆست و پلە و کارەکانیان دورخرابوونەوە بگەڕێنتەوە و تەعویزیشیان بکاتەوە.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری ئەوەشیدابوو کە ئەو ئیمبارگۆ-ئابلوقە ئابوریەی قاسم خستبوویە سەر باکور هەلگرێ. لە کۆتایی بڕیاری ئەوەشی دابوو کە شاندێکی حکومی رەوانە بکات بۆ ئەوەی لەگەل بارزانی و لایەنگرەکانی دانوستان بکەن کە لەو کەسانەی خوارە پێکهاتبوو:

محەمەد رەقاب یان رەجەب شەبیبی، حوسێن جەمال، فەیال یان فەیسەل ئەل سامەڕائی، حەبیب ئەل خەیزەرانی، عەبدول ئەل بوری و ئەحمەد عوسمان.

Mohamed Ragab Chabibi, Hussein Jamal, Feyel El Samarrai, Ahabbib El Khaizaran, Abdel El Bouri, Ahmed Osman,

ئەرکی ئەو لیژنەیە بریتیبوو لە دروستکردنی پەیوەندیەکی بەردەوام لەگەل بارزانی و لایەنگرانی بۆ دابینکردنی ئاشتیەکی درێژخایەن لە ناوچەکانی باکور و، گێڕانەوەی پەیوەندی برایانەی نێوان کورد و عەرەب و کارکردن لە پێناوی بەرژەوەندی کوردەکان، زیادکردنی بەشداریکردنیان لە پەرەپێدان و پێشکەوتنی عێراق.

رەوانەکردنی ئەو دێلێگاسیۆنە، بە رای حکومەتی بەغدا، بۆ لای بارزانی و لایەنگرەکانی مانای وانەبوو کە حکومەت نەزانێ کە بارزانی ناتوانێ نوێنەرایەتی و پالپشتی هەموو کوردەکان بەدەست بێنێ. حکومەت نەیدەتوانی چاو لەوە بپۆشێ کە لایەنگرانی بارزانی، بە هەموو ئامرازێک، داکۆکیان لە رژێمی دیکتاتۆری قاسم کردووە، بە تایبەت لە کۆمەلکوژی ناسیۆنالیستەکان لە موسل و کەرکوک. ئەنجومەنی سەرکردایەتی نەیدەتوانی چاوپۆشی لەوەش بکات کە کوردەکان یارمەتی زۆری کۆمونیستەکانیان داوە، ئەوەشی دەزانی کە ئەوان مەیلیان بەلای دەرەبەگایەتی دەڕوات و پەیوەندیان لەگەل ئیمپریالیزم، کۆنەپەرستی، سەهیۆنیزم هەیە و دژایەتی کوردەکانیتر دەکەن.

سەرای ئەوەش حکومەت، پشت ئەستور بە برایەتی کوردو عەرەب، چاوی لەم کێماسیانە پۆشی و هەولیدا هەموو ململانێکانی رابردوو بەلاوە بنێت،

گەیشتە ئەو ئاستەی نوێنەری کوردەکان بخاتە ناو ئەو وەفدەی، کە بۆ گفتوگۆ سەبارەت بە وەحدەی عەرەبی، سەردانی قاهیرەیان کرد[٢٩]. هەموو ئاسانکاریەک کرابوو تا کوردەکان بتوانن لەگەل بەرپرسانی ولاتانی عەرەبی، وەکو عێراق و سوریا و مسر، وتوێژ بکەن کە ئەوکات لەسەر مەسەلەی وەحدەی عەرەبی دانوستانیان دەکرد.

حکومەتی شۆڕش بەوەش نەوەستا، پێشنیار و داواکاریەکانی بارزانی دیراسەکرد، لە ١٩ مارسی ١٩٦٣ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەیانێکی مێژوویی، سەبارەت بە لامەرکەزیەت، دەرکرد. ئەوە لە بارودۆخێکی یەکجار ناسک دوای تەنها یەک مانگ، شۆڕش لە هەموو لایەک هەڕەشەی لەسەر بوو. یاسای لامەرکەزیەت بلاوکرایەوە، چەند لیژنەیەکی فەرمی و شەعبی پێکهێنران تاکو دیراسەی پرنسیپەکانی لامەرکەزیەت بکەن و هەولی دۆزینەوەی باشترین مۆدێل بدەن".

ئەو بەیانە دورو درێژە باسی پرۆژەی ریفۆرمی ئابوری دەکرد کە بە مەبەستی پەرەپێدانی ناوچەکە ئامادەکرابوو، ئاماژەی بەوە دەدا کە ناوچەکانی باکور لە ئەنجامی شەڕو پێکدادانەکانی نێوان رژێمی قاسم و لایەنگرانی بارزانی بە تەواوی وێران بووە، پاشان بە دورودرێژی باسی روداوەکانی دەکرد. تۆمەتی ئاراستەی بالی دەرەبەگایەتی جوداخوازی بارزانی کرد کە هیچ هەولێکی نەداوە بۆ رێگری لە رشتنی "خوێنی کورد و عەرەب" و زیادکردنی داواکاریە "جوداخوازی، دەرەبەگەیاتی و ئیمپریالیستی" و ئاماژەی بۆ رەفتاری "چەتەگەری کوردەکانی بارزانی" دەکرد.

دوای پێشەکیەکی دوورودرێژ "بەیاننامەکە" دەچووە ناو ناوەڕۆکەکە و بە چەند دێڕێک رایدەگەیاند کە "ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش- عێراق

[٢٩] بە پێی زانیاری و بەلگەکان مام جەلال تالەبانی سەرۆکی شاندی کوردی بوو کە سەردانی بەغدا، قاهیرە و ئەوروپای کرد.

بڕیاریداوە هەموو هەرێمی باکور لە باند و لایەنگرەکانی بارزانی پاک بکاتەوەو" و "هەموو تاقمە خیانەتکارەکان و دوژمنانی گەل و چەکدارەکان ٢٤ سەعاتیان لەبەردەستایە بۆ ئەوەی، بەبێ هیچ مەرجێک، چەک دابنێن و خۆیان رادەستی حکومەتی نیشتمانی، دیموکراسی و شەعبی بکەن".

لە هەمان کات لە رادیۆ دەنگێکی بێزارکەر، هەر نیو سەعات جارێک، دووبارەی دەکردەوە کە بە "فەرمانی عالی" بۆ هەموو سوپای عێراق، بە سەربازە ئیعتیاد و ئەوانەی لە مۆلەتن و ئەوانەی لە گەڕانەوەن بۆ مالەوە" بە زووترین کات خۆیان بگەیننە ریزەکانی خۆیان، هەر کەسیش کەمتەرخەمی بکات ئەوە روو بەرووی سزای قورس دەبێتەوە.

کەش و هەوای شەڕ، جارێکتر، عێراقی هێنابووە جۆش، لە بەغدا خۆپیشاندان و رێپێوانی سەر شێتانە هەموو کۆلان و شەقامەکانی، بە مۆسیقای نیشتمانی و وێنەی زەبەلاح و هۆتافاتی سەرخۆشکەر، گرتبووەوە. لە رادیۆ هەمان دەنگێکی ئافرەتانەی رەزا قورس و ناخۆش، ناوەو ناوە، لە نێوان گۆرانی وەتەنی و مۆسیقای عەسکەری، تا سەر ئێسقان هاواری دەکرد و دەیووت "ئەگەر تا بەیانی بارزانی خائین و بەکرێگیراو چەک دانەنێ و روو بەرووی سوپای قارەمان ببنەوە ئەوە بۆ خۆی و یاخیبووەکان و هەموو ئەوانەی پشتگیریان لێدەکەن سەریان پاندەکرێتەوە و لەناو دەبرێن".

ئەوە تەنها هەڕەشەیەکی پلاتۆنی، بێ بناغە، نەبوو، رۆژی پێشتر، ٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ رادیۆی بەغدا رایگەیاندبوو کە "لە ناوچەکانی باکوری ولات دامەزراوەکانی نەوت، لە موسل و کەرکوک، کەوتونەتە ژێر دەسەلاتی سەربازی و، جەنەڕال سەعید عاسی سەقالی فەرماندەییان دەکات. ئەم بەیانیە لە هەموو ئەو ناوچانەی بۆڕی نەوتیان پیا دەڕوات مەنعەت ئەلجەوەل راگەیاندراوە، ئەوەش بۆ پارێزگاری لە گرنگترین کەرتی پیشەسازی ولاتە.

لەو ناوچانە سوپا فەرمانی پێکراوە دەستڕێژی گوڵلە لەو کەسانە بکەن کە سەرپێچی دەکەن".

لەگەل تەواو بوونی ئەو ٢٤ سەعاتە، ئولتیماتوم، وەک هەموو پێشبینیان دەکرد، عەبدول سەلام مرازی دلی حاسل نەبوو، "شێخی سۆر" خۆی تەسلیم نەکرد. بە پێچەوانەوە بارزانی رایگەیاند "لە بەغدا دەیانەوێت لەناومان بەرن. ئێمە لێرەین و با خۆیان تاقیبکەنەوە، ئێمە بەرگری لە خۆمان دەکەین". لە هەمانکات نوێنەرەکانی بارزانی لە لەندەن و پاریس و ڤیەننا لە چاوپێکەوتن و بەیاننامەکانیان هەموو بەرپرسیاریەتی دەستپێکردنەوەی شەڕیان دەخستە ئەستۆی حکومەتی عێراق و داوایان لە ولاتانی عەرەبی دەکرد، لەم ململانێیە، بێلایەنبن.

لە لەندەن "کۆمیتەی بەرگری لە مافەکانی کورد" لە بانگەوازێک دووپاتی دەکردەوە کە "گەلی کورد و هێزە چەکدارەکانی کە لە دژی رژێمی دیکتاتۆری قاسم شەڕیان کردوو و بوونە هۆی روخاندنی و ئێستاش ئامادەیی و توانای ئەوەیان هەیە، نەک هەر پارێزگاری لە خۆیان بکەن بەلکو، کۆتایی بەم رژێمە تیرۆریستیەش بهێنن کە لە رێگەی کودەتا لە بەغدا هاتۆتە سەر حوکم. ئێمە داوا لە زلهێزەکانی رۆژهەلات و رۆژئاوا دەکەین ئەگەر پالپشتی لە میللەتێک ناکەن کە خەبات بۆ مافە رەواکانی دەکات بەلای کەمی هەلوێستی بێلایەنی بنوێنن".

عارف بەلێنی دابوو، لەبەر ئەوە دەستی بە هێرشبردن کرد، بە دلّنیایەوە فراوانترین شالاوی سەربازی کە مێژووی ململانیَ، لە کوردستان، بە خۆیەوە بینیبیَ. جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، عەلی سالح ئەل سەعدی رایگەیاند کە جەنەڕال سەعید عاسی سەقالی "دەسەلاتی تەواوی" پێدراوە تاکو "ناوچەکانی باکور"، بە کەرکوک، سلێمانی، موسل و هەولێر لە "جەماعەتەکەی بارزانی" پاک بکاتەوە. رادیۆی بەغداش، لەلای خۆیەوە، رایدەگەیاند هەرکەس

"مەلا مستەفا" بکوژێت خەلاتی ١٠٠ هەزار دیناری وەردەگرێ. لە هەمان کات حاکمی عەسکەری باکور دەستی والا کرا تا "دادگای عەسکەری" پێک بهێنی تاکو چەکدارە یاخیبووەکان و ئەوانەی کۆمەکیان دەکەن دادگایی بکات. سزای مردن، بۆ هەموو ئەو کەسانەی یارمەتی بارزانی دەدەن، دیاریکرابوو. هەروەها حکومەت نەفیر عامێکی بۆ مەوالیدی ١٩٣٩، ١٩٤٠، ١٩٤١ لێدا و داوای گەڕانەوەی، بۆ خزمەتی سەربازی کرد. لە سەرەتا، بە پاساوی، "راهێنان و تەدریبکردن بۆ ماوەی ٦ مانگ" بوو کەچی پاشان رەوانەی ناوچەی بیر و دامەزراوە نەوتیەکان کران. ئەوە لە کاتیک بوو کوردەکان، نە ترسانە، هاتبوونە خوارەوە و، بە چاو تروکاندنێک، چەند بیرە نەوتیان تەقاندەوە کە کەوتبوونە ناوچەی جەمبور بە دوری ٣٢ کم لە باشوری کەرکوک.

# هۆشداری سۆڤیەت و پیلانگێڕی کۆمونیستەکان

عارف بڕیاریدابوو بە زوترین کات و بەهەر شێوەیەک بێت یاریەکە کۆتایی پێ بێنێ. لە ئاسمانی گوندەکانی کوردستان بۆمبا مەترسیدارو قرکەرەکانی ناپالم، وەک باران، دەکەوتنە خوارەوە، قوربانیەکان منال و ئافرەت و بە سالاچووەکان بوون، دیمەنێکی یەکجار پڕ ترس بوو.

لێرە، مۆسکۆ، بە جدی، نیگەران بوو و بێ دەنگی شکاند، دیسان لە ڕێگەی رۆژنامەی "پراڤدا"، دوای ١٠ رۆژ لە دەستپێکردنەوەی شەڕ، لە ٢٠ حوزەیران، بە توندی هۆشداری دەداتە حکومەتی بەغدا و دەڵێ ئەگەر بێت و ئەو چەک و کەرەسە سەربازیانەی سۆڤیەت لە دژی کوردەکان بەکار بێت ئەوە کرێملین ناچارە چاو بە هەناردە سەربازیەکانی بۆ عێراق بخشێنێتەوە. ئەوە یەکەمجار بوو، بە ئاشکرا، مۆسکۆ هۆشداری و ئولتیماتوم بداتە بەغدا. حکومەتی عێراقیش لەوە دڵنیابوو کە ئەگەر ئەم هەڕەشەیە بچێتە بواری جێبەجێکردن ئەوە سوپای عێراق روو بەڕووی گرفتی گەورە دەبێتەوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کەرەسەی فڕۆکە جەنگیەکان و تۆپە دورهاوێژەکانەوە بوو.

دوای ئەو هۆشداری و ئولتیماتومە ئاژانسی راگەیاندنی سۆڤیەت، "تاس- ATSS" بەیانێکی توندی بلاوکردەوە، رەخنەی لە هێرشە سەربازیەکەی، بۆ سەر کوردستان، گرت و "سۆڤیەت پێیوایە ئەمە دژی پرنسیپەکانی کارتی یو ئێنە و رێگە بۆ ئیمپریالیستەکان خۆش دەکات .... ئەو ئۆپێراسیۆنە

سەربازیانە دەبنە هۆی بەرپابوونی هەڕەشە بۆ سەر هەموو رۆژهەلاتی ناوەڕاست و، یەکێتی سۆڤیەت ناتوانێ چاوپۆشی لە روداوەکانی عێراق بکات". وتارەکەی پراڤدا، سەبارەت بە بۆردومانی دێهاتەکانی کوردستان، ئاماژەی بەوە دەکرد "پاساوی ئەو تاوان و خۆلکردنە چاوی رای گشتی جیهانی هەمیشە تۆمەت هەلبەستنە کە گوایە کوردەکان هەڕەشە لە یەک پارچەیی خاک دەکەن و پرۆژەی جوداخوازیان هەیە. ئەو کەسانە، بە قسەی حکومەت، دەیانەوێت رێگە لە پێشکەوتن و سەربەخۆیی راستەقینە و ئازادی بگرن، ئەوانە بە درۆ و دەلەسەکانیان دەیانەوێت سیاسەتی کۆنەپەرستی و نا نیشتمانی خۆیان بشارنەوە. کوردەکان لە دژی چەوسانەوەی ولات، لە لایەن ئیمپریالیستەکان، راپەڕیوون، خەبات بۆ هێنانەدی رژێمێکی دیموکرات دەکەن کە لەسەر کۆپێراسیۆن و هەمائەنگی کوردو عەرەب بنیات بنرێت".

ئاژانسی تاس روداوەکانی عێراقی، لە سالی ١٩٤٨ بە دواوە، لە روانگەی سۆڤیەت، دەهێنایەوە بیر، لۆمەی عەبدول سەلامی دەکرد کە، وەک قاسم، رەفتار دەکات، ناوە ناوە حکومەتی بەغدا دەرگای دانوستان لەسەر کوردەکان دەکاتەوە بەلام تەنها بۆ ئەوەی دوبارە خۆی بۆ هێرشێکیتر ئامادە بکات. "ئەو رەفتارە لە هی هیتلەر دەچێ، عێراق بۆتە دەولەتێکی پۆلیسی، هەزاران هاولاتی زیندانیکراون و کەوتونەتە ژێر ئەشکەنجە و بە بێ دادگایی ئیعدام دەکرێن (....). لە کوردستان حکومەت دەستی بە کۆمەلکوژی کردووە، ئەوەش تاوانی جینۆسایدە. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان زۆرجار ئیدانەی سیاسەتی جینۆسایدیان کردووە کە دژ بە مافەکانی مرۆڤە. هیچ کەسێکی بە ویژدان و دەولەتێک کە رێز لە پرنسیپەکانی یو ئێن بگرێت نابێ، تەنها وەک تەماشاکەرێکی بێدەنگ، تەماشا بکات بەلکو پێویستە دەنگ بەرز بکاتەوە و بە گەرمی و بە توندی ئیدانەی سیاسەت و رەفتارە قێزەوەنەکانی دەسەلاتدارانی عێراق، لە دژی گەلی کورد، بکەن".

بەیـانەکەی تــاس لە کۆتــایی دەیــووت "ســۆڤیەتیەکان دۆســتایەتی و روو خۆشـیان بـۆ گەلانـی عێـراق هەیە، پالپشـتی تەواوی خۆیـان بـۆ گەلـی کـورد دەردەبڕن کە خەبـات بۆ مـافە نەتەوەییەکانیـان دەکەن، حکومەتی عێـراق بەو سیاسەتە پۆلیسیەی پەیڕەوی دەکات، کە بۆتە خوێن رشتنی کورد و عەرەب، بەرپرسیاریەتی مێژوویی دەکەوێتە ئەستۆ".

ئەو بەهانا هاتنەی سۆڤیەت لە کاروباری نێوخۆی عێراق زۆر زەق و کاریگەر بوو. بەلام عەبدول سـەلام دەیزانـی لە پشـت ئەو هـاتنە دەنگەی سـۆڤیەت لە دژی هێرشــەکەی بۆســەر کوردســتان زیــاتر پەیوەنــدی بە پاکتــاوکردنی کۆمونیســتەکانە کە حکـومەت مــاڵ بە مــاڵ لە دوایــان دەگەڕا و دەســتگیر و ئیعدامی دەکـردن. عـارف هەمیشـە ئەو قسـەیەی دەگـوتەوە "خەبـات لە دژی کۆمونیســتەکان بەردەوامە تــاکو لە رەگ و ریشــە دەریــان دێنــین" و ئەو روداوانەش "تەنها و تەنها مەسەلەیەکی ناوخۆی عێراقە". بەو مەسیجە، عارف لە لایەک دەیویسـت دڵنیـایی بداتە ولاتـانی بەرەی سـەر بە سـۆڤیەت کە هـیچ گۆڕانکــاری بەســەر سیاســەتی دەرەوەی بەغــدا نەهــاتووە، لە لایەکیتــریش دەیویست بە دیپلۆماتەکانی بەرەی سۆڤیەت و ئەو هەزاران پسپۆر و تەکنیکی مەدەنی و سەربازیەی لە بەغدابوون بلێ "بێدەنگبن و خۆتان بە دور بگرن لە کۆمونیستەکانی عێراق".

کەچی وەک دەبینین لەسەر هەردوو ئاست ئەنجامی نەگەتیڤی بەدەست هێنا. حکومەتە کۆمونیستەکان، بە هیچ شێوەیەک، ئارام نەبوون، مەنگۆلیـا داوای لە کۆمەلەی گشتی یۆ ئێن کرد "سیاسەتی جینۆسایدی حکومەتی عێراق لە دژی گەلـی کـورد" گفتوگـۆی لەســەر بکرێـت. بلـۆکی سـۆڤیەت پەیونـدی لەگەل کۆمونیســـتەکانی عێراقــی بەردەوام بــوو، ئەوەتە رۆژی ٣ تەمــوزی ١٩٦٣ هەوالگری بەغدا رایانگەیاند پیلانی کودەتای کۆمونیستەکانیان، لە سەربازگەی رەشــید، پــوچەل کــردۆتەوە. بە پێــی زانیاریەکــانی بەغــدا دوای ٢٠ رۆژ لە

لێکــۆڵینەوەکە دەرکەوت کە بەرپرســی ئەم پــیلانە ســکرتێری یەکەمــی باڵوێزخانەی بۆلگاریایە لە بەغدا، بە ناوی کۆستەنتین نیکۆلۆڤە Kostantin Nikolov. گوایە ژمارەیەک ئافرەتی گەنج، بە فەرمی توریست بوون، بەکار هێناوە کە لە راستی "پسپۆڕبوون سەبارەت بە چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵ پیاوانی عەرەب" تاکو زانیاری و نهێنیان لێدەربێنن، بە تایبەتی سەبارەت بە ئۆپێراســیۆنە ســەربازیەکانی کوردســتان. لێکۆڵینەوەکــان گەیشــتنە ئەو دەرەنجامەی کە ٥ ئەفسەری باڵای بەغدا، لە پلە و پۆستی هەستیار، سەر بە پارتی کۆمونیستی عێراق بوون. هەندێ لەو ئافرەتە توریستانە، پێش ئەوەی دەربکرێن هەندێ زانیاری بە سودیان، سەبارەت هەواڵدەری کۆمونیستەکان، درکاندبوو کە لە عێراق چالاکیان ئەنجام دەدا.

پاش ئەو پیلانی کودەتایە هەڵمەتێکی فراوانی گرتن و دادگایی و کوشتنی کۆمونیستەکان دەستی پێکرد و لیستە کۆنەکەی درێژترکرد. سکرتێری پ. ک. ع.، حوسین ئەحمەد ئەل رەزی (سەلام عادل، وەرگێڕ) و نزیکەی ٣٠ ئەندامی سەرکردایەتی ئیعدامکران، ژمارەیەکی زۆر لە ئەفەسەری باڵا، حاکمی گەورە، وەزیرەکانی پێشو دەستگیرکران یان رایانکرد. لە نێو ئەوانە سەرۆکی هێزی ئاسمانی جەلال ئەل ئەوقاتی، کۆلۆنێل تەها شێخ ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی بەرگری، کۆلۆنێل فازیل عەباس مەهداوی، سەرۆکی دادگای شەعب، جەنەڕال فەرید زیا محەمەد، جەنەڕال مەجید محەمەد، ئیبراهیم کوببەی وەزیری کشتوکال، ئەلشەیبەر ئەحمەد، عەونی یوسفی سەرکردەی کۆمونیستە کوردەکان و زۆریتر.

بە پێی پیلانی کودەتای ٣ تەموزی ١٩٦٣ دەبوایە ژمارەیەک کەس، بەجلی سەربازی، بە نهێنی بچەنە ناو سەربازگەی رەشید و دەست بەسەر مەخزەنی چەک دابگرن و پاشان ئەو هەزاران زیندانیانەی سەربازگەکە ئازاد بکەن. لە سەربازگەکانیتریش هەمان پلان هەبوو.

پاش شکست پێهێنانی ئەو هەوڵەی کۆستەنتین نیکۆلۆڤ، پلاندارێژەری کۆدەتاکە، عەبدولسەلام هیچ کاردانەوەی بەرامبەر سەفیری سۆڤیەت لە بەغدا، یاکۆڤلیڤ Yakovlev، پیشان نەدا، ئەو زیاتر لە ١٢٠ راوێژکاری، بە پلەی دیپلۆماتکار، لەدەورە بوو و زۆر شارەزای بارودۆخی عێراق بوو و، زۆر چالاکیش بوو. لە ساڵی ١٩٦٠ دوای ئەوەی لە وڵاتی کۆنگۆ، بە پاساوی پاڵپشتی لە پاتریس لومومبە Patrice Lumumba، دەردەکرێت و دەگوێزرێتەوە عێراق.

عەبدول سەلام عارف، لە لایەک ترسی لە هەڵوێستی سۆڤیەت هەبوو، بەڵام بە هۆی "پاکتاوکردنی کۆمونیستەکان" لە خۆی دەرچوو و وایدەزانی بە ئاسانی و بە خێرایش بەسەر کوردەکان زاڵ دەبێ بۆیە لە ئاهەنگی ١٤ تەموز، زۆر بە کورتی، ئەوها باسی بارودۆخی وڵاتی کرد.

١ – لە ماوەی تەنها ٥ مانگ، بۆ هەتا هەتایە، کومونیزمان لە وڵات بنبڕکرد. بەڵێنی ئەوەشتان پێ دەدەم کە لە ماوەیەکی کەم ئەو تاقمە بچوکە کۆمونیستانەش کە رایان کردووە لەناو دەبەین.

٢ – دوژمنانی گەلە شۆڕشگێڕەکەمان هەمیشە لە پیلان و ئاژاوەگێڕیدان بۆ ئەوەی عێراق بکەنە دەوڵەتێکی کۆمونیست و کافر.

٣ – یەکێک لەو پیلانانە یاخیبوونی کوردەکانە بەڵام هێزە چەکدارەکانمان زۆربەی ناوچەکانی باکوریان لە دەستیان پاککردۆتەوە و، کۆتاییان زۆر نزیکە.

٤ – لەبیر نەکەن، تاکو ئێستا، عێراق پابەندە بە بەیاننامەی قاهیرە بۆ یەکێتی نێوان مسر و سوریا و عێراق.

عەبدول سەلام وادیاربوو زۆر باوەڕی بە خۆی بێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژە گەورەیەی لە مێشکی دەخولایەوە. رۆژەک دواتر چەند فیرقەیەکیتری

سەربازی رەوانەی باکور کرد، ئەو هیوای دەخواست ببێتە پالپشتیەکی گەورە بۆ سوپاکەی تا لە ماوەیەکی کەم بتوانێ یاریەکە لەگەل مەلا مستەفا، لە ماوەی ٤ هەفتە، کۆتایی پێ بهێنێ. بە خەیالی خۆی دەبوایە پەلامارێکی توونـدو تیژ، وەک هەورە تریشقە، کۆتایی بە یاخیبوونەکە بهێنێ و بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ئیمتیازێکیش بە سۆڤیەت بدات یان مەجالی مناوەراتی بۆ بەجێ بهێلێ.

# بەشی نۆیەم

# ئۆپێراسیۆنی چارەنوس ساز و کۆتایی عەبدول سەلام

# ئۆپێڕاسیۆنی چارەنوس ساز و شکستێکیتر

بە شێوەیەکی سەرسوڕمان دور لە عادات و تەقالیدی حوکمدارانی عێراق، لە پاش نیوەڕۆیەکی زۆرگەرم، لە گەرمای جەهەنەمی بەغدا، ئێمەی رۆژنامەنوسانی بیانی، بۆ وەزارەتی بەرگری، بانگکراین. پێیان گوتین، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەوالانەی، سەبارەت بە هێرشەکەی بۆ سەر کوردستان و ئەو زانیاریانەی لێرە و لەوێ، بە پێی بەرژەوەندی لایەنەکان بلاو دەکرێنەوە، دەتوانن بە ئارەزوی خۆتان داوای هەر زانیاریەک بکەن کە دەتانەوێت. ئەبلەقبووین، گومان و بێ متمانەیی لەناومان جرت و فرتی دەکرد. بە هەر حال بەو داوەتە هەمومان کەوتینە جۆش و خرۆش.

وەزیری بەرگری، سالح مەهدی عەماش، خۆی زۆر بە ریز پیشان دەدا، تەنانەت بە خۆی جغارەو شەربەت بەسەرمان دابەش دەکات، جۆرنالیستەکان دەباتە ژور – مەکتەبەکەی خۆی، ئەو ژورەی قاسم خوا پەرستی تێدادەکرد. نەخشەیەکی سەربازی سەرۆکایەتی ئەرکانی بە دیوار هەلواسیوە و، باسی ئەوە دەکات لەبەرچی ئەو ئۆپێڕاسیۆنە، لە ماوەیەکی کورت، یاخیبوونەکە سەرکوت دەکات.

"جۆرنالیستە بەڕیزەکان، سەرچاوەی زانیاریەکانی ئێوە هەر جۆرێک بێت، دەزانم هەندێک لە ئێوە زانیاریتان لە سەرچاوەی گومانلێکراو بەدەسەت گەیشتووە، بەلام من پێتان دەلێم، من کە بەرپرسیاریەتی بالای ئۆپێڕاسیۆنەکانم لەسەر شانە، من زانیاریم، سەبارەت بە پلانی هێرشەکەی سوپا و پلانی یاخیبووەکان، لەبەردەستە. بەڕێزان من پێتان دەلێم

سەرکەوتنمان نزیکە، زۆر نزیکە، بە دڵنیایەوە زۆر لەوە نزیکترە کە ئێوە بیری لێدەکەنەوە یان لەوانەیە لێی بترسن". زەردەخەنەیەکی لەسەرخۆ، زۆرزان بوو لەوەی پەلاماردەر، لێوەکانی بەلای چەپ دەجولێنی و حیسابی قسەکانی دەکات. کوردەکان بە "باندەکانی بارزانی" ناو دەبات و قەت ووشەی "پێشمەرگە کوردەکان"ی نەهاتە سەر لێو، ئەوەتە بەلای عەبدول سەلامیش هیچ شەڕێک لە نێوان کورد و عەرەب نیە بەلکو لە دژی تاقمێکی یاخیبووی بچوک، ئەوانەش بە سودفە کورد دەرچوون.

وەزیری بەرگری عێراق لە درێژەی قسەکان ووتی "هێزەکانمان گەیشتوونەتە سەر زێی گەورە، لە رۆژانی داهاتوو پیاسەیەک دەکەن بۆ ئەوەی بەرزایەکانی بارزان داگیر بکەن، بە پانی ١٠ کم جەماعەتی بارزانی، توانای بەرگریکردنیان نیە، لە پشتەوەیان چیای شیرینە، لەسەر سنوری تورکیا، لە پێشیان دەشتێکی کاکی بە کاکیە و توانای شەڕکردنیان نابێت. لە لایەکیتریش سوپاکەمان ٢٠ کم ماوە بگەوێتە سنوری ئێران، شارۆچکەی رانیە کەوتۆتە دەستی خۆمان. پاش ئەوەی ئەو چەند بنکە کەمانەی لیوای هەولێر و سلێمانی، بە تایبەت لە بێتواتە و چەمی رێزان، لەناو دەبەین بەرەو بارزانیش دەڕۆین کە زێدی عەشیرەتی مەلا مستەفا بارزانیە کە سەرکردایەتی یاخیبوونەکە دەکات، هیچی ئەوتۆمان نەماوە".

لەو کاتە یەکێک لە ئێمە گومانی زۆری لە قسەکان هەبوو بەلام بۆ ئەوەی دڵی وەزیر خۆش بکات و بە تەوسەوە بە شانوبالیدا هەڵدەگووت بە "وەزیری سەرکەوتن" بانگی دەکرد، لەم کات سیاسیەکیتری گرنگ، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ئیعلام، عەلی سالح ئەل سەعدی هاتە قسە و نابێ گومانی لێ بکرێت، هەر هیچ نەبێ بە رەسەن کوردە. سەعدی، یەکەم قسەی، بریتیبوو لەوەی "پێویستە ئەو هەلەیە نەکرێت گەلی کورد بە پارتیزانەکانی بارزانی لە قەلەم بدەن"، ئەوەتە ئەمڕۆ هەزاران کورد، لە لیواکانی

"فورسـانەکانی سـەلاحەدین (جاشەکان، و) " کە سەر بە عەشیرەتەکانی زێباری، شەرەفانی، هەرکی، لۆلان، نەقشەبەندی، سورچی، دزەیی، بێرۆانی و.. هتد شان بەشانی سوپای عێراق لە دژی یاخیبووەکان دەجەنگن". سەعدی، زۆر بە متمانەوە، دەڵێ "زیاتر لە نیوەی کوردەکان، لە دژی بارزانی، لەگەڵ ئێمەن". بۆ ئەوەی قسەکانی ببنە جێی باوەڕ پێکردن سڵ لەوە ناکاتەوە و بڵێ "گرفتی ئێستامان بریتیە لەوەی چۆن جۆش و خرۆشی ئەو کوردانە دابمرکێنینەوە کە لەگەڵ ئێمە دژی بارزانی شەڕدەکەن، ترسی ئەوەمان هەیە ئەوکاتەی دەگەونە ناوچەکانیان تۆلەکردنەوە دەست پێ بکات و قەتل و عامیان بکەن".

لەوانەیە قسەکەی راست بێت بەلام ئەگەر وایە چۆن "مەلای سور" توانیوویەتی ئەو پالپشتیە فراوانە بەدەست بهێنێ، ئاوا بجەنگن و ئازابن، ئاخۆ هەموو ئەوانە "رێگر و چەتەن؟".

سەعدی روی گرژ دەکات و بە تورەیەوە گوتی "بارزانی کەسێکی بەکرێگیراوە، لە سەرەتا بۆ ئینگلیز کاریکرد و ئەوانیش مانگێ ٢٠ لیرەی ستێرلینیان دەدایێ، پاشان بارزانی داوای ٢٠٠ کرد و نەیاندایێ، لە بەر ئەوە روی وەرگێڕاو چووە خزمەت روسەکان"[٣٠]. بارزانی سوود لە پلە و مەقامی براکەی وەردەگرێت کە سەرکردەی ئایینی عەشیرەتەکەیانە، مەکانەتی ئایینی، لە دژی عەشیرەتەکانیتر، بەکار دێنێ و پەلاماریان دەدا و دەست بەسەر ژن و منداليان دەگرێ بۆ ئەوەی پیاوەکانیان ناچار بکات بچنە رێزی لەشکرەکەی. ئێستا کەممان ماوە، هێدی هێدی کە سوپاکەمان دەچێتە پێشەوە ئەو شەڕکەرە کوردانە، کە بە هۆی بیرو بۆچوونی ئایینی یان بەهێز ناچار کراون یان بە هۆی هەست و سۆزی ناسیۆنالیستی وەگەر بارزانی کەوتوون

---

[٣٠] لە دەقە ئیتالیەکە ٢٠ و ٢٠٠ بە نووسین (بیست و دووسەد لیرەی ستێرلینی) نووسراون

خۆیان دەدەنە پاڵ سوپا و تاکو ئێستا ٥ هەزار کەسیان لە جەماعەتی بارزانی گرتووە".

جەنابی وەزیر دەست بە سمێڵی دادەینێ، خۆی وەک کەسێکی بە هەیبەت پیشان دەدات و زۆر لەسەرخۆ قسە دەکات و پاشان بە دەنگێکی بەرز دەڵێ "جۆرنالیستە بەڕێزەکان، دەتوانم دڵنیاتان بکەم کە زۆربەی کوردەکانی عێراق لەگەڵ بارزانی نین و ئەو نوێنەرایەتیان ناکات". وەزیر هەست دەکات کە کەسی پێ قانیع نەکراوە بۆیە روی گرژ دەکات و توڕەدەبێ. یەکێک پرسیار دەکات و دەپرسێ هۆی چیە مەسەلەی کورد بەو شێوە بەهێزە لە عێراق تەقیتەوە لە کاتێک، لە ئێران، ژمارەی کوردەکان دوو ئەوەندەی عێراقە یان لە تورکیا ژمارەیان ٤ ملیۆن کەسە؟.

جەنابی وەزیر، بە ئاشکرا توڕەبوونی پێوە دیارە، لە وەلام دەڵێ "ئەوانەی ئێوە بە مەسەلەی کورد ناویان دەهێنن تەنها دیاردەیەکی عەشائیریە، بە ناوی هەستی نەتەوەیی، لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ مەبەستی جوداخوازی، بەکار دەهێندرێن. ئەو حیزبە، پدک، کە ئیدیعای بیروباوەڕی مارکسیزم دەکات"، بە تەعلیقەوە دەڵێ "کەچی یەکێک لە سەرکردەکانی کە ناوی عەباسی مامەند ئاغایە، کەسێکی فیودال و گەورەترین دەرەبەگی ناوچەکەیە و خاوەنی ٣٠٠ گوندە. لە کۆتایی ئێمە ئاگادارین کە ئینگلیز و روسەکان، بە پارە، کۆمەکی مەکتەبەکانی کورد لە دەرەوە دەکەن، هەردوو لا بەرژەوەندیان لەمەدایە سەقامگیری لە ولات نەبێ. ئینگلیزەکان دەیانەوێت بەرژەوەندیەکانیان لە عێراق بپارێزن، روسەکانیش، زۆر لە مێژە، چاویان بڕیوەتە کوردستان".

پرسیارێکیتر خۆی قیت کردەوە و گوتی ئەگەر راستە سوپای عێراق هێرشێکی بەربلاوی، بە هەمان ئەو لەشکرەی سەردەمی قاسم کە نەیتوانی هیچ سەرکەوتنێک بەدەست بێنێ، دەست پێکردوە بۆ دەبێت ئەوها بە ئاسانی

ئێوە بتوانن سەرکەوتن بەدەست بێنن؟. عەلی ئەل سەعدی، بێ دوو دڵی وەلامی دایەوە "پێش هەموو شتەک مەعنەویاتی سوپا جیاوازە، ئەمجارە دوو دڵیمان نیە، شەڕی ئێمە لە دژی برایانی کورد نیە، بەلکو ئۆپێراسیۆنێکی نیشتمانیە بۆ رزگارکردنی عێراق لە پەتای رێگری و چەتەیی بارزانی. شتێکیتریش هەیە، ئەویش چەک و کەرەسەی سەربازی ئێستامان مۆدرێن و کاریگەرترە. پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین کە سیاسەتی سەربازی قاسم نارێک و پێک بوو، عەقلانی نەبوو، نا مەنتیق بوو، هەمیشە سوپای لەو شوێنانە گل دەداوە کە بیتوانیبایە، بە ئاسانی، کۆنترۆلی بکات و ترسی ئەوەی هەبوو خەلکی ئەو شارانە لە دژی ئەوە راپەڕن. ئەوش بووە هۆی ئەوەی کە ئەو کوردە فەقیرانەی، کە نەیاری بارزانی بوون، یان رابکەن یان بچنە ژێر دەسەلاتی بارزانی. ئێمە دەرسمان لەو هەلانە وەرگرتووە. دەتوانم ئەوەش بلێم، بەبێ موشکیلە، ئێمە سودمان لە قۆناغی ئاگر بەسی و دانوستان وەرگرت بۆ ئەوەی قەناعەت بە خێلە نە یارەکانی بارزانی بکەین و بدەنە پال حکومەت، باشیش دەزانین هاریکاری و کۆمەکی ئەوان زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوەیە. چاوەڕوانی رەفتاری ئەو عەشیرەتانە (جاشەکان، و) دەکەین و سەرکەوتنمان بە ئەوان بەستراوە" دەستگیری کردنی بارزانی، بە زیندویی یان بە مردویی".

دوای سەرکەوتن چی دەکەن؟

وەزیری بەرگری دێتە وەلام، هەمان تاس و هەمان حەمام، هەمان قسەی کۆن و سواوە، حکومەتەکانی عێراق، ئەوە ٤٠ سالە، لە سەردەمی پاشایەتی، کۆماری، دەرەبەگی یان تەقەدومی تەنها قسیەک دەزانن و دەیلێنەوە "هەتا رۆژی سەرکەوتن سەرکردەکانی عێراق چاوپۆشی لەوە ناکەن کە مەسەلەی کورد تەنها لە روانگەی سەربازی چارەسەر بکەن بەلکو پێویستە لە رێگەی چارەسەرێکی گشتی کە زنجیرە ریفۆرمی کۆمەلایەتی بگرێتە خۆ و ببێتە

هـۆی ئەوەی کوردەکـان ژیـانێکی نۆڕمالیـان هەبێـت. حکـومەتی بەغـدا دێـتە پێشـــەوە کە یـــارمەتی بـــرا کوردەکـــان بـــدات بـــۆ ئەوەی لە چوارچێـــوەی سیستەمێکی لامەرکەزی، بۆ هەموو عێراق، بە تایبەتی بۆ کوردەکان، ژیـانێکی خۆشیان بۆ دابین بکات. ئەو سیستەمەش دەبێتە هـۆی گەشـەکردنی ئابوریـان و دەتـوانن، بە شـێوەیەکی سـەربەخۆ، ژیـانی کولتـوری خۆیـان رێـک بـخەن و گەشەی پێ بدەن".

وەزیـر لە کۆتـایی دەلـێ پـرۆژەی "لامەرکەزی" ئـێمە پـێچەوانەی پـرۆژەکەی بارزانیە، پرۆژەکەی ئێمە رێگە دەدات، بە شێوەیەکی هارمۆنی، دەولەتی کورد لە ناو دەولەتی عێراق ئاوێتە بێت و گەشە بکات.

خۆش باوەڕی و خەونی سەوزوسوری ئەو دوو سـەرکردەیەی عێـراق هێدی هێدی دەبووە بلقی سـەر ئـاو، ئەو سـەرکەوتنەی خەونیان پێوە دەبینی رۆژ دوای رۆژ دوور دەکەوتەوە و دەبـووە سـەراب و، شـەڕکەرە دێـرینەکەش، بارزانی، هەمیشە بە ئازادی دەسوڕایەوە. بێجگە لەمەش لە ١ی ئەیلولی ١٩٦٣ "ئەنجومەنی نا ئاسایی نەتەوەی کوردستان" کە لە دەرەوە، کوردەکانی تورکیا و عێراق و ئێرانـی لە خـۆ دەگرت، بە نهێنـی لە شـوێنێکی نادیـار کۆبـووەوە و بڕیاری "دەولەتی سەربەخۆیی کوردستان"ی راگەیاند.

دوای ٥ رۆژ لەو بڕیـــارە، رۆژی ٦ ئەیلـــول بارەگـــای گشـــتی مەلا مســـتەفا بـارزانی، بە شـێوەیەکی فەرمـی، دانـی بە پـرۆژەکە دەنـا و دەیکـردە پـرۆژەی جولانەوەکەی خۆی، حکومەتی بەغدای لە خەوی خۆش رادەپەڕاند و عەبدول سـەلامی تووشـی نەخۆشـی هیسـتریا دەکـرد. سـەرۆکایەتی ئەو دەولەتە، بە شـێوەیەکی کـاتی، درایە "شـێخی سـۆر" بەلام ئامـاژە بەوەکرابـوو "لە دوای سـەرکەوتنی شـەڕی رزگـاریخوازی لە هەمـوو ناوچەکـانی کوردسـتان هەلبژاردنی شەعبی دەکرێت".



Mustafà El-Barzani, in posa un po' eccentrica, nel suo covo sulle montagne kurde.

بارزانی لە کاتی پشودان

ئەم حکـومەتە کـوردیە لە ١٥ کەس پێـک هـاتبوو، ٣ کەسـی لە سـەرکردە ناودارەکـان، وەک سـەفیری گەڕۆک، دەسـت نیشـانکرد بـۆ ئەوەی بتـوانن مەبەستی ئەو پرۆژەیە بۆ رای گشتی و کۆمەڵگەی نێوەدەولەتی روونبکەنەوە و پێداگری لەسەر ئەم خالانە بکەن:

"قەناعەت بە رای گشتی جیهانی بێنن کە کوردەکان ناچار کراون سەربەخۆیی رابگەیەنن چونکە بەغدا، بە بەردەوامی، داواکاری کوردەکانی بۆ ئیدارەیەکی ئۆتۆنـۆمی کوردسـتان، رەتکـردەوە و لەبەرامـبەردا، بە شـێوەیەکی نازیـانە، هەولی لەناوبردنی گەلی کوردی داوە".

لە راسـتی ٦ مانـگ دوای راگەیانـدنی دەولەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان پێشـمەرگەکان، لە بـارو دۆخێکـی دژوار، درێژەیـان بە خەبـات دەدا. ئەو دەوڵەتەش کە لە دەورو پشتی ماوەت، بە شێوەیەکی نارێک و پێک دەستی بە دروستکردنی پایەکانی دەکرد، لە گوندو شارۆچکەکان "ئەنجومەنی گوند" و ئیدارە و دادگای شارۆچکەکان، بە پالپشتی چینی ناوەڕاست کە لە شارەکان هـاتبوونە ریـزی جـولانەوەکە، دامەزرانـد. هەنـدێ لەو کـوردانەی کە لە ئیدارەکانی ژێر دەستی بەغدا کاریان دەکرد، تەنانەت ژمارەیەک لە پزیشکی کوردیش، ئیلتیعاقیان بە شۆڕشەوە کرد، سالێک پێشتر تەنها ١ پزیشکیش لە ریزی شۆڕش نەبوو.



منالانی کورد، بە دەستەکانیان سومبلی خەبات بەرزدەکەنەوە: قەلەم و دەمانچە

ئەمیر کامەران عالی بەدرخان، نوێنەری بارزانی، سەردانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکات لە نیو یۆرک، لە ١٥ نۆڤەمبەری ١٩٦٨ یاداشتێک ئاراستەی یو ئێن دەکات، لە ١٨ هەمان مانگ ئەم نامەیەی خوارەوەش ئارستەی سکرتێری un دەکات[٣١].

جەنابی فەخامەتی یو سان U Thant
سکرتێری گشتی یو ئێن
نیویۆرک

فەخامەتی بەڕێز،
لەو یاداشتەی کە من شەرەفی ئەوەم هەبوو لە ١٥ نۆڤەمبەری ١٩٦٨ ئاراستەی بەرێزتانم کردبوو سەرنجی ئێوەم بۆ بارودۆخی مەترسیداری عێراق، لە نێوان کورد و حکومەتی بەغدا، راکێشا. ئەمەش لە ئەنجامی پاشەگەز بوونەوی حکومەتی بەغدایە لە بەلێنەکانی.
پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، تا فەخامەتی ئێوە بزانن، کە نیوەی خاکی کوردان (پێوانەکەی ٨٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێت) لە ژێر دەسەلاتی تەواوی کوردەکانە و بە شێوەیەکی دیَ فاکتۆ لە سالی ١٩٦١ ەوە ئیدارەیەکی سەربەخۆی کورد وجودی هەیە. لە ئەنجام ئەم هەرێمە لە ژێر سەروەری کوردایە، بەبێ رەزامەندی دەسەلاتی کورد هیچ کەس، تەنانەت وەزیرەکانی عێراقیش، ناتوانن پیَ بخەنە ناوی. ئەم بارودۆخە ئەوە ٧ ساله درێژەی هەیە. لە ژێر روشنای ئەو فاکتانە هەموو بانگەشەکانی حکومەتی عێراقی دوورن لە راستی کە دەلێت دۆزی کورد کێشەیەکی ناوخۆیە.

---

[٣١] تەنها دەقە ئینگلیزیەکە بلاوکراوەتەوەو ئێمەش کردومانە کوردی،

هەموو ئەم فاکتانە ئەوە دەسەلمێنن کە حکومەتی عێراق توانای نەبووە و ناتوانی ئیرادەی گەلی کورد، بۆ بەدەست هێنانی مافە رەواکانی لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیەکی راستەقینە، لەناو بەرێت. تاکە شتێک کە ئەم حکومەتانە کردوویانە بریتیە لە بلاوکردنەوەی هەژاری و کاولکاری، ئەوەش لە رێگەی بۆردومانە وەحشیگەریەکانی شەلم کوێرم ئەوەی بێتە پێشم نایبوێرم.


ئێمەی کورد میللەتێکی ئاشتیخوازین، فەخامەتی بەڕێز ئێوە کەسێکن لە پلە و پۆست و دەسەلاتێکی بالادان، ئەرکی ئێوە زامنکردنی عەدالەت و ئاشتیە لە تەواوی جیهان. بۆیە بە ناوی "ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد" و رابەرەکەی، فەخامەتی جەنەڕال مستەفا بارزانی، داوایەکی گەورە لە بەڕیزتان دەکەم بۆ ئەوەی ناوبژیوانێکی یو ئێن دەستنیشان بکەن، هەروەک چۆن، حەکیمانە، لە بارودۆخی هاوشێوەی کورد، دەست پێشخەریتان کردووە بۆ ئەوەی دەخالەت بکات و چارەسەرێکی عادیلانە و بە ئاشتیانە بۆ دۆزی کورد بدۆزێتەوە.

ئومێدەوارم فەخامەتی بەڕێزتان رێز و سلاوم قەبول بکات.

دکتۆر ئەمیر کامەران عالی بەدرخان

ئەدرێسی کامەران بەدرخان لە هۆتێلێک لە نیویۆرک

St. Mortiz Hotel
50 Central Park South
New York, N. Y
November 18, 1968



St. Moritz Hotel
50 Central Park South
New York, N. Y.
November 18, 1968

His Excellency U Thant
Secretary-General
United Nations
New York, N. Y.

Your Excellency:

In the memorandum which I had the honor of presenting on November 15, 1968 I attracted your Excellency's attention to the dangerous situation in Iraq between the Kurds and the Baghdad Government which is a result of the Government's refusal to honor its obligations.

As it must be known to your Excellency, more than half of the Kurdish territory (an area of about 80,000 square kilometers) has been under the full control of the Kurds where there already exists a de facto autonomous administration since 1961. Consequently, this territory is under the sovereignty of the Kurds, an area into which no one, not even an Iraqi minister can enter without permission from the Kurdish authorities. This situation has lasted for seven years.

In the light of these facts, it is more than misleading for any Iraqi Government to claim that the Kurdish question is an internal affair. These facts prove that the Iraqi governments have been unable to break the will of the Kurdish people to achieve their legitimate rights in a full autonomy. The only thing that these governments have done has been to bring misery and destruction to the civilian population through their indiscriminate air attacks.

We Kurds are a peace-loving people and you your Excellency, are the man in the highest position of authority and responsibility for keeping justice and peace throughout the world. Thus in the name of the Command Council of the Kurdish Revolution and its leader His Excellency General Mustafa Barzani, I am urging your Excellency to name a United Nations mediator, as you have wisely done on other similar occasions, to intervene and settle the Kurdish question in a just and peaceful manner.

Please your Excellency accept my highest considerations.

Respectfully,

Emir Kamuran A. Bedir-Khan

Emir Dr. Kamuran A. Bedir-Khan

Fac-simile della lettera del 18 novembre 1968 con cui Bedir-Khan inoltrava alle Nazioni Unite uno dei tanti memorandum sul problema kurdo.

نامەی ئەمیر کامەران بەدرخان بۆ سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان بە زمانی ئینگلیزی
١٨ نۆڤەمبەری ١٩٦٨

# پێشمەرگە تاکتیکی دەگۆڕێت:
# لە بەرگریەوە بۆ پەلاماردان

حکومەتی نوێی کوردی رەزامەندی دەربڕی تاکو سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگە (مەکتەبی عەسکەری، و) پرۆژەی نوێ داڕێژن، ٥ بەتالیۆنی نوێیان دانا، ژمارەیەک دەستەی هێرشبەر، بە ناوی "خەبات" دروستکرد کە ئەرکیان ئەنجامدانی عەمەلیاتی گرنگ و پڕ مەترسی بوو، بۆ ئەوەی هێرش بکەنە شوێنە گرنگ و هەستیارەکانی ژێردەسەلاتی بەغدا. ئامر لیوایەک و ٧٠ ئەفسەری کورد سوپای بەغدایان جێهێشتبوو و چوبوونە ناو هێزی پێشمەرگە و رۆلی کاریگەریان لەو ریفۆرم و نوێکردنەوەی هێزە کوردیەکان هەبوو و بیرو باوەڕێکی پتەوەیان بە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە هەبوو. ئەوانە شۆڕشێکی نەفسی و تاکتیکیان لە شەڕی پێشمەرگانە هێنایە کایەوە، بەسە شەڕی چاوەڕانکردنی دوژمن و بەرگریکردن، بەلکو پێویستە هێرش و پەلاماردان لە قولایی دەسەلاتی دوژمن دەست پێ بکرێت. ئەوەش سۆرپڕایزێکی خراپی بۆ سەر هێزەکانی عێراق هەبوو، کە لە دواوە پەلاماردەدرێن وەک چۆن لە ناوچەی خانەقین و هەلبەجە و رێگای سەرەکی نێوان بەغدا و ئێران روویدا.

ئۆپێڕاسیۆنەکانی سەربازی عێراق، بە پێچەوانەی پێشبینیە سەرەتاییەکانی عەبدول سەلام عارف، هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نە هێنا سەرەڕای هاوکاری و بەشداری لەشکری سوریا، کە چ لە رووی چەک و چ لە رووی

ڕاهێنـان، لە هـی بەغـدا باشـتر بـوون[٣٢]. بەغـدا لەو هێرشـە "ئۆپێڕاسـیۆنی قەلاچـۆکردن" باشـترین هێزەکـانی خـۆی، بە دەبـابە، مـودەرەعە، تـۆپی درێـژ هاوێژ و فڕۆکە جەنگیەکان، بەکـار هێنـا. لە ئەنجـام سـەدان گونـد خـاپورکران، دارسـتانەکان سـوتێنران، مەڕو مـالات و بەروبـوومە کشـتوکالیەکان لەنـاو چوون. هەمووی بێسود بوو، پێشمەرگە مەعنەویاتی زۆر بەرز بوو، بە گـورج و گۆلی و چاپوکی دەستیان لە سوپای عێراق دەوەشاند و دەگەڕانەوە سـەر چیـا سەرکەشـەکانی کوردسـتان و هـیچ سـەربازیکی بەغـدا غیرەتـی ئەوەی نەبوو پێ بخاتە ئەو شوێنانە، دەبابەکانی حکومەت هیچیان پێ نەدەکرا. لەم چیایانە، هەموو ئێواران، پێشمەرگەکان دەستیان بە گۆرانی و سرود دەکرد، لە خـوار چیاکـان و دەشـتاییەکانیش، عەسـکەرەکان، شـەوانە خەویـان لێنەدەکەوت و چاوەڕانی ڕۆژەکی نوێی شـەڕکردنیان دەکرد، بە تێپەڕبوونی کـات قەناعەتیـان کەمتـر دەبـوو و باوەڕیـان بەو شـەڕە کەم دەبـووەوە. لەم شـەڕە لایەنێـک ورەی بەرز بـوو و بـاوەڕی بە ڕەوایەتـی و پرنسـیپەکانی هەبوو، ئەو لایەنەش کوردەکان بوون.

عەبدول سەلام عارف زڵڵەیەکیتری پێکەوت، هەوالی ئەوە بلاوبووەوە کە شێخ مەحمود ئاغا زێباری، سەرۆکی عەشیرەتی زێباری، عەشیرەتێکی بەهێز، کە لە کۆنەوە نەیاری بارزانیەکانن، بەرەو تورکیا رایکردبوو و، لایەنگرەکانیش، زیـاتر لە ترسـان نەک بە ئـارەزو، چووبـوونە ریـزی پێشـمەرگە. ئەم روداوە دڵەڕاوکێی لە ئەنقەرە بلاوکردەوە. وەک لە پێشـەوە ئاماژەمـان پێکرد تورکیـا دان بە بوونی کوردان نانێت، لە ڕێگەی سیاسەتی سەرکوتکردن و تەتریک – ئەسیمیلیاسـیۆن بە "تـورکی شـاخ"ی ناویـان دەبەن بەلام دەزانـن کێشـەکە چارەسـەر نەکراوە. لەبەر ئەوە حکومەتی تورکیا زۆر بە وریـایی تەماشـا و

[٣٢] ئەوکات سوریا لەشکرێکی بە ناوی "یەرموک" کە لە ٣٠٠٠ سەرباز پێک هاتبوو، رەوانەی عێراق کردبوو، و.

چاودێری رووداوەکانی سەر سنور دەکات بۆ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێک کاریگەری لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە نەکەن.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو هەلوێستەی زێباریەکان پێشینەیەکیتری هەیە. لە نیسانی ١٩٦٣ کوردەکانی لەندەن هەوالی ئەوەیان بلاوکردەوە کە لە ناو عەشیرەتی بارزانیەکان ناکۆکی توونـد هەیە، باسی ئەوە دەکرا کە سەرکردەی – لیجێنداری ئەفسانەی کورد پالپشتی هەندێ عەشیرەتی کوردی لەدەستداوە. دەنگۆیەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە سەرۆکی عەشیرەتی زێباری و خۆشناو ئامۆژگاری لایەنگرەکانیان کردبوو کە پێشنیارەکانی حکومەت، بە پۆزەتیڤ، لەبەرچاو بگرن و چاوەڕانی ئەوە بکەن ئاخۆ بەغدا بەلێنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان، جێبەجێ دەکات.

ئەم هەلوێستە، "چاوەڕوان بکەین"، پێچەوانەی بۆچوونی بارزانی بوو کە پێی وابوو هەر بەلێنێکی نەزۆکی ئۆتۆنۆمی تەنها بۆ تەجمید کردنە نەک بۆ چارەسەرکردن. ئەوکات حکومەتی بەغدا پەیوەندی بە سەرۆک عەشیرەتەکانی زێباری و خۆشناو کردبوو و بەلێنیشی پێدابوون. ململانێی کۆنی عەشائیری، حەسادەت و نەریت و تڕادیسیۆنەکان یارمەتی ئەو کۆنتاکتە ژێر بەژێرانەیان دابوو.

بێجگە لەوانەش رووداوێکیتر هاتە ئاراوە کە بارزانی دەخستە بارێکی دژوار، ٦ کەس لە نزیکەکانی بارزانی سەردانی مۆسکۆیان کرد و داوای کۆمەکی زیاتری چەک و کەرەسەی سەربازیان کردبوو. بەلام ئەوکات یەکێتی سۆڤیەت لە هەولی سیاسەتێکی هاوسەنگی بوو لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوە کۆشکی کریملین پێشوازیان لە داواکاریەکانی کوردان نەکرد. شاندە کوردیەکە بە دلشکاوی مۆسکۆیان بەجێ هێشت، بڕیاریاندا واز لە جولانەوەی کوردی بهێنن، نازانین لە مۆسکۆ قەناعەتیان پێکرابوو یان نا؟ ٢

لەوانە گەڕانەوە بەغدا و وەک هاولاتی سادە دانیشتن، ئەوانیتریش رویان لە ئەوروپا کرد و داوای پەناهەندەییان کرد[٣٣].

دوای ئەو روداوە، یەکسەر، مەحمود زێباری کە رایکردبوو و داوای دەخالەتی لە تورکیا کردبوو و وازی لە خەبات هێنا بەلام لایەنگرەکانی چونە پال عەشیرەتەکەی بارزانی، ئەوەش هەندێ گرفتی بۆ مستەفا بارزانی دروستکرد، ئەو چەکدارە نوێیانە مەترسیان دروست کرد، بۆ بارزانی نە ئاسان بوو کۆنترۆلیان بکات و نە بیانخاتە ناو ریزەکانی پێشمەرگە، ترسی ئەوەی هەبوو جۆرە حەسادەتیەک بتەقێتەوە.

بارزانی قسەکانی عەلی ئەل سەعدی لە بیر نەکردبوو کە گووتوبووی "دەتوانم ئەوەش بلێم، بەبێ موشکیلە، ئێمە سودمان لە قۆناغی ئاگر بەسی و دانوستان وەرگرت بۆ ئەوەی قەناعەت بە خێلە نە یارەکانی بارزانی بکەین و بدەنە پال حکومەت، باشیش دەزانین هاریکاری و کۆمەکی ئەوان زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوەیە".

لە لایەک بارزانی گومانی ئەوەی هەبوو کە هاتنی زێباریەکان بۆ رێزی پێشمەرگە بە پلان و پیلانی بەغدا بێت و لە لایەکیتریش حکومەتی عارف ترسی ئەوەی هەبوو کە زێباریەکان، دوژنمی دوێنێ و دۆستی ئەمرۆی بارزانی، کاریگەری و هەیبەت و کاریزمای "شێخی سۆر" بە راستی، بیانکاتە لایەنگری جولانەوەکە و بە دلسۆزی و حەماسەوە شەڕی بۆ بکەن. لێرە عەبدول سەلام کەوتە دوو دڵی، پارەیەکی زۆری بەسەر عەشیرەتەکان دابەشکردبوو، ترسی ئەوەی لێنیشت کە بەو پارەیە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کۆمەکی جولانەوەکەی بارزانی کردبێت.

---

[٣٣] ئێمە هیچ زانیاریەکمان سەبارەت بە پێکهاتە و داواکاری ئەو شاندە نیە، و.

جولانەوەی کورد لە عێراق بووبووە هۆی بلاو بوونەوەی جموجۆلی و دەنگۆ لە ناو کوردەکانی تورکیا، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی حکومەتی ئەنقەرە هەموو رێگەیەک بگرێتە بەر تاکو هەستی نەتەوەیی، بە هیج شێوەیەک، گەشە نەکات، بە تایبەتی دوای کودەتاکەی جەنەڕال جەمال گورسێل لە ٢٧ مایسی ١٩٦٠. گورسێل لە ٢٤ ئۆکتۆبەری هەمان سال، لە شاری دیاربەکر، پایتەختی کوردستانی تورکیا، وتارێکی زۆر توند و پڕ هێرشی پێشکەشکرد و تیایا ووتی "بۆ هەتا هەتایا دەبێ ئەوە ئاشکرا و روون بێت، لێرە گەلی کورد وجودی نیە!. ئێوە هەمووتان تورکن و بەسە و بڕایەوە!".

دوای یەک مانگ گورسێل هەڕەشەکەی دوبارە کردەوەو هۆشداری – ئۆلتیماتوم دا و ووتی "ئەگەر ئەم تورکە شاخاویانە لەسەر مال و حالی خۆیان، بە عاقلانە دانەنیشن، سوپا دوو دڵی ناکات لە بۆردومانکردن و وێرانکردنی گوند و شارەکانیان. حەمامێکی خوێن دروست دەکەین و هەموویان تیا غەرق دەکەین". بۆ ئەوەی گومان لەسەر نیازی حکومەتی تورکیا نەبێت یەکسەر دوای ئەو هۆشداریە ٧٠٠ ناسیونالیستی کورد، لە ناویان چەند پەرلەمەنتار، گیران و خرانە زیندانەوە و بە هەلگەڕانەوە و یاخیبوون تۆمەتبارکران. ژمارەیەک لەوانە بە تۆمەتی یاخیبوون گوناهبار کرابوون گوایە چەند کتێبێکیان، سەبارەت بە فیربوونی زمانی کوردی، بلاوکردۆتەوە!.

پاش ماوەیەک حکومەتی تورکیا دوای ئەوەی کوردەکانی، لە هەولدان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، پاشەکشە پێکرد لەسەرخۆ توندوتیژیەکانی کەمکردەوەو بۆ ماوەی ٣ سال چاوی لە چالاکیەکانی کورد پۆشی بەلام هەمیشە وەک ئێشکگر سەیری دەکردن. ئەو کرانەوەیە گەیشتە ئەو رادەیەی مۆلەت بە بلاوکردنەوەی چەند رۆژنامەو گۆڤارو کتێب، بە زمانی کوردی، بدات. ئەوە جۆرێک بوو لە ئاگر بەسێکی، تا رادەیەک، درێژخایەن، لە ژێر

کۆنترۆڵێکی توندو تیژ بەلام بە رەزامەندی و بێدەنگی هەموو لایەنەکان، وا هەست دەکرا کە ئەو جۆرە پەیوەندیە بتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بکێشێت. بەلام لەگەل هێرشەکەی بارزانی لە باکوری عێراق لە تورکیاش هاوکێشەکە کەوتە لەرزین و بلاوبوونەوەی گرژی. ئەوە هەلسانەوە و خرۆشانی کوردەکانی عێراق بوو بووە مەترسی کە ئەم کەش و هەوایە کوردەکانی تورکیاش بگرێتەوە بەلام حکومەتی ئەنقەرە کاتی نە کوشت و کەوتە خۆ. لە سەر سنوری عێراق دەستی بە هەندێ گۆڕانکاری ریشەییکرد، بلاوکراوە کوردیەکان راگیران و داخران، لە هەموو گوندو شارە کوردیەکان کۆنترۆلی سیاسی و عەسکەری زیادکرد. هەرچەندە ئەنقەرە، لە رووی جەوهەری، جیاوازی زۆری لەگەل بەغدا هەبوو بەلام ئەمجارەش، بۆ ئەوەی رێگە لەوە بگرێت کە راپەرینی کوردەکانی عێراق نەپەڕێتەوە تورکیا، هاوپەیمانی حکومەتی عێراق بوو. ئەنقەرە دەیزانی و باشیش دەزانن کە مەسەلەی کورد لە تورکیا لە ژێر کۆنترۆلدایە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە لە تورکیا مستەفا بارزانیەکیتر نیە سەرکردایەتی ناسیۆنالیزمی کەمینەی کورد بکات.

لەو کاتەی لەشکری تورک، لەسەر سنوری عێراق، خەریکی خۆ قایمکردن و رێگە و بانەکانی هات و چۆی سەر شاخەکانیان دادەخست سوپای بەغدا لە شەڕێکی دژواردا بوو، هەر چەندی دەیکرد نەیدەتوانی بە "ئامانجەکان"ی بگات کە لە مانگی ئاب زۆر بە لە خۆ بایبوونەوە بانگەشەی بۆ دەکرد. عەلی سالح ئەل سەعدی، زۆر بە سەرسوڕمان، هۆیەکانی سەرنەکەوتنی یەکجاری دەخستە ئەستۆی فڕۆکەوانەکان و دەیگوت "فڕۆکەوانە عێراقیەکان لەبەر ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت دەرسیان خوێندووە و راهێنانیان کردووە کۆدەکانی پەیوەندیکردنیان بە زمانی رووسیە ..... جەماعەتی بارزانی رادیۆ و جیهازی پەیوەندیان هەیە و زمانی روسی بەکار دێنن و تەشویشیان خستۆتە سەر فرۆکەکان و جفرەکانیان کردۆتەوە و سەریان لە فڕۆکەوانەکان

تێکداوە". ئەو سەر لێشاوییە نموونەیەکی باوەڕپێنەکراوە لە تیۆری "زیان بەخۆ گەیاندن Self-harm".

لە راستی بە هۆی تەشویشی رادیۆی کوردەکان، زیاد لە جارێک، فڕۆکەکانی بەغدا بۆردومانی لەشکری خۆیان کردووە. عەلی سالح ئەلسەعدی ئاماژەی بەوەشکرد کە رادیۆیەکی کوردی، بە زمانی روسی، تەشویشی خستبووە سەر جیهازی پەیوەندیکردن و جفرەکانی سوپای پیادە و زرێپۆشەکانیان کردبووەوە و "پێشبینی ئەوئەنجامانەشمان نەکردبوو". بۆ نموونە دوو لیوای هەرە پێشەوە فەرمانیان بەدەست گەیشتبوو کە بگەڕێنەوە دواوە ئەوە لە کاتێک بوو هیچ فەرمانی لەمشێوەیە دەرنەکرابوو. ئەلسەعدی خۆی پێ نەگیرا و ئەوەشی درکاند کە کوردەکان، بە رێگەی سیحراوی، چەکی مۆدێرنی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەمریکی و روسیان بەدەست گەیشتووە، لەوانە ژمارەیەک تۆپ کە خەویان لە سوپای عێراق حەرام کردبوو. هەروەها وا دیاربوو کە کوردەکا ن عیتادێکی، بێ هەژماریان، لە گوللە تۆپ و تفەنگ بەدەست گەیشتووە.

ئەو چەکانە چۆن گەیشتوونە ناو ئەو شاخە حاسێیانە؟ کێ هێنابووی؟ کێ پارەکەی داوە؟ ئەوە مەتەلەکە بوو، حکومەتی بەغدا، بە فەرمی، تۆمەتەکەی دەخستە سەر هەوالگری ئیمپریالیستەکان.

لە حوزەیرانی ١٩٦٣، نوێنەرێکی بارزانی لە پاریس، ئاماری پێکدادانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراق بلاوکردەوەو ئاماژەی بەوە کرد کە نیشتمانپەروەرانی کورد ٣ فرۆکەی عیراقی و ١ سوریان، لە ناوچەی بامەڕنێ، ١ لە دەربەندی بازیان، خستۆتە خوارەوە. لەم ٢ هەفتەیەی دوایی شەڕە قورسەکان لە کەرکوک، سلێمانی، سەلاحەددین، زاخۆ و سپیلک روویانداوە، لە ئەنجام سوپای بەغدا زیانێکی زۆری بەرکەوتووە: "١٣٤٠ بریندار، ٧٢٠ دیل، ٢٠ زرێپۆش تێکشکێندراوون، ١٦٤ دۆشکە و ١٠٠ تفەنگ و

٨٠ سەمینۆف کەوتوونەتە دەست پێشمەرگە. زیانەکانی پێشمەرگەش بریتیە لە: ١٣٤ شەهید، ٢٧٣ بریندار".

جێگەی سەرنجە کوردەکان، بە ئەنقەست، ژمارەی کوژراوەکانی لەشکری بەغدایان رانەگەیاند بوو بەلام ئاماژەیان بەوە کردبوو کە"فرۆکەکانی عێراق ١٦٧ گوندیان، لە ناوچەکانی گەلی عەلی بەگ، هەریر، شێخان، زاویتە، مانگێش و بیارە وێرانکردووە و، قوربانیەکانیش ٦٣٤ کوژراو، ١٣٠٩ بریندار، لە ناویان ١٣٧ مندالی ژێر سێ سالی" هەیە.

ئەم بەیاننامەیە لە نێوان لێلی لێکدانەوەو هەلسەنگاندنی بێدەنگی رای گشتی شتێکی گرنگ هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت، ئەویش بەشداری سوریایە لە هێرش بۆسەر کوردەکان. پێویستە ئەوە دەستنیشان بکەیەن کە سوریا، جگە لە عێراق و ئێران و تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت، یەکێکە لەو ٥ ولاتەی "کوردستانی گەورە"یان بەسەر دابەشکراوە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە باسی کەسایەتیەکیتر بکەین، ئەویش جەلال تالەبانیە، جەنگاوەرێکی رەسەنە، کەسێکی کولتوریە، بە حەماسەوە، لە رادەبەدەر، پالپشتی لە بارزانی کردووە، ئەوکاتەی وەزیری بەرگری بەغدا، سالح مەهدی عەماش "وەزیری سەرکەوتن"، لە کاتی کۆنفرانسە رۆژنامەوانیە بێ سەرو بەرەکە ووتی "ئێمە بە تورک و ئێرانیەکانمان گوتووە ئەگەر رێگە بدەن بارزانی لە ناوەوەی سنورەکانی ئێوە خۆی حەشار بدات ئەوە مایەی شەرمەزاریە بۆ ئێوە". ئا لەم کات و لەو رۆژانە تالەبانی لە پاریس بەدیار دەکەوت و ئاماژەی بەوە دەدا کە "هێرشەکەی عێراق هەولێکی بێ هیوایە و شکست دەهێنێ، تەنانەت زۆر لە برا عەرەبەکانمان هاتوونە رێزی شۆڕشەوە".

باشە بۆ ئەو هەموو عەرەبە چووینە لای کوردەکان؟ وا هەست دەکەی جێگای بڕوا نەبێت، کەچی راست بوو، نەک لەبەر ئەوەی حیزبی بەعسی لە

دەسەلات بە دوای پاساوێک دەگەڕا تا ئەو ڕێکەوتنە سێ قۆلیەی قاهیرە، لە ١٧ نیسـان واژۆکرابـوو، جێبەجـێ نەکـات بەلکـو لەبەر ئەوەبـوو کە هێـزی پێشـمەرگە ئەوکـاتە تـاکە هیـوا بـوو کە بتـوانێ ڕێگە لە ڕژێمێکی دیکتـاتۆری خوێنڕێژ بگرێت. لەوانەیە تالەبانی نـاحەقی نەبووە کە دڵنیـایی ئەوەی دەدا کە "لە کاتی پەیوەندیەکانمان لەگەل جەمال عەبدول ناسر، پاش ئەوەی داواکاری و داخوازیەکانمان بۆ روونکردەوە کە بریتیبوون لە "ڕژێمێکی دیمـوکراتی بۆ عێراق و مافی چارەی خۆ نووسین بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆمـاری عێراقـی یەکگرتـوو، هەسـتمان بە تێگەیشـتن و پالپشـتی سـەرۆک ناسـر بـۆ مەسەلەی کورد کرد". ئەوکات قاهیرە جەمسەرێک بوو هەموو دونیای عەرەب تێی دەڕوانـی و پێشـبڕکێ بەغدای دەکـرد، ئەوەش ڕۆلـی کـاریگەری لەسـەر سـتراتیژی ناسـر هەبـوو، نەک تەنهـا لەسـەر ئاسـتی دونیـای ئیسـلامی بەلکـو سـەبارەت بە پەیوەنـدیەکانی لەگەل ڕۆژئـاوا و یەکێتـی سـۆڤیەت. لەوانەیە لێکدانەوەکانی تالەبانی راست بن و ئەویش لەسەر حەق بێت. هەرچەندە زۆر گومانی رەوا دەمێنێتەوە سەبارەت بە یاریکردن بە "مافی چـارەی خۆنووسـین لە چوارچێـوەی کۆمـاری عێڕاقـی یەکگرتـوو" و لەگەل خەونـی لە مێـژینەی "دەولەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان"، خەونێـک قوربـانی زۆری بـۆ دراوە و ئـاوابوونی بـۆ نـیە. ئەوەش ئامـاژەیەکیترە بـۆ ئەوەی تێبگەین بـۆچی ئەو ٤ هەفـتەیەی، لە تەمـوزی ١٩٦٤، بەغـدا داینـابوو بـۆ سـەرکەوتن و لەنـابردنی ڕاپەرینی کوردەکان ٨ مانگی دوورو درێژی بەسـەر تێپەڕی. چیان بەدەست هێنا؟ ڕێکەوتنـی ١٠ شـوباتی ١٩٦٤ بـۆ "ئـاگر بەس"ی کـاتی بـوو، بـۆ دوورینـی ڕێکەوتنێکی نـوێ، نوانـدنی کۆمێدیایە، پشـودان و هەناسـە وەرگرتنە یـان خـۆ ڕێکخستنەوەو لە نوێ دەستپێکردنەوەی شەڕە.

# ئیسرائیلیەکان دێنە مەیدان

لە تەک ئۆپێراسیۆنە سەربازیەکانی کوردستان چەند دەستپێشخەریەکی سیاسی سەریان دەردەهێنا و، هەموو چاویان بڕیبووە سامانی نەوتی و گرنگی ستراتیژی ناوچەکە. لەو گەمە ئالۆزە دۆستەکانی دوێنێ دەبوونە دوژمنی سبەینێ، رێکەوتنی زۆر سەیر لە نێو گروپە جیهانیەکان دەبەستران، ئەوەتە لە ناکاو ئیسرائیلیەکان خۆیان دەخزێننە ناو گەمەکان.

هەندێ ناوەند و کۆمەلەی ئیسرائیلی کە گرنگیان بە مەسەلەی کورد دەدا و، هەموو لایەکیان شۆک کرد، لە ئابی ١٩٦٣ لە تەل ئەبیب "کۆمیتەی بەرگری لە گەلی کورد"یان دروستکرد و نوێنەری ژمارەیەک پارتی سیاسی تیایا بەشداربوون. ئوری ئەڤنێری Uri Avnery، یەکێک بوو لە سەرکردەکانی "بەرەی سامیەکان - جولەکە"، بزوتنەوەیەک بوو کە پێشنیاری ئەوەی دەکرد ئیسرائیل ببێتە بەشێک لە فیدراسیۆنێکی گەورەی ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا. ئەڤنێری ئەوەشی روونەدەکردەوە کە ئامانجی کۆمیتەکەیان بریتیە لە پالپشتیکردن لە دروستبوونی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کوردی لە ناو جیهانی عەرەبی.

ئەڤنێری هەولی زۆریدا بۆ ئەوەی بانگەوازەکەی، تەنها، رەگ و روخساری کەسێتی وەرنەگرێت، لەبەرە ئەوە داوای زۆری لە حکومەتی ولاتەکەی کرد بۆ ئەوەی هەموو هەولێک بخاتە گەر، بە تایبەتی لەگەل تورکیا و ئیران، بۆ ئەوەی جۆرە بەرەیەک دروست بکەن و، لە نەتەوە یەکگرتوەکانیش داکۆکی لە داواکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان بکەن. لە روانگەی هەست و

سۆز هەندێ لەو کەسانەی خەو دەبینن، داواکەی ئەڤنێریان، بە پێشنیارێکی دڵفڕێن لە قەلەمدا و پێیان وابوو هاوپەیمانیەکی نەوتی و ئۆتۆپیست لە نێوان کورد و ئیسرائیل دەبێتە فاکتێکی نوێی مێژوویی و روخساری هەموو رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت.

لە بەغداش ئەو جۆرە تەدەخولکردنانەی ئیسرائیل بووبوونە هۆی تورەبوون و نیگەرانیەکی لە رادەبەدەر و، بۆ کۆکردنەوەو جۆشدانی جەماوەر بەکار دەهاتن و دانیان بەوەدەنا کە شالاوی هێرشەکان بۆ سەر کوردەکان نە زوو کۆتایی دێت و نە سەرکەوتنیش ئاسانە، تۆمەت و گوناهەکانیشیان دەخستە ئەستۆی "تێکدەرە نێودەولەتیەکانی سەر بە زایۆنیزم". ئەو تۆمەتانەش زیانێکی زۆریان بە جولەکەکانی عێراق، بە تایبەتی هی بەغدا، گەیاند. لە راستی عەبدول سەلام رۆژ بە رۆژ زیاتر، لە راوێژکارو هاوکارە سەربازیەکانی، سەبارەت بە ئۆپێراسیۆنەکانی باکور، تورە دەبوو. عارف بە کەڵلە رەقانە دووپاتی دەکردەوە کە تەنها ئۆپێراسیۆنەکی پۆلیسیە. بۆیە ناچار بوو چاو بەو پلانەی "سەرکەوتنی یەکجارەکی" بخشێنێتەوە و بیری لە جۆرە دانوستانێک، بۆ ئەو ململانێ پڕ ماندوو بوون و هیلاکیە، بکاتەوە، لەبەر ئەوە بیرۆکەیەکی کەوتبووە مێشکی کە چۆن تەلەیەک دابنێتەوەو بە یەکجاری لە دەست "مەلای سۆر" رزگاری بێت.

عەبدول سەلام دەستی بە ئازادکردن و گێڕانەوەی مولک و مالی ژمارەیەک کەسایەتی کوردکرد و، چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد مستەفا بارزانی تەقدیری ئەو "نیاز پاکی"ە بگرێت بەلام ئەو وەک پێشمەرگەیەکی دێرین و حەکیمانە تەماشای بارودۆخەکەی دەکرد. بارزانی شاندێکی لە کەسە نزیک و باوەڕپێکراوەکانی خۆی رەوانەی سلێمانی کرد بۆ ئەوەی چاویان بە نوێنەرانی بەغدا بکەوێت کە پێک هاتبوون لە وەزیری بەرگری، سالح مەهدی عەماش، ئەو وەزیرەی بە "وەرزیری سەرکەوتن" ناسرابوو بەلام تاکو ئێستا

ئەو سەرکەوتنەی بەدەست نە هێناوەو لەگەڵ وەزیری ناوخۆ،حازم جەواد. بارزانی فەرمانی بە نوێنەرەکانی کردبوو هیچ ڕێکەوتنێک مۆر نەکەن و خۆیان بخافرێنن بۆ ئەوەی بزانن نیەتی بەغدا چیە و هەنگاوی ئایندەی چی دەبێت. حکومەتی بەغدا، بە ئاشکرا دیار بوو، تووشی کۆمەڵێک گرفت و چەڵەمە بوو بوو، عەبدول سەلام هیچ نیازێکی نەبوو لەگەڵ کوردەکان، بە ئاشتیانە، بگەوێتە ڕێکەوتن بەڵکو هەموو هەولی ئەوەبوو بە چ ڕێگە و وەسیلەیەک کۆتایی بە جولانەوەی کورد بهێنێ، بە تایبەتی لە ناوبردنی، فیزیکی، سەرکردەکەیان. لەبەر ئەوە بارزانی چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد بزانێ گەمە و پلانی ئایندەی دوژمنەکەی چیە.
ئەو کاتەی عارف لە سەرەتای ئەیلولی ١٩٦٣ سەردانی دیمەشقی کرد و چەند ڕێکەوتنی سەربازی مۆرکرد، نیاز و پلانەکانی بە ئاشکرا بە دیار کەوتن. بەغدا و دیمەشق "پەیمانی هاریکاری سەربازی"یان مۆر کرد و بە پێی ئەو ڕێکەوتنە سوپای سوریا رایگەیاند کە بە تەواوی لەخزمەتی سوپای عێراق دایە و ئامادەی هەموو جۆرە هاریکاری و هاوکاریەکە. "شێخی سۆر" ئەو جارەش، حەکیمانە، لەسەر حەق بوو کە باوەڕ بە قسەو بەڵێنی عارف نەکات و جارێکیتریش ژیانی خۆی رزگار بکات، تەڵەی حکومەتی بەغدا کەسی پێوە نەبوو، شاندە کوردیەکەش سلێمانیان بەجێهێشتوو و جارێکیتر نەگەڕانەوە.
لێرەدا عارف، پاش ئەوەی لە کۆمەکی سۆڤیەت بێ هیوا بوو کە هەناردەی چەک و تفاقی شەڕی بۆ عێراق راگرتبوو و، لە لایەکیتریش "گەمەی موخابەراتی ئیسرائیل" ئەگەری ئەوەی هەبوو کە دەرگای ئەمریکی بەسەر نەیارەکەی، مەلای سۆر، بکاتەوە، لەبەرە ئەوە ناچار بوو هانا بۆ جەمال عەبدول ناسر، ئەو پیاوەی بووبووە سیمبولی هەموو خەبات و چالاکیەکانی، ببات. قسەکانی عارف راستەوخۆ و ئاشکرابوون، هەلوێستی دژ بە کۆمونیستەکانی عێراق بوو بووە هۆی لاوازبوون و ساردبوونەوەی

پەیوەندیەکانی لەگەل مۆسکۆ. لەبەرە ئەوە چاوەڕوانی دەکرد ناسر، لە پێناوی کەیسی هاوبەشی نەتەوەی عەرەب، یارمەتی بدات، عارف پێویستی بە چەک و کەرەسەی شەڕ هەبوو بۆ ئەوەی بتوانێ درێژە بە ئۆپێراسیۆنە سەربازیەکانی لە دژی کورد بدات، بە بێ ئەو کۆمەکە ناچار دەبوو ئۆپێراسیۆنەکان راگرێت و ئەوەش زیانێکی گەورەی بە حکومەتی عێراق دەگەیاند.

ناسر زۆر بە وردی گوێی لە قسەکان گرت و وای پیشاندا کە لە گرفتە گەورەکەی عارف دەگات و، بە زمانێکی دۆستانە وەلامی دایەوە و وتی "وەک برایەک تەماشات دەکەم" بەلام لەسەر مەسەلەی چەک هیچ بەلێنی پێ نەدا کەچی کۆمەلێ "ئامۆژگاری ئیدیۆلۆجی" کرد بۆ ئەوەی "سۆسیالیزم لە نیشتمانی عەرەبی" پێگەی بچەسپێ و بەهێز بێت. ئەوە بوو عارف، دوای ئەو دیدارە لەگەل ناسر، بە پڕۆژەو دونیابینیەکیتر گەڕایەوە. عارف، سەبارەت بە سۆسیالیزم لە نیشتمانی عەرەبی، هەڕەی لەمەڕەی دەرنەدەکرد، یەک تفەنگی، بۆ سەربازە بەدەبەختەکان، لەگەل خۆی نەهینایەوە. ناسر نەیتوانی عارف تێبگەینی کە مسر، سەبارەت بە چەک، وەک ناوکە پەتک، بە سۆڤیەت بەستراوەتەوە و، نەیدەتوانی یارمەتی "براکەی" بدات و پەیوەندیەکانی خۆی، لەگەل شورەی، بخاتە مەترسیەوە.

کەش و هەوای مانگی ئەیلولی مێزۆپۆتامیا تا بلێی خەمگین بوو، بەغدا سیمایەکی رەشی پۆشی بوو، لە چایخانەو چێشتخانە و ناو بازاڕ و قەیسەریەکان بۆن و برینگی ناخۆش دەهات، خەلکی گوێی لە نەشیدی نیشتمانی و عەسکەری، بە دەنگی بەرز، رادەگرت و لە تام دەرچوو بوو و لێی بیزار بوون. هەموو خەلکەکە بە چاوی گومان تەماشای یەکتریان دەکرد، پرسیارەکی سادەت بکردایە وەلامیان نەدەدایەوە، هەموو چاوەڕوانی شتێکی خراپیان دەکرد بەلام نەیاندەزانی چیە یان نەیاندەدرکاند. کەشێکی قورس،

هەموو خۆی تەسلیمی قەدەر، لە نێوان ئیستا و هیوا، کردبوو. هیوا بە کێ؟ بە چی و کام ئایندە؟ هەلومەرجێکی نەفسی پڕ مەترسی بوو بۆ رژێمی عارف. لەم ناوە هەر کاتەک گرۆجۆشی جەماوەر، بۆ پالپشتی لە دەسەلات، لە شەقام نەبینرێ ئەوە نیشانەی بەدبەختی حوکمڕانانە، ئەوەش سەرەتایەکی مەترسیدارە، کۆدەکان بە ئاسانی ناخوێندرێنەوە بەلام بە دلنیایەوە نیشانەی قەیرانێکی قولە. جۆش و خرۆشی جەماوەر و هاتنە سەرشەقام ئۆکسیجینی دەسەلاتە، لەلایەک هەرەشە لەو کەس و لایەنانە دەکرێت کە بە نهێنی نیازی گەرانەوەو سەرکەوتنیان هەیە، لە روانگەیەکیتریش وەک تەرمۆمەتر وایە بۆ ئەوەی دلسۆزی و وەلائی جەماوەر بۆ رژێم پیشان بدات.

عارف قەناعەتی بەوە هینابوو کە دەبوایە شتێک بکات، ئەوەی نیگەرانی دەکرد ئەو تورەبوون و دلە راوکێیە بوو کە رۆژ بە رۆژ لە ریزەکانی حیزبی بەعس گەشەی دەکرد. ئەو زۆر قەلیق بوو بەلام هیوای بەوە هەبوو کە ململانێکانی ناو حیزبەکەی لایەک بەلایەک بکەن و، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە پارتەکەی، سەرەرای ململانێکانی نێوخۆ، ئەوە چەند سالێکە، بە مستێکی پۆلایین، حوکمی هەموو عێراق دەکات. عارف خەریکی پلاندانان بوو بۆ ئەوەی چۆن لەو قەیرانە دەرچێت. پەنجەرەی ئۆفیسەکەی، هەموو شەو، روناک دیاربوو. ئەفسەرەکی بەستەزمان، بە ناوی سەلاحەدین کە گروپەک سەربازی، لە وەزارەتی بەرگری، لەبەردەستدا بوو، شەوێک، بەرامبەر پەنجەرەی عارف، سەری هەلدەبڕی و دەلێ " ئای خوایە ئەو عەبدەی ئیسلام چەند لۆ عێراق کاردەکات!". لەسەر ئەو قسەیە رەوانەی ژورە ئینفرادیەکانی زیندانی وەزارەتەکەیانکرد. لەو شەونخونی و هیلاکیە عارف بیرۆکەیەکی زیرەکانەی بۆ هات، رۆژی ١٦ مانگ بە مەراسیمێکی پرۆپاگەندە، کە عارف لێی مامۆستا بوو، رایگەیاند کە "دوا سەنگەری کوردە یاخیبووەکان، بە تەواوی، دەستی بەسەر داگیرا". درۆیەکی زۆر هەژار بوو، کەس باوەڕی پێ

نەکرد، تەنانەت لەناو ئەو گەنجانەی بە دەست لەپشتدانێک خۆیان بەکوشت دەدا هیچ کاریگەری دروست نەکرد و کەسیش نەهاتە سەر جادە وەک جارانی پێشوو بە خۆپیشاندان و سرودی نیشتمانی خۆشحالی دەربڕێ، کەس ئالای عێراقی لە شەقام و لەسەر بالەخانەکان بەرز نەکردەوە، کەس مەسیرەی سەرکەوتنی رێک نەخست. ئەو هەموو مۆسیقا و سرودە نیشتمانیانەی لە رادیۆی بەغدا پەخش دەکران، لەگەل وتاری رۆژنامەکانی حکومەت، قەناعەتیان بە یەک کەسیش نەهێنا.

ئەگەر لە شەقامەکان، ناوە ناوە، گروپەکی بچوک یان قەلەبالغیەک دروست دەبوو ئەوە خەلکی ئاسایی بوون لە دەوری جوندیەکی پەڕپوت و ماندوو کۆ دەبوونەوە کە تازە لە بەرەکانی شەڕی پێشمەرگە گەڕابووەوە. ئەو سەربازانەی لە بەرەکانی شەڕ دەگەڕانەوە حیکایەت و بەسەرهاتی وایان دەگێڕایەوە کە تەواو پێچەوانەی پەیامنێری رۆژنامە و رادیۆ و تەلەڤزیۆنی حکومی بوون. ئەو سەربازانەی، لە بەرەکانی شەڕ، دەگەرانەوە بریندار، نەخۆش یان نەقلکرابوون حیکایەتی ئەوەیان دەگێڕایەوە کە کوردە یاخیبووەکان وەک هەورو سێبەر دەهاتن و پەلاماریان دەدا و بزر دەبوون، نەدەکەوتنە بەردەست و شوێن پێشیان بەجێ نەدەهێشت و، خۆیان لەگەل ژینگەو سروشتەکە تێکەلاو کردیە.

عارف، رۆژ بە رۆژ، هەستی زۆرتری بە بوونی هەڕەشە دەکرد کە لە هەناوی کۆمەلگا، وەک کۆرپەلەیەک گەشەی دەکرد، لەوە دەترسا کۆمونیست و کوردو نەیارەکانی، لە ناو حیزبی بەعس، بەرژوەندی هاوبەش کۆیان بکاتەوە وئیتیلافێک دروست بکەن. بۆیە بڕیاریدا دەستپێشخەریەک بکات و بەرە لە ژێر پێی نەیارەکانی دەربێنێ. لەگەل کوەیت، سەبارەت بە مەسەلەی سنور، گەیشتە رێکەوتن، هەندێ کەسیش دەلێن عارف لە داواکاریەکانی سەردەمی قاسم، پەشیمان بۆتەوە. لە بریتی ئەو رێکەوتنە کوەیت ٣٠ ملیۆن

لیـرەی ئوسـتەرلینی، بە قەرز، بە عێراقـدا. لەگەڵ دیمەشـقیش ڕێکەوتنێکـی ئـابوری مـۆرکرد و، سـودی زۆری، لە رووی بازرگـانی و کشـتوکاڵ و پیشەسازی بە عێراق گەیاند. هەروەهـا عـارف "گەرەنتـی" لە حیزبـی بەعسـی سوریا، کە لە دەسەلات بوو، بەدەست هێنا کە تەدەخول لە کاروبـاری عێراق و حیـزبەکەی نەکـات. عـارف بەوە رانەوەسـتا، گەیشـتە ئەو قەنـاعەتەی کە پێویستە هەندێ دەستکاری لە ناوەوەی حیزبەکەی بکات، بڕیاریدا خۆی لە میلیشـــای "حەرەس قەومیەکـــان" رزگـــار بکـــات و هەڵیوەشـــاندنەوە. ئەوە میلیشیایەکی حیزبی بەعس بوو، لە لاوانی توندڕەو توندوتیز و پڕ کێشـە پێک هاتبوو.

عـارف بەمشـێوەیە، پـاش چەنـد هەفـتەیەک، لە ١٨ نـۆڤەمبەر، بەبـێ هـیچ هۆشداری و بە بێ دەنگی، تەنانەت موخـابەراتی سـوریاش کە لە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لە هەمـووان زیرەکتـر و بە توانـاترن لە لانـک نـا و، بەرپەچـی کودەتـایەکی بە پلانـی، سـەر بە بـالی تونـدڕەوی بەعـس، دایەوە و کـابینەکەی هەڵوەشـاندەوە وهەمـوو وەزیرەکـانی دورخسـتەوەو کـابینەیەکی نـوێی سەربازی پێکهێنا. پلانەکە، هەمووی، لە ماوەی چەند کاتژمێرێک هەڵگەڕاندەوە کە سـەر لە بەیـانیەکەی وا هەسـت دەکرا کە هەڕەشـیەکی کوشـەندە بێت بۆ سـەرعارف. لە بەرەبەیـانیەکە یاخیبووەکـان چەنـد گوللە تۆپێکیـان ئاراسـتەی کۆشـکی کۆمـاریکرد و چەنـد تەقە و تۆقێکیـان لە وەزارەتـی بەرگریکـرد و پاشان خۆیان بەدەستەوەدا. ئەوە، بەراستی، "سەرکەوتنێکی لە ناکـاو" بـوو، لە پڕێکا هەیبەت و شکۆی عارفی گەیاندە کەشکەلانی فەلەک.

دانیشـتوانی بەغـدا، بەیـانیەکەی، لە خەوێکـی قـوڕس بە ئاگاهـاتن، جـارێکتر "جۆش و خرۆشی جەماوەر" بەناو جادەو بازاڕەکان تەقیەوە بەلام هەر زوو بە زوو لەشکر و دەبابەکانی عـارف بەنـاو شـار بلاودەبنەوە و ئامـادەن تەقە لەو کەسـانە بـکەن کە پالپشـتی لە کودەتاچیەکـان بـکەن. سـەربازەکان، چەک

بەدەستەوە، پردەکانی سەر روباری دیجلە داگیر دەکەن و لە هەموو گۆڕەپان و بەردەرگای دامەزراوە حکومیەکان سەنگەر و رەبایە لێدەدەن. بەغدا بۆ ماوەی دوو رۆژ دەکەوێتە ژێر حوکمی عەسکەری و عارفیش، لەو ماوەیە، پلانەکەی تەواو دەکات و پۆستە بالاکان دەداتە لایەنگر و دڵسۆزەکانی خۆی، تاهیر یەحیای سەرۆک ئەرکان دەکاتە سەرۆک وەزیر، ئەحمەد حەسەن بەکر لە سەرۆک وەزیران کە سەر بە بالی میانڕەوی بەعس بوو کرایە جێگری سەرۆک کۆماری، ئەوەش بۆ ئەوە بوو تاکو دڵی حیزبی بەعسی سوریا لەخۆی نەڕەنجێنێ.
عارف پاش ئەوەی هەڕەشە گەورەکەی لەناوبرد یەکسەر بیری لە دابینکردنی سەقامگیریەکی دوور مەودا کردەوە، دامەزراوەکانی پۆلیسی بەهێز کرد و هەموو پارتە سیاسیەکانی یاساخکرد. رادیۆی بەغدا، رۆژانە، گۆرانی و نەشیدی وەتەنی لێدەدا و لەم رێگەیەوە هاولاتیانی بەگڕوجۆش دەخست و داوای لێدەکردن "لە دژی ئیمپریالیزم و کۆمۆنیزم پارێزگاری لە عێراق بکەن". پاشان عارف فەرمانی "سەرژمێری بۆ جولەکەکان" دەرکرد. بەمجۆرە عارف دوو ئەنجامی بەدەست هێنا، دەستخۆشی رژێمی دیمەشق و هەموو گروپە توندڕەو فەناتیقەکانی دژ بە ئیسرایل، لە لایەکیتریش هۆشداری دژی جولەکاکانی عێراقدا بۆ ئەوەی نەکەن هیچ پەیوەندیەک بە "شێخی سۆر" بکەن یان لە ناوەندەکانی ئیسرایل قسەی خێر بۆ کوردەکان بکەن. لە کۆتایی عارف دەستی بۆ کارتی "ئاشتەوایی عەرەب"ی برد، سنورەکانی لەگەل کوەیت و ئوردەن کردەوە کە لە کاتی کودەتا شکستخواردوەکە داخرابوون، کەچی سنوری لە گەل سوریا، تەنها بە رەمزی، داخرابوو. لێرەدا عارف، بە سەرکەوتوویی، پلانەکانی جێبەجێکرد و خۆی بە براوە دەزانی و، کۆنترۆلی بارودۆخەکەی کرد.

# ئاشتەوایی! گەمەیەکی دەستخەڕۆ

عارف زۆر لەخۆی بایی بوو، باوەڕی بەوە هەبوو کە دەتوانێ هەمووشتێک بکات، بارودۆخەکە لەبارە، بۆیە لە ٢٩ نۆڤەمبەر، بە زمانێکی بێ دوو دڵی هۆشداری دایە کوردەکان بۆ ئەوەی بەبێ مەرج خۆیان تەسلیم بکەن ئەگەرنا دەبێ چاوەڕوانی "لەناوبردنی یەکجاری" بکەن .هەندێ کەس پێیان وایە ئەو لە خۆ باییبوونەی عارف لەوە سەریگرتووە کە گوایە بارزانی، لە ڕێگەی شێخ ئەحمەدی برای، لە ٩ نۆڤەمبەر و پاشان لە ١٨ نۆڤەمبەر دووبارە کراوەتەوە، داوای کردوە، پێش هەر دانوستانێک، لێبوردنی گشتی بۆ کوردەکان دەربکرێ و، بۆ ئەوەی بەخۆی سەردانی بەغدا بکات. بە دڵنیایەوە ئەوە هەر قسەیە و هەرگیز بارزانی داوای ئەوهای پێشکەش نەکردوە و باش دەیزانی هەر جۆرە کردەیەکی لەمجۆرە دەیبردە سەر تەلەیەکی کوشەندە.

ئەم دەنگۆیانە چەندی ڕاستە و چەندی درۆیە؟ دەرفەتمان بۆ نەڕەخسا بگەوینە ڕاستیەکان. سەرەڕای هۆشداری و بانگەوازەکانی حکومەتی بەغدا لە کوردستان، لە ناوچەکانی شەڕ، ئۆپێراسیۆنەکان سارد و سڕیان بەخۆیانەوە دەبینی، ئەوەش بەهۆی بارودۆخی سەختی زستان بوو. لوتکەی چیا حاسێکان بە بەفر داپۆشرابوون، پلەی گەرما زۆر هاتبووە خوارەوە، گوایە، ئەمسال زۆر ساردەو لە ١٠ سالی رابردوو ساردی ئەوها نەدیتراوە.

لە ١٠ – ١٢ شوباتی ١٩٦٤ جۆرە ڕێکەوتنێک لە نێوان بەغدا و کوردەکان مۆرکرا، ئاگر بەس راگەیەنرا. دیارە ئەم دانوستانانە، بە نهێنی، دەچوونە پێشەوە. رادیۆی بەغدا بە هەمان زمانی گڕوجۆشەوە باسی "کاتە

مێژوو"یەکانی دەکردو ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکەی بلاوکردەوە و بە شان و بالی "برایەتی کورد و عەرەب"ی هەلدەگوت و کە ئەوە "ئیمپریالیستەکان" بوون دەیانوویست دەرز و کەلێن بخەنە نێوانیان.
رادیۆی بەغدا باسی ٣ خالی بنەڕەتی ڕێکەوتنەکەیکرد:
١- بارزانی فەرمانی بە پێشمەرگە کردووە شەڕ راگرن و بگەڕێنەوە گوندەکان.
٢- سەرۆک کۆمار، عەبدولسەلام عارف، بەلێنیداوە دان بە مافە نەتەوەیەکانی کوردەکان بنێت و بخرێنە ناو ئەو دەستورە نوێیەی کە دەبێت لەم ماوانە بلاو بکرێتەوە.
٣- وەزیری راگەیاند، جەنەڕال عەبدول کەریم فەرحان، ووتی حکومەت خەریکی دانانی کۆمەلێک پرۆژەی گەورەیە بۆ گەشە پێدان و بەرەوپێشبردنی کوردستان.
لە راستی عارف پێویستیەکی زۆری بەوە هەبوو، دوو مەبەست بەدەست بهێنێت. یەکەم، لەگەل کوردەکان بگەوێتە جۆرە ڕێکەوتنێک، مۆدوس ڤیڤێندی Modus vivendi، بەبێ ئەوەی، لە جەوهەر، هیچیان پێبدات. دووەم، راکێشان و کۆکردنەوەی گروپە ناسرییەکان و میانڕەواکانی ناو بەعس لە بەرەیەکی نیشتمانی.
ئەم دوو ئامانجە پێویستیەکی ژیاریبوون بۆ ئەوەی بتوانێ حوکمی ئەو ولاتە ئالۆز و پڕ چەرمەسەریە بکات بۆ ئەم مەبەستەش عارف بانگەوازێکی نیشتمانی، بەبێ دەنگ و هاژوهۆژ و پرۆپاگەندەی سیاسی، ئاراستەی حرکە الوطنیە (قومیە) العربیە، حزب الاشتراکی العربی، حرکە الوحدە العربیە ( بالێکی حیزبی بەعسی بوو)، حزب التحرر، کرد. لە هەمان کات عارف دەسەلاتی کەسە نزیک و دلسۆزەکانی خۆی زیاد و بەهێزکرد، لەوانە: عەبدول رەحمان عارفی برای کردە قائد قوات المسلحەی سوپای عێراق،

کۆلۆنێل عارف عەبدول رەزا کرایە سەرۆکی هێزی ئاسمانی، تاهیر یەحیای سەرۆک وەزیران پۆستی سەرۆکی ئەرکانی پێدرا.

کوردەکان، لە بەرامبەر ئەم هەلوێستانەی عەبدول سەلام، لە لایەک ئامادەیی خۆیان، بۆ هەر پرۆسەیەکی ئاشتەوایی، راگەیاند، لە لایەکیتریش بێ متمانەیی و گومانی خۆیان، بەرامبەر هەر فرت و فێلەک، پیشاندا. بە کورتی ئامادە بوون بەرامبەر هەر جولەیەکی بەغدا ئەلتەرناتیڤی خۆیان بەیان بکەن. یەکەم کێشەی ئالۆز هی نەفت بوو. مستەفا بارزانی کە پێش ئێستا "دەولەتی فیدرالی کوردستان"ی راگەیاندبوو داوای لە ٣٠٪ بیرە نەوتەکانی موسل و کەرکوکی دەکرد، لەم دوو پارێزگایەش سالانە ٦٤ ملیۆن تۆن لە ٩٣ ملیۆنی هەموو عێراق بەرهەمیان هەبوو. عارفیش، بە ناڕاستەوخۆ، وەلامی دەدایەوە و خۆی بۆ جۆرە سازش و نیازپاکی ئامادەکرد و "کۆمپانیای نیشتمانی نەوت"ی دروست کرد کە راستەوخۆ بۆ دژایەتی و رکابەرایەتی ٣ کۆمپانیا بیانیەکان بوون کە ئەمانەن: کۆمپانیای نەوتی عێراق، کۆمپانیای نەوتی موسل و کۆمپانیای نەوتی بەسرە،

ئەم روداوانە لە مانگی شوبات بوون، لە ئازاریش برای عەبدول سەلام، عەبدول رەحمان عارف و نوێنەری "شێخی سوور"، جەلال تالەبانی یەکتر دەبینن و هەول دەدەن چارەسەرێک بدۆزنەوە. هەر زوو بە زوو دانوستان روو بەرووی گرفت دەبێ. کوردەکان ئامادەن لەسەر داهاتی نەفت و مانەوەی سوپای عێراق لەکوردستان نەرمی بنوێنن بەلام ئامادەنین سازش لەسەر کێشە سەرەکیەکان بکەن، کە بریتیە لە دان نان بە ئۆتۆنۆمیەکی فراوان بۆ کوردستان. لەسەر ئەم خالەی دوایی دانوستان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی وەستان و کوردەکان، زۆر بە رەقی، رەخنە لە عارف دەگرن و بە پاشەگەزبوونەوەو خیانەت لە رێکەوتنی شوباتی ١٩٦٤ باسی دەکەن کە رادیۆی بەغدا زۆر بە جۆش و خرۆشەوە بلاویکردەوە.

تاڵەبانی رەخنەی لەوە دەگرت کە: ١- رێکەوتنەکەی شوبات تەنها رێکەوتنێکی سەرەتایی بوو، هێڵە گشتیەکان بوون کەچی بەغدا، بەبێ بۆچوونی ئێمە، بە ئاشتەوایی تەواوی بلاوکردەوەو خستە روو. ٢- بەغدا رێکەوتنەکەی بە جیهان ناساند بە بێ پرس و رای ئێمە، ئەوەش بۆ ئەوەی کورد لە خشتە ببات و زیانی پێ بگەیەنێ. لە راستی ئەگەر دانوستانەکان شکست بێنن بەرپرسیاریەکە تەنها هی حکومەتی بەغدایە. عارف دەتوانی بلێت کە لە توانای نیە داواکاری کوردەکان و ئولتیماتی مەستەفا بارزانی جێبەجێ بکات بەلام ئەو داواکاریانە، بە تەواوی، لە رێکەوتنی شوبات ئاماژەیان پێکراوە.

لە راستی تاڵەبانی، هێشتا، زۆر تیری لە کەوان ماوە. بۆ ئەوەی لە نیازپاکی کورد بگەین ئەوەندە بەسە ئەو بەیانەی بارزانی، کە بۆلایەنگرەکانی، لە رادیۆ خوێندەوە جارێکیتر تەماشا بکەین کە ووتی "لەسەر دەستپێشخەری سەرۆک کۆماری عێراق، مارشاڵ عەبدول سەلام عارف بڕیارماندا شەڕ راگرین و داوا لە پێشمەرگە بکەین بگەڕێنەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان، سەر کارو کەسابەتی خۆیان تا رێگە بە سولتەی وەتەنی بدەین هەنگاوی پێویست بنێ تاکو ئەمن و ئاسایش بگەڕێتەوە مەنتیقە و حقوقی نیشتمانی کورد ئیعترافی پێ بکرێت".

تاڵەبانی بە توڕەییەوە دەڵێ ئەوەمان گۆت و ئەوەشمانکرد کەچی تاکوئێستا بەغدا هیچی نەکردیە. لە بیرتان چوو وەزیری راگەیاندنی بەغدا، عبدالکریم فەرحان، نەیگوت هەموو گیراوەکان ئازاد دەکەین؟ ئیمبارگۆی ئابوری لەسەر پارێزگاکانی باکور هەڵدەگرین؟ هەموو ئەو ماڵ و موڵکەی، پێشمەرگەکان، کە دەستیان بەسەرداگیراوە بۆ خاوەنەکانیان دەگێڕینەوە؟ کەس چی دیت؟ کوا بەڵێنەکانی عەبدول سەلام کە، وەک پرۆپاگەندە، لە دەرەوە بلاویکردەوە.... قەراربوو مەحکەمەی سەورە هەڵوەشێنتەوە کەچی تاکو ئێستا دەستیان بۆ نەبردووە. بەڵێنیان دابوو ئازادی تەواو بۆ جولە و گەڕانی مستەفا بارزانی

دابین بکەن. ئەوە چەند جارە داوای نووسین و بلاوکردنەوەی دەستوری نوێ بکەین کە دان بە مافە نەتەوەیەکانی کورد بنێت؟
ئاشکرایە لەم کەش و هەوایە دانوستانەکان نە درێژە و نە بەرهەمیان دەبێت، ئەم پرسانە پێویستیان بە روونکردنەوە و لێکتێگەیشتن هەیە کە تالەبانی وەک ئولتیماتوم رایاندەگەیەنێ. بەلام عەبدول رەحمان عارفی برای عەبدول سەلام، وەک نوێنەری عێراق، دەیەوێت کاتەکە بکوژێ و بەبێ پرس و رای براکەی توانـای هـیچ بڕیـارێکی نـیە. تالەبـانی زۆر بە تـوڕەیی بەغـدا جـێ دێلێـت و دەگەڕێتەوە بارەگای بارزانی.
لەم ماوەیە "شـێخی سـۆر" خـۆی ئامـادەکردبوو بۆ هەر پێشـبینیەک، ئەوەشـی ئاشکرا کرد کە لە ڕێکەوتنەکەی شوبات "چەند بڕگەیەکی نهێنی هەبووە کە بە وردی باسـی چـاوپێکەوتن و دانوسـتانەکانی ئاینـدەیان لە نێـوان هەردوو لا" کـردوە و بەغـدا ڕێـزی لێنەگرتـووە. واتە بەغـدا درۆیکـردووە: "ڕێکەوتـنە سەرەتاییەکە تەنها نیاز پاکی بووە، پێویستی بە گفتوگۆی زیاتر بووە، پرسە سەرەکیەکان بێ چارەسەر ماونەتەوە". بارزانی ووتی "ئێمە شـەڕمان ڕاگرت، داوام لە پێشـمەرگە کـرد بەگەڕێنەوە گوندەکانیان، نـاو مـال و منداليان تـاكو نیـاز پـاکی لـۆ سـولتەی بەغدا پیشـان بدەین بەلام مـن فەرمـانی چەک دانـانم نەکردووە. لە راستی من هیچ دڵم بەو شەڕ راگرتنە خۆش نیە. فەرمـوو ئێمە هەمـوو دیلەکـانی دەولەتمـان، ٤٠٠ کەس، ئـازادکرد بەلام حکـومەتی بەغـدا زیندانیانی کوردیان ئازاد نەکردوە تا بگەڕێنەوە ناو مال و مندالەکانیان".
هەرچـی پەیوەنـدی بە دانوسـتانەکان هەبـوو کە تالەبـانی دەیبـردە پێشـەوە "شـێخی سـۆر" ئامـادەیی خـۆی دەربـڕی، وەک "ئێشـکگرێکی لێبـوردە" زیـاتر دەسـتی برایەتـی درێـژ بکـات و بڕیـاری ئەوە بـدات هەنگـاو بە هەنگـاو لەشـکرەکەی هەلوەشـاندبایەوە بەو مەرجەی حکومەتی عێـراقیش بە کـردەوە نیـاز پـاکی و بەلێنەکـانی جێبەجـێ بکـردایە. بەلام حکـومەتی بەغـدا ئەو نیـاز

پاکیەی پیشان نەدا و، مەلا مستەفاش چیتر پەیوەست نەبوو بە پاراستنی نهێنی دانوستانەکە، ئەوەشی ئاشکراکرد کە داوایکردبوو دانوستان و ڕێکەوتنەکە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەمەریکا و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بەڕێوە بچن. کەچی عەبدول سەلام زۆر بە توندی دژی ئەو بژاردەیە بوو و رایگەیاندبوو کە "کێشەی کورد کێشەیەکی ناوخۆیە...!!"

دووبارە ناکۆکیە هەمیشەییەکە سەر هەلدەداتەوە، کوردەکان داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن و، بە نهێنی و لە دڵیشەوە هەولی دروستکردنی دەولەتێکی سەربەخۆ دەدەن، بەغدا، بە قسە، دەلێ ئامادەیە ئۆتۆنۆمی بدات بەلام قەت دانی پیا نانێت و، دەزانێ پلانی راستەقینەی کورد چیە.

ئەو گەمە و چاو شارکێیە دەیان سالە درێژە دەکێشێ، لە لایەک شۆڕش و کودەتای سەربازی، لە لایەکی تریش شەڕ و ئاگربەس بەبێ ئەوەی هەولی جدی بدرێت و ڕێگە چارەی ئەو کێشەیە بدۆزرێتەوە کە بە بەردەوامی بۆتە هۆی نانەوەی مردن و تیرۆر.

ئەوکاتەی تالەبانی، لەگەل براکەی عارف، عبدالرحمان، خەریکی دانوستان بوو مستەفا بارزانی، بە فیلبازی و زیرەکی، رایگەیاند ئەگەر بوونی ئەو گرفت بۆ داخوازیەکانی کورد دروست دەکات ئەوە ئامادەیە وولات جێ بهێلێ، ئەگەر ئەم قوربانیە ببێتە هۆی ئاسانکاری و تەبایی و دان پیانانی مافەکانی کورد لە لایەن حکومەتی عێراق. ئەم راگەیاندنە دەنگێکی زۆریدایەوە، بە تایبەتی لەناو دیپلۆماتکاران کەچی دەسەلاتدارانی بەغدا بچوکترین کاردانەوەیان نەبوو. عەبدول سەلام خۆی لێ کەڕ کرد، دوو مانگ پاش شکستی دانوستانەکانی تالەبانی، سەرەڕای ئەو هەموو بەلێنانەی درابوون لە دەستوری نوێی عێراق، دان بەمافی ئۆتۆنۆمی کوردان نەنرا. ئەم پەشیمانی و بێ بەلێنیە بە هەلوێستەکی زۆر خراپ و نەگەتیڤ لە قەلەمدرا، بە تایبەتی لەناو دیپلۆماتکارانی رۆژئاوا لە بەغدا. کاتی خۆی عارف بە ئاشکرا و لە

ڕاگەیاندنەکانی ڕادیۆ و تەلفزیۆن بە شان و باڵی "برایەتی کورد و عەرەب"یدا هەڵگوتبوو.
لێرەدا عارف هەست بەوە دەکات کە ڕۆژانی ناخۆشتر و مەترسیدارتر چاوەڕوانی دەکات، بۆیە، وەکو هەموو جار، دڵی بۆ شکۆ و هەیبەتی قاهیرە لێدەدا و هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە پەیوەندیەکانی لە گەڵ جەمال عەبدول ناسر بەهێزتر بکات، هەموو هەولی دەخاتە گەر بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی، بۆ فیدراسیۆنی عەرەبی، لەگەڵ مسر خێراتر بکات بەلام ئەم پڕۆژەیە لە لایەن هاوڕێ نزیکەکانی لە بەغدا گرفتی بۆ دروست دەکرێت. لە لایەکی تریش عارف، بۆ ڕاکێشانی سۆزی کوردەکان، ٩٢٥٠٠٠٠ (نۆ ملیۆن و دووسەد و پەنجا هەزار) دیناری عێراقی بۆ پەرەپێدان و گەشەی باکوری عێراق تەرخانکرد، ئەوکاتە ١ دینار بەرامبەر بە ١ ستەرلین بوو و، بۆ سالانی ١٩٦٤ – ١٩٦٩ چل میۆن دیناریتری بۆ ئەو ناوچەیە تەرخانکرد.
هیچ سودی نیە. سەرەرای ئەوەی هەستی بە رەشەبا کردبێت و ماوەیەکە وەک پاسەوان لە ئەرکدا بێت لە ناکاو هەرەشەی ئەوەی لێکرا بە کودەتایەکی سەربازی ڕامالرێت. لە ٢٣ تەموزی ١٩٦٤ رەشەبایەکی گەرم روو لە بەغدا دەکات و خۆل دەبارێ و دەنکە لمەکان پێستەی مرۆڤ داغ دەکەن، پۆلیسی نهێنی ڕایگەیاند کە پلانێکی کودەتایان پوچەل کردۆتەوە کە نیازی کوشتنی عەبدول سەلامیان هەبووە. پلانەکە، گوایە، دەبوایە لە ٥ ئەیلولی ١٩٦٤، ئەوکاتەی عارف لەگەڵ شاندێک، بۆ بەشداری لە کۆبونەوەی کۆمکاری عەرەبی لە ئەسکەندەریە – مسر دەکەوێتە رێ، جێبەجێ بکرێت. دەبوایە ٦ فرۆکە لە سەربازگەی رەشید هەستابان و بۆردمانێکی خەستی فرۆکەخانەی بەغدا بکرێت و لە هەمان کات کەتیبەیەک لە دەبابە و مودەرەعە دەزگا و ناوەندە هەستیارەکانی بەغدایان بۆردومان بکردایە و کودەتاچیەکانیش، هەموویان سەر بە پارتی بەعس بوون، دەسەلاتیان بگرتایە دەست.

عارف زۆر بە توندی کاردانەوەی نواند، زۆر لە سەرکردەکانی بەعسی، کاربەدەستانی سەربازی و مەدەنی، گرت، ٥ فڕۆکەوان کە دەبوایە بۆردومانی فرۆکەخانەیان بکردایە دەستگیرکران و لە دادگای سەورە بە گوللە باران سزادران. لەو کەسانەی گیرابوون، بەرپرسی فرۆکەخانەی بەغدا، عەبدول جەبار رەمەزان، وەزیری پێشو، عەبدول لەتیف، بەڕێوەبەری هێلی ئاسنی، زیاب ئەقاوی، فەرماندەی لیوای یاخیبوو، ئەحمەد عەبدول ئەلجبوری، سەرۆک وەزیرانی پێشو، ئەحمەد حەسەن ئەل بەکر کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە لایەن عەبدول سەلام بوردرا کە کاتی خۆی بێ دوو دلی عەبدول کەریم قاسمی هاوڕێ و خەزوری کوشت. ئەل بەکر کەسایەتیەکی شەڕانگێژی شەیتانی بوو، یەکێک لەو کودەتاچیانە بوو کە هەرگیز پەشیمان نەدەبووەوە، بە ساغ و سەلامەتی لێی نەجات بوو و، تەنانەت لە هەول و تێکۆشان بەردەوام بوو و تاکو لە لە سالی ١٩٦٨ دەگەوێتە بەرزترین پۆستی دەولەت و دەبێتە سەرۆک کۆمار، هەموو جار خۆی لە پەتی سێدارە رزگار دەکرد کە دەیان بەرپرس و سەرۆکەکانی ئەم وولاتە ملیان پێوە بوو.
پاش پوچەلکردنەوەی کودەتاکە عارف هەنگاوەکانی بۆ یەکگرتن لەگەل مسڕ خێراتر کرد بەلام "مەلای سۆر" لەسەر چیاکان چاودێری باردودۆخەکە دەکات، یاداشتێک رەوانەی بەغدا و قاهیرە دەکات و، بە بیر حکومەتی عێراق دێنێتەوە کە لە شوبات بەلێنی ئەوەیدابوو کە مافەکانی گەلی کورد دەخرێنە دەستوری نوێ و، داوای هۆکاری ئەو پاشەگەزبوونەوەی دەکرد. ئەم یاداشتە بێ وەلام دەمێنێتەوە. موستەفا بارزانی جارێکیتر نامەیەک رەوانە دەکات و بەغدا وەلام ناداتەوە و، ناسرپیش دەکەوێتە مەوقیفێکی ناخۆش. ناسر پێشنیاری ئەوە دەکات کە پێویستە هێز بەکار بهێنرێت بەلام نابێت تەنها دژ بەکورد بێ. هەرەشەیەکیتر لە ئارادابوو، پێویستە روو بەرووی ئەو گرفتانە ببنەوە کە خەریکە دەبنە مایەی مەترسی. لە شەوی ١٧ ئۆکتۆبەری ١٩٦٤

پازدە هەزار سەرباز دەخرێنە ئامادەباشی و رەوانەی سنورەکانی سوریا و ئوردن کران، کەتیبەیەکی دەبابە و مودەڕەعەی مسری پارێزگاری لە بەغدا دەکات. سوپای زیاتر رەوانەی کوردستان دەکرێ. ئەو هەموو ئیستیعرازە بۆ چاو سورکردنەوەو ترساندنی "دوژمنەکانی ناوەوەو دەرەوەیە"، بە تایبەتی نەیارەکانی ناو پارتی بەعس کە سەرەڕای شکستی کودەتاکە هێشتا لە دەرفەتێک دەگەڕان بارودۆخەکە، بە قازانجی خۆیان، ئاوەژوبکەنەوە.

ئەو نمایشە سەربازیە گەورەیە بۆ ئەوە بوو تا بەعسیەکانی سوریا چاوترسا بکات، هۆشداری بداتە مەلیک حوسێن کە دژایەتی نزیکبوونەوەی ولاتانی عەرەبی و یەکێتی سۆڤیەتی دەکرد، بە ئاگاهێنانی هەموو ئەو وولاتانە بوو کە دەیانوویست گرفت و تەگەرە بخەنە سەر یەکێتی مسر و عێراق، تەعەداکردنی "شێخی سۆر" بوو. تاکە کەسێک کە بەرامبەر ئەو نمایشە دەستەوەستان نەبوو، تاکە کەسێک کە بە کارایی و بە چاپوکی وەلامی دایەوە موستەفا بارزانی بوو. ئەو گوریسە لاوازەی دانوستانەکانی شوبات جارێکیتر بەرەو پسان دەچوو. ٨ مانگی دانوستانی گەرم و پڕ کێشمەکێش، کە تەنها سودیان ئەوەبوو ئاگر بەس رابگەینرێ، لە پڕێکا ئاوابوو. لەسەر چیا بەرزەکانی کوردستان تەپلی شەڕ، جارێکیتر، بانگی پێشمەرگەکانی کردەوە.

# دووباره شەڕ دەستپێدەکاتەوە

راپەرین سەرتاسەری و گشتیە، رۆژی ١٩ ئۆکتۆر ٥٠٠ پێشمەرگە پەلاماری شاری زاخۆ دەدەن و دوای ٤ سەعات لە بەرگری پۆلیس و سەربازەکانی عێراق تارو مار دەکرێن و شار دەکەوێتە دەستی کوردەکان و تالان دەکرێت. کوردەکان هەموو رق و تورەییان بەسەر دامودەزگاکانی حکومەت هەلدەرێژن و، رۆژە ناخۆش و دڵ تەزێنەکانی هێرش و تۆڵەی لەشکری تەیمور لەنگمان هاتەوە بیر. لە کۆتایی هێرشەکە کوردەکان بە دەستکەوتێکی زۆر گەڕانەوە دواوە، جێگری قایمە قامیان بەدەست بەستراوی لەگەل خۆیان برد، چەک و تەقەمەنی و کەرەسەیەکی زۆری شەڕ و ٧ هەزار سەر مەڕیان دەستکەوت. کوردەکان بە ورەیەکی بەرزەوە بەرەو گوندەکانی خۆیان گەڕانەوە و ئەو دەستکەوتانەش "نیشانەی سەرکەوتنی کوردەکانی بەسەر عەرەبە چەوسێنەرەکان" پیشان دەدا. ئەو هۆشداریەی بارزانی رێگەی تەنها بەیەک لێکدانەوە دەدا، ئەویش بریتی بوو لەوەی کە هەڕەشەکانی عەبدول سەلام، لەسەر پێشنیاری ناسر، وەلامێکی کەمەر شکێنی وەرگرتەوە.

حکومەتی بەغدا دەبوایە، بە یەکجاری، چەند خالێکی بۆ روونبێتەوە:

١. جێبەجێنەکردنی هەر بەلێنێک بەرامبەر بە کوردەکان بە هەڕەشە حیساب دەکرێت و وەلامێکی جەرگبڕی بەدوادادێت.

٢. پرۆژەو نیازی عەبدول سەلام عارف بۆ بەستەنەوەی چارەنوسی عێراق بە هی مسر مافە سەرەکیەکانی کوردی پێشێل دەکرد.

٣. بەغــدا بەبــێ لەبەرچــاوگرتنی هەلوێســتی کوردەکــان و ڕێکەوتنەکــانی ئیمزاکرابوون (کورد ١ لەسـەر ٣ دانیشتوانی عێراقە) ناتوانێ بڕیار لەسـەر یەکگرتن، لەگەل مسر، بدات.

سەرەڕای ئەوەش عارف لەسەر بۆچوونەکانی سور بوو، لە ٢٦ ئۆکتۆبەر لە کەرکە / قەرکە؟ – Karka ڕایگەیانـد کە لەم نزیکـانە هەردوو سـەرکردایەتی مسر و عێراق لە بەغدا کۆدەبنەوە و یەکگرتنی هەردوو وولات بڕیاری لەسەر دراوە، دەسـتورێکی نـوێ بەڕێـوەیە کە دەبـێ ئەو یەکگـرتنە پەسـەند بکـات. مستەفا بارزانی وەلامێکی ئامادەی بەدەستەوە بوو، حکومەتێکی کوردی، لە ١١ کەس، دروسـت دەکـات و، هەمـوو هەولەکـانی دەخـاتە گەڕ بـۆ بەدەسـت هێنانی ئەو ئۆتۆنـۆمیەی بەغدا بەلێنی پێدابوون بەلام، تاکو ئێستا، جێبەجێی نەکردووە.

عارف بەو هەلوێستەی بارزانی تووشی دلەڕاوکێ بوو، ترسی ئەوەی لێنیشت کە ئەو هەواڵە بگاتە قاهیرەو ببێتە هۆی سستبوونی پرۆسەی یەکگرتنەکە و لاوازبـوونی پێگەی کەسایەتی خۆی. ئەوکات چ لە عێراق و چ لە مسر زۆر کەس و لایەن دژی ئەو یەکگـرتنە بـوون. عــارف ناچــار دەبێــت شــاندێک رەوانەی لای "شێخی سۆر" بکات بۆ ئەوەی هەولی هێورکردنەوەی گرژیەکان بدات یان هەر هیچ نەبێت کات بەدەست بهێنێ. بەلام هەمووی بێسود بوو، بارزانی داوای ڕێزگرتنی دەمودەستی ڕێکەوتنەکەی شوباتی ١٩٦٤ کرد.

دووبــارە عــارف خــۆی بەتەنیــا دیــتەوە، بــۆیە جــارێکیتر بڕیاریــدا دەستپێشـخەریەک بکـات بـۆ ئەوەی مەلا مسـتەفا لە کۆمەلانی خەلکی کـورد دابـبڕێـت. لە ١٦ نـۆڤەمبەر کـابینەیەکی نـوێی بەسـەرۆکایەتی تـاهیر یەحیـا دروسـتکرد و ڕاشـیگەیاند لە مـاوەی یەک سـال حکـومەتی پەرلەمەنتـاری دەگەڕێتەوە و کۆتـایی بە باری نائاسایی دێت. لەم روانگەیە دەکرێت، ئەگەر دەنگدەران ویستیان، هەرێمێکی ئۆتۆنـۆمی بۆ پارێزگاکانی بـاکور دروسـت

بکرێـــت و، بە دڵنیـــایەوە بە گەڕانەوەی ژیـــانی پەرلەمانتـــاری ســـوپاش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی رۆلی خۆی ببینێت و دەست لە کاروباری سیاسەت نەدات. ئەو جـــولەیەی عـــارف، ســـەرەڕای گومـــانی گشـــتی لە نیـــازە دیموکراتیەکانی، جۆرە جموجۆلیەکی خستە مەیدانەکە. ئەوەش بەس بوو بۆ عارف تاکو بتوانی لەگەل قاهیرە، لەسەر مەسەلەی یەکگرتن، بگەوێتە لێک تێگەیشتنێک، بۆ ئەم مەبەستە "کۆمیتەی سیاسی" لە ٢٣ ئەندام پێک هات بۆ ئەوەی لە مـــاوەی دوو ســـال پـــرۆژەی یەکگرتنـــی نێـــوان هەردوو وولات بنووسێت.

سەرەڕای ئەو دەسکەوتەش عارف لەسەر ئەعساب دەژیا، لەبەرامبەر کێشەی کورد تەواو هیلاک و ماندوو بوو، ترسی کودەتا ئۆقرەی لێبڕیبوو، نیگەران بوو لەوەی کە بارودۆخی عێراق متمانەیان بە بەغدا لەق کردبوو، هەمیشە هیلاک و ماندوو بوو، بیری لەوە دەکردەوە چۆن بتوانێ هاوسەنگی لە نێوان هێزە گەورەکان راگرێت، وا دەهاتە بەرچاو کە تووشی نەخۆشی توڕەبوون بووبێت و گومانی لە هەموو کەس دەکرد. مەلا مستەفاش کە رەفتاری رەق وتەقی، وەک چیاکانی کوردستان، هەبوو کە لێی لەدایکبوو بوو بە عاقلانە دەنگـۆی ئەوە بـلاو دەکـاتەوە کە گـوایە پەیوەنـدی لەگەل دەوروپشـتەکانی جەمـال عەبـدول ناسـر کـردیە. گریمـانەیەکی نـا مەنتیقیە بەلام لێـرە هەمـوو شتەک دەکرێ روو بدات، ئەو دەنگۆیەش زیاتر عارف هار دەکات هەروەک ئەو دەنگۆیەی سەبارەت بە پەیوەندی بارزانی و هەندێ گروپی ئیسرایلی بلاوکردەوە. راوێژکارەکانی عارف، تەواو، نیگەران و پەشۆکاوبوون. عارف زیاتر توڕەو توند بوو بوو، گومانی لە هەموو لایەک دەکرد، رۆژانە بڕیاری گواستنەوە و جێگۆڕکێی فلان و فیساری دەدا، کۆمەلێ خەلک و راوێژکاری عەنتیکەی لەدەوری خۆی کۆکردبووەوە و، چاودێر و راوێژکارەکانی بە

نهێنــی ڕەوانەی قــاهیرە دەکــرد و، لە ترســێکی گەورە دەژیــا کە کەســێک دەستڕێژی گوڵلەی لێبکات یان ژەهراوی بکەن.
لە سـەرەتای سـالی ١٩٦٥ عەبـدول سـەلام بە راوێـژ لەگەل بـراکەی، عەبدول رەحمان، بە یەکەوە بڕیـار دەدەن هێرشـێکی فـراوان لە دژی کوردەکـان بکەن بەلام ئەمجــارە بە نهێنــی و دوور لە چــاوی راگەیانــدنەکان، دەیانەوێــت کوردەکـان لە غـافلبوون، لە ناکـاو، بگـرن. بـۆ ڕێگـرتن لەم خەیـال پـلاویە، کوردەکان لە خالە چاودێرەیە جێگیرو و بەردەوامەکان، وەک چیـا سـەرکەشـە نەمرەکان، چاوەدێری جولە و بزوتنەوەی لەشکری عێراقیان دەکرد. موستەفا بـارزانی، دەمودەسـت، پێشـمەرگەکانی ڕەوانەی خـوارەوە کـرد، لە شـاخەکان بەرەوە سـولەیمانی کە شــەڕێکی قـوڕس و خوێنـاوی لەگەل سـوپای بەغـدا دەکەن. پێشمەرگە بە چەک و بە خەنجەر دەکەونە ناو لیوایەکی عێراق و تارو ماریان دەکەن، ئەوی کوژرا و ئەوی بریندار و بە دیل گیرا ئەوانیتر بەزین و بەرەو خوارو هەلاتن و زۆریش لەوانە لە ڕێگە لە سـەرمان و لە برسـان و بە برینـداری مـردن. سـوپای عێـراق بە جـارەک ورەی هـاتبووە خـوارەوە، هەر هەولێک بۆ پەلاماردان و هێرشکردنە سەر کوردەکان ئەنجامەکەی بە کوشتار و دۆڕاندنی خۆیـان کۆتـایی دەهـات. چەنـد کەسـێک رەخنەیـان گرتبـوو و ئەو هێرشــەیان بە "هەولــی خۆکــوژی" لە قەلەمــدابوو و ئەو دەنگــۆیەش، لە نــاو کۆمونیتی دیبلۆماتکاران، دەنگی دابووەوە.
بەغـدا ئـاواتەخوازە تـۆلەی ئەو دۆڕانـدن و شکسـتیە بکـاتەوە، ئیـدیعای ئەوە دەکات کە کوردەکان خیانەتیـان کـردووە و بە فێـل پەلامـاری سـەربازگەکەیان داوە لە کاتێک ئێمە هیچ نیازی شەڕ و هێرشـەکمان نەبووە و ئەو پەلامـارەی کوردەکان بێ پاسـاوە. بە خەیـالی ئەوەی تەفـرەقە بخـاتە نـاو کوردەکـان و لە "مەلای سۆر" دایانبڕی وەزیری ناوخۆ، بۆ ئەم مەبەسـتەش سـوبحی عەبدول حەمید (١٩٢٤ – ٢٠١٠، و)، بانگەوازێک ئاراستەی کوردەکان دەکات و داوایان

لێدەکات کە هاوکارو هاریکاری دەسەلاتی بەغدا بکەن بۆ ئەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ باکوری نیشتمانەکەمان بگێرینەوە کە لە لایەن "دەستە و تاقمە تیرۆریستەکانی لە خزمەتی ئیمپریالیزم" کەوتوتە مەترسیەوە. حەمید رایگەیاند کە حکومەتی عێراق زۆر پەرۆشی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی شوباتی ١٩٦٤ ە بەلام بە بێ گەڕانەوەی ئەمن و ئاسایش، بۆ ئەو ناوچانە، جێبەجێ ناکرێ.

بانگەوازەکەی وەزیری ناوخۆ، جارێکیتر، هیوایەکی بچوک دەبوژێنێتەوە، کوردەکان ئەوجارەش "وەختەکی مەعقول" دەدەنە بەغدا تاکو نیازپاکی خۆی پیشان بدات و ئاگر بەس رادەگەیەنن. هەردوو لا ئیستیغلالی ئەو هودنەیە دەکەن و قەناعەتیان وایە کە ئەوجارەش هیچی لێ شین نابێ و دەست بەشەڕ دەکرێتەوە. هات و چوونی شاندی بەغدا و کوردەکان سەبارەت بەوەی کوردەکان داوای چی دەکەن و بەغداش ئامادەی چی هەیە بیدات، سەرکردە عەسکەریەکانی هەردوو لاش خۆیان بۆ ئەگەری خراپتر ئامادە دەکەن، کۆمیتەی نیشتمانی کوردستان داوای چەک هەلگرتن، نەفیر عام، لە گەورەو گچکە دەکات، داوای کۆکردنەوەی ئەرزاق و کەرەسەی شەڕ دەکات، ئەوەش بە پاساوی ئەوەی کە کاتێکی درێژ و مەترسیدارمان لە پێشە. لە لایەکی ترەوە، سەرکردایەتی ئەرکانی سوپای عێراق خۆی بۆ هێرشێکیتری فراوان ئامادە دەکات. لەم بارودۆخە بێ متمانەیی و پڕ لە قەیرانە دانوستانەکان زۆر بە کزی دەچنە پێشەوە. بەغدا باسی پڕۆژەو پلانی ئایندە دەکات و مستەفا بارزانیش داوای بڕیار و یاسای دەست و برد دەکات.

لەم کەش و هەوا ساختەیە، هەردوو لا متمانەیان بەیەک نیە و هەولی ئەوە دەدەن تەلە بۆ یەکتر دابنێنەوە، بەمشێوەیە دەگەونە خالی کۆتایی. ١٠ نیسانی ١٩٦٥، بەبێ هیچ هۆشداری و ئاگادارکردنەوەیەک، پلانی پەلاماری سەرکردایەتی ئەرکانی بەغدا، زۆر بە توندوتیژی دەتەقێتەوە. ٥ لەشکری

عێراق بە دەبابە و مودەرەعە و تۆپی دور هاوێژ پەلاماری کوردستان دەدەن، لە ئاسـمانیش فـڕۆکە سـەربازیەکان دەڕشـێنەوە، بە سـەدان تـۆن بۆمـب فڕێدەدەنە سەر سەنگەری پێشمەرگە و گوندەکانی ژێر دەستیان. هێرشێکی یەکجار توند و فراوانە، وا هەست دەکرێ کە بۆ یەکەمجار بەغدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و کوردەکانی لە خەو گرتبێ. کوردەکان ناچار دەبن بەرەو سـەر چیاکـان بکشـێنەوە، ئەو شـوێنەی دەبـابە و مـودەڕەعەی ناگـاتێ، ئەو شوێنەی تەنها مرۆڤ و ولاخ دەتوانن سەرکەون، پێشمەرگە لە شاری دهۆک دەکشێتەوە و دەکەوێتەوە بەردەستی حکومەت.

حکـومەتی بەغـدا خەریـکە بەو روداوە سەرخۆشـبێ و تەپلـی "سـەرکەوتن" لێدەدەن. بەلام دوای مـانگەک سـەرکەوتنەکە هیچـی لـی شـین نەبـوو، راسـتە دهۆک کەوتە ژێر دەستی هێزەکانی بەغدا، ناتوانن بیپارێزن، هەموو شـەوێک کوردەکـان پەلامـاری هێزەکـانی دەولەت دەدەن و ژمارەیەکیـان لـێ دەکوژن. بەغدا بۆ ئەوەی بارە خوارەکە راستکاتەوە، مەعنەویاتی خەلک بەرز بکاتەوەو جولەیەکیتر دەکات و مودیری ئەمنی عامە، حاجی خەمـاس Hagi Khammas، رادەسپێرێ تاکو هەموو رۆژنامەنووسە بیانیەکانی بەغدا بانگ بکـات و پێیـان رابگەیەنـێ کە هاوپەیمـانی رۆژئـاوا لە رۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت، هاوپەیمـانی سەنتۆ، حیلفی بەغدای پێشو، کۆمەکی دارایی و چەک و تفاقی بە یاخیبوونی کوردەکـان کـردووە. تـۆمەتێکی منـدالانەیە تـاکو هەسـت و سـۆزی مۆسـکۆ و ولاتانی عەرەبی، لە پێشەوەی هەمووان هی مسڕ، بۆ لای عێراق راکێشێ.

مستەفا بـارزانیش دەمودەست هەولەکەی بەرپرسـی ئاسایشـی بەغدا پوچەل دەکاتەوە، لە رووی راگەیاندن و پڕۆپاگەندە، وەلامی دەداتەوە:

١. لە رێگەی تالەبانیەوە رادەگەیەنێ کە سوپای عێراق گاز و بۆمبی ناپـالمی لە دژی کۆمەلانی خەلکی کوردستان، سیڤیل، بەکار هێناوە.

٢. داوای ناوبژیوانی لە جەمال عەبدول ناسڕ دەکات.

٣. شاندێکی کوردی رەوانەی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەکات تا رای گشتی ئەو ولاتە لەسەر مەسەلەی کوردستان ئاگادار بکاتەوەو سۆزیان راکێشێت.

لە راستی بارزانی، زۆر باش دەزانێ، لەو جولانە هیچ شتێک بەدەست ناهێنی بەلام هیچ نەبێ ئەو دەستپێشخەریانە ترس و دڵەڕاوکێ دەخەنە دەرونی عەبدول سەلام و خەو و ئارامی لێ حەرام دەکەن. بارزانی چاک دەزانی کە عارف گوێ لە داوا و ئامۆژگاری کەس ناگرێت تاکو واز لە بەکار هێنانی گازو بۆمبی ناپالم بهێنێ. باش دەزانێ کە ناسرڕ قەبولی ئەوە ناکات خۆی توشی بینە و بەردەی نێوان کورد و عارف بکات. بارزانی ئەوەش دەزانی کە شاندە کوردیەکەی چۆتە ئەمەریکا، سەرەڕای ئەوەی لە لایەن کەسێکی زیرەک و لێهاتوی وەک عیسمەت شریف ڤانلی سەرکردایەتی دەکرێت، ناتوانی شتێکی ئەوتۆ بەدەست بهێنێ. ولاتە یەکگرتوەکان بە ساردی پێشوازیان لێکرد، بە بێ سۆز تەماشای گرفتی کورد و عێراقیەکانیانکرد. ئەوەش لەبەر ئەوەبوو کە ئەمەریکا دەمێکە رۆژهەلاتی ناوەڕاستی، وەک ناوچەی نفوزی ئینگلیزەکان تەماشا دەکرد، لە لایەکیتریش پسپۆڕو شارەزاکانی سیاسیەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەو قەناعەتەبوون کە پرسی پڕ سەرکێشەی کەمایەتی کورد کەوتۆتە دەستی یەکێتی سۆڤیەت و لە دژی هاوپەیمانەکانی رۆژئاوا، وەک تورکیا و ئێران، بەکاریان دەهێنێ.

دەگێڕنەوە و دەلێن جارێک عەبدول سەلام بەسەر براکەی، عەبدول رەحمان دەقیژێنی و دەلێ "یان ئێستا یان قەت نابێ" و داوای لێدەکات زۆر بە جدیتر و بە زەبرتر روو بە رووی کوردەکان بێتەوە "ئێستا کاتی ئەوەیە لەناویان بەرین، دەتوانین لەناویان بەرین بە مەرجێک سەربازەکانی ئێمەش ببنە شاخەوانی لێهاتوو و چاو نەترس، بتوانن بەسەر ئەو شاخانە بکەون، دەست بەسەر مۆلگە و حەشارگەی کوردەکان لە گۆل و ئەشکەوتەکاندا بگرن". بەلام

سەربازە بەدبەختەکان، سەرەڕای دڵسۆزیان بۆ حکومەت، نەیاندەتوانی ببنە شاخەوان و لەگەڵ ئەو ژیانە لێ رانەهاتوون و پێشیان ناکرێ. سەرەڕای بەرزکردنەوەی ورەیان، جۆشدانیان بە خۆشەویستی نیشتمان، پیا هەلگوتنیان گوایە ئەوانە پاڵەوان و جەنگاوەری وولاتن و، بەلێنی پارەو پلە و پۆستیان پێدابوون و، ئەو سەربازانەش هەمـوو هەولیان دەخەنە گەر بۆ شکست پێهێنانی یاخیبوونی کوردەکان بەلام هەمـوو ئەنجامەکان شکست دوای شکستبوون. حکومەتی بەغدا بیر لە داهێنانێکی نوێ دەکاتەوە، چیتر روو بە روو هێرش نەکاتە سەر کوردەکانی بارزانی، بیر لەوە دەکەنەوە کوردەکانی دۆل و پێدەشتەکان لە دژی یاخیبوەکان بەکار بهێنن، ژمارەکی زۆر لە کوردە سیڤیلەکان دەگرن و دوو بژاردەیان دەخەنە بەردەست یان چەک هەلگرتن و چـوونە رێـزی "فورسـانی سـەلاحەددین "– ( جـاش پـۆلیس، و) یـان تەرحیلکردنیان بۆ خواروی عێراق. بەوجۆرە سوپای عێراق کەوتبووە نێوان دوو ئاگر، لە باکور، هێلانەی هەلۆکانی کوردستان، لە دۆڵ و دەشتەکانیش ئەو کوردانەی هەڕەشەی تەرحیلکردنینان لێکرابوو. سەربازە عێراقیەکان هیلاک و شەکەت بوون، متمانەیان بە هیچ نەمابوو و تووشی ترسێکی بە کۆمەلبوون، ئەفسانە – داستانی "شێخی سۆر" لە لایەک پێی ئیعجاب بوون و لە لایەکیش مایەی ترس و تیرۆر بوو تا ئەو رادەیەی چەندەها کەتیبە فیراریان دەکرد و خۆیان دەدایە پال پێشمەرگەو لە دژی "دیکتاتۆری بەغدا" دەجەنگان.

عەبدول سەلام، بە راستی، گەیشتبووە دوا قۆناغی ژیانی، بە بەردەوامی هەلەکانی دووبارە دەکردەوە. لە بەرامبەر نارەزایەتی ئێران، سەبارەت بە پێکدادان و جولە سەربازیەکانی سەر سنور کە بووبوونە مایەی تێکدانی ئاشتی ناوچەکان، بە رەقی وەلامی دەدایەوە و ئینکاری ئەو روداوانەی دەکرد، دەیگوت ئەوە ئۆپێراسیۆنی ئاسایی پۆلیسن لە دژی ئەو چەتە و

ڕێگرانەی، لە پارێزگاکانی باکور، خەریکی نانەوەی ئاژاوەن. بالوێزخانە و نوێنەرایەتیە دیبلۆماسیەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە عارف درۆی مندالانە دەکات، ئەوەش لە هەیبەت و راستگۆیی کەمدەکاتەوە. عارف تووشی نەخۆشی دەرونی بووە، بانگی سەرۆکی هەوالگری و دەکات بۆ ئەوەی لە ماوەی ٢٤ سەعات راپۆرتێکی، سەبارەت بەوەی چۆن دیبلۆماتکاران باسی سەرۆکی عێراق دەکەن، بۆ ئامادە بکات. دوای رۆژەک ٣ راپۆرتی بەدەست دەگات: یەکێک هی دیبلۆماتکارانی وولاتانی عەرەبی، یەک هی دیبلۆماتکارانی وولاتانی کۆمونیست، یەکیش هی دیبلۆماتکارانی وولاتانی رۆژئاوا.
هەر چەندە ئەوە کارو پیشەی ئێمە نیە بەلام بە چاو خشاندنێکی بە پەلە، بەو راپۆرتانە، بۆمان دەردەکەوێت کە عەبدول سەلام ٣ دەرەنجامی دەست کەوتبێت:
١. هەستکردن بە بلاوبوونەوەی ئەو بۆچوونە کە سیاسەتی عارف، چیتر، ئەو پالپشتیە بێ قەید و شەرتەی ئەو گروپانەی دەوروپشتی نەماوە. لە بارودۆخێکی لەمجۆرە هەمیشە پێشبینی ئەوە دەکرێ کە ئەمڕۆ یان سبەی کودەتایەکی عەسکەری بکرێت. لەبەر ئەوە وا باشە هیچ جۆرە بەلێن ئیلتیزامێک دەگەل رژێمی ئیستای عێراق نەبەسترێت.
٢. قەناعەتێکی گشتی بلاوە کە هەر بومەلەرزەیەکی سیاسی لە سەرکردایەتی عێراق، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە ژێر کاریگەری مەستەفا بارزانیە. لەم روانگەوە هەموو لەوە دلنیان کە سەرکردەی کوردەکان، هەر کەسێک و رژێمێک لە عێراق لە دەسەلات بێ، دەتوانێ پەیوەندی لەگەل کەسایەتیە گرنگەکان هەبێ کە پێشوەختە لە هەر جم و جۆلی و نیازی رژێمی ئیستای بەغدا ئاگاداری دەکەنەوە.
٣. دیپلۆماتکارانی رۆژئاواش وا هەست دەکەن کە موستەفا بارزانی لە رێگەی پەیوەندیە شاراوەکانی بە مسۆگەری پەیوەندی لەگەل کەسایەتیەکانی

حکــومەتی عێــراق هەیە و، دەتــوانێ پشــتیش بە یــارمەتیە بە نرخەکــانی بالوێزخانەی سۆڤیەت ببەستێت.
عـارف پـاش ئەوەی ئەو راپۆرتـانە هەلدەسـەنگێنێ و پـلەی گەرمـی ناوەنـدە دیبلۆماسیەکانی بەغدا دەپێوێت پشـتی خـۆی لێدەکاتەوە و هێـور دەبێـتەوە. ئەوەش بـووە مـایەی سەرسـوڕمانی راوێژکارەکـانی دەوروپشـتی کە وایـان دەزانـی و پێشبینیان دەکرد وەلامدانەوەیەکی توونـدو تیژ بنوێنێ. لە راسـتی عــارف لەو بــاوەڕەدابوو کە بۆچــوونی دیبلۆماتکــاران توونــدتر و زۆرتــر نەگەتیڤ بووایە، یان لەوانەیە بیزانیایە کە لەمە باشتر نەیدەتوانی بەرگری لە خۆی بکات، گەیشتبووە ئەو قەناعەتە کە نەیدەتوانی لەمە زیاتر بکات، ئەوەی دەیتـوانی، بـۆ رێگـری لە سـۆرپرایزی نەگەتیـڤ، کردبـووی، هەمـوو شـتێکی پێشوەختە خستبووە گەڕ. جگە لە چاوەڕوانی بژاردەی تری لەبەردەم نەبوو، چاوەڕوانی هەلێک بوو بۆ ئەوەی بەرهەمی سیاسەت و تاکتیکەکانی بڕنێتەوە. لەو باوەڕەدابوو کە رەفتارەکانی بە خێرو پۆزەتیڤ، لە لایەن رۆژئاواییەکان و ولاتــانی عەرەبــی، پێشــوازی لــێ دەکرێــت. هەرچەنــدە ئەوەش زیــانی بە پەیوەنـدیەکانی لەگەل یەکێتـی سـۆڤیەت دەگەیانـد کە پێشـتر لە خـالێکی زۆر خراپــدابوون. لەم حــالەتەش بیــری لەوە دەکــردەوە کە ئەوە ببێــتە هــۆی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان سۆڤیەت و "چەتە"کانی بارزانی.
ئەو دەرفەتە لە حوزەیرانی ١٩٦٥ هاتە پێشەوە، ئەوکاتەی هێزەکای ئاسایشی عێراق گروپێکی تێکدەری کورد، لە ناوچەی موسل، دەستگیر دەکەن کە جل و بەرگی عارەبیـان لەبەر کردبـوو. گـوایە عـارف بە وەزیـری بەگـری، نـاوخۆ و مـودیری ئەمنی گوتـووە "تاکتیکمـان دەگـۆڕین. باسـی کوردەکان نـاکەین یـان زۆر بەکەمــی". بــۆ ئەو مەبەســتەش قســەی خــۆی بــردە ســەر و رادیــۆ و تەلەفزیــۆن و رۆژنامەکــانی عێــراق بە بەربــلاوی باســی دەســتگیرکردنی "تیرۆریستە کۆمونیستەکانیان" کرد کە پیلانـی "رێگری و تێکدانی پلانەکـانی

پێشکەوتنی ئابوری پارێزگاکانی باکوریان هەبوو کە لە لایەن حکومەتی ناوەندی بڕیاری لەسەر درابوو". بە تایبەتی تیرۆریستەکان - تەماشاکەن چیتر نەیاندەتوانی ئینکاری ئەوە بکەن کە هەرچەندە کۆمونیستن بەلام کوردن – پیلانی ئەوەیان هەبوو کە ترس و تۆقین بلاو بکەنەوە، ئەوەش لە رێگەی زنجیرە پەلامار و تەقاندنەوە و کوشتنی ئەو کەسانەی کە بە ئاشکرا دژی پرۆژەی ئینفیسالی کوردەکان بوون.

بۆ ماوەی چەند رۆژ لەسەر یەک دەستە و دایەرەی عارف دەستی بە هەلمەتێکی پڕۆپاگەندەکرد، هەموو نهێنی و شتە وردەکانی پیلانەکەیان بلاوکردەوە، گەرەکیان بوو بە راستەوخۆ و بە بێ دوو دلی بەرپرسیاریەتەکە بخەنە ئەستۆی، نەک تەنها کۆمونیستە کوردەکان، بەلکو بیخەنە ملی شوعیەکانی عێراقیش. لێکۆلینەوەکانی هەوالگری و ئاسایشی بەغدا گەیشتبوونە ئەم دەرەنجامانە:

١. پارتی دیموکراتی کوردستان پرۆژەی جوداخوازی دەباتە پێشەوە، ئەوەش پێچەوانەی بەلێن و راگەیاندنەکانی مستەفا بارزانین کە دەلێ خەبات بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستان، لە چوارچێوەی کۆماری عێراق، دەکات.

٢. مەکتەبی سیاسی حیزبی شوعی عێراق، کە بە نهێنی کارو چالاکیەکانی ئەنجام دەدا، لە لایەن کوردە جوداخوازەکان، بە سەرۆکایەتی عەزیز موحەمەد، کۆنترۆل کراوە.

٣. کۆمونیستە کوردەکان، بە رێکەوتن دەگەل شوعیەکانی عێراق، شەڕێکی خیانەت لەگەل نیشتمان دەکەن، ئەوەش سود بە ئیمپریالیستەکان و زیان بە بە بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب دەگەیەنێت.

عارف لەسەر ئاستی دیبلۆماسی قەناعەتی وابوو کە کۆنترۆلی بارودۆخەکەی کردووەو بڕیاریدا سەرێک لە سوپا و بەرەکانی شەڕ بدات بەلکو بتوانێ ورەی لەشکرەکەی بەرز بکاتەوەو هانیان بدات هێرشێکی جەرگبڕ بکەنە سەر

کوردە یاخیبووەکان. لە سەردانەکەی وتارێکی حەماساوی لە بەرامبەر "٤٠ هەزار سەربازی قارەمانی لەشکری عێراق" کە لە دژی ئەو "چەتە و ڕێگرانەی لە پشتەوە خەنجەر لە نیشتمانی عێراق دەدەن" پێشکەش کرد و، پیرۆزبایی لە "سەربازە عێراقیە شۆڕە سوارو لە خۆ بوردوەکان" کرد کە "سەرکەوتنی بە پەلە و بە خێرای وەک بروسکەی هەور"یان لەو "خەباتە سەخت و دژوارەی ئیمپریالیزم نەخشەی بۆ دارشتووە" بەدەست هێناوە. بەلام لە راستی ئەو سەرکەوتنانە ئەسل و ئەساسیان نەبوو.

عارف کە گەڕایەوە بەغدا، لە وتارێک، رایگەیاند کە "مەعنەویاتی لەشکەرە قارەمانەکەمان ئەوەندە بەرزە دەگەوێتە بەرزی ئەستێرەکان"، لەبەر ئەوە "سەرکەوتن نزیکە"، دلنیایشدا کە "هەموو هەرێمی کوردستان لەژێر کۆنترۆلی سوپادایە". ئەو درۆ و دەلەسانە، دەمودەست، لە لایەن ووتەبێژێکی کورد لە پاریس بەرپەچ درایەوە و ووتی پێچەوانەکەی راستە، واتە هەموو کوردستان لەژێر کۆترۆلی پێشمەرگەیە و "حکومەتی بەغدا بۆمبی ناپالم، لە دژی پێشمەرگە و کۆمەلانی خەلکی سیڤیل، بەکار دینێ". ئەو گوتەبێژەی بارزانی دەلێ "ئەو رەفتارانەی بەغدا بوونەتە هۆی بەهێزکردنی ئیرادەی گەل و بزوتنەوەکەمان بۆ بەرگریکردن".

کوردەکان راست دەکەن، دەبابەکانی عێراق لە شاخە حاسێکان هیچیان پێ ناکرێت و مەحتەل دەبن و قەسابخانەکەش بەردەوامە. بەلام گۆڕانکاریەکی نوێ سەری هەلداوەو بارودۆخی عێراقیەکانی خراپتر و ناخۆشتر کردووە، ئەویش بریتیە لەوەی کە لەسەر لوتکەی چیاکان چەکی نوێ و کاریگەر بەدەست کوردەکانەوە بەدەرکەوتوون، تۆپ، هاوەن، قازیفە و...هتد کە زۆر بە زانایی و شارەزاییانە بە کاری دێنن. بە دلنیایەوە وادیارە ئەو شەڕکەرانەیان راهێناوە بەلام کێ ئەو چەکانەی پێداون؟ بەم چەکانە کوردەکان عەمەلیاتی

خەتر ئەنجام دەدەن، لە جیاتی بەرگری دەستیان بە پەلامار و هێرشکردن کردووە، هەندێجار عەمەلیاتی سەرسوڕهێنەر دەکەن.
کێ ئەم چەکانەی پێداون؟ بەغدا، بە گشتی، تۆمەتەکە دەخاتە ئەستۆی "ئیمپریالیستەکان" بەلام کوردەکان دەڵێن ئەوانە دەستکەوتی شەڕن و لە سوپای عێراق دەستمان بەسەر داگرتووە، بۆ نموونە لە کاتی هێرش بۆ سەر رەواندوز، نزیکەی ٣٠ کم لە سنوری ئێران دوورە، یا لە کاتی پەلاماردانی فڕۆکەخانەی موسل. دوو عەمەلیاتی زۆر بە غیرەت و پڕ مەترسی بوون. لە یەکەم کوردەکان لە ناکاو هێرشیان کردە سەر سەربازگەی شارەکە، رق و تۆلەی خۆیان لەو بەدبەختانە کردەوە کە لەوێ بوون. لەو شەڕی دەست و یەخەیە هەرچی چەک و تفاقی شەڕی ناو سەربازگەکە لە لایەن چەکدارەکانی بارزانی دەستی بەسەرداگیرا.
ئاشکرایە بە قسەی کوردەکان، دەستکەوتی شەڕن، بەلام تەنها بە قسە کافی نیە و ناتوانن قەناعەتمان پێ بهێنن کە ئەو هەموو چەکە مۆدێرنانە و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی شارەزا بەرهەمی شەڕبن. وا دیارە چەک و گوللە بە رێژەیەکی زۆر گەیشتوونە ناوچە جیا جیاکان. لەوانەیە لە ئەوروپای رۆژهەلات، بە رێگەی کەنالی جیا جیا، وەک ئێران و تەنانەت تورکیاش، گەیشتبن. لەوانەیە مەحال و بێسود بێت و بچینە ناو ئەو هەموو کەنال و کۆلانە تەسک و تریسکانە تاکو سەرەداوی ئەوەمان دەستکەوێت و چ لایەنێک ئەو چەکانەی رەوانە کردووە و بە چ رێگەیەک؟ ئەو هەموو روبارو جۆگەلانەی بە ژێر زەوی ئەم ناوچەیە رەتدەبن، بە تایبەتی ئەو سنورانەی کە هیچ دەزگایەکی ئاسایش سەری لێدەرناکات.
فاکتێکی نوێ و مسگۆر بریتیە لەوەی کە کوردەکان بەو چەکانە، تۆپ و هاوەنەکان، بۆ یەکەمجار دەتوانن لە دوورەوەش مەترسی بخەنە سەر

سـەربازگەکانی سـوپای عێـراق و پەلامـاری ڕێگاکـانی ئیمـداداتیان بـدەن و ڕێگەی گەیشتنی یارمەتیان لێ بگرن.
هەرچـی پەیوەنـدی بە ئاسـتی ڕاهێنـان و شـارەزایی تـۆپ هاویشـتنی کوردەکانەوە هەیە کەس باوەڕ بەوە ناکات کە گوایە لە لایەن ئەو ئەفسـەرە عێراقیـانەی، کە لە ئەکادیمیـا سـەربازیەکان خوێنـدویانە و ئەزمـونی باشـیان بەدەسـەت هێنـاوە و، چـووەنەتە ریـزی پێشـمەرگە و ڕاهێانیـان پێکـردوون. گومـانی ئەوە دەکرێـت کە ئەو کـۆمەک و ڕاهێنـانە لە نـاوچە هەمەڕەنـگ و پێکهاتەکانی قەوقاز گەیشتبێت، گوایە لاوانی کورد ڕوو لەم ناوچەیە دەکەن و لێرە لە لایەن ئەو ئەفسەرە کوردانەی سوپای سۆڤیەت ڕاهێنانیان پێدەکرێت.
عەبـدول سـەلام عـارف هەسـتی بەوەکـرد کە چەنـد ئەو بە توونـدی ڕوو بە ڕووی کوردەکـان ببێـتەوە ئەوەنـدەش ئەوان خۆیـان بەهێـز پیشـان دەدەن، ئەوەش جۆرە نەفرەتێکە کە لایەن فێلبازێک، "شێخی سۆر"، بەر سوپای عێراق دەکەوێـت. بـارزانی کـائینێکە کە لە بەرامـبەر هەر هێـرش و ڕاونانێـک وزەو تواناکـانی سـەد ئەوەنـدە دەکـات. بـۆیە هێرشـی ئەمجـارەی بەغـداش بە شکستەکی گەورە کۆتایی هات.
لە ناوەڕاستی تەموز دەنگۆی چـاوپێکەوتن و موفـاوەزات بلاوبـووەوە بەلام بـڤەیە و کەس، بە ئاشـکرا، نـاوێرێ باسـی بکـات. ئەو دەنگۆیـانە، زۆر بە هەستیاری، لە باخچە هەلواسراوەکانی هۆتێلە گران بەهاکانی سەر ڕوباری دیجـلە لە بەغـدا و مزگەوتەکـان، چایخانەکـانی شـاریع ڕەشـید و مەیـدانی مەنسـور، مەیدانی پێشـبڕکێ ئەسپسـواری، دەکەوتنە بەر گوێ. لەو شـوینانە ئەم دەنگە بە دەنگی شـەعب ناسـراوە بەلام لێرە پێی دەلێن "دەنگی ئیلاهـی". تەنانەت باسی ئەوە دەکرێت گوایە وەزیری نـاوخۆ، سـوبحی عەبدول حەمید، سەرۆکایەتی شاندی بەغدا دەکات. حەمید بەوە ناسرابوو کە لایەنگری جەمال عەبـدول ناسـر بـوو، بـارزانیش داوای لە ناسـر کردبـوو بـۆ نـاوبژیوانی و

دۆزینەوەی چارەسەرێک یارمەتیان بدات، جموجۆلیەکانی پشت پەردە، تاکو ئیستا بە نهێنی ماونەتەوە ونەناسین. راپۆرتەکی هەوالگری قاهیرە پشتی عارفی بە زەویدابوو بەلام پاش هەستانەوەی خۆی وا پیشان دەدا کە ئەم راپۆرتە هیچ بنج و بناوانی راستی نیە. لە راپۆرتەکە هاتووە کە گوایە ناسر، رۆژ دوای رۆژ، قەناعەتی بەوە هەیە پالپشتی لە عارف، بە دژی کوردەکان، نەکات. ئەوەش لە دوای ئەوە دێت کە هێرشەکانی بەغدا بۆ سەر کوردەکان هیچ سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و بووە هۆی لاوازکردن و هێنانە خوارەوەی ورەی سوپای عێراق و بە هەدەردانی سەرمایەکی زۆری مرۆیی، چەک و تفاقی شەڕ و دارایی وولات. بیرۆکەی ناسر، ناوبژیوانی کورد و بەغدا، لە لایەک متمانە و پالپشتی کوردەکانی بەدەست دەهێنا و لە لایەکی تریش هاوکێشەکەی بە زیانی ئێران و تورکیا دەگەڕاندەوە، ئەوەش، لەم بارودۆخە، بە قازانجی ئومەی عەرەبی تەواو دەبوو. بە واتایەکتر بەغدا ئەو مافانە بە کورد بدات کە لە شوباتی ١٩٦٤ بەلێنی پێدابوون و پاشەگەز بوو بووەوە، واتە ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچە کوردستانیەکان لە چوار چێوەی کۆماری عێراق و کوردەکانیش بەلێنی دلسۆزی بە نەتەوەی عەرەب بدەن.

عارف چەند سالە هەولی ئەوەی دەدا مامۆستاکەی، ناسر، تێبگەیەنێ کە ئۆتۆنۆمی داواکاریەکی لە خشتەبردنە، لە پشت ئەو پەردەیە پڕۆژەیەک خۆی حەشارداوە کە نیازی ئەوەی هەیە، هەر چۆنێک بێ، بە هەر شێوەیەک دەولەتێکی سەربەخۆی کوردستانی بونیات بنێن، بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش ئامادەن دەست بۆ هەموو تاکتیک و هاوپەیمانی و پاساوێک ببەن. عارف دەیویست قەناعەت بە ناسر بهێنێ کە هەر هەولدانێک بۆ گەیشتن بە رێکەوتنێک کورتبینیەکی یەکجار مەترسیدارە، لە دوور مەودا جیهانی عەرەبی باجە قورسەکەی دەدات. عارف لە پێشوو نەیتوانیبوو و، ئێستاش ئەو ئەرکە قورس و بێسوودە، نزیکبوونەوە لە کورد لە کاتێک رەشەبایەکی نوێ نزیک

دەبێتەوە. عارف هەستی بە زیادبوونی نەیارەکانی دەکرد کە چاوەڕوانی کات و ساتی لاوزیان دەکرد تاکو دەستی خۆیان لە دژی ئەو بوەشێنن.

ئەوەتە، جـارێکیتریش کودەتـای هــاوین هــاتەوە ســەر شــانۆ. ئامــانجی کودەتاچیەکان بریتیبوو لە دروستکردنی حکومەتێکی هاوپەیمانی کە بتوانێ کۆتایی بەشەڕ، لەگەل کوردان، بهێنێ. کوردە کۆمونیستەکانی ناو پ. د. ک. ئامادەبوون بچنە ناو ئەو هاوپەیمانیە بێجگە لە هەموو ئەو گروپ و پارتانەی کە لە لایەن عـارف قەدەغە کرابـوون. بە قسـە لە دوا هەنگاوەکـان کودەتـاکە پوچەل کرایەوە بەلام عارف گومانێکی کوشەندەی لا دروست بوو، ئەویش تۆ بلێی ناسر دەستی تیا نەبوو بێت؟ بۆیە ٦ وەزیری ناسرِی لە حکومەتەکەی دوور خستەوە، هەنگاوەکانی نزیکبوونەوە لە فیدراسیۆنی عەرەبی، مسر و سوریا و عێراق، خاوکردەوە، کە زۆر بە جدی هەولی بۆ دابوو، لە پڕ هەموو پەیوەنـدی و کۆنتاکتەکـانی لەگەل رەئـیس ناســڕ ســارد و ســڕکرد، لە لایەکیتریش هەموو جۆرە پەیوەندیەکی لەگەل نوێنەری بارزانی، شێخی سۆر، پچڕاند.

رای گشـتی عێـراق سـەری سـوڕماو واقـی وڕمـا، کەسـێکی وەک عـارف، لایەنگرێکی سەرسەخت و قوتابیەکی گوێ رایەلی ناسڕ، ئەوکەسەی هەموو شتێکی لە پێناوی ئەو کرد، بە شان و بالی هەلدەگوت و کردیە قارەمان و تا حەوت تەبەقەی ئاسمان بەرزیکـردەوە، بە جۆرێـک لە مسـڕ ئەم ناوبانـگ و هەیبەتەی نەبوو. عارف، ئەو کەس و لایەنگرەی بێ سێ و دوو پالپشتی لە ناسڕ دەکرد و ئەو کەسەی عەبدولکەریمی، برای هاوسەرکەی خۆی، کوشت تەنها لەبەر ئەوەی قاسم دژی هێجۆمۆنی ناسڕ بوو. عارف کابرایەکی لایەنگر و فەناتیقی ئومەی عەرەبی بوو، لە کۆنەوە بەغدا و قاهیرە لە ململانێ بوون لەسەر ئەوەی کێ سەرکردایەتی جیهانی عەرەبی بکات، عارف بە دلخۆشی و سینگێکی فراوان جلەوەکەی دایە دەستی ناسڕ. عارف ئەو سەربازە بوو کە

زیاد لە جارێک، لە پێناوی مامۆستاکەی، ریسکی بە ژیانی خۆی کردبوو، کەچی ئەوڕۆ ناچارە ئەو مامۆستایە تەلاق بدات، لە راستی ئەوە تەلاقی خۆی دەدات. ئەوەش، بۆ عارف، بڕیارێکی یەکجار تالە، زۆر خەمگینیە بەلام ناکرێت خۆی نەیکات و خۆی لێ بە دوور بگرێت. خەتای ئەو هەموو سەرگەردانی و نەهامەتیەی عارف نەعلەتی "شێخی سۆرە" کە لە رێگەی پیلان و سیخورەکانی توانی ئەو دۆستایەتیە دوورو درێژەی نێوان ناسر – عارف، کە وادیاربوو هەتا هەتایە بەردەوام بێت، هەلوەشێنێتەوە و تێک و پێکی بدات.

# کودەتا چاوەڕوان کراوەکە

سـەر ئێشـە و گرفت و بێ هیوابوون کۆتاییـان نەهـاتووە، عـارف جـارێکیتر دەکەوێـتە بەر شـەپۆلێکی مەترسـیدار، لە سـەرەتای مـانگی ئەیلـولی ١٩٦٥، ئەوکاتەی سەرۆک وەزیران تـاهیر یەحیا دەست لە پۆسـتەکەی دەکێشـێتەوە، عـارف ئەمجـارە کەسـێکی دڵسـۆزی خـۆی و بەناوبانـگ، جەنەڕال عـارف عەبدول ڕەزاق، دەستنیشان دەکات تاکو کابینەی نوێ پێک بهێنێ، ئەو کەسـە توانـایەکی بـاش و زۆری کـارکردنی هەبـوو، جێگەی متمـانەی عـارف بـوو و دەبوایە پشتی پێ ببەستێت و بتوانێ پارت و لایەنە مەترسیدارەکان تێکەڵاوی یەکتـر بکـات. بەڵام عـارف بژاردەیەکـی خراپـی هەڵبـژارد، عەبـدول ڕەزاق لە جیـاتی پێـک هێنـانی کـابینەی نـوێ زوو بە زوو بیـری لەوە کـردەوە چـۆن کودەتـای بەسـەر بکـات، بۆ ئەم مەبەسـتەش پشـتی بە ناسـریەکان بەسـت کە لەگەڵ عــارف کەوتبــوونە دوو بەرەی جیــاواز و دژ بەیەک. عەبــدول ڕەزاق پەیوەنـدی بە بەڕێـوەبەری پۆلیس، ئاسـایش و ئەکادیمیـای سـەربازی دەکـات بەڵام پـێش سـەعاتی سـفر عەبـدول ڕەحمـانی بـرای عـارف پێـی دەزانـێ و دەمودەست پلانی کودەتاچیەکان پوچەڵ دەکاتەوە و دەستگیر دەکرێن.

وەک دەردەکەوێـت ئەم کودەتـایە پەیوەنـدیەکی ڕاسـتەوخۆی بە کودەتاکـانی پێشـو هەیە، ئەوەش نیشـانەی ئەوەیە کە ناسـریەکان، بە ئاسـانی واز نـاهێنن. گوایە کودەتاچیەکان لە بەرنامەیاندا بووە حکومەتێک پێک بهێنن کە "دەرگـای بۆ کوردەکان کراوەبێت"، مانای وایە کە عارفیش، بە شێوەیەکی پەڕادۆکسـال،

خۆی لە دۆخی قاسم دەبینێتەوە، کە زۆر دژایەتی قاسمی کرد و تا ئەو رادەیەی بووە قاتیلی خالی مندالەکانی.

ناسرپیەکان دەبنە هاوپەیمانی کوردەکان، واتە ناڕاستەوخۆ دەبنە هاوپەیمانی کۆمونیستەکانی عێراق بۆ ئەوەی حکومەتی عارف بڕوخێنن. ئەوەش هەمان ئەو پرۆژەیە کە سەری قاسمی خوارد. گومانەکانی عارف، لە دژی ناسریەکان، زۆرتر و بەرجەستەتربوون لەم کاتەی هەندێ لەو کودەتاچیانەی دەستگیر نەکرابوون و رایان کرد و رویان لە قاهیرە کرد.

عارف، وەک دەلێ زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانجە، جێگرەکەی خۆی، عەبدول رەحمان ئەل بەزازی راسپارد کابینەیەکی نوێ پێک بهێنێ و دەستی بە هەمواری ریشەیی دەستوری عێراقکرد، لە ترسی پیلان و کودەتا دەسەلاتەکانی تەنفیزی زۆر کەمکردەوە. لە هەولی ئەوەدابوو کوردەکانیش ئاشت بکاتەوە، بۆیە بڕیاریدا دەستەواژەی "دەستور دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد، لە چوارچێوەی یەکێتی و برایەتی نیشتمانی، دەنێت" بەکار بێنێ. موستەفا بارزانی بەوە رازی دەبێت؟. کێ دەزانێ کە ئاخۆ ئەو هەنگاوەی عارف "شێخی سۆر" رازی دەکات واز لە هاوپەیمانی لەگەل ناسریەکان بهێنێت و، ئەم هەلە بقۆزێتەوەو بیر لە قۆناغی ئاشتی، لەگەل بەغدا بکاتەوە...!! عارف توشی بێ هیواییەکی گەورەتر بوو، بارزانی هیچ نرخ و بەهایەکی بە هەلوێست و نەرمی سەرۆک کۆمار نەدا. بارزانی رایگەیاند کە "لە دەستور هیچی نوێ نیە، تەنها قسەی رۆتینیات کە هیچ ئیلتیزاماتێکی جدی تیا نیە کە حکومەت ئەرکدار بکات". لەوەش زیاتر بارزانی عێراقیەکانی شەرمەزار دەکرد بەوەی لە کوردستان دەستیان بە شەڕی بەکتریۆلۆجییش کردووە، "ئەوەش رەفتارێکی ترسنۆکانە و بێ ئەخلاقیە کە بە خەیال بێت".

لە راستی دەنگۆی بەکارهێنانی چەکی بەکتریۆلۆجی، لە دژی کورد، ماوەیەکە بلاو بۆتەوە. یەکەم کەس کە باسی کرد جەنەڕالێکی تورک بوو بە ناوی سۆن

هڤـادیس – Son Hvadis کە گێڕابـوویەوە گـوایە هەزار پێشـمەرگە گیانیـان لەدەست داوە، ئەوەش پاش ئەوەی ئاویـان خواردبووەوە کە لە لایەن پسـپۆر و شارەزاکانی عێراق ژەهـراوی کرابـوو. کانی و جۆگەلە و کارێز و روبـارو بیرەکان ژەهـراوی کراون. رۆژنـامەیەکی تـورکی باسـی ئەوەشـی کـردووە کە عێراقیەکـان هەزاران مشـکیان بە ڤایرۆسـی تیفۆ کوتـاوەو لە ناوچەکـانی ژێـر دەسەلاتی کوردەکان بلاویان کردونەتەوە.

ئێسـتا لە مـانگی ئۆکتـۆبەرین، بەرەو زسـتان نزیـک دەبیـنەوە، لە بەغـدای پایتەخـت، لە لایەک هەسـت بە هیـوای نـوێ و، لە لایەکیتـریش هەسـت بە خـۆ هەلخەلەتاندن، دەکرێت. هـاتنی بەفـر رێگـاو بانەکـانی نـاوچە حاسـێکانی بـاکور دادەخـات، ئەوەش دەبێـتە هـۆی ئەوەی کە سـەرۆکایەتی ئەرکـان پشـویەکی ئیلاهی بدات و لەم ماوەیەش پلانی هێـرش و پەلامـاری نـوێ دابڕێژێت. بەلام ئەمجارەش عارف حیساباتێکی هەلەی کرد، لە خەوێکی قول بە خەبەریان هێنا و هەوالی پەلاماری لە ناکاوی کوردەکانیان، لە ناوچەی کـارەدان / قەرەدان – قەرەداغ؟ Karadan پێراگەیانـــد کە زەڕبەیەکـــی گەورەیـــان لە ســـوپای عێراقـدابوو. ژمـارەی کـوژراوانی لەشـکری بەغـدا لە حیسـاب نەدەهـات، کوردەکـان دەسـتیان بەسـەر مەخزەنـی چەک و تەقەمەنیـداگرت، بە کـورتی تالانێکی زۆریانکرد. دەمودەست بەغدا هێرشی پێچەوانەی دەست پێکرد بەلام ئەمجارەش عەبدول سەلام ناچار بوو پاشەکشە بکات، دەنگۆی کودەتایەکیتر بلاوبووەوە، سەرکردەکانی سوپا، بەبێ بەشداری کەسـانی سیڤیل پلانیـان بۆ دانابوو. ٣٠ ئەفسەری سوپا دەستگیر دەکرێن، بەبێ هیچ پرۆسەیەکی دادگایی چارەنوسیان نادیارەو کەس نازانێ چیان بەسەر هاتووە.

عـارف بڕیاریدا، پێش بەفـر بـارین و داخسـتنی رێگاکـان و لە پەلوپۆ کەوتنـی لەشـکرەکەی، هێرشـێکی گەورەو فـراوان بکـات، بە هیـوای ئەوەبـوو جـۆرە سەرکەوتنێک بەدەست بێنێ و پاشـان داوای موفـاوەزات لە موسـتەفا بـارزانی

بکات و لە مەوقیعێکی بەهێز و بالادەستی دانوستاندن بکات. لە سەرەتای نۆڤەمبەری ١٩٦٥ فەرمان بە سوپا دەدات هێرش بکەن و بە هەر نرخێک بێت بەرزاییەکانی ڕەواندوز داگیر بکەن، کە شوێنێکی ستراتیجی گرنگ بوو[٣٤]، لێرەوە کوردەکان کۆنترۆلی شارەکەیان دەکرد. بەلام "هەلۆکانی بارزانی" کە بە بەردەوامی لە کەپک و لوتکەکان حەرەساتیان دەگرت هەستیان بە جموجۆلی سوپا، پێشوەختە، کرد و سیحری پەلاماری لە ناکاویان بە تالکردەوە، ریسەکەیان لە عارف کردەوە خوری. پێشمەرگەکان خۆیان شاردەوە و کەمینیان لە سوپای عێراق داناو سەبر سەبر لەشکری بەغدا دەچووە پێشەوە، لە ناکاو دیتیان لە هەموو لایەک دەورە دراون. شەڕەکی دەستەو یەخەی خویناوی دەستی پێکرد، هەرچەندە سوپای عێراق بە فڕۆکەو دەبابە و تۆپی دورهاوێژ کۆمەک دەکرا بەلام لەگەل ئەوەش زۆر خراپ شکا و بەزین و هەلاتن. دەلێن "شێخی سۆر" بە خۆی سەرکردایەتی ئەو شەڕەی کردووە، خەونی عارفی دزی، ئیستا ئەو لە مەوقیعی بەهێزیدایە و سەقفی داواکاریەکانی زیاد دەکات[٣٥].

لە بەغدا دان بە شکستەکە نانێن، دەلێن زستان بیت یان نا هێرشەکە دەبێ بەردەوام بێت.

ناوچەی شەڕ و پێکدادانەکەی ڕەواندوز، بە پێچەوانەی هەموو پێشبینیەکان، فراوان دەبێ و، کوردەکان، سوپاس بۆ گورج و گۆلیان، بە ئاسانی دەتوانن لەو شاخ بۆ ئەو شاخ بچن، سوپای عێراق ناچار دەکەن تا سەر سنوری ئێران بچێتە پێشەوە. کوردەکان ئەو پێشڕەویەی سوپای عێراق بە دەستکەوتێکی ستراتیژی دەزانن.

[٣٤] وا دیارە نووسەر مەبەستی شەڕ – داستانی چیای کۆرەک بێت، و.

[٣٥] بە پێی ئەو زانیاری و بەلگانەی تاکو ئەمڕۆ بلاوکراونەوە نە مەلا مستەفا و نە کوڕو کەسە نزیکەکانی بەشداری راستەوخۆی هیچ شەڕێکی دەستەویەخەیان نەکردووە، و.

تاران، لە بەرامبەر ئەو جموجۆلانەی سەر سنور و لە ئەگەری بەزاندنیان، نیگەرانە، لە زۆر گوندەکانی سەر سنور دەنگی تۆپ دێت، لەبەر ئەوە ئێران، بە درێژایی سنوری لەگەل کوردستانی عێراق، لە بەندەری خورەم شەهرەوە بگرە تا پالاوتگەکانی عەبادان لەشکری خۆی بلاودەکاتەوە بۆ ئەوەی ئامادەی هەر ئەگەرێکبن. ئەو رەفتارانەی تاران عارف تورە دەکات. لە بەغدا دەلێن حکومەتی تاران هیچ هەنگاوێکی نەناوە تا رێگە لە کوردەکانی ئێران بگرێ و یارمەتی و کۆمەکی کوردەکانی عێراق نەکەن، هیچی نەکردووە بۆ ئەوەی رێگە لەو دەست و تاقمانەی، کە لە لایەن هیزەکانی بەغدا راونراون، بپەڕنەوە و پەناگاو حەشارگە لە خاکی ئێران بدۆزنەوەو کۆمەکیان لە لایەن کوردەکانی ئەو دیو بەدەست بگات و، تا ئێستا هیچی نەکردووە بۆ ریگریکردن لە "بەیەکدادانە مەترسیدارەکانی سەر سنور".

بۆیە عارف هۆشداریەکی توندی دایە ئێران و گوتی "سەبرمان گەیشتۆتە سەر ئێسقان"، چیتر رێگە نادەین "هیچ جۆرە دەستدرێژیەک بکرێتە سەر سەروەری خاکەکەمان یان هیچ جۆرە دەستوەردانێک لە کاروباری نێوخۆی عێراق بکرێت".

لە ناوچەکانی شەڕ، وەک ئاشکرایە، سوپای عێراق رانەهاتووەو بەرگەی سەرما و سۆلی زستان ناگرێت و رۆژ دوای رۆژ توشی شکست و دۆڕان دەبیّ. لە جانیوەری ١٩٦٦ لەشکرێکی عێراق، کە لە دوو هەزار سەرباز و ئەفسەر پێکهاتبوو، لە لایەن جەنگاوەرە کوردەکان دەورەدران، لە شەڕێکی گەورە بێ هیوا بوون، هەولیاندا خۆیان رزگار بکەن بەلام هەولەکانیان بێسود بوو، یاخیبووەکان بێویژدانانە پەلاماریان دەدەن و تەقەیان لێ دەکەن، ئەوکاتەی تۆپ و تەیارە دێنە فریایان، تاکو رێگەیەکیان بۆ بکەنەوە، هەر چەند سەد کەسێک رزگاریان دەبێت. عارف لە تورەبوون ئاگای لە خۆی نامێنێ و پەنجەی تۆمەت بۆ ئێران درێژ دەکات و، تەنانەت سەرۆک وەزیرانی

تـاران بەوە تۆمەتبـار دەکـات گـوایە بە نهێنـی چـاوی بە بـارزانی کەوتـووەو ڕێگەی پێداون تاکو تۆپ و هاوەنەکانی لەنـاو سنوری ئێران، لە دژی بەغدا، بەکار بهێنن و دڵنیاشی کردوون لە گەیاندنی چەک و تفاقی شەڕ.
تـــاران، زۆر بەتوونـــدی، بەرپەچـــی ئەو تۆماتـــانە دەداتەوە بەلام گومانیـــک دروســت بـووە ســەبارەت بەوەی ڕۆژنامەکـانی ئێـران بە گڕوجـۆش باســی شەڕو پێکدادانەکان بلاودەکەنەوە بە جۆرێ، ئێستا، بوونەتە تاکە ســەرچاوەی زانیـــاری لەمەڕ ئۆپێڕاســیۆنەکانی ســـەر ســنوری هەردوو وولات. هەوالـــی ئەوەش دەگەن کە پێشــمەرگەکانی بــارزانی، ڕۆژانە، زیــانی زۆر بە ســوپای عێراق، دەگەیەنن، لە لیـوای سلێمانی لەشکری بەغدا هەر خەریکی ڕاکـردنە، ژمـارەیەکی زۆر لە گونـدەکان کەوتـونەتە دەست چەکدارانی کورد، لە نزیـک پێنجوین کوردەکان بۆسـەیەکیان دانـاوەو ٢٠٠ سـەرباز و چەکداری عێراقیـان کوشـــتووە، ٣ فڕۆکەیـــان خســـتۆتە خـــوارەوە، ٥٠ جێـــب و ٥ مـــودەڕەعە و کەلـوپەلێکی زۆریـان کەوتـۆتە بەردەسـت. جگە لەمـانە کوردەکـانی ئێـرانیش هەلوێستی گرنگ و مانادارین پیشانداوە، گوایە بەلێنی شـەڕەف و سـوێندیان بە خـــوێن خـــواردووە کە بەرگـــری لە خـــاکی ئێـــران بـــکەن و لە دژی هەر پەلامارێکی دەرەکی خۆیان ئامادەکردووە.
ئەو چـــالاکیە، لە لایەک، ئێرانـــی لە تەدەخـــولکردن بە دوور دەگـــرت و، لە لایەکیتریشــەوە ئەوەی دووپـات دەکـردەوە کە بـارزانی دەتـوانێ پشــت بە براکـانی ئەو دیـوی سـنور ببەسـتێ و، لە ڕاسـتی هێزەکانی، وەکو پێشـان، بە چەتەو ڕێگر ناچن بەلکو لە ئاکارو ڕەفتار بە سـوپایەکی ڕاسـتەقینە دەچن کە خاوەنی تفەنگی ئۆتۆماتیک، هاوەن و ڕەشاش، دۆشکەی کاریگەرن کە توانای ئەوەیان هەیە فڕۆکەکانی عێراق تێک و پێک بشکێنن.
شـێخی سـۆر، لە بەرامـبەر هاوکـاری کوردەکـانی ئێـران، هەسـت بە بەهێـزی دەکـات، ڕۆژانەش ژمـارەیەکی زۆر ســەرباز و ئەفســەر فیـرار دەکەن، بـۆیە

هێزەکانی بۆ قولایی دەجولێنێ و هەڕەشە لە کەرکوکیش دەکات. پاش زنجیرە سەرکەوتنێکی خێرا پێشمەرگە دەورەی شاری سەید سادق؟ – Said Fadegh دەدەن، مەبەستی سەرەکیان شاری نەوتەکەیە بەلام ڕێگەیان لێدەگیرێت، بەغدا زۆر بە بلاوی گازی ژەهراوی بەکار دێنێ. لە بەغداش مەکینەی پڕۆپاگەندە کەوتۆتە کار و هەولدەدات باوەڕ بە هاولاتیان بێنێ کە "هێرش بۆ سەر یاخیبووەکان بە سەرکەوتوویی بۆ پێشەوە دەڕوات". عارف پێویستی بەو سیناریۆیە هەیە، پێویستیەکی دڕاماتیک تا بتوانێ نەیارەکانی، لە بەغدا، هەلخەلەتێنێ کە خەریکی دانانی پلانی مەترسیداربوون. عارف لەسەر هەموو وەتەرەکان یاری دەکرد، لە کۆتایی بڕیاریدا خۆی لە مۆسکۆ نزیک بکاتەوە. لێرەدا بارزانی، دەست و برد، هەولی لەباربردنی جولەکانی عارف دەدات، بۆ ئەم مەبەستە یاداشتێک بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، کۆمیتەی مافی مرۆڤ و کۆمیتەی خەبات لە دژی کۆلۆنیالیزم ڕەوان دەکات.

مستەفا بارزانی لەم دۆکۆمێنتە باسی ئەوە دەکات کە هەموو ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا هەولیانداوەو ئێستاش بەردەوامن لە شەڕی کۆمەلکوژی، ڕاتیسیزم و شۆڤینی لە دژی ئێمە. "گەلی ئێمە قوربانی سیاسەتی نەژادپەرستی نەفرەت لێکراوە. بە پاساوی سەرکوتکردن عێراقیەکان کۆمەلکوژی ئێمەیان کردووە، گوندەکان تالان دەکەن و ئاگر لە مال و بەرهەمەکانمان بەردەدەن، خانوەکانیان بەسەر ژن و مندال و پیرەکان روخاندووە. ......سیاسەتی نەژادپەرستی عێراقیەکان هیچی کەمتر نیە لە هی حکومەتی ئەفریقای باشور و ڕۆدێسیا (زیمبابۆی ئێستا، و) ".

ئاماژەکردن بەو دوو حالەتە کە ئەمینداری گشتی، یو سان – U Than، زۆر گرنگی پێدەدان لە ئەفریقا، لەبەر ئەوە نەبوو کە لە بارودۆخێکی تراژیدی و خراپتربن لەوەی کوردستان، ئەوە وەک پەلارلێدانێکی بە ئەنقەست بووە. ئەوەتە بارزانی، شێخی سۆر، لە یاداشتەکە، زیرەکانە و وەک تەحەدایەک

باسی ئەوە دەکات، یو ئێن میراتگری کۆمەڵەی گەلانە – League of Nations کە لە ١٦ دیسەمبەری ١٩٢٥ دانی بە مافەکانی گەلی کورد ناوە، کەچی ئێستا تێناگەین بۆ دەبێ ئەمرۆ – شوباتی ١٩٦٦ – ئەو رێکخراوە گەورەی جیهان نەتوانێت دان بە هەمان ئەو مافانە بنێت؟ کوردەکان – لێرە بارزانی بە زیرەکی تەگەرە سیاسی و قانونیەکان بە لاوە دەنێ – تەنها داوای ئۆتۆنۆمی، لە چوارچێوەی کۆماری عێراق، دەکەن و داوای سەربەخۆیی ناکەن[٣٦].

پاشان ئەوەی بە بیر هێنایەوە کە گەلی کورد زمان و ترادیسیۆنی خۆی هەیە، بارزانی بەرپەچی تێزەکانی بەغدا دەداتەوە کە دەڵێن دۆزی کورد کێشەیەکی ناوخۆیە و هیچ کەس و لایەنێکی بێگانە بۆی نیە، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، خۆی تێ هەڵقورتێنێ. بارزانی دەڵێ ئەو تێزانەی حکومەتی عێراق هیچ بناغەیەکی قانونی نێودەولەتیان نیە و شایانی پاڵپشتی لێکردن نین، ئەوەتە کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٥ خۆی بە مەسەلەی کوردی عێراق (ویلایەتی موسڵ، و) خەریک کردووە و هەڵوێستی هەبووە. کەواتە نەتەوە یەکگرتووەکان مافی ئەوەیان هەیە و پێویستە لەم دۆزە بکۆڵنەوە و، ئەوەتە یو ئێن بۆتە سومبولی کۆتایی هێنان بە سەردەمی کۆلۆنیالیزم.

لەم قۆناغی کۆلۆنیالیزمە عێراق نمونەیەکی یەکجار نەگەتیڤ و ماڵوێرانیە و بارزانی دەڵێ "حکومەتی عێراق خەریکی بردنە پێشەوەی پلانی جینۆسایدی گەلی کوردە. سەرۆکایەتی ئەرکانی عێراق تاکتیکی کوشەندە بەکار دێنێ، هەموو هێزی سەربازی خۆی لە کوردستان کۆکردۆتەوە، بە دەبابە و تۆپ و تانکەکان، بۆمبای ناپاڵم و ئەوانەی دەبنە هۆی سوتاندن و کاولکاری بەکار دێنێ و دەیانەوێت ناوچەکەمان خاپور بکەن و بیکەنە بیابانێکی چۆل و هۆل".

[٣٦] ئێمە لە ساڵی ١٩٩٣ کتێبێکمان بە زمانی ئیتالی بلاوکردۆتەوە، لێرە بە درێژی باسی ئەرکە قانونی و ئەخلاقیەکانی یو ئێنمان کردووە سەبارەت بە دۆزی کورد. بنوارە د. جاسم خۆشناو، مەسەلەی کوردو یاسای نێودەولەتان، سلێمانی، ٢٠٠٢، لل ٥١٢، بەشی چوارەم، لە لل ١٩٧ – ٢٧٥

لە یاداشتەکەی بارزانی ئاماژە بە چەند فەرمانێکی عەسکەری کراوە کە ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە لە پێشەوە ئاماژەیان پێکراوە. لیستی ناوی ٢٦٨ گوندی کوردنیشنی لەگەلە کە لە پارێزگاکانی کەرکوک، سلێمانی، هەولێر، موسل و دیالە وێران کراون.

یاداشتەکە ئەوەش شەرمەزار دەکات کە حکومەتی بەغدا هۆزە عەرەبە بەدەویەکان لە گوندەکانی کورد نیشتەجێ دەکات و رێگە نادات کەلوپەلی تەندروستی بگەونە ناوچە کوردنشینەکان.

لە کۆتایی بارزانی داوا لە یو ئێن دەکات بە زووترین کات کۆمیسیۆنەکی لێکۆلینەوە بنێرێتە ناوچەکە و لە راستی و دروستی ئەو تۆمەتانە بکۆلێتەوە. بەلام بە داخەوە نەتەوە یەکگرتوەکان، لەبەر ئەفریقای باشور و رۆدیسیا، لەسەر کوردستان کاتیان بە فیرۆ نادەن.

عارف لە دژی هەولەکانی بە نێودەولەتیکردنی دۆزی کوردە و لەو کاتەی لەشکرەکەی رۆژانە، لەبەرامبەر شورەی پۆلایینی پێشمەرگە، شکست لە دوای شکست تۆمار دەکات لە نیسانی ١٩٦٦ براکەی رەوانەی مۆسکۆ دەکات ئەوەش دوای ئەوەی سۆڤیەت رەزامەندی ئەو سەردانەی پیشاندا. عارف داوای لە براکەی کردبوو، بە هەرشێوەیەک بێت، لە گەل سۆڤیەت بگەوێتە جۆرە رێکەوتنێک، چ لەسەر ئاستی دیبلۆماسی یان بەدەست هێنانی گرێبەستی چەک و کەرەسەی شەڕ یان وەرگرتنی قەرز و، نابێت بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە. ئەمەش بۆ ئەوە بوو تاکو هەیبەتی حکومەت بەرز بکاتەوە، هیوایەک بداتەوە سوپا و سیاسی و رای گشتی نێوخۆ، لە کاتێک هەموو لایەک قەناعەتیان وابوو کە چیتر ناتوانرێ پالپشتی لەم بارودۆخە بکرێت.

# مردنی عەبدول سەلام عارف
# لە روداوێکی تەمومژاوی فڕۆکە

عەبدول رەحمانی برای عەبدول سەلام بە پەلە گەڕایەوە بەغدا، شەوی ١٤ نیسانی ١٩٦٦، ئەو کاتەی میوانی وەزیری بەرگری سۆڤیەت، مارشاڵ مالینۆڤسکی[٣٧] بووهەوالی مردنی براکەی پێگەیشت کە رۆژی پێشتر لە روداوێکی تەمومژاوی بە کەوتنە خوارەوەی فرۆکەکەی گیانی لەدەست دابوو، تاکو ئێستاش هۆی ئەو روداوە ئاشکرا نەکراوە.
لە شەوی ١٤ نیسان، شەوێکی مانگە شەو بوو، ئەو شەوەی با هەورەکانی بە خێرایی دەجولاندەوە سەرۆک کۆمار بە هەلیکۆپتەرێکی گەورە، لەگەل ٣ فڕۆکەوان و، وەزیری پیشەسازی، مستەفا عەبدول تەها، وەزیری ناوخۆ عەبدول لەتیف ئەل دەراجی و ٧ کەسیتر لە گەڕانەوەی سەفەرێک بوون. لە ئاهەنگێکی میللی لە گۆڕەپانی شاری ئەل قورنە، لە پارێزگای بەسرە، لێرە سەرۆک کۆمار وتارێکی حەماساوی پێشکەشکرد و داوای پالپشتیکردنی سوپایکرد لە شەڕی دژ بە یاخیبووەکان. بە دەنگێکی زولاڵ وتی "لەم کات و ساتە تەبایی و یەکڕیزی هەموو توێژەکانی کۆمەلانی خەلک، لە دەوری سیاسەتی وەحدەی وەتەنی، زۆر پێویستە". بەلێنی ئەوەشی دابوو کە "دوای سەرکەوتن بەسەر ئەو قۆناغە دژوارە خێرو بێر، ئاشتی و سەقامگیری روو لە هەموو عێراقیەکان دەکەن".

---

[٣٧] Rodion Jakovlevic Malinovskj

سەردانەکەی عارف بۆ بەرەکانی شەڕ، ئەگەر لە لایەک بوو بێتە بەرزکردنەوەی ورەی سوپاکەی ئەوە لە لایەکەیتر رق و تۆڵەی کوردەکانی زیاتر کرد.
تراژیدیاکە بریتی بوو لەوەی کە ئەو هەلیکۆپتەرەی سەرۆک کۆماری لە ناودابوو بە تەنها نەبوو، دوو هەلیکۆپتەریتریش یاوەریان دەکرد، لە گەڕانەوە، لە ناوچەی "هۆڕ ئەل حەمار"، لە نزیک ئەو شوێنەی هەردوو روباری دیجلە و فورات یەک دەگرن، کەوتە خوارەوە. لە راستی ئەو کاتە رەشەبایەکی لماوی لە ئارادابوو، دەسەلاتدارانی بەغداش بە درەنگی هەواڵەکەیان راگەیاند و هۆکارەکەشەیان بۆ ئەو رەشەبایە گەڕاندەوە. بەلام بۆچی ٢ هەلیکۆپتەرەکەیتر بە سەلامەتی دەرچوون؟ ئەوەی گومانەکان زۆرتر دەکات هەمان رۆژ دەنگۆی پوچەلکردنەوەی هەولی کودەتایەکیتر، بە سەرۆکایەتی ئەفسەرانی، وەک سەیدی سەلیبی Saidi Salibi و عەبدول حەمید قادر ئەل سامەڕائی، بلاوبووەوە. هەندێکیش دەلێن بە چاوی خۆمان دیمان ئاگر لە هەلیکۆپتەرەکە بەربوو، هەندێک دەلێن گوێمان لە تەقینەوەیەکی بەهێزبووە، هەندێکیتر باوەڕیان وایە بۆمبێکی تەوقیتکراو لە ناو فڕۆکەکە تەقیتەوە. کوردەکانیش، لە لای خۆیان، دەیانەوێت مردنی عەبدول سەلام بکەنە دەستکەوتی خۆیان و شانازی پێوە بکەن، بۆیە رادیۆی نهێنی بەناو دەولەتی سەربەخۆی کوردستان رایگەیاند کە براکەی بارزانی، شێخ حمید Amid (شێخ ئەحمەد، و) ئەو زالمەی لەناو بردووە.
عەبدول سەلام عارف بە ٤٥ سالی رۆیشت، ژیانێکی پڕ هەلبەز و دابەز، زوو زوو قسەی دەگۆڕی، تا رادەیەک سەر لێشێواو بوو، ژیانی نەک تەنها دراماتیک بوو بەلکو بێوێنە – ئیستیتسنائی، بوو. حەقی خۆیەتی بە چەند دێرێک باسی بکەین. عارف کەسێکی موسلمان بوو و تا رادەی فەناتیق بوون پەیڕەوی ئاینەکەی دەکرد، لە ریزی سوپا گەورە بوو بوو و پێگەیشتبوو، لە

گەل سەرکردەی لیواکەی، ژەنەڕال عەبدول کەریم قاسم، پلان و پرۆژەی کودەتای ١٤ تەموزیان، داڕشتبوو و بە شێویەکی تراژیدی رژێمی پاشایەتیان روخاندو مەلیک فەیسەل و داروودەستەکەیان لەناوبرد. عارف جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆی کۆمارە ساوایەکەبوو بەلام هەر زوو ناکۆکی، لەنێوان خۆی و قاسم، تەقیەوە. قاسم سیاسەتێکی نەرمی گرتبووە بەر و نەیدەویست خواستی ناسریەکان دەمودەست جێبەجێ بکات، لەبەرە ئەوە عارفی لە چەقی دەسەلات دوور کردەوەو کردیە بالوێز و رەوانەی بۆنی کرد لە ئەلمانیای رۆژئاوا، بەلام عەبدول سەلام بەوە رازی نەبوو، بێ رەزامەندی حکومەت، بە نهێنی، گەڕایەوە بەغدا. عارف زیاد لە جارێ گیراوە، حوکمی سێدارە یان زیندانی ئەبەدەی بۆ دەرچووە، هەموو جارەکان قاسم بڕیاری لێبووردنی بۆ دەرکردووە. عارف لەسەر بۆچوونەکانی سور بوو، زۆر بە جەربەزەیی هەولیدا، لە کۆتایی رژێمی قاسمی روخاند و ئەوکەسەی چەند جار گیانی لە مردن رزگارکردبوو، بێبەزەیانە لە کورسی هێنایە خوارەوە و کوشتی.

عارف ئەو رۆژەی هاتە سەر حوکم روو بەڕووی هەمان ئەو بارودۆخ و گرفت و ئالانگاریانە بووە کە پێشتر بوونە هۆی لاوازی و روخانی قاسم، سودی لە ئەزمونی پێش خۆی وەرنەگرت، هیچ رەفتارێکی گەورەی دەولەتداری پیشان نەدا، وا هەست دەکرا کە شیعاری "دڵ رەقی و بێبەزەیی خاسیەتی پیاوی بەهێزە" پەیڕەو بکات، هیچ کات بە بیری نەهات، گومانێکی بچوکیشی بۆ دروست نەبوو، کە ئەو خاسیەت و رەفتارانە هی گیانلەبەر و مرۆڤە لاوازەکانن. عارف لەو سیاسەتە چی بەجێ هێشت؟ وولاتێک کەوتۆتە سەر چۆک، لە ئەنجامی شەڕی کوردستان، پیلانی کۆشک، هەلی کودەتاکان، ململانێی بالەکانی حیزب و حکومەت، سەرەڕای سامانی نەوت ئابوریەکی

داتەپاو وقەیرانەکانی کۆمەلایەتی کۆمەلگایەکی هەژارو دواکەوتووی لە دوا بە جێما.
لەم بارو دۆخە، بە ئاسانی، پێشبینی ئەوە دەکرا کە لە دوای عارف وولات بکەوێتە قۆناغ و قەیرانێکی یەکجارمەترسیدار بەلام زیرەکی سەرۆک وەزیران، ئەل بەزاز، رێگەی لێگرت و توانی کۆنترۆلی دۆخەکە بکات، یەکسەر بڕیاری داخستنی فرۆکەخانەکانی دا، مەنعەتەل جەولی راگەیاند، عەسکەری لە شوێنە هەستیارەکان بەغدا و بەسرا و شارەکانیتر بلاوەپێکرد. ئەوە بەزاز بوو، بە دەنگێکی پڕ حەماس و راستگۆی، هەوالی کۆچی دوایی عارفی راگەیاند، وتارەکەی کاریگەری زۆری لەسەر دانیشتوان دروستکرد. هەوالەکە، بە راستی، دڵ و دەروونی خەلکی، بە تایبەت هی بەغدا، هەژاند و وا هەست دەکرا بە لە دەستدانی عارف گیانی برایەتی لەناو گەلی عێراقی ماندوو و شەکەت بلاودەبێتەوە.
مەراسیمی هێنانی کەژاوەی جەنازەی عارف بۆ گۆڕەپانی ئەل شەواف، ئەو ئەفسەرەی سەرکردایەتی یاخیبوونی موسلی کرد و لە مارسی ١٩٦٠ (لە راستی ئازاری ١٩٥٩ بوو، و) و لە لایەن قاسم دامرکاندرایەوە، سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوو. لەم کاتەدا وا هەستم کرد کە ناوی عەبدول سەلام عارف دەکەوێتە ناو مێژووی عێراق، پاشان هەستەکەم بوو بە مسۆگەر، ئەوەش لەدوای لە قەبرنانی عارف لە "مزگەوتی خان ضاري" لە ئەبو غرێب. ئەوەش نیشانەی رێزلێنان بوو، تەنها ئەو ئیمتیازە دەدرایە ژمارەیەکی زۆر کەم لە جەنگاوەرانی – موجاهیدی ئیسلام.

# بەشی دەیەم

# شەڕی بە وەکالەت

# وەحی – پەیامی روباری دیجلە هاتەدی

زۆرجار بۆیان باسکردوم کە لە بەرەی چەپی روباری دیجلە زۆربەی موسولمانی سوننە دەژین، لە بەشی راستەکەش بە زۆری شیعە. بە قسەی کەسانی شارەزا ئەوەندە بەسە تەماشای رەفتار و خولق، تورەبوون یان دڵخۆشیان، بکەی تاکو پێشوەختە بزانی چی لە ئارادایە و ئاراستەی روداوە سیاسییەکان بە چی دەگەن. بەلام لە راستی، ئەو قسە و ئامۆژگاریانە، بناغەیەکی عەقلانیان نیەو تەنانەت پیاوانی هەوالگری، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو رژێمەی لە دەسەلاتە، پشتیان بەو قسە و قسەلۆکانە نابەستن و بە هەندی وەرناگرن. لێرە، لە عێراق، کودەتاکان، هەروەکو گۆڕینی کابینەی حکومەتەکان، دورخستنەوە و پلە بەرزکردنەوە و دادگایکردنی نەیارەکان، وەک هەورە بروسکە دێن و دەڕۆن. وەختی خۆی، سەردەمی پاشایەتی، ئەوها نەبوو، هەرچەندە ئەوێ رۆژێ و ئێستاش ٣ سەنتەری تێکەلاوبوونی شیعە و سونە هەیە، ئەوانیش وێستگەکانی قیتارن، ٢ لەوانە لە باکور و رۆژهەلاتن لە بەشی چەپی دیجلە و ئەویتریش لە رۆژئاوا لە بەرەی دەستە راستە کە لە کەرخ بە یەکەوە دەگەن، کەرخ ئەو شوێنەیە کە هەزار ساڵ پێش ئێستا پایتەخت بووە. ئەوەی زیاتر ئەو دوو گروپەی لە یەکتر دوورکردۆتەوەو ئالۆزتر کردوە ئەو پرۆسەیەیە کە لەم سالانەی دوایدا خەلکێکی یەکجار زۆر، بە ناڕێکی، لە ناوچە بێ بەرهەمەکانی باشور، بە دوای نان و کارکردن، روویان لە بەغدا کردووە. ئەنجامەکەی ئەوەیە ژمارەی دانیشتوانی بەغدا، لە ماوەی ٦ سال، ٢ ئەوەندەی خۆی زیادی کردووە، گرفتی شارەکەیان زیاد کردووە کە بە درێژی ٢٠ کم لەسەر دیجلە گەشەی

کـــردووه و لەگەل خـــۆی هەژاریەکـــی کوشـــەندەی بەرهەم هێنـــاوه. کەواتە، سـەبارەت بە پێکهێنـانی حکومەتی نـویێ، نـاتوانین پشـت بە پێـوەری هەسـت و نەست و رەفتاری شیعەو سوننە ببەستین.

عەبـدول رەحمـان عـارف کە پێشـتر سـەرۆکی ئەرکـانی سـوپا بـوو، لە کـاتی مردنی براکەی، وەک لە پێشەوه ئاماژەمان بۆ کرد لە مۆسکۆ لەگەل وەزیـری بەرگری، سۆڤیەت، مالینۆڤسکی بوو.

عەبـدول رەحمـان دەمودەسـت، رۆژی ١٥ نیسـان، گەڕایەوه بەغـدا، لە هەمـان کات سەرۆک وەزیران، عەبدول رەزاق، دەسەلاتەکانی سەرۆک کۆماری گرتە دەســت. بە پێــی دەســتور، کە لەم هەلــومەرجە نــا ئاســاییە رێــزی لێگیــراوه، پێویسـتە سـەرۆک کۆمـار لە لایەن ئەنجـومەنی وەزیـران و ئەنجـومەنی بـالای بەرگری، بە دەنگی ٢ لەسەر ٣ هەلبژێردریێ. ئەمجارە دوای ٣ رۆژ هەردوو لا لە کۆبونەوەیەکی نا ئاساییدا عەبدول رەحمـان عارفیـان، بە سـەرۆکی وولات، هەلبژارد.

عـارفی نـویێ زۆر بە پەلە هەنـدێ هەنگـاوی نـا: عەبـدول رەحمـان ئەل بەزازی سەرۆک وەزیرانی لە شوێنی خۆی هێشتەوه، عەدنان پاچەچی کردە وەزیـری دەرەوه، ئۆرگانەکانی دەولەتـی بەهێزکـرد و، پاشـان بە گـڕو جـۆش خـۆی بـۆ دۆزی کـورد تەرخــانکرد. پڕۆژەیەکــی ١٢ خــالی ئامــادەکرد و بــارزانیش بە خۆشحالیەوه پێشوازی لێکرد و لە نـامەیەک، بـۆ بەزاز، ئامـادەیی دەربـڕی بـۆ چارەسەری گرفتەکان و گەڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری لە باکوری عێراق.

هەردوو لا شـەڕ و پێکدادانیـان راگـرت بەلام زۆری پێنەچووگرفتە ریشـەیەکان بە زەقتـر سـەریان دەرهێنـاوه، کوردەکـان داوایـان دەکـرد، بە فەرمـی، دان بە قەومیەی کورد بنێن. بەمجۆرە رۆژە سەختەکان، بۆ عارف، دەستی پێکردەوه، لە کۆتــایی حــوزەیرانی ١٩٦٦ هەولێکــی کودەتــا پــوچەلکرایەوه کە لە لایەن ســەرۆک وەزیرانــی پێشــو، عــارف عەبــدول رەزاق، کە ئەوکــات لە قــاهیرە

پەناهەندە بوو، پلانی بۆ دانرابوو. لە کۆتای مانگی ئاب بەزازی لایەنگری دەستی کێشایەوە. ئەو دوو روداوە پەیوەندیان بە کرانەوەی عارف بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەبوو کە لەگەل بارزانی بگەوێتە رێکەوتنێک. داواکاری کوردەکان، رۆژ بە رۆژ زۆرتر دەبوون، نەیارەکانی عارفیش پێیان وابوو ئەوە زیان بە سەروەری عێراق دەگەیەنێ. عارف دەست لەکار کێشانەوەی بەزاز قەبول دەکات و جەنەڕال ناجی تالیب دەکاتە سەرۆک وەزیران و، بە ناچاری رووی لە کوردەکان دەکات. بەلێنی زۆریان پێدەدا بەلام هیچ یان کەمیان پێ دەداتێ. ئەو کەمە ماف و دەستکەوتانەی بۆ کوردانی دیاریکرد بریتی بوون لە: گەڕاندنەوەی مولک و مالی دەست بەسەر گیراوی بارزانی و پیاو ماقول و ئاغاکان، ئازادکردنی ئەو کوردانەی بە تۆمەتی کودەتاکەی رەزاق زینـدانی کرابـوون، هەرچی پەیوەنـدی بە رەگوریشەی کێشەکەوە هەبوو بۆ قۆناغێکیتری موفاوەزات دانرابوون. مەسەلەی ئۆتۆنۆمی، قەومیەی کورد، کۆنترۆلی چالە نەوتەکانی کەرکوک، دەستنیشانکردنی نەخشەی جوگرافی کوردستان کە لە لایەن کوردەکان ئامادەکرابوو و کە سنورەکەیان تا شەتول عەرەب درێژ کردبووەوە.

سەرەڕای هەموو گومان و گرفتێک بەغدا رایگەیاند کە بەرەو جێبەجێکردنی پرۆژە ١٢ خالیەکە هەنگاو دەنێن. لە راستی ئەم خالانەش هەمان ئەو دۆکومێنتەیە بوو کە لە شوباتی ١٩٦٤ لەسەری رێکەوتبوون و بوو بووە مایەی شەڕ راگرتن و موفاوەزاتی ئەوکات.

گرفت و لێکدانەوە و یاریکردن بە کات بووە هۆی ئەوەی شاندەکانی دانوسکار ببەنە رێگایەکی داخراو. بەلام هەر جۆرە لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت دەبینین کارەکتەری بەهێز و براوە "شێخی سۆرە"، ئەوە بارزانیە کەی و چۆن بیەوێت دەتوانێ هەڕەشە لە بەغدا بکات. ئەوە بارزانیە جەنگاوەری نەبەزە، جەنگێک کە خامۆش ناکرێت.

# شەڕی بە وەکالەت

لێرە حکومەتی بەغدا دەست بە پڕۆپاگەندەیەکی بەر بلاو دەکات، مەبەستیەتی ناوی بارزانی، "شێخی سۆر"، لە بەرامبەر لایەنگرەکانی بزڕێنێ و، ناو و ناتۆرەی "بەکرێگیراوی ئیمپریالیستەکان"ی دەخاتە پال. دەهۆلی ئەوە لێدەدەن گوایە ئەوە بارزانیە رێگە لە بونیاتنانی "نیزامێکی ئاشتیخواز و سۆسیالیست" لە عێراق دەگرێ، رژێمێکی نوێ کە لە سایەیدا دەتوانرێ پرۆسەی "بە خۆمالیکردن"ی سامانە سروشتیەکان ئەنجام بدرێ و بڕبڕەی پشتی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی سەرمایەداری جیهان بشکێنین! بارزانی پەیامبەری ناسیۆنالیزمی کوردە؟ جەنگاوەرێکی ئازادی نەتەوەکەیەتی؟ نەخێر هیچ کام لەمانە نیە! بەلکو بارزانی پیاوێکی هەلپەرستی هەست و داخوازی سەربەخۆیی کوردە، کە لە خزمەتی زلهێزە بیانیەکانی دوژمنی عێراقە!
هەلمەتی پڕۆپاگەندەی عێراقیەکان بەرهەمێکی بچووک بەدەست دەهێنێ، دەرزێکی بچووک دەخاتە ناو بیانیەکانی بەغدا، بۆ ئەم مەبەستەش رۆژنامەنوسێکی سویسری دەنووسێ "ئەو کوردانەی لە پێشمەرگایەتی خۆیان فیدا کردووە هەرگیز نازانن بۆ کام مەبەست و ئامانج مردوون"، بەلام هەلوێستی خوێندکارێکی کورد جیاوازە، م. دەروێش دەلێ "هەریەک لە ئێمە، دەولەمەند یا هەژار بێت، گیانی خۆی بۆ شەڕی سەربەخۆی دەبەخشێ. بەلامانەوە گرنگ نیە ئەگەر زۆرمان لێ بمرێ، گرنگ ئەوەیە ئێمە خەبات بۆ کوردستانێکی ئازاد، بۆ نەوەکانی ئایندە، دەکەین".

ئەوە کێیە ئاگری شەڕ خۆش دەکات و هانی پێشمەرگە دەدات؟ لە بەغدا گۆمانیان نیە کە ئەو لایەنە یەکێتی سۆڤیەتە. گوایە مۆسکۆ کۆمەکی زۆری پێشمەرگە دەکات. بە قسەی دەزگای ئاسایش و هەوالگری عێراقیەکان چەکی ئۆتۆماتیکی چیکۆسلۆڤاکی (بە زۆری تفەنگی برنۆ) لە ئاسمانەوە بۆ کوردان فڕێدەدرێن.

سەرەڕای ئەو کەش و هەوایە بارزانی هەموو دەرگاکان داناخات، بە هیوای جۆرە ڕێکەوتنێکە. دەورو پشتەکانی عارف، کە باش ئاگادارن، بە بنی زمانیان دەلێن ئەوە مۆسکۆیە ئامۆژگاری مارشال بارزانی کردووە کە بە گەشبینی "چاوەڕوان" بکات. لە کۆشکی کەرملینیش، بە پسە پس ئەوە دووپات دەکەنەوە کە هەلومەرجەکان، بۆ چارەسەرێکی جیاوازتر، لە بار نین.

مەلا مستەفا، لە راستی، هەولی ئەوە دەدات جلەوی هێزەکانی توند بکات کە دەیانەوێت سەرکەوتنی زۆرتر بەدەست بهێنن و لە خوایان دەوێت هەلمەت بەرن بەلام ئەو ڕێگە نادات و چاوەڕێ دەکات هاوین بەسەر بچێ، هەلوێستەکانی دژ بەیەک دێنە بەرچاو. بەلام لە مانگی ئەیلول ئەو بێدەنگیە دەشکێنێ، لە بەرامبەر دوو دلی و بێ هەلوێستی بەغدا، لە سەنگەر، بە دەست و برد و قامەتەوە، دێتە دەرەوە و حکومەت بەوە تۆمەتبار دەکات کە نایەوێت، بە جدی، چارەسەری کێشەکە بکات و تاکو ئێستا هیچ دەستپێشخەریەکی بۆ جێبەجێکردنی "ڕێکەوتن"ەکە نەکردووە. عەشیرەت و هۆزە کوردیەکان دەکەونە خۆ، دەستە چەکدارەکان لە چیاکان دێنە خوارەوە تاکو هێرش و پەلاماری جەسورانەی سەربازگە و سوکنەکانی دەولەت بدەن و پێشانیان بدەن چیان لەدەست دێت.

# جموجۆلی لە سوریا و پرۆسەکانی دادگایی لە بەغدا

وەکو هەمووجاران هەر کاتەک کوردەکانی عێراق دەست بە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەکەن یەکسەر کوردی وولاتانی دەورووپشتیش، وەک ئەرکێکی روحی، بەشداری لە "شۆڕش" دەکەن. بەمجۆر دەبینین کوردەکانی سوریا کەوتینە جۆش و خرۆش و، دیمەشقیش لە خۆی دەترسێ. تەنها لە پایتەخت، لە دیمەشق، ٨٠٠ کەس دەگیرێن. سەدان کەسیتر لە قامیشلۆ، لە ماساچێ – Massache، لە عامودە، لە دەرباسیا، لە باکوری رۆژاوای سوریا، لە سنورەکانی عێراق و تورکیا، تەنانەت لە جەبەل ئەل ئەکراد و دەورووپشتی حەلەبیش.

لە عێراق روداوەکان بە خێرایەکی یەکجار زۆر دێن و دەرۆن، لە دوای کوشتنی عەلی بەدرەدین، پارێزگاری پێشوی هەولێر، ئەوکەسەی بە دڵ رەق و بێویژدان ناسرابوو و بێ بەزەییانە کوردەکانی سەرکوت دەکرد، سەدان کورد لە بەغدا و موسل و کەرکوک گیران، مال بەمال لە دوایان دەگەڕان. لەناو گیراوەکان جەنەڕالی خانەنشین رەشید جەودەتیش، تەمەن ٧٠ سال، تیا بوو کە بە تۆمەتی کۆکردنەوەی پارەو کۆمەک بۆ چەکدارەکانی بارزانی گوناهبار کرابوو. دەگێڕنەوە و دەلێن ئەو کاتەی کەلەپچەیان خستە دەست بە سەر بەرزی هاواریکرد "ئەگەر ئێستا گەنج دەبووم لەسەر چیاکانی کوردستان تفەنگ بەدەست دەبووم".

لە هەمان کات مەحکەمەی سەورە، دامەزراوەی تۆقێنەری عێراقیەکان، پرۆسەیەکی دادگایی لە دژی "دارودەستەی ئیمپریالیستی سەر بە قاسم" کردەوە کە لە روداو و پرۆسەکانی پێشو رزگاریان بوو بوو. لەناو ئەمانە

وەزیری پێشوی پۆستە و گەیاندن، حەسەن تالەبانی، خزمی جەلال تالەبانی و راوێژکاری مستەفا بارزانی تیا بوو.
لەم کەش و هەوا دژوار و روو بە روو بوونەوەیە ئێزگەی رادیۆی کوردی، سەرەڕای ڕێگری و تەشویش، دەنگی دەگاتە بەغدا و، دەنگۆی کۆنتاکت و لەوانەیە چاوپێکەوتنی راستەوخۆی عارف و بەرزانی بلاو دەبێتەوە. هیچ شتێک بە ئاشکرا دیار نیە بەلام جێگەی هەلوێستە لەسەر کردنە کە رۆژی ١ نۆڤەمبەری ١٩٦٦ سەرۆک کۆماری عێراق، عەبدول رەحمان عارف "راگەیاندنێکی مێژوویی" بلاو دەکاتەوە "دلّنیایی دەداتە گەل" کە "کێشەی کورد بە یەکجاری کۆتایی هات".
ئایا ڕێکەوتنێک لە نێوان عارف و "شێخی سۆر" مۆرکراوە؟ لەوانەیە. بەلام لەم رۆژانە، لە ١٥ تا ٢١ نۆڤەمبەر پ. د. ک. دەبێ کۆنگرەی ٧ ببەستێت و بابەتەکان زیاتر ئالۆز دەبن. ئەوەتە لە کۆتایی کۆنگرە یاداشتێک رەوانەی بەغدا کراوە کە تیایە لۆمەی حکومەت دەکات کە رێزی لەو رێکەوتنە نە گرتووە کە بۆتە هۆی "ئاگر بەس"ی. لەم دۆکۆمێنتە هۆشداری دراوەتە بەغدا کە بە چاوێکی نزم تەماشای "ئەو بارودۆخە قەیراناویەی کوردستان" نەکات. بە تایبەتی ئاماژە بەو هەلوێستە دوژمنکاریانە و شەڕفرۆشتنە کراوە کە هەندێ نوێنەری حکومەت بە چەک و پارە یارمەتی کوردە نەیارو چەکدارەکانیان کردووە تاکو لە دژی کوردە نیشتمانپەروەرەکان بجولێنەوە.
ئەگەر بە راستگۆیانە قسە بکەین ئەم یاداشتە وەک ئولتیماتۆیەک وایە و داوای دروستکردنی "کۆمیتەیەکی بالا" دەکات کە هەردولا "وەک یەک، بە ژمارەو دەسەلات هاوبەشی تیا بکەن و خاوەن دەسەلات بێت بۆ ئەوەی بە زوترین کات بەندەکانی رێکەوتنەکە جێبەجێ بکرێن".
لە بەغدا، ئەم یاداشتە، نە بووە مایەی سەرنج راکێشانی جدی، سالانێکی درێژی شەرو پێکدادان، ئاگر بەسی کاتی، کۆنتاکت لە هەموو ئاستەکان و،

هەندێجار لەسەر ئاستی جیهانیش، بەردەوامیان هەیە. هەموو ئەم فاکتانە بەیەکەوە نەبوونەتە هۆی تێکشکاندنی خەون و ئاواتی کورد. وادیارە کوردەکان نیازی ئەوەیان نیە، بە هیچ جۆرێک، پاشەکشە لە داواکاریەکانیان بکەن و دەستیان لێ هەلگرن، بە پێچەوانەوە دەیانەوێت بالا بەرزی دەسەلاتیان لە پارێزگاکانی باکور دووپات بکەنەوە و، ئامادەشن لە ماوەی یەک دەقیقە چەکەکانیان بگرنەوە دەست و خەبات بۆ پارێزگاری لە مافەکانیان بکەن. عارف خۆی شێلو ناکا و دەزانێ چۆن بارەکەی لە ئاو دەرباز بکات بەلام بە شێوەیەکی ماندو و هیلاک عەرەبانەکەی رادەکێشێ. ئەم بارودۆخەی ئەمری واقیع، ستاتوس کوۆ – status quo، بە قازانجی بارزانیە، پشویەک دەدات و هەناسیەک هەلدەمژێ، هەولدەدات پەیوەندیە نێودەولەتیەکان بەگڕ بخاتەوە، چەک و کەرەسەی جەنگ بەدەست بهێنێ و سەرلەنوێ هێزەکانی پێشمەرگە رێک بخاتەوە. بەلام چاوی رای گشتی جیهانی لە شوێنیترە، لە ڤێتنام و لە فەلەستینە. لە سنورەکانی ئیسرائیل دەنگی تەقە دێت و، عارفیش دەیەوێت ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە و هەولدەدات بارزانی لە لایەنگرانی داببڕێت و هانا بۆ هەمان درۆی چەند سالەی برایەتی کورد و عەرەب دەبات.

جەنگاوەری بە سالانداچوو وەلام دەداتەوە دەلێ "عەرەبەکان قەت فێر نابن". پاشان نهێنیەک ئاشکرا دەکات و ئەوە دەدرکێنێ کە "لە حوزەیرانی ١٩٦٧ حکومەتی بەغدا نوێنەریان دەنێرنە لام و داوای پالپشتیم لێدەکەن لە شەڕ دژ بە ئیسڕائیل. ئەمنیش پێشنیارم بۆ کردن کە بۆ رێگە گرتن لە مالوێرانی باشترە عەرەبەکان رێگە لە هاتوچۆی کەشتیەکانی ئیسڕائیل، لە تەنگەی – موزیق تیران (لە کەنداوی عەقەبە، وەرگێڕ) نەگرن. هەموویان پێم پێکەنین. پاشان داواینکرد هێزێکی پێشمەرگە، وەکو رەمز و سیمبولێک رەوانەی بەغدا بکەم. منیش وەلامم دایەوە چەندە باوەڕم بە خورافیات هەیە ئەوەندەش

باوەڕم بە رەمز هەیە. بە داخەوە عەرەبەکان شکستیان هێنا و دۆڕاندیان و ئێستا جاریکیتر دەیانەوێت دەست پێبکەنەوە. ئێمەی کورد قەت ناتوانین لەگەل ئەوان، عەرەب، لە یەک رێگا بڕۆین".

لە بەغدا تۆلەی خۆیان لە بارزانی دەکەنەوە، رۆژنامەکان ئەوە دەنووسن کە ئەو ئیستیغلالی ئەوەی کردووە کە لەشکری عێراق چۆتە شەڕی ئیسرائیل و کوردەکانیش بە هەلیان زانیوەو هێرش و پەلامار دەکەنە سەر سەربازگەو سوکنەکانی پۆلیس و عەسکەر. بەلام مستەفا بارزانی دێتە وەلام و دەلێ "ئەوە راست نیە، درۆیە لە لایەن تێکدەرەکانی بەغدا بلاودەکرێتەوە و بەرژەوەندیان لەوەدایە کە شەپۆلێکیتری بۆردومانی تیرۆریستی بۆ سەر گوندەکانمان ئەنجام بدرێ". عارف تەداخول دەکات و هەولی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە دەدات و، سەرۆک وەزیران، تاهیر یەحیا، رادەسپێرێ سەردانێکی هەولێر بکات و باسی نیاز پاکی حکومەت بکات. ئەو سەردانە دەبێتە هۆی چاوپێکەوتنی دوو لایەنە و لە بەرژەوەندیاندایە. بەغدا چاوەڕوانی دوو روداو و بەرواری گرنگ دەکات، لەگەل قاهیرەو و مۆسکۆ، لە مانگی دیسەمبەر تاهیر یەحیا بۆ ماوەی مانگێک سەردانی مسر دەکات.

یەکێتی سۆڤیەت لە گەل بەغدا گرێبەستێکی نەوت ئیمزا دەکات و ئەوەش دەبێتە گومان و مقۆ مقۆی کوردەکان، ئەو گرێبەستە دەبێتە سەرەتای هاتنە ناوەوەی سۆڤیەت بۆ گۆڕەپانێکی ململانێی نێودەولەتی.

تۆ بلێ ئەوە راست بێت کە کرێملین بیەوێت واز لە "مارشالی بە سالاچووی سوپای سور" بهێنێت کە زۆر بە ناز و حورمەتەوە لە لایەن ستالین دالدە درابوو.

رێکەوتنی روسیا و عێراق، بە دلنیایەوە، زیانی بە بەرژەوەندی کۆمپانیای نەوتی عێراق دەگەیاند، هەر ئەوەش بووە هۆی پچڕانی پەیوەندی دیبلۆماسی بەغدا و لەندەن.

# میتافۆڕەی عارفی دووەم

سالی ١٩٦٨ بە نیشانەکانی دەرکەوتنی وەحی دەست پێدەکات، بارودۆخێکی نا جێگر. لە هەندێ بازاڕ و دوکانەکانی بەغدا هەست بە بۆنی زۆر توونـد دەکەی، شـــەربەتەکان زۆر شـــیرینن، وا هەســـت دەکەی موشـــتەری و مەحمیلەکان دەچنە هۆلی قومارکردن یان پێشبڕکێی ئەسپسواری، بە نهێنی، ئامادەن شەرت و گرەو لەسەر هەموو شتەک بکەن، لەوانەشە قومار لەسەر چارەنوسـی عـارف بـکەن. ئـاخۆ دەسـەلاتەکەی درێـژە دەکێشـێ؟ توانـای بەڕێوەبردنی ئەو بار و دۆخەی هەیە؟ تا چەندیتر درێژە دەکێشێ؟ لە راستی، لە نیسانی ١٩٦٦ لەسەر زینە بەلام هەموو نیشانەکانی ئەوەی پێوەدیارە کە "پیـاوێکی کـاتی" بێت کەچی ئەوە دوو سالە پێشبینیەکان بۆ کۆتایهێنـان بە دەسـەلاتەکەی نەهـاتۆنەتەدی، بـارودۆخی سیاسـی زۆر شـلۆقە و عـارفیش توانای ئەوەی نیە روو بەرووی ئەو ئەرکانە ببێتەوە کە لە خۆی گەورەترن.

با بزانین بەڕاستی عەبدول رەحمان عارف کێیە؟ لە سالی ١٩١٦ لە خێزانێکی بورجوازی بچوک، لە بەغدا، لە دایکبووە. خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزبوو بەلام لەبەر ئەوەی زۆر شـەرمن بـوو، ئەم سیفەتەی بە باشـی بە دیـار نەدەکەوت. دەچێتە ریـزی سـوپا بەبـێ ئەوەی حەزو ئـارەزوی فەرمانـدەو سـەرکردەی هەبێ، تەنها چاوەڕوانی بەرزکردنەوەی روتبەکانی بوو بە شێوەیەکی ئاسایی، زۆر دڵسۆزی سوپا بوو، کەسێکی زۆر بە دیشپلین بوو، گوێ رایەلی ئەرک و فەرمانەکانی سەربازی بوو، هەموو کات دڵسۆزی دەسەلات – حکومەت بوو، دلسـۆز و گـوێ رایەلـی رژێمـی پاشـایەتی و کۆمـاری بـوو، قەت رەخـنەی نەگرتووە. هەرچەنـدە بەشـداری لە کودەتـای ١٤ تەمـوزی ١٩٥٨ کـردووە کە عەبدول سەلامی برای و قاسم ئەنجامیاندا بەلام ئەو هیچ رۆلێکی تیا نەبووە

تەنها فەرمانەکانی سەرەوەی خۆی جێبەجێکردووە. تەنها لە ساڵی ١٩٦٣ ناوی دەکەوێتە ناو ناوان، ئەوکاتەی یارمەتیەکی زۆری عەبدول سەلامی برایدا تاکو دەسەلات و رۆلی بەعسیەکان کەمبکانەوە کە بە کۆمەکی ئەوان حکومەتی قاسمیان روخاند. لێرە پۆستەکەی بەرزکرایەوەو کرا بە سەرۆکی ئەرکان، لێرە بە دواوە بوو بە دەستە راستی براکەی. لە دوو روداویتر عەبدول رەحمان رۆلی بەرچاوی گێڕا، لە ساڵی ١٩٦٥ هەولێکی کودەتای ئەفسەرە ناسرپیەکان پوچەل دەکاتەوە، لە دوای مردنی براکەشی رێگەی لە هەلگیرسانی شەڕی نێوخۆ گرت. لە راستی هەر لەو کاتەی هاتە سەر کورسی پشتی بە لایەنگر و دلسۆزانی براکەی و بێلایەنی بەشێکی گەورەی هێزە سیاسی و کۆمەلایەتی و سەربازیەکانی وولات بەست، ئەوانیش بە وردی چاوەدێریان دەکرد. دەتوانین بلێین، بە گشتی، بە "سەرۆکێکی راگوزەر" لە قەلەمدرابوو.

پێویستە ئەو راستیە بدرکێنین کە عارفی دووەم لەم دوو ساڵەی حوکمداری لە خۆی دەرنەچوو و باسی هیچ پلان و پرۆژەیەکی، لە خۆی گەورەتری، نەکرد، سیاسەتێکی میانڕەوی پەیڕەوکرد، هەولیدا سیاسەتێکی ئاسایی، لەسەر ئاستی ناوەوە، بباتە پێشەوە. سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەش لە خەمی باشکردنی پەیوەندیەکان، لە گەل دەرو دراوسێ، بوو. نزیک و هاوکار بوو لەگەل ئێران و تورکیا و سعودیە و گرژیەکانی کەمکردەوە.

هەنگاوە مەترسیدار و هەلەکانی ئەو کاتە هەلێنا، لە ژێر فشاری راوێژکارە توندڕەوەکان، کە لە دژی کۆمپانیاکانی نەوت وەستایەوە، دەیویست ئەو هەلە بقۆزێتەوەو سود لە ململانێی رۆژئاوا و سۆڤیەت وەربگرێت. لەم نێوانەش سەرۆکی فەڕەنسا، شارل دیگۆل، بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیاکانی فەڕەنسا، هانی عارفیدا. بەلام عارف حیسابی کاردانەوەکانی نەکردبوو، دەمودەست لە عێراق "گروپێکی دژ بە فەرەنسا" دروست بوو، کە لە دۆست و لایەنگرانی بەریتانیا و ئەمەریکا پێک هاتبوو. ئەم گروپە، لە ژێرەوە، دەستی بە پیلان و تەونی جال جالۆکە کرد و، پارەیەکی یەکجار زۆریشیان بەدەست دەگەیشت

و دەستكرا بە كەمپینی گەندەلی و كڕینی پالپشتی نەیارانی عارف. باردۆخەكە گەیشتە ئاستی تەقینەوە، شانە نووستووەكانی حیزبی شیوعی، بەعسیەكان و ناسریەكان دەكەونە خۆ، لیبیڕالەكان دڵیان بەوە خۆش بوو كە بتوانن ڕۆلەك ببینن، یان عەرەبیستەكانیش لە خەو رادەپەڕن و بە دوای خەونەكانیان دەكەون. بە كورتی هەموو لایەن و لایەكان پێیان وایە بارودۆخەكە، بۆ روخاندنی رژێمی عارف، گونجاوە.
سەرەتا نارەزایەتیەكانی دژی عارف بە مانگرتن دەستی پێكرد، ئەوەش دیاردەیەكی نوێ بوو لە عێراق، پاشان خۆپیشاندانی خوێندكارانی زانكۆی بەغدا، خۆپیشاندان و كۆكردنەوەی ئیمزا، لە لایەن چەندەها گروپ و رێكخراوی جۆر بەجۆر، كە داوای گەڕاندنەوەی رژێمێكی "دیموكراسی پەرلەمان"یان دەكرد دەستی پێكرد. ئەوە بەبێ باسكردنی مەسەلەی كورد كە لە هەموویان مەترسیدارتر و زیندووتر بوو.
عارفی دووەم هەولیدا لەسەر دوو پەت یاری بكات، لە لایەک خۆی پیشان دەدا كە ئامادەیە داوكاریەكان جێبەجێ بكات، لە لایەكیتریش هەولی خۆ بەهێزكردن و رێگەگرتن لە هەر بارێكی نائاسایی دەدا بە جۆرێک بارۆدۆخەكەی لە ژێر دەست دەرنەچێ. بۆ ئەم مەبەستە ئالوگۆڕی بە ٥ وەزیر دەكات: پەروەردە، كار، تەندروستی، لاوان و ئابوری. هەنگاوێكی سادەیە و چارەسەری گرفتەكان ناكات، بارودۆخەكە خەریكە بتەقێتەوە، ئەوەش لە سایەی چاپوكی كوردەكانە، خۆیان دەخزێننە هەموو كون و قوژبنێک و دەستیان لە هەموو روداوەكاندا هەیە. ئەوەش دووپاتی ئەو پەندە كۆنە دەكاتەوە كە دەلێت لە بەغدا، بەبێ تەدەخولی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بارزانی، هیچ شتێک و گۆڕانكاریەک رونادات.

# لەنێوان دوو شەڕکەر ... شارل دیٚ گۆل – Charles De Gaulle براوەیە

واهەست دەکەین گۆڕانکاریەکی گەورە، لە پەیوەندیەکانی فەرەنسا – عێراق، بەڕێوەیە، ئەوەش عارف هان دەدات لە هەفتەی یەکەمی مانگی شوباتی ١٩٦٨ سەردانی پاریس بکات. بارزانیش، دەمودەست، دەست بە جولەی خۆی دەکات و قەت نایەوێت توشی سۆرپرایز بێت، بۆیە نامەیەک بۆ سەرۆکی فەڕانسا، شارل دیٚ گۆل، دەنووسێت بۆ ئەوەی پێی بلیٚ ئێمە ئاگادارین عارف لە پاریسە و هاتووە گرێبەستی چەک و کەرەسەی شەڕ، بە بەهای ٦٧ ملیۆن لیرەی ستەرلین، ئیمزا بکات، لە پال ئەوەش ئیمتیاز بە کۆمپانیاکانی نەوتی فەرەنسی، گروپی "ئێلف – ئێڕەپ Elf - Erap"، بدات. بارزانی "بە رێزەوە هۆشداری" دەداتە سەرۆکی فەرەنسا کە "بەبیٚ چارەسەرکردنی دۆزی کورد ئەو چەکانە، تەنها، دەبنە هۆی کاولکاری و کۆمەلکوژی کۆمەلانی خەلکی ئاشتیخوازی میللەتەکەمان، بە ژن و مندالان. ئێوە دوودلێتان لەوە نەکرد بە جوامێرانە ئیدانەی شەڕی هیندوسینتانکرد"[٣٨]. لە کۆتایی نامەکە بارزانی دەلیٚ "دلٚنیامە کە چارەنوسی گەلی کوردیش، لای ئێوە، لە چارەنوسی گەلی هیندوسین بیٚ نرختر نیە".

[٣٨]ئیستیعماری فەڕەنسی لە سالای ١٩٤٦ – ١٩٥٤ شەڕی ولاتانی هیندۆسین (ڤیتام و لاوس و کەمۆجیا)ی کرد، لە ١٩٥٥ تا ٣٠ نیسانی ١٩٧٥ USA و هاوپەیمانەکانی، بە تایبەت لە ڤیتنام، شکستی هێنا و ئەو ولاتانەش رزگاریان بوو و سەربەخۆییان بەدەست هێنا، و.

وا دیارە نامەکەی بارزانی هیچ کاریگەریەکی پۆزەتیڤی، لەسەر دێ گۆل، بەدەست نەهێناوە. لە دیمەنی نەگۆڕی مێزۆپۆتامیا، لە نێوان حوشتر و رەشمالەکان، زوو بە زوو، چەکە مۆدێرنەکانی فەرەنسی، وەک هاوەن، چەکی دوور هاوێژی بە سەلیە، فڕۆکەی ناپالم هەلگری قڕکەر بە دیار دەکەون. لە هەمان کات کەرەسە و مەکینەی دەرهێنانی نەوت، هەلبەتە بۆ کۆمپانیا فەڕەنسیەکانە! دەگەونە عێراق.

فرۆشتی چەک و کەرەسەی شەڕ، لە لایەن سەرۆک دێ گۆل، لە کەڵلەی عێراقیەکانیدا و تەواو سەرخۆشیکردن. لە نێوان مانگی مارس و نیسانی ١٩٦٨، دەستیان بە هێرشکردنە سەر پێشمەرگە کردەوە، ئەوجارە، بە قسەی بەغدا، چەند هەفتەیەک دەخایەنێ، "ئەو پیرە یاخیبوو و نەفرەت لێکراوە لە ماوەیەکی کەم لەناو دەبەین". بەلام کوردەکان، وەک ئیبلیسێکی فێلباز، روو بە روویان دەبنەوە. لە پارێزگای هەولێر هێرشی عێراقیەکان تێک دەشکێنن، لە پارێزگای سلێمانیش ٣ پەلاماری خوێناوی شکست پێ دێنن. هێرشێکی فراوانیش، لە ناوچەی "شەنشەلای – Shanshalay" تێکشکێندرا. کوردەکان، زۆر چاپوکانە، دەستیان بە بۆسە و کەمین دانانەوە کرد، لە ناکاو پەلاماری سوپای عێراقیان دەداو دەکشانەوە، هەندێجار لە پشتەوەی دوژمن دەستی خۆیان دەوەشاند. لە گوندی "عەرەب شێلبی" هێرشیانکردە سەر دوو زیلی عەسکەری و ٦ کەسیان کوشت و تەنها ٢ کەسیش بە بریندار رزگاریان بوو.

ئەمجارەش خەیال پلاوی دەسەلات بۆ چارەسەری کێشەکە لە رێگەی "ئۆپێڕاسیۆنی سەربازی" وەکو بلقی سەر ئاو بوو. عارفی دووەم هەمیشە دوو دڵ بوو، هەلوێستێکی دیاریکراوی نەبوو، بۆیە جارێکیتر لە دەرگای سیاسەت دەدا و دەست بە موفاوەزات دەکاتەوە. بەلام کوردەکان ئەمجارە، هەر بە روالەت، نەک بە قەناعەت، دەچنە ناو گەمەی لە خشتە بردن. عارف

پێشنیاری کۆبونەوەیەک، لە چوارچێوەی "لیژنەیەکی هاوبەش" دەکات کە پێک هاتبێ لە نوێنەرانی بارزانی و حکومەتی بەغدا، لە ناو ئەوانە سەرۆکی ئەرکان، جەنەڕال ئیبراهیم فەیسەل ئەل ئەنساری، هەبوو.
دەست بە کۆبوونەوەکان کرا بەلام هیچ زانیاریەک بلاو نەکرایەوە، هەر ئەوە دەزانرا کە هەردوو لا دەیانەوێت بگەونە کۆمپرۆمایزێک – رێکەوتنێکی بە دلی هەردوو لا بێت و بتوانن بگەونەوە رێکەوتنەکەی حوزەیرانی ١٩٦٦، بە تایبەتی برگە "نهێنیەکان" جێبەجێ بکرێن. موفاوەزاتەکە، بە باش و بە خراپ، دەچووە پێشەوە. عارفیش ئەوەندە سەر قال بوو، بە جۆرێک هەلەی کوشەندەیکرد و ئاگای لە خۆی نەمابوو، چاودێری کەمکردبووەوە، بیرو هۆشی لای ئەو بارودۆخە نەبوو کە خەریک بوو لە ژێر کورسیەکەی بتەقێتەوە. بە تایبەتی لەم کاتە برایەکی نەبوو پشتی پێ ببەستێ وەک ئەم کاتەی عەبدول سەلامی برای پشتی بە ئەو دەبەست. ئەوەبوو لە ١٧ تەموزی ١٩٦٨ کۆتایی بە دەسەلاتەکەی دێت، لە رێگەی کودەتایەک لە کورسی دوور دەخرێتەوە. خۆشبەختانە ئەمجارە نایکوژن و رێگەی پێدەدەن بەرەو لەندەن سەفەر بکات و، پێشوەختەش مال ومنالەکانی رەوانەی ئەوێ کردبوو. بە هەرحال ئەوە یەکەمجارە لە مێژووی عێراق رژێمێک بەبێ خوێنڕشتن دەگۆڕدرێت. ئەوە یەکەمجارە، لە سالی ١٩٥٨، سەرۆکێک بەبێ کوشتن و لە سێدارەدان، لە کورسیەکەی بکەوێتە خوارەوە. تۆ بلێی ئەوە سەرەتایەک بێ، بۆ عێراق، بۆ پەڕینەوە بۆ سیستەمێکی سیڤیل و دیموکراسی؟

# بەشی یازدەم[٣٩]

# گەڕانەوەی بەعسیەکان بۆ دەسەلات لە تەموزی ١٩٦٨

[٣٩] ئەم بەشـــە، لە دەقە ئیتـــالیەکە، ســـەر بە بەشـــی دەیەمە بەلام بـــۆ ئاســـانکاری و باشـــتر تێگەیشـــتن بە باشمانزانی، بە ناوبڕێک، لەیەکتریان جیا بکەینەوە و دەستکاری پەڕەگراف و ناوەڕۆکەکە نەکراوە.

# گەڕانەوەی ئەحمەد حەسەن ئەل بەکر

عارفی دووەم عاقل بوو، بەبێ بەرگری، خۆی دایە دەستی کودەتاچیەکان و، خۆی رادەستی ئیرادەی ئەوان کرد. دوای دورخستنەوەی لە کورسی کەس، بۆ عارف، نەگریا و کەسیش بە رق و قینە تەماشای نەکرد، خاوەنی کەسایەتیەکی بەهێز نەبوو، دوو سالی یەکەم لەژێر سێبەری عەبدول سەلامی برای بوو.

ئێستا دەسەلات، بە تەواوی، کەوتۆتە دەستی جەنەڕال ئەل بەکر، سەرۆکی رەوتی میانڕەوی حیزبی بەعس، زۆر بە زانایی و فێلبازی کەشتیەکەی لێخوڕیبوو، زۆر خۆی پیشان نەدەدا و کەسێکی بە سەبر بوو، چەند سالە چاوەڕوانی هەلێکی وەک ئێستای دەکردو بە پالپشتی گروپێک لە لایەنگرەکانی ئەو کودەتایەی ئەنجامدا. بەکر، هەمیشە، وجودی لە گۆڕەپانی روداوەکانی عێراق هەبوو، یەکێک بوو لەو ئەفسەرانەی، لەگەل قاسم، بە شێوەیەکی خوێناوی، رژێمی پاشایەتیان، لە تەموزی ١٩٥٨، روخاند، بە تێوەگلانی لە کودەتای عەبدول سەلام لە دژی قاسم، لە سوپا دورخرایەوە. ئەوەبوو لە دوای کودەتای ٨ شوباتی ١٩٦٣ عەبدول سەلام بەکری کردە سەرۆک وەزیران و لە ١٧ نیسانی ١٩٦٣ وەکو جێگری سەرۆک کۆمار سەردانی قاهیرەیکرد تاکو رێکەوتنی "کۆماری عەرەبی یەکگرتوو" مۆر بکات. کە گەڕایەوە زۆر دلّی بەو یەکگرتنە خۆش نەبوو و هەندێ گومانی، سەبارەت بە سیاسەتی ناسر، لا دروست بوو، ئەوەش بووە هۆی لەدەستدانی پۆستەکەی و دوورخستنەوەی. پاشان بەشدار دەبێ لە پوچەلکردنەوەی هەولی

کودەتایەک لە دژی عەبدول سەلام و ئەویش دەیگێڕیتەوە و پۆستی جێگری سەرۆک کۆماری پێدەبەخشێ.
ئەحمەد حەسەن بەکر یاریزان و تاکتیکچیەکی باش بوو، زیاتر پشتی بە خالە لاوازەکانی نەیارەکانی دەبەست لە بریتی هێزو توانای خۆی. حەزی لەوە نەدەکرد بڕیار و دەستپێشخەری بە پەلە و سەرپێی بکات، لە نێوان هەردوو بالی بەعس پیاسە و گەمەی دەکرد، لەوانەیە تاقە کەس بێ توانیوویەتی هەمیشە خۆی، لە ململانێ خوێناویەکان، قورتار بکات.
ئێستا بەکر کە لە دەسەلاتە زۆر چاک دەزانێ کە دەبێت چارەسەرێکی بە پەلە بۆ گرفتە گەورەو قولەکان بدۆزێتەوە، لە پێشەوەی هەمووان مەسەلەی کوردە. بەکر باش دەزانێ کە نابێت کات بە فیڕۆ بدات، لەبەر ئەوە یەک رۆژ دوای کودەتاکە بەیانێکی دەرکرد و ئاماژەی بە "گەڕانەوەی دیموکراسی" بۆ وولات راگەیاند. ئەو کودەتاچیانە هەمان گۆرانی دەلێنەوە! لەو بەیانە، لە خالی دووەم باسی "پێکەوە ژیان و چارەسەرێکی حەکیمانەی دۆزی کورد، بە شێوەیەکی بنەڕەتی و هەمیشەیی، کە سوودو خزمەت بە وولات، دەولەت و یەکێتی خاکی عێراق بکات" کراوە. بە پێی لێکدانەوەی کەسانی پسپۆر ئەگەر تەنها باسی دەولەت و یەکێتی خاکی کردبایە ئەوە دەبووە هۆی مەترسی دروستکردن لەسە بارزانی و کوردەکان. بەلام بە بەکارهێنانی ووشەی "وولات" ویستی ئەوە دووپات بکاتەوە و باوەڕ بەوانیتریش بێنی کە لە ناو دەولەتێکی یەکگرتوو "وولات"ێک هەیە و لە ناو ئەم وولاتەش، بێجگە لە عەرەب، پێکهاتەیتر هەیە. ئەوەش زمانی لاستیکی عێراقیەکانە کە لە بیزەنتینەکانیان وەرگرتووە.
ئەحمەد حەسەن بەکر لە ماوەی ١٥ رۆژ بە چەند رەفتار و هەنگاوێکی سەر سوڕهێنەر توانی ٢ لە کەسە نزیکەکانی نەفی بکات، لەوانە سەرۆک وەزیران، عەبدول رەزاق نایف و ئیبراهیم عەبدول رەحمان داودی کە سەرکردەی

لیوای حەرەس جمهوری بوو و، بەبێ بەشداری ئەو مومکین نەبوو عارفی دووەم روخێندرابا. هەردووکیان لە بەشداربووە سەرەکیەکانی کودەتاکە بوون، کەچی لە ماوەیەکی کورت دەستبەسەر دەکرێن و بە فڕۆکە، یەکەم بۆ مەغریب و دووەمیش بۆ لوبنان، رەوانە کران. ئەم بڕیار و گۆڕانکاریانە بە شێوەیەکی تەمومژاوی بەلام بە فەرمی تۆمەتی ئەوەیان درابووە پال گوایە هەولی "بەرێ لابردنی ئامانجەکانی شۆڕش"یان داوە. لە راستی بەکر ئەوانی بەکار هێنا تاکو بگاتە دەسەلات، بەکر باوەڕی وابوو مانەوەی ئەو دوو کەسایەتیە دەبێتە مایەی گرفت، بە تایبەتی لە کاتی دانوستان لە گەل کوردەکان چونکە هەردووکیان سەر بە "بزوتنەوەی شۆرشگێری عەرەبی قەومی" بوون، لە بەعس زیاتر توندڕەوتر بوون. ئەوەش بۆ رازیکردنی بارزانی و پێشکەشکردنی پێشنیاری باوەڕپێکراو بوو.
ئێستا لە کۆتایی مانگی تەموزین، پاش دوورخستنەوەی ئەو دوو کەسایەتیە ئەحمەد حەسەن بەکر پۆستی سەرۆک وەزیران و سەرۆکی ئەرکانیش دەگرێتە دەستی خۆی، بە هۆی خەبات و چالاکیەکی دوور و درێژ لە ریزەکانی حیزب شارەزایەکی باشی، سەبارەت بە تاکتیک و هاوسەنگی بالەکانی مەدەنی وعەسکەری و پەیوەندیەکانی دونیای دەرەوە، پەیدا کردبوو. لە راستی ئەل بەکر ئەو بالە مەترسیدارەی لەناو برد کە ئەگەری ئەوەیان هەبوو کودەتا بەسەر خۆی بکەن. لە هەمان کات کارتی کوردەکانی بەکار هێنا و ئەوەش بووە هۆی بەهێزبوون و گەڕانەوەی متمانە بەیەکتر کردن لە کاتی دانوستان. ئەوەیە دەلێ بە بەردێک دوو چۆلەکەی کوشت. هیچ کەسێک وەک بەکر نازانێت ئەگەر بتەوێ لە عێراق درێژە بەدەسەلات بدەی پێویستە مەجالێک بۆ سەرکردەی کوردەکان بهێلیەوەو دەرگا بکەیتەوە. تۆ تا ئەو کاتە دەتوانی لە دەسەلات بمێنیتەوە کە گرژیەکان لەگەل کورد خاو بکەیەوە، ئەگەر کێشەی کورد، بە هەموو قورساییی، تەقیەوە ئەوە دلنیابە دەسەلاتت

دەکەوێتە لێژەوە. پەیڕەوکردنی سیاسەتی "گۆپال و جێزەر"، واتە پێویستە هەلوێستی نیو "نا" و "لەوانەیە" بگریتە بەر و هەگیز بە تەواوی نەلێی "نا" یان "نابێت".

لەم بارو دۆخە، بەکر، لەسەر ئاستی ناوخۆ دەبێ زۆر وشیار بێت و نابێ هەنگاوی هەلە بنێت، لەسەر "بەرەی کوردستان" پێویستە سیاسەتێکی لاستیکی و مام ناوەندی پەیڕەو بکات. لێرە سیاسەتێکی نوێی عێراق خۆی نمایش دەکات، بە ئاراستەی نەرم و نیان بەلام ئامادە بۆ هەر ئەگەرێکی نەگەتیڤ. بە کورتی بەڕێوەبردن و هەلسوڕاندنی کاروباری دەولەت لە رێگەی بە شەخسەنەکردن لە لایەن بەکر دەستی پێکرد، بەوەش دەلێن سیاسەتی "مستێ لە ئاسن بەلام لەناو پەنجەوانەی ئاوریشم".



ئەحمەد حەسەن بەکر پێشوازی لە موعەمەر قەزافی دەکات لە فرۆکەخانەی بەغدا، ١٩٧٣

# ئامۆژگاریەک لە مۆسکۆوە

ئەوەی بووە هۆی هاندانی ئاراستەیەکی نوێ لە سیاسەتی بەکر ئامۆژگاری مۆسکۆ بوو، لە ئەیلولی ١٩٦٨ رۆژنامەی "پراڤدا" وتارێکی بلاو کردەوە کە تیایە لاپەڕەکانی کێشەی کوردی هەلدەدایەوەو بە ناڕاستەوخۆش هەندێ پێشنیاری دەخستە سەر مێز. ئەوە دووپات کرابووەوە کە یەکێتی سۆڤیەت لە داخوازیەکانی کورد دەگات و بەردێک فڕێ دەدات بۆ ئەوەی بزانێ هەلوێستی بەغدا، سەبارەت بە گرێبەستەکانی نەوت، بوونی تەکنیک و راهێنەرانی سەربازی سۆڤیەت لە وولات و سیاسەتی دەرەوەی عێراق، چیە.

وتارەکەی پراڤدا بۆنی ئەوەی لێدێت کە کرێملین ئامادەیە دەستبەرداری لە مەلا مستەفا بارزانی بکات، لە کەسایەتیەکی خاوەن دۆزی نەتەوەیی دەبێتە ئالەتێکی فشار. سەردەمی ستالین تەواو بووە! تۆ بلێی لێرەوە خۆری "مارشالی سوپای سور" بەرەو ئاوابوون بڕوات؟ هەر لە وتارەکە هاتووە کە مەسەلەی کورد بابەتێکە کە بە هیچ شێوەیەک و بۆ هیچ مەبەستێک یەکێتی سۆڤیەت ناتوانی دەستبەرداری بێت.

وتارەکە لە لایەن ئێڤگینی پریماکۆڤ Evgenij Primakov نووسراوە، کەسێکی شارەزای کاروباری رۆژهەلاتی ناوەڕاستە و لێرە هەلوێستی حکومەتی سۆڤیەت بەیان دەکات. رۆژنامەی پراڤدا، لە ناوەڕۆک، دەلێ دلەڕاوکێ و نا ئارامی کۆمەلانی خەلکی کورد "ترسیان لەوە هەیە کە لە حالەتی نەبوونی ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکەیان ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و ئەو کەسانەی خۆیان بە فریادڕەسی دۆزی کورد پیشان دەدەن هان بدەن دەست

بخەنە کێشەکە". لێرەدا ئامۆژگاریەکی بە پەلە دەکەین کە ڕێکەوتنی سالی ١٩٦٦ لە کوردستان جێبەجێ بکرێت، بە جۆرێک ببێتە هۆی پەرەپێدان و گەشەکردنی پەیوەندیە دۆستایەتیەکانی نێوان بەغدا و مۆسکۆ.
لێرە باروودۆخەکە، وەک تراجیکۆمیک، دێتە بەرچاو، کوردەکان لە لایەک دلخۆشبوون بە بەرگری سۆڤیەت لە مافەکانیان بەلام نەدەکرا هۆشداری نەدەن کە هەر جۆرە ڕێکەوتنێک نابێت لەسەر خوێنی کوردان بێت، لە حالەتێکی ئەوها ناچارن، لە دژی بەغدا، دەست بە شەڕ بکەنەوە. عێراقیەکانیش دلگرانن و نایانەوێت ئەو دەرگا بچوکەی لە گەل مۆسکۆ کراوەتەوە زوو دابخرێت، لەبەر ئەوە حکومەت رایگەیاند کە هیچ جۆرە پێکدادان و ئۆپێراسیۆنی سەربازی لە پارێزگاکانی باکور رووینەداوەو لە ئارادانیە. وەزیری رۆشنبیری، عەبدول سەلام ئەل سامەڕائی، بە فەرمی رایگەیاند کە لە ماوەیەکی زۆر کورت "حوکمی زاتی بە کوردەکان" دەدەین. مانگی ٩ و ١٠ تەوابوون کەچی هیچ دیار نیە. لێرە، لە مێزۆپۆتامیا، زۆر بە کورتی، وەکو پێوانەی بیابان، نە ڕێگا کۆتایی دێت و نە کاتەکەش تەواو دەبێت.

# رۆژانی تیرۆر لە بەغدا

مانگی نۆڤەمبەریش خەریکە تەواو دەبێ، هیچ روداوێک لە ئارادانیە، بەلام لە رۆژانی کۆتایی، بەبێ هیچ دیاردەیەک، شاری بەغدا نوقمی تیرۆربوو. هۆیەکان شاراوەن، ئەوکەسانەی بەم کارە هەلساون نادیارن، قاتیلەکان دەم وچاویان دیار نیە. رۆژانی سەخت و پڕ لە دڵ رەقی و بێ بەزەیی دەستی پێکرد و، پڕە لە خەونی کابوسی. بۆ ئێمەی ئەوروپی رۆژانێکی پڕ لە ترس و لەرزە، زۆر زەحمەتە، نا بەلکو موستەحیلە بتوانین فڕۆکە وەرگرین و خۆمان دوور بخەینەوە لەم شارە کە لە ناکاو بۆمان بۆتە زیندانێکی تاریک، توانای هەناسەدانی تیا نەماوە، شارێکە بۆنی مردنی لێ دێت. ململانێ و شەڕە خەنجەری لایەن و بالەکان قێزەون وماسکدارە، لە گۆڕەپانەکان هەست بەو سیراعە ناکرێت، خۆپیشاندان و ئاژاوەگێڕی لە ئارادانیە. بەلام کوشتنی بێدەنگ هەموو کون و قوژبنێکی گرتۆتەوە. بالەکانی حیزبی بەعس خەریکی لەناوبردنی یەکترن، لە نێوانیان کوردەکانیش، چی وەک لایەنێکی کارا و چی وەک قوربانی، تێوە گلاون.

گرتن، کوشتن و ئەشکەنجە بووبوونە دیاردەی رۆژانە. لە گەڕەکێکی دەرەوەی شار، لە کەنالێکی ئاوی پیس و پۆخل لاشەی هەنجن هەنجنکرای وەزیری دەرەوەی پێشیو، ناسر ئەلحانی، دۆزرایەوە. ئەو بەدبەختە پێش چەند رۆژێک لە مالەکەی خۆی، لە لایەن کەسانی نەناسراو، فڕێندرابوو. هیچ کەس بە دوای پیاو کوژەکان نەچوو بوو، هیچ لێکۆلینەوەیەک لەسەر ئەوکوشتنە نەکرا. ناسر بۆ ماوەیەک بالوێزی عێراق بوو لە واشنتۆن،

راوێژکاری سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر، بۆ سیاسەتی دەرەوە، بوو بەلام زوو رەخنەی لە سیاسەتی دەرەوی حکومەتی نوێ گرت و دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە. شک و گومانەکان یەکە، با هەر کەسە لە ناو دڵی خۆی هەلیگرێ. لەم رۆژانە هەر زیادەڕۆی و کەمتەرخەمیەک دەبنە مایەی سەرنگوم بوون، بۆیە باشترە زۆر ئاگاداری رەفتار و گوفتارت بیت. شەوانە دەنگ و هاواری ئەشکەنجەدان لە کۆشکی پاشایەتی، قەسری نیهائی، دێت، لەو شوێنەی لە سالی ١٩٥٨ مەلیک فەیسەل و ئەندامانی خێزانەکەی و دارودەستکەیان کۆمەلکوژکرد، ئێستا بۆتە زیندانی کەسایەتیە سیاسیەکان، بە تایبەتی ئەفسەرە بالاکان، لەوانە وەزیری پێشوی بەرگری، عەبدول عەزیز ئەل عەکەیلی. دیارە ئەشکەنجەکان زۆر ترسناک و قێزەوەنن، ئەو کەسەی سەرپەرشتی رۆژانی تیرۆر دەکات وەزیری ناوخۆیە بە ناوی سالح مەهدی عەماش کە زۆر دلڕەقانە هێرشی بۆ بنبرکردنی "کۆسمۆپۆلی ئیمپریالیست"ی بەرپاکردوە. یەکێک لەو بڕیارانەی مایەی سەرنجە دەرکردنی ١٠ مامۆستای ئەلمانی و ئەمریکی بوو کە دەرسی قانونیان لە زانکۆی ئەل حەکیەم دەگوتەوە، ئەو زانکۆیەش دوا زانکۆی ئەهلی بوو لە عێراق کە لەسەر ئاستی جیهانی ناسراوبوو.

وەزیری دەرەوە، عەبدالکریم الشیخلی و وەزیری رۆشنبیری، عەبدولا ئەل سامەڕائی لەگەل سالح مەهدی عەماش هاریکاریان دەکرد، شەپۆلێکی شۆڤینیستی دەستی پێکرد، هەرسێکیان کەللە رەق و فەناتیق بوون، لە بڕیار و قسەی خۆیان پاشەگەز نە دەبوونەوە، حەردان عبدالغفار ئەل تکریتی هەولدەدات بە روویان بوەستێتەوە و دژی ئەوەیە "چاودێری سیاسی – توجیە السیاسی" حیزبی بەعس لەناو سوپا بلاوەیان پێبکرێت بەلام لە کۆتایی ئەویش خۆی تەسلیم دەکات و خۆی دەگونجێنێ. لە مانگی دیسەمبەری ١٩٦٨ هەلمەتی راونان و گرتنی جولەکە دەستی پێکرد، تۆمەتبار کرابوون بەوەی،

جگە لەوەی وەک زۆربەی خێزانەکان بە خراپە باسیان دەکرا و ناتۆرەیان بۆ هەلدەبەسترا، گوایە "کۆمەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی مەلا مستەفای بارزانیان کردووە".

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە بارزانی قەناعەتی وابوو کە لە بەرژەوەندی ئیسرائیلە کوردەکان کیانێکی خۆیان هەبێ. لە راستی هەموو لێکدانەوەکان لەسەر ئەوە کۆکبوون کە لە قازانجی ئیسرائیلە سوپای عێراق خەریکی کوردەکان بێت باشترە لەوەی بێتە هانای برا عەرەبەکان و لە سنورەکانی نزیک بێتەوە.

لەم کاتەی بارزانی، "شێخی سۆر"، پێشمەرگەکانی کۆدەکاتەوە و پەلاماری سەربازگە و سوکنەکانی لەشکری عێراق دەدا لەو کاتە "راوە جولەکە" دەست پێدەکات، بە تایبەتی لە بەغدا هێرشێکی بەر بلاو دەکرێتە سەر خێزانە جولەکەکان.

حەردان تکریتی کەسێک بوو خاوەنی قسەی خۆی بوو، قسە و رەفتاری یەک بوو، ئەوەتە لە کۆتایی دیسەمبەری ١٩٦٨ هێرشێکی فراوانی، لە ئاسمانەوە، بە ناپالم، کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە، قەتل و عامێکی گەورەی گوندنشینەکانیکرد. هێزی پیادەش بەو هەلمەتەی فرۆکەکان دڵخۆش و سەر مەست بوون، بە یارمەتی تۆپ و دەبابە هێرشیان دەست پێکرد. وا هەست دەکرا کە ئەوە دوا مەعرەکە بێت کۆتایی بە بزوتنەوەی کورد بهێنن. پێشمەرگەکانی بارزانی روو بەڕووی سەخترین شەڕ بوون. ئەمە قورسترین شەڕە کە بێتە بیر. هێزەکانی حکومەت لە ناوچەی حەمیدیە – Hamidiyeh، کە ٨٥ کم لە باکوری رۆژهەلاتی سلێمانی دوورە و لە هەندێ شوێنیتر سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دێنن. لاپەڕەی رۆژنامەکانی بەغدا بە سەروتاری گەورە، بە تامی سەرکەوتن، رازابوونەوە، بەیانەکانی سەرۆکایەتی ئەرکانیش، بە هەمان شێوە، لە رادیۆ و تەلەڤزیۆن دەخوێندرانەوە، شەقامەکان

لە خۆپیشـــاندان و مەسـیرەی وەتەنـــی جمەیـــان دەهـــات. پاشـــان لە ناكـــاو بێدەنگیەكی ترسناك، رەقابەیەكی توندیان خستە سەر هەواڵەكان.
چـــی بـــووەو چـــی رویـــداوە؟ وەڵامەكە زۆر ئاســـانە، كوردەكـــان، دوای پاشەكشـەكردنیان لە رۆژانـی یەكەم خۆیـان رێـك خسـتەوە و رێگریـان لە پێشوەچوونی لەشكری بەغدا كرد و، تەنانەت پەلامـار و هێرشـی پێچەوانەیان دەسـت پێكـردووە، لە هەنـدێ شـوێن عەمەلیـاتی زۆر ئازایانەیـان ئەنجامـداوە. ئەوەتە سوپای عێراق لە چیاكان راودەنێن كە دەیانەوێت بەسـەر "ئەو شـاخە نەفرەت لێكراوانە" سـەركەون و روو بە رووی كەمینی پێشـمەرگە دەبنەوە و زۆرجـاریش لە پشـتەوە پەلامـار دەدرێـن. بە پێـی ئەو دەنگۆیـانەی دەگەونە بەغـدا كوردەكـان زۆر ئازایـانە و جەسـورانە هەلـمەت دەبەن كە تـاكو ئێسـتا عەمەلیـاتی ئەوهـا بە ریسـكیان نەكـردووە. لە زۆر شـوێن ئەو رێگایـانەی دەچنەوە كەركوك دەتەقێننەوە و رێگەی هـاتنی ئیمـدادات دەگرن. كوردەكـان تاكتیـك دەگـۆڕن، نەك تەنهـا بە شـەو، بەلكـو لەگەل رۆژئـاوابوون و تـاریكی هەلمەت دەبەنە سەر سەربازگەكان و ترس و مـردن دەچێنن، دەسـت بەسـەر چەك و كەرەسـەی شـەڕدا دەگـرن ودەسـوتێنن و تـالان دەكەن. هەنـدێجار بە جەسوری و چاو قایمی شەڕیان دەهێنایە باشـوری بەغـدا، ئەو شـوێنانەی كە هەرگیـــز ســـێبەری كـــوردی بەرچـــاو نەكەوتبـــوو، ئەوەتە لە نوعمـــانیە Naamaniyah عەمەلیەكیان ئەنجامدا و دەنگێكی زۆری دایەوە، نوعمـانیە ١٤٠ كـم لە باشـوری بەغـدایە، لەسـەر روبـاری دیجـلەیە، ئێـرە ناوەنـدێكی چـالاكی حیزبی شوعیە.
لە بەرامبەر ئەو چالاكیانە ئەل بەكر زۆر توڕە بوو، لەبەر ئەوە چەند كەسێك لە بەغدا سەریان لەسـەر دانـا. كەش و هەوای تیـرۆر ژیـانی لە خەلـك تـالكرد. رەقابە رۆژنامەنوسـان لە پەلوپۆ دەخـات. بە پەلە یاسـایەكیان دەركـرد، كەس نابێـت وتـار و هەواڵ، بە هـیچ شـێوەیەك، بلاوبكـاتەوە كە زیـان بە سـەرۆك

کۆمـارو وەزیرەکـان بگەیەنێت، زیـان بە بەرژەوەندی شـۆڕش بگەیەنێت یـان یـارمەتی بلاوبـونەوەی جوداخـوازی، نـاوچەگەری، زایـۆنیزم و نەژادپەرسـتی بدات. هەر رۆژنامەنوسێک رێز لەم یاسایە نەگرێت ئەوە روو بەرووی سزای قـورس دەکـرێتەوە، ئەگەر بیـانی بـێ ئەوە دەردەکـرێ، ئەگەر عێراقـی بێـت دەستگیر دەکرێ. ئەوەتە هەندێ روداو کە مـایەی دلگرانـی ودڵە راوکێن، کـار بەڕێکەری بالوێزخانەی دانیمارک، لەو کاتەی مندالەکانی دەبردە قوتابخانە، لە جـادە گرتبوویـان، لە مـاوەی ٢٤ سـەعات دەریـانکرد، هـۆیەکەی چـی بـوو؟ بە فەرمی باسـی هـیچ هـۆیەک نەکرا بەلام بە "دۆسـتی جولەکە" لە قەلەمدرابوو. سـەرۆک وەزیرانـی پێشـوش، ئەل بەزاز، دەسـتگیرکرا و، بە تـۆمەتی "بەکرێگیـراوی سـەهیۆنیزم" گوناهبـار کـرا. رۆژئـاوا تەنهـا بە قسـە نـاڕەزایی پیشاندا، چەند رۆژێک رەخنەیـان گـرت و پاشـان بێدەنگ بـوون. کەس باسـی تراژیـدیای ئەوکەسـانە ناکـات کە بە هەر هـۆیەک لە رۆژانـی تیـرۆر لە بەغـدا دەژیان. تەنها رۆژنامەی "تایمز" لە وەسفی ئەحمەد حەسـەن بەکر دەنووسـێ "تورەبوون و تەقینەوەیەکی ئۆریجینالی شێتانەی" هەیە.

ئەو هەلـمەتەی حکـومەتی نـوێ دەسـتکەوتی پـێچەوانەی لـێکەوتەوە. راونـانی جـولەکە و شـەڕی فراوانـی دژ بە کوردەکـان بـووە هـۆی ئەوەی هەردوو لا پەیوەندیان بەهێزتر بکەن و هەلوێستێکی توند لە دژی عێراق بگرنە بەر. ئەو ئەنجـامەش کـاریگەری نەگەتیڤـی کـردە سـەر پەیوەنـدیەکان لەگەل وولاتـانی عەرەبی.

ئەحمەد حەسەن بەکر تەنها سوریای لەگەلدا بوو، بەلام لە راستیدا دەیتوانی "بێدەنگی" مۆسکۆش وەکو پشتگیری لێک بداتەوە و، رێگاشی بەرەو لێژ بوون دەڕۆیشت و دەبوو کاری رۆژە تاریکەکانی پڕ تیرۆر تەواو بکات. لێرە واجبی جەلادەکـان دەسـت پێـدەکات و زۆر دەخـایەنێ. رۆژی ٢٩ جـانیوەری ١٩٦٩ شـانۆگەری پەت و سـێدارە دەگەوێتە ئاسـتێکی یەکجـار تـۆقێنەر و قێـزەوەن.

مەشـهەدی لە سـێدارەدان زوو زوو دوبـارە دەبێتەوە، دادگاییکردنەکان دەبنە بـازاڕی بەڕبەریەت، لێـرە کەس یاسـا ناناسـێت و جەمـاوەریش بەو دیـمەنە ترسـناکانە سـەرخۆش دەکرێـت. لەسـەر لاشـەی لە سـێدارەدراوەکان لافیـتە هەلدەواسـن و تۆمەتەکـان، بە بڕیـاری دادگـای عەسـکەری، هەلدەواسـن و ئەمەش وەکـو بەکـار هێنـانی پاسـاو بـۆ سـزای لە سـێدارەدانیان. "شـاهیدە خۆبەخشەکان" سرە دەگرن، تاکو وەک کرێگرتە بانگ بکرێن. ئەوەندە بەسە کە یەکێک لەم شاهیدانە بلێ فلان "پیاوی ئیسرایلە" و ئیتر ئەو قوڕ بەسەرە تەواو و لە سێدارە دەدرا. خەلکی تۆقیبوو، لە ناو مالەوە خۆیان دەشاردەوە، تەسلیمی قەزاو قەدەر بوون، بە هۆی ئەو ترس و تۆقینەی ناو دلّیان تووشـی شـەلەل هـاتبوون، بە ناچاری کەوتبوونە ژێر ئەو بارودۆخە. پاش ماوەیەک وێـنە و دیمەنـی لە سـێدارەدراوەکان دەگەونە رۆژئـاوا، رۆژنامەکـان، بە کۆمێنتی پڕ رەخنە، بلاویـان دەکەنەوە، لە هەموو لایەک ئیدانەی ئەو رەفتارە وەحشـیگەریانە دەکەن، بە تێپەڕبـوونی کـاتیش ئیـدانەکان زیـاد دەکـات، کـار گەیشـتە ئەو رادەیەی کە ئەو دەنگـدانەوەیە نەتەوە یەکگرتوەکـان لە خەوی غەفلەت و قول بە ئاگا بهێنن.

بەکر گەیشـتە ئەو قەنـاعەتەی کە پێویسـتە قسـەیەک بـۆ رای گشـتی جیهـانی بکات، وای دەزانی هەموو دونیا دژیەتی و بێدەنگی مۆسکۆش، بە تەنهـا، بەس نـیە بـۆ درێـژەدان بە پشـتگیریکردنی. لەبەرە ئەوە بڕیـار دەدا کـۆنگرەیەکی رۆژنـامەوانی ببەسـتێ، دەیەوێ، بۆ جیهـان "باسـی راسـتی روداوەکـان" بکـات ئەوەش دوای ئەوەی سـەهیۆنیەکان نـاو و ناتۆرەیـان بلاوکردبـووەوە. بە شێوەیەکی قیتوقۆز، شیرین و خۆ خۆشەویستکردن دێتە کۆنگرەکە، پرچێکی کەم بەلام جوان شانەکراوە، سمێلێکی باریک بەسەر لێوە دلّڕەقەکانی قەفیـان گرتـووە، جـلە سـەربازیەکانیش بە بـۆنی نـاخۆش و قـوڕس رشـێنرابوون، یەکسـەر گلەیـی ئەوە دەکـات کە "هەنـدێ لایەنـی نێـودەولەتی بە شـێوەیەکی

هەلە" حالی بوون، دەیەوێت بە پشت بەستن بە "شارستانیەتی کۆنی عێراق" هەلسەنگاندن بۆ روداوەکان بکات. لە راستی دەکرێ، بۆ گالتە پێکردن، ئەو ئاماژە کردنە قەبول بکەین، ئەو کاتەی نەیارەکان، بێ شەڕو شۆڕ، یەکتریان لەناو دەبرد، بەکر ئاماژە بۆ ئەو دەکات کە لەنێو لە سێدارەدراوەکان خەلکی موسلمانیش هەیە، واتە راست نیە و جێگەی باوەڕ پێکردن نین ئەو دەنگۆیانەی باسی هەلمەتی دژ بە جولەکە دەکەن، بەلام ئەوە راستە کە هەموویان بە تۆمەتی پیاو یان بەکرێگیراوی ئیسرایل لە سێدارە دراون. بەکر دەلێ "رای گشتی جیهانی دۆستایەتیەکی زۆرکەم بۆ ئێمە دەردەبڕێ. پێتان نالێم کە گرنگی بەو دۆستایەتیە نادەم، بە پێچەوانەوە، بەلام ئەگەر رای گشتی دۆستایەتیەکی کەممان بۆ تەرخان بکات مانای وایە لە لایەن هەندێ ناوەندی پڕۆپاگەندە، کە دەیانناسین، بە رێگایەکی هەلە بردراون و دەستخەڕۆ کراون".

رۆژنامەنوسێک: پێتان وانیە کە پێویستە عێراق خەم لەوە بخوات یان پەشیمان بێتەوە لەوەی کە هەست و سۆزی جیهانی سیڤیلی لە دەستداوە؟

ئەل بەکر: بە پرسیاریک وەلامت ئەدەمەوە. باشە بۆچی رای گشتی جیهانی، بەهەمان تورەیی، کاردانەوەی لە بەرامبەر ئەو فاکتانە نەبوو کە سیخورەکانی ئیسرائیل، لە وولاتەکەمان ئەنجامی دەدەن؟

لە راستی کۆنفرانسەکە زۆر سادەو رۆتین بوو و هیچ وەلامێکی باوەڕپێکراوی نەدایەوە. هەندێ لەو دەنۆگیانەی کە لە لایان هەندێ کاربەدەست، لە تەلارەکانی حکومەت، لە رێگەی دۆستایەتی بەدەست هاتوون باسی ئەوە دەکەن کە کەیسی "سیخوڕەکانی ئیسرائیل" بە یارمەتی سۆڤیەتیەکان ئاشکرا کراوون. هەروەها ئەو رادیۆیەی بە نهێی بەرنامەی، لە مزگەوتێکی بەسرا، پەخش دەکرد ئەویش بە یارمەتی سۆڤیەت دۆزراوەتەوە. گوایە پاپۆڕێکی سۆڤیەت کە لە بەندەری بەسرا لەنگەری گرتبوو، بە سوتفە،

کۆدەکـانی دەکەوێـتە دەسـت و لە ڕێگـای سـەفارەتی سـۆڤیەت، لە بەغـدا، عێراقیەکـان ئاگـادار دەکـرێنەوەو لە مـاوەیەکی کەم شـوێنەکە "مـزگەتەکە" دەستنیشـان دەکەن و تۆڕە، بەناو، سیخوڕیەکە ئاشکرا دەکرێن و دەگیـرێن. دەڵێین "بەناو" سیخور چونکە لە کاتی دادگاییکردن و پرۆپەگاندە تۆمەتەکان بە بەڵگەی باوەڕپێکراو نەسەلەمێندران. لە عێراق هەرکاتەک بیانەوێت خۆیـان لە نەیـارە سیاسـیەکان رزگـار بـکەن یەکسـەر تـۆمەتی "سـیخور و دەسـتی دەرەکیان" دەخەنە پال و بە جاسـوس ناویـان دەبەن. گومانەکانمـان بێ هـۆ و بەلـگە نیە، هەروەک چۆن گۆمانمـان لەسـەر ئەو هەمـوو حـوکمی لە سـێدارە هەیە کە ئەحـمەد حەسـەن ئەل بەکـر دەریکـرد بـۆ ئەوەی هۆشـداری بـداتە کوردەکان و بیانترسێنێ کە زۆر جار بە "سیخور و خائین" ناوی بردوون.
بەلام ئەو هۆشداریدانە بە دژی کوردان بە مەترسی بەسەر خۆی دەشکێتەوە، کاتەکەشـی گونجـاو نـیە تـاکو دەسـت بـۆ کەیسـی کـوردان بەرێـت چـونکە کوردەکـان لەو بـاوڕەدان ئەو هەمـوو تـوڕەیی و نـاڕەزایەتیەی نـاوخۆ و دەرەکـیە، لە ئەنجـامی ئەو شـەپۆلی لە سـێدارەدانە، لە ئـارادایە بە قـازانجی خۆیان بەکاری بهێنن. لەبەر ئەوە بەکر یەکسـەر هەست بەو هەڵەیە دەکات و لە رۆژانـی یەکەمـی مـانگی شـوباتی ١٩٦٩ لە بەیانێـک دەلـێ "دیـالۆگ لەگەل کوردان بەردەوامە، ئەوەش لە پێناوی ئەوەیە بگەوینە رێکەوتنێکی بە ئاشتیانە لە باکوری وولات".
بـارزانی بـاوەڕ بە یەک قسـەش ناکـات، زۆر بـاش تێـدەگات کە بەغـدا تەنهـا مەبەستی کات کوشتنە، بە خەیال پلاوی خۆی بتوانێ کۆمەلانی خەلکی کورد لە سـەرۆکەکەیان دابـبڕێت و لەگەلیـان بگەوێـتە جـۆرە رێکەوتنێـک و بە پێـی پلانی بەکر جۆرە مافێکیان پێبدات.
بـارزانی "شـێخی سـۆر" دەیەوێت دەستپێشـخەری بکـات و ئیمتیازەکـانی هێـز لەدەسـت بەغـدا دەربێنـێ، نیـازی ئەوەشـی هەیە بە مۆسـکۆ بلێـت کە کـاتی

ئەوەیە واز لە "گۆپـال و لەقەبـی مارشـالی سـوپای سـور" بهێنـێ و بڕیـاری دەستپێکردنەوەی شەڕ دەدات. هەندێ لە مەفرەزە ئازا و راهاتووەکانی هێرش دەکەنە سـەر بیرە نەوتەکانی کۆمپانیای نەوتـی عێراق لە کەرکوک. دوکەلـی ئاگرێکی گەورە، بۆ ماوەی چەند رۆژ، ئاسمانی ناوچەکە دادەپۆشی، زیانەکان بێ هەژمارن. کار دەگەوێتە ئەو رادەیەی کە رەوانەکردنی نەوت، بۆ بەنـدەری بانیاس و تەڕابلوس لەسەر دەریای ناوەڕاست، بۆ ماوەیەک، بوەستێ.

مەسـیجەکەی بـارزانی روون و ئاشـکرایە، ئەحـمەد حەسـەن بەکـر دەبـێ قەناعەت بەوە بکات کە نەوت لە خاکی کوردانە و، ئەگەر دەیەوێت هەناردەی نەوت بەردەوام بێت ئەوە پێویستە لەگەڵ کـورد بگەوێـتە رێکەوتـن، چـونکە ئەوان "خاوەنی سروشتی و ئیلاهـی" و تـاکە شـەرعی ئەو سامانە بە نرخەن. مەسیجەکەی بارزانی روونتریشە ئەگەر بێت گوێ لەو دەنگۆیانەش بگرین کە لە بەغـدا بلاودەکـرێنەوە کە گـوایە مۆسـکۆ دەیەوێـت دەسـت بەسـەر بیـرە نەوتەکـانی کەرکـوک و موسـلدا بگرێـت چـونکە سـەرچاوەی سـەرەکی وزەی وولاتـانی نـاتۆ و دەریـای سـپی ناوەڕاسـتن. ئەو دەنگۆیـانەش ئەوەمـان پـێ دەڵێت کە بـارزانی کـارتی ئەوەی لەبەر دەسـتایە کە نەک تەنهـا گەمە لەسـەر ململانێـی سیاسـی و ئیـدیۆلۆژی کۆمـونیزم بکـات بەلکـو دەسـت بـۆ سـەر بەرژەوەنـدیەکانی رۆژئـاواش ببـات. ئەو گومـانە بەهێزتـر دەبێـت لەو کـاتەی کوردەکان، ئەوها لە ناکاو و بە دیقەت، پەلاماری دامەزراوە نەوتیەکان دەدەن و ئەو زەرەر و زیـانە زۆرەیـان پێـدەگەیەنن دەبـێ جـۆرە کۆنتاکتێکیـان لەناوەوەی کۆمپانیای نەوت هەبێ. ئەگەر تەماشـای ئەو تەسـادوفە بکەین کە چەنـد رۆژێـک پـێش ئەو هێرشـە بەڕێـوەبەری نەوتـی کەرکـوک، حیلمـی سـامەڕائی، دەسـتگیر دەکـرێ، لەبەرچـێ؟ بـێ تـۆمەت و بـێ روونکـردنەوەیە. یەکێکە لەو روداوە سەیرو سەمەرانەی لەم رۆژە تەمومژاویە روو دەدات.

لە دوای پەلامــاری کوردەکــان بــۆ ســەر دامەزراوە نەوتیەکــان کــاردانەوەی عێراق زۆر تووندو تیژە، لە مارسی ١٩٦٩ هەموو هێزی ئاسمانی هێرشی چڕ وپڕ، بە بۆمبی وێرانکەر، دەکاتە سەر کوردستان و، لە لایەکیتریش سوپایەکی ٦٠ هەزار کەســی، بە نــاوی "معــرکە الربیــع - هێرشــی بەهــارە" پەلامــاری کوردەکان دەدەن.

# مەلا مستەفا بارزانی بە هێرشی پێچەوانە وەلام دەداتەوە

بارزانی، شێخی سۆر، لە ژێر رەشماڵەکەی کە لە موی بزن دروستکراوە لە رۆخی جۆگەلە - روبارێک هەلیداوە، جلی شەڕی لەبەردایە، شەروالی پان و بەرین، پەستەکەک، کلاوجامانەی سور و رەشی لەسەرە، دەمانچە و خەنجەری لەبەر پشتێنە. هەرچەندە لەم چیا و دۆلە دوورانە دەژیت بەلام ئاگاداری هەموو شتەکە. داوای کۆبوونەوەی سەرکردە سەربازی و سیاسیەکان دەکات و لە بەر روناکی چرا رەشکەیەکی بە نەفتی کۆدەبنەوە و باردۆخەکە هەلدەسەنگێنن، عەزیز عەقراویش بەشداری تیا دەکات کە سوپای بەغدای بەجێ هێشتووەو چۆتە رێزی پێشمەرگە. بارزانی پلانی خۆی دارِشتووە کە چۆن بەرپەچی هێرشەکانی حکومەتی ناوەندی بدەنەوە و پەسەندیشکرا. لەسەر لوتکەی چیا بەرزەکانەوە دەنگی نەعرەتەی هەلمەت بەرز بووەوە، هەموو خۆیان بۆ هێرش ئامادەکرد. ئەم جارە هێزی نوێ و گەنج ئیلتیحاقیان بە پێشمەرگەوە کردبوو، نازانرێ لەکێ هاتوون بەلام هەموویان ورەیان زۆر بەرزە، بە رق و تۆلەیەکی بێ وێنە خۆیان ئامادەکردووە. دەنگۆی هێزی نوێ لەپشتەوەی بەرەکانی شەڕ بلاو بۆتەوە و گوایە ئەو خوێندکارە کوردانەی لە ئەوروپا تەواویان کردووە گەڕاونەتەوە بۆ ئەوەی بەشداری لە شەڕی رزگاری بکەن، لە "ناوچە رزگارکراوەکان" کۆمەک و یارمەتی ئەو ١٦ هەزار خێزانانە بکەن کە ئاوارە بوون و بوونەتە "قوربانی شەڕ".

ئەوجارەش پاش سەرکەوتنێکی سەرەتایی سوپای عێراق ستۆپی پێ دەکرێت و، هەر زوو ترس و لەرز دەیگرێت و مەعنەویاتی دێتە خوارەوە. لە چیا بەرزەکان پێشمەرگە، وەک تارمایی شەو، دێنە خوارەوەو پەلامار دەدەن و دەستی خۆیان دەوەشێنن و دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. ئێستا گوایە دیاردەیەکی نوێش، بە ڕۆژ، پەیدا بووە، چەکدارە کوردەکان، دەستە دەستە بە چەکەوە بە سەربەرزی و بە دڵنیایی روو لە شارەکانی کەرکوک و سلێمانی و رانیە دەکەن، لێرە شتومەک دەکڕن و دەگەڕێنەوە سەنگەرەکانیان، ئەوەش وەک تەحەدا بەرامبەر سەیتەرەکان، هێزەکانی حکومەت خۆیان گێل دەکەن و چاویان دەپۆشن بۆ ئەوەی لەگەڵیان روو بەڕوو بوون روو نەدات. هەندێک لە پێشمەرگەکان لە ناو شار دەمێننەوەو لە تاریکی شەو تەقینەوە ئەنجام دەدەن یان هێرش دەکەنە سەر محاویلەکانی کارەبا یان بیرە نەوتەکان. بە قسەی شایەتحاڵەکان هەموو شەوێک دەنگی تەقە و تەقینەوە دەبیسترێت.

ئەو هەواڵانەی لە جەبهەکانی شەڕەوە دەگەن زۆر جێگەی نیگەرانی و ئاگر خۆشکردنن، ئەوەش لەبەر ئەوەی لیژنەیەکی حکومی بەغدا بۆ لێکۆڵینەوە لە هێرشی سەر بیرە نەوتەکانی کەرکوک راپۆرتی خۆی ئامادەکردووە. لە راپۆرتەکە ئاماژە بەوە کراوە کە کوردەکان زۆر بە شارەزایی هاوەنەکایان، بە ٢ کم دووری، ئاراستەی ئەو سەربازگەیە کردووە کە ١٥ سەربازی تیابووە و ئامانجەکانیان پێکاوە. سۆرپرایزێکیتر بریتیە لەوەی کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە پارچە تۆپ و ساچمەکان دەرکەوتووە کە ئەم چەکانە سۆڤیەتین. لە کۆتایی ئاماژە بەوە کراوە کە پێشمەرگە ئاستێکی نایابی لە راهێنانی ئەو جۆرە چەکانە بەدەست هێناوە کە زۆر بە دیقەت بەکاریان دەهێنێ و بە ئاسانی دەتوانێ لە شوێنێک بۆ شوێنێکیتریان بەرێت. کەواتە چەکدارەکانی بارزانی چیتر رێگر و چەتە نین وەک حکومەتی بەغدا بانگەشەی بۆ دەکات بەلکو هێزێکی سەربازی بە دیشپلینن و چەکی

پێشکەوتویان هەیە و دەتوانن لە پشتەوە هێرش بکەنە سەر لەشکری عێراق و لە قـــولای پەلامـــاری دامەزراوەی ســـتراتیجی نەوت بـــدەن، نەوتـــیش سەرچاوەی دارایی عێراق و سوپاکەیەتی.

بێجگە لەم روداوانە پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، ئێستا لە بەهاری ١٩٦٩ داین، پەیوندیەکانی نێوان عێراق و ئێران روو لە خراپی دەکەن. عێراق، رۆژ بە رۆژ زیاتر، ئێران بەوە تۆمەتبار دەکات، کە گوایە یارمەتی پێشمەرگە دەدات. لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٦٩ رادیۆی بەغدا بە دەنگ و تۆنێکی جیاواز لە جاران سوپای ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد گوایە هاتوونەتە ناو خاکی عێراق. تارانیش دەمودەست هاتە وەلام و "بە بەلگە بەرپەچ"ی دایەوەو بە تەواوی ئەوەی "بە درۆ خستەوە" کە هێزی نیزامی ئێران سنوریان بەزاندبێ. بەلام لە هەمان کات دەیەوێت بە رای گشتی بلێت، کە تاکو ئێستا بێدەنگی لێکراوە کە "ناکرێت ئەوە لەبەر چاو نەگرین کە کۆمەلانی خەلکی سەر سنور، کە رۆژانە دەبنە قوربانی بۆردومانی فڕۆکەکانی عێراق بە ناپالم کە لە دژی هێزەکانی بارزانی بەکاری دێنن، پەڕیبنەوەو بەشداری شەڕ و پێکدانانیان کردبێت. ئەوەش بەبێ ئاگاداری حکومەتی ئێران روویداوەو ناکرێت ئێمە لێی بەرپرس بین. بە هەر شێوەیەک بێت ناکرێت ئەوانە بە هێزی نیزامی ئێران لە قەلەم بدرێن".

بەغدا سورە لەسەر تۆمەتەکان و بۆ ئەو مەبەستەش لە تەلەفزیۆن هەندێ لەو بەناو "دیلە گیراوەکانی کوردستان" پیشان دەدات، ئەوانەش ئیعتراف بەوە دەکەن گوایە سەر بە سوپای نیزامی تارانن بەلام قسە و تەلەفوزیان زۆر بە ئێرانیان ناچێ. ئەوەش بەسە تا پێشکەشکار و کۆمێنتاری بەرنامەکە زۆر بە تورەیەوە هاوار بکات و بلێ "ئەوەش پرۆڤە، ئەوەش بەلگە! ئێمە دەزانین هەر کەسێک پێ درێژ بکاتە سەر خاکە پیرۆزەکەمان ئەوە مردن پێشوازی لێدەکات، بە هەمان شێوە پێشوازی لە کۆنەپەرست و هەر کەسێک بەبێ

ئیجازە سنورمان ببەزێنێ دەکەین. گەلی ئێمە لە هەموو دوژمنان بەهێزترە، شۆڕشی مەزنی ئێمە بە دەستێک کار دەکات بە دەستێکیش چەکی هەلگرتووە و تێدەکۆشێ. سوپاکەمان لێدانێکی کوشەندەیان لە کۆنەپەرستانی ئێرانیداوە کە لەگەل بارزانی بەکرێگیراوی ئیمپریالیست و دەزگای هەوالگری ئەمریکی، سی ئای ئەی CIA، نیازیان وابوو چەکداران بنێرنە ناو خاکی عێراق". ئەو بەناو دیلانەش بەبێ دەنگی راوەستاون و مێش میوانیان نیە، روخسار و دەموچاویان لەو کەسانە ناچێت کە حوکمی ئیعدامیان درابێت.

تاران بێدەنگی دەشکێنێ و لە رێکەوتنی تەموزی ١٩٣٧ دەکشێتەوە کە پەیوەندی بە شەتول عەرەب، شوێنی بەیەک گەیشتنی هەردوو روباری دیجلە و فورات، هەبوو. عێراق وەلام دەداتەوەو هەموو شەتول عەرەب، بە ئاو و خاکی خۆی دەزانێ. قەیرانەکە بەرەو ئالۆزبوون دەچێ.

عێراق، لە رووی نەفسیەوە، لە بارودۆخێکی دژوار دەژی، بەرەی شەڕی کوردەکان نەگەتیڤە، لە سەر ئاستی نێوخۆ پڕیەتی لە دڵە راوکێ، لەسەر ئاستی دیبلۆماسی بارودۆخەکە مایەی نیگەرانیە. بۆیە جارێکیتر دەست بەگرتن و لە سێدارەدان دەکرێت، رەقابەیەکی توند دەخرێتە سەر راگەیاندنەکان. بەلام رەقابە سودی نیە، هەوالەکانی بەرەی شەڕی کوردستان رۆژانە دەگەن و جێگەی نیگەرانین. ئەو زانیاریانە، نازانرێت بە چ رێگایەک، دەگەونە پاریس و بە ناوی "بارەگای گشتی کوردەکان"، بە شێوەی بەیاننامە، بلاو دەکرێنەوە دەنگ دەداتەوە. باسی ئەوە دەکرێت کە کوردەکان هێرشیان کردۆتە سەر بۆڕی نەوت لە ناوچەی زوماڕ و زیانێکی زۆریان پێگەیاندووە. گوایە ئەوە هێزی قەرەداغ بووە ئەو پەلامارەی ئەنجامداوە.

لە بەغدا سەرۆک کۆمار، ئەحمەد حەسەن بەکر، کۆبونەوەیەکی سەرۆکایەتی ئەرکان دەکات، پێشنیاری کۆکردنەوەی هێزی نوێ دەکات، نایەوێت گوێ بگرێت، داوا دەکات بە زوترین کات و بە هەر شێوەیەک و هەر نرخێک بێت

پێویستە کۆتایی بە یاخیبوونی کوردەکان بێنین، ئەگەر پێویست بێت بانگی سەربازە ئیحتیاتەکان و غەیرە نیزامی بکەن. پاش چەند سەعاتێک خەبەرەکە دەگەوێتە بارزانی، ئەویش مەکتەبی عەسکەری کۆدەکاتەوە تا پێیان رابگەیەنێ کە حکومەت بە نیازی هێرشێکی بە هێز و بەربلاوە، بۆیە پێش پلانی بەغدا دەست پێبکات ئەوان پلانی هێرشی خۆیان دەست پێدەکەن.

پلانی کوردەکان دەمودەستە، لە ناکاو وەک بروسک وایە، پێشمەرگە، بە دێژی ٢٨٠ کم، هێرش دەکەنە سەر سەربازگەو سوکنەکانی عێراق. ئەوە یەکەمجارە لە ماوەی ٨ سالی شەڕ چەکدارانی "شێخی سۆر" چالاکیەکی ئەوها فراوان و بە تەوقیت ئەنجام بدەن. عێراقیەکان تووشی سەرلێشێوان و هەلاتن دێن، حکومەت بەلێنی کۆمەک و رەوانەکردنی هێزیان پێدەدات بەلام ئەوان ناتوانن بەرگەی ئەو پەلامارە توونده بگرن، ٣ بنکەی سەربازی، یەک لە دوای یەک - لە سەر خەتی گۆزیگ، ئالی گولی، گێرۆژ، رەواندوز و ئامێدی Kosig, Aly Gully, Geroge, Rawanduz, Imadia - دەکەونە دەستی پێشمەرگە. هێزە بەزیوەکانی حکومەت بەرەو موسل و کەرکوک دەکشێنەوە. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە کە سەرەڕای هێزی ئاسمانی، پێشمەرگە دەتوانێ ئەوها بە ئاسانی و بە خێرایی هێرش بکات و سەرکەوتن بەدەست بێنێ. ئەمجارە فڕۆکەکانیش بە وشیاری روو دەکەنە ناوچەکانی شەڕو پێکدادان، ٣ فڕۆکەی میک خراونەتە خوارەوەو فڕۆکەوانەکانیش بەدیل گیراون. کوردەکان سەرەڕای کوژراوێکی زۆر، ١ لەسەر ٣ کوژراوەکانی عێراق دەبن، ئێستا بەهێزترن، دەستکەوتێکی زۆریشیان، لە هاوەن، تۆپ، سەیارەی عەسکەری و جۆرەها چەکی سوک، بەدەست کەوتووە.

بارزانی بڕیاردەدا هەلمەتەکانی رانەگرێ و نەیەلێت دوژمن پشویەک بدات، پێشمەرگە بە سەختی هێرش بەرەو شاری سلێمانی و بیرە نەوتەکانی کەرکوک دەبات. حکومەتی بەغداش بێ رەحمانە گوندەکان تۆپباران دەکات،

ناتوانێ کۆنترۆلی، بەشێکی زۆری، یەکە ئیداریەکانی باکور بکات و، چالە نەوتەکان کەوتینە بەر هەڕەشەو رەحمەتی کوردان، سانسۆر هەرچەندە زۆر توندو تیژە بەلام ناتوانێ راستیەکان بشارێتەوە.
پێش ئەوەی کار لەکار بترازێ دیسان حکومەت دۆل و زوڕنای برایەتی کورد و عەرەبی دەستپێکردەوەو بەلێنی ئەوەیدا بە ئاشتیانە کێشەی باکور چارەسەر بکات و ئۆتۆنۆمی راستەقینەیان پێ بدات. بۆ ئەم مەبەستەش سەعدون غێدان، سەرکردەی فیرقەی بەغدا، پەیامێکی ئاراستەی "پیاو ماقولانی هەولێر" کرد و دووپاتی دەکردەوە کە حکومەتی عێراق ئامادەیە و بڕیاریداوە بە شێوەیەکی "ئاشتیانە" و بە پێی "رێکەوتنی ٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦ " چارەسەری کێشەی کورد بکات.
یەکسەر شەڕو پێکدادانەکان رادەگیرێن، کوردەکانیش پێویستیان بە پشویەک هەیە. بارو دۆخەکە، بە هیچ شێوەیەک، روون نیە، هەر یەکە ترس و گومانی لە پیلانی ئەویتر هەیە. ئەل بەکر، لە ژێرەوە بە دەرزی و دورمان، خەریکی ئەوەیە لە هەیبەتی بارزانی کەمبکاتەوە. لە راستی کەمێک ئامانجی بەدەست هێنا کە لە رووی مەعنەوەی کاریگەریان هەبوو، هەستا هەندێ "لیوای دژە پێشمەرگە"ی لەو کوردانە (جاشەکانی جەلالی، و) پێک هێنا کە لە پڕێکا خۆیان دابووە پال بەغدا. گوایە ئەو چەکدارانە لە لایەن جەلال تالەبانی، کە کاتی خۆی جێگری بارزانی بوو، سەرکردایەتی دەکرێن.
مەکینەی پڕۆپاگەندەی بەغدا، زۆر بەهێز، کەوتۆتە کارو دەیەوێت باوەڕ بە کوردەکان بهێنێ کە حکومەت نیازی پاکی هەیە: ئەگەر لەبەر ئەو چەتەیە، مەلا مستەفا بارزانی، نەبێت ئێستا هەموو شتەک، بە قازانجی "برایەتی کورد وعەرەب" چارەسەر دەکرا. بە چ جۆرەک؟ زۆر بە ئاسانی، پێش هەموو شتەک قەناعەت هێنان بە هەموو لایەک کە تەنها و تەنها "شێخی سۆر" گرفتی سەرەکیە لە بەرامبەر "نیاز پاکی و جدیەتی موفاوەزات" کە دەکرێت

"ڕێکەوتن"ێکی لێبکەوێتەوە و هەمــوو گەلـی عێـراق ئاشـت بکـاتەوەو بەرەو قۆنـاغێکی گەشـەکردن و هـارمۆنی و بە یەکەوە ژیـان، بە بەشـداری هەمـوو پێکهاتەکـان، ببـات. زیـاد لەمەش بەغـدا دەلـێ ئامـادەیە ریفـۆرم لە ئیـدارە خۆجێییەکان بکات، عێراق لە ١٤ لیوا بکاتە ١٦ و دەسـەلاتەکانیان زیاتر بکات، ٣ لەم لیوایانە "هەولێر، سلێمانی و دهۆک" لە لایەن کوردەکان بەڕێوەببرێن و، کەرکوکیش بە هاوبەشی لە نێوان کورد و عەرەب.

پڕۆپاگەندەی حکومەت و پیلانە ژێر بەژێرەکـان، رازیکـردن و تەرخـانکردنی ملیۆنـان دینـار، کەلێنێک دەخەنە نـاو بزووتننەوەی بـارزانی. پێویستە ئەوە لە بیر نەکەین کە هەندێ لەو کوردانەی لە شار نیشتەجێبوون لە نێوان ژیانی پڕ هیلاکی و مەترسی پێشمەرگایەتی و ژیانی حەساوەو مسۆگەری شـار ئەوەی دووەم هەلدەبژێرن.

بـــۆ ئەم مەبەســـتەش ئەوەتە رۆژنـــامەی "النـــور" کە لە لایەن گرووپێـــک لە ئینتێلێکتوالی کورد، لە بەغدا، دەردەچێ وتـارێکی بلاوکـردۆتەوەو بە دلنیـایی دلـی حکـومەت خـۆش دەکـات و دەنوسـێ "پێشـنیارە نـوێیەکەی حکـومەت بـۆ فراوانکــردن و دابەشــکردنی دەســـەلاتی پارێزگاکـــان هەنگـــاوێکی گرنـــگ و ســـەرەکیە بـۆ چارەســەرکردنی کێشـــەی کـــورد، ئەویـــش لە رێـــگەی داننـــان بەهەموو مافە نەتەوەیەکانی گەلی کوردە".

سەرۆک کۆمـار، ئەحمەد حەسەن بەکر، لەو بـاوەڕەدایە کە رێگە راستەکەی دۆزیتەوە، دابڕاندنی بارزانی لە کێشـەی کورد، بچوکردنەوەی بـارزانی تەنهـا وەک ســـەرۆک عەشــیرەتێکی بچـوکی خانەنشــینکراو و لاوازکردنـــی هێـــزی پێشـمەرگە. ئەوە پڕۆژەیەکـی یەکجـار گەورەیە، قاسـم و هەردوو عـارفی بـرا هەولێکـی زۆریـان، بۆ ئەم مەبەستەدا بەلام بە دەستی بەتـالی مـانەوە. ئێسـتا بەکر گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە دەتوانێ "شـاکار"ە سیاسـیەکەی تەواو بکات و سـەرکەوتن بەدەست بهێنـێ، لە کـارەکەی، بەلێنـی زۆر بە کـوردان دەدا، داو

و تـۆڕیکی زۆر دادەنێـتەوە، بە قسـە و بە ڕەفتـار (بە سـەردان و بە دەسـت گوشـین و دەسـت لەسـەر سـینگ دانـان ) ڕێزێکـی زۆر لە پیاومـاقول و کەسایەتیە کوردیەکان دەگرێت و بەڵێنی پۆست و پلەی بالایان لە، ئیدارەی نوێی کوردستان، پێدەدات.

ئەحـمەد حەسـەن بەکـر، لە ئەیلـولی ۱۹٦۹، پـاش ئەوەی دڵنیـابوو لەوەی کە بارودۆخەکە لە بارە ویستی گورزی کوشەندەی خۆی بوەشێنێ، فەرمانی بە ۲ فیرقە و هێزی ئاسمانیکرد دەست بە هێرش بکەن. لە ناکاو و بە فراوانی پەلامـاری کوردسـتانیاندا، نیازیـان وابـوو بـارزانی لەخەو بگـرن، هەمـوو هەولێکیـان گـرتە بەر تـاکو بتـوانن کـۆنترۆلی سـنوری نێـوان عێـراق – ئێـران بکەن، ئەوەش بۆ ئەوە بوو نەک تەنیا ڕێگەی هەلاتن و دەربازبوونیان، بۆ ئەو دیـوی سـنور، لە پێشـمەرگە بگـرن بەلکـو ڕێـگەی هیمـدادات و کـۆمەکی ئێرانیشیان لێ ببڕن و بیانخەنە نێوان دوو بەرداش. لە هەمان کات حکومەتی بەغدا فەرمانی بە ڕادیۆ، تیڤی و ڕۆژنامەکان دابوو، بە هیچ شـێوەیەک، باسـی ئەو ئۆپێراسیۆنە سەربازیانە نەکەن، حکومەت نەیدەویست ئەو هێرشە فراوانە کار لە سەر ئەو "جۆرە موفاوەزاتە" بکات کە لە بەغدا لەگەل هەندێ لایەن و کەسایەتی کوردی لە ئارادابوو. دانوساندنەکان باسی چیان دەکرد؟ حکومەت بەڵێنی شتی زۆر گەورەی بە کورد دابوو کە هیچ کەس و حکومەتێک پێشـتر ئەو بەڵێنـــانەی نەدا بـــوو بەلام لە ڕاســـتی ئەو بەڵێنـــانە زۆر زۆر، لە داواکاریەکانی بارزانی، بچوکتربوون.

ڕادیـۆ، تەلەفزیـۆن و ڕۆژنامەکـانی بەغـدا، بە شـێوەیەکی پڕۆپاگەنـدە، باسـی بەڵێنەکانیـان دەکـرد و بە "دەسـتکەوتی مێژووی"یـان لە قەلەم دەدا کە خـۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

خوێنـدن بە زمـانی کـوردی لە قۆناغەکـانی ناوەنـدی، ئامـادەیی، زانکـۆ و کۆلێژەکانی پەروەردە و ئەکادیمیای پۆلیس و سەربازی.

ڕێگەدان بە دروستکردنی "یەکێتی نووسەرانی کورد" و خۆ ڕێکخستنیان بە ئازادانە تا بتوانن دیوانی شاعیران و کارە ئەدەبییەکان چاپ بکەن. دەزگایەکی چاپەمەنی، تایبەت بە خۆیان، دروست دەکرێ و بەرهەمەکانیان چاپ دەکات.
ڕێگە بە گۆڤارێکی هەفتەیی و یەکێکی مانگانە دراوە کە بە زمانی کوردی دەربچن.
لە کورستانی عێراق قوتابخانە و ئیدارە خزمەتگوزاریەکان ناوی کوردیان لێدەنرێ و لە سەر دەرگاکان هەلدەواسرێن.
زمانی کوردی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن دەبێتە فەرمی.
لایەنگرانی بارزانی دەلێن ئەو بەلێنانە "تەنیا قسەی بێ کردارە" و ئەوان داخوازیتریان هەیە. لە راستی ئەو بەلێنانە زۆر دوورن لە داواکاریەکانی کورد، کەمترین مافی کورد، لەو پاکێجەی بارزانی پێشکەشی کردووە، دابین ناکات. با بزانین بارزانی چی دەکات و چۆن وەلام دەداتەوە؟ بێدەنگی بارزانی هەمووانی خستۆتە گومانەوە، بە تایبەتی ئەل بەکر کە هەرگیز هەلەی وای نەکردووە بە چاوی بێنرخ لێی بنوارێ. ئەوەتە بارزانی بە لێهاتویەکی شەیتانی و بێ کۆتایی، بەبێ دەنگی، خەریکی وەلامدانەوەیە. لە کاتێک ئەل بەکر رووی لە رای گشتی ناوخۆی عێراقە بارزانی دەیەوێت دۆزەکەی بە نێودەولەتی بکات و رووودەکاتە رای گشتی جیهانی. لە رێگەی هەندێ کەنالی سیحراوی وبە موعجیزە خۆی دەگەیەنێتە پاریس و، هانی لایەنگر و نوێنەرەکانی دەدات، نازانین و چۆن؟ کە لە ڕێگەی رۆژنامەی "لو مۆند" هێرش بکرێتە سەر کەسایەتی خۆی، بەلام رۆژنامەکە لە پلانەکە بێ خەبەرە. کەسێک بەناوی "پرۆفیسۆر شاوی Prof Shawi" وتارەک لەسەر لو مۆند بلاو دەکاتەوەو هێرش دەکاتە سەر بارزانی و بە "سەرۆک عەشیرەتێکی تێنۆ بە دەسەلات و بەرپرسی پەلامارو رێگری و تالان..... هتد" وەسفی دەکات.

ئەو وتارە بۆ ئەو مەبەستە نووسرابوو تاکو "مافی وەلامدانەوە" بە نوێنەری بارزانی، لە پاریس، بدرێت وەلام بداتەوە. نوێنەری بارزانی ئەمیر بەدرخانە، لە لایەن سیاسەتمەدار و دیبلۆماتکارانی پاریس ناسراوە، لە نامەیەک کە لەسەر لو مۆند بلاوکراوەتەوە بەدرخان دەنووسێ "هەموو ئەو رۆژنامەنوسە بیانیانەی، لەم سالانە، رێیان کەوتۆتە عێراق و توانیویانە بگەونە ناوچەکانی شەڕ و پێکدانان شایەتی ئەوەیانداوە کە خەباتی کورد، بە رابەرایەتی جەنەڕال مستەفا بارزانی، خەباتێکی قارەمانانەیە، هەموو لەشکری کورد و گەلی کورد بە روح و بە گیان پالپشتی لە سەرکردەکەیان دەکەن. ئەگەر وانەبێ چۆن دەکرێ تەفسیری ئەو هەموو موقاوەمە و سەرکەوتنانەی گەلی کورد، لە بەرامبەر سوپای عێراق کە هەموو جۆرە چەکێکی مۆدێرنی لەبەردەستایە، بکەین؟".

ئەو قسانە واقیعین و دەبنە جێگەی باوەڕپێکردن، لەبەر ئەوە ئەمیر بەدرخان دەتوانی کۆنتاکت لەگەل هەندێ بالوێزخانەی وولاتانی رۆژ ئاوا، لە پاریس، دروست بکات و گوێی لێ دەگیرێ. هەوالگری عێراق لە پاریس (لە پایتەختەکانیتری رۆژئاواش زۆر چالاکن و شوێن پێیان جێ ناهێلن) گومانەکانی سەبارەت بە جموجۆلی بەدرخان بە بەغدا دەگەیەنن، لێرەش دەنگۆی ئەوە زۆرە کە مەلا مستەفا بەوە رانەوەستاوە کە ئیسراڕئیل و فەڕەنسا راپێچی کێشەکانی نێوخۆی عێراق بکات و ئەوە هەست و سۆزی زلهێزیکیتریشی بەدەست هێناوە. دەنگۆیەکان، بە تێپەڕبوونی کات، زیاتر دەبن و پاش چەند رۆژێک رۆژنامەکانی بەغدا، بە تورەیی، پەلاماری ئەلمانیای فیدڕالی دەدەن و تاوانباری دەکەن کە یارمەتی یاخیبووەکان دەدا. لە جەوهەردا بەغدا تۆمەتی ئەوەی دەخستە سەر حکومەتی بۆن کە رێگە لەو چالاکیانە ناگرێت کە لەسەر خاکی ئەلمانیای رۆژئاوا، بۆ پشتیوانی و کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ "شێخی سۆر"، ساز دەکرێن و ئەنجام دەدرێن.

حکــومەتی بــۆن بەرپەچــی ئەو تۆمەتــانەی دایەوە بەلام حکــومەتی بەغــدا قەناعەتی بە وەلامەکە نەدەکرد و خۆی وەک قوربانی "پیلانێکی نێودەولەتی" پیشــان دەدا و هێرشــی بەربــلاوی راگەیانــدنی لە دژی هەمــوو ئەو وولاتــانە دەســت پێکــرد کە هاوســۆزیان بۆ ئەو قەیــرانە گەورەیەی نــاوخۆی عێراقــی، پیشان نەدەدا.

لە ئەنجامی ئەو پڕۆپاگەندەیە چەند قوڕ بەسەرێک لە بەغدا دەستگیر دەکرێن و لە نۆڤەمبەری ١٩٦٩ لە مەحکەمەی سەورە بە تاوانی "سیخوڕی"، بۆ سی ئــای ئەی، گوناهبــار دەکــرێن و بــێ ســێ و دوو ســزای لە ســێدارەیان بــۆ دەردەکرێت. بەلام لە راستی تاکو ئێستا نازانرێت ئاخۆ بڕیارەکە جێبەجێ کراوە یان نا.

لە هەمان کات ئەحمەد حەسەن بەکر، بۆ ئەوەی ئاوەکی بە ئاگرەکە بکات، لێبوردنی بۆ ژمارەیەک لە زیندانیان دەرکرد، ئەوەش هیچی لەسەر نەدەکەوت و، بێ گرفت لەسەر کورسی بوو و بە تەواوی کۆنترۆلی بارودۆخی ناوەوەی دەکــرد. لەنــاو ئەو کەســانەی بەر لێبــوردنە کەوتــن جەنەڕال تــاهر یەحیــا، سەرۆک وەزیرانی پێشوو لە سەردەمی عارفی دووەم و دوو وەزیریتر کە بە هــۆی گەنــدەلی ســزادرابوون، لەگەل نــزیکەی ٢٠ کەســیتر کە بە خۆشــیان نەیاندەزانی لەبەرچی گیراون.

لە هەمان کات لە شاخەکان شەڕێکی خوێناوی و قێزەوەن درێژەی هەبوو، فڕۆکەکانی بەغدا، لە ترسی تۆپە تەیارە شکێنەکانی کورد، لە مەیدانی شەڕ دوور دەکەوتنەوە و رق و کینەی خۆیان بەسەر گوندەکان دەڕێشت.

رادیۆی بەغداش دەستی بە لێدانی تەپل کرد، گۆرانی سەرکەوتنی پەخش دەکــرد، بە لافــاو ســرود و مارشــی نیشــتمانی لێدەدات کە لە لایەک دلنیــایی دەداتە هاوولاتیان و لە لایەکیتریش دەیانتۆقێنێ.

لێرە بارزانی لە رۆلی گرنگ و کاریگەری رادیۆ دەگات، چەکێکی کوشەندەیە و دەبێتە فاکتۆری یەکلاکەرەوە، لەبەر ئەوە داوا دەکات روو بەڕووی ئەو چەکە ببنەوە. پاش سەرکەوتن بەسەر هەزاران گیروگرفتی تەکنیکی کوردەکان دەتوانن ئێزگەیەکی رادیۆی باشتر دامەزرێنن و بەهێزی بکەن، دەنگ و بۆچوونی کوردیش، کە پێچەوانەی عێراقە، بگەینە رای گشتی. ئەنجامەکانیش پڕیەتی لە سوڕپرایز. زۆر لە هۆز و عەشیرەت و گەنجانی کورد پەیوەندی بە پێشمەرگە دەکەن. ئەحمەد حەسەن بەکر بەو هەواڵە زۆر زۆر تورە دەبێ، بە تایبەتی پاش ئەوەی بۆی باس دەکەن کە ئەو ئێزگەیە لە لایەن بالوێزخانەکان گوێی لێدەگیرێت. مەلا مستەفا بارزانیش بەم هەواڵانە دەزانێ و هەولدەدەن رادیۆکەیان بەهێزتر بکەن، بە فەرەنسی و ئینگلیزیش بەرنامەکانیان پەخش دەکەن، هەموو رۆژانی چوارشەمە وشەموان لە سەعاتی ١٣ تاکو ١٣:٣٠، چارەکە ساعاتێک بە ئینگلیزی و ١٥ خولەکیش بە فەرەنسی، لەسەر شەپۆلی درێژی ٢٠٠ م و ٢٨م شەپۆلی کورت هەواڵەکانیان پەخش دەکرد.

# دوو دڵی مۆسکۆ

دەستپێشخەری و چالاکیەکانی کورد کاردانەوەی لەسەر سیاسەتی مۆسکۆ پەیدا دەکات، لەسەر سنورەکانی یەکێتی سۆڤیەت کەمایەتی کورد هەیە و بە جۆش و خرۆشەوە گوێ لە ئیزگەکەی بارزانی دەگرن. فاشین – خەونی کوردستانی گەورە، کە ناوە ناوە لە لایەن سۆڤیت، لە دژی ئێران و تورکیا و عێراق هەناسەی بە بەر دێتەوە ئێستا، لەوانەیە، ببێتە مایەی سەرئێشە و گرفت. لێرەدا مۆسکۆ ناچارە هەلویستی بگۆڕێ، لە لایەک پەیامی دۆستانە بۆ "هاوڕێ بارزانی" ڕەوانە دەکات، لە لایەکیتریش بە نهێنی پەیام بۆ بەغدا ڕەوانە دەکات و ئامۆژگاریان دەکات کە چەکی سۆڤیەتی لە دژی کورد بەکار نەبێت.

بارزانی "شێخی سۆر" پەیامەکەی "هاوڕێیانی شورەوی" لە ئاسمانەوە، بە حەماس و جۆرێک لە سەرکەوتن، دەقۆزێتەوەو سوپاسیان دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە سوپاس بۆ سیاسەتی سۆڤیەت کوردەکان توانیوویانە زمان و کولتوری خۆیان گەشە پێبدەن، لە کاتێک لە سەدەکانی پێشوو ئەم دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسا بوو و تەنها بە گێڕانەوە، لە پشتێک بۆ پشتێکیتر، پارێزگاریان لێکردبوو. سوپاس بۆ ماندووبوون و تێکۆشانی کوردەکان، بە سەربەرزی، ئەو سامانە نەتەوەییەیان پاراستووە کە لە لایەن هۆزو عەشیرەتەکان، بە دڵ و بە گیان پارێزگاری لێکراوە.

ئێزگەی "دەنگی کوردستان" بۆ بە بیرهێنانەوە و فێنکردنەوەی میمۆری سۆڤیەت ئاماژەی بەیەک لیستی دورودرێژی ئەو کتێبانەی کە لە یەکێتی

سۆڤیەت چاپکرابوون دەکرد و حکومەتی مۆسکۆی دەخستە مەوقیفێکی حەپەساندن و، ئەمەش نمونەیەک لە کتێبەکان:

١. فەرهەنگی کوردی – روسی، مۆسکۆ، سالی ١٩٦٧ لە لایەن تشێرکەسی بێکۆ– Tcherkesi Beko، کە ١٤ هەزار ووشەی لەخۆ دەگرت، چاپکراوە.

٢. فەرهەنگی کوردی – روسی، ٣٠ هەزار ووشەیە، لە لایەن فاریسۆڤ ئامادەکراوە.

٣. داب و نەریتی کوردی، بە زمانی روسی، کە لە سەدەی ١٩ لە لایەن مەحمود بایەزیدی نووسراوە، لە سالی ١٩٦٣ چاپکراوە.

٤. نووسەرانی کورد لە یەکێتی سۆڤیەت، لە لایەن جاسمی جەلیلی، ئێریڤان، ١٩٥٤

٥. خەبات لە رێی کوردستان، خالفین، مۆسکۆ، ١٩٦٣

٦. کوردلۆجی لە یەکێتی سۆڤیەت، لە لایەن ک. ک. کوردییێڤ ئامادەکراوە، مۆسکۆ، ١٩٦٠

٧. کوردستان و کێشەی کورد، م. س. لازارێف، مۆسکۆ، ١٩٦٤

٨. مەم و زین، بە روسی و وەرگێڕانی بۆ کوردی، لە لایەن م. ب. رودێنکۆ، مۆسکۆ، ١٩٦٢

کوردەکانی سۆڤیەت دلّیان خۆشە و کەوتونەتە جۆش و خرۆش، مۆسکۆش حەپەساوەو نازانێ چ بلێ، ئەحمەد حەسەن بەکر تورەیە و خوای نەماوە. جارێکیتریش یاریەکە کەوتۆتە دەستی مستەفا بارزانی. ئێزگەی "دەنگی کوردستان" بەنزین بە ئاگر دەکات و بەردەوام پێداگری لەسەر "هەول وکۆشش و کۆمەکی سۆڤیەت بۆ خەباتی گەلی کورد لە دژی ئیمپریالیزم، لە رێگەی چاپکردن و بلاوکردنەوەی شاکارە کوردیەکان بەرجەستەتە دەبێت" و پاشان ئاماژە بە لیستێکیتری کتێبی کوردی دەکات.

بارزانی پاش ئەوەی، بەلای کەمی، بێلایەنی دیبلۆماسی یەکێتی سۆڤیەت بەدەست دێنێ ڕوو دەکاتە فەڕەنسا، داوا لە نوێنەرەکەی، ئەمیر بەدرخان، دەکات بچیتە مەیدان. بەدرخان هەست وسۆزی ناوەندە نێودەولەتیەکانی پایتەختی فەرەنسا، بۆ لای دۆزی کورد، ڕادەکێشێ و ڕاپۆرتێکی ڕێک و پێک و پڕ زانیاری بە ناوی "ڕاپۆرتێک لەسەر کوردستانی باشور"، واتە کوردستانی عێراق بلاو دەکاتەوە. ناوی ڕاپۆرتەکە هەموو شتێک لە خۆ دەگرێت، داواکردنی ئۆتۆنۆمی، تەنها، هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بە خەونی "کوردستانی گەورە".

بەدرخان، لە ڕێگەی ئەو دۆسیەیە، دەیەوێت دۆزی کورد لە ناوەندە نێودەولەتیەکان بوروژێنێ و پالپشتی بۆ بەدەست بێنێ، بناغەیەکی قانونی سیاسی بۆ سەربەخۆیی گەلی کورد مسۆگەر بکات.

ڕاپۆرتەکە بە ئاماژەکردن بە ڕوداوەکانی مێژوو دەست پێدەکات و ڕوناکی دەخاتە سەر ئەو کاتەی کە ئیمپڕاتۆری عوسمانی لە پاڵ یەک هەلدەوەشێتەوە دۆزی کورد دەگەوێتە ئاستی نێودەولەتی. لە سالی ١٩٢٢ حکومەتی لەندەن و بەغدا، بە ئاشکرا، بەلێنی ئۆتۆنۆمی بە کوردان دەدەن[٤٠]. بەدرخان ڕوداوەکان، کە زۆربەمان پێی ئاشناین، شیدەکاتەوەو دەگاتە ئەو ئاستەی دەنووسێ :کوردستانی گەورە پێوانەکەی ٥٠٠ هەزار کم دوجایە، ژمارەی دانیشتوانی

[٤٠] جگە لە بەندەکانی پەیمانی سیڤەر سەبارەت بە دۆزی کورد، لە ١٩٢٢/١١/٢٤ حکومەتی بەریتانیا و عێراق لە ڕاپۆرتێک بۆ کۆمەلەی گەلان ڕایانگەیاند کە "حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیای مەزن و حکومەتی عێراق دان بە مافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لە سنوری عێراقدا دەژین، تا حکومەتێکی سەربەخۆ لەو ناوچانەدا کە زۆربەیان کوردن دروست بکەن. بەو هیوایەی کە ڕەگەزە جیاکانی کورد لە نزیکترین کاتدا لەسەر شێوەی ئەو حکومەتەی کە دەیخوازن ڕێک بکەون و نوێنەری خۆیان بنێرنە بەغدا تا گفتوگۆ لەسەر پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکانیان لەگەل هەردوو حکومەتی ئینگلیز و عێراقدا بکەن". ئەم دۆکومێنتە لەم کتێبە وەرگیراوە. دکتۆر جاسم خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێودەوڵەتان، سلێمانی ٢٠٠٢، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستڕاتیجی کوردستان، ل. ١٧٢. ئەم کتێبە لە سالی ١٩٩٤ بە زمانی ئیتالی چاپکراوە.

١٤ ملیۆن کەسە، کیانێکی جوگرافی، مێژوویی، کولتوری و زمانی هەیە و، مافی تەواوی بۆ سەروەری و سەربەخۆیی هەیە. گەلی کورد دەتوانێ پشت بەو سامانە سروشتیانە (ئێستا، بە شێوەیەکی کاتی، لە لایەن دوژمنان دەستی بەسەرداگیراوەو زەوتکراوە) ببەستێت و دەبێتە مایەی ئاسانکاری بۆ گەیشتن بە رزگاری و سەربەخۆیی. ئەمیر بەدرخان، کەسێکی وشیارەو دەزانی سیاسەت بکات، بە شێوەیەکی دیبلۆماسیانە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات و دەڵێ "ئێمە باوەڕمان وایە کە ئەو خێروبێرەی، لە سەربەخۆیی بەدەست دێت، بە دڵنیاییەوە، بۆ بەرژەوەندی و قازانجی پێکهاتەکانیتریش دەبێت". بەدرخان، لێرە، دەرگای جۆرە رێکەوتن و کۆمپرۆمایز و فیدراڵی لە گەل عێراق بە کراوەیی جێدەهێڵێت بە مەرجێک هەموو لایەک مافی وەک یەکیان هەبێت.

راپۆرتەکە بە پاشکۆیەکی سەرسوڕهێنەر و تراژیدی، سەبارەت بە پەلامار و هێرشی فڕۆکەکانی عێراق بۆ سەر گوندو دێهاتەکانی کوردستان و ئەو نامانەی بۆ یو ئێن UN و حکومەتی وولاتانی جۆر بەجۆر رەوانەکراون و، لەگەل ئەو وتارانەی لە رۆژنامەکان، سەبارەت بە قەتل و عام و جینۆساید لە کوردستانی عێراق، کۆتایی پێدێت.

ئەو راپۆرتە هەست و سۆزی ناوەندە دیبلۆماسیەکان دەبزوێنێ و دەبێتە مایەی قسە لەسەر کردن و کاردانەوەی دەبێ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، لە راستیدا، دۆزی کورد، تاکە دۆزە، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، بەبێ چارەسەر ماوەتەوە. هەموو لایەک باسی ئەوە دەکەن و بە شێوەیەکی پاراد‌ۆکس دەڵێن ئەوە رێکۆردێکی شەرمەزاریە.

کاریگەریەکانی ئەو جموجۆلیانەی کورد دەگەوێتە بەغدا. زیرەکی و لێهاتوی دیبلۆماسیەتی بارزانی هۆشداری دەدەنە عێراق کە بۆ ئەوەی بە ئاگاییەوە رەفتار بکەن چونکە کوردەکان خۆیان دەخزێننە ناو ئەو جیهانەی کە سەنگی هەیە و حیسابی بۆ دەکرێت.

ئێستا لە قۆاغی نە شەڕ و نە ئاشتیداین، هەمان ئەو قۆناغەی سالی ١٩٦٣. ئەحمەد حەسەن بەکر کۆل نادات و جارێکیتر، بە نهێنی، وەفدێک رەوانەی باکور دەکات بۆ ئەوەی لەگەل نوێنەرانی مەلا مستەفا گفتگۆ بکەن. دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەم کۆنتاکتە هیوا بەخشە، ئەو شەڕ و مالوێرانیە دەبێ کۆتایی پێ بێت، ئەو کوشتارە زیان بە هەردوو لا دەگەیەنێ. لەبەر ئەوە بۆ هەول نەدرێ، بە شێوەیەکی عاقلمەندانە، رێگەی دەرچوون لەم قەیرانە نەدۆزرێتەوە؟.

گفتوگۆکان بە نهێنی و دوور لە چاوی رۆژنامەکان دەچنە پێشەوە، کەس باسی هیچ ناکات، رۆژنامەکانی حکومەتیش باسی پێکدادانی نێوان هێزەکانی بارزانی و حکومەت، کە لە راستی وجودی نیە، دەکەن.

تۆ بلێی ئەوە رێگەیەک بێت بۆ گەیشتن بە ئاگر بەسی و موفاوەزات؟

# بەشی دوازدە

# بەیانی ١١ ئازاری ١٩٧٠ و برایەتیەکی کاتی[٤١]

[٤١] لە دەقە ئیتالیەکە تایتلی ئەم بەشە تەنها "برایەتیەکی کاتی" بوو، بە باشمانزانی "بەیانی ١١ ئازاری ١٩٧٠"ی بۆ زیاد بکەین

# ٦ مانگ لە برایەتیەکی "کاتی"

بارزانی دەلێ "خەنجەرەکانمان دەخەیەنەوە ناو کالان بەلام لەبەر پشتێنمان دەبێ" هەر کات پێویست بێ بەکاری دێنین، ئەو بە هۆی ئەزمونی تالّی لەگەل حکومەتەکانی بەغدا هەمیشە وەک ئێشکگر و تیۆریکی لەسەر خۆی "ئاشتی چەکدار" دەمێنێتەوە، باش دەزانی کە ئەگەر بۆ یەک خولەکیش باوەڕ بە "نیاز پاکی" حکومەتی بەغدا بکات ئەوە فێلّی لێدەکرێت و دۆڕاوە. لەبەر ئەوە بەشداری یاریەکە دەکات بەلام لە دووریەکی مەعقول، بە خۆی بەشداری موفاوەزات ناکات، لە رێگەی نوێنەرەکانی ئاگاداری هەموو شتێکە، دەنگۆی ئەوە هەیە کە تەنانەت رازی نەبووە چاوی بە ئەحمەد حەسەن بەکریش بکەوێت و، یاری بە قسەو دەستەواژە دەکات.

بارزانی، لە رێگەی نوێنەرەکانی، رایدەگەیەنێ، وەک "واجبێک" پێویستە باوەڕ بەوە بکەین کە لەم کات و ساتە بەغدا نیەتی ئاشتی هەیە و بەو هەلوێستەش خۆشحالین بەلام "باش دەزانم کە هێشتا زۆر کەس و لایەن نایانەوێت و رێگری لەبەردەم پرۆسەی ئاشتی دروست دەکەن، ئەوانە بەرژەوەندیان لە شەڕ هەیە، مەبەستم هەندێ کەسایەتیە کە پلە و پۆستی بالایان لە حکومەت هەیە و لەسەر بارزرگانی چەک و کەرەسەی شەڕ دەژین، تەنانەت هەندێ لە جاشەکانیش کە لایەن حکومەتەوە پارەیان پێدەدرێ."

بارزانی زۆر باش دەزانێ کە حکومەت، ئەمجارە، ئامادەیە هەندێ مافیان پێبدات کە زۆرترە لەوانەی لە رابردوو بەلێنیان پێدابوون بەلام لەوەش دلّنیایە کە وەلامی هەموو داواکاری و مافە سەرەکیەکانی کورد ناداتەوە.

ئەو موفاوەزاتە چەند دەخایەنێ؟ بارزانی وەلام دەداتەوە و دەڵێ "ئەبەدیە!". ئەدی قۆناغی ئاگر بەسی چەند دەخایەنێ؟ بارزانی لە وەلام دەڵێ "لە ٦ مانگ زیاتر ناخایەنێ. زۆر لە پێشمەرگەکانم، بە چەکەوە گەڕاونەتەوە ناو ماڵ و مولکی خۆیان لە گوندەکان و ئامادەن بۆ هەموو ئەگەرێک. ئەگەر حکومەت پەلامارمان بداتەوە ئەوە، لە ماوەی چەند سەعاتێک، هەموویان دەگەونەوە سەنگەرەکانی خۆیان".

قسەکانی بارزانی راست دەرچوون، ئەو قۆناغە نوێیەی "برایەتی کورد و عەرەب" ژیانی کەم بوو و هەر ٦ مانگی خایاند.

کەچی لە مانگی جانیوەری ١٩٧٠ کەش و هەوایەکی پڕ لە جۆش و خرۆش دەست پێدەکات، لە ٢٦ مانگ هەردوو لا ریکەوتنێکی گرنگ ئیمزا دەکەن، بەو پێیە لێبوردنێکی فراوان بۆ کوردان دەردەکرێت کە چ کەسە مەدەنیەکان و چ ئەوانەی بەشداری خەباتی چەکداریان کردووە دەگرێتەوە. حکومەتی بەغدا بەڵێنی جێبەجێکردنی ریکەوتنی ساڵی ١٩٦٦ داوە، بەڵێنی نووسینەوەی دەستورێکی نوێیداوە، بەڵێنی داوە پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار بدرێتە کورد، داوای هێشتنەوەی، بەشێوەیەکی کاتی، هێزێکی سەربازی لە کوردستان دەکات، داننان بە مافی ئۆتۆنۆمیەکی فراوان، کورد بە خۆی و بە ئازادانە قوتابخانەو زانکۆ و رادیۆ و کەناڵەکانی تیڤی بەڕێوەبەرێت.

بەغدا نوقمی باروودۆخێکی سەرمەستی و کەیف و سەما بوو بەلام لە شاخەکان هیچ کەس هەل هەڵەی لێنەدەدا، بارزانی، وەک هەموو جاران، خۆش باوەڕ نیەو چاوەڕوانی ئەنجامەکان دەکات. دیارە بارزانی، وەک ئەوانیتر، لەبەر جۆش و خرۆشی روداوەکانی ئەو رۆژانە بە ئاسانی لەبەر چاو بزر نەبووەو لێکدانەوەی بۆ کردووە. بۆ نموونە ئەو زانیاریانەی بە هەند وەرگرتووە کە باسی کەشتیەکی عێراقی "رەمەزان ١٥" دەکەن کە بارێکی ٢٠٠ تۆن چەک و کەرەسەی سەربازی لە بەندەری فەرەنسی "شێغبوغ -

Cherbourg" بۆ بەندەری بەسرە گواستۆتەوە. چەند رۆژێک پێشتر هەندێ کەشتی سەربازی ئیسرائیلی لە هەمان بەندەری شێغبوغ رایانکردبوو، بۆ ئەوەی روو بە رووی کۆنترۆل نەبنەوە و، ئەو ئیمبارگۆ – ئابلوقەیەی لە لایەن شارل دیگۆل بۆ سەر ئیسرائیل، بڕیاری لێدراوە، پێشێل نەکرێت.

بێجگە لەوانەش هەر لە جانیوەری ١٩٧٠ شاندێکی عێراقی، بە نهێنی، دەگەونە پاریس، بە مەبەستی قسەکردن لەسەر کڕینی فڕۆکەی میراجی فەڕەنسی کە لە کاتی شەڕی ٦ رۆژەی ئیسرائیل و عەرەب ( ٥ – ١٠ حوزەیرانی ١٩٦٧ وەرگێڕ) هەموو کاریگەری و هێز و بالادەستی و ناوبانگیان، لە بەرامبەر فڕۆکەی سیخۆی روسی، پیشاندابوو.

بارزانی پێویستی بەوە نیە خۆی هیلاک و ماندوو بکات. عێراق ئەو چەکانە لە دژی کێ بەکار دێنێ؟ لە دژی ئیسرئیل؟ لە راستی عێراق هەرگیز بە جدی بەشداری شەڕی ئیسرائیلی نەکردووە. کەواتە لە دژی کێ بەکاریان دێنێ؟

بارزانی پاساوێکی واقیعی لەبەردەستە بۆ ئەوەی خۆش باوەڕ نەبێت و لە بەرزایی بە دووربین کۆنترۆلی بارودۆخەکە دەکات، لە خەمی ئەوەدایە راهێنان بە پێشمەرگە بکات بۆ ئەوەی بتوانن دەست بەسەر چەک و تفاقی شەڕی دوژمن بگرن، لە راستی لەم بوارە ئەزمونی باشیان هەیە.

زیاتر لە چاودێرێک وا هەست دەکرێت کە هەلوێستی بارزانی ئەوەیە کە قەناعەتی بە موفاوەزاتەکە نەبێت کەچی دانوستانەکان، لە کەشێکی پۆزەتیڤ و دۆستانە، بەرەو پێشەوە دەچن بەلام لە بەغدا وا هەست دەکرێت کە شتێک لە ژێرەوە هەیە و جولەیەکی گوماناوی دەکات، بە ئاشکرا هەست بە گومان دەکرێت، ئەوەش سیفەتی ئەو شارەیە کە پڕیەتی لە سڕ و تاریک و نادیار.

ئەوەتە، لە ناکاو جولە گومانـاویەکە دەتەقێتەوە، ٢٩ کەسی سەربازی و مەدەنی دەستگیر دەکرێن و، بە تۆمەتی پیلان لە دژی حیزبی بەعس و سەرۆک کۆمار و خیانەتی عوزما تاوانبار دەکرێن. بێسودە ئەگەر بلێین ئەو

پیلانگێڕانە لە لایەن پیاوانی سی ئای ئەی دەستەمۆکراون و هاندراون، کەچی، بە سەرسوڕمانیەوە، سەفیری ئێران و ٤ دیبلۆماتکاری ئەو وولاتە، بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەل خائینان، دەردەکرێن و رەوانەی وولاتی خۆیان دەکرێنەوە. لە هەمان کات بەغدا داوا لە سەفیری عێراق دەکات بگەڕیتەوە وولات.

دیسان ئیشی نویٚ بۆ جەللادەکان پەیدا بوو، ٢٩ لە تاوانباران سزای ئیعدامیان بۆ دەرچوو، بۆ سەر ٥ گروپ دابەشکران و لە سێدارەدران. مەدەنیەکان پەتی قنارەیان خرایە مل و سەربازەکانیش بە دەسرێژی گوللە کوژران. لەم قەسابخانەیە کەسایەتی بەناوبانگی تیابوو، وەک: جەنەڕال محەمەد ئەل جەنابی، کۆلۆنێل سالح مەهدی سامەڕائی، جەنەڕال رەشید موسلع (وەزیری ناوخۆ لە کابینەی تاهیر یەحیا)، جەنەڕال مەدحەت سیرِی کە یەکێک بوو لەسەرکردە سەربازیەکانی شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨. هەندێکیش بە غیابی سزای لە سێدارەیان بۆ دەرکرا، لەوانە، عەبدول غانی ئەلڕاوی و شامل محەمەد حەسەن، کەسێکی نەناسراو و کەس نازانیٚ چی لیٚ بەسەر هات.

نەسیبی جەلادە و نابیٚ ئیسراحەت بکات. پاش چەند رۆژێک مەحکەمەی سەورە سزای بەسەر کۆمەلێکیتر، بە بیانۆی پیلانگێران، سەپاند و ژمارەیان گەیشتە ٤٤ کەس. یەکسەر لە دوای بڕیارەکە، بەبیٚ راوەستان، ئیعدام کران و مولک و مالی هەمووشیان دەستی بەسەر داگیرا. تۆمەتی ئەو کۆمەلکوژیە بریتیبوو لەوەی گوایە "خیانەتیان کردووە"، پیاوی موخابەراتی ئەمریکی و ئێرانین، پلانی کوشتنی کەسایەتیەکانی حکومەت و حیزبیان داڕشتبوو، نیازی گەڕانەوەی دیکتاتۆری و کۆلۆنیالیستیان هەبوو. ئەوە تۆمەتەکان بوون.

ئەحمەد حەسە بەکریش پەرێشانی خۆی دەربڕی بەرامبەر هەلوێست و کاردانەوەی وولاتانی رۆژئاوا و عەرەبی و، دەلیٚ زۆر بە داخەوە ئەوانە لە بارودۆخی عێراق ئاگادارنین و لیمان تێناگەن، عێراق لە بەرامبەر هەڕەشەی

دژە شـۆڕش و ئیمپریالیزمـدایە. بەلام باسـی ئەوە ناکـات کە لەگەل ئەو ٤٤ کەسە سەرکردە دیارەکانی ئۆپۆزیسیۆن و ئەوکەسانەی دژی نیزیکبوونەوەی کامپی رۆژهەلات بوون لە گۆڕەپانەکە، بە یەکجاری، لەناوبران.
ئەوەی سـەیرە بـریتیە لەوەی کە چەنـد رۆژێـک پـێش گرتنـی ئەو گـروپە ٣ نـوێنەری بـالای بـارزانی لە بەغدابوون، سـالح یوسـفی، دارا عوسـمان و دارا تۆفیق. تۆ بلێ ئەوە تەنها بە سوتفە بووبێت؟ لەوانەیە، بەلام سوتفەیەکی نوێ و مانادارو جێێ گومانە. ئەوەتە، بە درێژایی ئەم سالانە، هەموو جار کە باسی کودەتا و پیلانگێڕی دەکرێت، لە بەغدا ناوی بارزانی دێتە گۆڕێ و بە باش و بە خراپ دەستی ئەوی تێدایە. ئەوجارەش ناوی بـارزانی هـاتۆتەوە نـاو نـاوان بەلام ئەمجـارە، بـۆ یەکەمجـار حکـومەتی عێـراق بە توونـدی بەرپەچـی ئەوە دەداتەوە کە جەنەڕال بارزانی (سەرنج بدەن چیتر نالێن رێگرو چەتە) بە هـیچ شێوەیەک دەستی لەگەل پیلانگێڕان نەبووە.
ئەم روداوە دەنگێکـی زۆری داوە، تـا ئەمـڕۆ حکـومەتی عێـراق هەلوێسـتێکی ئەوهـا ئاشـکرای نەبـووە. ئەوە هەنگـاوی یەکەمە و هـی گەورەتریشـی بەدوادادێت، ئەوەتە جەلال تالەبانی، دەستە راستی بـارزانی "شـێخی سـۆر" بۆ دەرەوەی عێـراق نەفـی دەکـات، تالەبـانی، کە سـەنگەری بـۆ لای عێراقیەکـان گواسـتبووەوە و پاساویشـی ئەوەبـوو کە بـارزانی "داوای مەحـال" دەکـات و ئەویـش بـاوەڕی بەوە بـوو کە دەکرێـت لەگەل بەغـدا بگەویـنە رێکەوتنێکـی هاوسەنگ.
بـارزانی بەمشـێوەیە وەسفی تالەبـانی کردبوو کە "سـەگێکە و چۆتە خزمەتـی دوژمن".
روداوەکـان زۆر بە خێـرای دەهـاتن و دەڕۆیشـتن، وا هەسـت دەکـرا کە بارودۆخەکە، بۆ رێکەوتنێکی نـوێ، گونجـاوە، ئەوەتە بەیانێکی دلخۆشکەر لە هەمـوو رادیۆکـانی عێـراق بلاوکـرایەوەو داوا دەکـات هەمـوو ئەو کەسـانەی،

سەربازی و سیڤیل، کە بە هۆی روداوەکانی باکور (بە ئاگاییەوە ناوی کوردستان ناهێنن) دەرکراون و دوور خراونەتەوە بە زووترین کات، بەبێ مەرج، بگەڕێنەوە شوێنی کارکردنیان و داوای گەڕاندنەوەی چەک و تەقەمەنیشیان لێناکرێت. بێجگە لەوە، هاوکات لەگەل ئەم بەیانە سەرۆکی مەحکەمەی سەورەی تۆقێنەر، تەها جەزراوی کە چەند رۆژێک پێشتر ٤٤ کەسی بە ئیعدام سزا دابوو، رایگەیاند چالاکیەکان رادەگرین و "پەیام و ئەرکەکانم بۆ ئێستا کۆتایی دێت".

بارزانی لە دوورەوە لە پەیامەکە تێدەگات کە دەلێ "بۆ ئێستا" چالاکیەکانمان رادەگرین. ئەو هەموو جۆش و خرۆش و هەراو هۆریایە بۆ ئەوەیە تەنها باسی شتەکی بچوک وسەرەتایی بکرێت و ماف و داواکاریە گرنگ و بنەڕەتیەکان بشاردرێنەوە. بۆیە بارزانی دەستخۆشی لەم بەیانە دەکات و بەلام چاوەڕوانی هەنگاوی کۆنکرێتە و پێیوایە هێشتا زۆر ماوە. کەچی لە بەغدا بۆچوونی جیاوازیان هەیەو دەلێن راستە و بەیان و رێکەوتنەکە رەگەکەی بۆ رێکەوتنی سالی ١٩٦٦، بۆ سەردەمی عەبدول رەحمان عارف، دەگەڕێتەوە بەلام ئێستا داواکاری و مافێکی زیاتری لەخۆ گرتیە و بەشێوەیەکی کۆنکرێت و دەمودەست دەکەونە باری جێبەجێکردنەوە. رێکەوتنێکە پشتی بە واقیع و بارودۆخی وولات بەستووە، ئەگەر هەردوو لا رێزی لێبگرن ئەوە دەکرێ کۆتایی بە راپەڕینی کوردان بهێندرێ کە ئەوە ١٠ سالە لە ئارادایە. بێجگە لەوە ئاماژە بەوە دەکرێت کە گرنگی ئەم رێکەوتنە لەوەدایە کە مافی کوردەکان لە لایەن حیزبی بەعسی عەرەبی دانی پیادەنرێت، ئەو حیزبەی خەبات بۆ یەکێتی جیهانی عەرەبی، لە خەلیجی فارسەوەو تاکو ئۆقیانوسی ئەتلەسی، دەکات.

پیاوانی حکومەتی بەغدا زۆر چالاکن و هەمیشە لەبەرامبەر رۆژنامە نووس و مایکرۆفۆنەکان قسە دەکەن و دەلێن تەحەدای ئەوەدەکەین کە پێش سەرۆک

کۆمار، ئەحمەد حەسەن بەکر، کەسێکیتر دانی بەو هەموو مافانەی کوردان نابێت. بە قسەی خۆیان ئەو مافانەش بریتین لە "ئۆتۆنۆمی ئیداری کوردستان لە چوارچێوەی دەولەتی عێراق کە بەشێکە لە نەتەوەی گەورەی عەرەب".

بارزانی، لەسەر چیاکان، بە ئاگاداریەوە دەڕوانێتە بارودۆخەکە و، دەیەوێت ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە و زۆرترین دەستکەوت بەدەست بهێنێ و دوای چەندەها سال لە شەڕو پێکدادان کەش و هەوایەکی ئارام بۆ گەلەکەی مسۆگەر بکات. ئەوەتە لەم ماوەیە ٣٥ هەزار کورد، چەکدار و سیڤیل، کوژراون، ٤ شارۆچکە (پێنجوین، مەرگە، سورداش و شیوا پیران) بە تەواوی لەلایەن فرۆکەکانی بەغدا خاپور کراون، ٢٧ گوندیش بە قورسی بۆردومانکراون. شتێکی دلخۆشکەر بۆ کوردەکان بریتیە لەوەی کە لەم ٦ مانگەی دوایی تۆپە تەیارە شکێنەکان توانیویانە ١٥ فڕۆکەی عێراقی تێک و پێک بشکێنن.

کەچی بارودۆخی کۆمەلانی خەلکی کوردستان زۆر نالەبارەو هەمیشە لەژێر هەڕەشەی بۆردومانی لەشکری عێراق بووە. لە ناوچەی دوکان ٦٧ سیڤیل کە خۆیان لە ئەشکەوتێک حەشاردابوو تۆپ لێیدابوون و هەموویان سوتاوون، ٩١ گوندنشینی سۆریە ؟ – Sorya کۆمەلکوژ کراون. بێجگە لەمانە تراژیدیای برینداەرکانە کە لەو بنکە تەندروستیانەی، بە هەزار فاتیحە و قول وەللە، لە ناوچەکانی ژێردەستی پێشمەرگە دێنە چارەسەرکردن. سەرەڕای ئەوانە مەسەلەی چارەنوسی ئەو عەرەبانەیە کە سەرباز یان مەدەنین و فیراریان کردووەو خۆیان داوەتە دەستی پێشمەرگە، هەرچەندە بەغدا لێبوردنی گشتی دەرکردووە بەلام دەبێ کارێکی وابکرێت ئەو عەرەبانە ژیانیان پارێزراوبێت. بۆ بارزانی ئەوە مەسەلەی شەڕەف و شکۆیە، بە تایبەت کە ١٠١ سەربازی سەر بە لیوای ٢٢ لە شەقلاوە چوونەتە پال پێشمەرگە. بەلێ ئەوە مەسەلەی خانەدانی و شەرەفە و دەکرێ بە ئاسانی لێی حالی ببین، بە تایبەت ئەگەر

ئەوە لەبەرچاوبگرین کە پێشمەرگەیەک مانگێ تەنها ١ دینار وەردەگرێت و چەکدارە کوردەکانی حکومەتیش – ( جاشەکان، و) دە ئەوەندە زیاتریان پێدەدرێت.

لەم کەش و هەوایە بارزانی نیازپاکی و ئیرادەی حکومەتی بەغدا هەلدەسەنگێنێ، سەبارەت بە دەستنیشانکردنی سنوری جوگرافیای ئیدارەی ئۆتۆنۆمی کوردستان دەرز دەکەوێتە نێوانیان. هەلبەتە بارزانی دەیەوێت ناوچە نەوتیەکانی کەرکوک بخرێنە ناو ئیدارەی کوردی کەچی بەغدا فرتوفێل دەدۆزێتەوەو گرفت دروست دەکەن و دەلێن "هێشتا رێکەوتنەکە نەکەوتۆتە کارو پێویستە لێکدانەوەی بۆ بکەین، ناسیۆنالیزمی کوردی، بۆ ئەوەی بە هەموو مافەکانی شاد بێت، پێویستی بە کلێشەیەکی جوگرافی دیاریکراو نیە بەلکو پێویستی بە چوارچێوەیەکی دەستوری و ئیداری هەیە بۆ ئەوەی مافەکانی بپارێزێ و کاریان پێ بکات، ئەوەش نەک تەنها لە باکور بەلکو لە هەموو ئەو شوێنانەی کوردیان تیا دەژی، جا لە بەغدا بێ یان لە بەسرە".

ئەم جۆرە هەلسەنگاندنەی ناسیۆنالیزمی کورد کە بەغدا باسی دەکات بە دلی بارزانی نیە، ئەو چاوی لە کەرکوک بریووە، تۆپەکە دەخاتە بەردەم ئەحمەد حەسەن بەکر و لە ئێوارەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ لە رادیۆی بەغدا رایدەگەیەنێ کە لە گەل "برا کوردەکان" گەیشتینە رێکەوتن، ئاگر بەسێکی کاتی نیە بەلکو "چارەسەرێکی قانونی و سیاسی هەمیشەییە".

شەری براکوژی کە چەندەها سالە یەخەی عێراقی گرتووە، وە ئەخیرەن، کۆتایی هات. بەلام لێرە کەس قەناعەتی بەوە نیە کە بەراستی شەر کۆتایی پێ بێت و کەس ئامادە نیە گرەو لەسەر یەک دیناریش بکات.

دونیا هەمووی بە جۆش و خرۆش هاتیە، روبارێک لە بروسکە دێن و دەچن و بە شان و بالی "برایەتی کورد و عەرەب" هەلدەلێن. لە هەموو شوێنەک وتاردانە، شەقام و گۆرەپانەکان جمەیان دێت، تاخ و دیوار بە لافیتە و

شیعارات رازاونەتەوە. ئەحمەد حەسەن بەکر، بە یاوەری سەرۆکی شاندی کوردی، دێتە ساحەی تەحریر و دەڵێ "لەشکری ئێوە، لە فەلەستین و شوێنە داگیرکراوەکان، رۆڵێکی کاریگەریان دەبێت". سەرۆکی شاندی کوردیش وەلام دەداتەوەو دەڵێ "کوردەکان، بە دڵسۆزیەوە، بەشێکن لە کۆماری عێراق. کورد و عەرەب بڕیاریانداوە چەکەکانیان روو بەرووی دوژمنی هاوبەش بکەن".

ئەدی خەونی کوردستانی گەورە چی بە سەر دێت؟ وا هەست دەکەی بارزانی ئاگای لە هیچ نەبێ و وەلام دەداتەوە "ئێمە ئینفیسالین؟ ئەوە کێیە ئەو بوختانەمان بۆ هەلدەبەستێ؟ ئێمە تەنها دەمانەوێت، بە دڵسۆزی، خزمەتی گەلی عێراق بکەین. عەرەب و کورد لەم نیشتمانە خۆشەویستە بران و، ئێمە بە خوێنی خۆمان پارێزگاری لە یەکێتی خاکی عێراق دەکەین. بۆ بەرژەوەندی و قازانجی گەلی کورد و عەرەب دەستمان بە خەبات کرد، ئێمە یاخی نین، تەنها بۆ پارێزگاری لە شۆڕش دەستمان بە خەبات کرد".

کۆمێدیەکی سەیرو سەمەرەیە، نەدەکرا زۆر بخایەنێ و، بارودۆخەکە روو لە ئالۆزی دەکات، لە حوزەیرانی ١٩٧٠ حکومەتی بەغدا ٢٧٠ کەس دەستگیر دەکات و دەیانخاتە ژێرزەمینە تاریک و بە ترسەکانی "قەسری نیهائی" کە تەنها خوا دەزانێ چ رودەدات و چیان بەسەر دێت. کوردەکان زۆر باش دەزانن ئەو ئۆپێراسیۆنەی دژ بە شوعیەکان کار دەکاتە سەر رێکەوتنی ئازار و دەیانخاتە مەوقیفێکی ناخۆش و ناتوانن پشت بەو برایەتیە ببەستن لە کاتێک دۆست و هاوڕێ کۆمونیستەکانیان راودەنرێن و چاوەڕێی هاوکاری و پشتگیریان لێدەکەن. ئەوەتە جارێکیتر بارزانی پەنجەی خۆی دەگەزیت و هەست دەکات کە، بە پیلانێکی شەیتانی، فێلی لێکراوە.

# تەڵەی سەرژمێری

لە تەمــوزی ١٩٧٠ پ. د. ک. لە پێــروەردان – Perwerdan لە ســلێمانی (لە ڕاستی ناوپردان – هەولێرە، و)، بە بەشداری ٤٠٠ نوێنەر کۆنگرەی بەست. شــاندێکی حیزبــی بەعســیش ئامــادەی کــۆنگرە بــوون. یەکێــک لە باســە سەرەکیەکانی کۆنگرە مەسەلەی "سەرژمێر"ی بوو، کوردەکان داوایان دەکرد پێویســتە سنوری جوگرافیـای ئیـدارەی ئۆتۆنـۆمی کوردسـتان دەستنیشـان بکرێـت، بە تـایبەتی دەیانویســت نـاوچە نەوتیەکـان بخـرێنە نـاو سـنوری ئیدارەکەیان.

بە پێی ڕێکەوتنەکە دەبوایە حکومەتی بەغدا دەمودەست نیازپاکی پیشان بدات و هەموو ناوچە کوردستانیەکان، وەک کوردەکان داوایان دەکرد، بخاتە ژێر کۆنترۆلی ئیدارەی ئۆتۆنۆمی بە تایبەتی لەم کاتەی کوردەکان، بە ئاشکرا و بە نووسـین، دڵسـۆزی خۆیـان بـۆ عێـراق و ئامادەییـان بـۆ خەبـات لە دژی زایۆنیزم ڕاگەیاندووە.

ئەحمەد حەسەن بەکر، لەم ماوەیە، لە ژێرەوە خەریکی پیلانێک بوو بۆ ئەوەی زۆرتـرین خێزانـی عەرەب، تورکمـان، ئاشـوری و کلـدانی، کە لە دێرزەمـانەوە نەیاری کوردانن، بگەڕێنیتەوە شاری کەرکوک، شـارێکی نەوتـیە، پێویسـتە، بە هەر نرخێک بێت، ببێتە شـارێکی عەرەبی، بۆیە حکومەتی عێراق دەسـتی بۆ هەموو فڕت و فێڵێک دەبرد. ئەوەتە بەغدا پەیامێکی گەرمگوڕی ئاراستەی مار ئێفرم شـەمعون، پەتریـارکی ئاشـوریەکانی عێراق، کە لە وولاتە یەکگرتوەکـان دەژیـا، کـرد، بـۆ ئەوەی بگەڕێـتەوە نیشـتمان و، بە ئـازادانە، بە هەمـائەنگی

حکومەت، خزمەتی پەیامی "برایەتی ئیسلام و مەسیحیەت" بکات. ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە کریستیانەکان، لە ترسی شەڕ و پێکدادان، جێگا و مالی خۆیان بەجێهێشتبوو، ئێستا زۆر بە رووخۆشی و بە بەلێنی خەلات و ئیمتیاز داوای گەڕانەوەیان لێدەکرێت.

لە هەمان کات مۆسکۆ، لە دوورەوە، تەماشای روداو و بارودۆخەکە دەکات، هانی کورد و عێراقیەکانی، بۆ ئەو رێکەوتنە، دابوو، لەبەر ئەوە نەیدەویست تەدەخول بکات و لایەنگری لە یەکێکیان بکات و لە ئەگەری سەرنەکەوتنی ئەو رێکەوتنە خۆی بکاتە تەڕەف. مەسەلەکە زۆر ناسکە، لەم کەش و هەوایە بەرژەوەندیە نەوتیەکانی ئینگلیزیش هاتوونە پێشەوە، کە لەگەل بەرژەوەندی عێراق یەکدەگرنەوە و دەیانەوێت بیرە نەوتەکانی کەرکوک نەکەونە ژێر کۆنترۆلی کوردەکان. لە راستی بارودۆخەکە هەر روو لە ناسکی دەکات. ئەم هاوسەنگیەی هەیە کەوتۆتە ژێر مەترسی، دەکرێ ئەورۆ نا سبەی هەلبوەشێتەوە.

لەم پەیوەندیە ئالۆز و پڕ لە گرفتە فاکتۆرێکیتری نوێ هاتۆتە ئاراوە، بەغدا کاندیدی پ. د. ک. بۆ جێگری سەرۆک کۆمار، حەبیب کەریم، رەتکردۆتەوە و بەوە گوناهباری دەکەن کە گوایە پەیوەندی لەگەل "رژێمی کۆنەپەرستی ئێران" هەیە و، لە شوێنی ئەو رەزامەندیان لەسەر تەها محێدین مەعروف دەربڕیووە کە زیاتر مەیلی بەلای حکومەتی مەرکەزی هەیە و بە ئاسانتر موعامەلەی لەگەل دەکرێت[٤٢].

مەلا مستەفا "شێخی سۆر" کە زۆر بە گەرمی حەبیب کەریمی کاندید کردبوو ئەو هەلوێستەی بەغدا بە پێشێلکردنی رێکەوتنی ١١ ئازار لە قەلەم دەدات، بەلام لە هەمان کات ئازادی تەواو دەداتە دەست حیزب تاکو کاندیدێکی نوێ

[٤٢] لە دەقە ئیتالیەکە ناوی حەبیب کەریم و تەها محێدین مەعروف ئەوها نووسراوە Habil Karim, Sayid Mararyg

بۆ جێگری سەرۆک کۆمار دەستنیشان بکات. هەموو شتەک دەگەڕێتەوە خالی سەرەتایی، ڕێکەوتنی ١١ ئازار، بە شێوەیەکی کۆنکرێت، هەلپەسێردراوە. بە پێچەوانەی پێشبینیەکان پیرە مەلا کۆنترۆل لەدەست نادات و بەسەر تورەیی خۆی زال دەبێ و هەلوێستێکی حەکیمانە پیشان دەدات و چاوەڕوانی پێشهاتەکان دەکات. بارزانی لە چیاکان نایەتە خوارەوەو بە بەردەوامی جێگای خۆی دەگۆڕێ، لە ڕێگەی نوێنەرو قاسیدەکانی چاوەدێری بارودۆخەکە دەکات، لە دیسەمبەری ١٩٧٠ لە گوندێکی بچوکی ٢٥ مال، لە دیلمان، لەسەر سنوری عێراق و ئێران خۆی لە سەرما و سۆلی زستان دەپارێزێ.
بۆ ماوەی چەند مانگێک بارزانی بێدەنگە، لە مایسی ١٩٧١ بێدەنگی دەشکێنێ و نامەیەک بۆ سەرۆک کۆمار ڕەوانە دەکات، حکومەت بەوە گوناهبار دەکات کە هەر جارەی بە بیانویەک، جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ئارازی ١٩٧٠ "ئاشتی ئەبەدی لە کوردستان" دوا دەخات و، بە ئەنقەست و شعور بریندارکردن هەولی گۆڕینی دیمۆگرافیای پارێزگای کەرکوک دەدرێت. لە بەرامبەر ئەحمەد حەسەن بەکر زۆر بە توندی وەلام دەداتەوە و بە ئاشکرا هەڕەشە دەکات، لە ئەگەری بچوکترین ئاژاوە بارزانی بە بەرپسیار دەزانی و سڵ لەوە ناکاتەوە سوپا بۆ "ڕێزگرتن لە یاسا و پاراستنی یەک پارچەی خاکی عێراق" بگەڕێنێتەوە کوردستان.
بارزانی زۆر تورەیە، یەکسەر داوای کۆبوونەوەی نا ئاسایی پدک دەکات، جگە لە سەرکردە سیاسی و عەسکەریەکان ٥ وەزیری کورد و نوێنەرە پلە بالاکانی کورد لە حکومەت و ئیدارەی دەولەت بەشداری تیا دەکەن کە بە پێی ڕێکەوتنی ئازار بەر کورد کەوتبوون و پۆستی گرنگیان پێ سپێردرابوو، ئەوەش وەک نیاز پاکی بۆ "ئاشتەوایی و یەکێتی نیشتمانی" بوو. هەندێک لە بەشداربوانی ئەو کۆبوونەوەیە داوای دەستپێکردنەوەی دەمودەستی شەڕیان کردبوو، هەندێکیش ئامۆژگاری هەلوێستی نەرم و نیانیان کردبوو، داوای

چاوەڕوانکردنی روداوەکانیان کردبوو. هەلوێستی دەستەی دووەم زال بوو بەلام لە هەمان کات داوایان کردبوو کە "پێویستە کورد ئامادەی هەموو پێشهاتەکان بێت".

هەلوێستێکی نوێی حکومەت کە کاریگەری خۆی هەبوو بریتیە لەوەی کە ١٨ مایسی ١٩٧١ کەسی بەهێزی رژێم، سەدام حوسێن تکریتی، سکرتێری دووەمی حیزبی بەعس بە نهێنی چاوی بە دوو نوێنەری بارزانی دەکەوێت. کوردەکان چەند سەرکەوتنێکی پێشبینی نەکراو بەدەست دێنن، سەدام بەلێنیان پێدەدا کە لە ماوەی مانگی حوزەیران هەموو فەوج و مەفرەزەی "فورسانی سەلاحەددین ( جاشەکان، و)" هەلبوەشێننەوە، ئەوانە چەکداری کورد بوون و لە دژی پێشمەرگە بەشداری شەڕیان دەکرد.

وا هەست دەکرا کە پرۆسەکە و پەیوەندی نێوان کورد و عێراق بەرەو باشبوون بڕوات کەچی لە ناکاو روداوێکی دڵتەزێن و قێزەوەن روویدا، گوایە خزمێکی نزیکی بارزانی (کوڕ یان برازا، کەس نەیزانی کێیە؟) مەیتەکەی بە کوژراوی دۆزرایەوە. بە قسەی کوردەکان ئەو تاوانە قێزەوەنە لە لایەن کەسانی شارەزا و سەر بە پۆلیسی نهێنی ئەنجامدراوە.

# هەولی تیرۆرکردنی بارزانی

سەبر سەبر روداوی سەیرو سەمەرە رویان دەدا، قائیمقامی قەزای سنجار لە پەلامارێک کوژرا، تەنانەت هەولی کوشتنی بارزانیشدرا. لە ٣٠ (سەرچاوە کوردیەکان دەلێن ٢٩، و) ئەیلولی ١٩٧١ کەسێک، کە خۆی بە رۆژنامەنوس ناساندبوو، داوای چاوپێکەوتنی لەگەل مەلامستەفا کردبوو، لە کاتی پشکنینی ئاسایی ٣ کیلۆ ماددەی تەقینەوەیی لێگیرابوو کە بە کۆنترۆلیکی دوور مەودا تەوقیت کرابوو. کابرای جۆرنالیست دانی بەوەدانابوو کە لە بەغداوە رەوانە کراوە. هەلبەتە کوردو عێراقیەکان ئەو مێتۆدەیان لەبەر دەستایە کە بە ئاسانی گۆرانی بە گیراو و تاوانباران بلێن و بە ئاسانی ئەو ئیعترافەی دەیانەوێت بەدەست بێنن.

ئەو روداوە دەنگێکی گەورەی دایەوە، حکومەتی عێراق لە مەوقیفێکی باش نەبوو، تاوانی ئەو هەولەی خستە ئەستۆی دارو دەستەی ئیمپریالیزم، شای ئێران، کۆمپانیا بیانیەکانی نەوت، دەزگا هەوالگریەکان، ئەمریکیەکان، "کۆنەپەرستانی رژێمی پاشایەتی ..... هتد".

حکومەتی بەغدا، بە ئەنقەست، باسی لەوەشکرد کە لەوانەیە ئەم هەولی تیرۆرکردنە لە لایەن هەندێ لە سەرۆکە کوردەکان پلانی بۆ دارێژرابێت بۆ ئەوەی شوێنی بارزانی بگرنەوە، یان لە لایەن بالی چەپی پ. د. ک. کە هەست دەکەن بارزانی لە رێبازی چەپ لایدایەوە و وەک کاتی خۆی ئەو پەیوەندیە

سۆزدارییەی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت نەماوە، تەنانەت باسی ئەوەش کرا کە لەوانەیە پەیوەندی بە مەسەلەی ئافرەت و شەڕەفیشەوە بێت[٤٣].
لێرە، لە عێراق، قسەو قسەلۆک کاریگەریان زۆرترە لە سەر فاکت و تاکتیک و ئەنجامیش بەدەست دێنن، ئەوەتە لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٧١ جەنەڕاڵ سەعدون غێدان، وەزیری دەرەوە، رایگەیاند کە حکومەت ١٢ فەوج لە "پاسەوانی نیشتمان (لەوانەیە پاسەوانی سنور بێت کە لە پێشمەرگە

[٤٣] لە راستی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی زۆر کەمی لەسەر نووسراوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی، تەنانەت لە لایەن خودی پ. د. ک.، بۆ نەکراوە. فرانز مەرییا دەزارۆ باسی رۆژنامەنوسیک دەکات و گوایە نەکوژراوە و ئیعترافی کردووە و کەچی بە پێی ئەو کەمە نووسینانەی بە کوردی بلاوکراونەتەوە گوایە شاندێکی پیاوانی ئایینی ناودار، بە ٣ سەیارە، داوای سەردانی بارزانیان کردووە بەلام نازانرێ شاندەکە کێ بوون، لە کێ و لە کێندەر مۆلەت و سەفەرەکەیان بۆ سازکراوە؟ ئەوکات لقی پارتی لە بەغدا زۆر چالاک و ژمارەشیان زۆر بوو، پارتی ٥ وەزیرو سەدان کارمەندی پلە بالای لە پۆست و ئیدارەکانی بەغدا هەبوو. سەردانەکە بۆ ئەوە بووە تا هەوڵ و رۆڵی خۆیان بۆ ناوبژی کورد و حکومەتی ناوەندی بخەنە گەڕ. تاکو ئێستا ناو و ئەدرێسی ئەو شاندە بلاونەکراوەتەوە یان ئێمە نەمان بینیووە.
ئەوکات بارەگای بارزانی، گوایە، لە حاجی ئۆمەران بووە، واتە نزیکەی ٥٠٠ کم لە شاری بەغدا دوورە، مەعقول نیە ئەو رێگە دورو درێژەیان بڕیبێت و کەس ناو و ئەدرێسیان نەزانێ. ئەوکات بڕینی ئەو رێگایە پێویستی بە دەیان سەعات دەکرد، مەعقولە بەبێ پشودان و راوەستان و نانخواردن کەوتبنە رێ؟ مەعقولە بەو ماندوو بوون و سەفەرە درێژە یەکەسەر لەگەڵ گەیشتنیان چاویان بە بارزانی کەوتبێ؟
ئەم شاندە، گوایە لە ١٠ کەس، ٦ مەلا و شوفێرەکان پێک هاتبوون، دەگەونە حاجی ئۆمەران و رۆژی ٢٩ ئەیلول دەچنە بارەگای بارزانی، نازانرێ کێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و پیاوماقول و زانایانی ئیسلامی کوردستان ئامادەبوون؟ بە کورتی، گوایە، لەکاتی دانیشتن و وتوویژ شاندەکە، بە بێ ئەوەی خۆیان ئاگادار بن، تەنزیلیان پێ بووە بۆ ئەوەی گفتوگۆکە تۆمار بکەن، کەچی تەنزیلەکان، بە تەوقیت، تەقینەوەو هەموو شاندەکە، بە پیاوانی ئایین و شوفێرو و یاریدەدەرەکان، هەموویان، پارجە پارچە بوون و بە دەستدرێژی گوللەی دەست و بردی پاسەوانەکانی بارزانی کوژراون.
سەیر و نهێنیەکە لەوەدایە نە وێنەی شاندەکە و نە هی سەیارەکان بلاو نەکراوەنەتەوە، ئاخۆ کەس لە خزم و کەس و کاری ئەو شاندە سۆراخی کوژراو و مەیتەکانیان کردووە؟ وەک باس دەکرێت بارزانی بە سوکی بریندار بووە و دەنگۆی کوژرانی یەک پێشمەرگە و ٢ برینداریش بلاوبۆتەوە.
حەقی خۆیەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای ٥٠ سال زانیاری زیاتر بلاو بکاتەوە، وەرگێڕ.

پێکهاتبوون – حەڕەس حدود، وەرگێڕ)" پێکهێناوە کە سەر بە سوپا نین بەلکو سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراقن.

ئەو روداو و هەلوێستانە بەشی ئەوە دەکەن کە بارزانی نەفیر عام، بۆ پێشمەرگەکانی لێبدات و دەست بە شەڕ بکرێتەوە. هەر لەم رۆژانە بەغدا کێشەیەکیتر دروست دەکات. لە کۆتایی مانگی نۆڤەمبەر ژمارەیەک کورد، بە تاوانی یاخیبوون و تێکدان، رەوانەی مەحکەمەی عەسکەری دەکرێن. تۆمەتەکان زۆر گرانن، گوایە پلانی کوشتنی سەرکردەکانی حیزبی بەعسیان، لە هەولێر، دارشتووە، هەولی تێکدان و پەلاماردانی دامەزراوەی سەربازی و فڕۆکەخانەی کەرکوکیان داوە.

دوای چەند رۆژێکیتر ١٩ کورد دەستگیرکران، گوایە هێرشیان کردۆتە سەر بارەگایەکی پۆلیس و فەرمانبەرێکی پلە بالای ئیدارەی قادر کەرەمیان فڕاندووە. بەمشێوەیە ترس و دلە راوکێ لەناو کوردانی بەغدا بلاودەبێتەوە و هەندێکیان شەوانە لە مالەکانیان ناخەون.

پێشمەرگەکانی بارزانی دەست و برد وەلامی توند دەدەنەوە و، لە ناوچەی سلێمانی[٤٤] هێرش دەکەنە سەر بارەگایەکی پۆلیس، ٢٢ پۆلیس دەکوژرێن و ٤٥ کەسیش لە هەردوو لا بریندار دەبن. بەغدا کاردانەوەی دەبێت و دەست دەکات بە بەدەرنانی ئەو کوردانەی، بە ناو، تەبەعیەی ئێرانیان هەیە، مەبەستی سەرەکیشی بریتیە لەوەی کە ژمارەی کوردان لە کەرکوک کەمبکاتەوە و، لە کاتی سەرژمێری، ئەگەر کرا، ژمارەی عەرەب لە هی کورد زیاتر بێت.

[٤٤] لە چاپە ئیتالیەکە ناوەکە بە Spmeouanya نووسراوە و گومان لەسەری هەیە و وادیارە مەبەستی سلێمانی بێت، وەرگێڕ.

راونان و سەرکوتکردنی کوردان، بێ راوەستان، بۆ پێشەوە دەچێ، تەنانەت عەشیرەتی زێباری، کە تاکو ئێستا لە خزمەتی بەغدادان و دژی بارزانین، لە حکومەت یاخی دەبن.

روداوێکیتری ناخ هەژێن لەم رۆژانە دەبێتە مایەی ناڕەزایی، حەقی خۆیەتی ئەو روداوە بگێڕینەوە، چونکە نموونەیەکی زەقە لە داپلۆسین. لە ٦ مایسی ١٩٧٢ پیرە پیاوێکی کوردی ٧٥ سالان بە ناوی ئەحمەد حەمید لە گوندی دەردان – Dardan برقیەکی لە لایەن هاوڕێیەکی مەجیدی کوڕی بەدەست دەگات، مەجید کاتی خۆی پێشمەرگە بووە، لەگەل بەیانی ئازار خۆی تەسلیم کردبووەوە و بووبووە ئەفسەر لە سوپای عێراق. وەک باسمانکرد حکومەتی بەغدا لێبوردنی گشتی بۆ هەموو کوردەکان دەرکردبوو. لە بروسکەکە نووسراوە کە مەجید نەخۆشە و لە نەخۆشخانەی شاری کوتە. مامە پیرە لەگەل بەدەست گەیشتنی ئەو نامەیە یەکسەر دەکەوێتە رێ، لە نیوەی رێگا ئەو کەسەی گوایە رەفیقی مەجیدی کوڕیەتی، لە خالی پشکنین – سەیتەرە، خۆی پێدەناسێنێ و دەلێ من لەگەلت دێم بۆ لای مەجید. لە راستی ئەو کەسە سەر بە هەوالگری بەغدایە، ئەو نەخۆشخانەی بۆی چوون بارەگایەکی تەحقیقی موخابەراتە و، پیرە پیاوەکە دەستگیر دەکەن، نازانی لەبەرچی و لەبەر چی تۆمەتێک گیراوە؟ کەس نیە وەلامێکی بداتەوە. لە پاشان باوکی مەجید دەگوازرێتەوە گرتوخانەی ئەبو غرێب و دەبرێتە بەردەم مەحکەمەی سەورە. روداوێکی تا بلێی پڕ سڕ و سەمەرەیە و پێی دەلێن "بە لەبەرچاوگرتنی تەمەنت مەحکەمەی شەعب بەزەیی پێت دێت و ئازادت دەکات" خالۆی پیرە، بە بێ قسە کردن و ساغکردنەوەی تۆمەتەکەی و بزانی بۆ وایان لێکردووە، ئازاد دەکرێ و بە دلێکی پڕ لە ئازار و مەینەت بەرەو گوندەکەیان دەگەڕێتەوە.


دوای ٢ هەفتە خالە ئەحمەد حەمید نامەیەکیتری لە مەجیدی کوڕی بەدەست دەگات و داوا لە باوکی دەکات سەردانی بکات لە بەندیخانە و قورئانێک و دوگردێکی بۆ بەرێت. پیرە باب، بە ناچاری، جارێکتر رێگای ئەبو غرێب دەگرێتە بەر بەلام ئەمجارە ژنەکەی و کچەکەی و بوکەکەی دەگەل خۆی دەبات. خۆزیا هەر نەڕۆیشتبایە!

لە دەرگای بەندیخانەی ئەبو غرێب دەلێن هیچ کەس بەو ناوە لێرە زیندانی نەکراوەو کەس سۆراخی نازانێ. لە بەرامبەر ئەم وەلام رەفتارە مرۆڤ، بە راست، شێت دەبێ. بەلام دیارە هەندێ لە پۆلیس و زیندانیەکانی ئەبو غرێب سیلەی رەحمیان دەجولێ و پێی دەلێن کوڕەکەتان لە ژێر تەعزیب مردووە و مەیتەکەی لە نەخۆشخانەیە و چاوەڕێی ئەوە دەکەن بەلەدیە بیشارێتەوە، وەک چۆن هەموو ئەو مردووانەی بێکەس و کارن شارەوانی دەیانشارێتەوە. پێویستە کات بە فیڕۆ نەدرێ، خالۆ حەمید، بە خۆی ٣ ئافرەت، بە پەلە خۆیان دەگەیەننە نەخۆشخانە و، وە ئەخیرەن، چاویان بە مەیتی کورەکەیان دەکەوێت، مەشهەدێکی ترسناک.

بە هەرشێوەیەک بێت مامە پیرەو ٣ ژنەکە، بە پاڕانەوەو تکاو نزا، مەیتەکە وەردەگرنەوە و بەرەو گوندەکەیان دەکەونە رێ، پێش کفن و دفن و شاردنەوە بانگی دکتۆرێک دەکەن بۆ ئەوەی تەماشایەکی بکات و بزانی بە چی مردووە و وەفاتننامەیەکیان بۆ بنووسی. دکتۆریش پاش تەماشاکردنی دەنووسێ هەموو گیانی سۆر و مۆر بووە و پڕ برینە، نیشانەی ئەشکەنجە بە لەشیەوە دیارە، چاویان دەرهێناوە، زمانیان بڕیووە، خوێن لە مل و گوێچکە و دەم و لوت و سینگ و پشتی هاتووە، شوێنی داغکردن لەسەر مل و باسکی چەپ و شانەکانی بە ئاشکرا بەجێ ماوە.

ئەوە یەکێکە لەم روداوە قێزەونانەی ناوە ناوە بە بێدەنگی روو دەدەن و کەس نالێ بۆ؟ لەبەر چی؟ کەسیش نیە لەبەرامبەر دادگا ئەو رەفتارە

قێزەونانەی بگرێتە ئەستۆ و، لەسەر ئاستی جیهانیش کەس دەنگی ناڕەزایەتی بەرز ناکاتەوە.



TRADUCTION DU RAPPORT MEDICAL OFFICIEL.

La dépouille mortelle du combattant, le sergent MEJID AHMED HAMID, appartenant au groupe de réparation de la 21ème Brigade du camp du KUT ( Forces Armées Irakiennes ), m'a été envoyée par l'Institut Médical de BAGDAD; à l'arrivée dans notre région, les observations suivantes ont été faites quant à l'état du corps:-

a. Il était couvert d'hématomes et d'enflures.

b. Les yeux avaient été crevés.

c. Des traces d'hémorragie, d'hématomes et d'écartèlement ont été relevées sur la partie supérieure du corps ( le cou, les oreilles, la bouche, le nez, la poitrine et le dos).

d. La langue avait été arrachée, le visage et les lèvres étaient couverts d'hématomes.

e. Des traces de brûlures ont été relevées sur différentes parties du corps, et notamment sur le cou, le coude droit et le dos.

f. Le coude droit avait été gravement meurtri.

(Signature du médecin)
Hôpital Central M.B.
2.9.72

Traduction de la Déclaration Originale Qui Précède

Je confirme par la présente que les photographies de la dépouille mortelle publiées ici sont celles de mon fils MAJID martyrisé jusqu'à la mort.

( Signature )
AHMED HAMID

ڕاپۆرتی پزیشکی سەبارەت بە ئەشکەنجەو کوشتنی مەجید ئەحمەد حەمید، لە ٢ ئەیلولی ١٩٧٢، بە زمانی فەڕەنسی، لە لاپەڕەی پێشوو بە کورتی ئاماژەی بۆکراوە.

ئەو هەمـوو روداوانە لە پشـت پەردە روودەدەن، کەچـی لە پێشـەوە، لەسـەر شانۆ کۆمەڵێک کەسایەتی خۆیان پیشان دەدەن وەک ئەوەی نە بایان دیبێ و نە باران. بۆ نمونە لە ١٠ نیسانی ١٩٧٢ سـەرۆک وەزیرانـی یەکێتـی سـۆڤیەت، ئەلێکسـی کۆسـیگەن[45] پەیمانـامەی دۆسـتایەتی و هاریکـاری نێـوان عێـراق و سۆڤیەتی مۆرکرد و، زۆر دەستکەوتی بۆ روسیا مسۆگەر کرد. لەسەر ئاستی ئیدیۆلۆجی سۆڤیەت بوو بووە هاوپەیمانێکی ستراتیجی جیهانی عەرەبی و لە هەموو ئەوانیتر مـایەی پشـت پێبەسـتن بـوو، شـوێن پێـی خـۆی لە نـاوچەیەک توووند دەکرد کە نرخ و بەهایەکی، بێ قەید و شەرتی، لە دەڤەرێکی ستراتیجی نەوتی هەیە.

سـەردەمی هاوپەیمـانی لەگەڵ "شـێخی سـۆر" بە یەکجـاری روو لە ئـاوابوون دەکـات. ئێسـتا عێـراق نەوتـی بیرەکـانی رۆمـێلە رەوانەی یەکێتـی سـۆڤیەت دەکات، کە کاتی خۆی لە لایەن کۆمپانیای نەوتی باکور، ئای پی سی Iraq Petroleum Company - IPC دۆزرابوونەوە و بە پێی رێکەوتنێک بۆ مـاوەی ٤٠ سال داهـاتەکەی بۆ ئەو کۆمپانیـایە بـوو و، ئێسـتاش بە یـارمەتی مۆسـکۆ خۆمالیکراوە و، لە ژێر ئەو پەیمانی دۆستایەتیە یەکێتی سۆڤیەت قەرزێکی ٥٠ ملیۆن روبلی بە عێراقداوە.

---

[45] Aleksej Nikolaevic Kosygin

## مۆسکۆ دەستبەرداری "شێخی سۆر" دەبێ

هەمـوو نیشـانەکان ئامـاژە بەوە دەکەن کە یەکێتـی سـۆڤیەت دەسـتبەرداری کوردان دەبێت و دەیانداتە دەست قەدەرو نەسیی خۆیان. خۆمالیکردنی نەوتی کۆمپانیای ئای پی سی کۆمەلێک دەرەنجامی هێنایە ئاراوە. واتە حکومەتی عێراق دەست لە کەرکوک هەلناگرێ و بارزانی بە ئاواتەکەی ناگات، حکومەتی عێـراق لە ئێسـتاوە دەتـوانێ پشـت بە چەک و کەرەسـەی شـەڕی سـۆڤیەت ببەسـتێ و ئەوەش مانـای وایە فشـار و مەترسـی لەسـەر پێشـمەرگە زیـاتر دەبێت، ئەحمەد حەسەن بەکر شکۆ و هەیبەتێکی زۆری، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، بەدەسـت هێنـاوە. هەمـوو ئەمـانە بە زیـانی کـورد تەواو دەبـن. بـارودۆخەکە، بـۆ یەکەمجـار، دەرهاویشـتەی نـوێی لەگەل خـۆی هێنـاوە. ئەو پەیوەنـدیە نـوێیەی نێـوان بەغـدا و مۆسـکۆ بە ئاشـکرا دەرەنجامیـان هەیە. ژمـارەیەکی زۆر لە کۆمونیسـتەکانی عێـراق لە زینـدان ئـازاد دەکـرێن و، دوو لەوانە لە حکومەت بەشـداریان پێدەکرێت. عەزیـز محەمەد، سکرتێری حیزبی شوعی، بۆتە کەسایەتیەکی سەرەکی ئەم وولاتە و، هەردوو دەسـت و باسـکی بەرز دەکاتەوە و تەواوی هاوکاری بۆ حکومەت دووپات دەکاتەوە.

بەمجۆرە سالی ١٩٧٢، بە کرانەوەی دەرگایەکی نوێ، کۆتایی پێدێت و نـاکرێ پێشبینی روداوەکان بکەین. لەبەرە بەیـانی سـالی ١٩٧٣ وا هەسـت دەکرێت لە یـاری نێـوان بەغداو کـورد داشـەکانی دامە جێگایـان دەگۆڕدرێت. ڕیکەوتنـی ئازار و ئاگر بەسی رۆژ بە رۆژ بەرەو لاوازی دەچن، کەس ناوێرێ لێکدانەوە بـۆ روداوەکـان بکـات بەلام هەمـوو لەوە دلنیـان کە هەر روداوێکـی نەگەتیـڤ

کاردانەوی خراپی لەسەر چارەنوسی وولات دەبێ. ئەوەی هەستی پێدەکرێت بریتیە لەوەی کە "پیرە شیخ"، بارزانی، کە بە نازو نیعمەت لە یەکێتی سۆڤیەت بەخێوکرابوو و تەنانەت پلەی مارشالی سوپای سوری پێدرابوو، سەبر سەبر، پالپشتی و دۆستایەتی مۆسکۆ لەدەست دەدات. ئەو خەباتە دوورو درێژ و قارەمانەی لە دژی بەغدا دەستی پێکردبوو، تاکو ئێستا، ئەگەر کات و ساتی پێشبینیکراو لەبەر چاو بگرین، سوودی بە ستراتیجی یەکێتی سۆڤیەت نەگەیاندووە، بە پێچەوانەوە زۆرجار بۆتە تەگەرە بۆ بونیاتنانی پەیوەندی نێوان بەغدا و مۆسکۆ، بە تایبەتی دوای پچڕانی پەیوەندی نێوان مۆسکۆ و قاهیرە، لە دوای ئەو پچڕانە ئەحمەد حەسەن بەکر بە خۆی و شاندێکی گەورە سەردانی مۆسکۆی کرد.

پێویستە ئەوەش لەبەر چاو بگیرێ کە ئەل بەکر بە لێزانانە توانی، لە رێگەی پ. د. ک. جۆرە " لێکتێگەیشتنی ئاشتەوایی" بەدەست بهێنێ و، بارزانیش بە توندی نەیاری ئەو هەلوێستە بوو. کەواتە بەکر بە دەفتەری پاکەوە رووی لە مۆسکۆ کرد و، مۆسکۆش هەموو هەولی خستە گەڕ بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە، لە بەرامبەر قاهیرە، لە بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە. ئەوەتە رۆژنامەکانی مۆسکۆ ئاماژەیان بەم هاوپەیمانیە نوێیە دەداو جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە لە ئێستا بە دواوە شورەوی دەتوانێ، لە جیهانی عەرەبی، پشت بە دۆستەکانی ببەستێت و رۆل و سەنگێکی گرنگیان دەدایە عێراق کە بوو بووە یەکەم هاوپەیمان. تەنانەت سەرۆکی ئەنجومەنی بالای سۆڤیەت، پۆدگۆرنیچ[٤٦] لەکاتی پێشوازیکردن لە ئەل بەکر بە تێکۆشەرێکی هێلی پێشەوەی دژ بە ئیمپریالیزمی وەسفکرد و، پێداگری ئەوەی کرد کە لەم قۆناغە مێژووییە یەکێتی سۆڤیەت نیازی وایە بەرەیەکی عەرەبی فراوان

[46] Nikolaj Viktorovic Podgornyj

دروست بکات کە کۆلەگەکانی عێراق و سوریابن. دوو وولات کە لە روی ئایدیۆلۆژی پشتیان پێ ببەستین. سەرنج بدەن هەردوو وولاتیش گرفتی دۆزی کوردیان هەیە.

بێجگە لەم روداو و دیاردانەی باسمانکرد پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە یەکێتی سۆڤیەت بەهۆی خەباتی ئازایانەی مستەفا بارزانی لە کوردستانی عێراق دەستی بە گلەیی کرد کە ئەو کەمایەتیە کوردانەی لە ناوەوەی سنورەکانی سۆڤیەتن کێشەی بۆ دروست دەکەن. هەموو ئەو پێشهاتانە، ئێستا لە مانگی یەکی ١٩٧٣ داین، پێمان دەلێن کە مۆسکۆ "هێدی هێدی، نەک بە یەکجاری، دەست لە کوردەکان هەلدەگرێ"، بە تایبەتی لە "شێخی سۆر".

سەبارەت بە هەلوێستی سۆڤیەت لە ئەگەری تێکچوون و هەلوەشانەوەی ئەو رێکەوتنە ئالۆز و بێسەرو بەرەی لە سالی ١٩٧٠ لە نێوان بەغدا و بارزانی مۆرکراوە چی دەبێت؟ سەبرمان هەبێت زوو بۆمان بەدیار دەکەوێت. ئەوەتە ئەوەندە بەسە کە رۆژنامەی التآخی گلەیی ئەوە بکات کە هیوای جێبەجێکردن و دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان کە حکومەت "لە رووی تیۆریەوە بەلێنیدابوو" روو لە لاوازی و سیس بوون دەکات و، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی لە ئەگەری هەلگیرسانەوەی شەڕ کردبوو. رۆژنامەی "ئەل سەورە"ی زمانحالی حیزبی بەعسی دەسەلاتدار، زۆر بە توندی، دێتە وەلام و هۆشداری و هەڕەشە دەکات و دەنووسێ لە حالەتێکی ئەوها سوپای عێراق بە شێوەیەکی توندو تیژ و ریشەیی بەرپەچ دەداتەوە. بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئەمجارە حکومەتی عێراق دەتوانێ پشت بە کۆمەک و یارمەتی سۆڤیەت ببەستێ.

لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٣ روداوەکان بە خێرایی، یەک لە دوای یەک، دێنە سەر شانۆ. لەوکاتەی لیۆنید برزنێڤ[٤٧]، سەرۆکی شورەوی، سەردانی ئەمەریکای کرد و چاوی بە سەرۆک ریچارد نیکسۆن کەوت فاکتێکی نوێ رویدا. بارزانی کە بە خزمەتکارێکی دڵسۆزی سۆڤیەت و مارشالی سوپای سور ناسرابوو، قارەمانێکی نەبەزیووی راپەڕینی کورد بوو، سودی بۆ بەرژەوەندی ستراتیژی سۆڤیەت هەبوو، لە ناکاو، پەیامێکی پڕ نزا و سۆز ئاراستەی ئەمەریکا دەکات و ئەوەش هەموو لایەکی شۆک کرد. بارزانی لە بانگەوازەکەی داوای کۆمەکی دۆزی گەلی کوردی کرد، بە ئاشکرا یان بە نهێنی[٤٨].

.ئەوە بۆ بەغدا سۆرپرایزەکی گەورە بوو بەلام ئەم بانگەوازە بە لاوازی بارزانی لێک دەدەنەوە و دەڵێن "لە جیهانمان دابڕاندووە و وەک سەگێکی بێ پشت و پەنایە، وەک مشک بە تەڵەوە بووە و دەیەوێت خۆی رزگار بکات، هەرکەسەک، تەنانەت شەیتانیش، یارمەتی بدات قەبولی دەکات...". ئەو شایی و لۆغان و سەرمەستی و هەڵسەنگاندنانە لە ژوری هاوکار و راوێژکارانی ئەحمەد حەسەن بەکر دەنگیان داوەتەوە.

ئێزگەی رادیۆی کوردیش زیاد لە جارێک ئەم بانگەوازەی بارزانی بڵاو دەکاتەوە کە لە لایەن سەرکردە بالاکانی رژێمی بەغدا گوێی لێ دەگیرێت. بارزانی لە پەیامەکەی کە ئاراستەی ئەمریکای کردووە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کۆمەکە دەکرێت سیاسی، ئینسانی و سەربازی بێت و، بە کەنالی تایبەتیش، بە ریگای ئیسڕایل کە نازانرێ چۆن چۆنیە، بە دەستیان بگات. بارزانی بە ئەمریکیەکان دەڵێ ئێوە خۆتان ئازادن چۆن و بە چ رێگەیەک ئەم یارمەتیانەمان بۆ رەوانە دەکەن تاکو خاکی کوردستان لە دەستی "گورگەکانی

47 Leonid Il'ic Breznev

٤٨ئێمە ئاگاداری ئەم نامە و بانگەوازە نین و نەمان خوێندۆتەوە، و.

بەغـدا" رزگـار بکەیـن و لەبەرامـبەر بیـرە نەوتەکـانی کەرکـوک دەخەیـنە خزمەتتان.
لە بەغدا ململانێی سەخت لە نێوان بالی سەربازی و مەدەنی حیزبی بەعس سەر دەردێنێ، بالی سەربازی پێشنیاری هێرشێکی فراوان لە دژی بارزانی دەکات، دەلێن ئێستا کاتیەتی و بێ پشت و پەنایە. کەچی بالی مەدەنی پێیوایە کە پێویستە پرۆسەی ئاشتەوایی خێراتر بکرێت و باوەڕیان وایە کە ئەوە تاکە رێگەیە بۆ ئەوەی "شێخی سوور" بەلاوە بنرێت. ئەو دیبەیتەی ناو حیزبی بەعس لە کاتێکە کە سەرۆک کۆمار، ئەحمەد حەسەن بەکر، بە سەردان چۆتە ئەورووپای رۆژهەلات و چاوەڕوانی ئەو دەکەن بۆ ئەوەی بڕیار بدەن. بەلام هەندێ سەرکردەی سەربازی، بە پاساوی پەلاماری کوردەکان بۆ سەر بنکەیەکی سەربازی عێراق، فەرمان بە تۆپ و دەبابە دەکەن بۆردومانی گوندەکانی سنوری تورکیا و ئێران بکەن. بارزانی وەلامی توونـد دەداتەوەو هۆشداری دەداتە حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی دەمودەست ئەم تۆپبارانە راگرێت و سوپاکەی بکشێنێتە دواوە ئەگەر نا روو بەرووی "شەڕێکی سەرتاسەری" دەبێتەوە. لە هەمان کات بارزانی بانگەوازێکی دراماتیک ئاراستەی هەموو هێزو پارتەکانی گەلی کورد دەکات بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن بۆ هەر ئەگەرێکی هێرشی حکومەتی عێراقی.
بادانەوەی لە ناکاوی بارزانی بەلای ئەمریکا لەلایەک و لە لایەکیتریش هەولی سەرکردەکانی پ. د. ک. بۆ بەدەم چوونی پێشنیاری بەغدا بۆ "رێگای ئاشتەوایی" سەر لە هێزەکانی پێشمەرگە دەشێوێنن و دەبێتە مایەی شەڕو پێکدادان لە زاخۆی سەر سنوری تورکیا و دەربەندیخانی نزیک سنوری ئێران، بۆ ماوەی ٣ رۆژ بەردەوام دەبێ. پاشان لە ٢٧ حوزەیران سەرکردەکانی هەردوو بال دەگەونە رێکەوتنێک و قەناعەت بە نیازپاکی و

ستراتیجی بارزانی دێنن کە بۆتە هۆی ئەوەی ئەو هەلوێستە نوێیە بگرێتە بەر[٤٩].

لە راستیدا گرفت و ململانێی زۆر بەهێزتر لە ژێر خۆلەمێشەکە خۆیان حەشارداوە، سەرهەلدانی گرفت و قەیران لە نێوان حکومەتی بەغدا و "شێخی سۆر" دەبنە هۆی تەقینەوەی روداوی دراماتیک و، ئەوە دەسەلمێنێ کە هەر جۆرە ناکۆکی و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە دژی کوردان دەبنە هۆی قولکردنەوەی ناکۆکیەکانی ناو سەرکردایەتی رژێم.

[٤٩]ئێمە هیچ زانیاریەکمان سەبارەت بە ململانێی ناو پ. د. ک. و بەیەکدادانی سەربازی لە هاوینی ١٩٧٣ نیە، هیوادارین کەسانی شارەزای ناو روداوەکان، ئەگەر راستبن، باسی بکەن، و.

# پیلانی نازم گزار[50]

ئەوەتە یەکەم رۆژی تەمــوزی ١٩٧٣، قــرچەی گەرمــا بــوو دارو بەردی دەســوتاند و هەناســەی لە مرۆڤەکــان بڕیبــوو، رادیــۆی بەغــدا لە ناکــاو بەرنامەکانی راگرت، ژنێک بە دەنگێکی پڕ سۆز و غەمگینی رایگەیاند کە "لە دوای چەند خولەکێکیتر هەواڵێکی گرنگ بلاو دەکەینەوە"، پاشان موسیقایەکی بە تــرس و خەمبــاری دەســتپێکرد، هەمــوو ئەو چــاوەڕوانیە لە فــیلمە بە ترسەکان دەچوو. بێدەنگی بە هەموو بەغدا بلاوبووەوە و تەنانەت بازاڕی کۆن – سوق کە هەموو کات بە دەنگە دەنگ و هەراو هۆریایە، لەم بازاڕە لەبەر گەرمــا و نەبــوونی هەوایەکــی فێنــک و لەبەر بــۆن و بەرامــی تیــژی رۆژهەلات و کوتە کوتی سەفارچیەکان پیاو لە هۆش خۆی دەچێ. لەم بازاڕە تەنانەت دەنگی کابرای قاوە فرۆشیش ناهات کە بە خۆی دۆلکەکەی ملی لەم کــۆلان بــۆ ئەو کــۆلان بــانگی قــاوەی بۆنخۆشــی دەکــرد و بە دەســت و پەنجەکــانیش فنجانەکــانی قــاوەی لەیەک دەدا تــاکو حەزی خەلـکەکە بـۆ لای قاوەکەی راکێشێ.

لە ناو تاکسی و دائیرەکانی حکومەتیش ترس و دڵەڕاوکێ بلاوبۆتەوە. دیارە روداوێکــی زۆر نــاخۆش رویــداوە. تــرس و کابوســی ئیعــدامی بە کــۆمەل لە گۆڕەپانەکانی بەغدا جارێکتر عێراقیەکان دەتۆقێنێ. ئەمجارە نۆبەی کێ دێت؟ دوای چــاوەڕوانیەکی زۆر رادیــۆ بەغــدا کەوتەوە پەخشــکردن "بە داخ و پــاژارەیەکی قــولەوە ئەنجــومەنی ســەرکردایەتی شــۆڕش و حکــومەت

[50] لە دەقە ئیتالیەکە ئەم تایتلە نیە و، هەموو نووسینەکە بەردەوامی هەیە، بەباشمانزانی تەنها ناوەکە "پیلانی نازم گزار" زیاد بکەین.

رایدەگەیەنن کە ئەمڕۆ شەهید حەماد شەهاب، ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕش و وەزیری بەرگری، بەدەستی زومرەیەکی خائین و بەکرێگیراو کوژرا". ترسێکی زۆر بالی بەسەر وولات داگرت و، یەکسەر رادیۆ دەست بە پەخشی خوێندنی ئایاتی قورئان دەکات. ئەوەش نەریتێکە و هیچی باشی تیا نیە، بە پێچەوانە ئاماژە و هۆشداریەکی ترسناکە و پێمان دەڵێ "خائینان" زۆر بە توندی سزادەدرێن.

ئەرکی ئەو سزا قورسەش کەوتە بەر دەست "دادگای تایبەتی" کە هەر زوو بەزوو دروستکرا و، سەرۆکی دادگاکەش عیزەت دوریە کە پێشتر وەزیری کشتوکال بوو، هەموو جۆرە دەسەلاتێکیان پێدرا بوو بەبێ ئەوەی ئەحکامەکانی جینائی عێراق لەبەر چاو بگرن، دەستوری موکەرەمیان پێدرابوو، دەسەلاتی ئەوەیان هەبوو هەموو جۆرە بڕیارێک دەربکەن و چاوپێخشاندنەوەی تیا نەبێ، تەنها بۆ لە سێدارەدان پێویستی بە ئیمزای سەرۆک کۆمار هەبوو. لە ماوەی ٤٨ سەعات دادگا، بەبێ بوونی پارێزەر و بەرگری، سزای لە سێدارەی بۆ ٣٦ کەس دەرکرد، ٢٣ لەوانە رۆژی شەممە، ٦ تەموز جێبەجێکرا و ١٣ کەسیتر رۆژی یەکشەم، ٧ تەموز، ئیعدامکران. ئەمجارە شتێکی نوێ و مایەی دەستخۆشیە بریتیە لەوەی کە لە گۆڕەپانەکان پەت و قنارەیان دانەنا و دەستڕێژی گوللەیان لە کەس نەکرد. ئەمجارە لە سێدارەدانەکان لەبەر چاوی خەلک نەبوو، بەلکو لە ژووره تاریکەکانی زیندان و بنکەکانی سەربازی و پۆلیس بوون. ئەمجارە جەلادەکانی بەغدا، ئەوانەی پیشەیان ئیعدامکردنە، لە مالەکانی خۆیان مانەوەو دەرنەچوون.

چی روویداوە؟ بێجگە لە هەولێکی کودەتا هیچیتر نیە، ئەمجارەش، وەکو هەموو جارانیتر، مەسەلەی کورد پشکی شێری بەرکەوتووە. گوایە پیاوی بەهێز، سەرۆکی موخابەرات، نازم گزار، دەستە راستی پیاوی هەرە بەهێزی رژێم، سەدام حوسێن تکریتی (جێگری سەرۆک کۆمارو سکرتێری حیزبی

بەعس) هەولی کودەتایەکی بێسەر وبەریداوە. بە حوکمی پۆستی سەرۆکی هەوالگری لە دوای وەزیری ناوخۆ دەهات و، دەیتوانی پشت بە زۆر سەرچاوەی جەماوەر ببەستێ، تۆڕێکی کارمەندو ئەفسەری بە توانا و لێهاتوی پۆلیس و هەوالگری لەبەر دەست بوو. نازم گزار ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو کە لە سالی ١٩٦٨ حیزبی بەعسی گەیاندە دەسەلات و، لایەنگری سەرسەختی سەدام حوسێن بوو لە کاتی ململانێی بالی سەربازی و مەدەنی بەعس، سەدام لەگەل بە بەعسیکردنی هێزە سەربازی و پۆلیسیەکانی وولات بوو.

بە پێی گێڕانەوەکان گوایە نازم گزار لە ٣٠ حوزەیران پیلانی کودەتاکە دەست پێدەکات، سەرۆک کۆمار، ئەحمەد حەسەن بەکر دەبوایە رۆژی ١ تەموز لە سەردانەکەی لە وولاتانی ئەوروپای رۆژهەلات بگەڕێتەوەو لە بەغدا هەموو سەرکردە بالاکان پێشوازی لێبکەن، لە ناویاندا سەدام حوسێن. لە فڕۆکەخانەی بەغدا هەموو شتێک، بۆ سەعاتی سفر، ئامادەیە بۆ کوشتنی بەکرو هاوڕێکانی. بەلام لە کاتی گەڕانەوە، لە ئاسمانی عێراق بەکر، سەبارەت بە ناکۆکی و ململانێی سەرکردەکانی حیزبی بەعس و گرتنەبەری رێوشوێنی تایبەت بەرامبەر بە کێشەی کورد، ئاگادار دەکرێتەوە.

کات و ساتێکی لەبار بوو، ژمارەیەک فڕۆکەوانی سەربازگەی رەشید، بە وریایی دەستنیشان کراون و قەناعەتی تەواویان بە پەیامەکەیان هەیە، دەبوایە لە کاتی گەیشتنی کەژاوەی مەراسیمی پێشوازی لە سەرۆک کۆمار، لە ماوەی چەند خولەکێک بوردومان و دەستڕێژی بکەن و کۆمەلکوژیان بکەن و کودەتاکەیان سەری دەگرت.

ئێوارەی پێشو، نازم گزار وەزیری بەرگری، حەماد شەهاب و وەزیری ناوخۆ، سەعدون غێدان و ژمارەیەک کەسایەتیتر داوەتی مالەکەی خۆی دەکات. لەوانەیە ویستبێتی رازیان بکات بۆ ئەوەی پالپشتی لە پیلانەکەی

بـکەن، یـان لەوانەیە پەیـامێکی نهێنـی لە دەرەوە بەدەسـت گەیشـتبێت و ویسـتبێتی پێیان بلێ و یان تەنها نیازی وابووە بە هەڕەشە بیانترسێنێ و کۆمەک ولایەنگریان بەدەست بێنێ. بەلام هەردوو وەزیر بە توونـدی وەلامی دەدەنەوە و لە دژی پیلانەکە دەوەستنەوە و، گزاریش فەرمان بە پیاوەکانی دەکات، کە پێشوەختە ئامادەبوون، بیانگرن و هەر لە مالەکەی خۆی دەست بەسەریان بکەن.

روداوەکـان، بە خێرایـی، یەک لە دوای دێـن و دەڕۆن، سـەدام حوسـێن کە لە فڕۆکەخـانە چاوەڕێی سـەرۆک کۆمـار دەکـات گومـانی لا دروسـت دەبێـت، تەماشـا دەکـات نە وەزیـری بەرگـری و نە هـی نـاوخۆ و نە سـەرۆکی موخـابەرات ئامـادەی مەڕاسـیمی پێشـوازیکردن نـین و ئەویـش یەکسـەر گومانەکـانی بەهێزتـر دەبـن، یەکسـەر تەلیفـۆن بـۆ مـالی حەمـاد شـەهاب و سەعدون غێدان دەکات لە وەلام هاوسـەرەکانیان وەلام دەدەنەوە و دەلێن لە دوێنێ ئێوارە هیچ خەبەریان نیە و دلمان زۆر قەلیقە. لەم کات بەرپرسێکی هەوالگری دێتە لای سـەدام و پێی دەلێ لە سـەربازگەی رەشـید هەست بە جولەی گومانلێکراو دەکرێت، لە پاش بیستنی ئەم هەوالە سەدام حوسێن بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە بورجی چاودێری فڕۆکەخانە و لە رێگەی رادیۆ دوو پەیام رەوانە دەکات، یەکێک بۆ فڕۆکەوانەکەی سەرۆک کۆماری هەلگرتووەو پێی دەلێ نە نیشێتەوە و تا پەیامێکیتر لە ئاسمان بمێنێتەوە، ئەویتریـان بۆ هێزە چەکدارەکان و دەیانخاتە ئامادە باشیەوە.

لیوایەکی دەبابە و مودەڕەعە، لە ناکاو، دەچنە نـاو سـەربازگەی رەشـید و ١٥ فـڕۆکەوان دەسـتگیر دەکەن کە خەریکی هەلفـڕین بـوون. بەمجـۆرە پـیلانەکە پـوچەل دەکـرێتەوە بەلام دوو وەزیـرەکە بـارمتەی دەسـتی نـازم گـزارن و ئەمـیش، لە رێـگەی تەلەفزیـۆن، چـاودێری مەڕاسـیمی گەیشـتنی سـەرۆک کۆماری دەکرد، کە زانی نیشتنەوەی فڕۆکەی سەرۆک کۆمار دواکەوتووە

هەستی بە ئاشکرا بوونی پیلانەکە دەکات و یەکسەر بە خۆی و ٢ وەزیرو سکرتێری شەخسی ئەحمەد حەسەن بەکرو فەرماندەی پاسەوانەکانی سەرۆک کۆمارو دارودەستەکەی، بە سەیارە، بەرەوە سنورەکانی ئێران رادەکات.

نازم گزار لە کاتی راکردن بە رادیۆ پەیوەندی بە سەرۆکایەتی حیزبی بەعس دەکات و داوادەکات ئەگەر، بەلای کەمی، ئەم ٣ داواکاریەی جێبەجێ نەکرێت ئەوە هەموو بارمتەکان دەکوژێت:

١. دەستپێکردنەوەی دەمودەستی شەڕکردن لەگەل کوردەکان.

٢. دوورخستنەوەی هەموو ئەو بەرپرس و سەرکردانەی دژی هەلگیراسنەوەی شەڕی کوردن لە پلە و پۆستەکانیان.

٣. بەلێنی ناردنی دەمودەستی سوپای عێراق بۆ شەڕکردن لە دژی ئیسرائیل.

لە کاتی راکردنی نازم گزار ٢ هەلیکۆپتەری سەربازی دوایان دەکەون و لە ناوچەی "زورباتیە"، لە نزیک سنوری ئێران، لە نێوان هەلیکۆمپتەر و کەژاوەی سەربازەکانی نازم گزار دەبێتە شەڕە تەقە، هات و هاوار و دەستڕێژی گوللە. لە ئەنجام وەزیری بەرگری، حەماد شاهاب دەکوژرێ، لە بەغدا دەلێن بەدەستی گزار کوژراوە، سەعدون غێدان بریندار دەبێت و لە کۆتایی نازم کزارو ١٠ بەرپرسی بالا دەستگیر دەکرێن.

رۆژنامەیەکی کوەیتی "السیاسە" دەنووسێ کە گوایە پاسەوانەکانی ئێرانی تەقەیان لە عێراقیەکان کردووە بۆ ئەوەی یارمەتی نازم گزار و هەلاتووەکان بدەن کە هەموویان چاکەتی گوللە نەبڕیان لەبەر بووە. دەنگۆیەکیتریش هەیە گوایە لەم کاتەی راکردووەکان لە نزیک سنوری ئێران نزیک دەبنەوە و هەلیکۆپتەریشیان بە دواوەیە چەند فڕۆکەیەکی سەربازی ئێرانی دەگەونە ئاسمانی ناوچەکەو فەرمانیان پێیە ئەگەر هەلیکۆپتەرەکانی عێراقی ئاسمانی ئێران ببەزێنن ئەوە دەستڕێژیان لێبکەن.

نازم گزار، دوای دەستگیرکردنی، دەبرێتەوە بەغداو بەپێ خواستی و دەست بە کەلەبچە و لە سەرخۆ و بێ منەتانە دەبرێتە بەردەم ئەل بەکر و بە هیچ شێوەیەک بەرگری لە خۆی ناکات. ئەم چاوپێکەوتنە، بە خێرایی و بە چەند قسەیەکی کورت کۆتایی پێدێت:

ئەل بەکر: هەڤاڵ نازم چۆن بیرت لەم کارە کردەوە؟ چ هۆیەک پالی پێوەنای؟ ئەمانە کێن لەگەل تۆ پیلانەکەیان داڕشت؟

گزار: بەڕێز سەرۆک کۆمار پێویست بە پرسیاریتر ناکات. بە تەنها، بە شەخسی خۆم، هەموو بەرپرسیارەتی روداوەکە دەگرمە ئەستۆ.

ئەل بەکر: بەلام بۆ واتکرد؟ تۆ هەمیشە هەڤالێکی دلسۆزی بەعس بوویت، هەموو حیزبت تووشی شۆککرد. کەس چاوەڕێی کارێکی لەمجۆرەی لە تۆ نەدەکرد، ئەتۆ چۆن ئەم کارەت کرد؟

گزار: بەداخەوە کردم. لەوانەیە شیت بووبم. ئەوە هەموو وەلامەکەمە، ئەتوانم بچمە دەرەوە؟

گوایە ئەم روداوە کاریگەریەکی زۆر قولی لەسەر بەکر جێهێشتووە، بە تایەتی هەیبەت و هێمنی و ئارامی نازم گزار. ئەوەی جێگای گومانە ئاخۆ لەبەرچی نازم گزار، کە لایەنگری سەرسەخت و بێ مەرجی بالی سەدام حوسێن بوو، بالی مەدەنی، لە بەرامبەر بالی سەربازی کە داوای شەڕی سەرتاسەریان لە دژی کوردەکان دەکرد و ئێستا ١٨٠ پلە بایداوەو پشتگیریان لێ دەکات. هۆیەکەی چیە؟ کێ دەستی لە پشت داون و هانی داون؟ لە کاتی دادگایەکەش نازم گزار ووشەیەکی نەدرکاند و تەنها ئەوەی دووپاتکردەوە کە تەنها ئەو بەرپرسیاری سەرەکیە و ئامادەشە نرخەکەی بدات. بەلام لە دادگا باوەڕی پێناکەن، ٣٦ کەس بە ئیعدام و ژمارەیەکیش بە ئەبەدی و بە کەمتر سزایان بۆ دەردەچێ. گزار بەیانیەکەی دادگایکرا و نیوەڕۆ لە نزیک قەسری الرحاب (کۆشکی پاشایەتی یان قەسری نیهائی، و) ئیعدامکرا.

یەکێک لەم تۆمەتانەی دەخرێتە ئەستۆی نازم گزار بریتیە لەم "هۆشدارییەی" ئاراســـتەی ســـەرکردەکانی بەعســـیکردووە کە دژی هێرشـــی ســـەربازی سەرتاســەرین بە دژی کوردەکــان. تــۆمەتی ئەوەشــی دەخــرێتە ئەســتۆ کە ویســتوویەتی ڕێگــری لە جێبەجێکردنــی بەیــانی ١١ ئــازار بکــات و بەمجــۆرە پاســاوی داوەتە کوردەکــان دەســت بــۆ هەلگیرســانەوەی شــەڕ ببەن. ئەوەی گومــانی لێناکرێــت بــریتیە لەمەی کە لەنــاو کودەتاچیەکــان نەعــیم حەداد هەیە، بەڕەســەن کــوردە، تــۆ بلێــی خیــانەت لە دۆزی کــورد بکــات؟ ئەمەش نهێنــی و کۆدە شاراوەکانی ئەم ڕوداوەیە.
لە ڕاســتی دادگــا ســزای مردنــی بــۆ عەبــدول خــالق ســامەڕائیش دەرکردبــوو، یەکێک لە سەرکردە بالا و ناسراوەکانی حیزبی بەعس بوو، بە کەسی سێیەم، لەدوای بەکر و سەدام، حیساب دەکرا. کەسایەتیەکی خــاوەن پێگەو مەکانەتی خــۆی بــوو، کوشــتنی ســامەڕائی کــاردانەوەی زۆر نەگەتیڤی لە نــاو حیــزب و، تەنانەت لە نێوەندە جیهانیە عەرەبیەکان دەبێت، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەندامی قیــادەی قەومــی بەعس بــوو، هەروەهــا بەرپرســی پەیوەنــدیەکان، لەگەڵ هێــزە پێشـــکەوتوخوازەکانی جیهـــانی عەرەبـــی و بە تـــایبەتی لەگەڵ فیـــداییەکانی فەلەســتین بــوو. زۆر کەس لەو بــاوەڕەدان کە یەکێــک لە داواکاریەکــانی نــازم گزار، بەڵێنی ناردنی سوپای عێراق بۆ شــەڕی ئیســڕائیل، لە لایەن ســامەڕائی پێشنیار کرابوو. لێرەدا ئەحمەد حەســەن بەکر بۆ دورخســتنەوەی هەر جــۆرە قەیران و ئینشقاقێکی حیزبی بڕیاریدا ئیعدام نەکرێت و بخرێتە زیندانەوە.
ئەوەی دەمێنێــتەوە ئەم پرســـیارەیە، کە ئـــازاری ویژدانـــی زۆر کەس دەدات، ئــاخۆ ڕاســتە نــازم گزار ئەو هەمــوو پیلانەی تەنها بە خــۆی ئامــادە کردبوو؟ ئاخۆ ئەوە ڕاستە کە تەنها بە خــۆی بەرپرسیاری ڕوداوەکەیە؟ هەرچەندە لە ئیعــدامکردن دڵنیــابوو بەلام بــۆچی لەبەردەم دادگــا نهێنــی و ســـەرچاوە و

ئامانجی ئەم کودەتایەی بەیان نەکرد؟ ئەم هێزو لایەنانە کێبوون کە دەبوایە لەگەڵ سەعاتی سفر، بۆ پاڵپشتیکردن، هاتبانە مەیدان؟
لە بەغدا هیچ کەسێک باوەڕ بەوە ناکات کە نازم گزار هەموو شتێکی بەتەنها کردبێت، هێچ کەسیش باوەڕ بە قسەکەی ناکات کە گووتبووی "لەوانەیە شێت بووبم". لە ژینگەی کۆشکی کۆماری دەنگۆیەک لە ئارادایە و لە باڵەخانەی "کۆمپانیای نەوتی نیشتمان"یش کە لە گۆڕەپانی تەحریرە فسکە فسکی لێدەکرێت، لێرە جگە لە سیاسەتی نەوت و مەسەلە تەکنیکیەکان هیچ باسێکیتر ناکرێت. بە پێی ئەم دەنگۆیە نازم گزار جێبەجێکاری پیلانێک بووە کە لە دەرەوەی عێراق داڕێژراوە، بە دڵنیاییەوە لە ئێران کە لەم ساڵانە پەیوەندیەکانی لەگەڵ عێراق روویان لە گرژی کردووە، لە رووی دیبلۆماسی پەیوەندیان پچڕاوە. بێجگە لەمە کودەتاکە پەیوەندی بەم فاکتەرانەشەوە بووە: مسەلەی کورد، هاوپەیمانێتی ئێران و عەرەبستانی سعویدی لە دژی چەکدارە عەرەبەکان کە بە درێژی کەنارەکانی عەرەبی چالاک بوون، هەڵوێست و بڕیاری ئێران بۆ رێگەگرتن لە کەشتیەوانی لە شەتول عەرەب، ئەو قەیرانەش لە نۆڤەمبەری ١٩٧١ تەقیەوە، ئەوکاتەی ئێران ٣ دورگەی ئیماراتی عەرەبی لە تەنگەی عومان داگیرکرد.
پێویستە ئەمەش بە بیر بێنینەوە کە رۆژی کودەتا سەرنەکەوتووەکە سەرۆک کۆمار، ئەحمەد حەسەن بەکر، لە سەردانێکی ئەوروپای رۆژهەڵات دەگەڕایەوە، کۆمەڵێک گرێبەستی چەک و تفاقی سەربازی، بە قازانجی سوپای عێراق، مۆرکردبوو. لە هەمان کات دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە شای ئێران ژمارەیەک رێکەوتنی، بە بەهای ٣ ملیارد دۆلار، لەگەڵ وولاتانی رۆژئاوا مۆرکردووەو بە نەوت پارەکەیان بداتێ و بەڵێنیشیداوە لە ئەگەری هەر قەیرانێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەناردەی نەوت رانەگرێت. ئەوەتە شای ئێران لە مانگی مایس لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ گۆڤاری "نیوزویک"ی ئەمریکی،

بە شـــێوەیەکی ریـــالیزم و لە خـــۆ بـــاییبوون، رایگەیانـــدبوو کە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ناتوانن هەتا هەتایە رۆلی جەندرمەی نێودەولەتی بگێڕن و، ئێمەش باوەڕی تەواومان بە خۆمان هەیە بۆ ئەوەی ئەم ئەرک و رۆلە گەورەو سەختەی "پاسەوان و پارێزەری ٦٠٪ یەدەکی نەوتی جیهان " بگێڕین.

ئەوەتە جارێکیتر نەفرەتی نەوت دێتەوە سەر شانۆ و، لە پشت پەردەش چەندەها نهێنی خۆی مەلاس داوە، یەکێک لەمانە بریتیە لە کێشەی هەمیشەیی کورد کە لە کات و ساتی گونجاو وەک سینی دەخرێتە سەر خوان. ئا لەم کاتە و لە نـاو جەرگەی ئەم گۆڕانکاریەکـانە بـارزانی، لە پڕێکـا، روو لە سۆڤیەت وەردەگێڕێ و مەیلی بەلای ئەمەریکا دەڕوات. تەماشاکەن نازم گزار دەیەوێت لەگەل کورد دەست بەشەڕ بکاتەوە بەلام لەکاتی شکستی روو لە ئێران دەکات و بەو ناوچانە رەتدەبێ کە لە ژێر دەسەلاتی کوردانە. ئێرانیش لە پڕێکا نەرمی بەرامبەر کوردانی عێراق دەنوێنێ تا ئەو رادەیەی گومان بۆ خۆی دروست دەکات کە بە چەک کۆمەکی کوردەکان بکات و لە کاتی تەنگانە و پەڕینەوەیان بۆ ناو خاکی ئێران لە باوەشیان بگرێت. بەغداش ئەو کەسانە بە خائین لە قەلەم ئەدات کە داوای دەستپێکردنەوەی شەڕێکی سەرتاسەری لە دژی کوردان دەکەن، کوردەکانیش لە ناکاو لە نێوخۆ بەشەڕدێن. لەم کەش و هەواو روداوەکانی پشتی پەردە ئاسانە باوەڕ بەوە بکەیت کە هەولی ئەم کودەتایە، بە تەنها، لەلایەن نازم گزار ئەنجام نەدراوە، بە دڵنیاییەوە ئەویش داشی دامەی دەستی کەسانیتر بووە کە خەریکی گەمەیەکی ئالۆز بوون. لەم یاریە، بە پسە پس، نـاوی دوو کەس بە بەردەوامی دووبـارە دەکـرێنەوە، ئەوانیش سالح مەهدی عەماش، بالوێزی پێشوی عێراق لە مۆسکۆ و عەبدول کەریم ئەل شێخلی، بالوێزی عێراق لە یو ئێن و هەردوکیان وەزیری پێشوی دەرەوە بوون. هەردوو ئەم کەسایەتیەش سەر بە بالی پێشکەوتوخوازەکانی

بەعس بوون. پاش ئەوەی لە ناوەوەی وولات، لە ئەنجامی ململانێی هەردوو بالی حیزبی بەعس کە بە پالپشتی نازم گزار سەدام حوسێن بووە سەرۆکی بێ قەیدو شەرتی حیزب، پۆستی حکومیان لێسەندرابووەوە و، وەک نەریتیکی ئەم وولاتە، رەوانەی دەرەوەیان کردبوون.

لێرەدا جەلاد و قوربانیەکان سەر بە حیزبی بەعسن، پرسیارێکی سادە دێتە پێشەوە، ئەمە چ رێکخراوێکی سیاسیە کە خۆی بە بالی هەرە پێشکەوتوخوازی سۆسیالیزمی عەرەبی لە قەلەم دەدات و بە شێوەیەکی بێبەزەییانە نەوەکانی خۆی سەردەبڕێ؟ دیبلۆماتکارێکی رۆژئاوا لێکدانەوەیەکی ژیرانەی بۆدەکات و دەلێ "رەفتار و رەوشتەکانی بەعس لە هی مافیا دەچن". سەرۆکی ئەو باندەش (پادرینۆ – Padrino) سەدام حوسین تکریتیە کە لە رێگەی تۆرێکی هەوالگری و پیاو کوژ یاسا و بڕیار دەردەکات و هەرکەسێکیش بیەوێت رێگەی لێبگرێت سەرکوت و بێدەنگی دەکات. هەرکەسێکیشی بەرەو رووی بووەستێتەوە یان دەکوژرێت و یان لە ژورە تەنگ و تاریکەکانی قصر النهایة - قەسری الرحاب – کۆشکی پاشایەتی (وەرگێڕ) بە نەخۆشی دەمرن. هەولی نازم گزار بۆ کودەتا و کوتەکی ئاسنینی ئامادە لە لایەن سەدام حوسێن تکریتی ئەوەمان پێ ئەلێ کە گزار ویستیەتی باندێک دروست بکات کە توانای روو بەروو بوونەوەی باندی دەسەلاتی هەبێت. پلانەکەی گزار لەوانەیە لە دەرەوە کۆمەکی دارایی بۆ دابین کرابێت، لە کۆتایی وەک تەسفیەی حیساباتی باندێکی مافیا بە کوشت و بڕین کۆتایی هات.

پێویستە ئاماژە بەمەش بکەین کە سەدام حوسێن دوای ئەوەی نازم گزاری لەناو برد کە داوای دەستپێکردنەوەی شەڕی لەدژی کورد دەکرد پالپشتی و سوپاسگوزاری "شێخی سۆر"ی بەدەست هێنا، ئەگەرچی نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە ئەحمەد حەسەن بەکر لە سەردانەکەی بۆ پۆلۆنیا و هەنگاریا داوای

چەکی دەکرد بۆ ئەوەی لە دژی کوردان بەکاری بهێنێت و کوردەکانیش داوای کۆمەکیان لە ئەمەریکا دەکرد. وولاتێکی عەنتیکەیە و کەس سەری لێدەرناکات!

دوای چەند رۆژێک سەدام حوسێن لە ژێر فشاری جۆرنالیستە بیانیەکان خۆی دەدزیەوەو لە کۆتایی ووتی "لێکۆلینەوەکان ئەوەیان پیشان نەداوە کە دەستی وولاتانی دەرەکی لە پشت ئەم پیلانەوە بێت" و "بە هەر حال ئەم روداوە ئەنجامێکی پۆزەتیڤی بەدەستمانەوەدا، گیانی شۆڕشگێڕی بەعس بەهێزتر بووە". ئەمە کۆتایی قسەکانی بوو.

لە دوای ئیعدامکردنی ئەو ٣٦ کەسە رژێمی ئەل بەکر دەبێتە یەکێک لە رژێمە هەر دلڕەقەکان، لە هاتنە دەسەلاتەوە، لە سالی ١٩٦٨، تاکو ئێستا ١٣٠ خائین لە سێدارە دراون. ئەوە بێجگە لەم کەسانەی، لە رێگا و روداوی تەمومژاوی لەناو بردراون یان لە زیندانەکان بە نەخۆشی مردوون! لە سالی ١٩٦٩ گروپێکی ٥٢ کەسی، بە تۆمەتی دوژمنی گەل لە سێدارە دران، لە ناویان ١٤ جولەکەی تیا بوو. لە سالی ١٩٧٠ دەستەیەکتری ٤٢ کەسی بە تۆمەتی جاسوسی بۆ ئیمپریالیزمی ئێرانی، بە هەمان چارەنوس، ئیعدامکران.

ئێستا چۆن دەکرێت بە شێوەیەکی باشتر، لە بەرامبەر "دوژمنانی گەل" پارێزگاری لە شۆڕش بکرێت؟ بۆ ئەم مەبەستە دەستوری عێراق تەعدیل دەکرێت، بەشێوەیەک زیاتر "دیموکراسی" بێت و ئەحمەد حەسەن بەکر دەسەلاتی زۆرتری بۆ دیاریی دەکرێت: سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران، فەرماندەی هێزە چەکدارەکانە. هەر بە پێ ئەو ریفۆرمە دەستوریە ئەل بەکر بەرپرسیاریەتی "پارێزگاری لە سەربەخۆیی و یەک پارچەیی وولات و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری" دەکەوێتە ئەستۆ و دەسەلاتی دانان و گۆڕینی جێگری سەرۆک کۆمار، وەزیرەکان، دادوەران، پارێزگارەکان، فەرمانبەر و ئەفسەرە پلە بالاکانی دەولەت، دیبلۆماتکاران، شاندەکانی عێراق

بـۆ بەشـداری لە کـۆنفرانس و ڕێکخـراوە نێودەولەتیەکـانی هەیە. لە کۆتـایی ئەحمەد حەسەن بەکر دەسەلاتی ئەوەی هەیە، کەی ویستی، پلەو پۆستی بـالا ببەخشێت، بۆ هەر کەسێک کە خۆی بیخوازێت، یـان وەربگرێتەوە، بە هەمـان شێوە مەدالیا ببەخشێت یان وەربگرێتەوە!

لەبیرچـــوونەوە یەکـــێکە لە ســـیفەتە هەرە دیارەکـــانی گەلـــی عێـــراق. لەم ڕوانگەیەوە زۆر زەحمەتە کەسێک بدۆزیەوە کە ئەوەی لە بیر بێت، ئەو کاتە ٥ سـال پێش ئێسـتا، لە مـانگی تەموزی ١٩٦٨ ئەل بەکر گەیشـتە دەسـلات و پڕۆپاگەنـدەی ڕژێـم دڵنیـایی دەدا کە سـەرۆک کۆمـاری نـویێ دەسـت بە ریفۆرمێکی لیبڕالی لە ژیـانی سیاسـی و کۆمەلایەتی عێراق دەکات و، لە ٢١ هەمـان مانـگ دەسـتوری کـاتی بە گـرنگیەوە باسـی سیاسـەتی نـوێی وولاتـی دەکـرد و ئامـاژەی بەوەدەکـرد کە لەمەدوا سیاسـەتی دەسـتەجەمعی پەیـڕەو دەکرێت و دەسەلاتەکانی سەرۆکی دەولەت کەمدەکرێنەوە.

بەشێوەیەکی "دیموکراسی" دەسەلاتی زۆرتری دیکتاتۆری بۆ سـەرۆک کۆمـار دیاریکراون، ئەل بەکر خۆی بۆ کێشەی کورد تەرخـان دەکات، بـارزانی دوای شکستی کودەتاکە بروسکەیەک بۆ سەرۆک کۆمار ڕەوانە دەکات و سـوپاسـی دەکـــات بـــۆ لەنـــاوبردنی ئەو کەســـەی داوای دەســـتپێکردنی ئۆپێڕاســـیۆنە ســـەربازیەکانی لە دژی کـــوردان دەکـــرد. ئەحـــمەد حەســـەن بەکـــریش بە خۆشحالی بروسکەکەی بارزانی وەردەگرێ و بەرزی دەنرخێنێ و، گەیشتۆتە ئەو بـاوەڕەی کە ئەنجـامی ڕوداوەکـان ڕێـگە دەدەن بـۆ ئەوەی بە قـازانجی "ئاشتەوایەکی گەورە" سودیان لێوەربگیرێت. بەلام بۆ ئەم مەبەسـتە پێویسـتی بە پالپشتی پارتی کۆمونیست هەیە بۆ ئەوەی کـار لە سـەر پ. د. ک. بکـات و هەردووکیان جمکی یەکترن.

# ناوبژی پارتی کۆمونیستی ئیتالیا شکست دێنێ[٥١]

ئەحمەد حەسەن بەکر و سکرتێری پارتی کۆمونیست، عەزیز محەمەد، زوو زوو یەکتر دەبینن و راوێژ بەیەکتری دەکەن و واهەست دەکرێت ئەم دیدارانە بە بەرهەمبن. عەزیز محەمەد دڵنیاییەکی زۆر دەدا و پشتی بەوە دەبەست کە لەو باوەڕەدایە بتوانێ، بە ئاسانی، بارزانی رازیبکات و بگەونە لێکتێگەیشتنێکی گشتی. لە ٢٢ شوباتی ١٩٧٢ کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت، بە بۆنەی ٥٠ ساڵەی دروستبوونی یەکێتی شورەوی، راپۆرتێکی پەسەندکرد و، هەر دەڵێی بۆ عێراق نووسراوە و تیایە هۆشداری دەداتە "مارشالی سوپای سور (واتە بارزانی، و)". لە راپۆرتەکە هاتووە "دۆزی گەلان یەکێکە لە رێگا هەر سەختەکانی خەباتی مارکسی و لینینی لە دژی ئیدیۆلۆژی بورجوازی و ریڤیزیۆنیزمی ئیمپریالیستی کە دەیانەوێت پێگەی سۆسیالیزم لاواز بکەن. پرۆپاگەندەی بورجوازی پەلامار دەدات و دەیەوێت هەست و سۆزی ناسیۆنالیستی بخاتە ناو ویژدانی کۆمەلانی دەولەتی سۆسیالیستی و تا بیرو بۆچوونی ناسیۆنالیستی و ناوچەگەری ببووژێننەوە و زیان بە سۆسیالیزم بگەیەنن (....) پێویستە و ئەرکی سەرشانمانە بۆ ئەوەی بە هەموو تواناکانمان پەچە لەسەر ئیدیۆلۆژی و ریڤیزیۆنیزمی دژ بە کۆمونیزم هەلدەینەوە و شەرمەزاریان بکەین".

---

[٥١] ئەم تایتلە دەستکاری کراوە، لە دەقە ئیتالیەکە نووسراوە "ناوبژی جان کارڵۆ پەییێتە شکست دێنێ". پەییێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمونیستی ئیتالی و کەسایەتیەکی بەناوبانگی ئەوکات بوو. ئەوکات پارتی کۆمونیست دووەم پارتی ئیتالیا بوو، لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئیتالیا لە دەسەلات بوو.

بە رای عەزیز محەمەد بارزانی گوێ لەم ڕێنمایانەی کۆمونیزمی مۆسکۆ دەگرێت، بە تایبەت کەسێک بە دۆکترینی ستالینی گۆشکرابێت ناتوانێت ڕێز لەم ڕاگەیاندنە نەگرێت کە لە دامەزراوەیەکی گرنگ و بالاوە دەرچووە.
بە بۆچوونی ئەحمەد حەسەن بەکر تەنها حیزبی شوعی دەتوانێت کاریگەری لەسەر "شێخی سۆر" هەبێت و تێیبگەیەنێت کە "بوژاندنەوەی ناسیۆنالیزمی ناوچەگەری" هەلە و زیانبەخشە. بەلام بارزانی لەبەر ئەوەی لە قوتابخانەی ستالین پەروەردە کراوە باوەڕی بەم ڕاپۆرتە نیەو دەلێ "عەزیز کۆمونیستێکی بێ ئەزمونە" و ئەم ڕاپۆرتە ئاراستەی ئەم چالاکی و جولە ناسیونالیستانە کراوە کە لە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت چەکەرە دەکەن (وەک تورکمەنستان، ئوزبەکستان، کازاخستان و ... هتد) نەک ئەو بزوتنەوانەی کە "لە دەرەوەی وولاتانی سۆسیالیست" کارو چالاکی ئەنجام دەدەن.
تەنانەت سەرکردەیەکی پارتی کۆمونیستی ئیتالی، وەک جان کارلۆ پەییتتە (Gian Carlo Pajetta (1911 – 1990، کە لە شوباتی ١٩٧٣ هاتە عێراق و ئەوەندە باوەڕی بە خۆی هەبوو بتوانێ ناوبژیوانی بارزانی و بەکر بکات و وەک کەسێکی بەفیز لێدان بلێت "ئەوە ئیشی منە و خەمتان نەبێت" خۆی پیشاندابوو بەلام هیچی بەدەست نەهێنا، ئەحمەد حەسەن بەکر زۆر هیوای بە ناوبژیوانی سەرکردەی کۆمونیستی ئیتالی هەبوو، جۆش وخرۆش کەوتبووە ناو بەعس و کۆمونیستەکانی عێراق. جان کارلۆ پەییتتە بەوە ناسرابوو کە کەسێکی شارەزاو کارامەی ئەو جۆرە ناوبژیوانیانەیە. بەلام پاش ئەوەی هەستی بە شکستیکرد زۆر خەمبارو پەرێشان بوو، ئەو پەیامەکەی نیازپاکی و ئامادەبوونی ئیرادەیی بوو بۆ ئاشتەوایی. زۆر کەس و لایەن ئەو ناوبژییەیان، بە شێوەیەکی بێسەر و بەر، بەرز نرخاند و ئاماژەیان بەوە کرد کە دەرفەتێکیتری ئەوها دووبارە نابێتەوە. ئەو ڕۆژەی دانەیەکم لە ڕۆژنامەی "لونیتا"ی زمانحالی پارتی کۆمونیستی ئیالی، ڕۆژی ٢٧ شوباتی 1973،

بەدەست گەیشت، لە بەغدا، سەبارەت بە شکستی سەردانەکە، پەییتتە دەلێ "لە سەرەتا بیرمان لەوە کردبووەوە زیارەتەکی بارزانی، لە چیاکان، بکەیەن بەلام بەداخەوە ئەو دەرفەتەمان بۆ نەڕەخسا....."[٥٢].


الثورة

الرفيق صدام حسين يعلن اثناء لقائه مع وفد الحزب الشيوعي الايطالي:

حوار مباشر للتوصل الى صيغة عمل وطني موحد

دعوة الانظمة العربية التقدمية للقاء فيما بينها وصد الردة اليمينية

ليبيا: لا يخفى علينا ان اسرائيل قاعدة امبريالية.. ودور ايران في تحقيق اطماع الامبريالية

دیداری سەدام حوسێن و جان کاڕلۆ پەییتتە، لەڕۆژنامەی سەورەی بەغدا، لە٢٧ شوباتی ١٩٧٣

[٥٢] لە ئەدەبیاتی پارتی دیموکراتی کوردستان – پارتی و حیزبی شوعی عێراق هیچ زانیاری و هەواڵەکم سەبارەت بەو سەردانەی جان کاڕلۆ پەییتە و هۆی شکستهێنانی دەستپێشەخەریەکە نەکەوتە بەرچاو، و.

# بەرەی نیشتمانی – جەبهەی وەتەنی[53]

بە هەرحال بە پێی ئەو نەخشەیەی لە لایەن ئەل بەکر پشتیوانی لێدەکرا، نزیکەی دوو سال دەبێت، بە شێوەیەکی نا فەرمی، بە ناڕاستەوخۆ پارتی کۆمونیستی عیراق لە حکومەتی بەغدا بەشداره و لە پڕێکا بۆتە هاوبەشی سەرەکی بەعس لە "بەرەی نیشتمان"ی کە دەرگای بۆ هێزە پێشکەوتوخوازەکان والاکردووە. ئەو بەرەیە، هەر لە ئێستاوە "سەرەتایەکە بۆ پێشخستنی بزوتنەوەیەکی دیموکرات کە هەموو پێکهاتەکانی گەل لە ئامێز بگرێت و وولات بەڕێوەبەرێت". رۆژنامەی حیزبی شوعی، "فکر الجدید"، دەنووسێ کە پێکهێنانی ئەم بەرەیە دەرفەتێکە بۆ هەموو جیهانی عەرەبی، تاکە رێگایەکی کاریگەرە بۆ ئەوەی روو بەرووی ئیمپریالیزم و دەستدرێژیەکانی ببینەوە.

لە ١٦ تەموزی ١٩٧٣ لە مەراسیمێکی گەورە، پەیماننامەی پێکهێنانی "جەبهەی وەتەنی – بەرەی نیشتمانی" لە نێوان بەعس و پارتی کۆمونیست مۆرکرا و، ئەمەش سۆرپرایز ( بێ هیوا)ی بۆ هەندێ لەوانە دروستکرد کە دڵنیابوون لەوەی کە پ. د. ک. دەچێتە ناو ئەم بەرەیە. پاش رۆژێک، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لەوە دڵنیابووینەوە کە پ. د. ک. نایەوێت بەشداری ئەم بەرەیە بکات و خۆی دەینێ و دەبا و بڕیار نادات. بەمجۆرە ناوبژیوانی پارتی کۆمونیستی عێراق، وەک هەولەکەی جان کارلۆ پەییتتە، ئەنجامی پۆزەتیڤی

[53] ئەم تایتلە لە دەقە ئیتالیەکە نیە، بەباشمانزانی تەنها ناوی"بەرەی نیشتمانی" بنووسین و پەڕەگرافەکان لە یەکتر جیا بکەینەوە، و.

بەدەست نەهێنا. ئەوەتە ئەحمەد حەسەن بەکر، بە خۆی، داوا لە پ. د. ک. دەکات نیاز پاکی پیشان بدات و دەڵێت "ئێمە بەرەیەکمان ناوێت ئەمڕۆ دروست بێت و بەیانی هەڵبوەشێتەوە، وەک چۆن لە رابردوو زۆرجار رویداوە. ئێمە بەرەیەکی بەهێز و درێژخایەنمان دەوێت کە ئامانجی ستراتیجی گەورەی هەبێت. بەرەیەک کە بتوانێ ببێتە مۆدیلێک بۆ هەموو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتوخوازەکانی هەموو نیشتمانی عەرەبی".
سەرەڕای قسەکانی سەرۆک کۆمار کە بە پۆزەتیڤ باسی رێکەوتنەکەی کرد و بە گەشبینی تەماشای ئایندەیکرد بەلام هێشتا زۆر کەس بە چاوی رەشبینی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن. لەبەر ئەوە عەزیز محەمەد، بە لەبەرچاگرتنی ئەو بۆچوونەی بەرامبەر کۆمونیستەکان لە ئارادایە، دێتە قسە و دان بەوەدەنێ کە دانوستانەکان لەگەل پ. د. ک.، تاکو ئێستا، ئەو بەرهەمەی نەبووە کە هیوامان لەسەری خواستبوو بەلام گفتوگۆکان زۆر بە جدی دەچنە پێشەوە و پێویستیان بە کات و لێکدانەوەی زیاتر هەیە. لە راستی "ئێمە پێشبینی ئەو دەرەنجامەمان کردبوو، بەلێ راستە کە رێکەوتنی پ. ک. ع. و بەعس تەنها نیوەی رێگاکەیە و دەبێ تەواوی بکەین". بەلام عەزیز محەمەدیش باوەڕی تەواوی بە قسەکانی خۆی نیە و، کوردەکانیش هەموو هەولێک دەدەن بۆ ئەوەی پیشان بدەن کە ئەوان لەم رێکەوتنە دوورن و نە بە ساردی و نە بە گەرمی کاریان تێناکات. ئەوەتە کوردەکان خۆیان لەم "هەراو هۆریای نیشتمانپەروەری"ەی شەقام و کۆلانەکانی بەغدا بە دوور گرتووە کە دوای ٤٨ سەعات لە راگەیاندنی جەبهەی وەتەنی، سەر تاپای شاری بەغدایان، داگیر کردووە، وەک بلێی نە بایان دیووەو نە باران. ئەو هەموو ئاهەنگ و خرۆشانەش لەگەل ١٥ سالەی شۆڕشی ١٩٥٨ و ٥ سالەی شۆڕشی ١٩٦٨ یەکدەگرنەوە. هەلبەتە کەس باسی دەستکەوتەکانی قاسم و عارف ناکات، وای لە حالی ئەو کەسانەی ناویان دەهێنن.

کوردەکان بە شاندێکی زۆر بچوک بەشداری ئاهەنگەکان دەکەن بەلام وەکو هەموو جار بە هەلویستێکی نەیارانە و بەرامبەرەکەیان تورە دەکەن، بە جلو بەرگی فۆلکلۆری رەنگاو رەنگی کوردی و خەنجەریشیان لەبەر پشتێن دادەنێن، زۆر بەخۆیان دەنازن، بە سەر بەرزی سینگیان دەردەپەڕێنن و وەک ئەوەی بەشداری لە مەسیرەی ئۆلیمپی بکەن. لە یاریگای شەعب، بێجگە لە لایەنگرانی رژێم، ژمارەیەکی زۆر سەربازی چەک بەدەست ئامادەی ئاهەنگە جەماوەریەکەن.

شاندی کوردەکان، لە یاریگا، وێنەیەکی گەورەی بارزانیان بەدەستەوە گرتووە و دەچن لە تەنیشت وێنە گەورەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر دایدەنێن. لەم دانانە کوردەکان مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە، لە یاریگەی شەعب ژمارەیەکی زۆرلە شاندی بیانی، لە ریزی پێشەوە کورسی شەرەفیان بۆ تەرخانکرابوو، دانیشتبوون، لە ناو ئەمانەش شاندی یەکێتی سۆڤیەت هەبوو کە حیساب و کتابیان بۆ هەموو دیاردەو شتێکی بچوکیش دەکرد.

رۆژی دوایی روداوەکەی یاریگەی شەعب دەبێتە مایەی قسەو قسەلۆک و پۆلێمیک و بە هەموو شاری بەغدا بلاو دەبێتەوە. لەبەر ئەوە جێگری سکرتێری حیزبی بەعس، سەدام حوسێن، کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی ساز دەکات و زۆر بە وریایی و روخۆشی دەیەوێت قەناعەت بە رۆژنامەنوسەکان بکات کە هیچ شتێکی نەگەتیڤ روینەداوە و دەلێ ئەگەر تاکو ئێستا پ. د. ک. نەهاتۆتە ناو بەرەی نیشتمانی مانای وانیە کە دانوسانەکان کۆتاییان هاتووە. بە پێچەوانەوە واتە دانوستانەکان زۆر جدین و بەرەو ئامانجی بالاو گرنگ هەنگاو دەنێن، مەبەستمان هەموو جۆرە رێکەوتنێک نیە بەلکو بە دوای رێکەتنێکی پێرفێکتین. درێژەی پێدەدات و دەلێ "ئێمە لەو خالە دەست پێدەکەین کە لە عێراق ٣ پارتی سەرەکی وجودیان هەیە، حیزبی بەعس، حیزبی شوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان. باوەڕی تەواومان بەوە

هەیە کە ئەگەر ئەم سێ لایەنە نیازپاکی بنوێنن ئەوە زوو بە زوو دەگەوینە ڕێکەوتنێک. ئەم ڕێکەوتنەش دەبێتە بڕیاردەر بۆ کۆتایهێنان بەم ململانێ نا مەعقولەی کە بۆتە مایەی خوێن ڕشتن لە هەرێمی باکوری ولاتەکەمان".

ئەمجۆرە کۆنفرانسانە لە بەغدا لە شانۆگەریەکانی "کۆمێدیای فەڕەنسی" دەچن و، ڕۆژنامەنوسەکان شێت دەکەن و هەرگیز وەلامی مەعقولی پرسیارەکان بەدەست ناهێنن. بەخۆشیەوە تەماشای توڕەبوون و سەرلێشێواوی هاوڕێ ڕۆژنامەنووسە لاوەکانی ڕۆژئاوا دەکەم کە بۆ یەکەمجارە تووشی دەردەسەری و تراماى پسیکۆلۆجی دەبن، پڕۆپاگەندەی عێراق وەک بنێشت پێوەت ئەنوسێ و نازانی چۆن خۆتی لێ ڕزگار بکەیت. ئەم تاکتیکەی عێراق شاکارێکە لە زانستی سەر لێشێواندن. مایەی سەر سوڕمانە بۆ هەر کەسێک، سەر شێتانە، بیەوێت بە شێوەیەکی مەنتیقی بگەوێتە ئەنجامەکان یان وەک ئەو کەسەی لێدێت کە لەناو لابرینتێک Labyrinth بێت و نەزانێ چۆن بچێتە دەرەوە.

ئەوە چەند نموونیەک لە پرسیارو وەلامی نێوان ڕۆژنامەنوسان و سەدام حوسێن تکریتی:

ڕۆژنامەنوس: لەسەر چ بنەمایەک حیزبی بەعس و کۆمویست لەو باوەڕەدان لەگەل پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەونە ڕێکەوتن؟

سەدام حوسێن: لەسەر ئەساسی بەیاننامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ کە لە لایەن سەرکردایەتی ئەنجومەنی شۆڕش دەرچووەو دانی بە مافی ئۆتۆنۆمی کوردەکان، لە چوارچێوەی دەولەتی عێراق، ناوە.

سەرنج بدەن سەدام حوسێن چۆن بە فەخرەوە نالێت مافی ئۆتۆنۆمیمان "پێ بەخشیوون" بەلکو دەلێ "داننان بە بە مافی ئۆتۆنۆمی".

ڕۆژنامەنوس: واتە دان بەو مافانە دەنێنن کە هەموو حکومەتەکانی عێراق، لە سالی ١٩٥٨ تاکو ئێستا دانیان پیاناوە؟

سەدام حوسێن: نا، نا. شۆڕش لە سالی ١٩٥٨ ئەنجامدرا بەلام نیشتمانی عێراق ئەوەیە کە دوای ١٠ ساڵ لە دایک بووە، لەوکاتەی حیزبی بەعس، بە سەرۆکایەتی سەرکردە و رابەری نەبەزمان، سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر، دەسەلاتی گرتە دەست. بژی سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر!

رۆژنامەنوس: باشە ئەگەر بەیانی ١٩٧٠ تاکو ئێستا نەیتوانیووە ئاشتی دابین بکات لەسەر چ بنەمایەک دوای ٣ سال دەبێ موعجیزەیەک رووبدات؟

سەدام حوسێن: ئەوەش لەبیر نەکەین کە ئیمپریالیستەکان هەمیشە خەریکی بۆسە دانانن....

کام ئیمپریالیزم ؟

هەموو ئەولایەنانەی لە دژی عێراق پیلان دەگێڕن! باسی ئەوەم دەکرد و دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم کە ئێمە لە سالی ١٩٧٠ هەرگیز بیرمان لەوە نەکردەوە کە تەنها بە بەیاننامەیەک هەموو رێگریەکان لابەرین و بیریشمان لەوەش نەکردەوە کە تەنها بە نیاز پاکی بتوانین چارەسەی کێشەکە بکەین. بۆ گەیشتن بە چارەسەر پێویستیمان بە ئیرادەو نیازپاکی برا کوردەکانیشمان هەیە، لە بیر نەکەین کۆماری عێراق هی کورد و عەرەبە.....

رۆژنامەنوس: لەوانەیە زیاتر عەرەبی بێت نەک کوردی ...

سەدام حوسێن: گوێ بگرە ئەوانە بوختانن و لە لایەن ناوەندەکانی پرۆپاگەندەی ئیمپریالیستەکان بلاودەکرێنەوە.

رۆژنامەنوس: لەبەرچی بارزانی داوای یارمەتی لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کردووە، تەنانەت بەلێنی نەوتیشی پێداون؟ حیزبی بەعس، بە تایبەتی پارتی کۆمونیست، چۆن ئەو بادانەوەی بارزانی بۆ لای ئەمریکیەکان هەلدەسەنگێنن؟

سەدام حوسێن: ئەو فاکتانە هیچ کاریگەریان لەسەر دانوستانەکان نیە. خالی سەرەکی ئێمە بەیاننامەی ئازاری ۱۹۷۰ یە کە بەردی بناغەیە، ئەوانیتر هیچ نین، ئەوەی بەلای ئێمە گرنگە نیشتمانی عێراقە.

رۆژنامەنوس: مەبەستتان چیە لە بەردی بناغە؟

سەدام حوسێن: واتە لە ئەساس نابێت گرفت لە نێوان کورد و عەرەب هەبێت.

رۆژنـــامەنوس: بەلام وەک دیـــارە ئەو گرفتـــانە وجودیـــان هەیە ..... ئەو ئۆتۆنۆمیەی کوردان بە چ شێوەیەک دێتە جێبەجێکردن؟

سەدام حوسێن: بە شێوەیەک لەگەل بەرژەوەندی عێراق بگونجێ.

بۆ ماوەی ۲ سەعات لە هۆلێکی زۆر گەرم، جیرەجیری ئەو پانکە گەورەیەی کە بە بنمیچی هۆلەکەوە بوو زۆر بە سەبری دەسوڕایەوە و، شەڕە قسەی نێوا رۆژنامەنوسان و سەدام حوسێن تەواو بێتاقەتی کردم. لە مەمەڕەکان سەربازەکان بە دەنگە دەنگ و غەلبە غەلب هەراسانیان کردین، هەتا ددانیان پڕ چەک بوون، بەم گەرمایە و هەر یەکە بە شێوەیەک لە شوێنێک دەستی لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکەی بوو، هەر دەتووت ئەوە لەسەنگەری پێشەوەی شەڕن، ئامادەن پالپشتی یان بەر پەچی لە شۆڕش بکەن.

# لە ئازاری ١٩٧٤ شەڕ دەستی پێکردەوە[٥٤]

لە شوباتی ١٩٧٤، لە ناکاو، حکومەتی عێراق پڕۆژەیەکی ڕاگەیاند کە تیایا هاتووە لە ١١ ئازاری ١٩٧٤ ئۆتۆنۆمی، لە پارێزگاکانی باکور، دەدرێتە کەمایەتی کورد، یان بەشێوەیەکیتر هەموو ئەو ناوچانەی زۆرینەی کوردنشینن دەکرێنە هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان و پارچەیەکی دانەبڕاوە لە کۆماری عێراق. بەلام لە ژێرەوە فاکتێکی نوێ خۆی حەشارداوە، لێرەوە فێلەکە دەست پێدەکات. بە پێی پرۆژەکەی بەغدا هەموو ئەو ناوچانەی، بە پێی سەرژمێری سالی ١٩٦٧، زۆرینەی دایشتوانیان کوردە، دەخرێنە سەر هەرێمی کوردستان. ئەو سەرژمێریەی سالی ١٩٦٧ پڕیەتی لە کەموکورتی و تەزویر. بارزانیش زۆر بە توندی ئەم سەرژمێریە ڕەتدەکاتەوە، بە پەلە کەوتۆتە خۆ، لە ڕێگەی کەنالی تایبەتی، دەنگی گەیاندۆتە زۆر لا و تەنانەت وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، داوای سەرژمێریەکی نوێ، لە ژێر کۆترۆلی یو ئێن UN، دەکات. لێرە ناکۆکیەکان لەسەر داتای سەرژمێری، زیاتر لە چاو هەر شوێنێکیتر، زۆر گەرموگوڕە. بەغدا دەلێ کوردەکان ژمارەیان لە ملیۆنەک کەمترە، بارزانیش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە کوردەکان ١ لەسەر ٤ دانیشتوانی عێراقن، هەموو عێراقیش ٩ ملیۆنە.

لە شەوی ١١ ئازاری ١٩٧٤، بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە کوردەکان هەستیان بە دەستبڕین کردووە، سەرۆکی حکومەت، بەهەمان زمانی مندالانە

---

[٥٤] لە دەقە ئیتالیەکە ئەم تایتلە نیە، بۆ ئاسانکاری و جیاکردنەوەی ڕوداوەکان، بە باشمانزانی، زیادی بکەین، و.

و بردنەوە، لە ڕێگەی رادیۆ و تەلەلەفیزیۆنەکان رایدەگەیەنێت کە هەموو ئەو ناوچانەی زۆرینەیان کورد نشینە، بە پێی یاسا، دەخرێنە سەر هەرێمی ئۆتۆنۆمی. بە پێی کام یاسا؟ یاسایەک کە تاکو ئێستا کوردەکان ئاگایان لێ نیە و ناوەڕۆکەکەی ناناسن. سەرۆک کۆمار دەلێ لەم زووانە لە "رۆژنامەی وەقائیعی عیراقی" بلاو دەکرێتەوە. کەی بلاودەکرێتەوە؟ "لەوانەیە لە کۆتایی ئەم مانگە".

بەلام "شێخی سۆر" پێویستی بە چاوەڕوانی نیە، پیاوەکانی و ئەوانەی دەنگ و باسی پێدەگەیەنن لە هەموو دامەزراوە هەستیارەکانی دەولەت و کون و قوژبنەکان پەرتو بلاون، لە دوای یەک رۆژ دەقی یاساکەی دەدەنە دەست، بە پێ ئەم پرۆژەیە:

١. ناوچەکانی سەر سنوری ئێران و تورکیا، لە چوارچێوەی کۆماری عێراق، دەخرێنە سەرئیدارەی ئۆتۆنۆمی.

٢. هاولاتیانی ئەم هەرێمە بەشێکی دانەبڕاون لە کۆمەلانی خەلکی عێراق.

٣. ناوەند (نەک پایتەخت)ی ئەم هەرێمە شاری هەولێرە، دەکەوێتە ناو جەرگەی بیرە نەوتەکانی باکور.

٤. ئەنجومەنێکی یاسادانانی کوردستان – مجلس التشريعي، لە ٣٠ کەس، پێک دەهێنرێت کە بە دەنگدانی گشتی هەلدەبژێردرێن. پێویستە کاندیدەکان رەگەزنامەی عێراقیان هەبێت و تەمەنیان لە ٢٥ سال کەمتر نەبێت.

٥. ئەنجومەنێک لە ١٠ کەس پێک دێت و دەبێتە ئۆرگانی جێبەجێکاری دەسەلاتی ئۆتۆنۆمی – مجلس التنفيزي.

٦. زمانی رەسمی عەرەبیە بەلام دۆکومێنتە فەرمیەکانی ئیدارەی کوردستان دەتوانن بە زمانی کوردی بنووسرێن و بریارەکانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بلاودەکرێنەوە.

٨. هەمـوو ئەو کـوردانەی بەو یاسـایە رازیـن لێبـوردنێکیی زۆر بە ئیمتیـاز چاوەڕوانیان دەکات.

٩. پێویستە ئۆرگان و دامەزراوەکانی دەولەت لەسەر ئاستە جیاوازەکان، بۆ جێەجێکردنی ئەم یاسایە، هەماهەنگی بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش وەزیرێکی دەولەت دیاری دەکرێت.

دەنگۆی ئەوە هەیە کە چەند بڕگەیەکیتر، تا ئێستا، بلاونەکراونەوەو بە نهێنی ماونەتەوە. بەلێنی بوجەیەکی دیاریکراو بە هەرێمی ئۆتۆنۆمی، لە چوارچێوەی بـوجەی گشـتی دەولەت، دراوە. واتە بـوجەی تـایبەتی خـۆی نابێت بەلکـو بە مـالیەی حکـومەتی ناوەنـد گرێـدراوە. هەلبـژاردن و دیـاریکردنی سـەرۆکی حکـومەتی ئۆتۆنـۆم، لە نێـو ئەنـدامانی ئەنجـومەنی یاسـادانان، لە دەسـەلاتی سەرۆک کۆماری عێراقە و هەر کاتێکیش ویستی، بەبێ ئەوەی پێویستی بە هێنـانەوەی پاسـا و هـۆیەک هەبێـت، بیگۆڕێـت. لەمەش زیـاتر دادگـای پیـاچوونەوە بەغـدایە بـۆ ئەوەی کـۆنترۆلی دەسـتوری و هەمـوو بڕیارەکـانی دادگا و ئیداری و سیاسـی بکـات کە لە لایەن ئۆرگانەکانی هەرێمـی ئۆتۆنـۆم دەردەکرێن.

بە یەک ووشـەش باسـی کەرکـوک و نـاوچە دەولەمەنـدەکانی دەوروپشـتی نەکراوە کە کوردەکان دەیانەوێت بخـرێتە سـەر هەرێمی کوردستان. بە یەک ووشـەش باسـی داهـات و خێـرو بێـری نەوت نەکـراوە کە لە نـاوچە کوردنشـینەکان دەردەهێنرێـت. باسـی سـوپای کوردسـتان، تەنـانەت لە چوارچێوەی سـوپای عێـراقیش، نەکـراوە. باسـی ناسـنامەی جێگـری سـەرۆک کۆماریش نەکراوە کە بە پێـی بەیـانی ئـازاری ١٩٦٩ (١٩٧٠ یە، هەلەی چـاپە، وەرگێڕ) دەبێ کورد بێت.

ئەوە مشـتێک لە خەرمـانی کەموکـورتی و ناکۆیەکـانە و کـافیە بـۆ ئەوەی تورەیی بارزانی و هەڤالەکانی بتەقێتەوە، ئەوان ئەم پڕۆژەیەی ئاشتەواییان بە

گاڵتە پێکردن و هەڵخەڵەتاندن دەزانن، دەڵێن حکومەت خیانەتی لە بەڵێنەکانی خۆی کردووەوە.

لە ئێوارەی ١٢ ئازار بارزانی، لە ڕێگەی ئێزگەی رادیۆ نهێنی، ناوەڕۆکی پڕۆژەکەی ئاشکراکرد و بەمجۆرەش بە پێش حکومەت کەوت کە قەراربوو، لەوانەیە، لە کۆتایی مانگ بلاویان کردابایەوە.

بلاوبوونەوەی پڕۆژەکە بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر موفاجەئە بوو، زۆر تووڕە بوو و رقی زۆری لەم خائینانە هەستا کە پڕۆژەکەیان دزە پێکردبوو، دەستی بە کۆمەڵە جولەیەک کرد، لە لایەک هەولیدا پالپشتی کوردەکانی بەغدا بەدەست بهێنێ، خۆپیشاندانیکی پڕۆپاگەندەییان، بۆ راگەیاندنی ئۆتۆنۆمی، بە پەلە پەل سازکرد. لە لایەکیتریش بەکر رایگەیاند کە حکومەتی عێراق، بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی براکوژی، کە زیاد لە ١٥ ساڵە بەرۆکی وولاتەکەمانی گرتووە، بە یەک لایەنانە بڕیاریدا ئۆتۆنۆمی، وەک لە لە بەیاننامەی ئازاری ئێمە ئاماژەی پێکراوە، جێبەجێ بکات. بەڵام ئەحمەد حەسەن بەکریش، وەک سەرۆکەکانی پێش خۆی، سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. راستە لە خۆپیشاندانەکەی بەغدا ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان بەشداریان تیا کرد و لە لافیتەکانیان بە شان و بالی دۆستایەتی کوردوعەرەب و سەرۆک کۆماریان هەڵدەگوت بەڵام ئەمەش شکست دێنێ. ئەوکاتەی یەکێک لە وتاردەرەکان ناوی بارزانی دێنێ هەموو بەیەکەوە، دەست بە چەپلە لێدان دەکەن و وەک هۆشداریەک، بە جۆش و خرۆشەوە ناوی بارزانی .... بارزانی ...، سەرکردەی جەنگاوەر دێنن.

ئەحمەد حەسەن بەکر، وەک هەموو سەرۆکەکانی پێش خۆی، خەونێکی گەورەتری هەیە، خەون بەوە دەبینێ بتوانێت دەسەلاتێکی نەرمتر و ریالیستی کوردی لە باکور دامەزرێنێت و، بتوانێت جێگە و پێگەی دەسەلاتی سیاسی بارزانی پڕ بکاتەوە، بارزانی لە جەماوەرەکەی دابڕێ و ئەگەر بکرێ ئەو

یاخیە سەرسەختە لەناو بەرێت. ئەل بەکر دەسەلاتێکی کوردی دەوێت کە هاریکاری و هەمائەنگی دەگەلدا بکات، بەو ئۆتۆنۆمیە رازیبێت کە حکومەت ئامادەیە دانی پیا بنێت. ئەوە چەند ساڵە حکومەتی عێراق کار لەسەر ئەو پیلانە دەکات بۆ ئەوەی کوردەکان بەش بەش بکات بەلام تاکو ئێستا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. ئێستا ناوی دوو کەس دێت کە بە دڵی بەغدان، ئەوانیش جەلال تالەبانی و هاشم عەقراوین، هەردووکیان، کاتی خۆی، زۆر نزیک بوون لە بارزانی. هەردووکیان لە هیچیان کەم نیە، بێگومان بەغدا هەموو شتێکی بۆ دابینکردوون، بەلام تاکو ئێستا، بە ئاگاییەوە، خۆیان بە دوور گرتووە.

لێرەدا بەکر، وەک قاسم و عارفی ١ و ٢ پێویستە دان بە هەلە و حیساباتی خۆی بێنێ، چ لەسەر ئاستی سەربازی یان سیاسی. "شێخی سۆر" نایەوێت تووشی هیچ موفاجەئەیەک بێت، بۆیە پلانێکی تۆکمەی ستراتیجی ئامادە دەکات، گوند بە گوند هاواری شەڕ دەبیسترا و پێشمەرگە ئامادەباشی کردبوو بۆ ئەوەی بەرپەچی پەلاماری سوپای عێراق بداتەوە. بەغدا ٣ فیرقەی سەربازی رەوانەی کوردستان دەکات بەلام لە رێگا زۆر ماندو شەکەت دەبن و، بە ئاسانی ناگەونە چیاکان، ئا لێرەدا، لە ناکاو، دەکەونە بەر بۆسە و پەلاماری پێشمەرگە، کە بە شێوەیەکی خێرا و سۆرپرایز و بێدەنگی ئەنجام دەدرێن.

ئەمجارە کوردەکان چەکی تەیارەشکێنیش بەکار دێنن، هەلیکۆپتەرێک دەهێننە خوارەوە، ٢٦ سەربازی تیابوو، ٤ دەکوژرێن و ئەوانیتر بە دیلی دەکەونە دەستی پێشمەرگە. ژمارەیەک سەربازیش لە کاتی پەڕینەوە لە روباری خابور، لەسەر سنوری تورکیا، لە پشتەوە دەستدرێژی گوللەیان لێدەکرێت و دەبێتە قەسابخانە. ژمارەیەک بە دیل دەکرێن، ئەوە لە کاتێکدایە کە هێزێکی پێشمەرگە، بە سەرۆکایەتی بارزانی، شاری زاخۆ داگیر دەکات و بە جۆش و

خرۆشەوە لە لایەن هاوولاتیان پێشوازیان لێدەکرێت[55]. بارزانی، لە زاخۆ، قسە بۆ خەلکی دەکات و داوایان لێدەکات بچنە ریزی "پێشمەرگەی کوردستان". ئەوەی کە زۆر دەنگی دایەوە بریتیە لەوەی کە قایمقام، دەچێتە پال پێشمەرگە و دەمودەستیش بارزانی دەیکاتە ئامیر هێز.

دوای چەند رۆژێک، لە دوای ٤ سال لە پوکانەوەی هیواکان، لە دانوستان و چاوەڕوانی، لە راستی ٤ سال خۆ پاراستن، ئێستا کوردەکان وەک شانە هەنگ بە درێژایی سنوری تورکیا بلاودەبنەوەو کۆنترۆلی ناوچەکان دەکەن. لە لایەک چەک بەسەر هاولاتیان دابەش دەکەن، لە لایەکیتر، لە گوندەکان، چالی خۆ پاراستن - مەلجآ لێدەدەن بۆ ئەوەی خۆیان لە بۆردومان و فڕۆکەکان بپارێزن. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەزاران ژن و پیاو دەچنە ریزەکان پێشمەرگ و جەنگاوەرە خۆبەخشەکانی مەلا مستەفا بارزانی ژمارەیان زیاد دەکات.

لە ماوەی نیوەی دووەمی ئازار کوردەکان سەرکەوتنی باش بەدەست دێنن و پارێزگاری لە دەستکەوتەکانیان دەکەن. زۆربەی ناوچەکانی سەر سنوری تورکیا دەکەونە دەست کوردەکان و ئالای عێراق دەهێننە خوارەوە و هی کوردان، لە شوێنیان، بەرزدەکرێتەوە، سەدان سەرباز دەکوژرێن، لە نزیک کەرکوک ٢ فڕۆکەی بارهەلگری سەربازی تێک دەشکێندرێن و فڕۆکەیەکیتر لە ناوچەی گەلالە، بارەگای سەرەکی کوردەکان، بە هەلە چەک و تفاق فڕیدەدات و دەکەوێتە دەستی کوردان، لە گەلالە تۆپی تەیارە شکێنی ٢٠ ممی روسی و چیکۆسلۆڤاکی دانراون بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئێزگەی "دەنگی کوردستان" بکەن.

---

[55] بە پێی بەلگە و زانیاریەکان مەلا مستەفا بارزانی قەت بەشداری و سەرکردایەتی شەڕی نەکردووە، و.

سەرۆک کۆمار، ئەحمەد حەسەن بەکر، سەبری نامێنی، پێشتر، بە هۆی دزە پێکردنــی زانیــاریە هەســتیارەکان بــۆ بارەگــای بــارزانی نەیــاری هەرە سەرسەختی، زۆر توڕە بوو بوو. ئێستا لە هەفتەی یەکەمی نیسانین، بۆلێتینە سەربازیەکان پڕ لە شکستی و ڕەشبینین. بۆیە بیر لە دەستپێشخەریەکی سەرکەوتوانە دەکاتەوە، ئەوەتە لە ٧ نیسان (ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی بەعس، وەرگێڕ) ٥ وەزیرەکەی پارتی سەر بە بارزانی لە حکومەت دەردەکات، لە ڕاستی ٣ دانەیان پێشتر پۆستەکانیان جێهێشتبوو و گەڕابوونەوە کوردستان. ئێستاش دارا تۆفیق، سەرنوسەری ڕۆژنامەی التآخی، زمانحالی پ. د. ک. پۆستەکەی جێهێشت. لە شوێی ئەوان ٥ وەزیری کوردی سەر بە حکومەت لە شوێنیان دانران، لەناو ئەم وەزیرە نوێیانە، تەنانەت کوڕێکی بارزانی دەستنیشان کراوە، ئەویش عوەبەیدوللا بارزانیە کە لێرە بە جاش – خائین ناوی دەبەن یان تۆ بلێی داشی دامەی دەستی سەرۆکە شەڕکەرەکە نەبێت؟ ئەوەش یەکێکە لەو هەزاران سڕ و پەنهانی ئەو بارو دۆخە ئالۆزەی کە کۆدەکانی ناخوێندرێتەوە. دوو کوڕیتری بارزانی، ئیدریس و عوسمان (لەوانەیە هەڵەی چاپ بێت و مەبەستی مەسعود بێت، وەرگێڕ) هەمیشە، بەسەر بەرزانە، لەتەک باوکیانن.

لەبەر ئەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ کورد تێکچوون و تەرازوی شەڕەکەش بەلای کوردانە، ئەمەش کاریگەری نەگەتیڤ دەکاتە سەر ناوخۆی عێراق، بۆیە بەکر بیر لەوە دەکاتەوە لەسەر ئاستی دیبلۆماسی سەرکەوتن بەدەست بێنێ، لە ١٠ نیسان شاندێکی بەریتانی، بە سەرۆکایەتی دۆنالد مێتلاند Donald Maitland دەگەوێتە بەغدا و پەیوەندی دیبلۆماسی نوێ دەکەنەوە، کە لە سالی ١٩٧١ بە هۆی ناڕەزایی عێراق لە بەرامبەر داگیرکردنی ٣ دورگە لە لایەن ئێران لە کەنداوی فارسی پچرا بوو. ئەل بەکر دەتوانێ هەندێ بەلێن لە بەریتانیا، سەبارەت بە هەمائەنگی ئابوری و تەکنیکی، بەدەست بێنێ.

لە هەمان رۆژ، ١٠ نیسان، بەغدا و مۆسکۆ بروسکەی پڕ لە دۆستایەتی ئاڵوگۆڕ دەکەن، لە هەردوو پایتەخت ئاماژەو پێداگری بە گرنگی ڕێکەوتنی دۆستایەتی و هەماهەنگی ١٥ سالەی نێوانیان دەکەن کە لە ٩ نیسانی ١٩٧٢ مۆرکراوە[٥٦].

پەیوەندی لەگەل لەندەن نوێکرایەوە، لە دۆستایەتی و هەماهەنگی مۆسکۆ دڵنیاکراوە ئێستا بەکر بیر لەوە دەکاتەوە بۆ هەولێک نەدا بۆ ئەوەی ڕێگە لە کۆمەکی کوردەکان لە سەر سنوری ئێران و تورکیا بگیرێت؟ ئەوەتە ئەحمەد حەسەن بەکر هەموو هەول و توانا دیبلۆماسی و پڕۆپاگەندەکانی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی هۆشداری بداتە تورکیا و ئێران و تێیان بگەیەنێ کە ئامانجی کۆتایی بارزانی ئەوە نیە کە باسی دەکات، واتە ئۆتۆنۆمی نیە بەلکو لە راستی بریتیە لە دەولەتی کوردستانی گەورە کە ناوچەیەکی فراوانی تورکیا و ئێرانیش دەگرێتە خۆ، واتە دەولەتێک کە ژمارەی دانیشتوانی، بەلای کەم، خۆی لە ١٢ ملیۆن کەس دەدات، هەموو ناوچەکانی چیای ئارارات، دۆلە بەرزەکانی دیجلە و فورات، ئاراس، نێوان گۆمی وان و ورمێ، بەرزایەکانی ئازەربایجانی ئێران و تا دەگاتە ناوچە نەوتیەکانی کەرکوک و موسل لە خۆ دەگرێ.

بەلام تاران و ئەنقەرە لەمە دڵنیابوون کە دەتوانن کۆنتڕۆلی بارودۆخەکە بکەن سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەی کوردی ئەم دوو وولاتە زۆر زیاتر بوو لە هی کوردانی عێراق. لە راستی ئەم دوو وولاتە کەیفیان بە عەشیرەتە کوردە چیایەکان، بە خۆ ناز و بە شکۆی عێراق، نە دەهات کە بە بەردەوامی لەگەل عەرەبەکان لەشەڕدان و، سەرەڕای ئەمەش ئەم دوو دەولەتەش نێوانیان لەگەل عارەبان باش نیە.

---

[٥٦] پەیمانەکە لە ٩ نیسانی ١٩٧٢ مۆرکراوە بەلام بۆ ماوەی ١٥ سال بوو.

پڕۆژەکەی بەکر هیچ بەدەست ناهێنێ. نۆبەی جێگری سەرۆک کۆمارە (سەدام حوسێن، و) و کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی ساز دەکات و دەمەقالی پەیدا دەبێت، ئەویش بە شەخسی شای ئێران بەوە تۆمەتبار دەکات کە گوایە چەکێکی زۆری داوەتە "خائینان" و لایەنگرانی بارزانی، لە کاتی تەقینەوەو توڕەبوونی بە هاوارکردن و هەڕەشە دەڵێ:

١. ئێمە سورین و بڕیارمانداوە ئەگەر بە شێوەیەکی سیاسی نەتوانین کۆتایی بەو یاخیبوونە بهێنین ئەوە بە هێز کۆتایی پێدێنین.

٢. ئێمە ئامادەین لەسەر زۆر بەرەدا شەڕ بکەین و خەباتمان ببەینە ناو خاکی ئەو وولاتانەی هەڕەشەمان لێ دەکەن.

دوای چەند سەعاتێک، پاش ئەوەی ئەم هەڕەشەیە دەگەوێتە تاران یەکسەر سوپاکەیان لەسەرسنوری عێراق دەخەنە ئامادەباشی و هێزی زیاتریش رەوانە دەکەن. ئەم روداوەش ئەوەیە کە بارزانی پێی خۆش بوو و ئێستا زیاتر هەست بە دڵنیایی دەکات، بە تایبەتی لە کاتی تەنگانە دەتوانێ پشت بە ئێران ببەستێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە فیرقەی ٨ بەغدا، بە پالپشتی هەلیکۆپتەری جەنگی، بەرەو رەواندوز، نزیک بارەگای گشتی بارزانی، بەڕێکەوتووە.

لە کۆتایی مانگی نیسان با و باران و بۆرانێکی بەهێز سەر چیاکانی کوردستانیان گرتەوە، ئەمەش لە لایەک رێگەی بە پێشمەرگەدا پشویەک بدات و هەناسەیەک هەلمژێ، لە لایەکیتریش رێگەی لە پێشڕەویەکانی سوپای عێراق کرد. ئەم وچانە رێگەی خۆشکرد بۆ بوژانەوەی هەولە دیبلۆماسیەکان، بە نهێنی بێ یان بە ئاشکرا. دەنگۆی جۆرە رێکەوتنێک لە نێوان بارزانی و شای ئێران بلاودەکرێتەوە، بە قسە ئێران کۆمەکی جولانەوەی بارزانی دەکات بە مەرجێک کوردەکانی ئێران گیروگرفت دروست نەکەن و ئارامی بپارێزن.

هەردوو لا ریـزی ئەم پەیمانەیـان گرتـووە. بـارزانی لەوە دڵنیـا بـۆتەوە کە ناتوانێ، چیتر، پشت بە کۆمەکی مۆسکۆ ببەستێت و کۆشکی کرملین لە نێو بژاردەکانی بە باشی زانیوە لەگەڵ بەغدا رێک بکەوێت. لە هەمان کات شای ئێران، بە ئاشکرا، حەز ناکات رژێمێکی سۆسیالیستی نەیار لە سنورەکانی رۆژئـاوای سـەر دەبینـێ. دەنگـۆی ئەوەش هەیە کە گـوایە شـای ئێـران ووتـوویەتی ئەگەر پێویسـت بکـات و ئەو دڕکەی عێـراق لە پێـی دەردێنـێ و ئەگەر هەڕەشـەکان بەردەوامـبن ئەوە ئامـادەیە نـاوچەیەکی ئـارام لە نێـوان هەردوو وولات، عێراق – ئێران دروست بکات ، بیرۆکەی پاراستنی "کورد – دانـیش لە نێـوان عێـراق – ئێـران" لە پـڕۆژەکەی هیندسـتان دەچـێ کە چـۆن پاراستنی بەنگلا – دێشی گرتە ئەستۆ.

لێرەدا تەنها لە شتێک دڵنیاین کە بریتیە لەوەی کە بارزانی هەموو دەسەلات و کاریزمـای خـۆی دەخـاتە گەڕ بۆ ئەوەی کوردەکـانی ئێران، تەنـانەت ئەوانەی زۆر تورەن و دەیانەوێت دەست بەچالاکی بکەن، بە تـایبەتی بە هـۆی خەبـاتی برا کوردەکانیان بە جۆش خرۆش کەوتوون، رازیبکـات و بە ئـارامی دانیشـن. تەنـانەت پیـرە مەلا تـوانی هەوڵـی هەنـدێ لە کەسـایەتیە کوردەکـانی ئێـران فەشەل پێ بێنێت کە بە نیازبوون کۆنگرەیەک سـاز بکەن بـۆ ئەوەی ئیدانەی ئەو رێکەوتنە، راست بێت یان گوماناوی، نێوان بارزانی و شای ئێران بکەن.

لایەنێکیتری ئەم کێشە ئالۆزە بریتیە لەوەی کە ئەو راپەرینە چەکداریە تەنهـا لە نێو کوردەکانی عێراقدایە، ئەو دەیـان ملیـۆن کوردەی کە لە تورکیـا، ئێـران، سوریا، لوبنان و یەکێتی سۆڤیەت دەژین بێدەنگن.

لەم کاتەی لایەنەکان خەریکی رێسینی ئەو گەمە ژێر بەژێرەن، سوپای عێـراق حاسێ بووەو ناتوانی پێشڕەوی زیاتر بکات، لە بەغدا تەرمۆمەتری تورەبوون بەرەو بەرزی هەڵدەکشـێ. جەژنـی کرێکـاران، ١ی مـایس، نزیـک دەبێـتەوە و رژێمی بەغدا هەوڵی سازدانی ئاهەنگێکی گەورەو فراوانە و دەیەوێت هەمـوو

لایەنەکان (کۆمونیستەکان، قەومیەکان، پان عەرەبەکان و کوردە نەیارەکانی بارزانی) لە دەوری حیزبی بەعس کۆبکاتەوەو پالپشتیان بەدەست بێنێ. حکومەت نیازی ئاهەنگ گێرانێکی گەورەی هەیە و وەک پەیامێکی هۆشداری بلاوی بکاتەوە.

دیسان ئەمجارەش جەنگاوەرە بەسالا چووەکە، بارزانی، وەلامی ئەو تەحەدایەی حکومەت دەداتەوە. لە بەغدا هەموو سەرمەستی ئاهەنگێڕانی جەژنی کرێکارانن تەنها مەحکەمەی سەورە نەبێ، ئەویش لە پڕێکا بانگی بۆ کۆبونەوەیەکی نا ئاسایی کردووە. چی بووە؟ پێشمەرگەکانی بارزانی، بۆیەکەمجار لە مێژووی ئەم راپەرینە، عەمەلیەکی گەورە و پڕ مەترسیان، "لەناوجەرگەی بەغدا" ئەنجامداوە. چالاکیەکی گەریلای تیرۆریستی، لەسەر مۆدیلی ئەوروپای رۆژئاوا، ئامادە کردووە کە موچڕک بە "بریگاتێ رۆسێ - تابورە سورەکان "ی ئیتالیا دێنن[57].

مەحکەمەی سەورە دەبێت دادگایی ٤ پیاو و ژنێک (کەیسی شەهید لەیلا قاسم و هاوڕێکانی، وەرگێڕ) بکات، تۆمەتەکان گوایە هەولی ٢ پەلاماری تەقینەوەی تیرۆریستی قێزەوەنیان داوە، یەکێکیان تەقاندنەوەی "سینەمای ئەتلەس" لەکاتی پیشاندانی فیلم و، دووەمیش دانانی مەوادی تی ئێن تی لە تەوالیتی فرۆکەخانەی بەغدا. دادگا بە "تێکدەری پرۆفیشنال و بەکرێگیراوی بارزانی" دەیانناسێنێ و "عەدالەتی سۆسیالیستی" دەولەتی عێراق دەستوبرد بڕیاری خۆیان دەدەن. تاوانبارەکان، هەرچەندە گومانیان خرابووە ئەستۆ و

[57] لە ئیتالیا رێکخراوێکی پرۆلیتاری مارکسی، چەپی توندڕەو، بە تایبەتی لە سالانی ١٩٧٠ – ١٩٩٠، چالاک بوو، چەندەها کەسایەتی سەر بەدەولەت، حاکم، پەرلەمەنتار، ئەفسەری بالای پۆلیس، جەنەڕالی سوپای ناتۆ، رۆژنامە نووس و تەنانەت سەرۆک وەزیرانی پێشی ئیتالیایان رفاندو تیرۆر و کوشت. بە ئیتالی ناویان "بریگاتێ رۆسێ – تابورە سورەکان"- Brigate Rosse یە، وەرگێڕ.

پلانەکەیان جێبەجێ نەکردبوو بەلام دادگا سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکردن. دیسان کارێکی نوێیان بۆ جەلادەکان دیتەوە، با فێری تەمبەلی نەبن.
ئەم روداوە گەورەیە، کاریگەریەکی یەکجار گەورەش دروست دەکات، ناکرێ بە ئاسانی وەک هەوالێکی کوشت و بڕین تەماشا بکرێت. رای گشتی پایتەخت، بە تەواوی، هەژاوە، هاولاتیان ترسێکی زۆریان کەوتۆتە دلەوە، سینەما و شوێنە گشتیەکان چۆل و هۆلن. ئەم روداوە بە زۆر شێوە لە بەغدا دێتە باسکردن، ترس و پانیک بە شێوەیەک دەکەوێتە ناو شار، یەکێک سوێند دەخوات و دەلێ "کوردەکان گەیشتونەتە نزیک بەغدا". شوهرەتی تۆلە سەندنەوەی کوردەکان و دڕندەییان بالی بەسەر شاردا کێشاوە. ئەو فاکتەی بۆتە هۆی بلاو بوونەوەی دلە راوکێ بریتیە لەوەی کە سانسۆر رێگە بە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن نادات ناوەڕۆکی راستەقینەی روداوەکە بلاوبکەنەوە.
ئەوەتە سەرۆک کۆمار، بە شەخسی خۆی، دێتە پێشەوەو بڕیار دەدات، بە ئاشکرا، بە شێوەیەکی راست و دروست ئەم بەسەرهاتە بگێڕێتەوە. ئەحمەد حەسەن بەکر هەولدەدات دلنیایی بداتە هاولاتیانی بەغدا و هەموو گەلی عێراق کە هێزە چەکدارەکان سەرکەوتنی گەورەیان لە ئۆپێراسیۆنەکانی باکور بەدەست هێناوە. لە راپۆرتێکی فەرمی حکومەت هاتووە کە "لەم رۆژانە ناوچەیەکی گەورە لە کوردستان لە داروودەستەی زومرەی بارزانی پاککراوەتەوە. ئەمن و ئیستیقرار گەڕاونەتەوە و هەزاران عێراقی توانوویانە بگەڕێنەوە سەر مال و مولکیان. کۆمەلانی خەلک، بە کورد و عەرەب، لەگەل سوپا وا روو بەڕووی ئەو زومرە بەکرێگیراوە بوونەتەوەو زەرەر و زیانێکی بێ هەژماریان بە دوژمن گەیاندووە".
لە راستی بارودۆخەکە زۆر جیایە لەوەی حکومەتی بەغدا بانگەشەی بۆ دەکات، ئەو راستگۆیی و دەستپاکیەی ئەحمەد حەسەن بەکر لە مەیدانی

شەڕو پێکدادانەکان نابینرێت، نە لە بەیاننامەکانی تایبەت بە ئۆپێراسیۆنە سەربازیەکان و نە لەم بەشەی پەنجە بۆ بابەتی سیاسی مەسەلەکە راکێشراوە کە دەڵێ "مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نیشتمانی و دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی زۆرتر و بەهێزتربوون کەچی دارودەستەی بارزانی، بە تەواوی، لە جەماوەی کورد و هێزە پێشکەوتوخواز و ئازادیخوازەکان دابڕاوە".

لە راستی هاوکێشەکە لە قازانجی بەغدا نیە، بارزانی و پێشمەرگەکانی رۆژ بەرۆژ سەرکەوتن لەسەر سەرکەوتنی سەربازی و سیاسی تۆمار دەکەن. هێرشی لە ناکاو بۆ سەر سەربازگەکانی سوپای عێراق رۆژانە دووبارە دەبنەوە. لە لایەکیتریشەوە، بە تێپەڕبوونی کات، رای گشتی، نەک تەنها هی کورد و عەرەب بەڵکو جیهانیش هەست و سۆز و پاڵپشتیان بۆ دۆزی کورد و سەرکردەکەیان، "شێخی سۆر" زیاتر دەردەبڕن. سەرەڕای تەمەن بارزانی هێشتا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و بلیمەت و گورجوگۆل لەسەر پێیە.

لەم رۆژانە سەرۆک کۆماری سوریا (حافز ئەسەد، و) بەسەردان چۆتە مۆسکۆ، لایەنگری و پاڵپشتی بۆ سیاسەتی سۆڤیەت، وەک هی ئەحمەد حەسەن بەکر، زۆر بە ئاشکرا دووپات کردەوە. بەراوردکردنی ئەو دوو سەرۆک کۆمارە گرنگە، لە کاتێک مۆسکۆ دەستی لە ئامرازە کۆنەکانی هەڵسەنگاندن هەڵگرتووە و بەلاوە ناوە، بۆ نموونە ئەگەر باسی بارزانی، مارشاڵی سوپای سور و جۆرج حەبەش، سەرکردەی مارکسی "بەرەی گەلی بۆ رزگاری فەلەستین" بکەین دەبینین بارزانی بەلای تاران و لەوانەشە بەلای ئەمەریکا بایدابێتەوە و، حەبەشیش بەلای پەکین. ئەوەتە جۆرج حەبەش، بە ئاشکرا، دەڵێت "ئێمە ئاشتیمان ناوێت، چونکە بە باوەڕی ئێمە ئەوە مانای لەناوچوونی هەموو هیواکانە. تا ئەوکاتەی هێز و تواناکمان هەیە رێگری لە هەموو جۆرە هەوڵێکی دانوستان دەکەین، تەنانەت ئەگەر روسیاش داوامان

لێبکات. ئامانجی ئێمە بریتیە لە جەنگێکی شۆرشگێرانە. ئێمە، بە پشت بەستن بە پرنسیپەکانی شۆڕشی کولتوری چینی، دەمانەوێت لە فەلەستن رژێمێکی سوسیالیست بنیات بنێین. ئێمە مەبەستمانە ئاگر لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەربدەین و بە مەشخەلی ئەم ئاگرە کۆشک و تەلاری حکومەتە کۆنەپەرستەکانی قاهیرەو عەمان .... بسوتێنین"[٥٨].

ئێستا لە ستراتیجی مۆسکۆ دوو سەرۆک کۆمار باشترن لە دوو سەرکردەی بزوتنەوەی چەکداری.

[٥٨] جۆرج حەبەش (١٩٢٦ – ٢٠٠٨)، سەرۆکی جەبهەی شەعبی فەلەستین لێرە باسی پڕۆسەی دانوستان و ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل دەکات و دژایەتی خۆی بۆ ئەم پڕۆسەیە نیشان دەدات کە بە بۆچوونی خۆی حکومەتە کۆنەپەرست و کۆنسێرڤاتۆرە عەرەبیەکان رازیبوونیان نیشاندابوو بگەونە رێکەوتنی ئاشتی، وەرگێڕ

# بارزانی بالوێزێک رەوانەی شاری تۆرینۆTorino – ئیتالیا دەکات

لەم کاتەی پەیوەندیەکان، لەگەل مۆسکۆ، گۆڕانکاریان بەسەر دێت بارزانی بیر لەوە دەکاتەوە گەشە بە پەیوەندیە دیبلۆماسیەکان بدات. بۆ ئەم مەبەستەش، بۆ یەکەمجارە لە مێژوو، پێیوایە حەقی خۆیەتی هەولێک دەگەل وولاتێکی لا بەلا و دوور لە دۆزی کورد، بە ناوی ئیتالیا، بدات کە دیارە سەنگێکی هەیە ئەگینا ئەحمەد حەسەن بەکر هانای بۆ هاورێ جان کارلۆ پەییێتە، یەکێک لە سەرکردەکانی پارتی کۆمونیستی ئیتالی، نەدەبرد و داوەتی عێراقی نەدەکرد.

بارزانی یەکێک لە نوێنەرە بەناوبانگەکانی خۆی لە ئەوروپا، پرۆفیسۆر عیسمەت شەریف ڤانلی، رەوانەی ئیتالیا دەکات کە رابردوویەکی پڕ لە رێزگرتنی هەیە. ڤانلی لە سەرەتا سەرۆکی رێکخراوی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردەکانی عێراق بوو، پاشان چالاکوانی کۆمیتەی بەرگری لە گەلی کورد، پاشان لە لایەن حیزبی بەعس تووشی راونان و تۆقاندن دەبێ و دێتە پاریس و، لە زانکۆی سۆربۆن دەبێتە وانەبێژ بەلام خۆی پێڕانگیرێ و بە دڵ و بە گیان خۆی بۆ دۆزی کورد تەرخان دەکات و سەنگەری خەباتی دەگوازێتەوە بۆ شاری ژنێڤ و، لێرە پەیوەندیەکی توونд و تۆڵ لەگەل رێکخراوە نێودەولەتیەکان دروست دەکات و دەبێتە یەکێک لە "بالوێز"ە هەرە ناودارەکانی "شێخی سۆر".

پرۆفیسۆر ڤانلی لە سەردانەکەی بۆ ئیتالیا لە شاری تۆرینۆ[٥٩] دەست پێدەکات بەلام هەر زوو سارد دەبێتەوە و بە دڵشکاوی ئیتالیا بەجێ دێڵێت، پاشان لە راپۆرتێک دەنووسێ "ئیتالیا لە بەرامبەر تراجیدیای کورد کەڕو لاڵە"، کەچی ئیتالیەکان زۆر هاوسۆزیان دەگەڵ کێشەی فەلەستین هەیە کە لە زۆر رووەوە لە هی کورد دەچێ. بالوێزە کوردەکە حەقی خۆیەتی هەست بە دڵشکان و رەشبینی بکات، کۆنفرانسەکە لە رۆژی ٧ حوزەیرانی ١٩٧٤ بەڕێوە چوو، لە لایەن رێکخراوی "پێشکەوتن و ئاشتی – Movimento Sviluppo e Pace" ئامادەکرابوو کە خۆی بە کێشەکانی جیهانی سێیەم خەریک دەکرد. رەشبینیەکەی ڤانلی لەوە سەرچاوە دەگرێت کە هیچ رۆژنامەیەکی ئیتالی باسی ئەوە کۆنفرانسە ناکات.

لە راستی پرۆفیسۆر عیسمەت شەریف ڤانلی باش دەستی بە کۆنفرانسەکە کرد بەلام بە خراپی کۆتایی پێهێنا. لە سەرەتای دیبەیتەکە ئاماژەی بەوکرد کە "بۆ ١٥ ملیۆن کوردی سوریا، تورکیا، ئێران و عێراق سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین کۆنسێپتی سادە و هیوای دوارۆژبوون، بەلام ئەمڕۆ، لە ژێر رۆشنایی روداوە سیاسیەکان گەلی کورد هەستاوەتە سەرپێ و ئیرادەی خەباتی دۆزیتەوە، بۆیە دەکرێ دووپاتی بکەینەوە لەم قۆناغە گرنگەی مێژوومان گەلی کورد هەنگاو بەروە سەربەخۆیی دەنێ، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستیمان بە کۆمەک و هەمائەنگی هەموو ئەو لایەنانە هەیە کە

[٥٩] شاری تۆرینۆ Torino دەکەوێتە باکوری ئیتالیا، شارێکی گەورەیە، کۆمپانیای فیات لەم شارە دامەزرا، لە دوای جەنگی جیهانی دووەم دەبێتە یەکێک لە شارە هەر پیشەسازیەکانی ئیتالیا، شاریکی کرێکاری و لە لایەن چەپەکان، بە تایبەتی پارتی کۆمونیستی ئیتالی، ئیدارە دەکرێت. لە کۆتایی سالانی ١٩٧٠ – ٢٠٠٠ ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری کوردستانی، باشور و رۆژهەلات، لەم شارە خوێندنی زانکۆیان تەواو کرد و بە سەدان چالاکیان، سەبارەت بە دۆزی کورد، ئەنجامدا و هەست و سۆز و هاوکاریەکی زۆریان بۆ گەلی کوردستان بەدەست هێنا.

باوەڕیـان بە دیموکراسـی و ئـازادی راسـتەقینە هەیە. ئەوەیە پەیـامی ئـێمە بـۆ گەلی ئیتالیا".

بـانگەوازەکەی پرۆفیسـۆر ڤـانلی دەکەوێـتە خـوارەوە و کەس هەلینـاگرێتەوە ئەوەش لەبەر ئەوە بـوو لە کۆتـایی ووتـی "سـەرچاوە سروشـتیەکانی نەوت دەتوانن، بۆ ئێمە، ببنە باشترین چەکی دەستمان تاکو وولاتـی پـێ ببـوژێنینەوە و پێشـی بخەیـن. بەلام ئێسـتا ئەو خێـرو بێـرە، لە لایەن حکومەتیـک، لە ئـێمە حەرام کراوە کە لە لایەن یەکێتی سۆڤیەت پشتیوانی لێدەکرێت، حکومەتێک کە رێکەوتنی ئاشـتی و هەمـاهەنگی مۆر دەکـات و بەلام لە بەلێنەکـانی پاشـەگەز دەبێتەوە (دیارە مەبەستی پرۆفیسۆر ڤانلی بەیانی ١١ ئازاری ١٩٧٠، و)".

پرۆفیسـۆر ڤـانلی نـازانێ و ئاگـاداری بـارودۆخی ئیتالیـا نـیە و نـازانێ بە چ قۆنـاغێکی ململانێـی سیاسـی و پسـیکۆلۆجی تێـپەڕ دەبێـت (فڕانـدنی قـازی سۆسـی، ریفرانـدۆم، کوشـتاری شـاری برێشـە) و هەر هەلوێسـت وەرگـرتن، تەنـانەت، رەخنەی بە ناڕاسـتەوخۆ و لە بـن زمـان، لەسـەر یەکێتـی سـۆڤیەت، دەبێتە هۆی لێکدانەوەی ئەنتی کۆمونیست و گومانی فاشیزمی لێدەکرێت[٦٠].

---

[٦٠] ئەوکات، ١٩٧٤، پارتی کۆمونیست دووەم گەورەترین پارتی ئیتالیا بوو بەلام لە ئۆپۆزیسیۆن بوو، چەپە توندڕەوەکانی وەک بریگاتێ رۆسێ و پرۆلیتاریەکان دەستیان بە خەباتی چەکداری – تیرۆریستی کردبوو، ئیتالیـا بەسـەر دوو بەرە دابەش بـوو، کۆموینیسـت – چەپ و راسـترەو – فاشـیزم، لە ١٨ نیسـان بریگـاتێ رۆسێ قازی ماریۆ سۆسی دەفڕینن، لە ١٢ – ١٣ مایس رێفڕاندۆم بۆ هەلوەشانەوەی یاسـای جیابوونەوە – تەلاق دەکرا کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئیتالیا لە سالی ١٩٧٠ بە یاسا رێگە بە جیابوونەوەی ژن و مێرد درا. لەم ریفرۆندۆمە کۆمونیست – چەپەکان لایەنگری مانەوەی یاساکەیان دەکرد و لە بەرامبەریش کاتۆلیک و راسترەو فاشیستەکان بانگەشـەی هەلوەشـانەوەی یاسـای تەلاقیان دەکرد. لە ٢٨ مایسـی ١٩٧٤ لە شـاری برێشە تەقینەوەیەکی رێکخراوە فاشیستەکان بووە هۆی کوژرانی ٨ کەس و بریندار بوونی ١٠٢ کەسیتر.

لەم بارودۆخە ناسکە، هەروەک نووسـەر ئامـاژەی پێداوە، بچوکترین رەخنە لە یەکێتی سۆڤیەت لە ژینگەی ڕیکخـراوە مەدەنـی و ئەوانەی هاریکـاری و هاوکاریـان لەگەل بزوتنەوەکـانی رزگـاریخوازی و مـافی مـرۆڤ دەکـرد بە نەگەتیـڤ دەشـکایەوە. بـۆیە تەقەلا بە سـوودەکەی پرۆفیسـۆر ڤـانلی، وەک پێویسـت، پێشـوازی لێنەکـراوە. شـاری تۆرینـۆ سـنوری بە فەرەنسـا و سویسـرا لکێنـدراوە، بە دلنیـایەوە ئەوکەسـانەی ئەم کۆنفڕانسەیان سازکردبوو بە نیاز پاکی و داکۆکی لە دۆزی کورد بووە بەلام پرۆفیسۆر ڤانلی، وەک هەمـوو

ئەگەردیبلۆماسی کورد، لەم جەولەیە، دەستکەوتەکانی ئەمە بێت ئەوە هی عێراق کەمتریشە و روو بەرووی مستە کۆلەی قاهیرەو تاران دەبێتەوە. لە لایەک سەرۆکی ئەمەریکا، ریچارد نیکسۆن، سەردانی قاهیرە دەکا و زۆر بە گەرمی و بە ئاهەنگێران پێشوازی لێدەکرێت، لە لایەکیتریش شای ئێران سەردانی پاریس دەکات و بە جۆش و خرۆش، وەک "پەیامبەری نەوت" لە ئامێزی دەگرن.

---

دیبلۆماتکارانی کوردستانی ئەو سەردەم زانیاری کافی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی ئیتالیا لەبەردەست نەبووە.

ئەم بارو دۆخەی ئیتالیا، واتە هەلوێستی کۆمونیست و چەپەکان بەرامبەر بە دۆزی کورد، تا کەوتنی رژێمی سەدام حوسێن درێژەی کێشا بەلام بە هەزاران کەسایەتی ئەم بەرەیە بە سەدان چالاکیان، بۆ پشتگیری لە دۆزی کوردستان، ئەنجامداوە و بردۆتە ناو پەرلەمانی رۆما و پەرلەمانی هەرێمەکان.

ژمارەیەک لە کوردانی ئیتالیا، ئێمە بە زمانی کوردی و ئیتالی، بە تێرو تەسەلی باسی رۆل و چالاکیەکانی رەوەندی کوردستانی لەم وولاتە کردووە.

ئەوەتە لە سالی ١٩٨٠ تا کەوتنی رژێمی سەدام حوسێن زۆربەی سالەکان ئاهەنگی نەورۆز لە شاری تۆرینۆ کراوە. خانم لاورا شرادەر Laura Schradar کە ئیستا تەمەنی ٨٤ سالە لەم شارە دەژی تاکو ئێستا بە دەیان کتاب و سەدان وتاری لەسەر دۆزی کورد نووسیووە. ئێمە لە تەموزی ٢٠١٨ وتارێکمان، بە بۆنەی ٨٠ سال لە تەمەنی خانم شرادەر، نووسی و ئەمەش لینکی وتارەکەیە.

https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=85359&authorid=2412

لە سالی ٢٠١٤ کاک جەبار مستەفا باخەوان و خەبات عەزیز شێخ بزێنی، هەردوکیان لە شاری تۆرینۆ خوێندنیان تەواو کردووەو زۆر چالاکیش بوون و ئێستاش بەردەوامن، کتێبێکیان بە ناوی "ئیتالیەکان: دۆستی گەلی کوردن"، لە تۆرینۆ و کەرکوک چاپکراوە، نووسیووە. مەبەستی سەرەکیان بریتیە لە گێرانەوەی باردۆخی دۆزی کورد لە ئیتالیا لە سالانی ١٩٨٠ – ١٩٩٠. بەم کتێبە دەیانەوێت سوپاسی ئەو ئیتالیە جوامێرو ماندوو نەناسانە بکەن کە لە رۆژانی تاریکی و تەنگانە، خۆبەخشانە، وزەو و توانا و کاتی خۆیان بۆ داکۆکی لە مافەکانی کورد تەرخانکردبوو. لە لایەکی تریش ئەم فاکت و بەسەرهاتانە بە نەوەی ئێستا و ئایندەی کوردستان بناسێنن. لە لاپەرە ١١ نووسیوویانە "هاورێیەکیتریش کە جگە لەوەی ئەندامی ی. ن. ک. بوو بە یەکێ لە کوردە هەرە چالاکەکانی ئیتالیا دادەنرێ. بێجگە لەوەی رۆلێکی بالای هەبوو لە بلاکردنەوەی دۆزی گەلی کورد بە بەستنی کۆڕو سێمینار و بلاوکردنەوەی نامیلکە و کتێب و نووسینی هەمە رەنگ لەسەر دۆزی گەلەکەمان پەیوەندیەکی زۆریشی لەگەل رێکخراوە ئیتالی و سەندیکاکاندا دروست کردبوو. ئەو هاورێیەش جاسم خۆشناوە کە لە زۆربەی هەرە زۆری ئاهەنگەکانی نەورۆز و بۆنە تایبەتیەکانی کە لە ئیتالیا بۆ کوردستانیان ساز دەکان ئامادەبوو. جاسم تۆفیقیش یەکێکە لەوانەی کە لە بیر کراوە".

ئەم دوو روداوە ســەرانی عێـراق تـوڕە دەکەن، وەزیـری دەرەوە، مـورتەزا ســەعید عەبـدول بـاقی ئەل حەدیسـی، دەبێـتە بزنـی قوربـانی و بە بڕیـاری سەرۆک کۆمار لە رۆژی ٢٣ حوزەیران لە پۆستەکی دوورخرایەوە و شـازەل جاســم تــاقە لە شــوێنی دانــرا. شــازەل ئەرکــی ئەوە بــوو گــرو تــین بە بەرژەوەنـدیەکانی عێـراق بـداتەوە، بە لەبەر چـاوگرتنی پەیوەنـدیەکانی نێـوان بەغدا و مۆسکۆ کە لەسەر بەرژەوەندی هـاوبەش بنیـاتنراون بۆ ئەوەی رێگە لە بەهێزبــوونی نفــوزی – هێجێمــۆنی ئەمەریکــا، لە رۆژهەلاتــی ناوەڕاســت، بگیرێت. ئەوکات ئەم نفوزە رووی لە فراونکردن بوو، ئەوەتە وا هەست دەکرا خــۆی گەیانــدبێتە تەنــانەت ســوریاش کە لە تەمــوزی ١٩٧٤، ٨٠ تەکنیکــی سـۆڤیەتی لە وولات دەرکـرد کە لە سـەربازگەکانی موشـەک و رادار کاریـان دەکرد.

لەم کەش و هەوایە وەزیری نەوتی عێراق، سەعدون حەمادی، هەلوێستێکی نــوێی سیاســەتی نەوتــی راگەیانــد کە بە دژی سیاســەتی وولاتــانی بەرهەم هێنەری نەوت بوو. ئەم سیاسـەتە نوێیە زۆر توونـد و بە دژی بەرژەوەندی کۆمپانیاکانی نەوتی وولاتانی ئەوروپای رۆژئـاوا (سیپ، ئێنی، شـێل و ڤێە – Cip, Eni, Shell, Vebe) بــوو و، ژمــارەیەک گرێبەســتی لەگەلیــان هەلوەشـاندەوە. ئەم هەلوێسـتەی بەغـدا، ئاشـکرایە، بۆ ئەوە بـوو تـا هەمـوو گومانەکانی مۆسکۆ بڕەوێنێتەوە و لەهەمان کات داوای لە مۆسکۆ کردبوو بۆ ئەوەی بەنـداوێک، لەســەر روبـاری فـورات، بە بەهـای نیـو ملیـار دۆلار بـۆ دروست بکات. کەچی هەر نزیکبوونەوەیەک لەگەل ئەوروپای رۆژئاوا دەبێتە هۆی بەهێز بوونی نفوزی ئەمەریکا لەم ناوچە ئالۆز و پڕ کێشمە کێشە.

# ڕۆلی عوبەیدولا بارزانی

لە دیسەمبەری ١٩٧٤، سەرەڕای بارودۆخی ناهەمواری کۆمەلانی خەلک، بە تایبەتی هی ژن و مندالان، بە هۆی سەرما و سۆلی زستان، کوردەکان بە خۆشیەوە پێشوازی لە بەفر بارین دەکەن. لەم فەسلە، بەلای کەمی، ڕۆژانە ٣٠ کۆرپەلە، لە ژێر ئەو کەپر و کوخانەی بە کارتۆن و نایلۆن، بە هەزار دەردەسەری پێکیان هێناوە، دەمرن. جەنەڕالی زستان، وەک هەموو جار، ڕێگە لە پێشڕەویەکانی سوپای عێراق دەگرێت. تەنها فڕۆکەوانەکانی تۆپۆلەڤ – 22 Tupolev لە چالاکیە کوشت و بڕیەکانیان ناکەون. لەبەر ئەوەی ئەم فڕۆکانە مۆدێرن و نوێن لەو باوەڕەداین کات لەبەر دەست نەبووە راهێنان بە عێراقیەکان بکەن بۆیە گومانی ئەوە هەیە فڕۆکەوانەکانیش سۆڤیەتیبن. پیاوەکانی بیابان تاکو گەیشتوونە ئێرە، ئەم چیا حاسێیانە، بە دەشت ودۆلە ڕەق و تەقەکانی مێزۆپۆتامیا ڕەتبوون، ناتوانن بەرگەی زستانی سیبێری کوردستان بگرن. زرێپۆش و مودەرەعەکان لەسەر بەفر دەخزن و زۆرجار دەچەقن و ناتوانن پێشڕەوی بکەن، ئەو چەکە مۆدێرنانەی لە بلۆکی سۆڤیەتیش کڕاون ئیش ناکەن. سەربازەکان شەکەت و ماندوون، مەعنەویاتیان، بە خێرایی، وەک جیوەی تێرمۆمەتر هاتۆتە خوارەوە.
لە بەغدا کەش و هەوا زۆر قورسە، رای گشتی ماندوو بووە، ئەوە سالەهای سالە گوێبیستی ئەو گۆرانیە دەبێت کە دەلێ "لەناوبردنی یاخیبووەکانی باکور مەسەلەی چەند هەفتەیەکە". سەرۆک ئەل بەکر، بە ئاشکرا، تووڕەبوونی پێوە دیارە، نێوانی لەگەل سەفیری سۆڤیەت باش نیە، کۆمەک و چەکی سۆڤیەتی،

بێراوەستان، بەدەست دەگات کەچی ئەو کوردە نەفرەتلێکراوانە نەک هەر بەرگری دەکەن بەلکو چۆکیشیان بە سوپای پڕ چەکی بەغدا هێناوە.
١٥ دیسەمبەری ١٩٧٤ هەواڵەکی دڵتەزێن بلاو بووەوە، ٢ فڕۆکەی جەنگی لە پارێزگای کەرکوک، بە موشەکی "هۆک - HAWK"[٦١] دەخرێنە خوارەوە. تۆ بلێی پێشمەرگە ئەو چەکە مۆدێرن و بەهێزەی بەدەست گەیشتبێ؟ ئەگەر وابێت ئەو تەکنیک و پسپۆڕانە کێن کە بەکاریان هێناوە؟ لە بەغدا وەلامێکی حازریان لەدەستە و ئێران تاوانبار دەکەن، لە راگەیاندنێکی دیبلۆماسی وەزارەتی دەرەوە دووپات دەکەنەوە کە "دەستدرێژیەکی پڕ شەرمەزاری، لە لایەن ئێران، دەکرێتە سەر عێراق. پێشێلکردنی سەروەری عێراق، لە لایەن ئێران، لە هەژمار نایەت. پەلامارەکانی ئێران لەسەر سنورەکانمان لەم کاتانە جێبەجێ دەکرێن کە سوپەکەمان سەرکەوتنی گەورە تۆمار دەکەن بۆ ئەوەی یاسای ئۆتۆنۆمی لە باکوری وولات جێبەجێ بکرێت، بە تایبەتی لەم کاتانەی تاقمەکەی بارزانی شکست دەخۆن و بەرەو کۆتایی دەچن".
لە نێو رۆژنامەنوسە بیانیەکانی بەغدا دەنگۆیەک بلابۆتەوە، گوایە ئێران تفەنگی مۆدێرنی "وینچستێر - Winchester " و کۆپتەری "بێل – Bell Helicopter " و دەمانچەی پی / ٣٨ و موشەکی زەوی – زەوی "فۆئەر – Foar" و موشەکی زەوی – ئاسمان دەداتە کوردەکان. تەنانەت ناوی ریچارد هێلمس - Richard Helms، سەرۆکی پێشووی سی ئای ئەی cia دێت، گوایە ئێستا بە ئەرکێکی هەستیار، بە پلەی بالوێز، سەردانی تارانی کردووە.
باسی تەکنیک و ئەفسەری ئێرانیش، لەناو ریزەکانی پێشمەرگەی بارزانی، دەکرێت. ئەم دەنگۆیانە شک و گومانەکان نارەوێننەوە. راستی، چۆن قسەی

[61] HAWK: Homing All the Way Killer.

ئەم موشەکە بە "هەڵۆ" ناسراوبوو، لە سالانی ١٩٦٠ دروستکراوە و توانای ئەوەی هەبوو لە مەودای ٤٠ کم دووری فرۆکەی جەنگی بپێکێت، لە کاتی خۆی زۆر بەناوبانگ بوو.

لەسەر بکەیت، بریتیە لەوەی کە سوپای عێراق ناتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ. رای گشتی عێراق ورەی هاتۆتە خوارەوە. بۆیە پێویستە بە زووترین کات شتێک بکرێت. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە شارەزاکانی پڕۆپاگەندە بێنە مەیدان، ئەوانەش بە بێ بەکار هێنانی فەنتازیا، هەمان کۆنە مێتۆدەکانی رابردوو بەکار دێنن. پەخشی رادیۆ و تەلەڤزیۆن رادەگرن، مۆسیقا و سرودی سەربازی بلاو دەکەنەوە و پاشان هەواڵە موعجیزەکە "مستەفا بارزانی کوژراوە .... بەکرێگیراوی ئیسرائیل بەیەکجاری لەناو چوو. چەتەکانی باکور دەبێ چەک دابنێن و خۆیان تەسلیم بکەن". پڕۆپەگەندەچیەکان بە نیازن ٣ ئامانج بپێکن:

١. سەرلێشێواندنی پێشمەرگەکان کە بەسەر چیا حاسێکان پەرتو بلاوبوونەتەوە.

٢. گێڕانەوەی متمانە بۆ رای گشتی عێراق.

٣. هاندان و جۆشدانی سەربازەکان بۆ ئەوەی خۆیان بۆ دوا هێرش ئامادە بکەن

بەلام هیچ شتێک لەوانە رونادات، پێشمەرگە لە شوێنی خۆیان، لەسەر چیاکان گورج و گۆل لە چاوەڕانیدان، دانیشتوانی بەغداش، وەکو جارەکانی پێشو، بۆ ئاهەنگێڕان، بە کوژرانی بارزانی، نایەنە سەر شەقام و سەربازەکانیش لە سەنگەرەکان خۆیان شاردۆتەوە و دوعا دەکەن پێشمەرگە هێرش نەکاتە سەریان.

بەیانی کوژرانی تراجیدی بارزانی لە لایەن بارزانی بە فەلسەفە وەلام دەدرێتەوە. لەم کاتەی بێژەری عێراق بە جۆش و خرۆشەوە هەواڵی "کوژرانی بارزانی بەکرێگیراوی" دەخوێندەوە بارزانی لە گەلالە لەسەر

کورسی پالیدابووەوە و لەگەل رۆژنامەنوسێکی رۆژئاوایی گفتوگۆی دەکرد کە پێش چەند سالێک چاوپێکەوتنی لەگەل کردبوو[٦٢].

بارزانی دەلێ "ئەوە بیستەم جارە من دەکوژن" بەلام "حکومەت، بە ئاسانی، خەونەکانی بە واقیع دەگۆڕیتەوە. بە دلْنیایەوە رۆژێک دەمرم و ئەوکات حکومەت حەقی خۆیەتی چی دەلێ با بلێ. رۆژەک هەر دەمرم بەلام کەی خوا حەز بکات، تەنها خوا بۆ خۆی دەزانێ. بە هەر حال بە مردنی من هیچ ناگۆڕێت، خەباتی ئێمە بەردەوام دەبێ. ئەمن تەنها خزمەتکارێکی سادەی میللەتەکەم ... تەنها خزمەتکارم".

ئەوەی زۆر ئازاری بارزانی دەدا ئەو فاکتە بوو کە هەموو جیهان لە بەرامبەر تراژیدیای گەلەکەی بێدەنگ بوو، هەست و سۆزیان نەدەجولا سەرەڕای ئەوەی لە هەموو شوێنێک هەر باسی مافی کەمایەتیەکان دەکرێت. کەچی خەریکە شتێک روبدات.....

لە سەرەتای جانیوەری ١٩٧٥، لە پڕێکا، فاکتێکی چاوەڕوان نەکراو رودەدات و هەست و سۆزی رای گشتی بۆ لای دۆزی کورد دەبزوێنن. خەمباری و توڕەیی خوێندکارانی کورد لە چیکۆسلۆڤاکیا، لەبەرامبەر ئەو هاوکاریە بێ بێبەرهەمەی بلۆکی کۆمونیزم، دەتەقێتەوە. نارەزایی خوێندکارانی کورد، لە رێگەی بلاوکراوەیەک، بەرجەستە دەبێت کە تیایا حکومەتی پراگ بەوە تۆمەتبار دەکەن کە کۆمەک و پالپشتی لە حکومەتی عێراق دەکات کە کۆمەلکوژی کوردان دەکات، تاکە گوناهی کوردەکانیش ئەوەیە کە خەبات بۆ ئۆتۆنۆمی دەکەن.

حکومەتی چیکۆسلۆڤاکیا بە توندی وەلام دەداتەوە و، رۆژی ١٧ مانگ فازیلە رەشی سەرۆکی خوێندکارانی کورد دەستگیر دەکات. هاوڕێکانی دەست بە

[٦٢] وا هەست دەکرێت کە فرناز مەرییا دەزارۆ خۆی بێت ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەل بارزانی کردبێت یان ئامادە بووبێت، وەرگێڕ.

چـالاکی جیـا جیـا دەکەن، هەنـدێکیان دەسـت بە ئیمـزا کـۆکردنەوە دەکەن وهەنـدێکیتر، وەک نـاڕەزایی، بالوێزخـانەی سـوید داگیـر دەکەن، بەم شـێوەیە دیبلۆماتکاریکی بالا دێتە سـەرخەت، دوای ٥ ڕۆژ فـازیلە رەش ئازاد دەکرێت بەلام دوای ٧٢ سـعات جـاریکیتر، ڕۆژی ٢٥ جـانیوەری، دەگیـرێتەوە. کاربەدەستانی چیکۆسلۆڤاکیا، بەبێ پارێزەر، لێکۆلینەوە لەگەل فازیل دەکەن و سـەدان پرسـیاری لێـدەکەن و لە کۆتـایی، بەبـێ ئەوەی ڕێـگەی پێبـدەن بگەڕێتەوە مالەوە و دەستە جلێک لەبەر بکات، سواری فڕۆکەیەکی دەکەن و بەرەو بەرلینـی ڕۆژهەلات دەریـدەکەن. لێـرەش، هەر بە فـڕۆکە، رەوانەی بەرلینی ڕۆژئاوا دەکرێت. ئا بەمشـێوەیە کێشـەی کورد، بۆ حکومەتی پراگ، چارەسەر کرا.

حکومەتی عێراق بۆ کەمکردنەوەی ئەوهەست و سۆزەی لە ئەوروپا، بەرامبەر دۆزی کـورد، سـەری هەلـداوە بە پەلە پەل شـاندێک پێـک دەهێنـێ بـۆ رەوانەکردنـی بـۆ دەرەوەی وولات تـاکو ئوسـتورەی بـارزانی ووردوخـاش بکات. لەنـاو ئەم شـاندە عوبەیدولای کوڕی بارزانیشـی تیایە کە رایکردووەو پالی داوەتە لای حکومەتی بەغدا. عوبەیدولا بۆ ئەو خزمەتە پۆستی وەزیری دەولەتـی پێـدراوە. شـاندەکە دەگەوێـتە لەنـدەن و هەمـان گـۆرانی و هەمـان مۆسـیقا دووبـارە دەکـاتەوە: جەنەڕال بـارزانی دەسـتی لەگەل کەپیتـالیزمی جیهانی تێکەل کردووە، بۆ خزمەتی هێزە کۆنەپەرستە بیانیەکان (ئەمەریکا، ئیسرائیل و ئێران) کار دەکات. ئەم تۆمەتانە هیچ کاریگەریەک دروست ناکەن، ڕۆژنامەنوسـەکان، بە ئاشـکرا، مانـدووبوون و بـێ زەوقیـان پێـوە دیـارە، بەراسـتی هیچیـان شـتێکی نوێیـان نەوت شـایانی نووسـین بێـت. کـوڕەکەی بـارزانی بێدەنگی دەشـکێنێ و دێتە قسـە و بە دەنگێکی شـێتانە دەلـێ "ئەگەر باوکم و ٢ براکەم کە لەگەلیدان بگیرێن ئەوە چارەنوسیان وەکو هەموو ئەو کەسانە دەبێت کە خیانەت لە گەل و وولات دەکەن". بێدەنگیەکی پڕ مەترسی

باڵ بەسەر پریس کۆنفرانسەکە دەگرێت. ئەو کوڕە سەرلێشێواوەی بارزانی لە قسەکانی خۆی ناگات یان توانای تێگەیشتنی نیە.
سەرکردە شەڕکەرە بە ساڵاچووەکە بە عادات و نەریتی خۆی وەڵام دەداتەوە، گوێ بەو قسە قۆڕانەی عوبەیدوڵای کوڕی نادات و بیر لە جوڵە و چالاکیەک دەکاتەوە کە وەڵامی شاندە پرۆپاگەندەچیەکە بداتەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەست دەداتە قەڵەم و کاغەز و نامەیەکی درێژ بۆ برۆنۆ پیتەرمان – Bruno Pitterman، (سکرتێری گشتی پارتی سۆسیال دیموکرات و راوێژکاری نەمسا، و) و سەرکردەکانی ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست دەنووسێ و تیایا باسی "شەڕی جینۆساید" لە دژی گەلی کورد دەکات. بارزانی، بە سیفەتی سەرۆکی پ. د. ک.، لە رابردووش کۆمەڵێ داواکاری ئاراستەی ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست کردبوو. لە نامەکە باسی خەباتی دوور و درێژ و سەختی گەلی کورد دەکات، بەلای کەمی، بۆ بەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی. پاشان بارزانی دەچیتە ناو کرۆکی مەسەلەکە:
"لە ١١ ئازاری ١٩٧٤ کۆمەلانی خەلکی کورد کەوتوونەتە بەر پەلاماری سەخت و بەردەوام. لەلایەک تۆپ باران و لە لایەکیترەوە بۆردومانی فرۆکەکان. هەزاران گوندو شار کەوتوونەتە بەردەم شاڵاوی فرۆکەکان. تەنها لە شاری قەلادزێ ١٣٤ کەس کوژراون، هەندی لە گوندەکان بە تەواوی وێران کراون، تاکو ئیستا زیاد لە ٣٠٠٠ بۆردومانی فرۆکە کراوتە سەر کوردستان. باغ و بیستانەکان سوتێنراون و، حکومەت ئابلوقەی خستۆتە سەر خاکی کوردستان (....) لەوانەیە لای کەسانی دیموکراتی ئەم جیهانە شتێکی شۆک هێنەر بێت ئەگەر بزانن کە حکومەتی عێراق ئەو جەنگە مالوێرانیەی لە دژی کورد بەرپاکردووە تەنها لەبەر ئەوەی ئێمە داوای مافی ئۆتۆنۆمی، لە ناو هەرێمەکەی خۆمان، دەکەین. بەلام ئەوەی لە هەموو شۆک هێنەرترە بریتیە لە بێدەنگی یو ئێن و رێکخراوە هومانیتاریەکان و تەنانەت ئەو هێز و

پارتە سیاسیانەی کە لە رووی ئیدیۆلۆجی و سیاسی لە ئێمە نزیکن، هیچ یەکێک لەم لایەنانە، تاکو ئێستا، دەنگیان لە دژی ئەم تاوانانە بەرز نەکردۆتەوە و داکۆکیان لە دۆزەکەمان نەکردووە".

بارزانی درێژە بە نامەکەی دەدات و دەڵێ "پارتی دیموکراتی کوردستان قەناعەتی بەوە هەیە کە ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست ناتوانی، لە بەرامبەر تاوانەکانی حکومەتی عێراق لە دژی گەلەکەمان، چیتر بێدەنگ بێت. ئەو پەیوەندیە دۆستایەتیەی پارتەکەمان بە ئینتەرناسیۆنال دەبەستنەوە هانمان دەدات ئەم بانگەوازە ئاراستەی هەموو پارتەکانی ئەندام بکەین بۆ ئەوەی هەر کۆمەکێکی ماتریالی و مرۆیی و مەعنەوەی کە لە دەستیان دێت پێشکەشی گەلەکەمانی بکەن و لە هەمان کات فشاری سیاسی و دیبلۆماسی بخەنە سەر رای گشتی جیهان، رێکخراوە نێودەولەتیەکان و حکومەتان بۆ ئەوەی کۆمەکی گەلەکەمان بکەن".

بارزانی لە نامەکەی بۆ پیتەرمان بانگەوازێک ئاراستەی یەکێتی سۆڤیەتیش دەکات و داوایان لێدەکات چەک و تفاقی سەربازی بۆ عێراق رابگرن. بەلام بە داخەوە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالست، بە هەموو ئەندامەکانی، هەست و سۆزیان بەرامبەر بە تراژیدیای گەلی کورد نابزوێ.

# پەشیمان بوونەوەی ئێران:
# کۆتایی هەموو شتێک (ئاش بەتاڵ، و)

گەیشـتینە رۆژێکـی رەش، ٥ ئـازاری ١٩٧٥ (لە راسـتی ٦ ئـازارە، وەرگێـڕ)، هەرگیـز بیـر لەوە نەدەکراوە ئەم بەروارە بکەوێتە نـاو تەقویمی بـزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد. ئەم رۆژە سـەرەتای کۆتـایی ئەو پرۆسـەیەیە کە دەیـان ساله خەباتی قارەمانانەی، بۆ سـەربەخۆیی، بۆ دەکریێ. لە جەزائیر، لە کـاتی کۆبوونەوەی سەرانی وولاتانی بەرهەمهێنەری نەوت - ئۆپک، لە پڕێکا ئیـڕان و عێراق بڕیاری ئاشتبوونەوە دەدەن. شای ئێران و جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، پیاوی بەهێزی دەولەت، سـەدام حوسـێن تکریتـی رێکەوتنەکە ئیمـزا دەکەن. بە پێی ئەم رێکەوتنە ئێران، چیتر، یارمەتی کوردەکانی عێراق نـادات، لە بەرامـبەر مـافی کەشـتیەوانی لە شـەتول عەرەب، ئەو شـوێنەی دیجـلە و فورات یەکدەگرن، بەدەست دێنێ. پێشوو سنوری ئێران لە سـەر کەنارەکانی لای خۆیان، بە درێژایی شـەتول عەرەب کۆتـایی دەهـات و مـافی کەشـتیەوانی نەبوو، کەچی ئیستا ئەو مافەی بەدەست هێنا و کەشتیەکانی تا نیوەی قولایی شــەتول عەرەب دەڕۆن، ئەم هــێلە ئـاویەش دەبێـتە سـنوری نێـوان هەردوو وولات. کۆتایی بە گرژیەکان هات و ئەم دەستکەوتەش، بۆ ئێران، گرنگیەکی ژیـاری هەیە، بە تـایبەت لەگەل کـرانەوەی کەنـالی سـوێس. لە لایەکیتریشـەوە مــــاوەیەکە حکــــومەتی شــــا لە جموجــــۆلیەکی گەرم و گــــوڕەو دەیەوێــــت پەیوەندیەکانی لەگەل وولاتانی عەرەبی باشتر بکات، واتە هەولی بەهێزکردنی شوێن و پێگەی نێودەولەتی خۆی و ستراتیژی نەوت دەدات.

دەتوانین هەرجۆرە پاساوێک، بۆ تێگەیشتن لە هەلوێستی ئێران، بە تایبەتی لە چوارچێوەی ئەو پێشهاتە سیاسیانەوە بێنینەوە بەلام روو وەرگێرانی تاران، بێجگە لە "خیانەت"، لە کێشەی کورد، هیچ لێکدانەوەیەکیتر هەلناگرێ. ئەوە کۆتایی هەموو خەون و هیوای کوردەکانە. چیتر چەک و تفاق و خۆراک بۆ کوردەکان رەوانە ناکرێت و، سنوریشیان لەسەر دادەخرێت.

بارودۆخەکە زۆر بە خێرایی گۆڕا، هەموو شتێک لەناکاو لە سەرەوە بۆ خوارەوە گلۆر بۆوە و ریسەکە بووەوە خوری. رێکەوتنی نێوان تاران و بەغدا، بۆ پێشمەرگە، گورزێکی کوشەندەیە، روو بەڕووی سوپایەکی بێ شوماری عێراق بۆتەوە کە هەموو جۆرە چەکێکی مۆدێرنی یەکێتی سۆڤیەتی پێیە.

ئەوەتە رۆژی چوارشەم، ١٩٧٥/٠٣/١٩ مەلای بە سالان داچوو، بە دەنگێکی نووساو، سەروسیمایەکی گرژ، لە بارەگاکەی خۆی لە حاجی ئۆمەران قسە بۆ هەندێ رۆژنامەنوس، کە لەوێ ئامادەبوون، دەکات و دەلێ شکستیان بە هێزەکانمان هێناوە. سوپای حکومەت، بە یارمەتی فڕۆکە و دەبابە توانیوویانە رەواندوز و سەری حەسەن بەگ، سەری رادی – Radi، هەندرێن و زۆزک و بەرزایەکانی ماویلان بگرن.

کات و ساتەکی یەکجار ناخۆش و خەمناکە بۆ ئەو جەنگاوەرە کە تەمەنی ٧٣ سالە و هەرگیز دەستی بەرز نەکردۆتەوەو خۆی تەسلیم نەکردووە، ئەو کەسەی بە درێژایی ژیانی خەباتی بۆ وەدیهێنانی خەونی کوردستانێکی سەربەخۆ، کردووە. تەمەن، شکست، رەشبینی بە هۆی "خیانەتی تاران" و قورسایی ئەو هەموو ئەرکانەی لەسەر شانیەتی و پوکانەوەی هیواو ئاواتەکانی خەریکە کاریگەریان لەسەری هەبێ و چۆکی پێدابنێن. زۆر بە سەربەرزی و شکۆمەندی ئەو شتە تالانە دەلێت، لەوانەیە لە ناخی دەرونیەوە هێشتا باوەڕی بە بردنەوەیەکیتر و سەرکەوتنێکیتر هەبێ. ئیعتڕاف بەوە

دەکات کە میللەتەکەی ناتوانێ بەرگەی فشارەکانی سوپای عێراق بگرێت کە بە پشتیوانی فڕۆکە و تۆپە دوور هاوێژەکان زەرەرو زیانێکی زۆریان لێداوین بەلام ئەوەی لە هەمووی ناخۆشتر و کاریگەرتر بریتیە لە بڕینی کۆمەک و پالپشتی ئێران. ئەم خالەی دوایش زۆر ئازاری بارزانی دەدات و خەمباری دەکات و دەلێ "لە کاتی ئیمزاکردنی ئەو ڕێکەوتنە ئێمەیان فرۆشت"، درێژەی پێدەدات و بە دەنگێکی پڕ لە ئازارەوە دەلێ "پاش ئەوەی یارمەتیان داین، کۆمەکیان کردین خیانەتیشیان لێکردین. ئەم ڕێکەوتنە بە خوێنی گەلی کورد ئیمزاکراوە. ئێستا قۆناغێکی رەش لە تەئریخی ئێمە دەست پێدەکات، نیو ملیۆن کورد مەترسی جینۆسایدی لەسەرە".

پیاوە پیرەکە چاو لە ئەمەریکاش ناپۆشێ و رەخنەی توندیان ئاراستە دەکات و دەلێ "بە داخەوە لە وەختەکی زۆر خراپ ئێمەیان بەجێهێشت". هەر لەم رۆژانەش ئەمریکا لە هیندوچین (ڤیتنام، و) لایەنگرانی خۆی بەجێدێلێت. هەر لەبەر ئەم هۆیە بارزانی هیوادارە ئەمەریکا ڕێگە بە کوردە ئاوارەکان بدات بچنە ئەوێ، تەنانەت بارزانیش ئەوەی نەشاردەوە، ئەگەر بە زیندووی بگاتە ئێران، داوای پەناهەندەیی لە حکومەتی واشنتۆن دەکات بۆ ئەوەی ئەو تەمەنەی کە ماویەتی بە ئیسراحەت بژی چونکە تاکو ئێستا بە ئیسراحەت نە ژیاوە. بەلام پاشان رای دەگۆڕێ و دەلێ "نا، نا، ناچمە ئەمەریکا، داوای لاجیئی لە دانیمارک دەکەم..." لە کۆتایی، وەکو دەبینرێت، لە ئێران دەبێتە ئاوارە. (لە بیر نەکەین ئەو کاتەی ئەم کتێبە بلاو بۆتەوە بارزانی هێشتا لە ئێران بوو، و).

بە هەرحال لەم رۆژانە روبارێک لە کوردانی هیوا بڕاو بەرەو سنوری ئێران کەوتونەتە رێ، دەیانەوێت بەزووترین کات خۆیان قورتار بکەن. بە پێی ریکەوتنی جەزائیر سنوری هەردوو وولات لە ١ نیسان دادەخرێت بەلام پاشان بۆ چەند رۆژەکیتر بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

دەنگۆی ئەوە هەیە کە ٤ هێزی پێشمەرگە بڕیاریانداوە چەک دانەنێن و مەیدان چۆل نەکەن و تا دوا تنۆکی خوێن، لە دژی سوپای عێراق، بجەنگن. ئەوانەی بە شکستەکە رازیبوون، لە سەرلوتکەی چیا پڕ بە فرەکان، دێنە خوارەوە و خۆیان رادەستی سەربازانی عێراق دەکەن کە لە زۆر شوێن بنکە و بارەگایان، بۆ پێشوازیکردن، داناوە. ئەو پێشمەرگانە بە جلو بەرگی کوردی هەمەچەشنە ریزیان گرتووەو دەگەونە بەردەم مێزێک، چەند ئەفسەرێک، ناو و شوینی پێشمەرگایەتی و (سەر بە هێز، بەتالیۆن و لق و پەل و مەفرەزە) تۆمار دەکەن، پاشان مەڕاسیمی چەک تەسلیمکردنەوە دەست پێدەکات، زۆربەی چەکەکان نوێن، مینی دژ بە دەبابەشیان تیایە کە ئەمریکین و لەلایەن ئێرانەوە پێیاندراوە، پاشان خەلات بەخشین، هەر یەکە ١٥٠ دیناری عێراقی پێدەدرێت.

سەرکردە سەربازیەکان و سەرۆک عەشیرەتەکانی ناو پێشمەرگە کە خۆیان تەسلیم دەکەنەوە ئیمتیازی ئەوەیان پێدەدرێت تەوقەیەک دەگەل جەنەڕال تەها شەکرچی بکەن. ئەو رۆژانە وێنەگر و میدیاکارانی تەلەفزیۆنی رژێم ئیشێکی زۆریان کەوتبووە ئەستۆ. یەکێک لەو سەرکردانەی پێشمەرگە دێتە قسە و لە وەلامی ئەو رۆژنامەنوسەی پرسیار لێدەکرد بەم شێوەیە وەلام دەداتەوە "حەق نەبوو ئەوها کۆتایی پێ بێت، لەوانەیە ئەگەر ئەو ئۆتۆنۆمیەی حکومەتمان قەبول بکردایە باشتر دەبوو، راستە ئەوە نەبوو کە ئێمە داوامان دەکرد بەلام لە هیچ باشتر بوو".

ئێستا بارزانی، بە تەواوی، بە تەنهایە. زۆر لە هاوڕێ و پێشمەرگەکانی رەخنەی لێدەگرن لەبەر ئەوەی دەڵێن گوریسەکەی زۆر راکێشا و تا ئەو نەهامەتیەمان بەسەر هات. چارەنوسی "شێخی سۆر" خەمناکە بەلام چارەنوسی ئەو هەموو پێشمەرگە و ئاوارانەی بە ناو بەفر و قوڕو چلپاو و، بەبێ خواردن، رێگەی هات و نەهاتی سنوریان گرتۆتەبەر خراپترە. روبارێک

لەو خەلکە بەشمەینەتە، زۆربەیان ژن و مندالن، بە رێگایەکی پڕ لە تەلە و زەحمەتی دەڕۆن. ئەوەتە تورکیاش سنوری لەگەل کوردستانی عێراق داخستووە بە جۆرێک گوندە کوردنشینەکان ناتوانن یارمەتی و کۆمەک بگەیەننە ئاوارەکانی ئەو دیوی سنور. تورکیا ترسی لە تێکچوونی بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکانی خۆیەتی کە ژمارەیان، بەلای کەمی، ٤ ملیۆن کەسە. دوو لیوای فیرقەی ٣ سوپای تورکیا، بە پالپشتی کۆپتەر، پاسەوانی سنوری هەردوو وولات دەکەن و رێگە لە پەڕینەوە و کۆمەکی ئەو بێ پشت و پەنایانە، دەگرن. بۆیە ئەم لێقەوماوانە بە ناچاری، بە ریز، رێگای ئێران دەگرنەوە بەر. هەندێکیان نزیکەی ٢٠٠ کم دەبێ بە پێ بڕۆن و، ناوچەیەکی شاخاوی یەکجار حاسێ و کەش و هەوایەکی پڕ لە سەرما و سۆلە ببڕن، بۆ ئەوەی بتوانن پێش داخستنی سنور خۆیان رزگار بکەن. ئەگەر نەیانتوانی خۆیان دەرباز بکەن؟ دوو رێگەیان لە پێشە: یان خۆ تەسلیمکردنێکی بێ قەید و شەرت، زۆریش لەوانەی خۆیان تەسلیم کردۆتەوە روو بەرووی مردن بوونەتەوە. بژاردەی دووەمیش خۆ کوشتنە، سەدان کەس، لە بریتی جێهێشتنی خاک و نیشتمان و رادەستکردنەوەی چەک بە دوژمن، ئەو رێگەیان هەلبژاردووە. دەنگۆی ئەوە هەیە کە ٥٠٠ پێشمەرگە، بە سەربەرزی و شەرەفمەندانە، کۆتاییان بە ژیانی شکۆمەندانەی خۆیان هێناوە. ٨٠ ئافرەتیش ئاگریان لەخۆیان بەرداوە.

لە بەرامبەر ئەو تراژیدیایە رای گشتی نێودەولەتی بێدەنگە!!

لە نزیکبوونەوەی ئولتیماتومی داخستنی سنور سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، مەحمود عوسمان، بە قورگێکی پڕ لە گریانەوە دەلێ لە سەرەتای ئازار تاکو سەرەتای نیسان زیاد لە ٥٠٠ کەس بە هۆی برسێتی و سەرماو سۆل و رەشەبا، بۆ خۆ دەربازکردن و گەیشتنە سنوری ئێران، گیانیان لەدەستداوە. زۆربەی قوربانیەکان ژن و مندال و پیروپەکەوتەن. مەحمود

عوســمان دەلــێ زیــاد لە ١٠٠٠ پێشــمەرگە، کە خۆیــان تەســلیمکردبووەوە، کۆمەلکوژکراون.



د. مەحمود عوسمان، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، لە نیسانی ١٩٧٥ دەلێ لە نێوان ئازار و نیسان ٥ هەزار کورد لە رێگا بۆ گەیشتن بە سنوری ئێران لە سەرما و لە برسان گیانیان لەدەستداوە.

لە بەغدا گۆرانی سەرکەوتن دەلێنەوە. ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەرەی نیشتمانی پێشکەوتوخواز، بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن، کۆدەبێتەوەو لە بەیاننامەیەک، بە شانازیەوە رایدەگەیەنێت "شکستی تەواوی یاخیبووەکان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەنگاو و میتۆدە دیموکرات و پێشکەوتوخوازەکانی دەولەت بە ڕێگایەکی راست رۆیشتوون".

دوای چەند رۆژێک، لە ٧ نیسانی ١٩٧٥، ئێران کە خۆی بە پارێزەری کوردەکان پیشان دەدا بۆ دووپاتکردنەوەی متمانەیان بە ڕێکەوتنی جەزائیر ئەو دوو گەنجە کوردەی کە فڕۆکەیەکی بۆینگی ٧٣٧ عێراقیان، لە کاتی گەشتێک لە نێوان موسل و بەغدا، فڕاندبوو گوللەباران کرد. فواد محمەد، ٢٥ سالان و تەها حوسێن نەیمی Naimi تەمەن ٢٠ سالان لە کاتی گەشتەکە کاپتنەکەیان ناچار کردبوو لە تاران بنیشێتەوە و، دڵنیابوون لەوەی پەناگەیەک و سەلامەتی ژیانیان مسۆگەر بکەن. لە بریتی ئازادکردنی سەرنشینەکانی فڕۆکەکە داوای ئازادکردنی ٨٥ زیندانی کوردیان، لە عێراق، کردبوو و لەگەل یەک ملیۆن دیناری عێراقی بۆ خزمەتی دۆزی کورد[٦٣].

ئەوە یەکەمجارە لە مێژوو بەرپرسانی فڕاندنی فڕۆکەیەک ئیعدام بکرێن. تەنانەت دادگاکانی سۆڤیەتیش سزای سێدارەیان جێبەجێ نەکردووە، لە کاتی سزادانی دوو گەنجی جولەکە، کوسنێزێڤ و دیمسیک[٦٤]، لەکاتی عەمەلیەکی شکستخواردوی فڕۆکە فڕاندن، لە رۆژی ٢٤ دیسەمبەری ١٩٧٤ (لە راستی سالی ١٩٧٠، لەوانەیە هەلەی چاپ بێت، و) یەکەمجار بە سێدارە سزادران و پاشان سزاکەیان، بۆ ١٥ سال، کەمکرایەوە.

پەندێکی دێرین کە لەم ناوچەیە زوو زوو دووبارەی دەکەنەوە و دەلێ "کوردەکان دۆستیان نیە". هیچ کات وەک ئێستا ئەم قسەیە راست نەبووە.

---

[٦٣] یەکەمجارە گوێم لەم کردەوەو بەسەرهاتە تراجیدیایە دەبێ، و.

[64] Edward Kuznetsov, Mark Dymshits

واتە ئەوە کۆتـایی خەبـاتی گەلـی کـوردە؟ لێـرە کەس بـاوەڕ ناکـات، تەنـانەت براوەکانیش باوەڕیان بە کۆتایی خەباتی کورد نیە.
ناچێتە عەقڵەوە کە شـەڕ – خەبـاتێکی هەمیشـەیی بەمشـێوەیە کۆتـایی پێبێت، ئاسان نیە بێنینە پێش چاومان کە گەلێک، کە رەگێکی قوڵی لە مێژووی ئێران هەیە، لە سـەدەی ٧ پ. ز. لێـرە وجـودی هەیە و، لەو کـاتەوە هەمیشـە لەگەڵ (رۆمانەکـان، بیزەنتینیەکـان، مەنگۆلەکـان، عەرەب و تورکەکـان)، لە پێنـاوی ئـازادی و یەکێتـی خـاکەکەی، لە ململانـێ و شـەڕو شـۆڕدابووە، ئەوهـا بە ئاسانی خۆی تەسلیم بکات. بەڕاستی ئەستەمە قەناعەت بەوە بکەین کە گەلی کورد، کە لە داسـتانێکی غەریـب لە دایکبـووە، ئەوهـا بە سـوک و سـانایی، بە شێوەیەکی تراژیدی وەک ئەم رۆژە خوێناویـانەی ئێسـتا، لەبەرامـبەر بێدەنگی و بێهەستی بەناو "دونیای شارستانی" لەناو بچێ.
ئەو داستانە بەمشێویە باسی لەدایکبوونی گەلی کورد دەکات: دەگێڕنەوە کاتی خۆی حەزرەتی سلێمان حەزێکی غەریب دەیگرێت و بۆ بەدەسەت هێنانی ئەو حەزە ٥٠٠ مرۆڤـی بالـدار دەنێـرێتە رۆژئـاوا و داوایـان لێـدەکات لەم نـاوچە خـۆش و دڵڕفێنـانە بگەڕێـن و ٥٠٠ کچـی زۆر جـوان، جـوانترین کچـی ئەوناوچەیەی کە لە ئایندە پێیدەڵێن ئەوروپا، بۆ بهێنن. ئەوانیش بە درێژی و پانی، لەمسەر بۆ ئەمسەر دەگەرێن و پەیدایان دەکەن، کە دەگەڕێنەوە وولاتی خۆیان حەزرەتی سلێمان دەمێکە مردووە، پیاوە باڵدارەکانیش لەوە باشتریان دەسـتناکەوێت کە لەگەڵ ئەو پـاکیزانە رابـوێرن و ئەو منـداڵانەی لەمـانە پەیدادەبن ئەوە باو و باپیرەی کوردەکانن.
ئێوە چی دەڵێن ئەگەر نهێنی نەمری "شێخی سۆر" لەم داستانەدابێت؟




وێنەی بەرگی دواوەی کتێبەکە

تەواو

"لە کۆتایی زۆر سوپاسی ماندووبوونی کاک جەلیل حسێن دەکەم کە ئەرکی دیزاینی گرتە ئەستۆ و زیاد لە جارێک پیاچوونەوەو دەستکاری تیا کرد".

# KURDISTAN
# Nazione Fantasma

Franz Maria dA'saro

بە پێی زانیاریەکانی بەردەستی ئێمە هیچ رۆژنامەنوسێکی غەیرە کورد، وەك دەزارۆ، ئەوەندە ساڵە موتابەعەی شۆرشی ئەیلول و بارزانیان نەکردووە. لەبەر ئەوە پێموایە ئەم کتێبە دۆکومێنتەکی مێژوویی گرنگ و دەگمەنە، حەقی خۆیەتی نەوەی ئێستا و دوارۆژ ئاشنایەتی بەو کتێبە پەیدا بکەن و دەکرێت سوودی لێوەربگرن. کەموکورتی هەرە گەورەی فرانز دەزارۆ بریتیە لەوەی، جگە لە مەلا مستەفا، زۆر بە دەگمەن باسی سەرکردەو کەسایەتیەکانی تری کوردستان دەکات، ئەو هەموو ساڵە لە عێراق، لە بەغدا، بووە و چاوی بە ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەو سیاستەوان و رۆشنبیرانی کورد کەوتووە بەڵام باسیان ناکات و ناویان ناهێنێ.